لەڕووناکییەوە
بۆ تاریکی

لەڕووناکییەوە بۆ تاریکی

هاوڕێ پۆڵا

ناوی کتێب: لە ڕووناکییەوە بۆ تاریکی
ناوی نووسەر: هاوڕێ پۆڵا
بابەت: یادەوەری
چاپخانە: بینایی
تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (٢٠٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە

پێشەکی:

کتێبێک، نازانم چۆن بیناسێنم و لە کوێوە دەست پێبکەم؟ ڕەنگە نوسەرەکەیم نەناسیبا بڕوام بەو هەمو سەربوردە تراژیدیە نەکردبا! بەڵام بە حوکمی ئاشنایەتی و نزیکم لەگەڵ نوسەر کە هەردوکمان جگە لەوەی هاوڕێ و هاوسەنگەری یەک ڕێباز بوین، لە هەمان کاتدا بەسەرهاتیشمان چ لە پێشمەرگایەتی و چ لە زیندان لێکچوە، هەردوکمان لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکی حیزبیدا دەستگیرکراین ئەو بەر لە من لە لایەن ئەمنی سلێمانی و منیش لە لایەن ئیستیخباراتی کەرکوکەوە، بەڵام لێتان ناشارمەوە لە شاخدا سەرسام بوم بە ئازایەتی و کەسایەتی هاوڕێ پۆلا، حەزم دەکرد وەکو ئەو سادە و خاکەڕا، ئازا و بوێر بومایە، لە زیندانیشدا دەمویست لە بەگژدا چونەوەی جەلادەکاندا لاسایی بکەمەوە و لە ئەشکەنجە و مەرگ بێباک بم، بۆیە لاتان نامۆ نەبێ گەر بڵێم لە هۆبەی هەلسەنگاندنی کتێبەکەی نەهاتوم، چونکە دەزانم قوربانی بە هەلوێستی خۆی داوە و بە تێر و تەسەلی لە بارەیانەوە نەدواوە و ستەمی لە گوزارشت لە ڕاستیەکانی ڕابردوی خۆی کردوە و تەنانەت منیش ناتوانم وێنایەکی وەکو خۆی بخەمە بەر دیدی ئێوەی ئازیز، مەگەر جەللادەکان پەسنی پۆلا زیندانی بکەن کە چ پۆلایەک بوە لە ڕوبەڕو بونەوەیاندا!

ڕەنگە هونەرمەندێ دوای تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان و ئاوێتەکردنیان بە خەیاڵی بەرینی خۆی بتوانێ تابلۆیەکی ناوازە بنەخشێنێ و ببێتە مایەی سەرنجی هونەردۆستان، یا نوسەرێک بتوانێ لە هزری خۆیدا پاڵەوانێکی ئەفسانەیی داتاشێ و بیکاتە هەوێنی ڕۆمانێک و شاکارێکی لێ بنوسێتەوە، بەڵام ئەمەی لەبەر دید و دەستی ئێوەدایە نە چیرۆکی بەر ئاگردانە و نە بەیت و بالورەی فۆلکلۆریە دەماودەم گوتراوەتەوە، بەڵکو هەڵێنجراوی واقیعێکی ڕاستەقینەی لاوێکی کوردە و شان لە شانی کتێبی (کوردبون)دەدا،کە یادەوەری (مەولودی

حەمە چرچە)ی فەرماندەی کۆماری مەهابادی تێدا تۆمار کراوە، جگە لە ئازاری لاوێک تا بە هەڵکشانی تەمەنی رادەگا تەواوی ڕاستیەکان (ڕەش و سپی، شیرین و تاڵ، جوان و ناشیرین، باش و خراپ، سەرکەوتن و هەڵەنگوتن)ی بە بێ رتوش خستۆتە ڕوو ڕوداوەکان و قۆناغی خەبات و بەرخودانی کەسێکی خەباتکاری کورد کە بە دوی ئازادیدا وێڵ بووە دەگێڕێتەوە.

روداوەکان زۆرن بەڵام هاوشێوەی ئەم نوسینەی کاک (رزگار عەزیز کەریم)ی ناسراو بە (پۆڵا زینداني) دەگمەن، کە لێرەدا بەدەر لە زام و ئازارەکانی خۆی دەیەوێ لێبوردوانە مێژویەک باس بکا کە خۆی تێیدا ژیاوە و بە ئەمانەتەوە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێ و نە بەکەسدا هەڵدا و نە بەکەسیشدا هەڵشاخێ.

کتێبێک، گواستنەوەی ڕاستیەکانی تێدا بەرجەستە کراوە و نوسەر ویستویەتی هەرچی بینیوە وە بەسەردا هاتوە بە بێ کەم و زیاد وەکو خۆی تۆماریان بکا، بەو مەبەستەی نەوەکانی ئایندە بە ڕابردوی پڕ لە پەند و ئەزمون، بە مێژوی گەلێک ئاشنا بکا کە لە ئاکامی هەڕەشەی قڕکردن بەردەوام جەستەی شەڵاڵی خوێن کراوە.

هیوا ڕەش

ئۆربرۆ / وڵاتی سوید

شەوی ٢٠ / ١٠ / ٢٠٢٥

هاوبەرواری ڕۆژی لە دایکبون و حوکمدانم

-١-

یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە، من لە ماڵی ئایشەخانی دایکی هاوسەرەکەم بووم، لەهەمانکاتدا، هاوڕێ خەرمانی خوشکی شەهید عەبدولڕەحمان وهاوسەرەکەی، هاوڕێ ئیبراهیم لەوێ بوون، ماڵی ئایشەخان وەک ماڵی حیزب بوو(ئەوکات ماڵە حیزبییەکان لەخزمەتی کاری ڕێکخراوەکانی حیزبدا بوون، لەکاتی پێویستدا جێگای دااڵدەدانی پێشمەرگەو ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ناوشار و دەرەوە بوون.)تەلەفزیۆنەکە چەند کاتژمێرێکە هەر قورئان دەخوێنێت، هیچ جەژنێك بەوجۆرە نەبووە، دوای ماوەیەک دەنگی قورئان گۆڕدرا بۆ خۆێندنەوەی بەیاننامە، کە مەرگی وەزیری بەرگریی(دیفاع) (عەدنان خێرواڵا تولفاح)یڕاگەیاند.

بەر لە ڕۆژێک، وەزیری بەرگریی بە یاوەری «سەدام»لە گەشتێکدا بوون بەرەو موسڵ، ئەوەبوو لە تەلەفزیۆنەوە وێنەو فیلمی گەشتەکەیان لەهاوینەهەوارەکانی دهۆک نمایشدەکرا. وەک ڕاگەیەندرا، ڕۆژی دوایی وەزیری بەرگریی لەکاتی گەڕانەوەی لە موسڵەوە بۆبەغداد، بەڕوودواوی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتەر مردووە، کە گوایە ڕوودواوەکە بەهۆی گەردەلولێکی خۆاڵوییەوە بووە.بێگومان ئەمە بۆ ئێمە هەواڵێکی خۆش بوو، هەرچەندە ئێمە بۆخۆمان شیکردنەوەی جۆراوجۆرمان بۆ ڕوودواوەکە هەبوو. من بزانم تائەمڕۆ یەکلایی نەبووەتەوە، کەئەو ڕوودواوە پلان بۆ دارێژراو بوو یان نا، لەلایەن سەدامەوە بۆ لەناوبردنی یاخود، هۆکارەکەی خراپی کەشوهەوا بوو.

نانی نیوەڕۆمان خوارد. من ئەبێت خۆم ئامادەبکەم بچمە دەرەوە، چاوپێکەوتنم هەیە لەگەڵ (زاهیر، برای شەهید ئەکرەم حەداد.)شەهید ئەکرەم لە سلێمانی لەگەڵ شەهید مام عوسمان گیران و لە سێدارە دران. بێجگە لەشەهید ئەکرەم برایەکی دیکەیان لەسێدارەدرا، ئەگەر هەڵە نەبم ناوی سەلام بوو، هەروەها برایەکی دیکەی پێشمەرگەبوو. زاهیر چەند ساڵێك پێشمەرگە بوو، تەسلیم بووەوە، دوای ئەوە خێزانی شەهید ئەکرەمی برای هێنایەوە، کاری ئاسنگەریی دەکرد. زاهیرکاری ڕێکخستنی نەدەکرد، بەڵام وەك

بنەماڵەیەکی شیوعی، جێگای متمانە بوون لای من، ماڵەکەیان لەکۆڵانەکانی پشتەوەی باغی گشتی بوو، من چەند جارێک سەردانی ماڵیانم کردووە.

ماوەیەك لەوەوپێش، منداڵیان ببوو، منداڵەکە پێوستی بە هەندێک دەرمان بوو، پێکەوە لەگەڵ زاهیر چووین بۆ بنکەیەکی تەندروستی، لە گەڕەکی عەقاری، دەرمانەکانمان بۆ منداڵەکەی پەیداکرد.

ڕۆژێك پێشتر بەڕێکەوت، لە کانیسکان زاهیرم بینی، زۆر بێتاقەت بوو، نارەزاییەکی زۆری دەربڕی بەرامبەر خەمساردی حیزب، ئەو گوتی ئەو ناپاکەی کە شەهید ئەکرەمی برامی بەگرتداوە، بەبەرچاومدا دێت ودەچێت، حیزب هیچی لێناکات. !!

منیش پێمگوت، خۆت ئێستا بارودۆخەکە چاک دەزانیت چۆنە، ئەی تۆ خۆت بۆ شتێك ناکەیت، لەجیاتی ئەوەی یەکێکی دیکە ئەو کارەت بۆ بکات، خۆت شارەزایت و پێشتر پێشمەرگە بوویت. زاهیر گوتی چەکم نییە، منیش پێمگوت، بەیانی کاتژمێری پێنجی ئێوارە، وەرە بۆ گەڕەکی بەرانان، لای مزگەوتی(شێخ فەرید) جێگای وەستانی پاسەکە، دەمانچەیەکی میکارۆفت بە دوو یەدەکەوە بۆ دەهێنم، کارەکەی پێئەنجامبدە.وائێستا من خۆم ئامادە دەکەم بۆ ئەو دیدارە، دەمانچەو یەدەکەکان و هەندێک بڵاوکراوەو ڕاگەیاندن، هەموویم پێچایەوە لە ناو کیسەیەکدا، پێم باش بوو بڵاوکراوەکان لای زاهیر بێت، ئاخر لەوێوە ئاسانتر دەبێت بۆ دابەشکردنی.

من لە دوای ئەنفالەوە دەستم نەکردووە بەکاری ڕێکخستنی ناو شار، بەڵکو لە مانگی یازدەی ساڵی١٩٨٣وە دەست بەکاربووم لەو بوارەدا. هێزێکی هاوبەشی ئێمەو سۆشیالیست لەگەڵ یەکێتی لە گوندی (پۆریجە)کەوتینە شەڕەوە،من لەو شەڕە بریندار بووم، دوای شەڕەکە لەڕێی هەولێر- کەرکوك پەڕینەوە، هاوڕێیان منیان لە ماڵێك دانا لە گوندی «گرد لانکێ»، ماڵی ئاغای دێیەکە سەربە سۆسیالیست بوون و لەهەولێر دادەنیشتن، بەڵام عەلی کوڕیان سەربازی هەڵاتوو بوو. لەگەڵ خوشکێکیدا بۆ خزمەتکردنی ئەو گەڕابوونەوە گوندەکەی خۆیان، دایکشیان پێیەکی لە هەولێر بوو، پێیەکی لەگوند.

هاوڕێیان منیان لێرە بۆ یەك دوو شەو بەجێهێشت، بەڵام هەواڵیان نەما، ئەبوایە خەڵکی گوندەکە ئاگاداری ئەوە نەبن کە من لێرەم، لەژووڕێکدا بووم، تازەدارەڕاکرابوو، سەرەکەی بەحەسیر داپۆشرابوو، بەڵام هێشتا گڵۆڕێژ نەکرابوو.

عەلی کوڕێکی زۆر جوامێر بوو، هەموو جارێك دەیگوت، خەمت نەبێت، ئەگەر جەیش

و جاش هاتن، من ماتۆڕێکم هەیە ئەتخەمە پشتی خۆمەوە، خۆشکەکەی زۆر خانەدان بوو، بەڕوویەکی خۆشەوە خزمەتی ئەکردم، دایکیان هەرجارێك لەهەولێرەوە بهاتایە، پێش هەموشتێك ئەهات بۆلای من، سۆزی دایکایەتی ئەدامێ.من لەشەڕەکەدا بەگولەی قەناس بریندار‌بووم، ئێسقانی قاچی ڕاستم شکابوو، هیچ چارەسەرێکم بۆ نەکرابوو، تەنها دکتۆر ڕەشیدی سۆشیالیست، دەرزییەکی دژە خوێنبەربوونی لێدابووم، وەهەروەها برینەکەی پێچایەوە. ڕۆژێک دایکی عەلی لەهەولێرەوە هات، یەکەمجار سەردانی منی کرد، گوتی دەرمانێکی زۆر باشم بۆ هێناویت، قوتوویەکی دەرهێنا زۆر کۆن بوو، گوتی دایکم بەڕەحمەت بێت ئەم دەرمانەی دروستکردووە، زۆر لام بەنرخە، هەرلەبەرئەوە بۆتۆم هێناوە، بۆ ئەوەی برینەکەتی پێ چارەسەر بکەیت.

برینەکەی بۆ کردمەوەو گوتی دەی لێیدە، من بۆخۆم هیچ بڕوام بەدەرمانەکە نەبوو، ئاخر دایکی زۆر دەمێک بوو لەژیاندا نەمابوو، لەوانەیە چەند ساڵێکیش پێش مردنی دروستیکردبێت، هەربۆیە لەڕووی زانستییەوە ماوەکەی بەسەرچوو بوو، بەڵام لەبەر دڵی ئەو، بەودڵسۆزییەوە ئەو دەرمانە بەنرخەی بۆ من هێناوە چۆن لێی نادەم.

وا دوو هەفتەیە لەم ژوورەدا گیرمخواردووە، بە بریندارى و ئازارەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا بەنهێنی، لەم ماڵە میهرەبانەدا چاوەڕێی هاوڕێیانم دەکەم، بەڵام هیچ هەواڵێکیان نییە، ئاگادار بووم کە هاوڕێیان دوای شەڕی(پۆریجە) بڕێکی کەم فیشەک و تەقەمەنییان پێمابوو، لەهەمانکاتدا بارەگاکانمان دووڕە دەست بوون، یەکێتیش دوای سەرکەوتنیان لەشەڕی بێتواتە، هەموو هێزەکانیان هێنابووە خوارەوە. کەبیرم لەو هۆکارانە دەکردەوە، بەتەواویی لەهاوڕێیان بێئومێد دەبووم. بیرم لەوە کردەوە خۆم بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێم، هەتاکو بتوانم خۆم دەربازبکەم.

گەردەلانکە، نزیکی جادەی هەولێر- پردێ بوو، هەربەهۆی نزیکییەوە، زۆر ئاسایی، هەروەها ئاسان بوو هاتووچۆی هێزەکانی ڕێژێم ببینیت، هەرکاتێک بیانویستایە، بێگرفت دەگەیشتنە سەرمان، داوام لەعەلی کرد، یەکێک بدۆزێتەوە کەبتوانێت بڕوات بۆ کەرکوک. بۆ ئەوەی نامەیەکم بۆ بگەیەنێت بەماڵەوەمان، عەلی گوتی لەبەرئەوەی ئێمە دوژمنایەتیمان هەیە لەگوند، تەنها متمانەم بەدراوسێیەکم هەیە، هەرچەندە ئەوکاتە ناوەکەی هێنا، بەڵام من ئێستا لەبیرم نەماوە، گوتم باشە ئەمشەو نامەیەک دەنووسم، بەیانی بۆم بهات بۆ ئەم ناونیشانە، نامەکەم بە ناونیشانی دوکانی خاڵمدا نارد، خاڵم

سەعاتچی بوو، دوکانێکی دیاری هەبوو، لەلای سینەمای حەمرا، بەرامبەر کتێبخانەی ئاسیا. لەهەرکەسێکی بپرسیایە لەگوزەرەکە دوکانی(موشیر مەعروف سەعاتچی) بەئاسانی پیشانیان دەدا.

بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی دراوسێکەی عەلی بەڕێکەوت بەرەو کەرکوک، بۆ گەیاندنی نامەکەی من.

پۆلا زیندانی، دیوین، ١٩٨٤
ئەرشیفی شەهید ملازم رەنجبەر

-٢-

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە ئێمە لە چاوەڕوانی دراوسێکەی عەلیدابووین، کەلەکەرکوک بگەڕێتەوەو هەواڵمان بۆ بهێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە نەگەڕایەوە، ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری لای من دروستکرد، بۆ ڕۆژی دوایی، دوای نانی بەیانی، عەلی هاتە ژوورەکەم بەڕوویەکی خۆش و گەشەوە، گوتی میوانت هەیە، ژنێک هاتە ژوورەوە سڵاوی کردو ماچی کردم، گوتی نامناسیتەوە من ئایشەم، بەڵامەوە سەیر بوو! ئایشەخان بۆ هاتووە، خۆ من لە ژیانمدا یەکجار بەدیداری ئایشەخان گەیشتبووم ئەویش لە گوندی ئەحمەد ئاوا، گوتی ماڵەوەتان منیان ناردووە بۆئەوەی لەگەڵ خۆم بتبەمەوە. پرسیارم لێکرد چۆن؟ گوتی جلی ژنانەم بۆ هێناویت بۆئەوەی لەبەری بکەیت و نەناسرێیتەوە! گوتم من بە هیچ شێوەیەك ئەمە ناکەم، ئەگەر هەر ئێستا بمکوژن.

هەر لە منداڵیمەوە لەبیرم مابوو، کە هەموو جارێک باوکم ئەیگێڕایەوە، لە سەروبەندی شۆڕشی چواردەی تەموزدا، «نوری سەعید» سەرۆکی وەزیرانی ئەوکاتەی سەردەمی پاشایەتیان بە جلی ژنانەوە گیراوە، بێگومان ئەمە جێگای گاڵتەو شورەیی بوو بۆ پیاوێکی ئاوا لەلای باوکم، ئەمە هەر لەمێشکمدا مابووەوە، پێمگوت بگەڕێرەوە، بەڵکو ناسنامەیەکی ساختەم بۆ دروست بکەن.

هۆکاری هاتنی ئایشە خان ئەمەبوو؛

لەساڵی١٩٧٩کەمن بووم بەپێشمەرگە و لەدوای من شەهید مولازم بڕوای برام، ئەوکاتە ئێمە هێشتا ماڵمان لەکەرکوك بوو، باوکم چێشخانەی هەبوو(مەتعەم تاجران) بەهۆی ئێمەوە ئەمن باوکمیان زۆر هەراسان کردبوو. هەر دووسێ ڕۆژجارێک، بانگهێشتی دائیرەی ئەمنیان دەکرد و هەڕەشەیان لێئەکرد، ئاخرئەوکاتە لەکەرکوك کەسوکاری پێشمەرگەیان ئەگرت و دەستبەسەریان دەکردن. لەدوای ئەو نارەحەتییانە ماڵەوەمان وایان بەباش زانی بوو، برۆنە سلێمانی و لەماڵی گەلاوێژی خوشکم بژین. کاتێك دراوسێکەی عەلی نامەکەم ئەگەیەنێتە خاڵم، خاڵم میوانداریی دەکات. دوابەدوای ئەو نامەکە ئەگەیەنێتە ماڵەوەمان لە سلێمانی، ئەوانیش شپرزە ئەبن، لەوکاتەدا تانیای خوشکم هاوڕێیەکی ئەبێت ناوی ئامانجە، ئەویش کچی ئایشەخانە بۆیان باسدەکات، کەشتێکی ئاوایان لێڕووداوەو نازانن چی بکەن! چۆن شوێنێک پەیدا بکەن ئاخر خۆیان لەوکاتەدا بێ جێگابوون.لەهەمانکاتدا، ئاسان نەبوو، بۆ

سەلامەتی ژیانی من باش نابێت، لەماڵی خۆمان بم، نازانن چۆن شوێنێک پەیدا بکەن، ئایشەخان پێیاندەڵێت، بیهێنن بۆ ماڵی من، من هەر خۆشم ئەچم بەدوایدا.

دوای ئەوەی من ڕازی نەبووم بە جلی ژنانەوە بڕۆم لە گەڵی، ئایشەخان ناچار بوو بە تەنها بگەڕێتەوە، بەڵام من ئێستا دڵنیام کەکەسانێك ئاگاداری باری نالەباری منن و ئەگەڕێن بەدوای چارەسەردا. بۆ ڕۆژی دوایی سەلامی برام وئایشەخان هاتن، سەلام لە دوا قوناغی زانکۆ بوو، جلەکانی زانکۆی خۆی هێنابوو بۆ ئەوەی لەبەریبکەم. هەروەها دەفتەرخزمەتی سەربازییەکەی(دفتر الخدمه العسکریه) خۆی بۆ هێنابووم، کەلێی نووسراوە قوتابییە، هەرچەندە وێنەکەش لەمن نەئەچوو.

گوتیان ئۆتۆمبیلێکی جوری جێبمان هێناوە، شوفێرەکە ناوی «کاك جەبارە»و جێگای متمانەیە، ئێستا گرفت ئەوەیە چۆن بەڕۆژی ڕووناك بگەمە لای ئۆتۆمبیلەکە، عەلی وای بەباش زانی لە ماڵی دراوسێکەیانەوە بڕۆم، هەرچۆنێك بوو، ئاودیوی ئەودیویان کردم و ئۆتۆمبیلەکەیان نزیککردەوە ومنیان لە پێشەوە دانا، لە نێوان کاك جەباری شوفێرو ئایشەخان، سەلامیش لە پشتەوە دانیشتبوو.

بەڕێکەوتین لە گردەلانکێوە، لە پردێ(ئاڵتون کۆپری) سەلام دابەزی، ئاخر نەئەکرا هەردووکمان لەهەمان جێگاو هەمان ئۆتۆمبیلدا بین بەیەك ناوەوە، ئەگەر واش نەبوایە، هەر باش نەبوو هەردووکمان بەیەکەوە بین، تا بازگەی پێش کەرکوك ڕایاننەگرتین، لە بازگەی کەرکوك داوای ناسنامەیان لێکردم، دەفتەر خزمەتی سەربازییەکەی سەلامم دانێ. دوای ئەوەی تەمەشای دەفتەرخزمەتەکەو منیشیان کرد، دەفتەرەکەیان دایەوە دەستم، ئەمە زۆر دڵخۆشکەر بوو، بەو واتایەی جێی گومان نابێت لە بازگەکانی دیکە، بەڵام ترسی هەرە گەورە لە بازگەی کەرکوك سلێمانی بوو. ئاخر لەوێ جگە لە داواکردنی ناسنامە خەڵکەکەیان دائەگرتە خوارەوە، ئەبوایە منیش لەسەر یەك قاچ بوەستم، سەرەڕای ئەوەش، قاچە بێکاوەکەم ئاوسابوو، لەوانەیە سەرنجیان ڕابکێشێت!

کەگەیشتینە ناو کەرکوك، بارودۆخەکە زۆر نائاسایی دیاربوو، هەر سەد مەترێک بازگەیەکی لێبوو، بە هێزی جوراوجورەوە، مەفرەزەی تایبەت، ئەمن،تەواری، جەیشی شەعبی، ئۆتۆمبیلەکانیان ڕائەگرت، ناسنامەیان داوادەکرد و لەهەمانکاتدا ئەیانپشکنین، بەڕێکەوت و خۆشبەختی ئێمە بوو لەهیچ بازگەیەك ڕانەگیراین، لەکۆتاییدا گەیشتینە بازگە مەترسیدارەکەی کەرکوك- سلێمانی. لەوێ هەرلە دوورەوە گوتیان برۆن، تا گەیشتینە سلێمانی ڕانەگیراین.

دوای ئەوە هەر هەموومان هەناسەمان ئاسایی بووەوە، ئاخر پێشتر ترس و دڵەڕاوکێ و هەناسەسواریی تەواو داگیری کردبووین.

لەڕاستەوە: پۆلا زیندانی، ئایشە خان، تانیا

لەسلێمانی منیان گواستەوە بۆ سەیارەیەکی دیکە، نەئەبوایە کاک جەبار ئاگەدار بێت کە من بۆ چ ماڵێک دەبرێم. کاك جەبار هەورامی بوو، کەسێکی لە سەرخۆ ودڵ بەهێز بوو، لە کاتی مەترسی، هیچ شڵەژانێکی پێوەدیار نەبوو. دوای ئەوە بەئۆتۆمبیلێکی دیکە، منیان برد بۆ ماڵی ئایشەخان لە گەڕەکی حامییە.

-٣-

هەرلە دەرگاکەوە، کورێکی ئەسمەری خوێنگەرم، بەخەندەوە پێشوازی لێکردم وچووە ژێربالّم. بەسێ پێپلیکانەدا سەری خستم، بردمییە ناو ژوورێکی زۆر خاوێن. قەرەوێلّەیەکی بۆ من تیادا ئامادە کرابوو، دوای ئەوەی لەسەر قەرەوێلّەکە دانیشتم، گوتی من ناوم کەیفییەو کوڕی ئایشەخانم.

مالّی ئایشەخان خەلّکی شاری قەلّادزێ بوون، بەهۆی کاروکاسپی هاوسەرەکەیەوە کاک» حەمەڕەشید»و کۆڕەکانی کەبازرگان بوون، لەبازاڕی شۆریجەی شاری بەغداد، بەخێزانەوە لەوێ ژیاون، بەلّام کاک حەمەڕەشید بەڕوودواوی هاتووچۆ کۆچی دوایی دەکات،پاش سالّێک ئەمانیش دەگەڕێنەوەوە بۆ سلێمانی.

ئایشە خان شەش منداڵی هەبوو دارا، ئەوکاتە لە دەرەوەی وڵات دەژیا. دانا، قوتابی زانکۆ بوو لە بەغداد، زانا (ڕێزان) فەرمانبەربوو، ئامانج و کەیفی و نەورۆز قوتابی بوون.

یەکەمجاربوو لەدوای ئەوەی بووم بەپێشمەرگە، لە شوێنێکی ئاوا خاوێندا بژیم، هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابینکردم. خۆشتن، جلی پاك، خواردن، لەگەڵ ئەوەی ئازاری برینەکەم زۆر بوو، بەلّام باری دەروونیم بەبەردەوامی بەرەو باشتر دەچوو. ئەتوانم بلّێم کەبە تەنها خۆشتنەکە، ئارامییەکی زۆری دا بەدەروونم، چ جای ئەو مامەلّە پڕ ڕێزو خۆشەویستییەی کەلەم خانەوادەیەوە پێمبەخشرا. زیاتر لە مانگێك بوو جەستەم ئاوی بەرنەکەوتبوو، نزیکەی بیست ڕۆژ بوو لەگردەلانکێ، سەرئاوم مەینەتییەکی گەورە بوو، کایان بۆ ئەکردمە تەشتێکەوە و بۆیان ئەهێنامە ژوورەوە هەتاکو پیسایی تێدا بکەم.

پرسیارم کرد، بۆ کەسوکارەکەم دیار نین؟ گوتیان با تۆخۆت بشۆیت، دوای ئەوە ئەوانیش دێن.

کاتژمێر نزیکی چواری دوای نیوەڕۆ، زانا (ڕێزان) لە کارەکەی هاتەوەو بەخێر هاتنی کردم وگوتی کەفارەتت بێت. شەو داهات مالّەوەمان هاتن، کەش و هەوایەکی خێزانی زۆر خۆش دروستبوو، داوای هەندێک دەرمان وکەرەستەی پاککردنەوەی برین و برینپێچم کردبوو، بۆیان هێنام. من بۆخۆم هەندێ شارەزاییم هەبووله کاری تەندروستی، کاتی

بارەگای مەڵبەندی سلێمانی، دۆڵی کەڕەجاڵ

خۆی ماوەیەک لەکەرکوك، دوای قوتابخانە، لە دەرمانخانەی فەخری کارم دەکرد، ناوی زۆربەی دەرمانەکانم دەزانی، هەروەها لە پێشمەرگایەتیدا خولێکی تەندروستیم بینیبوو، پێشتر جارێکی دیکە بریندار بووبووم، وابەباشم زانی خۆم چارەسەری خۆم بکەم.

ماوەیەکی باش لەماڵی ئایشەخان مامەوە، تا توانیم بەلایەنی کەمەوە، لەسەر پێیەکانم برۆم، بێگومان بەشەلەشەل.

لەم ماویەدا گفتوگۆ(مفاوەزات) لەنێوان یەکێتی و ڕژێمی بەعسدا دەستی پێکرد، پێشمەرگەی یەکێتی بە کاغەزی لوجنەی تەنسیق، بەئاسایی لەناوشاردا هاتووچۆیان دەکرد. ئەمە بۆ من زۆر باش بوو، ئاخر توانیم بەهۆی ئەو بارودۆخە ئارامەی ناوشارەوە، ماڵی ئایشەخان جێبهێڵم، هەرچەندە من بەبەردەوامی سەردانم دەکردن. لەوکاتەدا پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان من وزانادا دروست بوو.

لەو ماوە کورتەدا توانیم کۆمەڵێک پەیوەندی دروست بکەم، یەکێک لەوانە، لەگەڵ هاوڕێ خالید بوو، کەماوەیەک پێشمەرگەبوو، بەناوی هەڵمەت. دوای ماوەیەک هاتبوەوە ناو شار وخێزانی پێکهێنابوو، هاوسەرەکەی ناوی نەجیبە بوو، هاوڕێ خالیدو نەجیبەخان

لەکانێسکان دەژیان.

وردەوردە قاچم بەرەو باشتر ئەڕوات، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە برۆمەوە بۆ شاخ، بۆ مەڵبەندی سلێمانی-کەرکوك. کە ئەو کاتە لە کەڕەجاڵ بوو، لە بناری سورێن. من خۆم بەشدار بووم لەدروستکردن ودامەزراندنی ئەو بارەگایەدا، ئەوکات پێشمەرگەی لقی شوان بووم (لقی شەهید بەکر تەلانی). مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٣ من و مام سەعید تورکمان باغی و شوانەی کوڕی وهەروەها شەهید هەژار، بەڕێکەوتین بۆ مەڵبەندی خۆمان کە لە حاجی مامەند بوو. مام سەعید خاوەنی کومەڵێک شەهید بوو، کەلەداستانەکەی بۆڵقامیش لە١٩٨٢/٤/٢ شەهید بوون.

مام سعید کێشەی هەبوو لەگەڵ چەند تاوانبارێك، کەلەوکاتەدا پێشمەرکەی یەکێتی بوون، ئەو لە ڕێگای حیزبەوە سکاڵای تومارکردبوو لەسەر تاوانبارەکان، ئێمەش بۆ لێکۆڵینەوە لە دادگای شۆڕش بەڕێگاوە بووین بۆحاجی مامەند، مەڵبەندی یەکێتیش لەوێ بوو. لەو کاتەی بەڕێوە بووین و بەرەو حاجی مامەند دەچووین، ئێوارەیەك لە گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی لامانداا، کە بارەگایەکی یەکێتی لێبوو، ناوچەیەکی ئازادکراوبوو، بارودۆخ زۆر ئاسایی بوو،ئێمە دابەش بووین بەسەر دووماڵدا. من و مام سەعید پێکەوە چووینە ماڵێک هێشتا لەنانخواردن تەواو نەبووین، دوو پێشمەرگە هاتن بۆ ئەومالّەی کەئێمەی لێبووین. هەر بەوەستانەوە گوتیان، کاك جەبار فەرمان دەڵێت: حەزدەکەم لای من چایەك بخۆنەوە، ئارەزوویەتی هەندێک هەواڵتان لێبپرسێت، منیش گوتم، کەنانەکەمان تەواوکرد خۆمان دێین، گوتیان ئێمەلەدەرەوە چاوەڕێتان دەکەین. نانمانخواردو بەڕێکەوتین بەرەو ئەو ماڵەی کەشوانەو هەژاری لێبوو، بەڵام پشمەرگەیەکیان گوتی هاوڕێیانتان پێش ئێوە لەمیوانداری کاك جەبارن.

گەیشتینە ماڵەکە، سەرکەوتینە سەرخانەکە، دوو دەرگای لەسەر بوو بۆ دوو ژووری جیاواز، فەرمووی دەرگای لای چەپیان لێکردین، کەچووینە ژوورەوە پڕبوو لەپێشمەرگە، ئەوان هەستانە سەر پێ و تەوقەمان کرد، دوای ئەوەی فەرموویان لێکردین، ئێمەش دانیشتین، لەگەڵ دانیشتنمان هەرهەموویان بەیەکجار چەکەکانیان خستە سەرپێ، لەسەرسەریان داناین، لەوکاتەدا من ویستم دەست بۆ نارجۆکێك(ڕومانە) بەرم،بەڵام لە هەموو لایەکەوە پەلاماریاندام و قوڵبەستیانکردم، هەرئەوەم بۆمایەوە چنێو بارانیان بکەم، هەرچیم بەدەمدا هات لەوشەی ناشرین، درێغیم نەکرد. دوای ئەوە بردیانم بۆ

ژووره‌که‌ی دیکه، چه‌ندکه‌سێک دانیشتبوون، یه‌ک ژنیان له‌گه‌ڵدا بوو، جه‌بار ده‌ستی درێژکرد ته‌وقه بکات، ته‌وقه‌م له‌گه‌ڵ نه‌کرد، له‌باڕێکی زۆر هیستریدا بووم، ئاماده بووم له‌وکاته‌دا، هه‌رکاڕێکی شێتانه هه‌یه بیکه‌م، وتوویژێکی زۆر تووند له نێوانماندا ڕوویدا. وادیاربوو هه‌ندێک ڕووداو له‌ناوچه‌ی هه‌ولێر ڕوویدابێت و ئه‌مانی ناڕه‌حه‌ت کردبێت، بۆ به‌یانییه‌که‌ی چه‌که‌کانیان داینه‌وه، به‌ڵام نه‌مانزانی هۆکاره‌که‌ی چی بوو! ئێمه به‌ڕێکه‌وتین به‌ره‌و گوندی حاجی مامه‌ند.

-٤-

دوای چەند ڕۆژێك گەیشتینە مەڵبەند لەگوندی حاجی مامەند، مەڵبەندی حیزب لە بەشی سەرووی گوندەکە بوو، لێپرسراوی سیاسی مەڵبەند، بەهادین نوری و لێپرسراوی سەربازی مەلا عەلی(عەبدوڵای مەلا فەرەج)بوو.مەڵبەندی یەکێتیش لەبەشی خواروی گوند بوو، ئەوکاتە مەلا بەختیار لێپرسراوی مەڵبەندبوو.بە بۆچوونی ئێمە ئەوکاتە، کارەکەمان دوو سێ هەفتە زیاتری نەدەخایاند، بەڵام وا دەرنەچوو، بەبیانوو و پاساوی جۆراوجۆر، دوایان دەخست، یان ڕاستییەکەی نەیاندەویست تاوانبارەکان دادگایی بکەن. بارەگای مەڵبەند هەمیشە پڕبوو لە پێشمەرگە، هاتووچۆی زۆری بەسەرەوە بوو، نەخوشخانەیەکی تیابوو، دکتۆر دڵشاد و هاوسەرەکەی دکتۆرە ڕووناکی کچی شەهید سەلام عادل، خزمەتی خەڵکی گوندو پێشمەرگەیان تیادا دەکرد، خەڵکی گوندەکان زۆر سودمەند بوون لەو نەخۆشخانەیە.

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەمیوانیی لەناو گووند ماینەوە، لەوکاتەدا پەیوەندی بێسیمی (لاسلکی) نێوان مەڵبەندو بارەگای قۆپی قەراغ نەمابوو، بەهۆی تێکچوونی ئامێری بێسمەکەوە. ئەوکاتە هاوڕێ ڕێباز مخابری مەڵبەند بوو، نەئەکرا شوێنەکەی خۆی بەجێبهێڵێت، بڕوات بۆ قۆپی قەرەداغ ئامێری بێسیمەکە چاکبکاتەوە، بۆیە وای بەباش زانیبوو وە پێشنیاری بۆ هاوڕێیان کردبوو کە «پۆڵا» دەتوانێت بچێت ئەو ئامێرە چاکبکاتەوە، دەیانزانی من بۆخۆم پێشتر دەورەی بێسیمیم بینیبوو، ئەوکاتەی حیزب ئێزگەی دامەزراند، من یەکەم مخابری ئێزگە بووم.

حیزب هەر لەسەرەتاوە سیستمێکی پەیوەندی باشی دامەزراند، هۆکاری یەکەم ئەوەبوو لەسەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی پاشای ئێران حیزب کۆمەڵێک ئامێری بێسیم و تەلەفۆنی سەربازی دەستکەوت. بەتایبەتی ئامێری(ج ر س٩) کە پەیوەندی نێوان وڵاتانی زامن دەکرد. هەرچەند مودێلەکەی کۆن بوو، دەگەڕایەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان، هۆکاری دووەم هاوڕێ ئەبو شاخەوان کە خەڵکی عەینکاوە بوو، هاوڕێ شارەزاییەکی باشی هەبوو، هەر زوو خولی فێربوونی بۆ کومەڵێکمان کردەوە، فێری شفرەو مورسی

کردین. بەراستی زۆر ماندوو دەبوو. هاوڕێیان داوایان کرد من برۆم بۆ قۆپی ئەوکارەیان بۆ ئەنجام بدەم، ئەوەبوو ڕۆیشتم و ئامێرەکەم چاککردەوە، هەربەو هۆیەوە بەئامێری ژمارە دە، کەبە پشت هەڵدەگیرا توانرا جارێکی دیکە پەیوەندی دەسپێبکەنەوە لەگەڵ مەڵبەند. دوای ئەنجامدانی کارەکەم گەڕامەوە بۆ مەڵبەند. هاوڕێیانی گەرمیان دوو ئەڵمانیی وەهەروەها ئۆتۆمبیلەکەیان، کەلە کۆمپانیایەک کاریان دەکرد، دەستبەسەر کردبوو، هێنایانن بۆ مەڵبەند، بۆ ئاسانکاریی ناوەکانیان گۆڕین بۆ(سۆران و بادینان).

هاوڕێ بەهادین نوری ژووڕێکی هەبوو خۆی وئاسۆی برازای لێیدەنووستن، ئەگەر جێگام نەبوایە منیش لەوێ دەنووستم. لەمانگی یەکەوە پەیوەندی نێوان حیزب و یەکێتی گرژی و ئاڵۆزیی زۆری تێکەوت، بەڵام لێرە باشە، مەلا بەختیار سەرپەرشتی شاڵاوێك دەکات دژی پارتی، ئەمەوێت بڵێم هەستم دەکرد جۆرێك لە هاوکاریی تایبەتی هەبوو، بۆ مەبەستێکی دوورتر، کە نە سەکردایەتی حیزب ئاگاداربوو، نەسەرکردایەتی یەکێتی. ئەوەمان لەبیرنەچێت باڵێك هەبوو لە ناو یەکێتیدا بەناوی عێراقچییەکان، لەهەمانکاتدا بەهادین نوریش پیلانی دووری خۆی هەبوو.

کارەساتی پشتئاشان ڕوویدا، ئێمە لێرە هیچ فەرمانێکمان نادرێتێ، بێجگە لەوەی لە ئێزگەکەی یەکێتی ئەیبستین،هیچ بەرچاو ڕوونییەکمان نییە، کۆبوونەوە و هاتووچۆ بەردەوامە لەنێوان بەهادین نوری، مەلا عەلی، مەلا بەختیار و ئەوانی دیکە، بۆ شەو لەمەڵبەندەوە بڕیار درا، ئەو بارەگایانەی کەلە شارباژێڕن بەرەو شارەزوور بکشێنەوە، لێپرسراوێتی سەربازی بارەگای مەڵبەندیان دایەدەست من، بەیانی ڕۆژی دوایی دەستمان کرد بەجووڵە، شەوەکەی لە شارەزوور بووین، هیچ هێزێکی یەکێتی لە شارەزوورو قەراغ نەبوو، هاوڕێیان چەند کادرێکی یەکێتیان لەملاو ئەولا گرتبوو، ئازاد کران. ماوەیەك هەر ئێمەو سۆشیالست لە ناوچەکە بووین، تا دانیشتنی دێوانە کە هاوڕێیان ناویان نا(کامپ دێوانە) لەسەر ناوی(کامپ دێڤد) ڕێکەوتنامەی نێوان ئیسرائیل و مصر، زۆربەی هاوڕێیان ئەم دانیشتن و ڕێکەوتنەیان پێقبووڵ نەبوو، بە تایبەتی هاوڕێیانی گەرمیان.بریاردرا مەڵبەند لە بناری سورێن جێگیربکرێت، بارەگای بەتالیۆنی حەوت لە کەرجاڵ بوو، مەڵبەند بەرەو بناری سورێن بەڕێکەوت، ئێمە بەرەو هەزارئستون، لەدواییدا لە کەرەجاڵ بارەگای مەڵبەند دامەزرا، کەدەکەوتە سەروو بەتالیۆنی حەوت. دوای ماوەیەك من و مام سەعید و شوانەی کوڕی و شەهید هەژار، گەڕاینەوە بۆ لقەکەمان لقی شەهید(بەکر تەلانی).

-٥-

سەرەتا من و هاوڕێ مام سەعیدو شوان وشەهید هەژار، لەحاجی مامەندەوە گەڕاینەوە بۆ لقەکەی خۆمان(لقی شەهید بەکر تەلانی).دوابەدوای ئەوە، بڕیاردرا بارەگای مەڵبەندی هەولێر لە ناوچەی لۆلانەوە بگوازرێتەوە بۆ بەرزان، گوندی ڕێزان بوو بە بنکەی لقەکەمان، وا پێویست بوو لەمە زیاتر لەخەڵك دانەبڕێین، هەموو لقەکان دابەزنە ناوچەکانیان، هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ ئێمە، ئەبوایە لەیەک کاتدا لەگەڵ ڕژێم و یەکێتیدا لەشەڕدا بین. بۆ ئەم مەبەستە وا بەباش دەزاندرا، هەر لقێك پێشمەرگەی خۆی هەڵبژێرێت، ئێمەو سۆشیالیست پێکەوە بەهاوبەشی دائەبەزین و جەولەمان دەکرد، لقەکەی ئێمە لەزێی بچوك پەڕینەوە بۆ ناو شوان و ساڵەیی، دوای ماوەیەک گەراینەوەو یەکمان گرتەوە لەگەڵ هێزە هاوبەشەکەی ئێمەو سۆشیالیست، ئەوبوو تووشی شەڕی پۆریجە بووین، لەوشەڕەدا یەک شەهیدو دوو بریندارمان هەبوو، من یەکێک بووم لەبریندارەکان، ئەوی دیکە، هاوڕێ عومەرەڕەش بوو. بریندەکەی ئەو زۆر سەختتربوو، گولە بەرسەری کەوتبوو، لەبەرئەوەی هاوڕێیان نەیانتوانی پێش خۆرهەڵهاتن لەجادەی هەولێر-کەرکوك بیپەڕێننەوە، بەبریندارى لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر کرا.منیش بەو شێوەیەی پێشتر ئامەژەم پێدابوو، گەیشتمەوە شاری سلێمانی، بەڵام دوای ئەوەی چاکبوومەوە، خوازیار بووم بگەڕێمەوە بۆ ژیانی پێشمەرگایەتی.

پەیوەندیم بە کاك جەبارەوە کرد تابگەڕێمەوە بۆ پێشمەرگایەتی، ئەو پێی باش بوو بەتەنها نەگەڕێمەوە، گووتی دوو ژن دێن لەگەڵت، یەکێکیان دایکی ڕێبازی مخابر بوو، ئەوەی کە نازانم کێ بوو، دەچنە سەردانی کوڕە پێشمەرگەکانیان، واباشترە هەرسێکتان بەیەکەوە بگەیەنمە ئەحمەد ئاوا. ئەوکات ئاسانتر دەربازت دەبێت و کارەکە ئاسانترە، وەهەروەها لە بازگەکان لەکاتی پشکنین کەمتر مەترسیت لەسەر دەبێت.

ڕۆژی دیاریکراو بەیانییەکی زوو، جەبار بە جێبەکەیەوە هاتە شوێنی دیاریکراو، من سواربووم ، دوایی چووین بەشوێن ژنەکاندا، بەڕێکەوتین بەرەو ئەحمەدئاوا، بەبێ کێشە گەیشتین، مەترسی هەرە گەورە لە بازگەی خورماڵ بوو، جەبار شارەزایی خۆی بەکارهێنا

بۆدەرباز بوون لەم بازگەیە.لە ئەحمد ئاوا هاوڕێیان توشی سەرسوڕمان بوون کە منیان بینی، ئاخر لێرە هەواڵ وابووە کەگوایە من نەماوم، بەواتایەکی دیکە بێسەروشوێنم دوای بریندار‌بوونم لەشەڕەکەی پۆڕیجە.بەڕێکەوتم بەرەو کەرەجاڵ، لەمەڵبەند پێشوازییەکی باشیان لێکردم، دڵخۆش بوون بە سەلامەتیم.لەسەرکردایەتی مەڵبەند، یەك دوو هاوڕێ شتێکیان دەزانی دەربارەی من، دوای ئەوەی خۆم چووم و باسی بارودۆخەکەم بۆ کردن، بەرچاو ڕوونییەکی تەواویان لا دروست بوو.من و هاوڕێ کەمال(سوهەیل زەهاوی) پێکەوە چەند دانیشتنێکمان کرد. ئەو داوای لەمن کرد کەڕێگاو جێگایەکی بۆ بدۆزمەوە، بۆئەوەی بۆ کاری نهێنی بچێتەوە ناو شار، پێمگوت ئەتوانم ڕێوشوێنی سەلامەتت بۆ دابین بکەم.

هاوڕێیان پێیان ڕاگەیاندم کەئەبێت بچمەوە ناوشار، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە پێویست بوو لەناوشاردا ئەنجام بدرێت، گوتیان دەتوانیت پێش گەڕانەوەت، هەردوو هاوڕێ (عەلی خانەقینی و شەهاب) کەدوو هاوڕێی چەپی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، سودیان لێوەرگریت بۆفێربوون و ئەنجامدانی هەندێک کاری پێویست لەناو شار. ئەم دوو هاوڕێیە بەهرەیەکی هونەری و تەکنیکی زۆر باشیان هەبوو. فێریان کردم چۆن تەنها بە چوارچێوەیەکی تەختە، پارچەیەك خام، کاغەزی ستێنسل ومەرەکەبی ڕۆنیۆ، کاری چاپکردن ئەنجام بدەم. گەڕامەوە ناوشارو دەستمکرد بەکار، پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ ڕێزان بەهێزتربوو، ڕێککەوتین لەسەرئەوەی هاوسەرگیری بکەین، هەر چەندە، نەکەسوکاری من نەکەسوکاری ڕێزان بەم هاسەرگیرییە ڕازی بوون، لەهەمانکاتدا شوێنم بۆ هاوڕێ کەمال ئامادە کرد.

جەبار هاوڕێ کەمالی گەیاندە سلێمانی، سەرەتا لەماڵی گەلاوێژی خوشکم پێشوازیم لێکرد، لە شوقەکانی قامیشان، لەکانێسکان، دوایی شوێنم لەماڵی ئایشەخان بۆ ئامادەکرد. ڕێزان بەشداری لە خولێکی فێربوونی (تابیعە) کرد، ئیستا تابیعەیەکمان هەیە لە ماڵەوە، پێویستیمان بەوە نەما کەلە شاخەوە هیچ بڵاوکراوەیەکمان بۆ بێت. لە ئیزگەکەوە هەرچییەک بڵاوبکرێتەوە، ئێمە لێرەوە چەند دانەمان بوێت، چاپی دەکەین، پاشان بەیارمەتی ڕۆنیۆ تەختەکەی کەهەمانە، ڕایدەکێشین، بێجگە لە نامیلکەو ڕۆژنامە نەبێت. بەهاتنی هاوڕێ کەمال، ڕێکخستن زۆر پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی، لەوەرگرتنی بڕیارو ڕاپەڕاندنی کاری ڕێکخستن.

-٦-

لە ١٩٨٤/٣/٣١ لەگەڵ ڕێزان، هاوسەرگیریمان کرد، هەرچەندە من بۆخۆم ڕۆژێك لەڕۆژان بیرم لە ژنهێنان نەکردبوویەوە، بارودۆخەکە بەهیچ شێوەیەك گونجاو و لەبارنەبوو بۆ هاوسەرگیری و خێزان پێکهێنان، لەهەمانکاتدا کەسوکاری هیچ لایەکمان ڕازی نەبوون بەم هاوسەرگیریە، بەڵام خواست و سوربوونی ئێمە لەسەرپرۆسەکە، توانیمان ئەوەی ویستمان بەئەنجامی بگەیەنین و زاڵبین بەسەر هەموو ڕێگرەکاندا.

هەرچی کاری ڕێکخراوەییە، ئەتوانم بڵێم لەماوەیەکی زۆر کورتدا، باشترین ژێرخانی ڕێکخراوەییمان پێکهێنا، بۆ کارکردن لەهەموو بوارەکاندا، بەبەردەوامی دروشمەکانی حیزب، لەسەر دیوارەکانی شار بوو، پۆستەری شەهیدانمان بەزۆربەی زۆری ستوونی کارەباکانەوە بوو، بێجگە لەوەی، کارو توانامان هەبوو بۆ سزادانی تاوانباران.

لەگەڵ ئەوەی هێڵی ڕێکخستنی دیکە هەبوو لەناو شار، بەڵام هیچیان ئەو توانایەی ئێمەیان نەبوو، لەگەڵ توانای خۆمان ئێمە پێداویستی تایبەت بە کارەکانیشمان لەبەردەستدا بوو.سەردانێکی شاخم کردو دوای ماوەیەک گەڕامەوە شار، وابەباش دەزاندرا واز لەکاری ناوشار بهێنم و بگەڕێمەوە شاخ، ڕێزانیش خواستی هەبوو ببێت بە پێشمەرگە، دوابەدوای ئەوە هەردووکمان ڕۆیشتین بۆ مەڵبەندی سلێمانی-کەرکوك لە کەرەجاڵ.

دۆڵی کەرەجاڵ لەسەرووی سەرچاوەی ئاوی زەڵمەوە بوو بە چارەکە سەعاتێك وکاتژمێرێك زیاتر لە ئاوایی ئەحمەد ئاواوە دوور بوو. ڕێگاکە تا سەرچاوەی زەڵم جوانترین سروشت بوو، هەمووی باغ و سەوزایی، بەدڕژایی ڕێگای ئاوە سازگارەکەی زەڵم، بەڵام کەرەجاڵ دۆڵێکی وشك بوو، ئەشکەوتی زۆری تێدابوو، بێجگە لە بارەگای بەتالیۆنی حەوت و مەڵبەند و ڕێکخستنی گەرمیان، لقی چواری پارتیش هەرلەوێ بوو. ڕێگایەکی هاتووچۆ بوو بۆ ئێران، لە پلەکانی مەلامستەفاوە بۆ ملەخۆرت، لەوێشەوە بۆ دزڵی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم ناوچەیە ڕۆژانە بەبەردەوامی لەلایەن هێزەکانی ڕژێمی عێراقەوە بۆردوومان

هاوڕێ ڕێزان، دۆڵی کەڕەجال

دەکرا، لەم دۆڵە ژمارەیەکی زۆر لە کاروانچی و پێشمەرگە شەهیدو بریندار دەبوون، شەهید دەرویش(کامەرانی کوڕی ئەحمەدی مەساح)یەکێک بوو لەوشەهیدانەی کەلە ١٩٨٣/١١/١٧ لەو دۆڵە شەهید بوو.

خانەوادەی ڕەوانشاد ئەحمەدی مەساح، یەکێک بوون لەوخانەوادە تێکۆشەرە بەهەڵوێستە شیوعیانەی شاری سلێمانی، کەبێجگە لەبەخشینی ئەوشەهیدە قارەمانییەیان بەڕێگاو ڕێبازی حیزب و نیشتیمان، هەموو خانەوادەکەیان بەبەردەوامی لەخزمەتی حیزب و ڕێبازەکەیدا بوون.یەکێک لەودوو ئەڵمانییەی کەبارمتەبوون لای حیزب، کەناوەکانیان گۆڕدرابوون بۆ سۆران وبادینان، سۆران لەوێ کوژرا.

بەدرێژایی بەرزاییەکانی زنجیرە شاخی سورێن، ڕەبایەی ئێران بوو، بەرامبەریشیان ڕەبایەکانی عێراق بوو، ئیمەش لە نێوەندیان بووین، هاوڕێیان ئەحمەد بانیخێلانی، باوکی تارا و ئەبو لینا، لێپرسراوی مەڵبەند بوون.

داوام لێکرا بەرید بەرم بۆ تارانهەروەها بەپێچەوانەوە لە تارانەوە بۆ مەڵبەند، هەردوو هەفتەجارێک ئەمە کاری من بوو. بێگومان ئەم کارە بە نهێنی دەکرا، هەروەها بەریدەکە لەجانتای تایبەتیدا ئەشاردرایەوە و لەوسەرەوە بە هەمانشێوە.

حیزب هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئێراندا نەبوو، هەرلەبەر ئەوەبوو ئێمە بەوەرەقەی پارتی هاتووچۆمان دەکرد، من چوونە ئێرانم زۆر لاناخۆش بوو. بەپێچەوانەی پێشمەرگەکانی دیکەوە، هەرلەبەر ئەوە بوو زۆرجار کەدەڕۆیشتم بۆ بەریدبردن، ئێوارە دەگەیشتمە تاران، بەریدەکەم دادەنا، ئەوشەوە لە هۆتێل موسەوی-لەکوچەی مەروی دەمامەوە، بەیانی زوو دەگەڕامەوە، خۆ بەریدەکەم ئامادە بوایە هەرئەو شەوە دەگەڕامەوە، کاتێك ئەگەیشتمە سەر ملەخورت و دەشتی شارەزوورم لێدەردەکەوت، خۆشی ژیانم سەرلەنوێ دەستیپێدەکردەوە.

من دووجار لەئێران گیراوم، جاری یەکەم لەگەڵ بردنی بەرید، گوتیان سێ هاوڕێی عەرەب، لەگەڵ خۆت بەرە بۆ شنۆ ولەوێوە تەسلیمی هاوڕێ مەلا بەکریان بکە، هەرچەندە حیزب هیچ بنکەیەکی نەبوو لە شنۆ، بەڵام پارتی لەبنکەکەی خۆیان، ژووریێکیان دابوو بە هاوڕێ مەلا بەکر، ئیشوکاری حیزبی لەوێ ڕائەپەڕاند. ئەوەبوو هەرچوارمان کەوتینە ڕێ، لای ئێوارە لە مەریوان بووین، ئەوکاتە لە مەریوان دوو هۆتێل هەبوو، من بۆخۆم هەمیشە لە هۆتێلی بەردەم سینەماکە دائەبەزیم، لەوێ ژووریێکمان گرت، ئەبوایە ئەوان نەڕۆنە ناو بازاڕ، ئاخر ئەوان کوردییان نەئەزانی، هەروەها بە سەروسیماشیاندا دیاربوو کەغەریبن، زۆر پاڕانەوە کە بیان بەم بۆسینەما، گوتیان خۆ تەنها پەڕینەوەی شەقامەکەیە، منیش ئەوکاتە دڵم نەرم بوو گوتم باشە، چوار بلیتم بڕی و چووینە ژووڕەوە دانشتین تا فیلمەکە دەست پێبکات. هاوڕێیەکیان گوتی ئەو پاسدارە ئەمناسێت ئەزانێت کەمن شیوعیم، پێش دوو سێ ڕۆژ، لەسەرکانیاوەکەی چنارە مناقەشەێکی زۆر تووندمان کرد لە سەر یەکێتی سۆڤییەت. (چنارە) گوندیکی چوڵکراوبوو لە بناری سورێن، کانییەکی باشی لێبوو، هاوڕێیانی ئەشکەوتی هەزار ئستون ئاویان زۆر کەمبوو، لەسەر ئەو کانییە خۆیان دەشت، پاسدارەکانیش ئەهاتن بۆ ئەوێ، پاسدارەکە تەماشای ئێمەی دەکرد. دوایی هەستاو ڕۆیشتە دەرەوە، فیلم دەستی پێکرد، بەڵام نەئەکرا بڕۆینە دەرەوە، ئاخر ئەوکاتەی کەفیلم دەستی بەپەخش دەکرد، هیچ کەسێک بۆی نەبوو بچێتە دەرەوە، گوتم ئێستا دێن بۆمان، هەریەکەتان ئەوناوەی لەسەر ئیجازەی پەڕینەوەکەیە(بەرگەی عبور) جوان لەبەری بکات، ئێمە ئەفرادی بارزانین، لە ئیجازەکانمان وانووسرابوو، پێشمەرگەکانی پارتی، لە قەرارگای ڕەمەزان هەروەها لە حەمزەی پاسداران، پێیان دەگوتن ئەفرادی بارزانی. دوو جەندەرمێری هاتن، داوایان لێکردین کەبڕۆین لەگەڵیان،

بردیانین بۆ جەندەرمێری، ئەفسەرێك کەوتە لێکۆڵینەوە لەگەڵمان، هەر من زمانم دەزانی، وادیار بوو ئەو پاسدارە خەبەری لێ دابووین، ئەگەڕان بەدوایدا و نەیان ئەدۆزییەوە، دوای ماوەیەك بە ئەفسەرەکەم گووت، ئێمە مەکتەبی عیلاقاتمان هەیە، ئەتوانن لێیان بپرسن، ئەگەر ئێمە ئەفرادی بارزانین یان نا. ناردیان یەکێك بێت لەمەکتەبی عیلاقات، مەلا عومەرهات، ئەو لێپرسراوی مەکتەب بوو، دوای هاتنی ئەو، ئێمە ئازاد کراین.

-٧-

پێشتر ئاماژەم پێدابوو کە لەماوەی کاری بەرید هێنان و بردن، لەنێوان ئێران و مەڵبەندا، دووجار لەئێران دەستگیر کراوم، ئەم جارەش هەرخۆم نەبووم، بڕیاری سەرکردایەتی بوو کەکچێک لەمەڵبەندەوە بگەیەنمە شنۆ، دوای ئەوە خۆم بڕۆم بەرەو تاران. ئەم کارەم پێخۆش نەبوو، لام باش و گونجاویش نەبوو، بیهێنە بەرچاوی خۆت، ئیمان کچێکی بەسراوی قژلولی زۆرئەسمەری بااڵبەرز، دەبوایە ئێمە وەک ژن و مێرد خۆمان پیشانبدەین، کەبەبڕوای من هیچ گونجاو نەبووین پێکەوە، وامهەست دەکرد ببینە جێگای گومان.

ئیمان ماوەیەکی زۆر بوو لەمەڵبەند بوو، نەماندەزانی چ کارەیە.لەلایەکی تڕەوە ناڕەزایی من لەوەدا بوو، لەم وەرزەدا، سەرماو بەفرو شەختەیە، باش شارەزای ئەو ڕێگا سەختەم، لەگەڵ ئەوانەشدا ئیمان کچێکی بەسراوی بوو، لەوگەرماو تەختاییەوە هاتبووە ئەوێ، هەرهەمووی بۆ من گران بوو، هەربۆیە ناڕازیبووم لە بردنی، بەاڵم هاوڕێیان گوتیان، لە مەکتەبی سیاسییەوە داوایان کردووەو لەتۆ زیاتر کەسی دیکەمان نییە، ئەوکارە بکات.

لای لقی چواری پارتی ڕووخسەتیان بۆ کردین، «بەرگەی عبور»بەفرێکی زۆر باریبوو، جلێکی کوردی ژنانەیان بۆ ئیمان پەیداکردبوو، زۆر کورت بوو لەبەریدا. بەسەریدا پااڵتۆیەکی عەسکەری و لەچکێک بەسەرییەوە، شتێکی زۆر سەیر دەرچوبوو. جانتا گەورەکەم، بەبەریدە شاراوەکەی ناوییەوە هەڵگرت، هەردووکمان بەیەکەوە بەڕێکەوتین. ڕێگا بەهۆی بەفرەوە دیارنییە، بەبەردەوامی بەفر دەباریت، کارێکی ئێجگار گرانم لەپێشە، ئاخر نازانم ئیمان ڕاکێشم یاخود جانتا. هەر چۆنێک بێت بەڕاکێشان و پااڵنان گەیشتینە مەلەخۆرت، ئیمان بەتەواویی ماندوو شەکەت بوو، لەسەرمادا دەلەرزی، ئاخر ناهەقی نەبوو، بەسرە لەکوێ و ئەم شاخ و بەفرو سەرمایەی کوردستان لەکوێ!

ڕێگا سەختەکەمان بڕی، لە ملخۆرتەوە بۆ دزڵی سەرەوڵێژ بوو. بەو هەموو ماندووبوونەوە لەکۆتاییدا گەیشتینەدزڵی، لەوێ چووینە ناو دوکانێک، سۆپایەکی داری

داگیرساندبوو، ئیمان لەژێر لێوەوە دەیەوێت شتێک بڵێت، ئاخر من پێشتر ئاگادارم کردبۆوە کەهەتا دەتوانێتبەعەرەبی قسەنەکات، لێینزیک بوومەوەو لێمپرسی چیت دەوێت؟ گوتی پیبسی! داواکایەکی زۆر سەیر بوو لەو بارودۆخە ناخۆش و گرانەی ئێمەی تێدا بووین، بەکابرای دوکاندارم گوت نوشابەیەکم (ساردی) بدەرێ، دوکاندارەکە ساردییەکی دەرهێنا لە سندوقی ساردییەکانی بەردەرگا بەبەفرداپۆشرابوو.

ئیمانم بەجێهێشت لەناو دوکانەکەدا، بۆئەوەی خۆی گەرم و وشک بکاتەوە هەروەها ساردییەکەشی بخواتەوە، دوای ئەوە لەگەڵ شۆفێرێك ڕێککەوتم، بۆئەوەی بمانگەیەنێتە مەریوان.

بەبێ گرفت گەیشتینە مەریوان، لە هۆتێل دابەزین، ئیمانم لەوێ جێهێشت، خۆم ڕۆیشم، بۆ نوسینگەی پەیوەندییەکانی پارتی لە ئێران (مەکتەبی عیلاقات)بۆ گۆڕینی کاغەزی هاتووچۆ، لەناو ئێران، ئەوکاغەزەی پێشتر بۆمان کرابوو، تەنها تامەریوان و دەوروپشتی بەکاردەهات، بەرپرسەکەی نوسینگەکەی پارتی حمەسوربوو، ئەو گوتی ڕێنمایی تازەمان بۆ هاتووە لەقەرارگاوە دەبێت لەگەڵ ڕوخسەتەکەدا کارتت هەبێت، بۆ دەرکردنی ئەوکارتەش بەلایەنی کەمەوە دوو حەفتەی دەخایاند.هەرچەندەهەوڵم بۆچارەسەرێکدەدا، بەڵام هیچ نەکرا، گەڕامەوە بۆ هۆتێل و ئیمانم تێگەیاند، کەدوو ڕێگەمان لە بەردەمدایە، یەکێکیان ئەوەبوو بگەڕێینەوە بۆ مەڵبەند، یاخود لەسەر لێپرسراوی خۆمان بەردەوام بین وبڕۆین، ڕێگای دووەم گریمانەی گرتنمان هەیە، بەتایبەتی ئەگەر بۆ شەو نەگەینە مەهاباد، ئەو کاتە پێویستیمان بە هۆتێل دەبێت. ئالێرەدا مەترسی دەستگیرکردنمان زیاتر دەبێت، من بۆخۆم لەمەهاباد خەڵکم دەناسی، پێوستیمان بە هۆتێل نە دەبوو، ئیمان لەترسی ناڕەحەتی ڕێگای گەڕانەوە، کەلەوسەرەوە بینیبوویهەروەها ئەو چاوەڕوانییە زۆرەی کە لەمەڵبەند کردبووی، لەگەڵ بەردەوامی ڕۆیشتن بوو بۆ شنۆ.

بۆ بەیانییەکەی زوو، بەڕێکەوتین بەرەوسنە، لەسنەوە بۆ سەقز، لەوێوە بەرەو بۆکان، پاشان بەڕێکەوتین بەرەو مهاباد. گەیشتینە ئەوبازگەیەی کەدانرابوو لە میاندواو، پێش مەهاباد، گوتیان ڕێگا داخراوە دەبێت بگەڕێنەوە، هەرچەندە هەوڵم دا سودی نەبوو، بەناچاری گەراینەوە بۆ ناو شاری میاندواو. من هیچ شارەزاییەکم لەم شارەدا نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت کێشە هەیە لە نێوان کورد و ئازەرییەکاندا. هۆتێلێکم دۆزییەوە

پۆڵا زیندانی، زەڵم، ڕێگای کەڕەجاڵ

لەسەر شەقامی گشتی بوو، کارمەندەکەی هۆتێلەکە تەماشای ڕوخسەتەکانی کردین، گوتی ناتوانم هەردووکتان لە یەک ژووردا دابنێم، من بەئازەری قسەم لەگەڵ دەکرد لە بەردوو هۆکار یەکێکیان، ئازەرییەکەم لە فارسییەکەم باشتربوو. دووەم کابرا ئازەری بوو، دەمویست سۆزی ڕاکێشم بۆلای خۆم، بۆئەوەی تەگەرەمان بۆ دروست نەکات، گوتم گرنگ نییە ژووریٚك بۆخانمەکەم منیش لەهەر جێگایەك بێت گرفتم نییە.

ئەوەبوو ئیمانم بردە ژوورەکە، خۆیشم هاتمە خوارەوە، لە سالۆنی هۆتێلەکە دانیشتم، قۆرییەك چام داواکرد، سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد، لەو کاتەدا پیاوێك هاتە هۆتێلکەوە، چوو بۆ لای کارمەندی هۆتێلەکە، ئەویش ئەو دەفتەرەی خستە بەردەست کە ناوی میوانەکانی هۆتێلەکەی تێدا تۆمارکرابوو.

لە دەفتەرەکەی دەڕوانی و لەگەڵ کارمەندەکە قسەی دەکرد، ئاوڕێکی دایەوە و تەماشایەکی منی کرد، هەستم کرد باسی من وئیمان دەکەن. دوای ئەوەی کابرا ڕۆیشت، چوومە سەرەوە بۆ لای ئیمان، تێمگەیاند کەلەوانەیە بێن و بمانگرن ولێکۆڵینەوەمان لەگەڵ بکەن.بۆیە پێوستە جارێکی دیکە زانیارییەکانمان کە لەسەر ڕوخسەتەکەمان

نووسراوە، دووبارە بکەینەوە. ناوی سیانی، خزم وکەسوکار،شوێنی لەدایکبوون، ئەو شوێنەی لێیدەژین، مێژووی هاوسەرگیریمان هتد...

من هەمیشە بە ناوی عەلی عەبدول حوسێن ئەهاتمە ئێران، ئاخر لێرە ئەم جۆرە ناوانەیان زۆر پێخۆشبوو. ئیمان بە ناوی فاتمە مەهدی تۆمارکرابوو. ئەو شەوە هیچ نەبوو، بەیانی زوو هاتمە خوارەوە، ویستم برۆمە دەرەوە دەرگای هوتێل داخرابوو، بە کارمەندەکەم گوت، کردییەوە بۆم، پەڕیمەوە بۆ ئەوبەری شەقامەکە، قەیماغ و هەنگوین ونانی گەرمم کڕی، کەگەڕامەوە بەردەمی هۆتێلەکە بینیم، دوو ئۆتۆمبیل وەستاون، ژمارەیەك چەکدار چوونە ژوورەوە، زانیم کە ئەمانە ئیتلاعاتن، نەدەکرا بەهیچ شێوەیەك ئیمان و چانتاکە بەجێبهێڵم، بەخێرایی چوومە ژوورەوە، پێش ئەوەی ئەوان بگەنە ئیمان، لەگەڵ چوونە ژوورەوەم کارمەندی هۆتێلەکە، منی پیشانی ئەوان دا، دیار بوو ئەوان لەمنیان پرسیبوو پێشتر. ئێمەیان برد بۆ ئیتلاعات، دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵمان، دوو شەو لەوێ ماینەوە، بەڵام هیچیان دەستنەکەوت، ئەوەی جێگای دڵخۆشی بوو، هیچ بایەخێکیان بەجانتاکە نەدا، هەرچەندە من بۆخۆم ترسی هەرەگەورەم جانتاکە بوو. ئەو شتانەی کەلەنێو جانتاکەدا بوو، جگە لەوەیئەیسەلماند کەئێمە ئەفرادی بەرزانی نین، هەروەها نهێنی زۆری ئاشکرا دەکرد، بچوکترین تاوان بەسەرماندا ئەسەپا کە ئەویش، سیخوڕی(جاسوسی)بوو. بە ئەفسەرەکەم گوت ئێمە تەنها هەڵەیەکمان کردبێت ئەوەیە کە نەمانزانیوە ئەم ڕوخسەتە، تەنها لە مەریوان بە کاردێت، ئەبوایە پێش ئەوەی بێین بۆ ئێرە بمانگۆڕیایە، باشتر نییە بمانگەڕێنیتەوە بۆ مەریوان بۆ ئەوەیلەوێ بیگۆڕین.

لەئیتلاعات ئێمەیان دایە دەست جەندەرمێری، ماوەیەك دەستبەسەربووین لەجەندەرمێری میاندواو، دوابەدوای ئەوێ لە بۆکان، دوای بۆکان، لە سەقز هەفتەیەك ماینەوە، لەوێ داوامکرد کە چاوم بە ئەفسەرەکە بکەوێت، نارەزاییم دەربڕی، گوتم ئێمە لە بەرەکانی شەڕبووین بەرامبەر سەدامی کافر، هاتووین بۆ ئەوەی سەر لەکەسوکارمان بدەین لێرە. تەنها هەڵەمان ئەوە بووە، نەمانزانیوە ڕوخسەتەکانمان بگۆڕین لەمەریوان، گوتی باشە ئەتوانیت کرێی ئۆتۆمبیلەکەبدەیت لێرەوە بۆ مەریوان، گوتم بەڵێ، گوتی باشە بەیانی مەئموریێکتان لەگەڵ دەەنێرم بۆ مەریوان، بۆ بەیانییەکەی بەڕێکەوتین لەگەڵ مەئموریێك بەرەو مەریوان، لە ڕێگا جۆرە نزیک بوونەوەیەک لەنێوان من و مەئمورەکەدا دروست بوو، بۆم دەرکەوت کەئەویش ئازەرییەو لە بنەچەدا لەڕوسیاوە کۆچیان کردووە

بۆئیران، بەڵام ئەم لەتاران لەدایك بووە.

ئێوارە گەیشتینە مەریوان، لە مەئمورەکەم پرسی چیمان لێدەکەیت؟ گوتی تەسلیمتان دەکەم، گوتم بۆ بەیانی تەسلیممان ناکەیت، ئێستا دەڕۆین نانێک دەخۆین، شەویش لەهۆتیل دەبین، خۆ ئێمە تاوانبارنین، تەنها هەڵەیەکی بچوکمان کردووە، ئەو ڕازی بوو بە پێشنیارەکەی من، نانمانخواردو چووین بۆ هۆتێل، ئەوکاتەی ئەو دەستی کرد بەنوێژ، چانتاکەم برد بۆ ماڵی مەهدی، ماڵەکەیان زۆر نزیك بوو لە هۆتێلەکەوە، مەهدی خەڵکی هەورامانی باشوربوو، ناسیاوێتیم لەگەڵ پەیداکردبوو لەڕێگای هاوڕێیانەوە، ئێستا خەمی هەرە گەورەم لەکۆڵ بوویەوە، دوابەدوای ئەوە سەرێکم دا لە نوسینگەی پەیوەندییەکانی پارتی، تێمگەیاندن کەچی ڕوویداوە، بۆ بەیانییەکەی تەسلیم کراین، لەپاشاندا ناردیان بەدوای یەکێك لە نوسینگەی پارتییەوە، حەمەسور هات بۆ ئەوەی گەواهی بدات، کەئێمە ئەفرادی بارزانین، ئازادکراین.

هەر ئەو ڕۆژە گەڕاینەوە بۆ مەڵبەند، ئیمانم دایەوە دەستیان، بۆ بەیانییەکەی هەر بەو ڕوخسەتەی پێشتر پێی ڕۆیشتم، ئەمجارەهەرخۆم بەڕێکەوتم بەرەو تاران وگەڕامەوە.

-٨-

لەگەڵ ئەوەی مەڵبەندی سلێمانی-کەرکوک، قوربانی گیانیی زۆر کەمتر بوو بەبەراورد بە مەڵبەندی هەولێر. لە پێش و هەروەها پاش کارەساتی پشتئاشان، بەڵام زیانی زۆر بوو لە ڕووی تردوە. گۆڕانکاریی سەرکردایەتی مەڵبەند لە هەمانکاتدا ململانێی نێوان سەرکردەکان زۆرتربوو، کەئەمەش لەبەرژەوەندیی حیزبدا نەبوو.نەبەرچاو ڕوونییەک، وەنە ڕوونکردنەوەیەکی فەرمی هەبوو، لەلایەن سەرکردایەتی حیزبەوە، بەتەواوەتی هەست بەجیاوازیی هەڵوێست و لایەنگریی سەرکردەکان دەکرا، بەشێکیان لەژێر کاریگەریی یەکێتیدا، بەشێکی دیکەیان لەژێر کاریگەریی پارتیدا بوون، بەشێکی دیکە دژی ئەم دوو لایەنگرییەبوون و بە کارێکی دروستیان نەدەزانی. ئەوان خوازیار بوون حیزب سیاسەتێکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی هەبێت.

لەلایەک ڕێککەوتنی بەهادین نوری و مەلا بەختیار، بانگەوازی ئاگربەستی کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانی لەلایەکی دیکەوە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی وهەروەها ڕۆڵی سەرەکی ئەبو فاروق لە شەڕی پشتئاشانی دووەم، بەهاوکاری تەواوەتی پارتی.هەڵسانگاندنی ڕووداوەکان وهەروەها دەست نیشانکردنی هەڵەکان، کاریگەریی خراپی هەبوو لەسەر هاوڕێیان. دیاردەیەکی دیکەی مەترسیدار لەسەر ڕەوشی حیزب، ئەو ناکۆکییەی کەلەنێوان کادرەکانی ڕێکخستنەکانی حیزبدا هەبوو لەسلێمانی، هەریەکە ئەوی دیکەی تاوانبار دەکرد، بەندیخانەیەک هەبوو، بەئەندازەی ژمارەی بەندەکانی ڕژێم، هاوڕێیانی خۆمانی تێدا بەندبوو.

بارووددۆخەکە لە ڕووی سەربازییەوە بەبەردەوامی سەختتر دەبوو لە بناری سورێن، بەتایبەتی دوای گرتنی خۆرنەوازان و بانیشارو ناوچەکانی دیکەی بناری سورێن لەلایەن ڕژێمەوە. خۆرنەوەزان کەیەکێک بوو لەبنکەکانی مەڵبەند، گەلییەکی تەسك و سەخت بوو، بەبەردەوامی سێبەر بوو، زۆر کەم هەتاویتێدەکەوت، لەلایەن ڕژێمەوە بەبێ تەقەو بێ بەرگری لە هاوینی ١٩٨٤ داگیرکرا. ئەم ڕووداوە شکستێکی گەورەبوو، ئەمە کاردانەوەی زۆر خراپی هەبوو لەسەرمەعنەویاتی پێشمەرگە وهەروەها خەڵکی ناوچەکە. تۆپبارانکردنی

کەڕەجاڵ، کاتی تۆپ بارانی ڕژێم بۆ ناوچەکە

ناوچەکە ڕۆژ بەڕۆژ گەرمتر دەبوو، واپێدەچوو ناوچەکە ببێتە بەرەیەکی فراوانی شەڕی عێراق-ئێران. بواری هاتووچۆی ئێمە بەرەبەرە کەم دەبوویەوە، لەبەر نەبوونی هیچ جۆرێکی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، هەرئەو هۆکارانە بوون وای لە سەرکردایەتی کرد بڕیاری گواستنەوەی مەڵبەند بدات بۆ شارباژێڕ، نزیک ناوچەکانی پارتی.

من و ڕێزان بریارماندا بڕۆین بۆ مەڵبەندی هەولێر، بۆ لقی شەهید بەکر تەلانی، کە بەلقی خۆمم دەزانی، ئاخر هەر لەسەرەتای پێکهێنانییەوە، من پێشمەرگەی ئەو لقە بووم، لەگەڵ شەهید بەکر تەلانی.

ئێمە کەوتینەڕێ بەرەو ناوچەی لۆلان، لەوێوە بەرەو مەڵبەندی بادینان، دوایی بەرەوکافییە، لێرە کێشەکە ئەوەبوو، زۆربەی بنکەکان تازە دروستکرابوون، لەبەرئەوەی لە ناوچەی بەرزان هاوڕێیان ناچارکرابوون، کە بنکەکانی بەرزان و ڕێزان چۆڵکەن، شێخ محەمەد خالید بەرزانی کۆمەڵێک چەکداری کۆکردبووەوە بە ناوی حیزبوڵا، لەڕاستیدا جاشی ئێران بوون، هەڕەشەی کردبوو لەهاوڕێیان، کە ئەو ناوچانە(موقەدەسن)نابێت ئێوەی لێبن، ئەوەش جۆرێك بوو لە شەڕفرۆشتن، هاوڕێیان دوو ڕێگایان لە بەردەمدا

بوو، یان شەڕبکەن یاخود خۆیان لەشەڕ لابدەن، ئەوان ڕێگای دووەمیان هەڵبژاردبوو.

لقی شەهید بەکر تەلانی سەر بە بەتالیۆنی ٣١ئازار بوو، لەدێی (ئێروان)کە گوندێکی چۆڵکرابوو، نزیک زێی گەورە، بەرامبەر ئەشکەوتی شانەدەر. هەرلەوێ بارەگا دامەزێنرابوو، ئێمە لە کافییەوە بۆ ئێروان بەڕێکەوتین، لەوێ شادبوومەوە بەهاوڕێیانی لق و بەتالیۆن، کە لەدوای شەڕی پۆڕێجەوە نەمدیبوون. بەتالیۆنی٣١ی ئازار پێکهاتبوو لە سێ لق،لقی کۆیە، هاوڕێی شەهید محەمەد حەلاق سەرلقی بوو، لقی بیتوێن هاوڕێ محمودی حاجی سەرلقی بوو، لقی شەهید بەکرتەلانی، شەهید علی حاجی سەرلقی بوو، هاوڕێ موحسن یاسین فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

ئەم ناوچەیە کە ئەوبەری زێی گەورەیە، بەناوچەی زێبارییەکان ئەژمێردرێ، کەمێک بەرزانیی لێبوو.هەر چەندە لەو کاتەدا کەئێمە لەوێ بووین، ناوچەیکی زۆر چۆڵ بوو، بەلام تاك و تەرا خەڵکێك گەڕابووینەوە، بە تایبەتی ئەوبەرزانیانەی کەلە ئۆردوگای زۆرەملێی قوشتەپەوە ڕایانکردبوو. خوارەوەمان زێیەو پشتەوەمان شاخ بوو، ئەودیوو شاخ بە ناوچەی سورچییەکان دەژمێردرا، زیاتر ئاوەدان بوو، نزیک بوو لە شارۆچکەی دینارتەی سەربە ئاکرێ، لەوبەر زێ ڕێگای ئۆتۆمبیل هەبوو تا شارۆچکەی خەلیفان، بەڵام لەوکاتەدا هاتووچۆ قەدەغەبوو.

بوونی ئەو بنکەیە زۆر پێوست بوو، ئاخر وێستگەیەکی گرنگ بوو بۆ هەموو ئەو مەفرەزانەی کە ئەڕۆیشتنە خوارەوە ئەپەڕینەوە لە بێخمە، چەند خێزانێکی هاوڕێیان لەوێ دەژیان، دایک وخوشکی شەهید محەمەد حەلاق، شەهید ئایشێ گورۆك، خێزانی نەجمەدین مامۆ، خێزانی ئەبو فەلاح، خێزانی شەهید عەلی حاجی و هاوڕێ مەحمود.

-٩-

لە بارەگای بەتالیۆنی٣١ ئازار، مرۆڤ هەستی بەژیانی هاوڕێیەتی دەکرد، کەمترین کێشە لێرە هەبوو، ژیانی پێشمەرگایەتی وەک کۆمەڵگەیەکی بچوک و تایبەت دەهاتە پێشچاو، ئاخر بوونی ئەو چەند خێزانە لەناو هێزی پێشمەرگەدا، سیمای خێزان و خۆشەویستی بوو، بێجگە لەوەی پەیوەندییە کومەڵایەتییەکانی بەهێزتر دەکرد. مرۆڤ هەستی بە ژیان وئاسودەیی دەکرد، گریان ویاریی و ڕاکەڕاکی منداڵان ئایندەی لا گەش و ڕووناکتر دەکردیت، بەخێوکردنی جوچک و مریشک و قوقەقوقی کەڵەشێرو قاسپە قاسپی کەو، هەستی سەمفۆنیایەکی ئارامبەخش بوو بۆجەستەو ڕۆح، ئەتوانم بڵێم بەتەنها بوونی ئایشە کرۆوك، بێجگە لەبەخشینی بەردەوامی ئەوهەستە نیشتیمان پەروەری و خۆڕاگرییەی کە لەخۆی و ڕۆڵەکانیدا هەبوو، لێرە سۆزێکی دایکانەی پڕ هەست و ئەوین بوو بۆ پێشمەرگەکان.

ساڵی ١٩٨٥ حیزب کۆنگرەی چوارەمی خۆی بەست، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٩وە تاکو بەستنی کۆنگرە، ڕەخنەو تێبینی زۆر کەڵەکە بووبێت، لەسەر سیاسەتی حیزب و سەرکردەکانی، بەڵام ئەنجامەکانی کۆنگرە بەپێی خواستی دڵسۆزانی حیزب نەبوو. هەرچەندە پێشتر هەر باس و ڕەخنەیەک هەبوایە، دەگوترا ئەوە لە دەسەڵاتی کۆنگرەدایە، بەداخەوە گۆڕانکاریی ئەوتۆیش ڕووینەدا.

ڕاستە لە کۆنگرە هەڵسەنگاندن بۆ بەرە شکستخواردووەکەی حیزب لەگەڵ بەعسدا کرا وهەروەها دان بە هەڵەکاندا نرا، بەڵام کەس لەسەر ئەوهەڵانە لێپرسینەوەی لەگەڵدانەکرا، بەڵکو هەمان ئەو سەرکردانەی پێشوو لەدەسەڵاتدا مانەوە، بەسکرتێری حیزبەوە، بەهیچ شێوەیەک نەچوون بەلای کارەساتەکەی پشتئاشاندا. قسە کردن لەسەر ئەو ڕووداوە دواخرا، هەتاکو ئەمڕۆش وەک خۆی ماوەتەوە.

ڕاستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە، لە شەستەکانەوە کۆمەڵێک سەرکردە خۆیان سەپاندووە بەسەر ئەو حیزبەدا، بەهۆکار و ڕێگای جۆراوجۆر، بەبێ گوێگرتن لە بنکە شورشگێڕییەکەی حیزب، بەواتایەکی دیکە، ئەندامانی حیزب بۆچوون و هۆشیاری و

هەڵوێستیان وهەروەها هەڵسەنگاندنیان لەپێش سەرکردەکانەوە بووە. تەنانەت خەباتی چەکداری لەلایەن دوو سێ هاوڕێی سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزبەوە سەپێندرابوو بەسەر حیزبدا. ئەگینا سەرکردایەتی حیزب هەرچاوی لە دەرگای بەعس بوو.

هەرلەمکاتەدا کۆمەڵێك پێشمەرگەو کادری ئاڵای شۆڕش هاتنە لای ئێمە، یەکێک لەوانە حاجی مەموو بوو. پێمان ڕاگەیەندرا هەرچی لە توانادا هەبێت پێشکەشیان بکەین، بێگومان یەکێتی هەموو هەوڵێکیان دەدا تاکو لەناویان بەرێت، بەمەترسییەکی گەورەیان دائەنان، ئاخر لەوکاتەدا مەلابەختیار دەستبەسەربوو، هەرچی سوکایەتی هەیە پێیانکرد، هەتاکو تۆبەیان پێنەکرد و ئازادیان نەکرد.ئەمە یەکەمجار نەبوو حیزب یارمەتی کەسانێکی شۆڕشگێڕ بدات، لە ساڵی١٩٧٩دا کاتێک پارتی لەڕاژان گونگرەی بەست، سامی عەبدولڕەحمانی دورخستەوە. دوابەدوای ئەوە ئەم پارتی گەلی دروستکرد، لە بادینان پارتی کەوتە ڕاونانیان، حیزب یارمەتیدان بەپێی توانا، لە کاتێکدا ئێمە پێوستیمان بەیارمەتی بوو.

بارەگای بەتالیۆنی ٣١ی ئازار، ئیروان

هەروەها لە ساڵی١٩٨١دا کاتێك یەکێتی دوو پێشمەرگەی پاسۆکی شەهید کرد، بەناوی (بێستون و فارس) لە تۆڵەی ئەوان مەفرەزەیکی پاسۆك بەسەرپەرشتی عەبدوئیلا(مولازم شوان) پێنج پێشمەرگەی یەکێتییان شەهید کردو دووان بریندار. لە گوندی گەڕەدێی شارباژێڕ لە ناویاندا مامۆستا جەمال، ئەوانیش هەروەها پەنایان بردە بەر حیزب.

من لێرە کەوێکم هەبوو، هەربەباڕی بەخێوم کردبوو، هاوڕێیان لێیبێزار بوون. زۆر شەڕانی بوو، بەدەنوکی خوارەوەی شەڕوالّی زۆربەیانی کون کون کردبوو. ڕەوشتی زۆر لەکەو جیاواز بوو، ماشی نەئەخوارد، لەکاتێکداکەو زۆر حەزی لەماشە، برنجی دەخوارد کەکەو نایخوات. لەقەفەزدا نەبوو، بەئازادیی ئەهات و ئەچوو، لەسەر دارئەنیشتەوە، بەڵام بەقاسپە قاسپەکەی کەو بوو.

-١٠-

ئیروان گوندێکی چۆڵکراو بوو، هەر لەبەرئەوە، خانوو دروستکردن لەوێ ئاسان بوو.

زۆربەی خانووەکان دوای ڕاگواستنی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ڕووخابوو، هێشتا بناغەکانیان مابوویەوە، بێجگە لەوەی هەندێک لە دیواری خانووەکان، هێشتا بەبەرزی مابوونەوە.بۆ دروستکردنی ژوورێك، سودمان دەبینی لەبناغەی خانووە داڕماوەکان و دیوارو ئەوبەردانەی لەپاشماوەی داڕوخاندنەکەوە بەجێ مابوو، تەنها ئەوەندەت پێویست بوو شوێنەکە پاک بکەیتەوە، دوابەدوای ئەوە هەر لەسەر پاشماوەی بناغەکەو ئەودیوارانەی هێشتا بەپێوە بوون بەیەکجۆر بەرزی دیوارەکان هەڵچنیت، پاشان دارەڕای بکەیت بە چڵ و (گەڵای دار بە لقەکەیەوە)دایپۆشیت دوایی گڵەبانی بکەیت.

ئەم ئاسانکارییانە وای لە من و ڕێزان کرد، بێگومان بەیارمەتی چەند هاوڕێیەك، بەتایبەتی (مام ڕەسوڵەسور)ی لقی بتوێن، ژوورێك بۆخۆمان دروست بکەین وهەروەها ئەبو حەیات وڤیان ژوورێکیان لەتەنیشت ژووڕەکەی ئێمەوە دروستکرد.ئەمە ڕووداوێکی گەورە وگرنگ بوو، لە ژیانی من و ڕێزاندا، ئاخر بۆ یەکەمجارە ژوورێکمان هەبێت، تایبەت بێت بەخۆمان، هەر چەندە ئەگەرجێگە نەبوایە هاوڕێیان لە ژووڕەکەی ئێمە دەمانەوە بۆ نووستن.

هەرکاتمان هەبوایە، دوو ئێسترو نان وشەکر وچاو خوێ و پیازمان دەبرد و ئەپەڕینەوە لەزێی گەورە، بەرەو پشتی شاخەکانی مێرگە سوور. شەوێک یان دوو شەو دەماینەوە، لەوێ ڕاوی بزنە کێویمان دەکرد، دوایی بە نێچیرەکانمانەوە ئەهاتینەوە بۆ بارەگا، هەموومان تێرگۆشت دەبووین. هەروەها دەچووین بۆ سەرزێ، پاشئەوەی مەلەمان دەکرد، ڕاوەماسیشمان دەکرد، هەرلەوێ بەشی خۆمانمان دەخوارد، ئەوەیشی دەمایەوە، دەمانهێنایەوە بۆ بنکە.

ڕۆژێک بەڕێکەوتین بۆ سەر زێ، بۆ مەلەکردن و ڕاوەماسی ڕێگاکە لەنیوکاتژمێرێک کەمتر دەبوو، لە نیوەی ڕێگا بووین چەند فرۆکەیەکی ڕژێم ئەو ناوەیان بۆردومانکرد، لای بارەگایشی گرتەوە، ئاگرێکی زۆر کەوتەوە، ناچار بووین بگەڕێینەوە بۆ بنکە، بۆئەوەی

ماڵی ڕێزان و پۆڵا زیندانی، ئیروان

ئاگاداری زیانەکان بین، خۆشبەختانە زیانی گیانیمان نەبوو، تەنها ئاگرەکە نەبێت، ئێمەش دەستمانکرد بەئاگر کوژاندنەوە. دوای ئەوەی لێبووینەوە، بۆنێکی زۆری دووکەڵ و ئارەقمان لێدەهات، هەرلەبەر ئەوە بەباشمان زانی، بچینەوە سەرزێ بۆ خۆشتن وجلشتن، بەڵام کاتێك نزیکی زێ بووینەوە، کەناری زێ یەکپارچە سپی بوو بەماسی، زانیمان کە دوو موشەك لەزێی داوە، بەوهۆیەوە ماسییەکان سەر ئاو کەوتوون. ئیتر پێویستیمان بەوە نەبوو خۆمان ڕاوبکەین. ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی دیکەی وەبیر هێنامەوە، لە ساڵ ١٩٨٠دا بارەگایەکی هاوینەیمان هەبوو لە باسکەڕێوی، ڕێگای کانی زەردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوڕێیان کەپرێکیان هەبوو لەسەرەوە بوو، بەڵام کانییەکە لەخوارەوە بوو، ئەبوایە لە خوارەوە ئاویان سەربخستایە بۆ سەرەوە بۆ لای کەپرەکەیان. ڕۆژێک فڕۆکەکانی ڕژێم هاتن وئەو ناوەیان بۆردومانکرد، دوو موشەکیان ئاراستەی کەپرەکەکرد، یەکێکیان بە پەنجا مەتر دای لەنزیکی کانی ئاوەکە، بەمە کانییەکە نەما، ئەوتریان دابووی لەسەرووی کەپرەکە. دوای تەوابوونی بۆردوومانەکە، هاوڕێیان خەمی ئەوەیان بوو کەکانییەکە نەماوە، نەمانی ئاو بەومانایە دێت، کە بگوازنەوە بۆ شوێنێک ئاوی لێ بێت، زۆری پێناچێت هاوڕێیەك هاوار دەکات، ئاو لەسەرەوە هات، کە سەیرئەکەن لە شوێنی موشەکەکەی سەرەوە کانییەك هەڵقوڵاوە، دوای ئەوە سۆندەیەکی ئاو ڕادەکێشنە ناو کەپرەکەیان.

یەکێک لەڕووداوە ناخۆشەکان کەلە ئیروان ڕوویدا ئەمە بوو:- زۆربەمان دەزانین کاتی خۆی یەکێتی کەدامەزرا، پێکهاتبوو لەکۆمەڵەو بزوتنەوەی سوشیالیست وخەتی پان یان گشتی، لە ساڵی ١٩٧٩دا زۆربەی هەرە زۆری بزوتنەوی سۆشیالیست یەکێتییان بەجێهێشت، چەند کەسێکیان مانەوە لەناو یەکێتیدا، یەکێک لەوانە دکتۆر عەلی و هاوسەرەکەی مریەم خان بوو. لەدواییدا بزوتنەوە کونگرەیان بەست، خۆیان ڕاگەیاند وەك حیزبی سۆشیالیست، ڕەسوڵ مامەند بوو بە سکرتێر، لەساڵی ١٩٨٥دا ناکۆکی کەوتە نێوان حیزبی سۆشیالیست، باڵێکیان لێ جیابووەوە، بەناوی حیزبی سۆشیالیست ئیتجاهی شۆڕشگێڕی. حیزب پەیوەندی خۆشبوو لەگەڵ هەردوو باڵەکە، باڵی ئیتجاهی شۆڕشگێڕی لە بارەگاکانی ئێمە بوون، لە ناوچەی کافییە، قادر عەزیز و دکتۆر ڕەشید لە ناوە دیارەکانی ئەم دوو ئیتجاهە بوون.ڕۆژێك دوو پێشمەرگەی سۆشیالیست بە هەناسەبڕکێ، هاتنە بنکەو گوتیان، جەماعەتی دکتۆر ڕەشید تەقەیان لە قادر مستەفا کرد.(قادر مستەفا)ناوێکی دیار بوو لە هەولێر لە دوای (سەید کاکە)وە ئەو مروڤێکی

ئازاو خۆشەویست بوو لەناو خەڵك و پێشمەرگەدا، ئێمەش مەفرەزەیەکمان پێکهێنا وڕۆیشتین بۆ شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام کەسی لێنەمابوو، بۆ ڕۆژی دوایی یەکێك لەو دوو ماڵەی لە گوندی سێدان بوون، هاتن و گوتیان تەرمێکمان دۆزیوەتەوە، کاتێك کەئێمە چووین و تەماشامان کرد، تەرمی قادر مستەفابوو.

کارەساتەکە وا ڕوویدابوو:- دکتۆر ڕەشیدو هێزەکەی هاتبوون بۆ سەردانی ئێمە، لەوکاتەدا قادر مستەفا لە دیوی ئێرانەوە هاتبوو بۆ دانانی بنکە لەو دیوی زێ. ئەویش نیازی هەبوو سەردانمان بکات وپێمان بڵێت ئەوان لەوێن، لەکاتێکدا خەریکی پەڕینەوە دەبن بە کەڵەك، جەماعەتی ئیتجاهـ لەوبەرەوە ئەبینن کۆمەڵێک چەکدار ئەپەڕنەوە، دوای ئەوەی دەزانن قادر مستەفایە، کەمینیان بۆ دائەنێن، دوای ئەوەی ئەپەڕنەوە، داوای خۆبەدەستەوەدانی لێدەکەن، قادر مستەفا بەرەو ڕوویان دەڕوات، ئاخر ئەو لەو بڕوایەدا نییە هاوڕێکانی دوێنێی تەقەی لێبکەن، بەڵام بەداخەوە باوەڕەکەی لەجێی خۆیدا نابێت، تەقەی لێدەکەن و شەهیدی دەکەن. تەرمەکەیشی بە درك و داڵ دادەپۆشن.

-١١-

هەر لەم ماوەیەدا، چاومان بە دیداری ژمارەیەك لەهاوڕێیان ڕۆشنبوویەوە،کەپێشتر پێشمەرگە بوون، لەلایەن حیزبەوە نێردرابوون بۆ کۆلێجی سەربازی لە یەمەنی دیموکراتی(یەمەنی باشوور)ی ئەوکاتە.

یەکێك لەو هاوڕێیانە شەهید مولازم سیروان بوو(سەردار عوبێد سەعاتچی)لە ساڵی ١٩٧٩وە پێشمەرگە بوو، پێشتریش لە ڕێکخستنەکانی حیزبدا کاری ئەکرد، لەشاری کەرکوک. هەردووکمان پێکەوە لەلقی شەهید بەکر تەلانی بووین، پێش ناردنی بۆ کۆلێجی سەربازی، ئەو سەرپەل بوو، منیش ڕاوێژکاری سیاسی هەمان پەل بووم.زۆر دەگونجاین بەیەکەوە، ئەو زۆر حەزی لە چالاکی بوو، هەرچی بگوتایە من نەمدەگوت نا، هەردووکمان تووندبووین، بەرامبەر زیادەڕۆیی تیپی٢١ی کەرکوکی یەکێتی، لە خۆسەپاندنی دەسەڵاتیان لە ناوچەکە. چەند جارێك گرژی و ناخۆشی لە نێوانماندا ڕوویدا، تەنانەت یەك دووجار گەیشتە چەکڕاکێشان لەیەکتری. بۆ نمونە جارێک ئێمە چووین بۆ دێی گۆپتەپە، دیار بوو پێش ئەوەی ئێمە بگەینە گوندەکە، یەکێتی لێبوو، لێپرسراوەکەیان نازمی حەمەی سڵێمان بوو. نازم کاتی خۆی ئامرهێزی ڕزگاریی بوو، لە ناو پارتیدا، نازم و کۆمەڵێك پێشمەرگە لەسەر یەک دوو تەختە لە بەردەم دوکانێکدا دانیشتبوون، کاتێک گەیشتنە بەردەمیان سڵاومان کرد، شەهید سیروان لە نزیك ئەوانەوە وەستا. لەوکاتەدا لەگەڵ هاوڕێیەکدا قسەی دەکرد، نازم گوتی لێرە مەوەستن ئێمە ئیشمان هەیە لێرە، زۆر بەبێڕێزیی پێکردنەوە، شەهید سیروان بەهێمنی گووتی کارمان بە ئێوە چییە، من خۆم پێنەگیرا گوتم، ئێرە شوێنێکی گشتییە، هەموو کەسێك بۆی هەیە لێرە بوەستێت، ئەگەر ئێوە کارێکی تایبەتتان هەیە، دەتوانن برۆنە ماڵێك، لەگەڵ ئەم قسانەم پشتم کردە دیوارێك و تەکتریوفەکەم دامەزراند، گووتم ئەگەرگەواد هەیە با بەمن بڵێت لاچۆ لێرە.

شەهید سیروان زۆر بەخێرایی خۆی دەگونجاند لەگەڵ خەڵکی گوندەکان، بچوایەتە هەر ماڵێك، دوای چەند خولەکێکی کەم، وەك ئەندامی ماڵەکەی لێدەهات. پێش ئەوەی بچێت بۆ هەرگوندێک زانیاریی تەواوی لەسەر گوندەکە کۆدەکردەوە. وەک کێشەکانی

زەوی و زار، کێ دوژمنایەتی هەیە و لەسەرچی، کێ مەلای گوندە، خەڵکەکە گۆڕایەڵی کێیە، ژن و ژنخوازی چۆنە، کێ ڕقی لە کێیە، وردو درشتی شتەکانی دەپرسی. توانایەکی باشی کۆکردنەوە و زانیارییەبوو، هەروەها لەبیری نەدەچوەوە. هەموو سیفەتەکانی سەرکردەی تێدابوو، لە شێوەو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە. لە گەڵ ئەوانەشدا کەسێکی شەرمن بوو، جارێک لە گوندی گڵسە بووین، پێشمەرگەکان دابەش ببوون بەسەر ماڵەکاندا بۆ نانخواردن، بەتەنها من و هاوڕێیەکی دیکە مابووینەوە وەک حەرەس هەتا دوو هاوڕێی دیکە لێدەبنەوەو دوایی ئەمانگۆڕن، لەوکاتەدا دوو چەکدار لەوبەری زێوە چاوەڕێی کەڵەکیان دەکرد، بۆ پەڕینەوە بۆ بەرەکەی ئێمە، شەهید سیروان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك هاتن گوتیان، برۆن نانبخۆن، من گوتم نارۆم چاوەڕێ ئەکەم ئەو دوو چەکدارە بپەڕنەوە، ئەگەر یەکێتی بن ئەوا چەکیان دەکەم لە تۆڵەی عەلی ڕەش وکارزان. هەتا ئەوان ئازاد نەکەن ئێمەش ئەمان ئازاد ناکەین(شەهید عەلی ڕەش وکارزان، دوو پێشمەرگەی خەڵکی گوندی قەرەناو بوون، بەڕوخسەت چوبوونەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، یەکێتی چەکیان کردبوون.) شەهید سیروان گوتی تۆ برۆ نانەکەت بخۆ، کەی هاتنە ئەمبەر خۆم چەکیان دەکەم، من ڕۆیشتم بۆ نانخواردن، کەهاتمەوە سەیر دەکەم شەهید سیروان دەستی لە ناو دەستی یەکێک لە دوو چەکدارەکەدایە و پیاسە ئەکەن بەیەکەوە، چوومە پێشەوە و داوای یارمەتیم لێکردو گوتم کەمێك کارم پێتە. هاتە ئەولاوەو گوتم ئەمەچییە.؟ گوتی هاوڕێ پۆڵا داوای لێبوردن دەکەم، ئاخرنەمتوانی چەکیان بکەم، چونکە هاوڕێی خوێندنم بوون.

ئێستا مولازم سیروان گەڕاوەتەوە بە زانستی سەربازییەوە، من زۆر دڵخۆش بووم بەگەڕانەوەی وهەروەها چاوەڕێم سوود لەو زانیارییە سەربازیانەی کە ئێستا ئەو هەیەتی وەربگرم،بەڵام بە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا وا دەرئەکەوت ئەوباوەڕە بەهێزەی جارانی نەمابێت، بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی، کە مرۆڤەکان تیایدا یەکسان و بەختەوەر بژین. ئەم لەقبوونەی بیروباوەڕەکەی لەو سەردانەیەوە بووە بۆ یەکێتی سۆڤییەت بۆ بەشداریکردن لە ڤیستڤاڵی لاوانی جیهان لەمۆسکۆ. پێش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لەوێ بارودۆخی سیستەم و کومەڵگاکەی بینیبوو کە زۆر جیاواز بوو لەو چاوەڕوانییەیئەو پێشتر لە یەکێتی سۆڤییەت و سیستەمی سۆشیالستی هەیبووە. لەڕاستیدا نەك بەتەنها ئەو،بەڵکو لەلای زۆربەمان وێنەیەکی بێگەرد جواندروستکرابوو.

لە ڕاستەوە: شەهید ملازم سیروان، پۆلا زیندانی

حیزب ئەو کادرانەی ئەیناردن بۆ خوێندنی حیزبی یان ئەکادیمی، وایان دەزانی بەمە خزمەت بە مارکسییەت دەکەن، لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەن بەزۆر بیسەلمێنن ئۆتۆمبیلی موسکۆڤیچ باشە، باشتر بوو هەوڵدەن هاوڕێیان بە مارکسییەت و ڕەوشتی مرۆڤایەتی پەروەردەبکەن.

سۆڤییەت یاخود هەر دەوڵەتێکی تری سۆشیالیستی سەرکەوتووبێت یان نا، لە ناوەڕۆکی خەباتی ئێمە ناگۆڕێت، ئەوێش نەهێشتنی چەوساندنەوەیە.

بەداخەوە دوای چەند چالاکییەکمان بەیەکەوە، ئەو سەنگەری گواستەوە ناو یەکێتی، لە هێرشکردن بۆ سەر ڕەبییەکی ڕژێم شەهید بوو. شەهید "سیروان" ئەکرا ببێتە چێ گیڤارای کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئەم حیزبانەی کوردستان چەند گیڤارایان لە ناوبرد، پێش ئەوەی دوژمن لە ناویان ببات.

-١٢-

هێزێکی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر، بەڕێگاوە بوون بۆ ناوچەکەیان، لای ئێمە لایاندا، لەگەڵ هێزەکە شەهید مولازم بڕوا(جەمال عەزیز)ی برامیان لەگەڵ بوو، ئێمە چەند ساڵێک بوو یەکتریمان نەدیبوو، من بۆخۆم ساڵی ١٩٧٩ ئەمویست لەڕەواندزەوەو لەڕێگای برادەرێکمەوە کەناوی نیازبوو، بڕۆم بیم بەپێشمەرگە. شەهید بڕوا کەزانی من سورم لەسەر چوونەدەرەوەم، گوتی من خۆم لە ڕێگای (قەلادزێ)وە ئەتنێرم، بەڵام من پەلەم بوو. ئەو شانە حیزبییەی من کارم تێدا دەکرد، هەموویان لەلایەن دەزگای ئاسایشی ڕژێمەوە، بانگکرابوون و واژۆیان پێکرابوو کەچیترکاری حیزبی نەکەن، ئەگینا سزا دەدرێن، چەند کەسێکیان هات و پێیان ڕاگەیاندم، کەگوایە لە منیشیان پرسیوە.هەر چەندە بانگکردن لەوکاتەدا لەلایەن ئاسایشی ڕژێمەوە، مەترسییەکی ئەوتۆی نەبوو، ئاخر هێشتا بەرەی حیزب لەگەڵ بەعسدا یەکلایی نەبووبووەوە، بەڵام من ئەوەیشم پێقبوڵ نەبوو. شەهید بڕوا منی برد بۆ قەلادزێ، بۆ ماڵی هاوڕێ مەحمودی حاجی فەقێ خدر. ئەو لەگەڵ کوڕەکەی کەناوی دارا بوو هاوڕێ بوون، دوای مانەوەم لەوێ نزیکەی دوو هەفتە، مامۆستایەك بە ناوی عەلی ساڵح کە بە«عەلي مامز» ناسراو بوو بە ماتۆڕ منی برد بۆ گوندێك. ئەو لەوێ مامۆستای نەهێشتنی نەخوێندەواری(مەحلومی)بوو، لەوێشەوە لەگەڵ کاروانچی بۆبێوران، دوایی بۆلای هاوڕێیان لە توژەڵە.

لەوکاتەی من چاوم بەدنیا هەڵهێناوەو بیرم کردۆتەوە، هەرچەندە زۆر پێشتریش، هەموو خیزانەکەمان لە کاری حیزبیدا بوون، دایکم هەموو جارێک دەیگوت، ئەم دونیایە هەرگیز چاک نابێت. ئێمەیش دەمانگوت بۆ وادەڵێت؟ وەڵامی دایکم ئەمە بوو، ئەیبینن گەلاوێژی خوشکتان کەئیستا خاوەنی ماڵ ومنداڵە، ئەو هێشتا منداڵ بوو هاوڕێیانی باوکت دەستیان ئەکێشا بەپشتی گەلاوێژداو ئەیانگوت، سەردەمی تۆ دونیا خوشدەبێت، ئەوەتا دونیا خراپتربووە و باش نەبووە.

دوای من بەساڵێک شەهید بڕوای برام بووبە پێشمەرگە، دواجار کەیەکمان بینی، لەبەرئەوەی من لەسەرکردەیەکم دابوو، بەند بووم لە زیندانی حیزب.ئێستا جارێکی دیکە

شـەهید ملازم بڕوا

بە یەکتری شادبووینەوە، ئەمە دواجار بوو یەکتری ببینین.یەکێك لەو مولازمانەی کە ئێستا لە بەتالیۆنە، مولازم گۆرانە، گەنجێکی دەم بەخەندەی ڕۆح سوکی هەست ناسکی دەنگ خۆش بوو. زۆربەی شەوەکان گۆرانیی بۆ دەگوتین، خۆشی خستبووە ناو بارەگاوە، ئەو بەو دەنگە خۆش و هەستە هونەرییە جوانەیەوە ئەی بردین بۆ دونیای سروشت و ئەوین، دەبوایە ئەم هاوڕێیەیان بناردبایە بۆ خوێندن لەبواری هونەردا، نەك بواری سەربازی.

سەرکردەکان وکادرە دەسترۆیشتووەکانی حیزبی شیوعی، تاك و تەرایان لێدەرچێت، منداڵ وهەتا خزم و ناسیاوەکانیشیان، ئەنارد بۆ یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بێگومان بەزەمالەی حیزبی بۆ خوێندنی زانکۆ بەتایبەتی (ئەندازیاری، پزیشکی)، یەك سەرکردە نییە منداڵی ناردبێت بۆ خوێندن لەبواری سەربازیدا. هەندێک سەرکردە کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون و شەهید بوون، ئەوانە کوڕەکانیان خۆیان گیانی شۆڕشگێڕی و تێکۆشانیان تێدابوو نەک بە پشتگیری باوکەکانیان، وەك شەهید سەربازی

مەلا ئەحمەد بانی خێڵانی و هەروەها شەهید بۆتانی کوڕی کەریم ئەحمەد. بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونە، سەیرکە ئەمڕۆ کوڕو کچی سەرکردەو کادرە هەلپەرستەکان هەرهەموویان خاوەنی بڕوانامەی بەرزن، هەندێك لەو سەرکردانە خۆیشیان بە ناچاری لە کوردسان بوون، چاوەڕێی دەرفەتێکیان دەکرد بڕۆنە دەرەوە (ئەوروپا).

هەر وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو بابەتەی پێشتر باسم لێوەکرد، ساڵی ١٩٨٠یەکێتی بۆنەیەکی هەبوو لەخڕەی ناوزەنگ، من وەك پێشمەرگەیەک لەگەڵ فاتیح ڕەسوڵ ڕۆیشتم بۆ ئەوێ، گەیشتینە شوێنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکە، مام جەلال پێشوازیی لە فاتیح ڕەسوڵ کردو لەتەنیشت خۆیەوە داینیشاند. منیش لە پشتەوەیان بووم، کۆبونەوەکە لەدەرەوە بوو لە تەختاییەکدا. دوای ئەوەی مام جەلال وتارەکەی خوێندەوە کە ڕستەیەکیم هەتاکو ئێستا لەبیرماوە، ئەویش ئەوە بوو(ئەم ڕژێمە شێرە! بەڵام شێرە بەفرینەیە هەر ئەوەندەی هەتاوی شۆڕشی لێدەرکەوێت، لە شوێنی خۆیدا دەتوێتەوە). دوای تەوابوونی وتارەکە هاتەوە دانیشت، فاتیح ڕەسول دەستی برد بۆ گیرفانی بەرباخەڵی و جەوازێکی عێراقی دەرهێنا، دایە دەستی مام جەلال وگوتی: دەتوانم بەمە دەرچم لەئێرانەوە؟ مام جەلال سەیری کردو گوتی بەڵێ دەتوانی و زۆر باشە.

چەند سەرکردەیەك نەبێت کەبڕوای تەواوەتییان هەبوو بە شۆڕشی چەکداری، هەموو وزەو توانایەکیان بۆ تەرخان کردبوو بۆنمونە تۆما توماس. ئەگینا ئەوانەی دیکە ئەو بڕوایەیان پێنەبوو، کەشەڕی عێراق-ئێران هەڵگیرسا، ئەو دەنگانە کەم نەبوون لە سەرکردایەتی حیزب کە دەیانگوت، نیشتیمان لەمەترسیدایە لە لایەن دوژمنانی دەرەوە، وا پێویست دەکات ئێمە بەرگریی لە خاکی نیشتمان بکەین، نەك دژایەتی سوپای عێراق بکەین(نظریهالدفاع عن الوطن). ئەتوانم بڵێم کە یەکێك لە خاڵە هەرە لاوازەکانی ئێمە ئەمەبوو، سەرکردە مەیدانییەکانمان خاوەن بڕیار نەبوون، ڕێگەیان پێنەئەدرا، بۆ هەر کارێکی گەورە تەنانەت زۆر جار بچوکیش ئەبوایە بڕیار لە سەرەوە بدریت. ئەمەش لەگەڵ کاری سەربازیدا نەدەگونجا ڕێگربوو، وە لەهەمانکاتدا بیانوویەکی باش بوو. بۆ ئەوانەی کە نەیانئەویست کاربکرێت، بەپاساوی ئەوەی کە ئەبێت بڕیار لە سەروو خۆمانەوە وەرگرین.

ئەگێڕنەوە دەڵێن، کاتی خۆی هاوڕێیان ژنیان بۆ هاوڕێیەك هێناوە، دوای چەند هەفتەیەك هاوڕێیان کۆبوونەوەیان ئەبێت لە ماڵی هاوڕێی زاوا، دوای کۆبوونەوەکە

بوکێ لەدەرفەتێکدا بەیەکێك لە هاوڕێکانی هاوسەرەکەی دەڵێت، ئەگەر هاوڕێکەتان توانای ژنهێنانی نەبوو بۆ ژنتان بۆ هێنا. هەڵبەتە مەبەستی کاری (ناوجێگا)بووە، ئەویش دەڵێت چۆن؟ بوکێ بۆی باسدەکات کەلەو ڕۆژەوەی ژن و مێردن نەهاتووە بەلایدا. دوای ئەوە هاوڕێکەی بە زاوا دەڵێت بۆ تۆ تاکو ئێستا بەئەرکی خۆت هەڵنەستاویت وەک تازە زاوایەک، هیچ گرفتێکت هەیە؟ ئەویش دەڵێت نەخێر، بەڵام من چاوەڕێی بڕیاری حیزب دەکەم. هاوڕێکەی تێئەگات کە ئەم هاوڕێیە مێشکی وشکە (دۆگمایە) ئەڵێت ئەوە حیزب بریاریداوە، هەرکە هاوڕێیان دەڕۆنە دەرەوە، زاوا بەبوکێ دەڵێت دەی خێراکە با برۆینە ژوورەوە، بوکێش دەپرسێت بۆخێرە؟ دەڵێت بڕیاری حیزبم پێیە، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیان، بوکێ دەڵێت ئەی بەقوربانی حیزب بم، تائێستا بۆ ئەم بڕیارە لە کوێ بوو.

-١٣-

لەساڵی ١٩٨٦دا، هێزەکانی پێشمەرگەی حیزب، پێشکەوتنێکی باشیان بەخۆیانەوە بینی. بەهۆی باشبوونی جۆری(نەوعی) چەکەکانەوە بوو. هەموو مەفرەزەو پەلێك، بیکەیسی، ئارپی چی، ئامێری بێتەل(جیهازی لاسلکی) جگە لەکلاشنکۆفقەناسی دیمترۆف وناتۆی هەبوو.هەر چەندە هەر لەسەرەتای دەستپێکرنی شۆڕشی چەکداریمانەوە، ئێمە کێشەی چەکمان هەبوو. لەسەرەتاوە چەند هاوڕێیەك چەکەکان خۆیان کڕیبوویان. یەکێتی چەند پارچە چەکێکی داینێ،هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، پەنجا تاکو شەست پەڕەشوت و سەڵبی (جۆرە تفەنگێکە لەبڕنەوکورتترە)دا بە حیزب، کەخۆیشیان لە دەسەڵاتی ئەوکاتەی عێراقیان وەرگرتبوو. هەتا ڕۆژێک مام جەلال حەمە ڕەنجاوی پێشمەرگەی حیزب دەبینێت پەڕەشوتێکی پێیە، بە توانجەوە پێیدەڵێت، چەکی باشتان وەرگرتووە، حمە ڕەنجاو وەڵامی ئەداتەوەو دەڵێت، هی شەست و شەشی خۆتانە.

حیزب لێرەو لەوێ لە هەوڵی پەیداکردنی چەکدا بوو، هەر چەندەکاتی بەرەی حیزب لەگەڵ بەعس، لە بارەگاکانی شارەکان چەکیان هەبوو، بەڵام لێپرسراوەکانی ئەوکاتە ڕێگایان نەدابوو کەهاوڕێیان ئەو چەکانە دەرکەنە دەرەوە.

ساڵی ١٩٨٠ بوو، ئەوکاتەی بنکە لەبادینان دانرا، دوابەدوای ئەوە لە ڕێگای سوریاوە هاوڕێیان چەکیان دەهێنایە کوردستان، بەڵام بەداخەوە زۆربەی چەکەکان بەکەڵك نەدەهاتن، وا پێدەچوو هەندێک لەوانە پێش شەڕی جیهانی یەکەم دروستکرابن. ئەو هاوڕێیانەی ئەو چەکانەیان دەنارد شارەزا نەبوون، هەر چەندەلە(جەبهەی شەعبی وجەبهەی دیموکراتی فەلەستین)یان وەردەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسان نەبوو گەیاندنی ئەوچەکانە بۆکوردستان. هەموو ناوچەکانیش ئەبوایە بڕۆن لەبنکەی بادینان چەک بهێنن، بۆ نمونە پێشمەرگەیەکی گەرمیان، یەک مانگی پێدەچوو، بەڕۆیشتن و هاتنەوەو هێنانی دوو پارچە چەک، لەگەڵ ئەوەشدا بەکەڵک نەدەهات.بنکەی بادینان چەکە باشەکانیان بۆخۆیان گل ئەدایەوە، ئەتوانین بڵێین نەبوونی چەکی باش و پێویست، یەکێك بوو لەهۆکارەکانی زۆر بوونی قوربانیی پیشمەرگە لەشەڕە نابەرابەرەکاندا. بۆ

پۆلێك لە پێشمەرگە

نمونە لە شەڕەکانی(قزڵەر، بەکر بایف و بۆلقامیش)، یەکێك لە هۆکارەکان بەهۆی خراپی چەکەکانەوە بوو، کە ئەو هەموو پێشمەرگە ئازایانە شەهید بوون.

گومان لەوەدا نییە، کەلەزانستی سەربازیدا چەکی خراپ هۆکارێکی بەهێزە بۆ شکستهێنان لە شەڕ. هەروەها یەکەم ئێزگەی حیزب، باری چەند ئێسترێك بوو. بەسیستەمی لەمپەی ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو کاری دەکرد، ناردنی شەپۆلەکان لەوپەڕی خراپیدابوو. لەکاتێکدا کە ئەو سیستمە لەهیچ شوێنێکی جیهاندا نەمابوو، سەردەم سەردەمی ترانسستربوو. باشترین ئامێر باری یەك تای ئێسترێك بوو، نەك چەندئێستر. من ناتوانم بڵێم ئەمە دەستبوو دژی حیزب، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئەوانەی ئەم کارەیان دەکرد نەزان بوون. ئەوەیش پاساوێکی زۆر لاوازەو بەهیچ جۆرێک جێگای قبووڵ نەبوو، کەبڵێین حیزب لەتوانایدا نەبوو، ئەی ئەو هەموو شیرەشیرەی پاڵپشتی نێونەتەوەیی(دعم اممی)یان لە چی بوو.

لەم ساڵەدا وەی پێشمەرگە لەوپەڕی باشیدا بوو، ئەوەش زیاتر پەیوەندی بە جوڵەو دابەزینی پێشمەرگەوە هەبوو بۆ ناوخەڵکوئەنجامدانی چالاکییەکان، ئاخر کەسانی شۆڕشگێڕبۆ ئەوە نەهاتووە لە بارەگاکاندا پاڵبداتەوە.

بۆ ڕۆیشتنی هەر هێزێك بۆ ناوچەكە دەبێت، لەزێی گەورەوە بەڕێتەوە، بۆ دەشتی هەریر. نزیكترین ڕێگا بۆڕەینەوە، گوندی بێخمەی سەر بە ناحییەی خەلیفانی پارێزگای هەولێربوو، لەسەر دەربەندی بێخمە، چەند ڕەبییەیەكی ڕژێمی لێبوو، بۆ پاراستنی پرۆژەی بەنداوی بێخمە.

پەڕینەوەی زێ بە كەڵەك بوو، هەرجارێک كەڵەكەوانەكە چوار تاكو شەش كەسی دەپەڕاندەوە، بێگومان پەڕینەوە تەنها بەشەو بوو. ئەگەر هێزەكە ژمارەی پێشمەرگەكانی زۆر بوایە، ئەوا پەڕینەوە كاتێكی زۆری دەبرد، ئاخر تەنها یەك كەڵەک دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە. ئەگەر ئاو زۆر بوایە، مەترسیدارو سەختتر دەبوو، كەوتنە خوارەوە لە كەڵەكەوە بە تاقم وتفەنگ وكۆڵەپشتەوە ئەنجامەكەی مردن بوو، بەتایبەتی بۆ كەسێک كەمەلەوان نەبێت. كەوتنە خوارەوەی یەك سەرنشینی كەڵەكەكە واتە كەوتنی هەموو سەرنشینەكان، ئاخر ئەوە هۆكار بوو بۆ تێكچوونی لاسەنگی كەڵەكەكە.دەمەوێت بڵێم كە پەڕینەوە كارێكی ئاسان نەبوو، دوای پەڕینەوەی هێزەكە، بەردەوام دەبووین لەڕۆیشتن نزیكەی سێ تاكو چوار كاتژمێر بەبەردەوامی تا دەگەیشتینە ناو گوندێک كە بەتەوایی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا نەبوون، ئەوناوچەیەی كەسواری كەڵەک دەبووین لێی بۆ پەڕینەوە، لە ژێر دەسەڵاتی خۆماندا بوو، بەڵام لەوسەرەوە بەرەوە بنكە وانەبوو.

وا پێویست بوو كە دەگەیشتیتە سەر زێ، بەهاوار وهەروەها ئاڕاستەكردنی ڕووناكیی لایتەكانمان، كەڵەكەوانمان ئاگادار بكردایەتەوە، ئەوەش هەموو جارێك سەركەوتوو نەبوو. خۆ ئەگەر مەلەوانێكی باشت لەگەڵدا نەبوایە تاوەكو بەمەلە بەڕێتەوەو كەڵەكەوانەكە یان كەڵكەكە بهێنێت ناچار دەبووین بمێنیتەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە. ئەمەش مەترسییەكی گەورە بوو، هەر بەهۆی نەپەڕینەوەوە چەندین شەهیدمان دا، لەوانە(شەهید بروسك و سەفین و ئەحمەد عەرەب و شەیدا و شەهید بەشدار برای شەهید محەمەد حەلاق)لە لایەن تاوانبار فتاح كتكەییەوە) شەهیدكران.

-١٤-

بەبەردەوامی ڕژێمی بەعس، لەهەوڵی چاندنی سیخوڕو ناپاکدا بوو لەنێوەندی ڕیزەکانی ڕێکخستن وبزووتنەوەی چەکداری و بەتایبەتی هێزی پێشمەگەدا. ئەوکارەش لە ڕێگای دەستگا ئەمنییەکانییەوە ڕێکدەخرا.

لەسەرەتای تێکچوونی بەرەی نیشتیمانی لەنێوان حیزب و ڕژێمدا وهەروەها لێدانی حیزب، کەم نەبوون ئەوانەی لەژێرەوە، هاوکاری ڕژێمیان کردبوو. دوابەدوای ئەوە، ناردنی کەسانی دیکە بۆ سیخوڕی بۆ ناو هێزی پێشمەرگە لەئاستە جیاوازەکاندا، ئەمە باشترین شێوازبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، هەروەها لێدانی کوشندە لە ڕێکخستن و بزووتنەوەی چەکداری، لەهەمانکاتدا دروستکردنی بێ متمانەیی، ئاسان نەبوو ئاشکراکردنی کەسانی ناپاک لەنێوەندی لایەنە سیاسییەکاندا. ئاخر یەکێك لە پێوەرەکانی متمانە ئەوە بوو، ئەوکەسە لە خێزانێکی نیشتیمان پەروەربوو، یاخود ساڵانێک کاری حیزبی کردووە، یان هیچ زانیارییەکی خراپی لەسەر نەبووە، یاخود چالاکییەکی دژی ڕژێم ئەنجامداوە، هەبوو لە زیندان ئازاد دەکرا، ئەمانە تاڕادەیەک پێوەری باش بوون، بەڵام کارە سیخوڕییەکان زۆرجار ئەو سنوورانەی بەزاندبوو. ئاخر دەستگا ئەمنییەکان هێندە ساویلکەو نەفام نەبوون، ئاوا بەئاسانی شتە گرنگەکانیان لەدەست دەرچێت. ئەوەشمان بیرنەچێت ئەفسەرەکانی ڕژێم زۆربەیان خۆڵی جۆراوجۆریان بینیبوو، لەوڵاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات.

نەک بەتەنها ڕژێم، بەڵکو پارتە سیاسییەکانیش بەبەردەوامی لە هەوڵی ئەودابوون، کە سانێك بچێنن لە ناوحیزبەکانی دیکەدا بۆکاری سیخوڕی. لەبەرئەوە مافێکی ڕەوابوو کەڕیزەکانت بپارێزیت و نەهێڵیت کەسانی ناپاک دزەی تێبکەن، بەڵام بەداخەوە زۆر لەهاوڕێیان بوون بەقوربانی. ئەوەیش زیاتر لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ونەزانی و ناپاکی بوو، لەکاتێکدا ڕێژەیەکی زۆری ئەو هاوڕێیانە دەبوونە قوربانی کاری سیخوڕی، کە دەڕۆیشتن بۆ ناوەڕاست و خواروووی عێراق بۆ کاری ڕێکخراوەیی لەناوەوە، بەڵام بەداخەوە ئاسایشی ڕژێم لە پشوازیاندا بوو.

گوندی دولکان، مەراسیمی بەخاك سپاردنی شەهید خەلیل ناسراو بە بستون

لەشەڕی قزلەر دەرکەوت کە(ئەبو هێمن) پیاوی ڕژێمە، بەڵام دواتر هەتاکو ئەمڕۆهیچ هەڵوێستێك بەرامبەری وەرنەگیرا.لەناو شاری هەولێر لە ڕێگای مەمۆی ناپاك، باشترین پێشمەرگەی دەشتی هەولێر تەسلیم بە ڕژێم کرا. لەوانە شەهید عەباس بوو، لە گەڵ ئەوەی زۆر لە هاوڕێیان تێبینیان هەبوو لەسەر مەمۆی تاوانبار، بەڵام حیزب هیچ هەڵوێستێکی نەبوو.ڕەزای کەبابچی کەسایەتییەکی شیوعی ناسراو بوو، لە شاری کەرکوك، کەبابخانەی هەبوو لای چایخانەی حەسیرەکە. دوو کوڕی هەبوو بەناوی(خەلیل وجەلیل)خەلیل(بێستون)ی کوڕی، پێشمەرگەبوو لەلقی شوانی کەرکوك، شەهید کرا. لە گوندی قەلەڕەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن پیاوەکانی قادرئاغا، کەسەر بەخەتی پانی یەکێتی بوون، جەلیلی کوڕی پەیوەندی هەبوو بەڕێکخستنەوە، گوایە لەژێرەوە کار بۆ ڕژێم دەکات. بانگیان کرد بەئۆتۆمبیلێکەوە بێت بۆ نزیك ڕێگای بەرزان، بۆ ئەوەی هەندێک کەلوپەلی گرنك هەیە بیبات بۆشار، وادیاربوو ڕژێم ئەمەی بەهەل زانیبوو، هەموو کارئاسانییەکیان بۆ کردبوو، ئاخر لەوکاتەدا بۆت نەبوو بە ئۆتۆمبیلەوە بگەیتە

ئەو ناوچانە، مەگەر بەڕوخسەتی تایبەتی نەبێت. لەکاتی گەیشتنیدا دەستبەسەرکرا، ڕەزای کەبابچی باوکی چەند جارێك هات بۆسەردانی، لەئەنجامدا سزای کوشتنی درا.

من لێرەدا ئەمەوێت باس لەو ڕووداوانە بکەم کەلەو ڕۆژانەدا دەگوزەرا، مەبەستم ئەوەنییە بڵێم ڕاستبوو یاخود هەڵە، ئەوە بۆتۆی بەجێدەهێڵم.

لەجووڵانەوەی چەکداریدا، کەسانێك دەست بەسەردەکران، بەهۆکار وتاوانی جۆراوجۆر. خۆ نابێت هەموو تاوانێك سزاکەی کوشتن بێت، بەڵام تۆ دەسەڵات نیت هەتاوەکو دامودەزگای یاساییت هەبێت واتە(دادگا، دادوەر، لێکۆڵەرەوەی یاسایی... هتد) هەتاکو سزای تاوانبارێک بدەیت، بەپێی یاسا و بەپێی ئەوتاوانەی کە ئەنجامیداوە، بەدەگمەن لە هەندێک شوێن کەسانی شارەزامان هەبوو لەبواری یاسادا، هەندێکجار ئامرمەفرەزەیەکی نەخوێندەوار، بڕیاری لە چارەنووسی ژیانی مرۆڤێك دەدا، هەرلەبەر ئەوهۆکارانەبوو، یان تاوانبارەکە ئازاد دەکەیت بەرامبەر شتێك، یاخود سزای کوشتنی دەدەیت. لێرە هەردوو کارەکە لە جێی خۆیدا نەبوو، بۆیە کوژرانی کەسانێك جۆرە ستەمێکی تیدابوو، بەهەمان شێوە ئازادکردنی هەندێکی دیکە.

فەتاح کتکەیی تاوانبار بوو بە شەهیدکردنی پێنچ هاوڕێ، خزمێکی فەتاحیان لەجیاتی ئەو دەستگیرکرد، ناوی عەدنان بوو، ئەو تاوانێکی ئەوتۆی ئەنجام نەدابوو، بەڵام بەکەسوکارەکەیان گوت، دەبێت ئێوە فتاح بکوژن، ئەوکاتە ئێمە عدنان ئازاد دەکەین، ئەوان لەو ماوەیەی کە بۆیان دیاریکرابوو، فەتاحیان پێنەکوژرا، ئەمان لێرەوە عەدنانیان کوشت.

هەر هێزێك کەسێکی دەستبەسەری لەگەڵدا بووبێت وەک کەرباریان دەکرد، هەرچی کەلوپەلی زیادەیە پێیان هەڵدەگرت، شەوانیش دەست وپێیان دەبەستەوە تاکو بەیانی، هیچ کام لەزیندانەکانی بنکەی پێشمەرگە، پێوەری ژیانی مرۆڤی تیدانەبوو، لە هەوای پاك، ڕووناکی، ئاگر بە زستان لەو کوێستانانەدا.ئێمە ڕژێممان تاوانبار دەکرد بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەڵام ئێمەی شۆڕشگێڕ لەوان باشتر نەبووین لەو بوارەدا، هەر چەندەلەکولتووری ئێمەدا ئەوکەسە بە ئازا دەزانرێت کەپیاوێک بکوژێت.من بۆ خۆم یەکەمجار، کەهێشتا تەمەنم دەسالّ دەبوو، لەفولکەی بەرامبەر دادگای کۆنی کەرکوک، سێ کورد هەڵواسرابوون لەلایەن ڕژێمەوە، پێشتر گولەباران کرابوون، تورەکەی ڕەش کرابوو بەسەریاندا.یەکەم جاریش، جاشێکی قاسم ئاغای کۆیەم بینی، گولەباران کرا لە لایەن یەکێتییەوە لەتوژەڵە.

-١٥-

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا پێکدادان لەنێوەندی یەکێتی و لایەنەکانی دیکەدا، بەرەو هێوربوونەوە دەڕۆیشت، ڕاستە هیچ ڕێککەوتنێکی ئاشکرا نەبوو، بەڵام هەست بەبوونی گفتوگۆ دەکرا، لە نێوان یەکێتی و پارتیدا.هەموومان ئەوە باش دەزانین، کە هەر لەشەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە شەڕی خۆکوژی یان شەڕی براکوژی یاخود شەڕی ناوخۆ، من پێیدەڵێم شەڕی دوژمن خەنیکردن، هۆکارەکەی مەلایی و جەلالی بوو. وە لەئێستادا درێژەپێدەری هەمان ڕێچکەو ڕێبازن، بەناوی یەکێتی و پارتییەوە، لەگەڵ ئەوەدا بازنەی فراوانبووی ئەو شەڕو ناکۆکییە لایەکانی دیکەی گرتەوە. نازانم بۆ نایانەوێت تێبگەن کەکەس ناتوانێت کەسێکی دیکە بسڕێتەوە، سەد ئەوەندە شەڕبکەن و لەیەکتری بکوژن، مێژوو یان هەر هەموومان دەسڕێتەوە، یان نەمرمان دەکات، یاخود ڕسوامان دەکات، ئەو هەموو هاوکارییەی دژومنانی کورد ئەنجامەکەی بەتەنها قوربانیدانی باشترین لەڕۆڵەکانی ئەم نیشتیمانە بوو، لێرەو لەوێ بەڕێکەوت پێکدادان ڕووەدات، نەك بە پلان.

لە ساڵی١٩٧٩وە، من یەك پێشمەرگەی پارتیم نەدیبوو نەلە ناوچەکانی دەشتی هەولێر وکۆیە نە لەکەرکوك، بەڵام لەم کاتەدا کادری پارتی بەناوی وەستایونس، لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێمە لە گوندەکانی ڕەزگەوسەرکەند وهەروەها دەورو پشتی شەقڵاوە جەولە دەکەن.

من ئەبوایە بەکارێکی تایبەت بڕۆمەوە ناو شاری سلێمانی.لە کاتی جەولەکردنمان لە گوندەکانی گۆپتەپەو عسکەر من جیابوومەوەو چووم بۆ گوندی شێخ پاڵەوان، بۆ ماڵی جوانەمەرگ هیوا. شەوێك لەوێ مامەوەو بۆ بەیانییەکەی ڕۆیشتم بۆ سلێمانی. ئەو کارەی بەمن سپێردرابوو لەناوشار، لەماوەیەکی کەمدا جێبەجێم کرد، چاوم بە هەندرێنی برام کەوت. لەئەنجامی گفتوگۆدا بۆم دەرکەوت، لەڕێکخراوەکانی ناوشاری حیزبدا کاردەکات و لە چەند چالاکییەک لە ناوشاردا بەشداریکردووە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ کە هەندێکیانم دەناسی.

من لەو دووڕەوە ئاگادار بووم، کەلەکۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا ڕێکخراوێك دروستکرابوو، بە ناوی(مونەزەمەی سەدا).لە ناو خوێندکارانی زانکۆکانی بەغداد دەستنووس وئەدەبیاتی حیزبی شیوعیان بڵاودەکردەوە وهەروەها چالاکی دیکەیان هەبوو بەناوی حیزبی شیوعییەوە. جێگای سەرنج بوو، لەوکاتەدا هێڵە حیزبییەکان هەمووی لێکترازاو و پچڕابوون، ئەوەی ڕایکردووە یان گیراوە، یاخود خۆی شاردووەتەوە،بەڵام ئەم چالاکییانە هەیەو بەناوی حیزبەوە بوو، وادەرکەوت ئەمانە کۆمەڵێک گەنجن، خۆیان بەم ناوەوە ڕێکخستووە و لەهەوڵدان پەیوەندی بەحیزبەوە بکەن. پەیوەندیان کردبوو بە(بەهادین نوری)یەوە، بەڵام ئەو زانیاریی تەواوی نەدابوو بەحیزب، بۆ ئەوەی سود لەمانە وەرگرێت، بۆ نەخشەکانی ئایندەی خۆی.

لەلایەکی دیکەوە گومانی ئەوە هەبوو، کە ڕژێم ئاگاداری ئەم ڕێکخراوە بێت، بەشێوەیەك لەشێوەکان، لێیانگەڕێت کاری خۆیان بکەن، هەتاکو لە ڕێگای ئەمانەوە ڕاوی ئەو کەسانە بکات کەخواستی کاری حیزبیان هەیە.

دەزگا ئەمنییەکان نەخشەیەکیان هەبوو بەناوی پشوو درێژیی (نەفستەویل) واتە

لای ڕاست: بەپێوە: شەهید= جوتیار، حاکم وریا، پۆڵا زیندانی، ئاکۆ، ئەبو حەیات دانیشتووەکان، لە ڕاستەوە: هەڵۆ، شەهید ملازم سیروان، کاوە کەلکە سماقی، زیرەك کمال

لێ دەگەڕان کەسانێك کاری خۆیان بکەن تاکو فراوان ئەبن. لە ڕێگای ئەوانەوە سەرێکی گەورەیان دەستگیر دەکرد، یاخود ئەگەر فراوان بوونایەو هەستی مەترسییەکی گەورەیان لا دروست ببوایە ئەوکاتە دەستگیریان دەکردن. هەندێکجار بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەڕێگای ئەو کەسانەوە بوو کە خۆیان چاندبوویانن لەناو ڕێکخراوەکاندا. لەبەرئەو هۆکارانە کارکردن ومتمانە کارێکی ئاسان نەبوو.

یادی بەخێر(حەمە دانا جەلال) کەسێکی چالاك بوو، لەم ڕێکخراوەدا، بەتەنیا بەدەست (نووسینی دەستی)ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد بەناوی(سەدی)ـەوە لە دیدارێکدا لەگەڵ هاوڕێ کەمال(سوهەیل زەهاوی) باسی هەندرێنی برامم کرد و هەروەها کارکردنی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا لەڕێکخراوێکی حیزبدا لەڕێگای ئاشتی شێخ عەتاوە. کەمال پێی باش بوو کە هەوڵبدەین ئەم هاوڕێیانە پەیوەندییان لەڕێگای ئێمەوە بێت، لە بەرئەوەی حیزب گومانی هەیە لەوانەی لەسەروو ئەوانەوەن. من بۆخۆم یەکجار چاوم بە ئاشتی کەوتبوو، ئەویش ساڵی ١٩٨٤بوو لەماڵی(کاك جەلال باوکی حەمەداناو دڵشاد(دلێر). ئاشتی سەلامی برامی دەناسی، پێکەوە لەزانکۆ بوون، دەیزانی من پشمەرگەم، لێیپرسیم چیدەکەیت لە ناو شار؟ منیش گوتم، هاتووم تەسلیم ببمەوە، گووتی من نامەیەکت بۆ دەهێنم لەباوکمەوە بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی. دوای ماوەیەك نامەکەی هێنا منیش نامەکەم دایە دەست کەمال.ڕێککەوتم لەگەڵ کمال چۆن ئەم کارە ئەنجامبدەین.

دلێر سەرپەرشتی ئەم هاوڕێیانەی دەکرد، من دلێرم پێشتر دەناسی ماوەیەك پێکەوە پێشمەرگە بووین، بەڵام من وام بەباش زانی یەکێکی دیکە بهێنم لە هاوڕێکان، ئەویش ڕەحمان غەریب بوو.

ـ١٦ـ

داوام لە هەندرێنی برام کرد، دیدارێکم لەگەڵ (ڕەحمان غەریب) بۆ سازبکات، یەکەمجار بوو ڕەحمان ببینم، بەڵام لەهاوینی ساڵی ١٩٨٠ لە توژەڵە کاك غەریبی باوکی ڕەحمانم بینیبوو. ئەوکاتە ئەو هاتبوو بۆ سەردانی سەڵاح کە پێشمەرگەی یەکێتی بوو بریندار‌بوو. ئەوان خزمایەتییان هەبوو، سەڵاح کاک غەریبی هێنا بۆلای من، ئێمەش لەگەڵ ماڵی سەڵاحدا ناسیاویمان هەبوو، عیزەدینی برایهاوڕێی سەلامی برام بوو.

لەسەرچنار چاوم بە ڕەحمان کەوت، لە یەکەم دیدارەوە هەستم بەدڵخۆشی و سەرسامی ڕەحمان دەکرد. ئەو بەبێ دوودڵی هەرچی زانیاری هەبوو لەسەر ڕێکخراوەکەیان بۆی باسکردم. باسی لەو چالاکییانە دەکرد کە پێشتر ئەنجامیان دابوو. پێیڕاگەیاندم کە دوو تا سێ دەمانچەیان هەیە، دوانیان ئاشتی شێخ عەتا بۆی هێناون، منیش پێم ڕاگەیاند، کەلەمەودوا ئێوە پەیوەندیتان تەنها لەڕێگای ئێمەوە دەبێت. ئەمە بڕیاری حیزبە، پەیوەندیتان نامێنێت لەگەڵ ئەوانەی کە پێشتر ڕێکخەرتان بوون و ئەوانیش ئاگادار دەکرێنەوە.

چاوم کەوت بە(مەریوانی مەلا موحسین، سۆرانی مەڵکەندی، حەسەنی برای حوسێن میسری، فەلاح، دلێر جەلال) و هاوڕێیان(زانای عومەر کاسترۆ، نیگار،کوێستان) ئاگادارکرانەوە. لەناو ئەم هاوڕێیانەدا تەنها دلێر ئەم گۆڕانکارییەی پێخۆش نەبوو، بەڵام تازەکار لەکار ترازابوو. لەبەرئەوە تاماوەیەك کە چالاکی لەناو شاردا دەکرا، لەڕێگای ئاشتییەوەش هەواڵەکە دەنێردرا ئەمەش هەرلەڕێگای دلێرەوە بوو.

لەماوەیەکی کورتدا مەفرەزەیەکی چاکمان دروستکرد لە سلێمانی وهەروەها لەکەرکوك هەر سێ برای عیزەدین و سەلاح، سەیفەدین، فەلاح و حەسەن. لەوماوەیەدا کە من دوور بووم و ئاگاداریان نەبووم، خالیدی هاوسەری نەجیبەخان لەڕەش بگیرێکدا بەنامەیەکەوە دەستگیر کرابوو، بەڵام خۆشبەختانە بە لێبوردن ئازاد کرابوو، جارێکی دیکە پەیوەندیم لەگەڵ بەستنەوە. لەم کاتەدا کچێکی جوانیان هەیە، بە ناوی دەریاوە، هەروەها نەجیبە لە ڕیزی حیزب کار دەکات و ماڵەکەیان لە خزمەتی حیزبدایە.

بەڕاستی بوونی ماڵی ڕەحمان لە کانیئاسکان، نزیک ناوجەرگەی شار، دوکانەکەی باوکی ڕەحمان بەرامبەر ماڵیان وهەروەها ماڵی خالید هەر لەو نزیکانەبوو. یارمەتیدەرێکی زۆر باش بوو بۆ چالاکییەکانی ئێمە لەوکاتەدا، ئاخر لەو سەردەمەدا زۆربەی کۆڵانە تەسکەکان لەلایەن ڕژێمەوە بە بلۆك گیرابوو، جگە لەوەی کە لە زۆربەی شەقامەکاندا سەیتەرە دائەنرا.کۆبوونەوەمان لە دوکانەکەی باوکی ڕەحمان و گەڕانەوەمان بۆ ماڵەکان ئاسانکاریی زۆری بۆ دەکردین و مەترسی لەسەرمان کەمدەکردەوە. ئەمە جگە لەوەی دوکانەکە کاتی خۆی ماڵ بوو، دەرگای دەڕابەیی بۆکرابوو لەسەر شەقامەکە، دەرگاکەی پشتەوەی کەبەسەر کۆڵانێکی تەسکدا دەیڕوانی هشتا مابوو. یادی بەخێر حوسێن میسری زیاتر لەوێوە هاتووچۆی دەکرد، ئاخرئەو لە ژوورێکدا دەژیا لەوماڵەی کە باوکی ڕەحمان کردبووی بەدوکان.

لەدوکانەکەدا کاک غەریبی باوکی ڕەحمان و براکانی، بەهاوینان کورسی نایلۆن و

خۆپێشاندانی (هاواری خەڵك)، سلێمانی ٢٠٠٨/٩/٧، دژ بە گەندەڵی و گەیاندنی وەستان لەگەڵ داواکارییەکانی خەڵك
هاوڕێ خالید، هەردوو کچەکانی، دەریا و ڕووبار لە پشتییەوە

بەزستانان تەباغ و سۆپایان تیادا چاکدەکرد. بەهۆی کارەکەیانەوە سکرابێکی زۆر لەناو دوکان و حەوشەکەیاندا کۆببووەوە، ئەمەیش ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ شاردنەوەی شتومەکەکانی ئێمە وەک (چەک، ئەدەبیات،بەیاننامە).

ماڵی ڕەحمان ژمارەی خێزانەکەیان زۆربوون،هەمیشە هاتوچۆ و قەرەباڵغییەکی زۆر هەبوو لەگوزەرەکەدا. هەرلەبەر ئەوهۆکارە بوو کەچاوت لەسەرکەمتر بوو. من لەوێدا ناوم عومەر بوو، هاتووچۆی ماڵی ڕەحمان و دوکانەکەم زۆر دەکرد، خۆم لە کاك غەریب لادەدا. ئەو شکی دەکرد کە منی بینیبێت پێشتر، بەڵام دڵنیانەبوو منیش خۆم گێل دەکرد. کاك غەریب ئەو کاتە لەگەڵ (حیزبی دیموکراتی کوردستان)ی کارتۆنییەکە کاری دەکرد، یادی بەخێر سەبیحە خانی دایکی ڕەحمان نەیدەزانی من کێم. هەربۆیە دەیگوت ئەگەر تۆپباران بێت ئێمە دەڕۆین بۆ ماڵێکی ناسیاومان لە سەرچنار ژێرزەمینیان هەیە، مەبەستی ماڵی باوکم بوو، لەو کاتەدا ئێمە ماڵمان لە سەرچنار بوو.

یادی بەخێر خالید خاڵوانێکی هەبوو جاشی خەفیفە بوو، خۆیان خەڵکی هەولێر بوون، بەڵام ڕەبایەکانیان لە شارەزوور بوو، لە هاتن و ڕۆیشتنیان، هەندێک چەکو تەقەمەنییان بۆ دزینی خۆیان، لە ماڵی خالید دادەنا، ئێمەش درێغیمان نەدەکرد لە بردنی و بەکارهێنانی بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن.

-١٧-

یەکێک لەو هاوڕێیانەی کەحیزب ئاگاداری کردمەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبێت یادگار جەلال بوو. ئێمە پێشتر یەکترمان دەناسی، یادگار ماوەیەك پێشمەرگەبوو، هاوڕێیەکی هێمن و لەسەرخۆ، هەروەها ئامادەبوو بۆ هەموو کارێك. پێویستە ئەوە بڵێم کە زۆربەی هاوڕێیان نەك تەنها خودی خۆیان، بەڵکو کەسوکاریشیان لە خزمەتی حیزبدا بوون.

پێش ماوەیەك هاوڕێیەك گیرا بە ناوی عادل، زیاتر لە دوو مانگ هیچی نەدرکاندبوو، بەڵام لە دوای ئەشگەنجەدانێکی زۆر، ناوی چەند هاوڕێیەکی دابوو، بە بۆچوونی ئەو ئێستا ئەو هاوڕێیانە فریای خۆیان کەوتوون و لەشاردا نەماون. لەئەنجامدا لە ١٩٨٧/٤/٢٤دا ئەم هاوڕێیانە گیران، حاتەم، حەیدەر، سەربەستی حەمەی عەلی دەوڵەت وهۆشیار حەمە عەلی دەوڵەت ئەم دووانە برابوون، هۆشیار و جوتیاری برایان، پێشمەرگەی حیزب بوون، پێشتر ناسراوبوون لای ئێمە.

سەربەست پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، هاوڕێیەکی چاونەترس، کارو چالاکی زۆری هەبوو، لە فولکەی سجنەوە تا هەوارەبەرزە بەخەتێکی خۆشنووسی جوان دیوارەکانی بە دروشمەکانی حیزب رازاندبوویەوە، هەروەها پوستەری شەهیدان لەهەموو جێگایەك هەڵواسرا بوو.سەربەست داهێنان و بیرۆکەی تازەگەریی جوانی هەبوو.کەمال پێی ڕاگەیاندم شانەیەك هەیە پەیوەندییان بەتۆوە دەبێت، لەڕێگای سەڵاح عەزیز (سەڵاحی کەمانچە)وەهەر چەندەئەم هاوڕێیانە ڕەخنەیان هەبوو بەرامبەر بەمن. بەقەولی ئەوان من زیاتر بایەخ بەبواری سەربازیی دەدەم. ڕەخنەکەشیان لە جێگای خۆیدا بوو، ئەوان هونەرمەند بوون منیش پێشمەرگە. من لەوکەسانە بووم ئارەزووی کۆبوونەوەو کۆبوونەوەکاریم نەبوو، زیاتر ئارەزووی کاری پراکتیکم (عەمەلی)م هەبوو. هەر لەبەرئەوە بوو ئێمە چالاکیمان بەبەردەوامی هەبوو، چ لەسزادانی ناپاك و پیاوەکانی ڕژێم، یاخود چالاکی سەربازیی لەگەڵ ئەوانەشدا چالاکیی ڕاگەیاندنمان هەبوو.

لێرەدا دەمەوێت باسی سیان لەو چالاکیانە بکەم، لەبەرئەوەی چالاکی ئاسایی نەبوون لەوکاتەدا.

یەکەمیان: دوای نەمانی مولازم موحسن لەسلێمانی کە زۆر ناوبانگی دەرکردبوو بەبێناموسی و هەروەها ترسێکی زۆری لەناوشاردا دروستکردبوو. مولازمێکی دیکە پەیدابوو بەناوی مولازم عەلی، ئەمیش دەیویست ڕۆڵی مولازم موحسن ببینێت. لێدانی ئەو هێزەی مولازم عەلی، بەڕۆژی ڕووناك لەئەسحابەسپی ولە نێوەندی شاردا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەوکاتەدا، هەروەها سنورێکی بۆ مولازم عەلی دانا.

چالاکی دووەم: جۆرە ئینزباتێکی عەسکەری تایبەتیان لەکەرکوکەوە هێنابوو بۆ سلێمانی، پێیان دەگوترا(قوات الرشید) ئەمانە ئازارێکی زۆری خەڵکیان دەدا، بەیانیان لەجادەی قەناتەوە، دوودوو ئینزباتیان دادەگرت تاکو لای مزگەوتی گەورە. لەلای مەحکەمەی کۆنەوە، تەقەیان لێکرا، یەکێك لە هاوڕییان دەستیگرت بەپشتی سەیارە ئیڤاکەیانەوە نارنجۆکێکی خستە ناویانەوە، هەروەک ئەوەی سەرکەوێتە ناو ئیڤاکە .

چالاکی سێهەم: چالاکییەکی دیکە کەمن بە مێژووی دادەنێم،لە ناوجەرگەی شاری کەرکوکدا لە ئەحمەد ئاغا لە سەروو بازاڕی قۆریە، کوشتنی ئەفسەرێکی پلە بەرز بوو. چالاکیی ڕاگەیاندن ئەتوانین بڵێین داهێنان بوو،لەوشوێنانە خەڵکێکی زۆری لێکۆدەبوویەوەو لافیتە دادەنرا. بۆنمونە ئەگەر شانۆگەرییەك پێشکەش بکرایە دوای تەوابوونی، واتە ئەوکاتەی خەڵکەکە دەڕۆیشتنە دەرەوە لافیتەیان دەبینی دژی ڕژێم، یاخود وتاریان دەخوێندنەوە، لە بڵندگۆی مزگەوتەکان ڕاستەوخۆ دوای نوێژیان لەڕێگای کاسێتی تۆمارکراوەوە.

چالاکی دابەشکردن و بڵاوکراوەی نووسراو دژی ڕژێم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، پێم خۆشە ئەم چالاکییە کەمێك بەوردی باسی لێوە بکەم. دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، وابەپێویست زانرا چالاکییەك ئەنجام بدەین، حیزب بەیانێکی دەرکرد. ئێمەش لەئیزگەکەوە وەرمانگرت، بەتابیعە لەسەر کاغەزی ستێنسل چاپمانکرد، بەڕۆنیۆ دەستکردەکەی خۆمان هەزار دانەمان ڕاکێشا، لەگەڵ هاوڕێیان پلانێکمان دانا، ئەویش ئەوە بوو، بەڕۆژ لە بازاڕ بەدەستیی بیدەین بە هاوڵاتیان، فەلاح لەکەرکوک بێت ئەو بیداتە دەستی خەڵکەکە لەبەر ئەوەی ئەو نەناسراوە لە شار و چەند کەسێکمان پاسەوانی

بکەین، ئەگەر لەوکاتەدا پیاوەکانی ڕژێم بێن بۆ دەستگیرکردنی فەلاح، ئەوا هەر لەوێدا دەستبەجێ بیانکوژین.

بەیانییەکی زوو بە بڵاوکراوەکانەوە چووم بۆ ماڵی ڕەحمان، بۆ ئەوەی لەوێوە بڕۆین بۆ بازاڕ دابەشیکەین، لەوکاتەدا بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات، کە ئەگەر بێتو دانەدانە بەیاننامەکە بکەینە ناو زەرفی نامەنووسینەوە باشتر دەبێت، کاتێك ئەیدەینە دەستی یەکێك نازانێت چییە بەبێترس وەریدەگریت وهەروەها کاتەکەی ئیمەش زیاتر دەبێت بۆ ئاشکرانەبوونمان. دوو هاوڕێمان نارد بۆ کڕینی زەرفی نامەناردن، یەك یەك بەیاننامان کردە ناو زەرفەوە وداماندەخست. لە شەقامی مەولەوییەوە فەلاح دەستیکرد بە دابەشکردنی تا ناو قەیسەری نەقیب، ئێمەش پاسەوانیمان دەکرد، کارەکەمان ئەنجامدا بەبێ ئەوەی تووشی هیچ پیاوێکی ڕژێم ببین، بەڵام لەورۆژەدا و لەدوای دابەشکردنی بەیاننامەکان بە تەواویی بارودۆخی بازاڕ شڵەژا، دوای ئێمە هەموو دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم ڕژانە ناو شارەوە، نەیاندەزانی چی بکەن!

پۆلا زیندانی، پاش زیاتر لە بیست نسالّ دابەشکردنی بلاوکراوەو بانگەشە بۆ خۆپێشاندان دژی دەسەلاتی کوردستان

-١٨-

وای بەباش دەزانم کە بەخوێنەر بڵێم، من ئەم بیرەوەریانە لە یادەوەری و مێشکمدا هەڵم گرتوون، مێشکی مرۆڤیش بەبەردەوامی هەموو شتێك ناپارێزێت، بۆیە دەیان کەس هەیە ڕۆڵ و کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر ڕووداوەکان، کە بەداخەوە ئەوانە ئێستا بوونەتە شۆڕشگێڕ و سەربازێکی ون. ئەبێت ئەوەش بڵێم ئەم دیمەنی خەباتەی کە من هەوڵدەدەم بینەخشێنم،تەنها سوچێکە لە تابلۆیەکی کاری حیزبی شیوعی لەوکاتەدا.ئێمە تەنیا ڕێکخراوی حیزب نەبووین لە شارەکەدا، بەڵام تەنها ڕێکخراو بووین کە مەفرەزەی پێشمەرگەمان هەبوو. بۆئەوەی ئەم تابلۆیە هەموو دیمەنەکانی بەجوانی تێدا دەربکەوێت، دەبێت کەسانی تریش بێن و بینەخشێنن و بەشداربن لەنووسینەوەیدا. ئەبێت ئەوەش بڵێم ئێمە بەکۆمەڵ ئەرک و کارەکانمان بەئەنجام دەگەیاند واتە هیچ هاوڕێیەك ڕۆڵی لەوی دیکە کەمترنەبوو. نابێت ئەوەشمان لە بیربچێت، کەکەسوکارەکانمان باجی گەورەی خەباتی ئێمەیان داوە، وا ئێستا ئێمە بەم ڕۆمانسییە شۆڕشگێڕییە باسی لێوەدەکەین.

بوونی ئەم مەفرەزانە لەناو شاردا دوژمنی هەراسان کردبوو، قورسایی وسامی پێشمەرگەی گەورەتر کردبوو،هەروەها لەقوربانیی پشمەرگەی کەمتر کردبوویەوە. لەجیاتی ئەوەی هێزێک بەچەند پشمەرگەیەکەوە لەوبارە ئەمنییە خراپەدا بەشەو بێنە ناوشارەوە، زۆرجار بکەونە کەمینەوە بۆئەنجامدانی چالاکییەك،ئەوە ئێمە لەتوانماندایە باشترو بە کەمترین قوربانیی ئەو چالاکییە بەئەنجام بگەیەنین. دێتەوە یادم ساڵی١٩٨٢ مەفرەزەیەکی شارباژێڕ هاتینە ناوشاری سلێمانی،سێ دەوڵەمەندی شارمان دەستگیرکردو بردمانن لەگەڵ خۆمان، لەبەرئەوی داوای یارمەتی پارەیان لێکرابوو ئەوانیش نەیاندا بوو. ئەوکاتە بەداخەوە وابوو پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان بەزۆر دەیانناردە سەر دەوڵەمەندەکان هەتاکو پارەبدەن بەشۆڕش. من کەئێستا بیری لێدەکەمەوە بە کارێکی باشی دانانێم، کەئێمە لەوکاتەدا ئەنجاممانداوە. ئاخر دەبێت مرۆڤ بەخۆبەخشی کۆمەکت بکات، نەوەك بەزۆرە ملێ.

هەندێك خۆی ئارەزووی هەبوو کۆمەکت بکات، بەڵام متمانەی نەبوو، ئاخۆ ئەوکەسەی ئەو پارەکەی دەداتێ سەر بە ڕژێم نییە؟؟خەڵکانێک هەبوون بەوجۆرە دەستگیرکرابوون، دەزگا



لای ڕاست: گەلاوێژ، شەهید بڕوا، تانیا

ئەمنییەکان، نامەیان بەناوی شۆڕشەوە بۆ دەناردن، بەڵام لەکاتی پارەدانەکە دەستگیریان دەکردن.(دەلیلی)ی مەفرەزەکە هێرشەچاوشین بوو، دوای چەند ساڵێك دەرکەوت کە سەربە ئیستخباراتەوکوژرا.

من لەگەڵ یەکێک لەو دەوڵەمەندانەدا بووم، کە ئێمە دەستبەسەرمانکردبوون. دوای ئەوەی لەشاردەرچووین، دەبوایە بەسەر شاخی گۆیژەدا سەرکەوین، لەبەرئەوەی کابرا بەتەمەن بوو وەماندوو دەبوو دەبوایە ماوە ماوە پشووبدات. کاتێک گەیشتینە ئەوشوێنەی کە پێیدەڵێن چاڵەبەفرەکان، ئاخر پێش ئەوەی کارگەی سەهۆڵ دابمەزرێنرێت، لەوجێگایە چاڵیان هەڵکەندووە و زستانان بەفریان تێدا پەستاندووە و کایان بەسەردا کردووە، بۆئەوەی لەهاویندا بەکاریبهێن. هاوینان بەکەر ووڵاخ گواستویانەتەوە بۆناوشار بۆ فرۆشتن. کابرای دەوڵەمەند ڕووی دەمی کردە من و گوتی بۆ ڕۆڵە لە تۆ وایە، من لەوەتەی هەم هەر دەوڵەمەند بووم، ئەم چاڵە بەفرانە دەبینیت؟ وەختی خۆی من و باوکم ئەهاتین بەکرێ، لەم چاڵە بەفرانە بەفرمان ئەگواستەوە بۆشار. ئەم پارەیەی هەمە، هەمووی بەڕەنجی شان پەیدامکردووە.

بۆبەرەبەیان گەیشتینە بنکە، هەرئەو ڕۆژە کەسوکاریان هاتن و پارەکەیان بۆداو ئازادکران.

١٩٨٧/٤/٢٨گەلاوێژی خوشکم هات بۆ مانّی ئایشەخان، چاوەکانی سووربوبوو‌ەوە ڕەنگ و ڕووی بەتەواویی گۆڕابوو، دیار بوو زۆر گریابوو. بەدەنگێکی لەرزۆکی پڕ لەخەم گوتیهاوڕێیان ئەم نامەیەیان ناردووە لەگوندی دێلێژەوە، کاتێك نامەکەم خوێندەوە، باوەشێکم کرد بە گەلاوێژی خۆشکمدا، دەگەڕام بەدوایی وشەیەکدا کە بەگەلاوێژی بڵێم، بەڵام هیچم بۆ نەدەهات لەوکاتەدا، لەنامەکەدا هەواڵی شەهید بوونی مولازم بڕوای برامانی تیدابوو. کەمال لەهەمان ماڵ بوو، لەقاتی سەرەوە، من چووم بۆ سەرەوەو نامەکەم پیشاندا، ئەویش باوەشی پێداکردم و هەوڵی دەدا دڵنەواییم بداتەوە، هەر چەندەمن بەڕووکەش خۆم زۆر بەهێزپیشاندەدا.لەگەڵ گەلاوێژدا چووم بۆ ماڵی باوکم، هەرچۆنێك بوو بەباوکمم گوت. باوکم فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە، ئەمە بۆیەکەمجاربوو لەژیانمدا باوکم بەم شێوەیە ببینم، بەڵام کەسمان نەمانتوانی بە دایکم بڵێین، لە دوای ٣٠ ساڵ پێمانگوت کوڕەکەت شەهید بووە.

ماوەیەکی زۆرە من لە شارم، بەڵام ڕێزانی هاوسەرم لە شاخە، واپێوستی دەکرد یان من برۆمەوە بۆ شاخ، یاخود ئەو بێتەوە ناوشار، هاوڕێیان وایان بە باش زانی، کە ئەو بێتەوە ناوشار، ئێمە جارێکی دیکە لە شار بە یەك شادبووینەوە.

ڕژێمی بەعس بۆ چاوترساندنی خەڵك و سەپاندنی دەسەڵات، لەڕێگای بەکارهێنانی شێوازی فاشستیانە بەرامبەر گەل و بۆ ڕێگا گرتنی هاوکاری وهەروەها کەمکردنەوەی سۆزی جەماوەر بۆ شۆڕش و پێشمەرگە، دوای هەر چالاکییەك ڕەشبگیری ئەنجام دەدا یان لە شوێنی چالاکییەکە کۆمەڵێك دوکان و خانووی دەڕوخاند، یاخود کۆمەڵێک کەسی گولەباران دەکرد.یەکێك لە کارەکانی ڕژێم بۆ تۆقاندنی میللەت، قەدەغەکردنی هاتووچۆ(منع التجول) بوو لە شارەکاندا، لەئەنجامی ئەوەداهەرکەسێکیان دەستگیر بکردایە، گولەبارانیان دەکرد.خەڵکی سلێمانی لە ڕووی دەروونییەوە بە(منع التجول) زۆر نائارام دەبوون، ئاخر هەر لە منداڵییەوە گوێیان لەمەنع التجولەکەی ١٩٦٣/٦/٩ بووە، کە چۆن دوابەدوای ئەوە خەڵکێکی زۆری شاریان لەحامییەی سلێمانی گولەباران کردووە.

ڕژێم هەردوو سێ ساڵ جارێك قەدەغەی هاتووچۆی دەکرد بۆ ڕەشبگیری، ئێمەش حسابی خۆمان کردبوو بۆ ئەوە. لە زۆربەی ماڵەکاندابەتایبەت لەو ژوورانەی کاشی بوون، شوێنمان بۆ کاتی خۆشاردنەوە دروستدەکرد، بە لابردنی دوو کاشی وهەڵکەندنی چاڵێك بە قوواڵی مەترێک و بیست سانتی مەتر چواچێوەیەکمان بە چمەنتۆ بە قەبارەی ڕۆخی دوو کاشی دروستدەکرد، کاشییەکانمان لەسەر دادەنایەوە. قاب شۆرێك یان سەلاجەیەك یان

میزیکیاخود هەر شتێك كە بگونجایە لەگەڵ ژووڕەكەدا، لەسەر كاشییەكە دامان دەنا. شتی قەدەغەمان تێدا دەشاردەوە و لەكاتی قەدەغەكردنی هاتووچۆدا خۆمان تێدا دەشاردەوە. جارێك درەنگانێكی شەو زانیمان بەیانی هاتووچۆقەدەغە دەكرێت، هەر شەوەكەی ئەو هاوڕێیانەمان كۆكردەوە كە قاچاغ بوون و جێگایان نەبوو بۆ خۆشاردنەوە، چووین بۆ بارەگای حیزبە دیموكراتە كوردستانییە كارتۆنییەكەی ئەوكاتە. لە ڕێگای ڕەحمانەوە بۆ بەیانییەكەی زوو هێزە ئەمنییەكانی ڕژێم ڕژانە ناو شارەوە، بە بڵندگۆی سەر سەیارەكان و كۆپتەرەكان قەدەغەكردنی هاتۆچۆیان ڕاگەیاند.

بارەگاكە پڕبوو لە خەڵكی شار، من بە كلاشینكۆفێكەوە لە بەردەم دەرگاكەی وەستابووم، هەر وەك ئەوە بێت كە یەكێك بم لەوان. نزیك نوێژی نیوەڕۆ، چەند چەكدارێكی ڕژێم ویستیان بێنە ژووڕەوە پێمگوتن هاتنە ژووڕەوە قەدەغەیە، ئەوان جەیشی شەعبی بوون گوتیان تەنها نوێژئەكەین من هەر سووربووم لە سەر ئەوەی كەنابێت، گووتم فەرمانمان پێنییە ڕێگا بەكەس بدەین بێتە ژووڕەوە.

-١٩-

ساڵی ١٩٨٧ ساڵێکی پڕ له چالاکی گەوره و سەرکەوتن بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام لەمانگی دووی ساڵی ١٩٨٨وه هێرشی (ئەنفال) بۆ له ناوبردنی کوردو وێرانکردنی خاکی کوردستاندەستیپێکرد. بەهێرشکردن و داگیرکردنی سەرگەڵو وبەرگەڵوو گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و داگیرکردنیان، هەروەها هێرشی سەربازیی بۆ ناوچەی قەرەداغبەرەو ناوچەکانی گەرمیان کەزیانێکی ئێجگار گەورەی گەیاند هێرشی ئەنفال بەرەو زێی بچوك دەستیپێکرد.ڕێدار، ئاغجەلەر، تەق تەق، دەشتی کۆیە، بەرەو شەقڵاوەو ڕەواندز کۆتاییەکەی لەمانگی نۆدا بۆ ناوچەی بادینان.ئەو گوندنشینانەی لەهێرشی ئەنفالڕزگاریان بوو له ئۆردووگا زۆرەملێکان وبەشێکیان له شارەکاندا لای خزم و ناسیاویانبوون.

لەم بارودۆخەداحیزب وای پێباش بوو، ئەو کادرو ئەندامانەی له توانایاندا هەیە بڕۆنەوە ناو شارەکان، بەڵام کەمال (سهیل الزهاوی)لەهەوڵی ئەوەدا بوو که من بڕۆمەوە بۆ شاخ، ئاخر لەڕاستیدا من خۆم زۆر وابەستەی بیرۆکراتییەتی حیزبی نەدەکرد. ئەوان وایان پێباش بوو لەم ماڵ بۆ ئەوماڵ خۆم بشارمەوە، بەڵام من بەپێچەوانەوە لەم شەقام بۆ ئەو شەقام لەم شار بۆ ئەو شار، لەجوڵەی بەردەوامدا بووم. من بڕوام وابوو که من لێرەم بۆ کارکردن نەك بۆ خۆشاردنەوەو نامە نووسین. زۆرجار دوای ئەنجامدانی چالاکییەکە کەمال دەیزانی، چونکە دڵنیابووم ئەگەر ئەو پێشوەخت ئاگادار بوایە ڕازیی نەدەبوو بە ئەنجامدانی چالاکییەکە.

وادیارە دوای ڕاپۆرت و ڕاپورتکارییەکی زۆر، پێیڕاگەیاندم که هاوڕێیان بڕیاریانداوە که من بڕۆمەوە بۆ شاخ، هەرچەندە من بۆخۆم هەمیشە پێیەکم له شاخ و یەکێکم لەشار بوو.لەمکاتەدا بارووودۆخەکە زۆر لەپێشتر جیاوازتر بوو. لەگەڵ حاجی ژن(دایکی شەهید عەبدولڕەحمان) ڕێکەوتم کەیارمەتیم بدات بڕۆم بۆ گوندی چنارانی بناری شاخی کۆسرەت، ئاخر ئێمە هێشتا بنکەیەکمان مابوو لەوێ.حاجی ژن خەڵکی قەڵادزێ بوو، هەرچەندە ئەو بەتەمەن بوو لەوکاتەدا، بەڵام زۆر وریاو بەجوڵەبوو هەمیشە ئامادەیی بۆ هەموو کارێك هەبوو که پێی بسپێردرایە. لەهاتووچۆی بەردەوامدابوو هەروەها ناسیاوی زۆری هەبوو.

حاجی ژن، دایکی شەهید عەبدول رەحمان

ئەوکاتەی کە من بووم بە پێشمەرگە، حیزب لە توژەڵە و دەوروپشتی یەك نانەواخانەی ناوەندیی هەبوو بۆ هەموو بارەگاکان، شەهید عەبدولڕەحمانی کوڕی حاجی ژن لەوێ نانەوا بوو، منیش لەو نانەواخانەیەوە نانم دەبرد بۆ پەلەکەمان(فصیل المدفعیه)پەیوەندییەکی زۆرخۆشمان هەبوو بەیەکەوە، جگە لەوەی مامۆستا محەمەدی کوڕەگەورەی حاجی ژن لە(مەرگە)مامۆستا بوو، هەرکاتێک بڕۆشتینایە بۆمەرگە سەردانیم دەکرد.

لەسلێمانییەوە لەگەڵ حاجی ژن بەڕێکەوتین بەرەو مەمەندئاوا، شتومەکەکانی کەپێم بوو هەرهەمووی قەدەغەبوو لە بەریدو نەخشەی سەربازی، حاجی ژن لەژێر جلەکانیدا هەمووی شاردەوە. کەگەیشتینە مەمەندئاوا، منی برد بۆماڵی ناسیاوێکیان(حەسەن مێوژەیی) ئەوان پێشوازییەکی باشیان لێکردم. ڕایسپاردن کە چیم بۆ بکەن دوای ئەوە خۆی ماڵئاوایی لێکردم. کە تاریکی شەوداهات، چووینە سەر دەریاچەی دووکان، بەلەمیان ئامادەکردبوو، سواری بەلەم بووین بەرەو بناری چیای کۆسرەت. لەوکاتەدا بەلەم بەکارهێنان قەدەغەبوو، ئاخر کۆپتەری ڕژێم بەڕۆژ بەسەر دەریاچەکەدا هاتووچۆی دەکرد، تێبینی بەلەمێکی بکردایە بۆردوومانی دەکرد. لەبەرئەوە خەڵکەکە بەڕۆژ بەلەمەکانیان ژێر ئاودەخست، یاخوود بەهەر شێوەیەکی دیکە دەیان شاردەوە و بەشەو دەریان دەهێناو بەکاریان دەهێنا. ئەوان منیان گەیاندە ئەوبەر، لەخوار بنکەی حیزب لەگوندی چناران خۆیان گەڕانەوە.

من کەئێستا بەم چەند دێڕە باس لەو کاتە دەکەم زۆر سەرسامم بە چاونەترسی و ئازایەتی ئەو خەڵکە لەو بارودۆخە سەختەدا، ئەو ئامادەبوونەیان، لەگەڵ ئەوەی سەروو ماڵیان لەمەترسیدا بوو، لەبەرئەوەیە زۆر لام ناخۆشە کە دەڵێن، میللەتی ئێمە هیچی تیا بەسەر نییە، ئەبێت بڵێین ئەوە سەرکردەکانی ئێمەن هیچیان تیابەسەر نییە.

بەرەبەیان گەیشتمە بنکەی چنارە، چەند هاوڕێیەکی لێبوو(عارف، ئاوات، مام ڕەسوڵ) من بۆخۆم شارەزای بناری کۆسرەت بووم. ئاخر لە ساڵی ١٩٨٢ بارەگای لقی ئێمە (لقی شەهید بەکر تەلانی)و هەروەها لقی بیتوێن لێرە بووین. هەر ئەوکاتە شەهید شەماڵی یەکێتی لێرەبوو، بەپێوستی دەزانم لێرە ئەوە بڵێم شەهید شەماڵ مرۆڤێکی زۆر ڕەوشت بەرز بوو، ئارەزووی دۆستایەتی بەهێز بوو، ڕێزی زۆری لە شەهید عەلی حاجی دەگرت، هەردووکیان بوون بەقوربانیی شەڕی ناوخۆ(شەڕی دوژمن خەنیکردن).دوای چەند ڕۆژێك لە مانەوەم لێرە بەرەو دوڵی سماقوڵی بەڕێکەوتم.

-٢٠-

من و هاوڕێ خاڵە حەمەی لقی بیتوێن لەسەر چیای کۆسرەت بووین بەدیوی شارۆچکەی خەلەکاندا. چاوەڕێی خۆرئاوابوونمان دەکرد، بۆئەوەی شۆڕبینەوە بەرەو خوارەوە تاکو لەجادەی (خەلەکان-دوکان) بپەڕینەوە. بەسەرسامییەوە دەمانڕوانییە دیمەنی سروشت و جوانی(چیاو دۆڵ و تەختایی) لەیەککاتدا، لای دەستی ڕاست چیای باواجی. بەرامبەری هەیبە سوڵتان، لەلای چەپ شاخی سارا، لەو کات و شوێنەدا، ڕووداوێکم هاتەوە یاد بۆ هاوڕێکەمم گێڕایەوە. «کە جارێکیان هەرچی مەڕوبزنی خەلەکان بوو بەسەر ئەم شاخەدا سەرمانخست و بردمان بۆ بنکەی گوندی چناران، هاوڕێیانی لق پێیانڕاگەیاندم کەمەفەرەزەیەک بەرم و بچم مەڕ و بزنی جاشەکان بهێنم، کەبەشەو لەمبەری خەلەکان دەمانەوە. کەشەو داهات ئێمەش ڕۆیشتینبینیمان کەبەشێک لەڕانەکە لەبناری کۆسرەت بوو، بەشەکەی دیکەی لەوبەر بوو. شوانەکان ئاگریان کردبوویەوە، بەڵام ئێمە لەپێشدا چووین بۆ ئەمبەرو بەشوانەکانمان گوت، مەڕو بزنی خۆتان و جاشەکان جیابکەنەوە، بەڵام ئەوان نەیانوێرا وابکەن. ئاخر ناهەقیان نەبوو، لەترسی جاشەکان، یەکێک لەشوانەکان بەدزییەوە گوتی هەمووی بەرن، لەدواییدا هی خەڵکەکە بدەنەوە، ئێمەش وامانکرد، هەموو ئەوانەی ئەوبەرمان هێنا، لەگەڵ ئەمانەی ئەمبەر نزیکەی هەزار سەرمەڕوبزن بوون هەموویانمان برد. بۆ ڕۆژی دوایی خەڵکەکەی خەلەکان هاتن، هەریەکە مەڕو بزنی خۆی بردەوە، ئەوانەی جاشەکان بۆ ئێمە مایەوە.

دوای ئەوەی خۆر بەرەو ئاوابوون ئەڕۆیشت من و خاڵە حەمە شۆڕبووینەوە دوو ڕەشماڵ لەسەر ڕێگاکەمان بوو. نزیکی جادەی پەڕینەوە لە دۆڵێکدا، هاوڕێکەم گوتی پێش پەڕینەوەمان لائەدەین و نانی ئێوارە لەلای ئەو دوو ڕەشماڵە دەخۆین. هەرکە ئەو باسی نانخواردنی کرد من گوتم لەوتەی پێشمەرگەم باسی خواردنی قوڕاوم بۆ دەکەن، کەچی بۆ یەك جاریش نەمخواردووە. کەخواردنەکە دانرا هاوڕێکەم گوتی خۆشی لەخۆت، ئەوە ئەم ئێوارەیە خواردنەکە قوڕاوە. بەڕاستی گوناحە ئەو خواردنە خۆشە(نەرمە گۆشتی مەڕ،ماستی ترش،جاترە) ناوی قوڕاو بێت.

شەهید مامۆستا خالید و هاوسەرەکەی دایکی ئەستێرە

کاتێک گەیشتینە دۆڵی سماقوڵی ئەوهێزانەمان بینی کەلەناوچەی سلێمانییەوە کشابوونەوە. هەندێک لە کادرەکانی ڕێکخستنی سلێمانییان لەگەڵدا بوو، یەکێك لەوانە یادی بەخێر مام بارام بوو. ئەو بەریدەی بەمن بوو، نامەیەکی تیدابوو بۆمام بارام، لەڕاستیدا ئەبوایە لەگەڵ بەریدەکە تەسلیمی مەڵبەندی بکەم، دوایی ئەوان بیدەنە دەستی مام بارام، بەڵام من بڕوام بەو جۆرە لە ڕۆتین و بیرۆکراتییە نەبوو. بە تایبەتی من ناوەرۆکی نامەکەم دەزانی، کە بەشێکی پەیوەندی بە گرتنی مامۆستا خالیدەوە هەبوو.

شەهید مامۆستا خالید(سەڵاحەدین حەسەن)کادرێکی پێشکەوتووی ڕێکخستنی سلێمانی حیزب بوو. لە کاتی ئەنفالکرنی ناوچەکە لە هەوڵی گەڕانەوەی بۆ ناوشار، بۆ خۆشاردنەوەوکارکردنی نهێنی دەستگیر کرابوو. من بۆ خۆم یەکەمجارلە هاوینی١٩٨٠ لە نیزیکەوە ئاشنای شەهید مامۆستاخالید بووم. لەسەر شاخی مامەند ماوەیەك پێکەوە بووین، ئەوکاتە هەواڵی ئەوە هەبوو، کەسوپای عێراق بەنیازە هێرش بکاتە سەر ئەوناوچەیە.شەهید خالید مرۆڤێکی ڕووخۆش وبەهەمیشەیی بزەی لەسەر لێوبوو، لەگەڵ ئەوە لەسەرخۆ وهیوابەخش بوو نەیدەزانی تووڕە بوون چییە.

کاتێك مام بارام نامەکەی خوێندەوە تاساوخەمێکی گەورە دایگرت پرسیار لەسەر پرسیاری ئاراستە دەکردم، منیش وەڵامێکی ئەوتۆم بۆ زۆربەی پرسیارەکانی نەبوو.لە ڕێگا بەرەو دۆڵی بالیسان، سەرکەوتم بەسەر چیای ئاوەگردا، ئاخر ئێمە بنکەیەکمان لەوێ هەبوو.هاوڕێ(موحسین یاسین) داوای لێکردم ماتۆڕێ(جەنەرێتەر)ی شەحنی پاتری جیهازی بێسیمەکەیان کاری نەدەکرد، چاکی بکەمەوە بۆیان. لەوێ مامەوە تا چاکمکرد دوای ئەوە بەڕێکەوتم بەرەو دۆڵی بالیسان.

-٢١-

لە ئاوەگردەوە بەڕێکەوتم بەرەو گوندی نازەنین لەوێوە بەرەو گوندی کونەفلوسە. سەرکەوتمە سەرچیای هەورێ پاشان بەرەوخوار بەرەو دۆڵی باڵیسان. لەنێو قەدی چیای هەورێ بەدیوی باڵیسان، هاوڕێیان بنکەیەکی هاوینەیان دانابوو لەسەر کانییەک بەناوی کانی تەلان، ئەم بنکەیە شوێنی سەرپەرشتی کارەکانی ئەکرد لە ناوچەکەدا لەجیاتی گوندی خەتێ.

هەموو گوندەکان مەترسی بۆردوومانیان لەسەر بوو، بەتایبەتی بەچەکی کیمیایی، ئاخر ڕژێم لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجەوە، دەستی کرایەوە بۆ بۆردمانکردنی ناوچەکانی دیکەی کورستان، کە بەمەیدانی شەڕی هەژماردەکردن. لەگەڵ ئەوەدا لە بەرزاییدا بەرگریی باشتر دەکرا، هەروەها کاریگەریی چەکی کیمیاییش کەمتر بوو. بەدرێژایی شاخەکانی ناوچەکە بەدیوی جادەدا، بەرەی شەڕی پێشمەرگە بوو لەگەڵ سوپای عێراق وجاشەکان.

ئەوگوندانەی کەداگیردەکران دوای خاپورکردنیان وئەنفالکردنی دانیشتوانەکانی(سەگ وکەر)ی گوندەکان، کە بەجێ مابوون دوای ڕۆیشتنی خەڵکەکەبەرامبەر بە بندۆزەرەکانی داگیرکەر دەوەستانەوە و بەرگرییان لەماڵی خاوەنەکانیان دەکرد.ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو دوای ئەنفال، ئەوکاتەی کەتەنها مەفرەزەکانی پێشمەرگە بەنهێنی(اختفاء) لەوناوچانەدا مابوونەوە ئەوهەستەمان هەبوو کەسەگەکان وەک جاران پێمان ناوەڕن! ئاخر جاران ئەوسەگانە هێندە درپبوون پێشمەرگە نەیدەوێرا لێیان نزیک بێتەوە، بەپێچەوانەوە لەدوای ئەنفال، بەسۆزەوە بەرەو پیرمان دەهاتن بۆنیان دەکردین.

لەگەڵ مامۆستا ڕزگار(سامی) ڕۆیشتین بۆگوندی خەتێ لەوێوە بەرەو چیای بەنی هەریر، کە یەکێك بوو لە بەرە فراوانەکانی شەڕ بەرامبەر بە ڕژێم، ماوەیەکی زۆر بوو پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی سەنگەریان بەرامبەر سەنگەری دوژمن بوو. لەمکاتەدا کە لێرە شەڕە، ئەو هێزانەش کە لە ناوچە ئەنفالکراوەکانەوە دەهاتن، ئاراستە دەکران

بەرەو ناوچە سنورییەکانی عێراق-ئێران، ئەو ناوچانەی کەلە ساڵی ١٩٧٩وە بنکەی هێزی پێشمەرگە بوون.دیاردەی خۆڕادەستکردنەوە(تەسلیم) بوونەوە بەڕێم لەهەڵکشاندا بوو، لەوەش خراپتر شەهیدکردنی پێشمەرگە یاخود ڕادەستکردنەوەی بەڕێم لەلایەن هەندێک خۆفرۆش و بەکرێگیراو لەناو هێزی پێشمەرگەدا خەریك بوو دەبووە دیاردە، بەڵام بۆ مێژوو دەبێت ئەوە بڵێم، کە ئەم دیاردەیە لە ناو پێشمەرگەکانی ئێمەدا بوونی نەبوو.

لە ١٩٨٨/٨/٨دا پێم ڕاگەیەندرا بڕۆم بۆ بنکەی کانی تەلان لەچیای هەورێ. چووم لەگەڵ (ئەبو تالیب)کە ئەندامی سەرکردایەتی بوو دانیشتم. ئەو داوای لێکردم بڕۆمەوە ناو شار، هەندێک ڕێنمایی ئاڕاستەکردم وهەروەها هەزار دیناری سویسری دامێ، بۆڕاییکردنی پێویستییەکانم، تاکو ئەوکاتەی لەشار پەیوەندیم پێوەدەکەن. نامەیەکی نووسی بۆ شەهید محەمەدحەلاق بۆ ئەوەی ئاسانکاریم بۆ بکات هەتاکو بچمە ناو شاری کۆیەوە. ئەوەی پێویستە لێرە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە(کەدوای چەندساڵێک، دەرکەوت کە ئەبو تالیب سەر بە ڕژێم بوو، لەلایەن هاوڕێیانەوە سزای خۆی وەرگرت). لەگەڵ مولازم شوان وچەند هاوڕێیەك بەڕێکەوتین بەرەو دۆڵی سماقوڵی لەگوندی نازەنین، ئەوان سەرکەوتن بەرەو چیا بۆ ئەودیو، بەڵام من لێیان جیابوومەوە، چونکە ئەبوایە من بڕۆم بۆ بنکەکەی سەرچیای ئاوەگرد. لەگەڵ سەرکەوتنی ئەوان لەپشت مزگەوتی گوندەوە من بەناو گونددا ڕۆیشتم بەو ئاڕاستەیەی کەپێویست بوو بڕۆم. لەوکاتەدا فڕۆکەکانی ڕژێم کیمیاباranی(نازەنین و بە درێژایی دۆڵەکەیان)دەکرد من کەوتمە ڕاکردن بەرەو بەرزایی بۆئەوەی لەگوند دەرچم.دوای ڕاکردنێکی زۆر گەیشتمە سەر ڕێگاکە لەسەر جۆگەلەیەک دەست وچاوم شۆرد هەناسەم سواربوو وهەروەها چاوەکانم دەکزایەوە، زانیم کیمیاییەکە کاری تێکردووم. دەرزییەکی ئیترۆبینم پێبوو لەوانەی سوپای عێراق بەکاری دەهێنا، دەرزییەکم دا لەڕانی خۆم. خۆی ڕێگاکە لەگوندی نازەنینەوە بۆ بنکەکەی سەرچیا نزیکەی دووکاتژمێر دەبوو، بەڵام وا دوانزەی شەوە من هێشتا لە نیوەی ڕێگاکەدا بووم، چەند هەنگاوێك دەڕۆیشتم و دادەنیشتم یان پاڵدەکەوتم و ئەمویست برشێمەوە. ماوەماوە هێزی خۆم کۆدەکردەوە ودەستم دەکرد بەسەرکەوتن بۆ چیاکە، ڕێگای چارەکە سەعاتێکی کەسێکی ئاساییم مابوو، پاڵکەوتم لەسەر تاشەبەردێکی پان. ئەبوایە تا دونیا ڕووناک دەبێتەوە لەوە زیاتر نەڕۆم، ئاخر زیاتر بڕۆیشتمایە دەکەوتمە کەمینی هاوڕێیانەوە، بێجگە لەوەی کە بەتەواویی پەکم کەوتبوو.

گـواسـتنـەوەی تـەرمـی شـەهـیـدێك

ڕۆژبوویەوە هەستامە سەرپێ و فیشەکێکم تەقاند بەرەو ئەو جێگایەی کە کەمینی هاوڕێیانی لێبوو، جەمەدانەکەم ڕاوەشاند تاکو هاوڕێیان منیان بینی و دوانیان هاتنە خوارەوە بۆلام، دوای ئەوەی لە باری تەندروستی من تێگەیشتن، یەکێکیان گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئێسترێکم بۆ بهێنێت ئەوی دیکە لەگەڵ من مایەوە. ئێستر هێنرا ومنیان گەیاندە بنکە، دکتۆر دەستیکرد بەچارەسەرکردنم، دوای دووڕۆژ باشتر بووم. شەهید محەمەدحەلاق لەبنکەکەی خوارەوە بوو، چووم بۆلای و نامەکەی ئەبو تالیبم دایەدەستی. دوای خوێندنەوەی نامەکە گوتی ئەگەر تۆ ئامادەبیت سبەی شەو لەگەڵ مەفرەزەیەک کە شەهید مولازم شێرزاد سەرپەرشتی دەکات دەڕۆیت بۆ شاری کۆیە، لەوێ لە ماڵێکت دادەنێین، دوابەدوای ئەوە خۆت دەزانیت چیدەکەیت.بۆ سبەی شەو لەگەڵ مەفرەزەکەی شەهید مولازم شێرزاد بەڕێکەوتین بەرەو کۆیە، لەوێ منیان لەو ماڵە دانا کە شەهید محەمەد حەلاق دیاریکردبوو.

ئەو ماڵەی کەلەکۆیە بۆم دیاریکرابوو خانەوەدایەکی نیشتیمان پەروەربوون، پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکردم. شەولەوێ مامەوەو بۆ بەیانییەکەی دوای نانخواردنی بەیانی دوای ئەوەی چەندجارێك پرسیاریان لێکردم کەئەگەر پێویستییەکم هەبێت پێش ئەوەی برۆم ماڵئاواییم لێکردن و بەرێکەوتم بەرەو سلێمانی.کەگەیشتمە سلێمانی، پێش هەمووشتێك چاوم بەڕێزانی هاوسەرم کەوت.

دوای چەند ڕۆژێک و لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٠دا، کۆتاییهێنانی شەڕی عێراق-ئێران ڕاگەیەندرا، ئەمە سەرکەوتنێك بوو بۆ ڕژێم وداروودەستەکەی. بەپێچەوانەوە نائومێدی بوو بۆ نەیارانی بە تایبەتی گەلی کورد و هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لە بەرواری ١٩٨٨/٩/٦دا قۆناغی هەشتی هێرشی ئەنفال لەناوچەی بادینانداکۆتاییهات، ئەم تاوانە بەبەشداری ئەم هێزانە ئەنجامدرا؛ فەیلەقی یەك کەلە کەرکوك بوو، فەیلەقی پێنج کەلە هەولێر بوو، هێزەکانی تایبەت(قوات خاسه)، پاسەوانی کۆماری(حەرەس جموری) هێزی ئاسمانی، هەموو هێزە ئەمنییەکان(ئەمن، موخابەرات، ئیستخبارات) لەگەڵ جاشە بەکرێگیراوەکان وهەموو بەرێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکان.

هەزاران گوند و شارۆچکەیان وێران وخاپوورکرد، هەزاران کوردیان زیندە بەچاڵکرد، زیاتر لە نیوملیۆن کوردیان ناچارکرد لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا بژین. خێزانە ئەنفالکراوەکانیانلە(سەربازگەی تۆبزاوە لەکەرکوك، سەربازگەی دوبس وقەڵای نزارکێ لەدهۆك، سەربازگەی بەحرکە لەهەولێر، سەربازگەی سەلامییە لەموسڵ، هەروەها زیندانی نوگرەسەلمان لەموسەننا)دەستبەسەرکران.

سەدان خێزانی کورد پەنایان برد بۆ وڵاتانی دراوسێ.لەگەڵ کۆتایی ئەنفالداو لەبەرواری ١٩٨٨/٩/٦ دا ڕژێم لێبوردنێکی گشتی بۆهەموو کورد دەرکرد بێجگە لەجەلال تاڵەبانی.ئەم کارەساتە باریکی دەروونی زۆرخراپی دروستکرد، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە، خۆیان ڕادەستی ڕژێم کردەوەو بەر لێبوردن کەوتن وژمارەیەکیفراوان لەوخێزانانەی کەدێهاتەکانیان بەجێهێشتبوو دزەیان کردە ناو شارەکانەوە.

پۆلا زیندانی، بەغدا

من لێرەوە دەستم کرد بەپەیوەندیکردن بەو پێشمەرگانەی بەرلێبوردن کەوتبوون وجێگای متمانەبوون هەروەها پەیوەندیکردن بەوخێزانانەی دۆست بوون وئەوانەش کەسەربە حیزب بوون ودزەیان کردبوو بۆ ناو شار، هەروەها یارمەتیدانیان بەپێی توانا. بێگومان هاتنەوەی من بۆناوشار جێگای نیگەرانی بوو بۆهاورێیانی ناو شار بەتابەتی(کەمال) ئاخر زانیاریی تەواوم لابوو، چونکە زۆربەی ئەو ماڵانە شارەزا بووم کە ئەوخۆی تیادا دەشاردەوە.

من چەند مانگێک بوو لەشار بووم، بەڵام کەس پەیوەندی پێوە نەکردبووم بەپێی ئەو پلانەی بۆ من دانرابوو لەلایەن(ئەبو تالیب)ەوە.من لە کاروچالاکی خۆم بەردەوام بووم، برادەرێکی ئاسنگەری بەهرەمەند، دەنگ کپکەرەوە(کاتم)ی بۆ دروستکردین.

ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆپەیوەندیبەستن بەحیزبەوە، دووجار لە سلێمانی چاوم کەوت بەهاوڕێ هۆگر(فوئاد)یەکەمجار لەهۆتێل سلێمانی(حەسیب ساڵح) هاوڕێ شێرزاد شێرەشی لەگەڵدابوو. دووەمجار لەبارێك لەخوار فولکەی کانیئاسکان. لەدیدارێکدا لەهەولێر چاوم کەوت بە شەهید سەعدون، چەك وبڵاوکراوەم لێوەرگرت وهەروەها ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی سەردانێکی سلێمانی بکات. ئێمە چالاکییەکمان بەدەستەوەبوو و بەپێویستمان دەزانی کە بەهەرچی نرخێکبێت وڕەی خەڵکی بەرزبکەینەوە وهەروەها تۆڵەیەك لە ڕژێم بکەینەوە، ئەوەیش هەردەبێت لەڕێگای چالاکییەکی گەورە بێت و دەنگبداتەوە.

نەخشەی چالاکییەکە بەم شێوەیە بوو: ساڵانە بەبۆنەی لەدایکبوونی سەدامەوە لە ٤/٢٨ لە بەردەم هۆتێل سلێمانی سەکۆیەکیان(مەنەسەیەکیان)ئامادە دەکرد. بەوبۆنەیەوە یەکێک لەجێگرەکانی سەدام (تەهاجەزراوی یان عیزەت دوری) ئامادە دەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک لە لێپرسراوانی ئەمنی و ئیداریی ڕژێم لەشار کۆدەبوونەوە لەوجێگایە. خوێندکارو مامۆستای قوتابخانەکان بە ڕێپێوان بە بەردەمیاندا دەڕۆیشتن، واداندرابوو نارنجۆکێکی دەنگدار لەلای باغی گشتی، کە دەکەوێتە بەرامبەر هۆتێل سلێمانی، بتەقێندرێتەوە بۆ سەرنجڕاکێشان و شڵەژاندنی پاسەوانەکان. دوابەدوای ئەوەبە نارنجۆك هێرش بکرێتە سەر مەنەسەی دانیشتنەکە.

هەموو شتێك بە باشی دەڕۆیشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ڕژێم هەموو شتێکی ئامادە کردبوو لە بەردەم هۆتێل سلێمانیدا، ڕۆژی ئاهەنگەکە جێگای ئاهەنگەکەیان گواستەوە

بۆ دووڕیانەکەی سەرچنار، نەزاندرا هۆکارەکەی چیبوو!! چالاکییەکەی ئێمەش بەئەنجام نەگەیەنرا.

من یەکێك بووم لەوانەی ڕەخنەی زۆرم لەسەربوو، کەبێباکانە هاتووچۆ دەکەم، هەر چەندە بەبۆچوونی خۆم وانەبوو ئاخر من دەمزانی چۆن ڕەفتار دەکەم وخۆم دەگونجێنم. بۆنمونە من چاوم هیچی نەبوو، بەڵام چاویلکەیەکی چاوکزیم لەچاو دەکردوهەروەها جلوبەرگی گونجاوم لەبەردەکرد یاخود بەکارهێنانی ناو ناسنامەیەك کەبگونجێت لەگەڵ ئەو شوێنەی کە من بۆیدەچم. دەستی باڵام هەبوو لەتەزویرکردنی ناسنامە ومۆر.هەرچی هۆگرو هاوڕێکانی زۆر بەئاشکرا وبێترس هاتووچۆیان دەکرد بەباشترین ئۆتۆمبیل، وەك بڵێیت پشت ئەستور بوون بەچی؟ من نازانم!.هەرچەندە من سودی باشم لێوەرگرتن.

ئەبێت ئەوەش بڵێم کەمن گیرام، هاوڕێ شێرزاد شێرە، ڕێزانی هاوسەرمی گواستبوویەوە بۆ شاری هەولێر هەرلەوێش منداڵی بوو.

دوای سەردانی شەهید سەعدون بۆسلێمانی، ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کەلە ١٩٨٩/٥/١٣ دا جارێکی دیکە لەسلێمانی یەکتر ببینین.ئەمڕۆ ١٩٨٩/٥/٦یە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە، ڕۆژی ڕاگەیاندنی مردنی وەزیری بەرگری عێراقە (عەدنان خێرولاّ تولفاح) کاتژمێر پێنجی ئێوارە دیدارم هەیە لەگەڵ زاهیردا.

-٢٣-

کاتژمێر پێنجی ئێوارەیە خۆم جوان گۆڕیوە، کراسێکی سپی وپانتۆڵێکی خاڵخاڵاوی ڕەش و سپیم لەبەردایە لەگەڵ پێڵاوێکی چەرمی قاوەیی. زەرفێکم بەدەستەوەیە(دەمانچەیەکی مەکارۆف بەدوو یەدەکەوە وهەروەها بەجیا لەناو زەرفەکەدا نوێترین بڵاوکراوەی حیزبی تیدایە) و لەگەڕەکی بەرانانم. لەدووری پەنجا مەترەوە زاهیر دەبینم وەستاوە، لە وێستگەی (مۆقیف)ی پاسەکانی بەردەم مزگەوتی شێخ فەرید دوو گەنج بەجلی کوردییەوە لەلای دەستی ڕاستی وەستاون بەدووری مەترێك لەلای دەستی چەپییەوە ژنێک وەستاوە.لای دوکانەکان کەهەر دەمەترێک دوور بوو لەوێستگەکەوە خەڵکێکی زۆری تێکەڵ لەژن و پیاو و منداڵی لێبوو بەجل وبەرگی جۆراوجۆرەوە.

کاتێك لە زاهیر نزیک بوومەوە هەستم بە شڵەژان و گۆڕانکارییەک کرد لەڕوخساری زاهیردا. سڵاوم لێکردو زەرفەکەم دایە دەستی و قۆڵم ڕاکێشا لەگەڵ خۆم بردم بەرەو کۆڵانەکانی پشتەوە و گوتم دەزانی چیی ڕوویداوە؟ (مەبەستم مردنی وەزیری بەرگریی بوو)، گوتی چی؟ وادیاربوو کە ئاگاداری دونیا نەبێت، هەر لەو چەند چرکەیەدا، ئەو دوو گەنجەی لەلای دەستی ڕاستییەوە بوون پێشترو چەند کەسێك لەلای دوکانەکانەوە، ئۆتۆمبیلێکی پر لەچەکدار لەشەقامەکەوە و ئۆتۆمبیلێکی دیکەی پڕلە چەکدار لە کۆڵانەکەوە هەر هەموویان چەکەکانیان خستەسەرپێ و ئاڕاستەی منیان کرد. لەو چرکەساتەدا زاهیر زەرفەکەی فرێدایە سەر زەوی و ڕۆیشت. منیان قۆڵبەست کردو زەرفەکەیان هەڵگرت، بەبێ ئەوەی یەک پرسیارم لێبکەن یاخود لێمبدەن سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم و بردیانم.

لەڕێگا پێم سەیر بوو زاهیریان نەگرت، لە هەمانکاتدا زۆر دڵخۆش بووم کەئەو ڕزگاری بووە و بەتەنها من دەستگیرکراوم. لەوکاتەدا من ئەگەری ئەوەم دانا کە ئەوان هەموو هۆشیان لای من بووە، بۆیە ئاگایان لەونەماوە زۆرم پێباش بوو. بێگومان لەیەککاتدا هەزار شت ئەهاتە مێشکمەوە، بەڵام من هەر لەهەوڵی ئەوەدا بووم چ سیناریۆیەك

ئامادەبکەم بۆ ئەوەی کەسی دیکە تووش نەبێت ولەکاتی لێکۆڵینەوەدا وەڵامی گونجاوم هەبێت بۆ ئەو پرسیارانەی کە ئەگەری پرسینیان هەیە.

ئۆتۆمبیلەکە چووە ناو ئەمنەسورەکەوە، ئەوکاتە ئەمنە سورەکە تازە تەواو ببوو، هەندێک لە نوسینگەکانی ئەفسەرەکانی ئەمنی تیدا بوو، بەڵام زیندانی تێدا نەبوو، وادیار بوو هێشتا ژووری ئەشگەنجەو لێکۆڵینەوەی تەواو نەبوو.بۆیە منیان بردە ژوورێککە پێدەچوو نوسینگەی یەکێك لە ئەفسەرەکان بووبێت.دەستم بە کەلەبچە لەپشتەوە بەسترابوویەوە، یەکێك لە ئەمنەکان کەوتە قسەکردن لەگەڵم، گوتی من ڕائید ڕیازملەئەمنی عامەوە، ئێمە هەموو زانیارییەکمان هەیە لەسەرتۆ، ئەگەر هاوکاریمان بکەیت دوای سەعاتێکی دیکە دەڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە. بێگومان من بەهیچ جۆرێك بیر لەهاوکاری ناکەمەوە لەگەڵیان، بەڵام خۆ ئاقڵییش نییە، هەروا وەڵامیان بدەیتەوە گوتم: فەرموو ئەوەی من بیزانم بەسەرچاو.

گوتیان چی دەزانی بیڵێ، گوتم دەربارەی چی؟

گوتیان باسی خۆت بکە.

من ئەمزانی ئەوان دەزانن من پێشمەرگەم، ئاخر ماوەماوە گەلاوێژی خۆشکمیان بانگهێشتی ئەمن دەکرد. هەواڵی منیان دەپرسی وهەروەها ماڵی باوکم بەهۆی من و شەهید بڕواوە لەکەرکوك ڕایانکردبوو، بۆیە زیرەکی نەبوو من نکۆڵی بکەم لەو شتانەی کە دڵنیام ئەوان دەیزانن و پەیوەندیی بەخودی خۆمەوە هەیە.من ئێستا دەستم لەخۆم شتووە تەنها خەم و هەوڵم هاوڕێکانی دیکە بوو.

گوتم ڕاستە من پێشمەرگە بووم، بەڵام زۆر دەمێکە وازمهێناوە و نەموێراوە تەسلیم ببمەوە ئاخر چاوەڕێی کاتێکی گونجاوم دەکرد.گوتیان ئەی ئەو دەمانچەو بڵاوکراوانە چییە؟

من دەمتوانی بڵێم هینی من نییە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك بەدەستی منەوە نەگیرابوو، بەڵام لەوە دەترسام، ئەوکاتە بڵێن هی زاهیرە، دەموێست ئەو بپارێزم. گوتم من ئێستا لە ڕێی ئێوە دەزانم ئەو شتانەی تێدا بووە، ئەمڕۆ برادەرێکم بینیوە، داوای لێکردم ئەم زەرفەی بۆ هەڵگرم، دوایی دێتەوە دەیباتەوە بەبێئەوەی بزانم چی لەناودایە. گوتیان ناوی چییە؟

لەکوێ دادەنیشێت؟

چۆن دەیناسیت؟

گوتم وەختی خۆی بەیەکەوە پێشمەرگە بووین، ناوی ئەحمەدە، هەرچەندە من دڵنیانیم لەوەی ناوی خۆیەتی یان نا، وە هەروەها نازانم لە کوێ دەژی، جارجارێک لەمەزادخانەکە یەکتر دەبینین.

گوتی بۆ لەمەزادخانەکە؟

گوتم من لەوێ سەعات و ڕادیۆی کۆن دەکڕم و دەفرۆشمەوە.

گوتی دوکانەکەت لە کوێدایە لەمەزادخانەکە؟

گوتم دوکانم نییە، سەر پێیی ئێواران ئەو کارە دەکەم.

بۆماوەی زیاتر لەسەعاتێك پرسیارو وەڵام بوو، من وەڵامم بۆ هەموو پرسیارەکان هەبوو، هەر چەندە من بۆخۆم دەمزانی کەئەوان بڕوایان بەو وەڵامانەی من نییە، بەڵام خۆ نەدەکرا وەڵام نەدەمەوە.

دوای ئەوە دەستیانکرد بەلێدانم، بەدار بەشەق بەمشت تا ئەوکاتەی شەکەت بووم، بەڵام من هەستم بە هیچ شتێك نەدەکرد، بەردەوام لە بیرکردنەوەدا بووم.

هەڵبەتە ئەمە شتێکی سەرەتایی بوو، ئاخر ئەوان شارەزایی ئەوەیان هەبوو کەبەگەرماوگەرمی ئەتوانن شتی زیاترت پێ بدرکێنن، پێش ئەوەی لەتاسەی(سەدمە) دەستگیرکردنت دەرچیت فریای بیرکردنەوە نەکەویت.

پرسیاری ئەوەیان کرد کەئەم شەو لەکوێ بووم؟

گوتم لەماڵی خۆمان بووم، ئاخر نەدەکرا شوێنێکی دیکە بڵێم، هەر شوێنێکم بگوتایە بەمانای دەستگیرکردنی کەسانی دیکەیە. هەرلەبەر ئەوە بوو پێمباش بوو زیانەکە بەر ماڵی خۆمان بکەوێت ئاسایی تر بوو بۆ من ئاخر هیچ نەبێت من شتی قەدەغەم لەماڵی باوکم دانەنابوو.

گوتیان ماڵتان لەچ گەڕەکێکە؟ گوتم لەسەرچنار.

چەند ئۆتۆمبیلێکیان ئامادەکرد، مولازم عەلی بە هێزێکەوە من ئەوم دەناسییەوە پێشتر لە سەر شەقامەکانی سلێمانی بینیبووم.لەڕێگا بەرەو ماڵی خۆمان، هیوای ئەوەم دەخواست کەبراکانم لە ماڵەوە نەبن، هەر چەندە ئەم ئومێدەم زۆرلاواز بوو، چونکە ڕۆژەکە ڕۆژی جەژن بوو بە جەژنان خێزان کۆدەبنەوە.

-٢٤-

گەیشتینە بەردەم دەرگای ماڵی خۆمان بەرامبەری ماڵمان دەشتایی بوو، کە دەکاتە پشتی قوتابخانەی سەرچناری بنەڕەتی. ئوتۆمبیلەکانیان لەوێدا ڕاگرت هێزەکانیان بڵاوەپێکرد، لەدەوروپشتی ماڵەکەمان منیان لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا هێشتەوە. دەرگای ماڵەوەمان کراوە بوو، ڕائید ڕیاز ومولازم عەلی بە کۆمەڵێك چەکدارەوە بەبێ ئەوەی لەدەرگا بدەن هێرشیانکردە سەر ماڵەکەمان. دراوسێکانمان بە میوانەکانی جەژنیانەوە لە بەردەم ماڵەکانیان کۆبوونەوە. نازانم چەندی پێچوو، ئاخر هەمیشە لەکاتە دژوارەکاندا پێوەری کات وەك کاتە ئاساییەکان نییە، نازانم ئەمجارەش چ نەهامەتییەك بەسەر ماڵەوەماندا دەهێنم؟ ئاخر لەوکاتەوە کە من لە سیاسەتدا کار دەکەم ئەوە ماڵەوەمانن کە باجەکەی دەدەن.

چاوم لە سەر دەرگاکە بوو، کات وەستاوە پاش ماوەیەک ڕائید ڕیاز هاتە دەرەوە بەدوایدا سەلام و هەندرێنی برام بەدەست بەسەری هێنرانە دەرەوە، بێجگە لەماڵەوەمان، خزمان و میوانەکانیش بەدوایاندا هاتنەدەرەوە. هاوسەرەکەی سەلامی برام حبیبەخان منداڵێکی بەسەردەستەوە بوو دوای سەلام کەوتبوو، من دەمزانی منداڵیان بووە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە منداڵەکەیان دەبینم.

یەکێك لە ئەمنەکان کۆمەڵێک پەرتووکی بەدەستەوە بوو دیار بوو لە ئەنجامی پشکنیندا دۆزیبوویەوە. لەوکاتەدا ترسی دۆزینەوەی چاڵی خۆشاردنەوەکەم هەبوو، کەخۆم دروستم کردبوو، بەڵام وادیاربوو کەنەیاندۆزیوەتەوە.سەلام و هەندرێنیان سەرخستە ناو ئۆتۆمبیلێکی تر. پاش ماوەیەکی کەم ئۆتۆمبیلەکان کەوتنەڕێ، لەکۆڵانێکی پشت هۆتێل ئاشتیدا وەستان لە دەرگایەکی بچوکەوە هەریەکەمانیان بەجیا بردە ژوورەوە، لەحەوشەکەدا کەدار تووپەکی تێدابوو ڕایانگرتینەهەریەکەمان ڕووی لە دیوارێك بوو.

منیان بردە ژوورێکەوە لەناوەوە دوو دەرگای تیابوو، دەرگایەکیان بەدەستی ڕاستدا ئەوی دیکە بەرامبەرم بوو، لەدەرگاکەی بەرامبەرمەوە منیان بردە ژوورێکی تاڕادەیەکی زۆر تاریك و سامناك، مرۆڤ نەیدەزانی دیوارەکانی چ ڕەنگە.

قولاپی هەڵواسینی زیندانییەکان، لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕژێمی پێشوو ناسراو بە ئەمنە سوورەکە

لەلایەکی ژوورەکەدا مێزێك و دوو کورسی دانرابوو، لەسەرمێزەکە لای چەپییەوە ئامێرێکی وەك تەلەفونی سەربازی دانرابوو بە کۆمەڵێك وایەرەوە، کێبڵێك و تەپڵەکێکی جگەرەی لەسەربوو. لە ناوەندی ژوورەکەدا مێزێکی ئاسنی بەرزو کورسییەکی ئاسن لەلای چەپییەوە هەبوو. لەنێوەندی بنمیچی ژوورەکەدا بۆرییەکی درێژ هەڵواسرابوو قولاپێکی پێوەبوو بەلای دەستی ڕاستدا داری فەلاقەکردن داندرابوو.

کەلەپچەکانیان کردمەوەو پێڵاوەکانیان پێداکەندم و ڕووتیانکردمەوە، بێجگە لەدەرپێکەم هەموو جلەکانیان لەبەرداکەندم، لەسەر پشت پاڵیان خستم، هەردوو قاچیان پێ بەرزکردمەوە. پێیەکانمیان بەداری فەلاقەکەوە جێگیرکرد، بەدوان ئەملاو ئەولای داری فەلاقەکەیان گرت یەکێکیش کەوتە لێدانی بنی پێم بەکێبڵ.

ڕائید ڕیاز لەلای سەرمەوە وەستابوو داوای لێدەکردم چی دەزانم بیڵێم. منیش دەمگوت چیم زانیوە پێشتر بەئێوەم گوتووە،بەڵام ئەو سوربوو لە سەر ئەوەی بزانێت لەکوێ دەژیم وهەروەها ناوی ئەو کەسانەی پێبڵێم کەکارم لەگەڵ دەکەن. من هەر

سوربووم لەسەرئەوەی لەماڵی باوکم دەژیم وپێشمەرگە بووم کاتی خۆی نەموێراوە تەسلیم ببمەوە.

ئەو دەیگوت ماڵەوەتان دەڵێن یانزە ساڵە ئاگامان لێی نییە، من دەمگوت، ئەوان لە ترسدا وا دەڵێن ئاخر ئێوە خانووی خەڵك دەروخێنن ئەوانیش بەتەنها ئەو خانووەیان هەیە.دوای لێدانێکی زۆر فەلاقەکەیان لەقاچەکانم کردەوە پێیەکانم ئاوسابوو، پەنجەکانم خوێنیان لێدەهات. هەڵیان ساندمە سەرپێ، بەزەبری کێبڵ هاتووچۆیان پێدەکردم لە ناو ژوورەکەدا. دوای ئەوە لەپشتەوە هەردوو دەستیان کەلەپچەکردم، قایشێکیان لە هەردوو مەچەکم بەست. یەکێك لەجەلادەکان خستمییە سەرئەو مێزە ئاسنەی لە نێوەندی ژوورەکەدا بوو. بە دوو قۆناغ لەڕێگای کورسییەکەی کەلە تەنیشت مێزە ئاسنەکەوە بوو، خۆیشی لەگەڵم سەرکەوتە سەر مێزەکە و قۆڵەکانی راکێشام بەرەو ئەو قولاپەی کەلە بنمیچی ژوورەکەدا بوو. بەزەبری هێز قایشە بەستراوەکەی کەبە مەچەکمەوە بوو کردی بەناو قولاپەکەداو خۆی ڕۆیشتە خوارەوە.ڕائید ڕیاز هەمان پرسیارەکانی پێشووی ئاراستە دەکردمەوە گوتی: ئەگەر ڕاستی نەڵێت، ئەم مێزەی ژێر پێت ڕادەکێشین، بەهەڵواسراوی دەمێنیتەوە تا بەئازارەوە دەمریت. منیش ئەوەی کەپێشتر گوتبووم هەرئەوەم دەگوتەوە.

دوای ماوەیەك واهەستم دەکرد کەقۆڵەکانم پێوە نەماوە هەستم بەئازاری لێدانی کێبڵەکە نەدەکرد، نازانم چەند مابوومەوە بەهەڵواسراوی کاتێك بە ئاگا هاتمەوە شەوە وبەڕووتی لەژوورێکی بچوکدام.

ژوورەکە مەترێك بە مەترێك و نەوەد سەنتیمەتر کەمتردەبوو، دەرگایەکی ئاسنی تیدابوو بە پانیی ژوورەکە دیوارەکان نووسینی جۆراجۆری لەسەر بوو. بەتانییەکی سەربازی شڕی پیسی چڵکن کەبۆنی خوێنی لێدەهات لەگەڵ سەتڵێکی ماستی لێبوو، کەپاشماوەی میزی تێدا بوو. جلەکانم وپێڵاوەکانم لە سوچێکدا فڕێدرابوون، گوێم لەدەنگی قسەکردن بوو، خەڵک لەگەڵ یەکتریدا دەدوان بە دەنگێکی نزم هەندێکیان نزیک وهەندێکیان دوور.

یەکێك لەدەنگەکان ژمارەیەکی...گوت. ئەو برادەرەی کەتازە هێناویانە هەر وەڵام ناداتەوە، وادیاربوو پێش ئەوەی من بەئاگابێمەوە، هەوڵیان دابوو قسەم لەگەڵدا بکەن، بەڵام من بێئاگابووم.

هێزم دایە بەرخۆم و وەڵامم دایەوە، گوتم: بەڵێ کاکە، دەنگەکە وەڵامی دامەوە و

گوتی بارت چۆنە؟ منیش گوتم: خراپ نییە، بەڵام ئازارم زۆرە.

دوایی زانیم ئەو برادەرە ناوی محێدینە، دوکانی دارتاشی هەبوو لە ژێرزەمینێك لە گەڕەکی تووی مەلیك.زۆر سودم لێوەرگرت، کۆمەڵێك زانیاریی پێدام دەربارەی لێکۆڵینەوە وجۆرەکانی ئەشکەنجەدان وهەروەها کاتەکانی هەندێك ڕێگای پیشاندام بۆپارێزگاریکردن لەقۆڵەکانم بۆ ئەوی لەکارنەکەون.منیش هەندێک هەواڵی دەرەوەم پێدا لەوانە مردنی وەزیری بەرگری عێراق.



فەلاقە کردن
شێوازێکی باوی ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسی
لە دەزگای ئاسایشی ڕژێمی پێشوو

-٢٥-

هەر ئەو شەوە زیندانییەکانی ژووری تەنیایی(ئینفرادی) ژمارە "٨"یان بۆ من دانا، هەر چەندەمن بۆخۆم لە ژووری ئینفرادی ژمارە یەکدا بووم، بەڵام وادیارە ژمارەکانی درابوو بە زیندانییەکانی ژوورەکانی دیکە، واتە ژمارە بە پێی ڕیزبەندیی ژوورەکان نەبوو. مەبەست لە ژمارە دانانی زیندانییەکان تەنها بۆ قسەکردن بوو لەنێوەندی خۆیاندا، بۆ ئەوەی ناوی یەکتری نەڵێن. ئەگەر پاسەوانەکان گوێبیستی ناوێک بوونایە، ئەوا دەهاتن ئەوکەسەیان ئازار دەدا ئاخر قسەکردن قەدەغە بوو.

بەپێی قسەی زیندانییەکان کاتی خۆی ئەم جێگایە قوتابخانەبووە، بەڵام ئێستا کراوە بەبەندیخانەی ئەمن. ژووری وانە گوتنەوە، کراوە بە ژمارەیەك هۆڵ بۆ زیندانییەکان، ئاودەستەکانیش ئەم ژووڕە ئینفرادیانەیە کەئێمەی تێداین.هەر بەپێی قسەکانی ئەوان، تاکو سبەی شەو من نابڕێم بۆ لێکۆڵینەوە، ئاخر بەڕۆژ زیاتر لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوکەسانە دەکرێت کە ئەو ڕۆژە دەستگیردەکرێن، بۆئەوەی بە گەرماوگەرم زانیارییان پێبدرکێنن. پێش ئەوەی ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەن پێبزانن کە ئەوکەسە دەستگیرکراوە و ئەوان فریای خۆیان نەکەون.

کات لەم حاڵەتانەدا ڕۆڵی سەرەکی وگرنگی هەیە.

ڕۆشنایی بەرەبەیان دەرکەوت، لە بۆشاییە کەمەکانی دەرگا ئاسنەکە کەلایەکی ژوورەکەبوو، گوێبیستی جریوەی چۆلەکەبووم. هەوڵم ئەدا سەیری دەرەوەبکەم لەو بۆشاییانەوە، من نەمدەزانی دەرەوەی ژوورەکەم چۆنە، ئەم ڕووناکییەو جریوەیە چۆن دەگاتە ئێرە؟ کەزیاتر لێی وردبوومەوە ئەوکاتە بینیم، کە بەدووری مەترێك لەدەرگای ژوورەکەمەوە دیوارێک هەیە. لەبەشی سەرەوەی نزیکەی بیست سانتیمەترێک بۆشاییە لەنێوان دیوارەکەو بنمیچەکە«سەقفەکەدا». لەوێوەیە ڕۆشناییەکە وهەروەها جریوەی چۆلەکەکان دێنە ژوورەوە بۆلای من.

وردە وردە دەنگی پاسەوانەکان دێت، بە عەرەبی قسەیان دەکرد، جووڵە لەدەرەوە دەستیپێکرد. ئەوەندەی پێنەچوو دەرگای ژوورەکەم کرایەوە، پاسەوانێک بەجلێکی

خاکییەوەو کۆمەڵێك کلیل بەدەستییەوە گوتی:(انهض جنابك مشرفنا جدید)هەستە جەنابت تازە تەشریفت هێناوە. منیش هەوڵم دەدا هێز کۆبکەمەوەو هەستمە سەرپێ. ئاماژەی بۆسەتڵی ماستەکە کرد کەبۆ میزکردن بەکاردەهێنرا گوتی:(جیبها ویاك) بیهێنە لەگەڵ خۆت. ئەوکاتەی ویستم لەدەرگای ژوورەکەوە بێمە دەرەوە، واپێویست بوو پێم بەرزبکەمەوە، ئاخر بەردەرگاکە بەرزتر بوو لە ناو ژوورەکە. ئەوکاتە هەستم بەئازارێکی زۆرکرد، پاسەوانەکەش دەیگوت(یلا گواد استعجل) یەڵڵا گەواد خێراکە، کەوتمە هەنگاونان وسەتڵی میزەکەش هەر بەدەستمەوەیە. پاسەوانەکە دوو وشەی ئەگوتەوە(دنگ، استعجل)سەردانەوێنە وپەلەبکە. بردمی بۆ ئاودەستێکی پیس وگوتی(الك تللت دقائق)سێ خولەکت بۆ هەیە.

کە لەسەرئاودەستەکە دانیشتم هەستم کرد شتێك لەگیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکەمدایە، پاسەوانەکەش بەردەوام بوو لە گوتنی وشەی(یلا خلص)دەی تەواوبە. هاتمە دەرەوە بەسەتڵەکەوە بردمییە بەردەم دەستشۆرێکی چیمەنتۆ، چەند بەلۆعەیەکی ئاوی لەسەربوو، بەپەلەپەل دەست وچاوم شت. دوای ئەوە بردمی بەرەو ژوورەکەم، لەڕێڕەوەکەدا نزیکی ژوورەکەم، پاسەوانێکی دیکە زیندانییەکی ئینفرادی هێنابووە دەرەوە،لەوێدا تووشی یەکتری بووین، بەڵام نەمتوانی بەتەواوەتی ڕوخساری ببینم. ئاخر لەوکاتەدا ئەو پاسەوانەی کەلەگەڵ من بوو بەدەستی سەرمی پێدانەواندم بۆ ئەوەی نەیبینم.

دەرگای ژوور داخرایەوە لەسەرم، هەوڵم دەدا لەدرزی دەرگاکەوە سەیری زیندانییەکانی دیکە بکەم کە دەیانبردن بۆسەرئاو و ئەیانگەڕاندنەوە، بەڵام هیچ کەسم لەوانەنەدەناسی.

ئێستا دەزانم دەرەوەی ژوورەکەم چۆنە، ژوورەکەم نزیکەی دەمەتر لە ژووری لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانەوە دوورە، دارتووی حەوشەکەم لێوە نزیکە. بیرم هاتەوە سەیربکەم بزانم چی لەگیرفانی پانتۆڵەکەمدایە، کاتێك سەیرم کرد پارەکەی خۆمە هێشتا لە گیرفانمدا ماوەو پێیان نەزانیوە. لەپێنج سەد دیناری سویسری زیاتر بوو، هەرهەمووی بیست وپێنج دیناری بوو. لەو هەزار دیناڕە مابوویەوە کەکاتی خۆی لەئەبو تالیبم وەرگرتبوو. لەسەرێکەوە زۆر دڵخۆش بووم کەپێیان نەزانیوە، ئاخر ئەمە بۆی هەبوو ببێتە پرسیارێك، بەتایبەتی پارەکە لەسەر ڕەقەم بوو، واتە سەرچاوەکەی بانقە، بەڵام

ئێستا من لەم ژووره ڕەق و تەقەدا چی لێبکەم؟ ناکرێت لەناو بانتۆڵەکەمدا بیهێڵمەوە، ئاخر لە کاتی ئەشکەنجەداندا جلەکانم لەبەر دەکەنەوە.

لەم بیرکردنەوەیەدا بووم دەرگاکە کرایەوە، سەمون و قوتوویەك ماستی بچوکیان فڕێدایە ژووروە، دیارە ئەمە نانی بەیانییە، من هیچ هەستم بە برسێتی نەدەکرد، کەوتمە بیرکردنەوەی ئەوەی چی لەم پارەیە بکەم؟

شێوازێکی ئەشکەنجەدانی لەدەزگای ئاسایشی رژمێی بەعسدا

-٢٦-

وام بەبیردا هات کە ئێوارە ئەمبەن بۆ سەرئاو، پارەکە فڕێبدەمە ناو ئاودەستەکەوە. هەر چەندە ئەمە کارێکی گونجاو نەدەبوو، بۆی هەبوو ئاودەستەکە بگیرێت، یاخود پاسەوانەکە بمبینێت، نەدەکرا پارچە پارچەی بکەم، ئەوکاتە قەبارەکەی زۆر ئەبێت ولەکاتی خستنە ناوئاودەستەکەوە ماوەیەکی زۆرم پێدەچێت، منیش ئەو ماوەیەم نابێت(یلا استعجل)، دەی تەواوبەی، پاسەوانەکە لەسەرسەرمە.

بیرم لە ڕێگایەکی دیکە دەکردەوە سەرنجی پلێتی درگاکەم دا لە نێوانی شوێنی لەحیمێک و لەحیمێکی تردا لە هەندێک شوێندا بۆشاییەکی تێدایە.دیاربوو ئەوشوێنانە لەئەنجامی گەرما و سەرمادا ئاوساون، یەک بەیەکی پارەکان کە بیست وپێنج دیناری بوو، خستمنە نێوەندی پلێتەکانەوە، ئەم کارە زۆری پێچوو. ئاخر هەریەک پارچە کاتی دەویست تا باش بیئاخنمە ناو کەپسی دەرگاکەوە، هەستم بەهەرجوڵەیەک بکردایە لەدەرەوە کارەکەم ڕادەگرت. ترسی ئەوەم هەبوو کە دەرگاکەی من بکەنەوە، بەردەوام بووم تاکو دوا دوو بستو پینجی مایەوە. ئەم دوانەم شاردەوە هەر یەکەی لە بنی ناوکەفی یەکێک لەپێڵاوەکانم، لەشوێنی بنی پەنجەکانی پێم، کاتێ کە لێبوومەوە هەستم بەسەرکەوتنێکی گەورە دەکرد.

بیرم لەلای سەلام و هەندرێنی برام بوو، نەمدەزانی چییان لێبەسەرهاتووە، ترسی زیاترم لەسەر هەندرێن بوو، سەلام شتێکی ئەوتۆی نەدەزانی دەربارەی پەیوەندییەکانم بە بێچەوانەی هەندرێنەوە. ترسێکی دیکەم لەسەر ڕێزانی هاوسەرم بوو، پێم سەیر بوو لێیان نەپرسیم دەربارەی ئەو. نەیانپرسی خێزانت هەیە یان نا، وە ترسێکی دیکەم لەسەر شەهید سەعدون بوو، سیانزەی ئەم مانگە دێت بۆلام بۆ سلێمانی. نەمدەزانی کە ئاخۆ ئەمن ئاگاداری ئەم دیدارە بێت یان نا!؟

بۆیە دەبێت من خۆڕاگربم، بەلایەنی کەمەوە شەڕی کات بکەم، ئێستا ئەمە ئەرکی منە. لە جەولەی یەکەمدا سەرکەوتوو بووم، لە دووەمیشدا ئەبێت وابێت. شتێك هەبوو وا ئێستا لێرە هەستی پێدەکەم، ئێمە لەدەرەوە بۆ ناشیرینکردن و سەلماندنی درندایەتی

وێنەیەکی دەرگای زیندا لەدەزگای ئاسایشی رژێمی پێشوودا جێی هەوا گۆڕکێ و وەرگرتنی ژەمە خۆراکی رۆژانە تەنیا ماوەیەکی کورت و دیاریکراو دەکرایەوە

ڕژێم، ئەوەمان بڵاودەکردەوە لە نێوان خەڵکیدا کە (ئەم ڕژێمە یەکێك بگرێت شێوازی ئەشکەنجەی وای هەیە هەر ئەبێت -ئیعتراف بکەیت- دان بە نهێنییەکاندا بێنیت) بڕواهێنان بەم قسەیە گیانی بەرگریی لاواز دەکرد، هەر خۆیشیان جەلادەکان واتپێدەڵێن (تعترف راح تعترف مو اليوم باچر) دانی پێدادەنێیت، هەردانی پێدادەنێت، ئەمڕۆ نا سبەی.

وادیارە ئێستا لە هەرە کاتە خراپەکانی ئەشکەنجەدان نییە، بەپێی ئەوەی باسیان دەکرد، پێشتر لەکاتی شەڕی عێراق-ئێراندا ئەشکەنجەدان لەئێستا خراپتر بووە.دەزگا ئەمنییەکان بەپێی ڕێنماییەکان ڕەفتار دەکەن، نەك بەپێی یاسا، جاری وا هەیە پێیاندەڵێن بۆتان هەیە لەسەدا پەنجا لەژێر ئەشکەنجەدا بمرێت، یان زیاتر یان کەمتر.

ئەفسەرە بچوکەکان زیاتر ئەشکەنجە بەکار دەهێنن بۆ نهێنی درکاندن، لەبەر کەمی شارەزایی و سەلماندنی توانایان وهەروەها بەرزکردنەوەی پلەکانیان. ئاخر سەرکەوتن لەهەر کەیسێکی لێکۆڵینەوەدا، چوونە پێشەوە بۆ ئەوان دەستەبەر دەکات.تاکو ئەم کاتە

لای ئێمە هێمنە، نەکەسیان هێناوە نەکەسیان بردووە جارجار هەستبە جوڵەو هاتوچۆ لەحەوشەکەدا دەکرێت.دەرگای ژوورەکەم کرایەوەسەتڵە ماستێکیان دامێ لەبنەکەیدا هەندێک برنج و شلەی تێدا بوو کرابوون بەسەریەکدا، دوای ئەوە دەرگاکەیان داخستەوە. من هێشتا ماستەکەی بەیانیم نەخوارد بوو، هەر چەندە ئارەزووی خواردنم نەبوو، بەڵام بەباشم زانی نان بخۆم. ئاخر چۆن ئەبێت من نیازی بەرگریم هەبێت و نان نەخۆم، ئێستا شەڕی من ئێرادەو جەستەیە بەیەکەوە.

هەرئەوندەی دەستمکرد بەنانخواردن، لەگەڵ هەر پاروویەکدا تامی خواردنەکە خۆشتر دەبوو ماستەکەی بەیانیشم خوارد، هێشتا ئارەزووی خواردنی دیکەم دەکرد لەمکاتەدا زۆر پێوستم بە چایەک بوو.!هەر بواریکی بچوک بڕەخسایە بۆ قسەکردن ئینفرادییەکانی دیکە پرسیارێکیان لێدەکردم یان من پرسیارم دەکرد. ئەوانەی ئیستا ناویانم لەبیر ماوە محێدینە، مامۆستا ئەحمەدی سەناعەیە، کامەرانەسورە، کامەران ئامرمەفرەزەی تەواریی بوو. خۆی و دووکەسی دیکەی مەفرەزەکە بەناوی سەلام و بەرزان لەسەر کوشتنی یەکێك لە چەکدارەکانی مەفرەزەکەی گیرابوون.

دنیا بەرەو تاریکی دەچوو جموجۆڵ بەگەرمی دەستی پێکرد، دەنگ وهاواری ئەشکەنجە ئەگەیشتە لای ئێمە، وادیارە ئاهەنگی جەلادەکان دەستیپێکردووە، ترس و ئاوازی تەپڵ لێدانی دڵمان دەکەوتە ژەنین، لەگەڵ هەموو هاوارێکی ئەوانەی ئەشکەنجە دەدران منیش لە ناوەوە هاوارم دەکرد.نازانم کات چەندە، دەرگای ژوورەکەم کرایەوە، گوتیان(اتلع برە) وەرە دەرێ.

-٢٧-

پاش ئەوەی لەژوورەکە چوومە دەرەوە لەگەڵ پاسەوانەکەدا دەڕۆیشتم، لەڕێگا کەهەمووی دەمەترێک دەبوو گوتی: (ابویه لا تعذب نفسك گول الصدگ) باوکەکەم ئازاری خۆت مەدەو ڕاستییەکان بڵێ، دیاربوو ئاوا فێرکرابوو، منی برد بۆ ژووری لێکۆڵینەوە(ئەشکەنجەدان).ڕائیدڕیازو دوانی دیکەی لێبوو،ڕائیدڕیازبەزەردەخەنەیەکی دروستکراوەوە گوتی(هەلە رزگار اتفضل استریح) بەخێربێیت ڕزگار، فەرموو دانیشە، بەدەست ئاماژەی کرد بۆ یەکێك لەو دوو کورسییەی کەلەتەنیشت مێزەکەوە بوون، منیش بەبێ دوودڵی دانیشتم. من بۆخم لەوبڕوایەدا بووم، لێرە هەرچەندە مرۆڤ زۆر بەبڕوابەخۆبوونەوە ڕەفتار بکات باشترە، هەرگیز نەپارێیتەوە یاخود سوێند بخۆیت بۆئەوەی بڕوات پێبکەن. لە جیاتی سوێندخواردن تەنها ئەمگوت(صدق) بروابکە، لەجیاتی ئەوەی بڵێم (سیدی) ئەمگوت(استاذ) مامۆستا. ئەو گوتی داوای لێبوردن ئەکەین لەوەی دوێنێڕوویدا، ئێمە پێمانخۆش نییە ئازاری کەس بدەین، بەڵام چی بکەین ئەمە ئەرکی ئێمەیە، ئێمە هەموومان هاوڵاتی ئەم نیشتیمانەین پێویستە هاوکاری یەکتری بکەین، هەموو مرۆڤێك هەڵەدەکات، بەڵام زۆر گرنگە دان بەهەڵەکەی خۆیدا بنێت. سەرۆکیش خودا بیپارێزێت دڵی گەورەیەو زۆربەخشندەیە، ئێمە ئامادەین لاپەڕەیەکی سپی هەڵدەینەوە. بەردەوام بوو لەم جۆرەقسانە .....

من لەبەرئەوەی عەرەبییەکەم باش بوو پێوستیم بەوەرگێڕ نەبوو، زۆر جار گرفت بۆ زیندانییەکان دروستدەبوو کەعەرەبییان نەدەزانی وەرگێڕیان دەهێنا. لەوانە بوو بە هەڵە وەرگێڕان بۆ پرسیار و وەڵامەکان بکات، بێجگە لەوەی ئەگەر عەرەبیت نەزانیایە ڕەگەزپەرستییان بەرامبەرت زیاتر دەبوو، وەك ئەوە وابوو تاوانێکت کردبێت، بەگێل ونەفامیان لەقەڵەم دەدایت. توانای قسەکردنیان نەدەبوو لەگەڵت، زیاتر سوکایەتیان پێدەکردیت و زەبروزەنگیان بەرامبەرت بەکاردەهێنا. بەتایبەتی ئەو ئەفسەرانەی کەلە بنچینەدا لەخێزانێکی هیچ وپووچ بوون، خۆیان هیچ ئاستێکی ڕۆشنبیرییان نەبوو، لەڕێی ملشکاندن و بەعسی بوونەوە گەیشتبوونە پلەی ئەفسەری ئەمن.

ڕائید ڕیاز لەو جۆرەیان نەبوو لەقسەکردنیدا پێوەی دیار بوو، کە جیاوازە لەوانەی دیکە، ئەو ئەفسەری ئەمنی عام بوو. بەشێوەیەکی گشتی ئەفسەرەکانی ئەمنی عام جیاوازییان هەبوو لەگەڵ ئەفسەری پارێزگاکان، هەر چەندە لەکۆتاییدا هەرهەموویان ئەمن بوون ولەخزمەتی ڕژێمدابوون.گوتم مامۆستا زۆر ڕاستدەکەیت، هەر ئەو هۆکارانە بوو وایلێکردم واز لە موخەڕیبەکان(پێشمەرگە)بهێنم.منیش ئەمزانی کە ڕێگایەکی هەڵەم هەڵبژاردووە، دەمەوێت وەك هاوڵاتییەکی بەسود بژیم و لەخزمەتی وڵاتەکەمدا بم. گوتی زۆرباشە کەواتە ڕێککەوتین، ئەوە من بڕوات پێدەکەم لەماڵی باوکت دەژیتەهەر چەندەئەوان واناڵێن، بەڵام من دەمەوێت یارمەتیت بدەم، تۆیش دەبێت یارمەتی من بدەیت، پێم بڵێ ئەحمەد لە کوێیە؟ ئەم دەمانچەو بڵاوکراوانەت بۆچی بوو؟

گوتم زۆر سوپاس مامۆستا بۆ یارمەتیدانت، بڕوابکە من ڕاستیم بۆ باسکردووویت لەماڵی باوکم دەژیم و نەمزانیوە ئەم زەرفە چی تێدایە، منیش زۆرم پێخۆشە ئەحمەد دەستگیر بکەن، ئاخر ئەوکاتە ڕاستی قسەکانی منتان بۆ دەردەکەوێت. من جێگای ئەحمەد نازانم، بەڵام ئەو هەر دێت بۆسەردانم لەمەزادخانەکە بۆ ئەوەی شتومەکەکانی

وێنەی دەرگای زیندان لە دەزگای ئاسایشی ڕژێمی پێشوودا

بەرێتەوە. ئێوە دەتوانن هەموو ڕۆژێك من ببەن بۆ مەزادخانەكە، كەی هات پیشانتانی دەدەم بۆ ئەوەی دەستگیری بكەن.

بێگومان من چاك دەمزانی كەئەوان بڕوا بەیەك قسەی من ناكەن، بەڵام هیچ ڕێگایەكی دیكەم لەبەردەمدا نەبوو، یان دەبێت ڕاستییەكان بڵێم، یاخود دەبێت بە پێی توانا چەواشەیان بكەم.من دڵخۆش بووم بەوەی پرسیاری تازەی نەبوو، ئەمەش دووداڵیم لەلا ناهێڵێت لەوەی كەهیچ زانیارییەكیان دەست نەكەوتووە لەڕێگای هەندرێن و سەلامەوە. هەر چەندە شێوازی ئەمان وایە، لەسەرەتادا هەوڵدەدەن یەك شتت پێ بدركێنن، لەدواییدا هەموو نهێنییەكانت یەك لەدوای یەك پێدەدركێنن. لەكۆتاییدا دەسەڵاتت لەسەر كونترۆڵكردنی شتەكان نامێنێت و هەموو سنووورەكانی قسەكردن دەبەزێنیت.

ڕائید ڕیاز گوتی دیارە ناتەوێت یارمەتیمان بدەیت هەتاكو منیش بتوانم یارمەتیت بدەم، ناچارم بەشێوەیەكی تر ڕاستیت لێوەرگرم. بە چاو ئاماژەی كرد بۆ ئەو دوانەی لەسەرەتاوە بەپێوەبوون هێرشیان كردە سەرم، بەكێبڵ لێدان دەستیپێكرد. دوای ئەوە هەڵواسین، ئەمجارە ئەوەی تازەبووبەستنی كارەبا بوو بەنەرمایی گوێیەكانمەوە تاكو ئەوكاتەی ئاگام لەخۆم بوو وەڵامەكەم تەنها(صدق استاذ) (بڕوابكە مامۆستا)بوو.

-٢٨-

ئاگادارم و لەهەمانکاتدا ئاگادارنیم نازانم خەوە یاخود ڕاستییە، بە دوان ڕامدەکێشن لەبن هەنگڵمەوە، پاڵیان خستم لە بەردەم دەرگای ژوورەکەم. یەکێکیان چووە ژوورەوە ئەوەی دیکە کە لەدەرەوەمایەوە داینیشاندم، ئەوەی ژوورەوە ڕایکێشامە ژووری. جلەکانمیان فرێدایە ژوورەوە دوای ماوەیەك لەژوورەکەی تەنیشتمەوە بانگکرام"هەشت". ئەم هەشتە لێرە ناوی من بوو، توانای وەڵامدانەوەم نەبوو ئازارم زۆر هەبوو، بەتایبەتی قۆڵی ڕاستم دیاربوو ماسولکەکانی نێوان شانم وقۆڵم تووشی داهێزران بوون. ئەمجارە بەخواری بەلای دەستی ڕاستمدا هەڵواسرابووم هەموو قورسایی لەشم کەوتبووە سەر قۆڵی ڕاستم.

ئەبێت من ئەوە بڵێم کە هەڵواسین زۆر قورس وگران بوو بۆ ئەوانەی کێشیان زۆرو جوڵەیان کەم بووبێت، یاخود ئەوانەی لەژیانی ڕۆژانەیاندا وەرزشیان نەکردبێت. من کێشم کەم بوو لەتەمەندا هێشتا گەنج بووم و هەمیشە لە جوڵەدابووم. ئەم هۆکارانە هەمووی بەیەکەوە کاریگەریی هەڵواسین کەمتر بوو لەسەرمن بەبەراورد بەزیندانیانی دیکە.لێرە ئەم شێوازانەی ئەشکەنجەدان بە زۆری پەیڕەودەکرێت؛

-فەلاقە

-هەڵواسین، ئەمەش جۆری زۆرە.

-بەدوو دەست بەدرێژی یاخود یەك دەست.

-بەهەردوو قاچ یاخود بەیەك قاچ.

-لەسەر مێزەکەوە کەبەدوو مەچەکی بەستراوەوە لە پشتەوەهەڵدەواسرێیت ئەم جۆرەیان لەهەرهەموجۆرەکانی هەڵواسین بەئازارترە.

-بەکارهێنانی کارەبا لەشوێنە هەستیارەکانی جەستە، لەنەرمایی گوێیەکان، پێستی ورگ، یاخود ئەندامی نێرینە،ئەمەیان بێجگە لە ئازاری جەستەیی کاریگەری دەروونیشی هەبوو. ئاخر وا تێتدەگەیەنن کەبەم ئەشکەنجەدانە لەپیاوەتی دەکەویت.

-پاڵتدەخەن لەسەردەم و دەچنە سەرپشتت و قاچەکانت، دوای ئەوە

دەستەکەلەپچەکراوەکانت لەدواوە ڕادەکێشن، بەرەو پشتی سەرت.

-سوتاندن بەجگەرە.

-شکاندنی پەنجە.

-کەلەپچەکردنت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەڕێڕەوەکەدا دەتبەستنەوە هەریەکێکیان بێت وبچێت، شەقێک یاخود چەپۆکێکت پێدا دەکێشێت یاخود تفێکت لێدەکات.

-ئەمە جگە لەچاو بەستنەوەو سوکایەتی دیکە وەك ئەوەی دەڵێن ئەبێت وەک سەگ بووەڕە یان وەك کەر بزەڕە. هەڵبەتە هەر ئەفسەرێک داهێنانی خۆی هەبوو لەڕەفتارە نامرۆڤایەتییەکاندا وەك چاوت ببستنەوەو پێت بڵێن گولەبارانت دەکەین، چەکت لێڕابکێشن ودوایی بتهێننەوە. بێگومان ئەشکەنجەی درووونیشیان بەکاردەهێنا وەك هەڕەشەکردن بەوەی دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر خوشکەکەت یان هاوسەرەکەت.

دانانی مرۆڤێك لەزیندانی ئینفرادی، جگە لەوەی مەبەستیان ئەوەیە دەنگت نەگاتە کەس لەهەمانکاتدا دەنگی کەسیش نەگاتە تۆ. خۆی لەخۆیدا ئەشکەنجەیەکی دەروونی بوو ئەوکاتانەی کە مرۆڤ بێبەش دەبێت لەسۆزی خێزان ودەورو پشتی هەروەها لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندادەبڕێت. ئەوکاتەی بەند دەکرێیت لەچواردیواری کەمتر لەدوومەتر دەژیت، ڕۆژانە ئازاری جەستەیی دەدرێیت.هەروەها لەمەترسیی لەدەستدانی ژیانت بۆ هەتاهەتایە لەهەموو کاتێك زیاتر پێوستیت بەپەیوەندییە

شـوێن و بارودۆخـی زیندانیـان لـەنێو زینـدان، پـاش ئـەشـکـەنجـە

کۆمەڵایەتییەکانە، پێوستییت بەخەڵکە بەکەسێکی دیکە هەست بەئازارەکانت بکات، دەستێك بەسەرتدابهێنێت و وشەیەکی سۆزو خۆشەویستی ودڵنەوایت پێبڵێت.ڕاستە کەسانێك هەبوون لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان دەسپارد، بەبێ ئەوەی وشەیەك بدرکێنن، لە هەمانکاتدا کەسانێکی زۆر هەبوون لەژێر زەبری ئەشکەنجەدا دانیان دەنا بەئەنجامدانی کارێکدا، کە بەهیچ شێوەیەك ئەوکارەیان نەکردبوو.

من لەمکاتەدا زۆر پێوستیم بە یەکێک هەبوو کەلەگەڵیدا بدوێم، بۆیە هەر چۆنێك بوو بانگی ژمارە چوارم کرد، ئەو پێش چەند کاتژمێرێك بانگی منی دەکرد، بەڵام من توانام نەبوو وەڵامی بدەمەوە. بە پێی شارەزایی ئەو، پشنیاری هەندێک جوڵەی بۆ دەکردم کەئەنجامی بدەم، ڕەنگە یارمەتی قۆڵەکانم بدات بۆئەوەی لەکار نەکەون، تەنها گوێبستی یەکێك بم زۆر گرنگ بوو بۆ من لەوکاتەدا.

ڕۆژ بوویەوە دەرگایان کردەوە بۆ ئەوەی بمبەن بۆ سەرئاو، هێشتا من ڕووت بووم، ئاخر توانام نەبوو جلەکانم لەبەرکەم و بچم بۆ سەرئاو، زیندانییەکی دیکەیان هێنا یارمەتیم بدات.کاتی نانخواردن توانای ئەوەم نەبوو بەدەست خواردنەکەم بکەم بەدەممەوە، دەستەکانم دەممی نەدەدۆزییەوە، ناچار بووم دەمم بەرم بەرەو دەستم.

چاوەڕێی شەو بووم کەبمبەن بۆلێپرسینەوەو ئەشکەنجەدان، هاوار بەبەردەوامی دەهات لەژووری ئەشکەنجەدانەوە و بە تەواوەتی هەراسانی کردبووین.هێشتا ئینفراداییەکانی ئێمە باشتر بوو، ژووری ئینفرادیی هەبوو لەتەنیشت ژووری ئەشکەنجەدانەوە بوون، ناویان لێنابوون شیراتۆن. لێکۆڵینەوەیان دەکرد لەگەڵ یەکێک کەناوی نیزام بوو، پێدەچوو حاکم بووبێت لەگەرمییان لە ڕێکخستنی حیزبی سۆشیالیستدا بوو لەگەڵ مەجیدی ئەوقاف.ئەوشەوە من لە ناو میوانەکانی ئاهەنگی نامرۆڤانەی ژووری ئەشکەنجەدان نەبووم.

بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی هاتن ومنیان برد لە ژوورەکەدا زەلامێکی سورەی ناشیرینی مۆن دانیشتبوو بەدەموچاویدا وادیار بوو کەلەژیانیدا پێنەکەنیوە، گوتی دانیشە دوای ئەوەی دانیشتنم گوتی من مولازم ئەحمەد الدوریم.

-٢٩-

لەدەزگای ئاسایشی ڕژێمی سەدام بەشی(شعبە)تایبەتی تیدابوو، بۆ هەرحیزبێك لەحیزبەکانی کوردستان وعێراق، مولازم ئەحمەد الدوری ئەفسەری بەشی شیوعییەکان بوو لە فەرمانگەی ئاسایشی سلێمانی .هەمیشە دانەکانی جیڕدەکردەوەو بەشێوەیەك لێی دەڕوانیم نەمدەزانی ئاخۆ ئەوە ڕق بێت، یاخود بەزەیی بێت بەو حاڵەی کە ئێستا منی تێدام، پرسیار لەسەر پرسیار ئاراستەی دەکردم.هەر لەسەرەتاوە زانیم هاتنی ئەو بۆئەوەیە کەزانیاریی کۆبکاتەوە.

بەوە دەستپێکرد، نەڵێیت من نانەوا بووم یاخود خواردنم ئامادە دەکرد بۆ پێشمەرگە(مخربین) و ئاگام لەهیچ نییە. وادیاربوو کە زۆربەی ئەوانەی ئەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجامدابوون وایانگوتبوو.ئەو پرسیارانە شتی گشتی بوون یاخود لەڕابردوودا ڕوویدابوو، زیانی بۆکەس نەبوو. تاکو ڕادەیەك وەك خۆی وەڵامم ئەدایەوە، بەڵام ئەوانەی بەنهێنیم دەزانی، وەڵامەکانم دەبردە لایەکی دیکەوە، زیاتر چەواشەکاریم تێدادەکرد. زۆر پێداگری دەکرد لەسەر زانیاریی دەربارەی ئەو پێشمەرگانەی کە بەبڕیاری لێبوردن ڕادەستی ڕژێم ببونەوە، وەڵامی من ئەوەبوو من نایانناسم. هیچ هەڕەشەی لێنەدەکردم لەسەرەتای دانیشتنەکەمان بەچاوێکی نزم تەماشای دەکردم، بەڵام لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا هەستم بە گۆڕانکاری دەکرد لەتێروانینی بەرامبەرم.

ئەمنی پارێزگاکان پێیانخۆش نەبوو ئاسایشی گشتی(امن العامه) ڕۆڵی هەبێت لەپارێزگاکاندا، ئاخر ئەوان بە سوکایەتیان دەزانی کاتێک ئاسایشی گشتی زانیاریی هەبێت وکەسێك دەستگیربکات و ئەوان ئاگادار نەبن، بۆیە بەناچاریی هاوکارییان لەگەڵ دەکردن.ئەم ناکۆکییە زیاتر لەنێوان ئاسایش وهەواڵگری(امن، استخبارات، مخابرات) تووندتربوو،هەر چەندە هەر هەموویان دەزگای ئاسایش بوونولەژێر فەرمان وخزمەتی ڕژێمدا بوون.

چەند ڕۆژێکە کەس نایەت بەلای مندا و ئازارم کەمترە، بڕینەکانم قەتماغەیان بەستووە. ئەمە لەڕووی جەستەییەوە هەرچی لەڕووی دەروونییەوەیە، گۆڕانکارییەکی

ئەوتۆ ڕووینەداوەو دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە هەروەها دەنگی ئەشکەنجە بووەتە ئاوازە تراژیدییەکانی شەوانەمان.لێکدانەوەی خۆم بۆ بانگ نەکردنم بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان دەگەڕاندەوە بۆ ئەم ئەگەرانە :-

-نەبوونی هیچ زانیارییەکی نوێ دەربارەی من.

-ڕائید ڕیاز مۆڵەت(ئیجازە) بێت، یاخود سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بێت لەگەڵ دستگیرکراوە نوێیەکاندا.

-یان دەزانن لەئێستادا جەستەم بەرگەی لەمەزیاتر ناگرێت.

هۆکارەکان هەرچییەك بێت، ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو لەمکاتەدا، نزیکبوونەوەی سیانزەی مانگ، واتە ڕۆژی دیدارەکەم لەگەڵ شەهید سەعدون لەسلێمانی.شەوداهات دەرگای ژوورکرایەوەو کەلەپچە کرایە دەستم پاسەوان چرکەی لێوە نەدەهات. هەروەها منیش دەمەتری ڕێگاکەم بڕی بەرەو ژووری لەمرۆڤخستن بەدەستەی مرۆڤە دەروون نەخۆشەکانەوە چاوەڕێیان دەکردم.

ڕائید ڕیاز گوتی(ها رزگار ئرتاحێت؟ هەسە شلۆنك؟) ها رزگار پشوتدا؟ ئێستا

وێنەی زیندانییەك لەکاتی ئەشکەنجەداندا

چۆنی؟

گوتم (هەل ئتشوفنی استاذ)، وەك دەمبینیت مامۆستا.

هەمان داواکارییەکانی پێشووی دووبارەکردەوە منیش هەمان وەڵامەکانی پێشووم دایەوە لێدان دەستی پێکرد، بەڵام ئەم جارە هەڵواسینی تێدا نەبوو. کاتێك شەکەت وماندوو بوون بەدەستمەوە منیان بردەوە ژوورەکەم، بۆ یەکەمجار بوو دوای لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان ئاگام لەخۆم بوو.ڕۆژ بووەوە ئەمڕۆ سیانزەی مانگە، زۆر بەلامەوە گرنگە ئەمڕۆ تێپەڕێت، دەرگا کرایەوە سەتڵی ماستەکە، کە نانی تێدابوو خرایە ژوورەوە، بەوەدا زانیم کاتژمێر لە دوانزەی نیوەڕۆ لایداوە هێشتا نزیکەی سێ کاتژمێری ماوە، بۆ دیدارەکەم لەگەڵ شەهید سەعدون.من ترسەکەم لەوەوە هاتووە، کەنازانم ئەمانە چی دەزانن، ئەگەر بێتووئەمرۆ بڕوات و هیچی تازە ڕوونەدات، ئەوا دڵنیا دەبم لەوەی کە ئەمان هیچ شتێك نازانن لەسەر پەیوەندییەکانم.

-٣٠-

تاریک داهات جوڵەو هاتووچۆ لەدەرەوە دەستیپێکرد، وەك شەوەکانی پێشتر هاوار بەرزە دەبوەوە لەژووری ئەشکەنجەدان، بۆ ماوەیەك خامۆش دەبوو دووبارە دەستی پێدەکردەوە.هەستم ڕاگرت لە بەردەم دەرگای ژوورەکەم بێدەنگ و بێچرکە، هەوڵم دەدا لە درزی نێوان دەرگاکەو چوارچێوەکەیەوە شتێك بەدی بکەم. چاوەڕێ دەکەم ئێستا نا، تۆزێکی دیکە، دێن و دەمبەن، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە دەنگی هاوار لەژووری ئەشکەنجەداندا کپ دەبوو.وا ئەمشەویش بەرەو تەواو بوون دەڕوات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سیانزەی مانگ ئەوە ڕووینەدا کە من لێیدەترسام ئەوەی مەبەستم بوو، زانیارییان هەبێت دەربارەی دیدارەکەی من وشەهید سەعدون، بەمە یەکێك لەگومان ومەترسی ودڵەڕاوکێم کەم دەبێتەوە.

دوو شەو ڕابوورد من لێپرسینەوەم لەگەڵدا نەکرا، نازانم ئەم شەوچۆن دەبێت. من دوو خواستی جیاوازم هەیە، لەلایەك پێمخۆشە کە نامبەن بۆلێکۆڵینەوە، لەلایەکی دیکەوە ئارەزوومە بزانم چی تازە دەزانن دەربارەی من.ئەوە بوو هاتن و بردیانم، بەڵام ئەمشەو بۆ ژووری ئەشکەنجەدان نەبوو، بۆ حەوشەی بەندیخانەکەبوو.ڕائید ڕیاز لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، ئەوانەی کە هاوینان لە باخچەکاندا بەکاردەهێنرا. گوتی دانیشە. منیش لەسەر زەوییەکە دانیشتم، ئاخر کورسیی دیکەی لێنەبوو هەتاکو لەسەری دانیشم. دەستیکرد بەقسەکردن وگوتی(ابنی رزگار لەتعذب نفسك ولتعذبنا ویاك (کوڕم ڕزگار خۆت ئازار مەدە و ئێمەش بەخۆتەوە ئازار مەدە، ئێمە دەزانین تۆ ئەم دەمانچەیەت بۆ زاهیر هێناوە، گوتم زاهیر کێیە؟ بەتووڕەییەکەوە گوتی هەر بەردەوامی لەسەر درۆکردن؟

پێتخۆشە زاهیر بێنمە بەردەمت؟ گوتم بەڵێ.

بۆجاری دووەم بەتووڕەییەوە گوتی(لا تصیر زمال) کەر مەبە، تۆ شتت لە ماڵی زاهیر دانابوو. گوتم شتی چی؟

ئەمجارە هەستایە سەر پێ وگوتی گوێ بگرە ڕزگار برۆ بیربکەرەوە تا سبەینێ، ئەگەر هەمان وەڵامەکانی ئەم شەوت هەبێت، ئەوا خراپت بەسەر دێنم، بەپاسەوانەکانی گوت

بیبەنەوە.پاسەوانەکان منیان بردەوە بۆ ژوورەکەم، ئەوەی ئێستا دڵنیام لێی ئەوەیە کەزاهیر دەستی هەیە لەدەستگیرکردنەکەمدا، هەرچەندە من لەسەرەتاوە گومانم لێیهەبوو، بەڵام نەمدەویست بڕوا بەخۆم بهێم،بەڵام ئێستا گومانم لا نەما.زاهیر لە جیاتی ئەوەی تۆڵەی شەهید ئەکرەمی برای لەجەلادەکانی بەعس بکاتەوە، منی دایە دەستیان. هەرچەندە من ویستم یارمەتیبدەم.

ئێستا ئەبێت من نەخشەکەم بگۆڕم، بەپێی ئەم ناپاکییە و بەپێی لێکدانەوەم زاهیر بەتەنها نییە، ئەبێت یەکێک یاخود چەند کەسێکی دیکەی لە پشتەوە بێت. ئاخر بەبڕوای من زاهیر لە توانایدا نەبوو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشی گشتی(امن العامه)وە بکات، ئەگەر لە ڕێگای یەکێکی دیکەوە نەبێت .بۆ ڕۆژی دوایی شەوەکەی هەر لەگەڵ دەرگا کردنەوەیان دایانگرتمەوە بە شەق و زلەو جنێو هەتاکو بەردەمی ڕائید ڕیاز، لە ژووری ئەشکەنجەدان ڕائید ڕیاز گوتی بیرت کردەوە؟

گوتم بەڵێ.

گوتی زۆر باشە، دەمەوێت لە دەمی خۆتەوە بیبستم بۆ ئەو دەمانچەیەت دا بە

وێنەی ئەشکەنجەدانی زیندانییەك بەشێوەی هەڵواسین بە قولاپدا

زاهیر؟

گوتم شتی وانییە، هەر شتێکیان گوتبێت درۆیە. لەڕاستیدا من پێم خۆشبوو بڵێم وایە، بەڵام چاک دەمزانی کە ئەم مەسەلەیە لێرەدا کۆتایی نایەت و شتی دیکەی بەدوادا دێت، لەبەرئەوە ئەو درۆیەی کەلە سەرەتاوە کردوومە ئەبێت بەردەوام بم لەسەری تاکۆتایی. نابێت کەسی دیکە بێتە ناو ئەم بازنەیەوە، ئەگینا بە هیچ جۆرێك کونترۆڵ ناکرێت. گوتی زاهیر دەهێنمە بەرامبەرت، گوتم هەر کەسێك دەهێنیتە بەرامبەرم بیهێنە، وەڵامی من هەرئەوەیە، لەبەر ئەوەی من ڕاستییەکەم بەئێوە گوتووە.

ئەوان دەیانویست لە خاڵێکەوە لەگەڵ من دەستپێبکەن ئەگەر بێتوو بچوکیش بێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەکلیلێک هەموو دەرگاکان بکەنەوە، منیش لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە ئەو کلیلەیان نەدەمێ.هەر چەندە ئەوان دەرگاکانیان لێوە دیارە. دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانم، بەهەڵواسین و کێبڵکاری دەستیپێکرد، بە کارەبا لێدان وبە بوورانەوە کۆتاییهات.

-٣١-

چاوم کردەوە لەسەر چرپایەك (قەرەوێڵە) ڕاکشابووم، دەستی راستم بەستراوەتەوە بە چرپاکەوە و پاسەوانێکم لەلاوەیە. لەشوێنەکە ورد بوومەوەبینیم هۆڵێکە و دەوروپشتم هەر هەمووی قەرەوێڵەیەو نەخۆشیان لەسەرە، دکتۆر وبرینپێچی لێیەو خەریکی چارەسەریانن. چەند کەسێک بەجلی سەربازییەوە هاتووچۆ دەکەن، ئێستا تێگەیشتم کەمن لە نەخۆشخانەم. بەپێی دەموچاوەکان وجلوبەرگەکانیان بێت ئەمە نەخۆشخانەی سەربازییە.

زۆرم تینوو بوو، ڕوومکردە پاسەوانەکەو داوای ئاوم لێکرد، گوتی ئەوە بەئاگا هاتیتەوە؟ گوتم بەڵێ. گوتی ئەبێت لەدکتۆر بپرسم، پاسەوانەکە دووركەوتەوە بۆئەوەی لە دکتۆر بپرسێت، قەرەوێڵەکەی تەنیشتم چۆڵ بوو، بەڵام ئەوەی ئەولاتر نەخۆشێکی لەسەر بوو، زۆر بە خێرایی لێمپرسی ئێرە کوێیە؟ گوتی نەخۆشخانەی سەربازی سلێمانییە. گوتم من ناوم ڕزگارەو مالّمان لەسەرچناره، بەدەرفەتم زانی وا بڵێم، ئەگەری ئەوەم دانا لەئەملاو ئەولا باسی بکات و بگاتەوە بەدەمی یەکێک کەمن بناسێت.

پاسەوانەکە هاتەوەو دکتۆرەکەی لەگەڵدا بوو، هەندێک پرسیاری دەربارەی تەندروستیم لێکردم، منیش وەڵامم دایەوە. پشکنینی لێدانی دڵی بۆکردم و گوتی ئێستا باشتریت، وادیاربوو چەند دەرزییەکیان لێدابووم، هەستم بەدەستەکانم و قاچەکانم نەدەکرد، دکتۆرەکە گوتی دەتوانێت یەك پەرداخ ئاو بخواتەوە.زۆری پێنەچوو هاتن بۆ ئەوەی بمبەن، هەر چەندە دکتۆرەکە گوتی، هێشتا مەترسی لەسەرماوە، گوتیان فەرمانە. دکتۆر گوتی کەواتە ئەبێت ئەم حەبانە وەربگرێت.

هەڵیان گرتم و فڕێیاندامە ناو ئۆتۆمبیلێکەوە بەرەو فەرمانگەی ئاسایش(دائرە الامن)، دوای ئەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. بەبەردەوامی ئازارم زیاد دەبێت، ئێستا هەستدەکەم قاچم پێوەیە، بەڵام هەردوو دەستەکانم لە قۆڵمەوە هیچ هەستێکم پێنەدەکرنئیفلیج بوون، زۆر تینومەو ژانە سەرێکی زۆر بەهێزم هەیە.لەژوورەکەی تەنیشتمەوە ژمارەکەم بانگکرا، هێزم کۆکردەوەو وەڵامم دایەوە، گوتی ئەوە چیت لێهات؟ گوتم لە نەخۆشخانە بووم.

گوتی له دوێنێ شەوەوە، ئەوکاتە زانیم ئەمە ئەو شەوە نییە کەبردیانم بۆ لێکۆڵینەوە شەوی دوای ئەوەیە.ڕۆژبووەوە بەو هەموو ئازارەوە هەرچۆنێك بوو چووم بۆ سەرئاو، پێش هەموو شتێك دەمم نا بەبەلوعەی ئاوەکەوە، زۆرم تینوو بوو، دەستەکانم ئیش ناکەن داوام لە پاسەوانەکە کرد دەرپێکەم بۆ هەڵکێشێتەوە.

دوای ئەوە خواردنیان هێنا، بەڵام نازانم چۆن بیخۆم، بەپەنجەکانم ئەتوانم شت بگرم، بەڵام توانای جوڵاندنی مەچەک و دەستم نەبوو لەبەرئەوە دەمم دەبرد بۆخواردنەکە.

دەرگاکە کرایەوە پاسەوانەکە هاتە ژوورەوەو حەبێکی بەدەستەوە بوو، گوتی دەمت بکەرەوە دەمم کردەوە و حەبەکەی خستە ناو دەممەوە، گوتی قوتیدە منیش قوتمدا. واچەند ڕۆژێکە کەس نایەت بەلامدا، چەند حەبم کۆکردۆتەوە لەو حەبانەی ڕۆژی سێدانەیان پێئەدام، بەدەستی خۆیان ئەیانکردە دەممەوە، ئەبوایە چاویان لێبێت تاکو قوتی ئەدەم، بەڵام من جارجار لەدەممدا دەمهێشتەوە، لە دواییدا دەرم دەهێناو هەڵم دەگرت، بۆ ئەوەی ئەگەر هەر توانای بەرگریم نەما خۆمی پێبکوژم.

من دەمزانی دەرباز بوونم نییە لەمردن، بەڵام دەبێت بەسەر بەرزی بمرم.بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بێئومیدیان بکەم، بەبیرمدا داهات نەخشەیەکی نوێی چەواشەکارییان بۆ دابڕێژم، لە لێپرسینەوە لەو ئەحمەدەی کەخۆم بە درۆ دروستم کردبوو، بەم شێوەیە توانیم جێبەجێی بکەم.

بردیانم بۆ ژووری ئەشکەنجەدان، بە زۆر خۆم لە سەرپێ ڕادەگرت، جارجار خەریک بوو بکەوم، سەرم ئەلەرزی، لەبەر ئاوساوی دەموو چاوم بە حاڵ چاوی چەپم توانای بینینی هەبوو، برین و جێگای کێبڵ بە سەرتاپای لەشمەوە دیار بوو.

ڕائید ڕیاز گوتی، ئەتەوێ دابنیشیت لەسەر ئەو کورسییەو ڕاستییەکانمان پێ بڵێیت یاخود هەڵتواسین، گوتم بڕوابکە ڕاستیم گوتووە. سەرێکی جوڵاندەوە، وەک ئاماژەکردنێك بۆ جەلادەکان بۆ هەڵواسین، دوانیان هاتن هەڵیانواسیم، کەوتنە لێدانم، واپیشانمدا کە خەریکە ئاگام لەخۆم نامێنێت، داوای ئاوم کرد، یەکێکیان سەری کێبڵەکەی هێنایە لای دەممەوەو گوتی(هاك اشرب مای) ها ئاو بخۆرەوە، من وام پیشاندان کە وا دەزانم سۆندەی ئاوە، دەمم برد بۆ کێبڵەکە وەك بڵێیت ئاو بخۆمەوە، هەندێکیان دەستیان کرد بە پێکەنین، منیش وەك یەکێك لە خەودا بێت و قسە بکات، ئەم گوت(عطشان،عطشان) تینومە. جارجار دەمکرد بەکوردی ئاو تینومە، ڕائید ڕیاز گوتی، ڕاستیمان پێبڵێ ئاوت

دەدەمێ. منیش چاوەڕێی ئەو قسەیەم دەکرد، لەدڵی خۆمدا گوتم ئێستا کاتییەتی، گوتم ئەحمەد گوتی ئەگەر نەهاتمەوە بۆ مەزاتخانەکە، بیست و شەشی مانگ وەرە بۆ هەولێر، ڕائید ڕیاز گوتی سەعات چەند؟ گوتم یانزە، گوتی لە کوێ؟ گوتم لای قەڵا، وامپیشاندان ئیتر ئاگام لە خۆم نەماوە. بۆ ئەوەی پرسیاری دیکەم لێنەکەن، پەرداخێك ئاویان هێنا بۆلای دەمم، وەڵامدانەوەم نەبوو، هەندێک ئاویان کرد بەدەموچاومداهیچ سودی نەبوو، دوای ماوەیەکی کەم دایانگرتم وبردیانم بۆ ژوورەکەم.



ئەشکەنجادانی زیندانییەك لەکاتی هەڵواسین و لێدانی بە کێبڵ

-٣٢-

ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە ماوەیەکی زۆرە بیرو هۆشمی داگیرکردووە، لەدڵی خۆشمدا دەڵێم ئاخۆ چی ڕووبدات؟

بیست و شەشی مانگە، لەوشەوەوە کە من سیناریۆی دیدارم لەگەڵ ئەحمەد لەهەولێر بۆ دارشتوون، کەس لەمنی نەپرسیوەتەوە نازانم چەند بڕوایان بەوڕێنەکەم هێناوە!گزنگی بەیان دەرکەوت، لەدوای هاوارو ئازاری ئازادیی لێزەوتکراوەکان، بێدەنگی باڵی کێشاوە بەسەر ناڵەی بەندکراوەکاندا.

جارجارە چۆلەکەیەك یاخود دوان دەنیشێنەوە و دەدەن لەشەقەی باڵ، لەسەر ئەو بۆشاییەی کە لە دیوارەکەی بەرامبەر ژوورەکەی منداید. ئەوەندەی ئەم ماوەیەی کەمن

ئەم وێنەیە گوزارشت لە بارودۆخی دەرونی زیندانیان دەکات

لێرەم و تەماشای ئەو چۆلەکانە دەکەم، لە درزی ئەم دەرگا داخراوەوە، لە هەموو ژیانمدا لە سروشتی ئازاددا بەوجۆرە تەماشام نەکردوون.دەرگای ژوورەکەم کرایەوە، بەڵام ئەمڕۆ زووتر لەڕۆژانی پێشتر یەکێکی باڵا بەرز گوتی(انهض اتلع بره) هەستە وەرە دەرەوە. لەدواییدا زانیم، ئەمە مفەوەز تاریقە(طارق)، پێشتر ناویم بیستبوو کە مرۆڤێکی زۆر بێڕەوشتە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە من دەیبینم. منی بردە دەرەوەو سەرئاوی پێکردم، بەدەستی خۆی لەسەر حەوزی بەلوعەکان سەرو دەموچاوی شتم، کراس و پانتۆڵی لەبەرکردم، قژیشی شانە کردم، دوای ئەوە منی بردەوە بۆ ژوورەکەی خۆم.سەر شتنەکەم زۆر پێخۆش بوو، هەر چەندە برینەکەی سەرم کولایەوە، بەڵام لەوەش زیاتر سەرمی خستە بیرکردنەوەیەکی قوولتر لەوەی کە ئاخۆ ئەمڕۆ چی ڕووبدات؟! وادیارە بڕوایان بەوە هێناوە کە من دیدارم هەیە لەگەڵ ئەحمەد، نازانن کە ئەحمەد لەڕاستیدا بوونی نییە، چ جای دیداری لەگەڵدا سازبکەم .

زۆری پێنەچوو جارێکی دیکە دەرگاکە کرایەوە، هەرلەو دەرگا بچوکەوە کە بۆ یەکەمینجار من و براکانم (سەلام و هەندرێن)یان لەوێوە هێنا بۆ ئێرە منیان لەوێوە بردەوە دەرەوە.دوو ئۆتۆمبیلی قەمەرەی جۆری مارسیدس وەستابوو، ژمارەیەك ئەمن بە جلی کوردییەوە، بەتەنها ڕائید ڕیاز، بەکراس و پانتۆڵەوە بوو، دوانیان کڵاشنکۆفیان پێبوو ئەوانی دیکە دەمانچە.

منیان لە پشتەوەی یەکێك لە دوو ئۆتۆمبیلەکە سوارکرد، دوو کڵاشنکۆف بەدەستەکەش، لە ئەملاو ئەولای منەوە دانیشتن، یەکێکیش لە پێشەوە ڕائید ڕیاز و ئەوانیتر لە ئۆتۆمبیلەکەی دیکەدا بوونبەڕێکەوتین.

شار هێشتا خامۆشە بە تەواوەتی جوڵەی تێنەکەوتووە، هەر چەندە دوانەکەی تەنیشتم، بە بەردەوامی پێم دەڵێن سەر دانەوێنە، بەڵام من لە تەماشاکردنی خانوو و شەقام و ئەو خەڵکە کەمەی هاتووچۆ دەکەن چاو هەڵناگرم، هەروەکو ئەوە وایە بۆ یەکەمجارە شار دەبینم، لەبەردەم نانەواخانەیەك ژن و پیاو منداڵ وەستابوون بۆ نان کڕین، نانی گەرم و پیاڵە چا، سۆزی گەرمی خێزانم بیرکەوتەوە.بەلای دەستی ڕاستمدا شاخی پیرەمەگرونم لێدیارە، منداڵیی هێنایەوە یادم، بیرمە ماڵی ئێمەو چەند خێزانێکی دیکە، بۆ گەشتی هاوینان دەهاتین و دوو هەفتە لەوێ دەماینەوە لەهەمانکاتدا شەڕی قزلەرم هاتەوە یاد.

لە شار دەرچووین بەرەو ڕێگای کەرکوك، نزیك چەمچەماڵ لە چێشتخانەیەك لاماندا، هەموویان دابەزین من لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا مامەوە، یەکێک لەوانەش کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، لەدەرەوەی ئۆتۆمبیلەکەدا وەستابوو، دوای ماوەیەك سینییەکیان خەستە بەردەمم، دوو شیش گوشت و دوو نانی لەسەر بوو، ئەوەی لەدەرەوە وەستابوو ڕۆیشت و ئەوەی سینییەکەی هێنا لەگەڵمدا مایەوە. هەموو ئەوانەی لەگەڵ منن کوردن، گوتی بۆ ناخۆی؟ گوتم من بەبێ کەلەپچە ناتوانم دەستم بەکاربهێنم ئیستا بە کەلەپچەوە زۆر گرانە، یارمەتیدام و پلە گۆشتەکانی بۆ دەرکردم لە شیشەکان و نانەکەی بۆ کردم بە چەند پارچەیەکەوە و کەوتە قسەکردن.دوای ئەوە پیاڵەیەک چایان بۆ هێنام، بڕواناکەم هیچ کەس تامی ئەو چایەی کردبێت، بەو جۆرەی کەمن لەوکاتەدا تامم کرد.نامەوێت لەمکاتەدا کەس من ببینێت، نەوەک ئەوکەسە نەزانێت من گیراوم، بێت و لێرەدا چاک و چۆنیم لەگەڵدا بکات، چونکە زۆربەی ئەو خەڵکەی من دەناسن کەسانی ئاسای نین یان پێشمەرگەن یا ڕێکخسن، یاخود دۆستی حیزبە.هەر هەموو سواربووین و کەوتینە ڕێ، دوای ماوەیەک گەیشتینە شاری هەولێر، وادیارە ئێرە فەرمانگەی ئاسایشی هەولێرە، ئۆتۆمبیلەکان چوونە ژوورەوە.ڕائید ڕیاز هاتە لای ئۆتۆمبیلەکەوە و لێیپرسیم دیدارەکەت لەگەڵ ئەحمەد کاتژمێری یازدەیە لەلای قەڵا؟گوتم بەڵێ، گوتی لە کوێی قەڵا؟ گوتم کەسەرئەکەوی بۆ سەر قەڵالای ئەستونێک(عامود)ی کارەباوە.

دوای ماوەیەک ئەو ناوە، بەشێوەیەکی نائاسایی چۆڵ بوو، چەکدارێکی زۆر بە جەلوبەرگی جۆراوجۆرەوە(مەدەنی و سەربازی) سواری چەند ئۆتۆمبیلێک بوون، دوان لەگەڵ ڕائید ڕیاز بوون، هاتن و تەماشایەکی منیان کرد. وا پێدەچوو ئەوانە ئەفسەری ئەمنی هەولێربن، ئەمجارە ڕائید ڕیاز لە پێشەوەی ئەو ئۆتۆمبیلە سواربوو کەمنی تێدام. ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە کەوتە جووڵە، ئەوانی دیکە بەدوامانداء گەیشتینە لای ئەو ڕێگایەی کە، سەردەکەوێت بۆ سەر قەڵا، ڕائید ڕیاز لێیپرسیم کام عامودە؟ منیش لەخۆمەوە گوتم ئەم عامودە.

چەکدارەکانیان دابەشکرد بەوناوەدا، هەندێکیان لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا مانەوە، هەندێکی دیکەیان لە ناو دوکانەکانی سەرشەقامەکە بڵاوەپێکرد بە جلی مەدەنییەوە، ڕائید ڕیاز لەبەردەم دوکانێکدا لەسەر کورسییەك دانیشت کە بەرامبەر ستوونی کارەباکە بوو. دوانیش لە جلی کوردی لەبەرەکانی کەلەگەڵ منداء لەسلێمانییەوە هاتبوون، منیان

بردە ئەوبەری شەقامەکەوە. لای ستوونی کارەباکەوە، یەکێکیان کە کورد بوو، لەلای دەستی ڕاستم، بەدووری دوومەتر بە چیچکانەوە دانیشت و پاڵیدا بە دیواری قەڵاوە، ئەوی دیکە کە ناوی عەلا بوو، عەرەب بوو بەڵام کوردی دەزانی، بەلای دەستی چەپمدا بە دووری دوو مەتر و نیو بە پێوە وەستا بوو.نازانم کاتژمێر چەندە بەڵام بێگومانم لەوەی کە پێش کاتژمێری یازدەیە، هەموومان لە چاوەڕوانی ئەحمەد داین، کە بە تەنها من دەزانم کە ئەحمەد بوونی نییە هەتاکو بێت بۆ ئێرە.

-٣٣-

ماوەیەکە من لێرە وەستاوم و بیر لەوە دەکەمەوە، ئاخۆ ئەبێت چ لێدانێکم لێبدەن، لەسەر نەهاتنی ئەحمەد، کاتێک کە دەگەڕێینەوە بۆ سلێمانی. دەگەڕام بەدوای وەڵامدا، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئەگەری پرسینی هەیە، وەك ئەوەی، ئەحمەد بۆ نەهات؟ یاخود بۆچی درۆت لەگەڵ ئێمەدا کرد؟

نازانم بۆچی ڕیشیان نەتاشیم، هەر چەندە من لەو ڕۆژەوەی کەدەستگیر کراوم ڕوخساری خۆمم نەدیوە، بەڵام گومانم نییە لەوەی کە شێوەم زۆر گۆڕاوە. ئەمەیش دەبێتە بیانوویەکی باش، بۆ ئەوەی بڵێم لەوانەیە ئەحمەد منی نەناسیبێتەوە، یاخود گومانی کردووە، کاتێک منی بەم سەرو ڕیشەوە بینیوە. بەدرێژایی کاتەکەش لەوە دەترسم کە یەکێکی ناسیاو بمبینێت و بێت بۆ لام، هەر ئەم هۆکارە بوو زیاتر وایلێکردم کە پێیان بڵێم چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەحمد لە هەولێرە نەک لە سلێمانی، من لە هەولێر خەڵکێکی زۆر ناناسم.

لەوبڕوایەدام کاتژمێر یازدەی تێپەڕکردووە، ئەو ناوە زۆر قەڵەبالّغ بوو، چەند جارێك بیرم لەڕاکردن کردەوە، بەڵام نەمکرد. یەکەم: لەبەرئەوەی توانای جەستەییم نەبوو، دووەم: هۆکاریش بیرم لە سەلام وهەندرێنی برام دەکردەوە، هەرچەندە بێگومانم لەوەی کە هیچ ئەگەری دەرباز بوونم نییە، مەگەر هەر بۆ ئەوە بوو بێت کە تەقەم لێبکەن.

لەوبەرشەقامەکەوە جل کوردی لەبەرێک هات بۆ لام، گوتی ڕائید ڕیاز دەڵێت ئەحمەدت نەبینوە لەم دەورو پشتە؟ گوتم نەخێر.هەتاکو دێت توانای بەپێوە وەستانم نامێنێت، نازانم ئێستا ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە! ئاخر ئەو کاتەی من دامنابوو بەسەرچوو، ئەی ئاخۆ چاوەڕێی چیدەکەن؟

دوو ئافرەتی کورد منداڵێکیان پێبوو، کەوتنە چاك و چۆنی لەگەڵ عەلا، کە لە دەستە چەپم وەستاوە، گلەییان لێدەکرد کە بۆچی دیارنییە، ئەویش لەوەڵامدا گوتی، ئێستا من لێرە نەماوم. عەلا لەوانی پرسی لە جێی خۆتان ماون؟ ئەوانیش گوتیان بەڵێ لەگەڵ قسەکردنەکەیاندا پێدەکەنین و گاڵتەیان لەگەڵ عەلا دەکرد. ئەویش قسەی سێکسی

لەگەڵ دەکردن، بە داخەوە ئەم ژنانە لەشفرۆش بوون. بەدرێژایی قسەکردنیان من چاوم لەسەر منداڵەکەبوو، لەو بارە نالەبارەی خۆم و لەو بێهیواییەدا من بیرم لە دواڕۆژی ئەو منداڵە دەکردەوە، هەستێکی زۆر تاڵ و ناخۆشم لا دروست بوو. خۆم لە لوتکەی لاوازیدا دەبینی، هەستم بەسوکایەتییەکی گەورە دەکرد، پێمخۆش بوو ئێستا لە ژووری ئەشکەنجەدا بوومایە، بەڵام ئەو دیمەنەم نەبینیایە.

هەرچۆنێک بێت لەلای ئەستوونی کارەباکەوە کەمێک کشامە دواوە، پشتمدا بە دیواری قەڵاوە، هەتاکو خۆمی پێوە ڕابگرمهەر چەندە ئاماژەیان بۆ کردم، کە لە جێگاکەی خۆمدا نەجوڵێم، من لەوکاتەدا بێباك بووم چیتان لەدەستدێت بیکەن.

وادیار بوو ڕائید ڕیاز بێئومید بوو، بڕیاری کشانەوەیدا، منیان بردەوە ناو ئەو ئۆتۆمبیلەی، کە لە سلێمانییەوە پێی هاتبووم. بە هەمان سەر نشینەوە، بەرێکەوتین هەتاکو سلێمانی نەوەستاین، بەدرێژایی ڕێگاکە یەك قسەیان لەگەڵ مندا نەکرد.وا دیسانەوە لە ژوورەکەمم، چاوەڕێ دەکەم شەو دابێت و بانگم بکەن، ئێستا نا تۆزێکی دیکە دێن، بەڵام ئەم شەو نەهاتن.!بۆ شەوی دوایی بردیانم بۆ ژووری ئەشکەنجە، ڕائید ڕیاز هاتووچۆی دەکرد لە ژوورەکەدا، دوایی دەستیکرد بەقسە: پێمبڵێ چەند کەس

بوون نیازی کاری تێکدەری(تخریب)تان، هەبوو لە ڕۆژی لەدایکبوونی(سەید ڕەیس) مەبەستی سەدام بوو؟گوتم من نازانم تۆ دەربارەی چی دەدوێیت، هەر کە وامگوت لێدان دەستیپێکرد، بەڵام ئەمجارە لێدانێکی سەرپێی بوو. مەبەستم لەوەیە کە نە فەلاقەی تیدا بوو، نە هەڵواسین، نە کارەبا، هەروەها زۆریشی نەخایاند، وادیار بوو ئەفسەرێکی دیکە ژوورەکەی پێوست بوو.

پێمسەیر بوو ئەو شتەی من لێیدەترسام ڕووینەدا، بە هیچ شێوەیەك باسی ئەحمەدیان نەکردەوە، بە لێکدانەوەی خۆم ڕائید ڕیاز پێوابوو سوکایەتی پێکراوە، ئەگەربێت و وا پیشان بدات، کە هەڵخەڵەتاوە لە لایەن زیندانییەکەوە. ئەو ئەفسەرێکی ئەمنی عامەیە بەپلەی ڕائید، ئەو هەموو هێزە تەرخان بکات و لە سلێمانییەوە بڕوات بۆ هەولێر بۆ ئەو ئەوە بووە خاڵێکی لاواز.لەبەر ئەوە بوو ویستی وا پیشانیبدات کە ئەوەی بەمنی درکاندووە ڕاست بووە، بەڵام ئەحمەد خۆی نەهاتووە، لە بەر هەرچ هۆکارێک بووبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی منداید. ئەگەر ئەم بۆچوونەی من ڕاستبێت ئیتر ئەحمەد کۆتاییپێهات.

بردیانم بۆ حەوشەکە و لەسەر زەوییەکە دایانێنیشاندم، کورسی و تەپڵەکێکیان هێنا وڕائید ڕیاز لەسەر کورسییەکە دانیشت و منیش بەرامبەری. سینییەکیان بۆ هێنا چەند پاروویەکی لەسەر بوو، گوتی ڕزگار(خلی نصیر اصدقاء)با ئێمە ببین بە برادەر منیش گوتم بۆ نا، بەڵام دەبینە برادەرێکی ناهاوتا، گوتی چۆن؟گوتم وەک ئەوەی تۆ ئێستا لەسەر کورسی دانیشتویت، منیش لە سەر زەوی. گوتی(ماعلینا هەسە خلینا ناکول) دەی حەقمان نییە، با نانبخۆین. دەستی برد لەسەر سینییەکە پاروویەکی هەڵگرت و دایە دەستم، پاروی گەس بوو، نازانم چۆنچۆنی لێکی بدەمەوە.کەمێك پێش ئێستا لەژێر لێداندا بوم ئێستایش نانم دەداتێ، ئەبێت ئەم هەڵوێستەی لایەنە مرۆڤایەتییەکەی بێت؟ یاخود شتێکی دیکە؟

جارێ نانەکەم تەواو نەکرد بوو، دوانیان هێنا یەکێکیان پیاوێک بوو نزیکی پەنجا ساڵ دەبوو، ئەوی دیکەیان گەنج بوو. بەوانیان گوت ئەمە دەناسن؟ گوتیان نا، دوای ئەوە بەمنیان گوت، ئەمانە دەناسی، پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە، بەمەبەست کەمێك تێم ڕوانین ئنجا گوتم نا.

-٣٤-

له دواییدا زانیم ئەو دوانەی کە پیشانی منیاندان کێ بوون، پیاوە بەتەمەنەکە، هاوڕێ عەلی حامید بوو، کوڕە گەنجەکەش، مەلا شەوکەت بوو.ئەم دوو هاوڕێیە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ڕێکخستنەکانی حیزبدا، بەپلانی خۆفرۆشێکی ناوخۆیان بەناوی فاروقەوەلە شوێنی جیا جیا لە(سلێمانی، بغداد،, شارەزوور)، دەستگیرکراون.چوارده هاوڕێ بوون بەم ناوانە(عەلی حامید، محەمەد عارف، ئاشتی، نەرمین، پەیمان، فازیل، سەعدون، سامان، شەوکەت، نزار، خدر، نەبەز، کەمال، لوقمان) وە هەروەها(سالارمەجید) کە ژن برای فازیل بوو، بەڵام ئەو دوای شەش مانگ ئازاد کرا.

خۆشبەختانە بەهۆی خۆڕاگری ئەم هاوڕێیانەوە کەسی دیکە دەستگیر نەکرا.

ئەوەی زیاتر بارقورسی بۆ ئەم هاوڕێیانە دروستکرد، دەست بەسەرداگرتنی کومەڵێک(بەڵگە، چەک، نارنجۆک و مۆر)بوو، کە لەناو بتڵە گازدا حەشار درابوو لە ماڵی هاوڕێ فازیل.ئەتوانم بڵێم خۆڕاگریی هاوڕێ فازیل و هاوڕێ سەعدون، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر خۆڕاگریی هاوڕێکانی دیکە. لەگەڵ ئەوەی ئەم هاوڕێیانە، نزیکەی ساڵێک دەبوو، لە ژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەداندا بوون، بە شێوازی جۆراوجۆر(دەروونی و جەستەیی) ئەشکەنجە دەدران.هاوڕێ عەلی حامید بەهۆی ئەشکەنجە و دژواریی بارودۆخی زیندانەوە، بینایی هەر دوو چاوی لەدەستدا و هەروەها زۆربەی هاوڕێیان بەهۆی ئەشکەنجەوە، تووشی زیانی جەستەیی بوون.هەندێک لەو هاوڕێیانە خزم و کەسی یەکتری بوون، فازیل و کەمال و نەرمین خوشک و برا بوون، ئاشتی کچی پوریان بوو پەیمان خوشکی سامان بوو.دوای زیاتر لە یازدە مانگ لەمانگی ١٩٩٠/٤ دا، دران بەدادگای بەناو شۆڕش(مەحکەمە سەورە)، لە دادگاییەکی خێرادا، دادگاییەکەیان دواخرا. لە ١٩٩٠/٥/٧ دا و لەدادگاییەکی کارتۆنیدا کە(عەواد بەندەر) سەرۆکی بوو بەمشێوەیەی خوارەوە سزادران:

-فازیل و سەعدون؛ سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا، خۆشبەختانە دوای ماوەیەک لە مانەوەیان لە بەشی سێدارەدان(قاطع الإعدام)بە فەرمانی کۆماری(مرسوم

بەشی زیندانی تاکە کەسی لە دەزگای ئاسایشی رژێمی پێشوو

الجمهوري) سزاکەیان گۆڕدرا بۆ هەتاهەتایی(الموئبد).

-محەمەد عارف،لوقمان، شەوکەت، سامان، عەلی حامید، خدر، کەمال) سزای هەتاهەتایی دران ساڵی ١٩٩١، بەلێبوردن ئازادکران.

-(پەیمان، نەرمین، ئاشتی، نەبەز، نزار) بە پانزە ساڵ زیندانی سزادران، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ بە لێبوردن ئازادکران.هێشتا تاریکی شەو دانەهاتووە، خواردنی ئێوارەم وەرگرت، بەڵام هێشتا نەمخواردووە، خواردنەکە بریتییە لە(هێلکەیەك لەتێک خەیار،تەماتەیەك). دەرگای ژوورەکەمیان کردەوە و یەکێکیان هێنایە ژوورەوە، گوتیان قسەی لەگەڵ نەکەیت، دەرگایان داخست. سڵاوم لێکرد من لەسەرەوەی ژوورەکەو ئەو لە خوارەوەی بوو، بەڵام هەر لەتەنیشت یەکین، ئاخر ژوورەکە بچوکە.هاوڕێکەی ژوورەکەم شەڵەژاویی و تاساویی پێوە دیار بوو، وەك هەرکەسێك کە تازە دەستگیر دەکرێت، بەڵام من دەبێت ئەگەری ئەوە دابنێم کە لەوانەیە ئەمە پلانێك بێت.

ئێمە کەوتینە گفتوگۆ، گوتی لە سەفەر بووم تازە لە بەغدادەوە گەیشتبوومە ماڵەوە، منیان هێناوە بۆ ئێرە و نازانم بۆ! من بازرگانم ناوم نزارەکوڕی مستەفا چاوجوانم.

بێگومان بەوریاییەوە قسەی دەکرد، پێوەی دیار بوو ترسی هەیە لەمن، هەر چەندە ڕوخسارو بارودۆخی من ئاشکرابوو کە زیندانیم، شوێنەواری ئەشکەنجەدان، بەسەرتاپای جەستەمەوە بوو. گوتی زۆر میزم دێت، پێش ئەوەی بگەمە سلێمانی، لای دەربەندی بازیان لە گازینۆیەک لامدا، لەوێ بیرەم خواردەوە، گوتم دەتوانی لەو سەتڵەدا میزەکەت بکەیت، ئاماژەم بە سەتڵی ماستەکە کرد. ئەوەی من ڕۆژانە بۆ میزکردن بەکاری دەهێنم، هەستمکرد شەرم دەکات لە بەردەمی مندا میز بکات.بۆیە گوتم ئاساییە، ئاخر لێرە هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە، پشتم تێبکە و میزی خۆت بکە، کارەکەی خۆی ئەنجامدا. ویستم کارێک بکەم بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی بکات و لە ترس و شڵەژاوییەکەی کەمتر بکەمەوە، خواردنەکەی ئێوارەی خۆمم خستە بەردەمی بۆ ئەوەی بیخوات. سوپاسی کردم، بەڵام من هەستم دەکرد کە ئەو لە دڵی خۆیدا گاڵتەی پێدێت. ئاخر پێش چەند کاتژمێرێك خواردنی خۆش و خواردنەوەی زۆری لە بەردمدابووە، ئێستا من فەرمووی لەتێک خەیار و تەماتەیەکی ڕزیوی لێدەکەم. لەبەرئەوەی من ترسی هەندێک شتم نەمابوو، پێمگوت من لەسەر شیوعییەت گیراوم. ئەمە لە جیاتی ئەوەی ئارامی بکاتەوەبەڵام زیاتر ترساندی، ئەو گوتی من کارم بەسیاسەتەوە نییە کابرایەکم خەریکی کاسبیم.

لەو کاتەوەی کە من لە زینداندام، ئەمە یەکەمجارە، ڕووبەڕووی مرۆڤێك دانیشم، تازە لە جیهانی دەرەوەی زیندان هاتبێتە ژوورەوە. هەر لەبەرئەوە بوودەمویست هەموو شتێك بزانم، بەڵام وا دیار بوو بارودۆخی نزار زۆر یارمەتیدەر نەبوو، ناهەقیشی نەبوو، جگە لەوەی متمانەی بەمن نەبوو، هەندێک شت هەیە لە ژێر کونترۆڵی مرۆڤدا نییە وەك ترس و بیرکردنەوە. سەرباری هەموو ئەمانە، ئەمە گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بۆ من، ئاخر لە تەنیایی منی کەمکردەوە، هەوڵمدا ئەو شارەزاییەی هەمە پێی ڕابگەێنم و تۆزێک لە وردی بەرزبکەمەوە. هەر چۆنێك بوو ئەو شەوەمان بەیەکەوە بەڕێکرد.

-٣٥-

نزار مستەفا چاوجوان میوانی تەنها شەوێکی من بوو، بۆ ڕۆژی دوایی بردیان.دیار بوو لەگەڵ دەستگیرکردنیدا، بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخسابوو، ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجامبدەن، یاخود ڕەنگە نەیانویستبێت تێکەڵاوی زیندانییەکانی دیکەی بکەن لەهۆڵە گەورەکەدا. لەکاتێکدا کە ژووری ئینفرادی چۆڵیان نەبووبێت، بەبڕوای من ئەو هۆکارانە بوو کە مەجبور بوون نزار بهێننە ژوورەکەی من.لە ڕووی دەروونییەوە بۆ من زۆر باش بوو، ئاخر من پێویستیم بەیەکێک هەبوو ئاوا ڕاستەوخۆ و بەوجۆرە و لەنزیکەوە، قسەی لەگەڵدا بکەم. بە بۆچونی من لەهەمانکاتدا بۆ ئەویش قسەکردن لەگەڵ یەکێکی دیکەدا گرنگی خۆی هەبوو.

لە دواییدا دەرکەوت کە نزار یەکێك بوو لەو چوارده هاوڕێیەی بتڵە گازەکە.چەند ڕۆژە بانگم ناکەن، هەستدەکەم قۆڵەکانم باشتر بوون، توانای جوڵاندیانم هەیە، بیرم لەوە کردەوە کە کەمێك ژوورەکەم پاکژ بکەمەوە نازانم چەند لێرە دەمێنمەوە.دیوارەکانی ژوورەکەم نووسینی زۆری لەسەرە، لە ناو نووسینەکاندا هەندێك لە زیندانییەکان ڕۆژەکانی مانەوەیان لێرە تۆمارکردووە. بۆ هەر ڕۆژێک خەتێکیان داناوە، وەك نووسینی یاریی ئەزنیف، لە یەکەم هەفتەوە هەتاکو چوار مانگی تێدابوو، هۆنراوە وهەروەها ناوی خەڵکانێکی دیکەی لەسەر نووسرابوو، لەو ناوانە ناوی شەهید سەنگەر(سەعید)م بینی، نووسیبووی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی.

شەهید سەنگەر خەڵکی کانی سوربوو، کوڕێکی ڕەش تاڵەی باڵا بەرزی چاونەترس بوو. یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی ڕێکخستن، جارێك دەستگیرکرا بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٥ ئازادکرا و گەڕایەوە بۆ ناو حیزب، بەڵام جارێکی دیکە بە فێڵ دەستگیرکرایەوە.

دەستم کرد بە پاکژکردنەوەی ژوورەکەم، لە هەڵتەکاندنی بەتانییە سەربازییەکەمەوە دەستم پێکرد. ئاخۆ خوێنی چەند کەسی دیکەی پێوەیە، دامتەکاند و لە سوچێکدا دامنا، دڵم نەدەهات پارچەیەکی لێبکەمەوە، بۆ پاکردنەوە بەکاریبهێنم. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێستا کەشوهەوا خۆشە، ئاخۆ ئەو کەسانەی لە وەرزی زستاندا لێرە بوون، چۆن

گوزەرانیان کردبێت، چۆن بەرگەی ئەوسەرمایەیان گرتووە بەتەنها بە بەتانییەکەوە، چونکە دیوارەکان هەمووی تەرشوع بوو.بە پارچەیەك کارتۆنی شیر دەستم کرد بە پاککردنەوەی دیوارەکان، تەپوتۆز و تۆڕی جاڵجاڵۆکەکان لە سوچی دیواڕێکیاندا و بە بەرزییەوە جاڵجاڵۆکەیەك لە جۆری بچوکە توکنەکان لە ناو تۆڕەکەیدا بوو، ویستم ئەویش لابەرم، لەدوا چرکەدا پەشیمان بوومەوە و دەستم هێنایەوە دواوە. ئاخر بیرم لەوە کردەوە، بۆ ئەم جاڵجاڵۆکەیە نەکەم بە هاوڕێی ژوورەکەم.جاڵجاڵۆکەکەم هێشتەوە، لەو کاتەوە ئیتر من بەتەنیانیم ڕۆژانە قسەی لەگەڵ دەکەم. بەیانی باشم لێدەکرد و شعرم بۆ دەگوت و گۆرانیم بۆ دەچڕی. گاڵتەم لەگەڵ دەکرد و مێشم بۆ ئەگرت و بۆم دەخستە ناو تۆڕەکەیەوە، کاتێکی باشم لەگەڵدا بەسەر دەبرد ئیتر من بەتەنها نیم.

زۆربەیکات ئەگەر بوار هەبوایە لەگەڵ محێدین کە لە ژووڕە ئینفرادییەکەی تەنیشتمەوە بوو قسەم دەکرد.هەر چەندە هەتاکو ئێستا بە ڕوخسار یەکتریمان نەبینیوە، بەڵام ئاشنای دەنگی یەکترین، بە دەنگ و گفتوگۆی دەتزانی کە کەسێکی دلێرە.

محێدین گوتی یاریی شەترەنج دەزانی؟

گوتم بەڵێ.

گوتی حەز دەکەیت یاریی بکەین؟

گوتم گاڵتە دەکەی؟

گوتی نا بەڕاستمە.

گوتم ئاخر چۆن ئەمە دەبێت؟ من و تۆ لەیەک ژوور نین شەترەنجیشمان نییە؟

گوتی لەسەر ئەرزی ژووڕەکەت خانەی(روقعە) شەترەنجێك بکێشە خورمات ئەدەینێ و دەنکەکانی کۆبکەرەوە، وەك (سەربازو ئەسپ و فیل و قەڵا و وەزیر و پاشا) بەکاریانبهێنە بۆ یەکیکمان. بۆ ئەوی دیکە لە کارتۆنی شیر دروستی بکە. من هەر یاریییەك دەکەم بە تۆی دەڵێم تۆش لای خۆت ئەو جوڵەیەم بۆ بکە، هەروەها هەر یاریییەك کە تۆ دەیکەیت بەمنی بڵێمن لای خۆم ئەو جوڵەیەت بۆ دەکەم بەمشێوەیە یاریی دەکەین.دوای ماوەیەك کە دەنکە خورماکانمان کۆکردەوە هەرکاتێک دەرفەت هەبوایە من و محێدین شەترەنجمان دەکرد.

-٣٦-

ئەوە نیزیکەی دە ڕۆژە، کەس لەمن ناپرسێتەوە، نازانم هۆکارەکەی چییە؟لەدڵی خۆمدا دەڵێم، ڕەنگە بە کەسانی دیکەوە خەریك بن و بواریان نەبێت، یان ئەو ئەفسەرەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ مندا دەکات لە مۆڵەت بێت یاخود بێئومێد بوون لەوەی من شتێك بڵێم یان شتێکم پێبێت.ئەمەیان وادەرنەچوودەرگایان کردەوە و منیان برد، هەمان دەموچاوەکانی پێشتر لەچاوەڕوانیمدا بوون، وادیاربوو ڕائید ڕیاز لەوە تێگەشتبوو، کە من لەو جۆرە کەسانە نیم، بە دبلۆماسییەت و چاو جگەرەهەڵمخەڵەتێنن و زانیاریم پێبدرکێنن. ئاخر ئەوان پێشتر ئەو ڕێگایەیان تاقیکردۆتەوە لەوانەیە تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووبن، چۆن لەپێشدا پێتدەڵێن دانیشە و قسەی خۆشت لەگەڵ دەکەن دوایی چایەک و جگەرەیەکیشت دەدەنێ و لەوبڕوایەدام ئەم شێوازەی مامەڵەکردنە پێشتر کاریگەریی هەبووبێت لەگەڵ کەسانێکی دیکە، بە تایبەتی یەکێک جگەرەکێش بووبێت ئاخرجگەرەکێش مەینەتی زیاتری هەیە.

ڕاستەوخۆ هەڵیانواسیم دوای ئەوە دەستیان کرد بەلێدانم بە کێبڵ پاشان کارەبا هەمان دەستپێک و هەمان ئەنجام بوو.

بۆ شەوی دوایی هەمان سیناریۆیی ئەشکەنجەدان دووبارە بوویەوە هەوڵیان دەدا بە هەر نرخێک بێت سەرەداوێکیان دەستبکەوێت، منیش سەری هەموو داوەکانم قرتاندبوو. بۆ شەوی سێهەم جارێکی دیکە بردیانم بەرەو ژووری لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان، بەڵام ئەمجارە ئەشکەنجە نەبوو، ڕائید ڕیاز گوتی واباشە قسە بکەیت ئەگینا ئەتنێرم بۆ ئاسایشی گشتی(امن العامه).

گوتم ئەگەر هیچ شتێك نەزانم چی بڵێم؟

گوتی باشە بزانە لە ئاسایشی گشتی چیت لێدەکەن.

بردیانمەوە بۆ ژوورەکەم هاوزیندانییەکانم لەژوورە ئینفرادییەکان گوتیان چی بوو ئەمڕۆ زوو گەڕاندیانیتەوە؟

گوتم هەڕەشەی ئاسایشی گشتی(ئەمنی عامه)یان لێکردم.مامۆستا ئەحمەد کەسێکی

خۆڕاگربوو پێش من بەماوەیەکی زۆر لەسەر ڕێکخستنەکانی یەکێتی دەستگیر کرابوو. ئەو شارەزایی هەبوو گوتی بڕوابکە ڕەوانەکردنت بۆ ئاسایشی گشتی لەقازانجی تۆیە لەوێ نیوەی ئێرەت پێناکەن. بێگومان ئەم قسەیەی مامۆستا ئەحمەد ئارامییەکی زۆری پێبەخشیم، هەرچەندە هەڕەشەکەی ڕائید ڕیاز بۆ من بۆ ئەوەبوو بارم قورستر بکات و ترس و دڵەڕاوکێم لادروستبکات، بەڵام قسەکانی مامۆستا ئەحمەد باری سوککردم و لەهەمانکاتدا، ئاسودە بووم.

بۆ بەیانییەکەی هاتن و بردیانم سواری لاندگرۆزەرێکی پشت داخراوی(مقەپەت)ی سپییان کردم، ئەفسەرێك وەریگرتم بە ناوی مولازم محەمەد، خەڵکی ڕومادی بوو زۆر هێمن بوو.ئۆتۆمبیلەکە کەوتەڕێ یەك کونی تێدا نییە سەیری دەرەوە بکەیت، هاوینە و هەتادێت گەرم دەبێت تینوومەو هەناسەم سواربووە و هەموو گیانم ئارەقە.

لەلای دەرگای ڕاستی ئۆتۆمبیلەکەوە نووسینێکی بە هەڵکەندراوی لەسەرە، بە ناوی(جەلیل عەزیز پ.ش) جەلیل عەزیز پێشمەرگەی شیوعی.

ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی زیندانییەکان

من هاوڕێ جەلیلم باش دەناسی، ئەو تەمەنی زۆر کەم بوو کاتێک کە هات ببێت بە پێشمەرگە، چەند جارێك هاوڕێیان ناردیانەوە لەبەر کەمی تەمەنی، بەڵام ئەو هەر سور بوو لەسەر ئەوەی ببێت بە پێشمەرگە، ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی لە ئێمە باشتر ئەنجامدەدا.

لە ١٩٨٧/٩/٨دا جەلیل و دڵزاری سەید تۆفیق لەگەڵ ڕەسوڵ کە ماوەیەکی زۆر کەم بوو پێشمەرگە بوو، تووشی شەڕێکی نابەرابەر دەبن. لەلای گوندی کەڵتەکەی شارەزوور، سوپای ڕژێم بە چەند زرێپۆشێکەوە دێنە ئەو ناوچەیەو دەستدەکەن بە ئۆپەراسیۆنێك. دوای ئەوەی ئەم سێ هاوڕێیە دەکەونە شەڕێکی دەستەوئێخە لەگەڵ دوژمن هاوڕێ دڵزار و ڕەسوڵ شەهید دەبن. هاوڕێ جەلیل دوای ئەوەی ژمارەیەک لە دوژمن دەکوژێت، فیشەکی چەکەکەی تەواو دەبێت، بەڵام بەداخەوە فریاناکەوێت یەدەگەکەی بگۆڕێت، خۆیان هەڵدەدەنە سەری و بەدیلی دەیگرن. لەوێدا ڕاستەوخۆ دەیانەوێت بیکوژن، بەڵام نەقیبێکیان لەگەڵدایە ناهێڵێت، دەڵێت ئیشمان پێیدەبێت.

هاوڕێیان وادەزانن جەلیلیش لەگەڵ هاوڕێکانی دڵزار و ڕەسوڵ شەهید بووە.

هاوڕێ مەریوانی مەلا حەسەن، لەو ماوەیەی کە من لەناو شار بووم، دەستگیردەکرێت لە سەر شناسنامە «هویە»ماوەیەکی کەم لە ئەمنی سلێمانی دەستبەسەر دەبێت، هەتاکو دەینێرن بۆ لای پۆلیسهەر چەندە من ترسی ئەوەم هەبوو کە بزانن ناسنامەکەی تەزویرە ئاخر من خۆم بۆم دروستکردبوو، بەڵام باش بوو پێیان نەدەزانی.

کاتێک کە مەریوان ئازادکرا، هەواڵی جەلیلی بۆ هێنام، گوتی کوڕێکی چاو نەترسی بینیوە ناوی جەلیلەپێشمەرگە بووە منیش هەواڵەکەم نارد بۆ هاوڕێیان.

هاوڕێ جەلیل لە ١٩٨٨/٨/٢٩دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکرا لە لایەن مەحکەمەی سەورەوە خۆشبەختانە پێش جێبەجێکردنی سزاکەی بەر لێبوردنی گشتی کەوتوو لە ١٩٨٨/٩/٦ دا ئازادکرا.

لە شوێنێك ئۆتۆمبیلەکە وەستاوە نازانم کوێیە، بەڵام بەئەقڵی خۆم(دوزخورماتووە) دوای چەند خولەکێک، تەنها بەئەندازەی ئەوەندەی یەک دۆلکە ئاو بهێنن ناوەوە، دەرگاکە کرایەوە، بەخێرایی دەرگاکەیان داخستەوە. فریا نەکەوتم هیچ شتێک ببینم، خۆیشم نازانم چۆن دۆلکە ئاوەکەم هەمووی خواردەوە، لەجیاتی ئەوەی تینوێتیم بشکێت، زیاتر هەستم بە تینوێتی دەکرد. ئەمجارە دەرگاکە کرایەوە بۆ بردنەوەی دۆلکەکە، گوێم لێبوو

خەڵکەکە بەکوردی قسەیان دەکرد، ئێستا دڵنیابووم کە ئێرە دوزخورماتووە.ئۆتۆمبیلەکە کەوتەوەڕێ هەتاکو دێت گەرمتر دەبێت، گوێم لە هۆڕنی زۆرە، جاربەجار ئۆتۆمبیلەکە دەوەستێت، وادیارە گەیشتینە بەغداد.

دوای ماوەیەك ئۆتۆمبیلەکە وەستا، دەرگایان کردەوە و منیان داگرت، پیشاوم لە گەرمادا، هەناسە ئەدەم و نایدەم، وادیارە ئێرە ئاسایشی گشتیی (امن العامه)یە.

-٣٧-

لێرە بۆ ماوەیەك ڕایانگرتم دوای ئەوە ئاسایشەکانی ئەمنی عامە وەریانگرتم و بردیانم بەرەو ڕێڕەوێک، کۆمەڵێک زیندانی و هەروەها ئەمنی لێوەستابوو، لەوە دەچوو ڕێزیان گرتبێت بۆ کارێک لە بەردەمی ژوورێکدا. هەر دوو سێ خۆلەك جارێک، زیندانییەك لەگەڵ ئەمنێکدا لە ژوورەکەوە دەهاتنە دەرەوە، زیندانییەکی دیکە لەگەڵ ئەمنێکدا دەچوونە ژوورەوە، پاشان نۆرەی من هات، کاتێک کە چووینە ناو ژوورەکەوە زانیم ئەمە ژووری دکتۆرە. دکتۆرەکە بە خێرایی سەیرێکی چاوەکانمی کرد، زمانی پێدەرهێنام و تەماشایەکی ناو دەممی کرد، کراسەکەی پێ هەڵبڕیم و سەیرێکی پشت و بن هەنگڵەکانمی کرد، دەرپێکەمی بە داروچکەکەی دەستی داگرتە خوارەوە تەماشایەکی ناو گەڵمی کرد.

دوای ئەو پشکنینانە چەند وشەیەکی لەسەر کاغەزێك نووسی و واژۆی کرد، کاغەزەکەی دایە دەست ئەو ئەمنەی لەگەڵمدا بوو، ئەمنکەش کاغەزەکەی خستە ناو ئەو دۆسیە(فایل)ەی کە بەدەستییەوە بوو. منی برد بۆ ڕێڕەوێکی دیکە، لەبەردەم ژوورێکدا ڕایگرتم بۆ خۆی چووە ناو ژوورەکەوە دوای ماوەیەکی کەم هاتە دەرەوە بەبێ دۆسییەکە و منی بردە ژوورەکەوە.لەژوورەکەدا زەلامێکی سمێڵ زلی ورگن دانیشتبوو، دۆسییەکەی منی لەسەر مێزەکەی بەردەمی خۆی دانابوو دەیخوێندەوە.

من بارم زۆر پەرێشان بوو، جگە لە لاوازیی جەستەم و برینەکانی لەشم، لە دوێنێ ئێوارەوە، هیچم نەخواردووە، وە لە بەیانییەوە لە ناو تەنورێکدام، تەنها یەك دۆلکە ئاوم خواردووەتەوە لەبەر ئەوە هەموو جەستەم دەلەرزی.

لێپرسراوەکە(کابرای ورگن) پرسیارێکی لێکردم، زۆرم لە خۆم دەکرد بۆ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، دوای وەڵامەکەی من شتێکی لەسەر کاغەزێك نووسی و دایە دەستی ئەمنەکەی کە لەگەڵ مندا بوو. گوتی دەبێت تۆ لەژووری ئینفرادیدا بیت، بەڵام لەبەرئەوەی تەندروستیت لەبارنییە واناکەم، ئەمنەکە منی بە پێپلیکانەی چەند تەبەقەیەکدا بردە سەرەوە، دەرگایەکیان کردەوەو منیان خستە ژوورەوە. لێرە شتێکم بینی، بۆ یەکەمین جارە لە ژیانمدا شتی وا ببینم، خەڵکێکی زۆر هەر هەموویان لە ناو ژوورێکدان وەك

قەفەز. ڕێرەوێکی تێدایە بە پانی یەک مەترو نیو دەبوو. بەیارمەتی چاودێرێك(مراقب) ئەویش هەر زیندانییە، منیان خستە دواییین ژوور بەدەستی ڕاستدا. ئەم ژووره دوو لای شیش بەندە، ژووەکانی دیکە سێ لای شیش بەند بوو، هەر ژووەی پێنج بە پێنج مەتر دەبوو. دە ژووری وای تێدابوو هەر ژووەی بیست و پێنج تا سی زیندانیی تێدابوو،

لەلای دەرگا سەرەکییەکەی هاتنە ژوورەوە، بەلای دەستی چەپدا، بە دوو پێپلیکانە سەردەکەوتی ڕیزێك ئاودەست و دەستشۆری لێبوو.

زیندانییەکان پێشوازییان لێکردم، هەر هەموویان دشداشەیان لەبەردا بوو تەنها یەك دوانێك نەبێت ئاو و خواردنیان دامێ کەمێك بوژامەوە.لەجیاتی ئینفرادی وا لە ناو خەڵکدام چون دەڵێن ماسی بەبێ ئاو ناژی، مرۆڤیش بەبێ بوونی خەڵک لەدەورو پشتی هەست بە مرۆڤایەتی خۆی ناکات.

پێدەچێت هەموو ئەمانەی کە لێرەن زیندانی سیاسی نەبن، چوار کوردی لێبوو لەسەر قاچاخچێتی بستە(فستق)گیرابوون، دوانیان خەڵکی گوندی هەڵشۆ بوون یەکێکیان خەڵکی سلێمانی و ئەوی دیکەیان هەولێری بوو.ئەوان گاڵتەیان بە سیاسەت و باری خەڵکی دەهات، قسەو خەیاڵیان تەنها لای پارەو ڕابواردن بوو، چاوەڕێیان دەکرد، ئەمڕۆ نا سبەی ئازاد بکرێن. وادیار بوو جۆرێک لەپەیوەندی بەرژەوەندی و پارەیان هەبوو لەگەڵ هەندێک لە پیاوانی ڕژێم، ئەوان دیداری بەردەوامیان هەبوو لەگەڵ کەسوکاریان، بۆیان هەبوو خواردنی تایبەتیان بۆ بێتە ژوورەوە بەشی منیشیان دەدا.

تەنها یەك پیاوی لێبوو جلی کوردی لەبەردا بوو لە سەرەتادا نەمناسییەوە، هەتاکو دوایی خۆی هات و سڵاوی لێکردم. گوتی هاوڕێ پۆڵا چۆنی، کە بەوردی تێمڕوانی ناسیمەوە، کە هاوڕێ قانعە (عەونی).هاوڕێ قانع لە ساڵی ١٩٧٩ وە دەمناسی، کاتێك بنکەکانمان لە ناوزەنگ و زەڵێ بوو. لە یەك دوو مەفرەزەی چەك هێنان، لە ناوچەی بادینان پێکەوە بووین، ئەو پێشمەرگەیەکی قسە خۆشی ناوچەی هەولێر بوو، لە ئاسایشی هەولێرەوە ناردبوویان بۆ ئێرە. ماوەیەکە لە ئاسایشی گشتییە و نەیانناردبوو بە دوایدا، زۆر بێدەنگ بوو دەیگوت من بە لێبوردن هاتوومەتەوە لەوە زیاتر هیچی نەدەگوت. تا ڕۆژێک بانگیان کرد، ئاخر لێرە زیاتر بە ڕۆژ زیندانی دەبەن بۆ لێکۆڵینەوە، دوای ماوەیەکی کەم هێنایانەوە، ڕەنگی گۆڕابوو. لێم پرسی: چی بووە؟ گوتی یەکێکم بینی تەنها یەك زلەی لێدام و گوتی دەتبەنەوە بۆ هەولێر. گوتی هاوڕێ پۆڵا من تازە تیاچووم، دوژمنەکانم خراپیان بۆ تێچاندووم.

دوای ماوەیەکی کەم بردیانەوە بۆهەولێر و هەر لەوێ لەناویان برد.لێرە خواردنم لە ئینفرادییەکەی سلێمانی باشترە، جگە لە خواردنی زیندان ئەم کوردە قاچاخچیانەی کە جێگای متمانەنین، لەگەڵ من زۆر باشن، هەرچییەکیان بۆ دێت بێبەشم ناکەن، لە ڕووی

دەروونی و جەستەییەوە باشم.

لێرە هەفتەی یەکجار ئەمنێك دێت، ئەوانەی ڕیشیان زۆر هاتووە، بۆیان دەتاشێت، ڕیشی منیشیان تاشی، ئەمە یەکەمجارە لەورۆژەوەی لە زیندانداام ڕیشم بتاشن.ڕۆژی دوو کاتژمێر هەموو دەرگاکانی قەفەزەکە دەکەنەوە، بە ئارەزووی خۆمان هاتووچۆمان دەکرد لە ڕێرەوەکەوە بۆ سەرئاو.بە کورتییەکەی دەتوانم بڵێم لێرە جیاوازیی و گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بۆ من.

-٣٨-

ئەو شوێنەی کە منی لێبوومڕاگرتنی گشتی(توقیف العام)بوو لە ئاسایشی گشتی، ڕۆژانە لەهەموو شارەکانی عێراقەوە زیندانییان بۆ دەهێنا یان لێرەوە دەیانبردنەوە بۆ پارێزگاکان یاخود لێرەوە دەیانناردن بۆ دادگا. دەتوانم بڵێم ئەم ئاڵوگۆڕکردنە هۆکارێک بوو بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری.ئێمە لە(قاتی) چوار بووین خانەکانی ئێمە هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو، بەڵام ژمارەیەك هەواکێشی دەنگ زلی مۆدێلی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووی تێدابوو. هەرلەوێوە ڕووناکی ڕۆژ و تاریکی شەومان دەبینی.ڕەنگی دیوارەکانی زەردێکی کاڵ بوو، دەرگای ئاودەستەکان کەمێک لە مەترێك زیاتر بوو، بۆ ئەوەی زیندانییەکان دیاربن لەسەرەوە، جگە لەوەی کە وەک سەرئاو بەکاردەهێنرا، هەفتەی جارێك بۆمان هەبوو، بۆ ماوەی دوو یان سێ خولەک لەوێدا سەتڵێک ئاو بەخۆماندا بکەین.

لە ساڵی١٩٢١وە واتە لەسەردەمی پاشایەتییەوە دەزگای ئاسایش لەعێراق دامەزراوە، بێگومان لەسەرەتادا بەناوی لێکۆڵینەوەی تاوان(التحقیقات الجنائیه)ەوە بووە. بەناوبانگترین و بەدترین سەرۆکەکانی ئەم دەزگایە(بەهجەت عەتییە)بوو کە لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی ١٩٥٨دا لەسێدارە دراوە.لە دوای کودەتای بەعسییەکانی ساڵی ١٩٦٨(نازم گزار) یەکێك بووە لە بەناوبانگترین بەڕێوەبەرەکانی ئاسایشی گشتی، لە سەردەمی ئەودا. کۆشکی ڕەحابی پاشایەتی(قصر الرحاب الملكي) کرا بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی و ناویان نا(قصر النهایه).ئەم ناوە لەوەوە هاتووە کە ئەو کەسەی بگاتە ئێرە واتە کۆتایی ژیانێتی، یاخود ناوەکە بەواتای کۆتایی سەردەمی پاشایەتییە، ئێرە جێگای ئەشگەنجەدانی سیاسییەکان و نەیارانی ڕژێم بوو.ساڵی ١٩٧٣(نازم گزار) هەوڵی کودەتایدا، دژی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام، بەڵام کودەتاکەی سەری نەگرت دوای ئەوە سەدام لەناوی برد.

دوای نازم گزار (فازیل بەراك) دەبێت بە بەڕێوەبەر تا ساڵی ١٩٨٤ دوای ئەوە دەکرێت بە سەرۆکی هەواڵگری(موخابەرات) ئەمیش لە ساڵی ١٩٩٣ دا و بەفەرمانی سەدام، بە

تاوانی ناپاکی لەسێدارە دەدرێت.ئەو کاتەی کە من لێرەبووم (عەبدولڕەحمان دوری) بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو، لە دواییدا و لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا کەس نازانێت چارەنووسی ئەویش چی لێبەسەرهات.

لەم زیندانەدا هیچ ئامێرێکی ئاگرکردنەوە وەک(تەباخ و هیتەر) بوونی نەبوو، بەڵام ئەوانەی پشت و(واستە)یان هەبوو چاوپۆشییان لێدەکرا. بێگومان ئەوانەی کەیسی سیاسیان نەبوو، ئاگریان دەکردەوە بۆ چا لێنان. ئەویش بە پارچەیەك کوتاڵ(قوماش) بۆ نمونە برینپێچ(لەفاف) لولیان دەدا و بەکەرە چەوریان دەکرد، وەک شاپڵیتە لەناو قوتوویەکدا دایان دەنا. دوای ئەوە دایان دەگیرساند، دووکەڵێکی کەمی دەکرد، بەڵام زۆری پێدەچوو تاکو چاکەیان پێدەگەیشت، هەندێکجار زۆریان لێدەکردم تا چایان لێوەرگرم، بەڵام من بە دەگمەن وەرمدەگرت لەبەرئەوە نەبوو کە حەزم لێی نییە، بەپێچەوانەوە زۆر تامەزرۆی بووم، بەڵام لەبەرئەوە بوو کە بەشی هەموو ئەوانەی ژوورەکەی نەدەکرد منیش پێم شەرم بوو بیخۆمەوە.

دە ڕۆژ دەبێت لێرەم، کەس لێی نەپرسیومەتەوە"دە"ی بەیانی بوو ئێرە وەك ئینفرادییەکەی سلێمانی نییە، هەیە کاتژمێری لە دەستدایە لەبەرئەوە ئاگاداری کاتیت، بردمیانە خوارەوە لەبەردەمی ژوورێکدا ڕایانگرتم دەرگاکەی کراوەبوو، پیاوێکی گۆشتنیان پاڵ خستبوو بەسەر دەمدا و لە پشتەوە کەلەپچە کرابوو، یەکێك لەسەر قاچەکانی دانیشتبوو، بەدوانیش دەست و قولیان ڕائەکێشا بۆ لای سەری. پێدەچوو کابرا کوردی فەیلی بێت، هاواری دەکرد و دەیگوت(وەلا سیدی مائعرف)بەخوا گەورەم نازانم. ئینجا دەکەوتنە لێدانی، هەر چەندە کابرا دەیگوت(خاتر الله)، بۆ خاتری خودا، ئەوان زیاتریان لێدەدا دەیگوت(خاتر سیدالریس) دەیانگوت(اسکت کلب) بێدەنگ بە سەگە. تاکو کابرا گوتی(راح احچی سیدی) قسە دەکەم گەورەم، کابرایان دانیشاند لە سەر کورسییەك دەستیان کرد بە نووسینی قسەکانی. جاربەجار پرسیارێکیان لێدەکرد ئەگەر وەڵامەکەیان بە دڵ نەبوایە زلەیەکیان لێ دەدا، یان هەڕەشەیان لێدەکرد کە تەواوبوو واژۆیان پێکرد و بردیان.

-٣٩-

ئەوکاتەی کە منیان ڕاگرتبووئەشکەنجەی کابراکەیان دەدا، بیرم لەوە دەکردەوە و گومانم هەبوو ئاخر چۆن دەبێت ئەمە ژووری ئەشکەنجەدان بێت. ئێرە تەنها نووسینگەی ئەفسەرێکی ئاسایشە، لێرە هیچ ئامرازێك و ئامێرێکی ئەشکەنجەدانی تێدانییە، تەنها داڕێك و کێبلێك نەبێت، واش پێی نەدەچوو کە کابرای کوردی فەیلی لەخۆیان بێت، ئەمە تەنها سیناریۆیەك بێت بۆ ترساندنی من بۆ ئەوەی توانای بەرگریم نەبێت ئەگەر ئەوان وابیریانکردبێتەوە زۆر هەڵەن.

ڕاستە دیمەنی ئەشکەنجەدانی ئەو مرۆڤە لە ناخەوە هەژاندمی، بەتایبەتی ئەو کەسێکی بەتەمەن بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا و لە دڵی خۆمدا دەمگوتئەگەر منیش ئاوا ئەشکەنجەبدرێم بەختەوەرم. بۆیە دڵنیابووم ئەمجارەش هەر من براوەم.

منیان بردە ژووری ئەفسەرەکەوە و گوتی دانیشە منیش دانیشتم.

گوتی هیچت پێوست نییە؟

گوتم، نا سوپاس.

گوتی جگەرە دەکێشیت؟

گوتم نا.

گوتی ئێمە نامانەوێت ئازاری هیچ کەسێک بدەین، بەڵام ئەو کەسەی هاوکاریمان نەکات و زانیاریمان پێشکەش نەکات، ناچارین زەبروزەنگی لەگەڵدا بەکاربهێنین، ئەمە ئەرکمانە و دەبێت بەباشی ئەنجامی بدەین.

گوتم وایە.

گوتی زۆر باشە، دیارە تۆ مرۆڤێکی زیرەکیت، ئێمە زانیاریمان هەیە کە تۆ کەسانێکی زۆر دەناسیت، سەر بە حیزبی شیوعین، ئێمە ناوی هەموویانمان ناوێت، تەنها یەك ناومان پێبڵێ بەسە، ئەمەش بە هاوکاری دەژمێرین بۆ تۆ.

گوتم منیش زۆرم پێخۆش دەبوو، ئەگەر کەسێکم بناسیایە، بەڵام بەداخەوە من کەس ناناسم!

بۆ ماوەیەك بەم شێوەیەو بەهێمنی بەردەوام بوو لە قسەکردن، بەڵام کەزانی سودی نییە، گوتی ئەگەر دەتەوێت، بڕۆ بیری لێبکەرەوە؟

گوتم بیر لە چی بکەمەوە، کە من هیچ شتێك نەزانم؟

گوتی بزانە ئەوە ئێستا تۆ ناچارمان دەکەیت ئازارت بدەین.

من بۆ خۆم لە سەرەتاوە دمزانی کە ئەم گفتوگۆیە دەگاتە ئێرە، چونکە پێشتر ئەم سیناریۆیەم بەسەردا هاتبوو لە ئاسایشی سلێمانی.

هەمان شێوازی ئەشکەنجەدانی کابرای کوردی فەیلییان لەگەڵ منداا دووبارە کردەوە، بەڵام هەمان ئەنجامیان دەستنەکەوت.

ماندوو بوون و منیان ناردەوە بۆ شوێنەکەی خۆم، ئەمەش زۆر باش بوو بۆ من، ئاخر من ترسی ئەوەم هەبوو کە بمبەن بۆ ئینفرادی یاخود شوێنێکی دیکە.

لەماوەی دوو هەفتەدا، سێ جاری دیکە، منیان بردەوە بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێك، قسەکەی مامۆستا ئەحمەد راست دەرچوو کە دەیگوت لەوێ نیوەی ئێرەت پێناکەن.

ڕاستە "ئاسایشی گشتی" ناوێکی سامناک بوو، بەڵام ئەشکەنجەدانەکەی من لێرە بەپێی ناوەکەی نەبوو.لێرە کاتێك دەرگای ژوورەکان یاخود ڕاستییەکەی بڵێین قەفەزەکان دەکەنەوە، تێکەڵاوی کەسانێکی زۆر دەبیت، بێگومان زیاتر لەو خەڵکە نزیك دەبێتەوە کە هاوبیرو هاوخەمی یەکترین. زۆر کەسم لێرە ناسی، سودم لێوەرگرتن وهەروەها منیش بەپێی توانای خۆم سودم پێگەیاندن. یەکێك لەوانەی کەلێرە بینیم شەهید خەلیل ماشاڵڵا بوو. شەهید خلیل، کەسێکی مارکسی تێگەیشتوو بوو، زانیاریی زۆری هەبوو لەسەر مێژوو، ڕۆژانە باسی شۆڕشی زنجییەکان و قەرامیتەی بۆ دەکردم، خەلیل پێشتر گیرابوو وە حوکمیش درابوو، بەڵام بە لێبوردن ئازاد کرابوو، زانیاریی زۆری پێدام دەربارە زیندانی ئەبوغرێب.من لە زنجیرەی نووسینەکانی پێشوتردا(لەژووری مەرگدا) ئاماژەم پێکردبوو، کە چۆن ئازاد ناوێك خەڵکی کەرکوك بووە و خەلیلی بەگرتداوە.پارە لێرە مامەڵەی پێدەکرا، بۆیە لەو دوو بیست و پێنج دیناریەی کە پێم بوو یەکێکیانم بەخشییەوە.

کۆتایی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٨٩ بەیانییەکی زوو ناویان خوێندمەوە و بردیانم. نازانم بۆ کوێم دەبەن! ئەزانم بۆ لێکۆڵینەوە نییە.ئەمەوێت لێرەدا ئەوەش بڵێم کە بە بێچەوانەی زیندانییەکانی دیکە من لەو ڕۆژەوەی گێراوم چاویان نەبەستوومەتەوە. بردیانم بۆ هەمان ئەو شوێنەی کە بۆ یەکەمچار منیان لێداگرت، هەمان سەیارە و مولازم محەمەدی ئاسایشی سلێمانی چاوەڕێی دەکردم، ئێستا دڵنیام کە دەمبەنەوە بۆ ئاسایشی سلێمانی.منیان کردەوە ناو کەبسەکەوە، مەبەستم پشتی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە بە تەواوەتی داخراوە. بەوهیوایەم ئەمجارە باشتر بێت لە جاری پێشوو، هەر چەندە ئێستا پلەی گەرما بەرزترە.

ئۆتۆمبیلەکە بەڕێکەوت، خێرا دەڕوات و بەبێ وەستان، وادیارە لە بەغداد دەرچووین. پاش ماوەیەک وەستا، دوای چەند خولەکێك دەرگای پشتەوەیان کردەوە سێ سەبەتەی

حەسیر خورمایان دانا، گوتیان دەتوانی لێی بخۆیت زانیم ئەم شوێنە خالسە.

دەستم کرد بە خورما خواردن هەر جارەی لە سەبەتەیەکم دەردەهێنا، لەهەمانکاتدا دەترسام زۆر بخۆم لەبەر ئەوەی زۆر گەرم بوو، وەهەروەها ئاوم لا نەبوو. ئەگینا لە توانامدا هەبوو یەك سەبەتە بخۆم، هەموو جەستەم بوو بە ئاو لە ئەنجامی گەرماو نەبوونی هەوا و خورما خواردن.جارێکی دیکە ئۆتۆمبیلەکە وەستا و دەرگایان کردەوە و ئاویان بۆ هێنام، ئێستا زانیم کە ئێرە دووزخورماتووە. بە ڕێکەوتینەوە بەڵام هەتاکو دێت گەرمتر دەبێت، بە پێی جوڵەی ئۆتۆمبیلەکە، مەزەنەم دەکرد ئێرە کوێ بێت، واهەستم کرد کە ئێستا لە ناو شاری سلێمانیداین، بەدەنگی هۆڕن و پێچی ناو کۆڵانەکان.ئۆتۆمبیلەکە وەستاو دەرگایان لە من کردەوە، کە دابەزیم و دیقەتم دا، ئێرە ئەو شوێنە نییە، کە پێشتر منیان لێوەبرد، بۆ ئاسایشی گشتی لە بەغداد.

-٤٠-

ئۆتۆمبیلەکەیان لە گۆڕەپانێك(ساحە)دا وەستاند، بەچواردەوری گۆڕەپانەکەدا شورا بوو، لە بەشێکی گۆڕەپانەکەدا گەراجێکی ئۆتۆمبیلی لێبوو.لەدەرگایەکی ئاسنەوە کەقەبارەکەی مام ناوەندی بوو منیان بەخێرایی بردە ژوورەوە.لەناوەوە و لەبەر دەرگاکەدا حەوشەیەکی بچوکی لەسەربوو، سەرەوەی تەلبەندکرابوو، بەلای دەستی ڕاستدا چەند پێپلیکانەیەکی هەبوو، دەچوو بۆ ڕێڕەوێکی باریک و بەلای دەستی چەپدا دەرگایەک هەبوو دوایی زانیم ژووری زیندانییە ژنەکانە.

منیان برد بۆ لای دەرگایەك لە پێشەوەو بەلای دەستە ڕاستدا و بەلای دەستە چەپدا چەند پێبپلیکانەیەك هەبوو بۆ خوارەوە، بەڵام منیان بەلای دەستە ڕاستدا برد. بە چەند پێپلیکانەیەدا سەریان خستم، بۆ(قات)ی سەرەوە و دوای ئەوە گەیشتینە ڕێڕەوێک کە ژمارەیەکی زۆر دەرگای لەسەر بوو. لە کۆتایی ڕێڕەوەکەدا و بەلای دەستی ڕاستدا دەرگایەکیان کردەوە و منیان خستە ژوورەوە.ژووڕێکی گەورەبوو پێچت دەکردەوە بەلای دەستە چەپدا پەنجەرەیەکی بچوکی تێدا بوو، بیست سانتیم چوارگۆشە دەبوو، دەیڕوانییە سەر ڕێڕەوەکە ئاودەستێك و هەواکێشێکی تێدابوو.زیندانیانی ژوورەکە ژمارەیان لەچل زیندانی زیاتر دەبوو، پێشوازییان لێکردم، من هیچیانم پێشتر نەدیبوو و نەم دەناسین، بەڵام هەندێکیان ناوی منیان بیستبوو.

ماندووبوونێکی زۆرم پێوە دیار بوو، بێجگە لە بۆنی ئارەقی ناو ئۆتۆمبیلەکە(کەبسەکە) گوتیان ئەگەر پێت خۆشە دەتوانیت خۆت بشۆیت، لەوکاتەدا خۆشتن بەلای منەوە شتێکی زۆرسەیر بوو!

گووتم بۆ جێگای خۆشتن هەیە؟

گوتیان لێرە دەتوانیت کەی بتەوێت خۆت بشۆیت یاخود بڕۆیتە سەرئاو.یەکێك هات و یارمەتیدام، بەڵام وادیاربوو لێرە کێشەی کەمی سابوونیان هەبوو. هەرچۆنێك بوو پارچەیەك سابوونی بچوکیان بۆ پەیداکردم ئەمە یەکەمجارە بەبێ ئەوەی پەلەبکەم دەتوانم بەباشی خۆم بشۆم.

ئەم باڵەخانەیە تازەیە هەندێک جێگای چوار(قاتە) ئەمە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانییە. پێیان دەگوت ئەمنە سووڕەکە. لەبەرئەوەی لەدیوی دەرەوەی، بەڕەنگی سور بۆیاغ کرابوو، زۆرجاریش پێیان دەگوت ئەمنی عەقاری لەبەر ئەوەی لە گەڕەکی عەقاری بوو. بەشێکی فەرمانگەی بەڕێوەبەراتی ئاسایش بوو بەشەکەی دیکەی جێگای زیندانی بوو.

ئەوکاتەی من دەستگیرکرام واتە لە١٩٨٩/٥/٦زیندانییان نەدەهێنا بۆ ئێرە،بەڵام لەو ماوەیەی من لە ئاسایشی گشتی بووم، زیندانییەکانیان گواستبووەوە بۆ ئێرە. لەبەر ئەوە جێگاکە جارێ پاك بوو، وە هەروەها سەردەمیانە بوو،جیاوازیی زۆر بوو لەگەڵ ئەمنە کۆنەکە.

بە پەرۆشەوەم هەواڵی براکانم بزانم، ئەبێت چییان لێبەسەر هاتبێت؟ خۆشبەختانە وەڵامم لە هەندێك لە زیندانییەکان دەستکەوت.کەهەر دوو براکەم پێش ماوەیەك ئازادکراون، بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بووم، هەرچی ئازار و ماندووبوونێکم هەبوو لە بیرم چوویەوە. من جگە لە خەمی براکانم زیاتر خەمی دایکمم هەبوو، ئەم هەواڵە وایلێکردم وەك ئەوە وابێت نەبام دیبێت نەباران.

تەلاری بەڕێوەبەرێتی دەزگای ئاسایشی رژێمی پێشوو ناسراو بە ئەمنە سووڕەکە. لە ئێستادا کراوە بە مۆزەخانە

ئەم ژووەی ئێمە ژمارە چواربووگەورەترین ژووری سەرەوە بوو، لە بنەڕەتدا دوو ژوور بوو کرابوو بە یەك، بەڵام لە خوارەوە هۆڵێکی گەورەی لێبوو پێیاندەگوت ژێرزەمینەکە بە پێپلیکانە بۆی دەڕۆیشتیتە خوارەوە، بێگومان ژمارەیەك ژووری ئینفرادی لێبوو. چاودێر(موراقب)ی ژوورەکەمان گەنجێکی قۆزبوو بە ناوی شێخ حسێن، لەگەڵ ئەوەی زیندانی بوو زۆر پاك و تەمیز بوو. ئەو گوتی لە ژوورەکەی ئەوبەرمانەوە دەیانەوێت بەخێر هاتنت بکەن، گوتی ئەگەر گوێت لە دەنگی پێی یاخود کلیلی پاسەوانەکان بوو بێدەنگبە وادیار بوو لێرە لە نێوان ژوورەکاندا قسە کردن هەبوو، بەڵام بە وریایی.چوومە بەردەم دەرگای ژوورەکەمان لە پەنجەرە بچوکەکەی دەرگاکەی ژوورەکەی بەرامبەرمان یەکێك سڵاوی لێکردم و کەوتینە گفتووگۆ، تێگەیشتم کە ئەوان سێ کەسن لەسەر حیزبی شیوعی دەستگیر کراون، بەم ناوانە هوشیار، تاریق، عوسمان.گوتیان پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی دەستگیرکراوە بە ناوی کاوە مەبەستیان هەرێم بوو.

ئەوانەی لە ژوورەکەی منداً بوون زۆربەی زۆریان کورد بوون، تەنها دوو عەرەبمان لەگەڵدا بوو خەڵکی ڕوومادی بوون. ئەو دوو عەرەبە ئیسلامی بوون لەگەڵ دوو کوردی دیکە بە ناوی (مەلا جەبار و کوڕێکی گەنج بەناوی جەزا) کە بەداخەوە هەر لێرە گولەباران کران.

هەموو زیندانییەکانی ئێرە لە سەر سیاسەت نەگیراون، سەلامە سوور و بەرزان چەکداری تەواری بوون، لەسەر کوشتنی یەکێك لە چەکدارەکانی خۆیان زیندانی بوون، لەگەڵ ئامر مەفرەزەکەیان کامەرانە سوور، کە پێشتر ئاماژەم پێکردبوو لە ئینفرادی ئەمنە کۆنەکە.کۆمەڵێک لەسەر ناوچە قەدەغەکراوەکان(المناطق المحرمە) دەستگیرکرابوون، ئاخر ئەو کاتە هەرکەسێك لە دەرەوەی شارو و شارۆچکەکان بوایە دەستگیریان دەکرد. کەسانێکی دیکە لەسەر تاوانی تێپەراندنی سنوور(تجاوز الحدود) دەستگیرکرابوون کۆمەڵێک لەسەر ڕێکخستنەکانی یەکێتی و سۆشیالسیست کەسانێکیش هەبوون خۆیشیان نەیاندەزانی لەسەرچی دەستگیرکراون.

-٤١-

لەو کاتەدا(عەقید خەڵەف) بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بوو.ئەو ئەفسەرانەی کە لێرە زۆر ناسراو بوون بە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و بێڕەوشتی:

⋆(ڕائید حەسون و نەقیب ماجد)

⋆موفەوەزەکان(تاریق) وەک سەگی هار بوو.

⋆لە پاسەوانەکان محەمەد(ئەبوودەلەف)

⋆هەرچی ڕەحیمی پاسەوانە وەك ئەوە وابوو بە ناچاریی ئەم کارە بکات، هەتاکو پێی نەڵێن دەستدرێژی ناکاتە سەر هیچ زیندانییەك. ئەو بۆ ئەم شوێنە نەدەگونجا لەبەرئەوە کە مۆڵەت دەبوو زیندانییەکان لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوون کەی بگەڕێتەوە، بە پێچەوانەوەی(ابو دلف)وە زیندانییەکان ڕۆژیان دەژمارد بۆ مۆڵەت و ڕزگاریان بێت لەدەستی ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت.

ئەبو دەلەفی بێڕەوشت کاتێك زیندانییەکی بە چاوبەستراوی دەبرد بۆ لێکۆڵینەوە بەدرۆ بەزیندانییەکەی دەگوت ئەوە پێپلیکانەیە لەبەردەمتدا لەکاتێکدا پێپلیکانە نەبوو، زیندانییەکەش وا پێی دادەنا، وەک ئەوەی بەسەر پێپلیکانەیەکدا بڕواتە سەرەوە یان بچێتە خوارەوە. یاخود زۆرجار بە پێچەوانەوە، پێپلیکانە بوو، بەڵام ئەو بەزیندانییەکەی نەدەگوت لەوکاتەدا دەکەوتەخوارەوە. هەندێک شوێن پێچکردنەوە بوو، بەڵام ئەم نەیدەگوت، بۆئەوەی زیندانییەکە بەردەوام بێت و بەر دیوارەکە بکەوێت، ئیدی بێجگە لەقسەی ناخۆش و دەستوەشاندن.

لە ماوەیەکی کورتدا پەیوەندییەکی باشم پەیداکرد لەگەڵ زۆربەی زیندانیانی ژوورەکەمدا، جێگای متمانە بووم لایان. ئەوەی لای هیچ کەسێکی دیکە نەیاندەوێرا باسی لێوەبکەنلەلای من باسیان دەکرد، منیش ڕێگام بۆ دادەنان هەڵبەتە کەسانێکیش هەبوون دژایەتییان دەکردم، لەبەرئەوەی شیوعی بووم. هەرچەندە لەتوانایاندا نەبوو بە ئاشکرا ئەم کارە بکەن، بەڵام هەروەك پیشەی هەمیشەییان نەیارانی مارکسییەت دەیانویست لە ڕێگای ئایینەوە دژایەتیم بکەن و خەڵکەکەم لێدوور بخەنەوە.

زۆربەی زۆری زیندانییەکانی ژووورەکەم نوێژیان دەکرد، تەنها من و زیندانییەکی دیکە نەبێت بە ناوی ئەیوب، خەڵکی هەورامان بوو. ئەو لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و تێگەیشتندا بوو، هەروەها ڕێبازێکی فەلسەفی تایبەت بەخۆی هەبوو، دەیگوت من بڕوام بەخوا هەیە، بەڵام ئەم خوایەی ئەمانە نا کە نوێژی بۆدەکەن. هەروەك لەوەوپێش ئاماژەم پێکردبوو، مرۆڤ لە تەنگانەدا ئەوکاتەی هەستدەکات هیچ دەسەڵاتێکی نییە پەنا بۆ غەیبییات دەبات وەک فریادڕەسێک. ئەتوانم بڵێم ئەوە پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ ئەوانەی کەلەدەرەوە نوێژیان نەکردووە، بەڵام لەزیندان دەستدەدەنە خواپەرستی.

لە هەمووی خۆشتر دلێر ناوێک بوو مامۆستای کاراتی بووئەو پێشنوێژی بۆدەکردن. کەسانێك هەبوون پێشتر دەیاننasی دەیانگوت گوایە هاوڕەگەزخواز بووە، هەرچەندە ئەو لێرە سودی هەبوو بۆ ئێمە ڕۆژانە چەند کاتژمێرێک وەرزشی کاراتی پێدەکردین.

خواردن و سابوون و تایت لێرە زۆر کەم بوو بەشی نەدەکرد، زیندانییەکان دەیانگوت ئەوە زیاتر خەتای بەڵێندەرەکەیە(عەبەی سالّحی قیروان) ئەو پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ ئەفسەرەکان و بەرتیلی دەدانێ بەرامبەر بەو خواردنە کەم وخراپەی دەیهێنا بۆ زیندانییەکان، ئەوانیش چاوپۆشییان لێدەکرد. کەمی خواردن و نارێکی دابەشکردنی هۆکارێک بوو بۆ دروستبوونی شەڕو ناکۆکی لەنێوەندی زیندانییەکاندا.زیندانییەکان داوایان لەمن کرد خواردنیان بەسەردا دابەش بکەم، ئەم کارەش ئاسان نەبوو، ئاخر تەنها سەرچاوەی ژیان لێرە ئەم خواردنە کەمەیە. ئەمکارە لە ئاستی وەزیری دارایی گەورەتر بوو دەنکە برنجێك زیاد یان کەم، بە گەندەڵکاری دەژمێردرێت.

هەر ماوە ماوەیەک، دەیانبردین بۆ ڕێڕەوەکە یاخود لە حەوشە بچوکەکەی خوارەوە ڕیشیان بۆ دەتاشین. زۆربەمان بەدەموچاوی خوێناوییەوە دەهاتینەوە بە تایبەتی بە زستان ئاخر بەیەک گوێزان(موس) و ئاوی سارد ڕیشی بیست کەسیان دەتاشی.جگەرە کێشەکان زۆر پەرێشان بوون، هەموو کاتێک ئەوان تامەزرۆی جگەرەبوون. لەبەرئەوە هەندێکیان بۆ نان نەدەپارانەوە هێندەی بۆ جگەرە بەپەرۆش بوون، کاتێك پاسەوانێك بهاتایە، ئەوان لێیان دەپارانەوە بۆ نەفەسێك جگەرە، هەندێکیان تڵپە چایان وشك دەکردەوە، لەدواییدا هەرپارچە کاغەزێکیان چنگ بکەوتایە دەیانپێچایەوە و دەیانکێشا. لەبەرئەوە بوو زۆرجار ئەفسەرەکانی لێکۆڵینەوە پرسیاریان دەکرد، جگەرە دەکێشیت یان نا؟ ئاخر بۆ ئەوەی وەک خاڵێکی لاواز لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بەکاریبهێنن هەندێکجار

به پێشکەشکردنی جگەرەو چایەک زانیارییەکی گرنگیان بە زیندانییەک درکاندووە.

دلێری کاراتی بە پێشنوێژییەوە نەئەوەستا ڕۆژانە وەك دەروێشەکان زکری بە کۆمەڵێك دەکرد، لە بەرامبەر ئەمەدامنیش چیرۆکەکانی(جەنگیز ئیتماتۆف ونێکولای ئوستروفسکیم)بۆ دەگێڕانەوە.

-٤٢-

سامناکترین چرکەساتەکانی ڕۆژانەی ژیانی زیندانییەک هەنگاوەکانی پاسەوانێکە لەگەڵ دەنگی زیڕەی کلیلەکانی دەستی،کە لە ناو بازنەیەکی ئاسنیندایە. هەر ئەوەیە ئەو سیمفۆنیای ترسە دروستدەکات کە ئامادەکەرو پێشکەشکارەکەی دەسەڵاتی مەرگە.

هەمووجارێک لەدڵی خۆتدا دەڵێیت، ئاخۆ ئەمجارە بۆ من هاتبن؟ یاخود بۆ یەکێکی دیکە؟ ئەگەر دەرگای ژوورێکی دیکە بکەنەوە، ئەوە تۆ و هەموو ئەوانەی ژوورەکەت کەلەچاوەڕوانی ئەو جەلادانەدان بەجارێک ئارامیی ڕوخساریان داگیر دەکات، بەڵام ئەگەر بێتو هەنگاوەکانیان لە ژوورەکەی تۆوە نزیك بێتەوە لێدانی دڵی تۆو هەموو ئەوانەی کەلەوێدان بەرەو زیادبوون دەڕوات. ئیتر تۆ گومانت لا نامێنێت و دڵنیایت کە ئەوانە دێن بۆ ژوورەکەتو وە بۆچیش دێن.

ئەو جارەیش هەرتۆ ئاسودە دەبیت کە دێنە ژوورەکەی تۆ، بەڵام تۆ نابەن یەکێکی دیکە دەبەن.ئیتر ئەمە سروشتی مرۆڤە، من نازانم چی ناو بنێم لەوانەیە تۆ بۆ خۆت بتوانی ناوێکی بۆ بدۆزیتەوە.ڕۆژێك پێش نانی نیوەڕۆ جولّەیەکی نائاسایی لە ڕێڕەوەکەدا دروست بوو. ئەوانەی لە پەنجەرە بچوکەکەی ژوورەکەوە کە دەکەوتە سەر ڕێڕەوەکە سەیریان دەکرد گوتیان کۆمەڵێک ئەفسەر چوونە یەکەم ژووری سەر ڕێڕەوەکە.دوای ئەوەی لەوێ دەرچوون چوونە ژوورێکی دیکەوە. کاتێک دەچوونە هەر ژوورێکەوە ماوەیەکی باش دەمانەوەدوابەدوای ئەوە دەچوونە ژوورێکی دیکەوە هەتاکو ئەوکاتەی گەیشتنە ژوورەکەی ئێمە.بەڵام لەو ماوەیەی پێش گەیشتنیان بەژوورەکەی ئێمە هەریەکەمان شتێکمان دەگوت زۆربەمان لەوبڕوایەدا بووین کە ڕەنگە پشکنین بێت، بەڵام هیچ کامێك لەو بۆچوونانەمان ڕاست دەرنەچوو.کە گەیشتنە ژوورەکەی ئێمە هەموومان بە پێوە وەستاین بەبێ ئەوەی کەس پێمان بڵێت. نەقیب ماجید گوتی(سید المدیر جای یتفقد احوالکم) جەنابی بەڕێوەبەر هاتووە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆختان بێت.

عەقیدخەڵەف گوتی(شلونکم شمحتاجین)؟ چۆنن چیتان پێویستە؟

پەیکەرێکی نێو مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە. گوزارشت لە شێوازی ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسی دەکات لەدەزگای ئاسایشی رژێمی پێشوودا

زۆربەی زیندانییەکان زمانی عەرەبییان نەدەزانی یاخود دەترسان لەوەی قسەبکەن من گوتم، ئوستاز ڕاستە ئێمە زیندانیین، بەڵام لەهەمانکاتدا، ئێمە هاوڵاتین بەپێی یاسابێت ئێمە بێ تاوانین تاکو ئەوکاتەی دادگایی دەکرێین. گووتم ئێمە دوو داواکاریمان هەیە یەکەم: خواردنەکەمان خراپە و کەمە. چۆن دەبێت ئێمە تێر نەخۆین، لە عێراقێك هەر هەمووی خێرە. دووەم: ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە ئاگاداری ئەوە بین، چی دەگووزەرێت لەم وڵاتەی ئێمەدا ئێمە پێویستیمان بە ڕۆژنامە و گۆڤارە.ئەم قسانەی من بەدڵی نەقیب ماجید نەبوو گوتی چۆن خواردنەکەتان خراپە چەند زیندانییەکی دیکە گوتیان خراپەو بەشمان ناکات.

عەقید خەڵەف گوتی(خەسە ئلی یجوعکم) داوەشێت ئەوەی برسیتان دەکات. (راح یجیلکم یومیا جرائد وئەخلیلکم اذاعە) هەموو ڕۆژێك ڕۆژنامەتان بۆ دێت و ئیزگەتان بۆ دادەنێم.دوای ئەو سەردانە خواردنەکەمان زۆرتر و باشتر بوو، هەموو ڕۆژێك ڕۆژنامەمان بۆ دەهات و هەروەها نزیکی ژووورەکان بڵندگۆیان بۆ دانایین، ڕۆژی چەند کاتژمێرێک گوێمان لە گۆرانی دەبوو.ئەوانەی عەرەبییان دەزانی ڕۆژنامەکانیان دەخوێندەوە، دوایی جگەرە کێشەکان لەگەڵ تڵپە چادا، دەیانکرد بە سیغاری جگەرە.

ئێوارەیەك هاتن و منیان برد، ئەفسەرێك گوتی من لە ئاسایشی گشتییەوە هاتووم، بۆچی تۆ نەتگووتووە هاوسەرم هەیە؟

منیش گوتم ئێوە نەتانپرسیوە، هەتاکو من وەڵامتان بدەمەوە، گوتی باشە ئێستا لە کوێیە؟ گوتم دوو ساڵ دەبێت ئێمە شەڕمان بووە پێکەوەنین و نازانم لە کوێ دەژی کەمێکیان لێدام.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا ئەمانە بەدوای زانیارییدا دەگەڕێن. لە هەمانکاتدا هەواڵێکی خۆش بوو بۆ من وە دڵنیا بووم کە ڕێزانی هاوسەرم سەلامەتە و ئەبێت ئێستا منداڵەکەی بووبێت، کەواتە ئێستا من باوکم، نازانم کە کچمان بووە یاخود کوڕ.

ئەوکاتەی کە بڕیارماندا منداڵ دروستبکەین وا ڕێکەوتین کە ئەگەر کوڕبێت من ناوی بنێم، وە ئەگەر گچ بێت ئەو ناوی بنێت.

ڕاستە من دەستم لە خۆم شتبوو، بەڵام هەرگیز بێئومید نەبووم.هێنانی ڕۆژنامە وایکرد ئاگاداری ڕووداوەکانی دەرەوە بین. ئەو ڕۆژنامانەی کە دەهات(الثورە، الجمهوریە) بوو، هەردووکیان ڕۆژنامەی ڕژێم بوون.ئێمە شیکردنەوەی خۆمانمان هەبوو بۆ هەواڵ و بابەتەکان.ڕۆژانە ئەوانەی خوێندەوارییان نەبوو، یاخود عەرەبییان نەدەزانی لە دەوری من کۆدەبوونەوە ڕۆژنامەکەم بۆ دەخوێندنەوە هەمانکات دەبوو بابەتێك بۆ شیکردنەوە و قسەکردن هەڵبژێرم.

لەگەڵ ئەوەی من شیوعی بووم و نوێژم نەدەکرد، بەڵام پەیوەندیم باش بوو لەگەڵ ئیسلامییەکاندا، یەکێک لەو زیندانییانە عەرەبێکی وەهابی بوو، زۆر چوو بووە قووڵایی نووسین و کتێبەکانی(سەید قوتب)ەوە هەمیشە لەگەڵ من خەریک بوو دەیگوت تۆ هەموو ڕەوشتت هی کەسێکی موسڵمانە، تەنها نوێژ ناکەیت.

لێرەوە واتە لەئاسایشەوە ئەوانەی کەتەمەنیان لەژێر هەژدە ساڵەوە بوو، واتە لەژێر تەمەنی یاسایی بۆ سزادان، دەیانناردن بۆ لای پزیشکی تایبەتی خۆیان. بۆ ئەوەی پشکنینیان بۆ بکەن و بەپێی ئەو پشکنینانەتەمەنیان بۆ زیاد بکرێت بۆ سەروو هەژدە ساڵ. ئاخر بەپێی یاسای عێراقی یەکێک سزای لەسێدارەدان و هەروەها زیاتر لە پانزە ساڵ زیندانی بەسەردا ناسەپێنرێت ئەگەر تەمەنی نەگەیشتبێتە هەژدە ساڵ.

حەمەسوور خەڵکی ڕانییە بوو، هەروەها لەسەر ئیسلامییەکان گیرابوو یەکێك بوو لەوانەی کە تەمەنی لەژێر تەمەنی یاساییدا بوو، بۆیە ناردیان بۆلای دکتۆر تا پشکنینی

بۆبکات بۆئەوەی تەمەنی بۆ زیاد بکەن.جەلالیش خەڵکی ڕانییە بوو هەروەها ئەویش ئیسلامی بوو، ماوەیەک جەلال بەشەو و ڕۆژ کەلەپچەیان دەکرد وەک سزایەکی زیاتر و بۆ ئەوەی زانیاریی بدرکێنێت، بەڵام من دەستێکی کەلەپچەکەیم بۆ دەکردەوە بە ڕێگایەکی تایبەتی کە خۆم دەمزانی. کاتێك کە دەهاتن بەرەو ژوورەکەمان بۆم دادەخستەوە، ڕۆژی چەند جارێك ئەم کارەم بۆ دەکرد، جارێك هاتن و بردیان لەوێ زۆر خەریکی بوون کەلەپچەکەیان بۆ نەکرابووەوە، جەلالیش بە خۆشی دەیگێڕایەوەو دەیگوت، خەریک بوو پێیان بڵێم بنێرن بەدوای تۆدا بۆ ئەوەی کەلەپچەکە بکەیتەوە.

-٤٣-

سێ ڕۆژ دەبوو زۆر ناساغ بووم، ژانەسەرێکی یەکجار بەهێزم هەبوو بە تەواوەتی پەکی خستبووم نانم بۆ نەدەخورا. چەند جارێك پاسەوانەکان ئاگادارکرانەوە دەربارەی خراپی باری تەندروستیم، بەڵام ئەوان گوێیان پێنەدەدا.

ئێوارەیەك کۆمەڵێك لە هاوزیندانییەکانی ژوورەکەم بەیەکەوە دەستیانکرد بەلێدانی دەرگاکە پاسەوانێك هاتە سەرەوە و بە تووڕەییەوە گوتی ها ئەوە چی بووە؟ بەکۆمەڵ گوتیان، وا خەریکە یەکێکمان دەمرێت ئەویش گوتی(زین راح ئەروح ئەگول لسید الظابط) باشە ئەوە دەڕۆم بە جەنابی ئەفسەر دەڵێم. ئەو ڕۆیشتە خوارەوە و دوای ماوەیەك هاتەوە، داوای ناوەکەمی کرد، دوای ناو وەرگرتن جارێکی دیکە ڕۆیشتەوە خوارەوە و هاتەوە سەرەوە، دەرگاکەی کردەوە و گوتی بابێتە دەرەوە، گوتیان ناتوانێت بەپێوە بوەستێت، گوتی با یەکێك هەڵیبگرێت. لەوکاتەدا بەرزان کە چەکداری تەواری بوو، یەکێک بوو لەوانەی کە لە کەیسەکەی کامەرانە سووری ئامر مەفرەزەی تەواریدا بوو، کە لەسەر کوشتنی یەکێك لە چەکدارەکانی خۆیان دەستگیرکرابوون، گەنجێکی قەڵەوی گورجوگۆڵ بوو. منی خستە سەر پشتی و بەکۆڵ بردمییە خوارەوە، لە حەوشە بچوکە سەرتەلبەندکراوەکەدا پاڵیان خستم، لەو کاتەدا موفەوەز تاریق هات پرسی ئەوە چییە؟

گوتیان نەخۆشە و چاوەڕێی ئۆتۆمبیل دەکەین بیبەین بۆ نەخۆشخانە، موفەوەز تاریق لێم هاتە پێشەوەو نوکە شەقێکی لێدام و گوتی(گوم منیوك تتمارەض)، هەستە حیز خۆت نەخۆش دەکەیت؟ منیش لەوکاتەدا چۆن دەڵێن مردن بەپارە بوایە لە تاو ئازاری سەرم دەمکڕی سەرم کەمێك هەڵبڕی وگوتم(هو های ئەخلاق رجل امن)، ئەمەیە ڕەوشتی پیاوی ئاسایش؟

من ئەوەم گوت و ئەو هاربوو گوتی ئەو کێبڵەم بۆبهێنن، کێبڵیان هێنا و دەستیکرد بە لێدانم بە کێبڵەکە، منیش دەنگم لێوە نەدەهات هەستم بە هیچیش نەدەکرد. وادیار بوو ئازاری چەند ڕۆژەی سەرم هەستی لە جەستەمدا نەهێشتبوو، وەك ئەوە وابوو دەرزی

سڕبوونم لێدرابێت. بێدەنگییەکەی من تارقی هارتر دەکرد (هەمیشە جەلادەکان لە ڕووی دەروونییەوە، بە هاواری قوربانییەکانیان دڵخۆش دەبن و بە پێچەوانەوە بێدەنگی قوربانییەکانیان هەستی شکستیان پێدەبەخشێت). هاتن گوتیان ئۆتۆمبیلەکە ئامادەیە وێستیان هەڵمبگرن و بمبەن بۆ دەرەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە، گوتم من نارۆم باشم. بەڕاستیش دوای ئەو کێبڵکارییەی موفەوەز تاریق، ئازار لە سەرمدا نەما، خۆم هەوڵمدا هەستمە سەرپێ دوای ئەوە بردیانمەوە بۆ ژوورەکەم. هاوزیندانیانی ژوورەکەم گووتیان باش دیاریت، چارە سەریان کردی؟ منیش گوتم بەڵێ باشترین چارەسەر هێشتا زانستی پزیشکی پێینەگەیشتووە ئەویش چارەسەرە بە کێبڵ، بەسەرهاتەکەم بۆ گێرانەوە، بوو بە پێکەنین و گاڵتەجاڕی.

لە ژوورەکەی تەنیشتمان دوو زیندانی تێدابوو دایکێك و کوڕەکەی ئێستا لە بیرم نەماوە بەتەواوەتی لە سەر چی گیرابوون، بەڵام گومانم نییە لەوەی کە هۆکاری زیندانیکردنیان کاری سیاسی بووە. زیندانییەکانی ژوورەکەی بەرامبەریان زیاتر قسەیان لەگەڵدا دەکردن، ڕاستە ئێمە هەموومان زیندانی بووین، بەڵام پێدەچوو بارەکەی ئەوان لە هی ئێمە سەختر بووبێت، هەر بۆیە کاریگەری دەروونی لەسەر هەمووان دروستکردبوو. ڕۆژێك هاتن و پشکنینی ژوورەکەیان کردین هیچیان نەدۆزییەوە ئاخر ژوورەکە بێجگە لە بەتانی هیچی دیکەی تیدا نەبوو بۆیە پشکنینی ئاسان بوو.

چەند زیندانییەك پێوەیان دیار بوو کە بە مووکێش مووی ڕوومەتیان دەرهێنا بوو، ئاخر لەم بارودۆخەشدا زیندانی هەبوو بایەخی بە ڕووخساری خۆی دەدا بەپێی توانا. پاسەوانەکان گوتیان دەبێت ئەو مووکێشەمان بۆ ئاشکرا بکەن کە مووی دەم و چاوتان پێ لێکردۆتەوە، ئەگینا بەچی ئەم کارەتان ئەنجامداوە. لەڕاستیدا لە ژوورەکەدامووکێشێك و پارچەیەك ئاوێنەی زۆر بچوکمان هەبوو، نەماندەزانی چۆن وەڵامیان بدەینەوە باش بوو یەکێك لەزیندانییەکان گووتی، ڕاستە ئێمە مووی ڕوومەتمان دەرهێناوە، بەڵام بە مووکێش ئەم کارەمان نەکردووە، گوتیان ئەی بەچی؟ گوتی بەم دوو بیست وپێنج فلسییە ئەو دوو بیست و پێنج فلسی دەرهێنا و خستییە سەریەك بە پەنجەکانی خستییە سەر موویەکی دەموچاوی و جوتیکرد و ڕایکێشا، موویەکەی دەرهێنا نەك بەتەنها پاسەوانەکانئێمەیش سەرمان سوڕما، ئیتر بەمە ڕزگارمان بوو لە داواکردنی مووکێش.

ئەو شەو و ڕۆژانەی کەسیان لە ژوورەکەمان نەبردایە بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان

کاتی خۆشمان بۆ خۆمان دروستدەکرد، بە قسەی خۆش و یاریی کولتووریی هەندێکجار بەداواکردنی گۆرانیی لە دەنگ خۆشەکان. بێگومان کەسانێك هەبوون ئەمەیان پێخۆش نەبوو بەوان بووایە ئێمە شەو ڕۆژ لە خوا بپاڕاینایەتەوە زیاتر هیچی دیکەمان نەکردایە، بەڵام هەمیشە مرۆڤ دەکەوێتە ژێر باری خواست و پێداویستییەکانی مرۆڤبوونی خۆیەوە، ئەوە گرنگ نییە تۆ لە چ بارودۆخێکدا دەژیت. ئەوەش باش بزانە زۆرکات هەر ژیان و هیواکانییەتی وا لە مرۆڤ دەکات سەرکەوێت بەسەر هەموو کۆسپەکانیدا.

ئەو ڕۆژە یاخود ئەو شەوەی زیندانییەکی تازەیان بهێنایە ئەوە ئیتر دەبووە جێگای سەرنجی هەمووان، لەسەر چی دەستگیر کراوە؟ چەند کەسن؟ خەڵکی کوێیە؟ دەنگوباس چییە؟.

وەرزی زستان بەڕێوەیە، زۆربەمان ئەوانەی کە لە بەهار و هاویندا دەستگیرکرابووین هەستمان بەسەرما دەکرد لەبەرئەوەی جلی زستانەمان لەبەردا نەبوو.هەروەها جلەکانمان کۆن بوون و درابوون، بەڵام ئەوانەی لە زستاندا دەستگیر کرابوون کەمێك باشتر بوون.

لێرە هیچ ئامرازێکی گەرمکردنەوە نەبوو، کورێکی باڵابەرز بە ناوی عەباس خەڵکی گەرمیان بوو، لەسەر یەکێتی دەستگیر کرابوو، دەستی دووروومانی هەبوو، کە زانی من بەو جلانەوە، بەرگەی سەرمای زستان ناگرم، خۆیشم نازانم چۆن و بەچی؟ لە پارچەیەك بەتانی کە نەخشی چوار گۆشەیی سوور و ڕەشی لەسەر بوورۆبێکی کورتی بۆ دروستکردم. زۆر جوان بوو لە بەرمدا هەرکەسێک دەیبینی نەیدەزانی کە لە ژووری زیندان دروستکراوە بەبێ قەیجی(مقەس)بەڕاستی ئەم کارەی عەباس هونەر بوو.

ئەو ڕۆبە یاخود ئەو پاڵتۆیەی زیندانەکەم ناوم لێنابوو لە ژووری مەرگیشدا پێم بوو، لەدواییدا ناردمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام بەداخەوە نازانم چۆن فەوتا؟

دراوی کانزایی بە بەهای ٢٥ فلس. لەسەردەمی رژێمی پێشوو بەکار دەهات. ماوەیەك دوای جەنگی عێراق ئێران بەهای خۆی لە دەستدا

-٤٤-

ماوەیەکی باش بوو نەیانبردبووم بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان، پاشان ئێوارەیەک هاتن و بردیانم، سێ کەس دانیشتبوون چاوەڕێی من بوون بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەن. هیچیانم نەدەناسی خۆیشیان نەناساند، ڕاستەوخۆ کەوتنە لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن، بەئاڕاستەی جیاوازدا پرسیار لەسەر پرسیار من فریای وشەی نازانم نەدەکەوتم، پرسیارێکی دیکەیان ئاڕاستە دەکردم.

یەکێکیان هەڕەشەی دەکرد ئەوی دیکە بەهێمنی، هەرچی سێهەم کەسیانە، جارێک لەگەڵ ئەم بوو، جارێکی دیکە لەگەڵ ئەوی دیکەیان، کار گەیشتە دەست و قاچ وەشاندن، واتە بەشەق و شەقازلە، نەخێر ئەمجارە هەرسێکیان بوون بە بەرەی زەبروزەنگ کێبڵ و بۆکسێن دەستیپێکرد. وەك ئەوە وایە بڵێیت مەشق دەکەن لەسەر جەستەی لاوازی من یەکێك لە کێشەکانی من ئەوە بوو کە نەمدەتوانی هاوار بکەم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئێوە لەسەرەتاوە نەتانتوانی شتێکم پێبدرکێنن ئێستا چۆن دەتوانن هەستم دەکرد کە ئەمە دوا هەوڵیانە لەگەڵ منداا. جۆری لێکۆڵنەوەکەو هەروەها پرسیارەکانیان، وایان پیشاندەدا ئەوان ماندوو بوون و منیش جەستەم خۆشببوو بە لێدان.

لەدوای لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان، لە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ ژوورەکەم، چاوم کەوت بە زیندانییەك کە ڕایانگرتبوو لای دیوارێکەوە. من ئەوم ناسییەوە، هەروەها ئەویش منی ناسییەوە، ئەویش هەڵۆ کوڕی کاکە حەمە، خزممان بوون مامۆشان لە سەرچنار بوو. ئەوەی من هەڵۆ بناسم دەمزانی کاری بەسیاسەتەوە نەبووئەو زیاتر ئارەزووی هونەری هەبوو.زۆرم پێباش بوو کە یەکترمان بینی، ئاخر بە بۆچوونی من ئەگەر ئەو ئازاد بکرێت هیچ نەبێت بەماڵەوەمان دەڵێت کە هێشتا من لەژیاندا ماوم وە لە ئاسایشی سلێمانیم.

ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی زیندانییەکان، لە ژوورەکاندا بەرەو زیادبوون دەڕوات، گوزەرانمان لەجاران خراپتر بووە و جێگا تەسک بۆتەوە. ئەوە تەنها بۆ سەرمای زستان خراپ نەبوو گەرم دەبووینەوە، ئەگینا لەهەموو ڕووەکانی دیکەوە باش نەبوو.ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی لەو ماوەیەدا دەستگیرکرابوون وا دیاربوو، لەبەر ئیعترافاتی

هەندێکیان ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە زیاد بووندابوو.

شەش پێشمەرگەی یەکێتی دەستگیرکرابوون بە ناوەکانی(سەرکەوت، ڕۆستەم، فەخرەدین، دکتۆر مەحمود، کەمال بچوک، بەکر)، بازاڕی هێنان و بردن بۆ لێکۆڵینەوە و بۆ سەر ماڵان گەرم بوو، ژمارەیەك لە دەستگیرکراوە تازەکان، بەر ژووورەکەی ئێمە کەوتن. یەکێک لەوانەی هاتنە ژووورەکەی ئێمەوە مامۆستا جەمالە سوور(جەمال عەزیز) بووکە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو، هەر زوو بووینە ئاشنای یەکتری.مامۆستا جەمال کەسێکی ڕۆشنبیری چەپ بوو، لە ڕووی فەلسەفییەوە، ماتریالیانە بیری دەکردەوە. بۆ من سەرچاوەیەکی باشی زانیاریی دەربارەی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و جیهان بوو.

ئەو ماوەیەی من دەستگیرکرام سەردەمی پروسترۆیکابوو، کە گۆرباچۆف لە ساڵی ١٩٥٨وە دەستی پێکرد بوو، بەڵام لەو کاتەدا بارودۆخەکە زۆر بە خراپی دەڕۆیشت بەڕێوە. ئەوە بوو دیواری بەرلین لە نێوان هەردوو ئەلمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەمانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا هەرەسی هێنا. ئەمەش کاردانەوەی نەرێنی هەبوو لەسەر هەموو

جوڵانەوەی چەپ لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام من لەو کەسانە نەبووم کە لە موسکۆ باران ببارایە، لێرە چەتر هەڵبدەم، من بڕوام بە خودی مارکسیەت، وە هەروەها بیری مرۆڤایەتی پێشکەتووخواز هەبوو.

ڕاستە ئەوەی کە ڕوویدا بۆ منیش ناخۆش بوو، بەڵام کاریگەریی نەبوو لەسەر لەقکردنی بیروباوەڕم.من و مامۆستا جەمال گفتوگۆمان زۆر دەکرد لەسەر ئەو بابەتانە، هەر لە سەرەتای دەستگیرکردنییەوە ئەوەی کە بەباشم دەزانی پێمدەگوت، بۆ ئەوەی سودی لێوەربگرێت بۆ کاتی لێکۆڵینەوە، بێجگە لەگفتوگۆی سیاسی هەروەها دانیشتن زۆر خۆش بوو لەگەڵیدا، ئەو مرۆڤێکی ڕووخۆش بوو و هەروەها ئارەزووی نوکتەی هەبوو. ئەو ماوەیە ئەسپێ زۆر هەبوو، من خۆم شارەزایی باشم هەبوو لە ئەسپێ دۆزینەوە و شێوەی لەناوبردنی، دەمزانی لە چ شوێنێکدا گەرا دادەنێت. ئاخر من لە پێشمەرگایەتیدا زستان نەبوو بێ ئەسپێ بم، یارمەتی زۆر کەسم دەدا لەمکارەدا یەکێك لەوانە مامۆستا جەمال بوو.

کورێکی گەنجی باڵا بەرزیان هێنا، بەهێزی و جۆڵەو گورجوگۆڵییێوە دیاربوو. ترس لە چاوەکانیدا نەبوو، هەستت نەدەکرد کە ئەو وا هەستبکات کە زیندانداناییە، وەك ئەوە وابوو هاتبێت بۆ دیوەخان. من پێشتر نەمدەناسی خۆی هات بۆ لام و خۆی پێناساندم و گوتی من خدرگۆمانیم، خەڵکی چوارقورنەم.نەیشاردەوە کە شیوعییە،بەڵام لای زیندانییەکانی دیکە باسی شیوعیبوونی خۆی نەدەکرد، نازانم ئەو متمانەیەی کە بەمنی هەبوو لەکوێوە هێنابووی؟

باسی ئەوەی کرد کە عەقید خەڵەف بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بانگی کردووە و چۆنی قسەی لەگەڵ کردووە وهەروەها جارێکی دیکە بانگی دەکاتەوە، چی بڵێت باشە؟ منیش ئەوەی بەباشم زانی بۆ خۆی و دەوروپشتەکەی پێمڕاگەیاند کە چی بڵێت و چیبکات.

شەوی سەری ساڵی ١٩٨٩لەسەر ١٩٩٠ بوو،ڕاستە خەڵکی کوردستان ئەوکاتە بایەخێکی ئەوتۆیان نەدەدا بە شەوی سەری ساڵ، وەک ئەوەی ئێستا دەیکەن، بەڵام کەسانێك هەبوون ئاهەنگ و دانیشتنی خێزانی تایبەتیان دەگێڕا. بەو بۆنەیەوە لەماڵی ئێمەدا لەم شەوەدا باوکم هەموومانی کۆدەکردەوە و لە دەوری مێزە نزمەکەی نانخواردنمان(مێزێکمان هەبوو نزم بوو بە دانیشتنەوە نانمان لە سەر دەخوارد) بە میوە و شیرینی و چەرەسات

دەیانڕازاندەوە. باوکیشم بۆ خۆی بوتڵێك مەی دادەنا بە قسەی خۆش و گۆرانی ماڵئاواییمان لەساڵی کۆن و پێشوازیمان لە ساڵی تازە دەکرد هەر لەبەرئەوە بوو سەری ساڵ لای من خێزانەکەمانی وەبیر دەهێنامەوە.ئەوانەی دیکەش هەر یەکەو بە شێوەیەک شەوی خۆی بەڕێکرد.

هەرچونێك بوو توانیمان کەشوهەوایەك دروستبکەین، کە جیاواز بێت لە شەوەکانی پێشتر بەئومێدی گۆڕان و ئازادیی لە ساڵی داهاتوودا.

-٤٥-

وەك پێشتر ئاماژەم پێکردبوو ژووریك هەبوو تایبەت بوو بە زیندانیانی ژن، نازانم ژمارەیان چەند بوو، بەڵام گومانم نییە لەوەی ژمارەیان زۆر نەبوو بەبەراورد بە پیاوان. ئەویش هۆکاری کۆمەڵایەتی خۆی هەبوو، بەڵام ئەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین هیچ کامێکمان هیچ کارێکمان پێئەنجام نەدەدرا، ئەگەر پشتیوانی و هاوکاری ژن نەبوایە، هەندێک کارو چالاکیمان نەک تەنها ژنێک، بەڵکو کۆمەڵێک ژنی لەپشتەوە بوو.بارودۆخی ژنان لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر سەخت و گرانتر بوو بەبەراورد بە پیاوانئەگەر دەروونی بووبێت یاخود جەستەیی.

هەموو تاقیکردنەوەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە توانای خۆڕاگری ژن لە پیاو زیاترە، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە کە لەڕووی جەستەیی(بایۆلۆجی و فیزیکی)وە وە هەروەها سۆزدارییەوە جیاوازیی هەیە بەبەراورد بەپیاو ئەم هۆکارانەیە وادەکات کە بارودۆخی زیندان سەختتر بێت بۆ ژن.

دەڵێن هەر کەسێك لە شەڕ و زیندانداً نەبووبێت ناتوانێت توانای هەڵسەنگاندنی تەواوەتی هەبێت بۆ ئەو ڕووداوانەی لە شەڕو زیندانداً دەگوزەرێن ڕاستە من لە شەڕدا بووم وەهەروەها زیندانیش، بەڵام ناتوانم مافی تەواوەتی بدەم بە ژیان و گوزەرانی زیندانییە ژنەکان لە یادەوەرییەکانمدا. لەبەر ئەوەی کە من ژن نیم، لەهەمانکاتدا ناشکرێت هیچ ئاماژە نەدەم بە خەبات و ئازایەتی و خۆڕاگریی ئەوان.لای هەمووان ئاشکرایە سۆزو پەرۆشی ئافرەت بۆ منداڵەکانی زۆر زیاترە لەپیاو. لەبەرئەوە دووری و دیارنەمانی باوکێک لەخێزانێکدا، هێندە کاریگەری نییە بەبەراورد بە دووری دایک، نەک بەتەنها لە زیندانداً، بەڵکو لەژیانی ئاسایشدا.

هەندێك لە ژنەکان کە دەستگیردەکران، دووگیان بوون و لە زیندانداً منداڵیان دەبوو، ئەوکاتەی کە من لەئاسایشی سلێمانی زیندان بووم باری ئاوامان هەبوو.

هەندێک لە ژنان کە دەستگیردەکران، کۆرپەلە یان منداڵی ساوایان بەبەرەوە بوو، لە ئاسایشی سلێمانی لەو جۆرەش هەبوو.

هەموومان دەزانین کاتێک ژن سوڕی مانگانەی دەبێت، گۆڕانکارییە هورمۆنییەکان کاریگەریی دەبێت لەسەر باری دەروونی ئەو ژنە، بێجگە لەوەی ئازاری هەیە، وەهەروەها پێویستی بە کەرەستەی تایبەتە بۆ ڕاگرتنی پاکوخاوێنی جەستەی .ئەشکەنجەدان بۆ جەستەی ژنان سەختترە وەک لە پیاو، لەڕووی دەروونییەوە، بەتەنها ڕووتکردنەوە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە لەسەر ژنەکە، بەڵام بۆ پیاو، تاکو ڕادەیەک ئاسانترە، ئاخر بەرامبەرەکەشی هەر پیاوە، ئەمە جگە لە دەستدرێژی جەلادەکان، وەهەڕەشەی ئەتککردن، بێجگە لەوەی شێواندنی جەستەی ئافرەت زۆر زیاتر لەسەر ژن دەکەوێت بەبەراورد بە پیاو.ژنان پێداویستی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە بەهیچ جۆرێک لە زیندانداا دەستناکەوێت، بەپێچەوانەوە هەموو شتێك لەزیندانداا بۆ پیاو دروستکراوە، لە ئامێر و ئامرازەکانی ئەشکەنجەدانەوە بیگرە، هەتاکو جێگاو شوێن و یاساکانی زیندان.

مەینەتی و ئازارەکانی ژنان بەتەنها لەزیندانداا دەستپێناکات وە هەر لەوێش کۆتایی نایەت، سزاکانی کۆمەڵگاشی بەدوادا دێت، دوای ئازاد بوونیان، لەناو ئەو کولتوورە پیاوسالارییانەدا هەمیشە پیاوان دوای ئازاد بوونیان دەبنە قارەمان ژنانیش دەبنە تاوانبار.

تاوانباری ژنەکە لەوەی کە لەوانەیە ژنێک دەستدرێژی سێکسی کرابێتە سەری، بەهەرجۆرێک بێتبیر لەوە ناکەنەوە کە نەک بەخواستی خۆی نەبووە، بگرە بە زۆرەملێ و بەتەعدا بووە، ئاخر ژنێکی ئەو کولتوورە بەقەولی خۆیان دەبێت پاکژ بێت، نازانن ئێستایش ئەو لەو بارەشدا لەهەموو ئەوانە پاکژترە کە بەو جۆرە بیر لە ژنێکی قارەمان دەکەنەوە، هەموومان ئەوەمان بیستووە کە دەڵێن ژن و سیاسەتیان نەگوتووە.

من خۆم سەرسامم بە خۆڕاگریی ژنان، ئەوان جێگای شانازین بۆ گەلەکەمان دەستخۆشی بۆ ئەو خێزانانەی کە ئەم شێرە ژنانەیان پەروەردە کردووە وەهەروەها دەستخۆشیش بۆ ئەو پیاوانەی کە هاوسەرگیریان لەگەڵ کردوون بەمە تێڕوانینی کۆمەڵگایان گۆڕی و نەفرەتیان کرد لە بیری دواکەوتوو.



-٤٦-

زستانمان بەڕێکرد وپێشوازی لە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ دەکەین. ڕەنگە لای هەندێک کەس سەیر بێت، کە بڵێم لە ژووری زیندان و لە نێوەندی چوار دیواردا مرۆڤ زیاتر هەست بە وەرزەکانی ساڵ دەکات.لێرە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدیناکەیت لە ژیانی ڕۆژانەدا بێجگە لە هێنان و بردنی زیندانییەکان نەبێت.من هەر لەژووەرەکەی خۆمدا بووم دوای حەسیرمەیانە سێقۆڵییەکە، ماوەیەکە کەس لەمنی نەپرسیوەتەوە.هەواڵەکانی دەرەوە وا پیشاندەدەن کە ڕژێم لەوپەڕی بەهێزی و دەسەڵاتیدایە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پشت سنوورەکانەوەن و هیچ بەرهەڵستکارییەکی بەرچاو لەناوەوە نەماوە.مرۆڤ بوونەوەرێکە توانای خۆگونجاندنی هەیە، لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا ئەگەر خۆی چۆك بەخۆی دانەدا.ڕاستە جەلادەکان کلیلی دەرگاکانیان بەدەستەوەیەو جەستەی ئێمەیان کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام کلیلی بیرکردنەوەی خۆمان هێشتا لەلای خۆمانە.

هەموو زیندانییەکانی ژووەرەکەمان کورد بوون، بەڵام ژمارەیەکی کەم عەرەبیمان دەزانی هەمیشە جەلادەکان گاڵتەو سوکایەتییان دەکرد بەو زیندانییانەی کە زمانی عەرەبییان نەدەزانی یاخود بەهەڵە بەعەرەبی قسەیان دەکرد. لەبەرامبەر ئەو هەستکردنە بەسوکایەتی زیندانییەکان چەند نوکتەیەکیان دروستکرد بوو لەسەر ئەفسەرەکان لەکاتی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەداندالەو نوکتانەی کە ئێستا لە بیرم ماوە:

- ئەگیرنەوە جارێك ئەفسەرێك زیندانییەك ئەشکەنجە دەدا، بۆ ئەوەی ناوی ڕێکخەرەکەی بڵێت، کابرای زیندانییش دەڵێت بەخوا ئاگام لە مەحموی بێ زەواد نییە(خەڵکی سلێمانی ئەمە زۆر بەکار دەهێنن لە جیاتی ئەوەی بڵێن بەخوا ئاگاداری هیچ شتێک نیم) ئەفسەرەکەش دەڵێت(زین وین بیت مەحمود) باشە ماڵی مەحمود لە کوێیە.؟دەڵێن گوایە جارێك لەکاتی ئەشکەنجەداندا کارەبایان لە ئەندامی نێرینەی زیندانییەک داوە کابرا لە جیاتی ئەوەی هاوار بکات پێدەکەنێت، جەلادەکان زۆریان پێسەیر دەبێت لێیدەپرسن تۆ بۆ پێدەکەنیت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت ئاخر کاتی خۆی کە ماڵمان لە لادێ بوو کارەبامان نەبوو، خەڵکی دێیەکەمان دەیانگوت بەم زووانە

کارەبا دێتە گوندەکەمان، منیش هەر بە گاڵتە پێم دەگوتن کارەبا ئەگاتە گونم، بەڵام ناگاتە گوندەکەمان. سەیرە ئەمڕۆ گاڵتەکەم بوو بەراستی وا کارەبا گەیشتە گونم، بەڵام گوندەکەمان نەك کارەبای نەگەیشتێخاپوور کراو نەما.

-زیندانییەک هەڵدەواسن بۆ ئەوەی ناوی هاوڕێکانی بدرکێنێت، ئەویش هاوار دەکات و دەڵێت(یاخدری زیندە) ئەفسەرەکەش دەڵێت(سجل خدر زیندە ویاهم) بنووسە خدری زیندە لەگەڵیاندا.

ئەم نوکتانە هەرچەندێک لە ڕاستییەوە نیزیکە یاخود دووڕە گرنگ نییە، گرنگ لەوەدایە کە، تۆ لە زیندانیت و هەموو شتێکت لێزەوتکراوە. جەلادەکان دەیانەوێت لە مرۆڤایەتیت بخەن و بێبڕوات بکەن، سوکت بکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا، تۆ دەتەوێت بەم نوکتانە بەرگریی لە خۆت بکەیت، کەمێک لەئازار و نەهامەتییەکانت کەم بکەیتەوە، ئەو تۆ بە گێل و نەزان دەزانێت. دەبێت ئەو فێڕی زمانی تۆ ببێت نەک تۆ بەزمانی ئەو قسە بکەیت یان با باشتر بڵێین ئەو چیدەکات لێرە؟

ڕۆژێک سەر لە بەیانییەکەی دەرگایان کردەوە و ناوی منیان بانگکرد، دوای ئەوەی وەڵامم دانەوە، پاسەوانەکە گوتی (جیب خەرازەك ویاك) کەلوپەلەکانیشت لەگەڵ خۆت بهێنە. من هیچ کەلوپەلێکم نەبوو تەنها ئەو ڕۆبە نەبێت، کە عەباس بۆی دروستکردبووم، ئەمە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە من لێرە دەگوازرێمەوە، بەڵام نازانم ئایە بۆ ژوورێکی دیکە یاخود بۆ شوێنێکی دیکەیە!؟دەستم دایە ڕۆبەکەم و مالّئاواییم لە هاوزیندانییەکانی ژووڕەکەم کرد. منیان برد بۆ خواڕەوە بۆ حەوشە بچوکەکە لەوێوە و لە دەرگایەکەوە بۆ ئەو گۆڕەپانەی کە یەکەمجارلە ئاسایشی گشتی بەغدادەوە منیان هێنا بۆ ئێرە.کە تەماشام کرد بینیم مولازم محەمەد و لاندگرۆزە سپییە کەپسەکە چاوەڕێم دەکەن، دەرگای پشتەوەی کرابوویەوە، بەبێ ئەوەی کەس پێمبڵێت سەرکەوتم و دانیشتم. ئۆتۆمبیلەکە بەڕێکەوت وا دیارە ئەمجارەش بەرەو بەغدادە، بەڵام ئایە بۆ ئاسایشی گشتییە یاخود بۆ شوێنێکی دیکەیە. گەشتەکەی ئەمجارەم لەچاو جارەکەی پێشودا، لە ناو ئۆتۆمبیلە کەپسەکەدا باشترە، یەك- پلەی گەرما بەرزنییە، دوو- دەمێکە ئەشکەنجە نەدراوم و جەستەم باشترە. وادیارە گەیشتینە شاری بەغداد، کاتێك ئۆتۆمبیلەکە وەستا و منیان داگرت دڵنیابووم ئێرە ئاسایشی گشتییە.منیان بردە سەرەوە بۆ ئەو شوێنەی کە جاری پێشتر لێیبووم(ڕاگرتنی گشتی) بەشێك لە هاوڕێیانی بتڵە غازەکە لەوێ بوون

پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم.

بێجەگە لە هاوڕێ ژنەکان(ئاشتی، نەرمین، پەیمان)، کە لە زیندانی ژنان بوون، هاوڕێیان سەعدون و فازیل لە ئینفرادی بوون، ئێرە بۆ من زۆر خۆش بوو، جگە لەوەی ئەم هاوڕێیانەی لێبوو، بواری جوولّەو تێکەڵاوی زیندانیان لێرە زیاتر بوو.

ڕۆژێك هاوڕێ نەبەزمحەمەد بانگکرا، بەڵام نەمانزانی بۆ چییە، دوای ماوەیەك گەڕایەوە و دوو سێ عەلاگە شت و مەکی پێبوو، کەسوکارەکەی واستەیان کردبوو بۆ دیداری و ئەو شتانەشیان بۆ هێنابوو. دوای پشکنین بواریان پێدابوو بیهێنێتە ژوورەوە، شت و مەکەکانی مەنجەڵێك برنجی کوردی چەور و گۆشتی قەلی تێدابوو.نەبەز خواردنەکەی دانا لە نێوەندی ژوورەکەدا، هەموو ئەوانەی لە ژووره قەفەزەکەدا بووین، دەستمانکرد بە خواردنی. نەماندەزانی ئاخۆ ئەمە خەوە یاخود ڕاستی، ئاخر لە بیرمان نایەت کەی خواردنی وا بەتام و چەورمان خواردووە، بۆیە لەماوەیەکی زۆر کەمدا چەوری بنی مەنجەڵەکەش بە نان سڕایەوە و هیچی تێدا نەمایەوە.

دەرگای قەفەزەکان داخران ئیتر تا بەیانی ناکرێنەوە، نارەحەتی و سك ئێشە

دەستپێکرد، لەیەك دوانێکەوە دەستی پێکرد، تا هەر هەموومانی گرتەوە. هەرچەند هاوارمان دەکرد، کە دەرگامان بۆ بکەنەوە و بڕۆین بۆ سەرئاو، هیچ سودێکی نەبوو، کار لەکار ترازا و یەکێك لە زیندانییەکان دانیشت لەسەر ئەو سەتڵەی کە بۆ میز داندرابوو بۆکاتی زۆر پێویستکاری خۆی کرد. بۆن و بەرام بڵاوبوویەوە و هاوار هەستا لە هەموو قەفەزەکانەوە، نەخێر یەکێکی دیکەش دانیشت لەسەر سەتڵەکە، وایلێهات یەك لەدوای یەك، تا بەیانی سەتڵەکەمان پڕکرد. برنجی کوردی و قەل ئابڕووی بردین، وادیار بوو پێش دوو ڕۆژ لەسلێمانی لێنرابوو، تا گەیشتە دەستی نەبەز بەرەو خراپی ڕۆیشتبوو، ئێمەیش زۆر دەمێك بوو چەوریمان نەخواردبووبۆیە بەوجۆرە خراپە کاری تێکردین.

-٤٧-

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٠/٤/٢ ناویان خوێندمەوە و بردیانم بۆ خوارەوە، ئەم جارە بێجگە لە ڕۆبەکەی عەباس، تورەکەیەکیشم پێ بوو، کە لە گونییە دروستکرا بوو بەعەرەبی پێیان دەگوت(علیجە).سەریان خستم بۆ ناو ئۆتۆمبیلێکی بەرزی گەورەی داخراو، لەوانەی کە لە فیلمەکاندا دەیبینین. دوو پاسەوان لەبەشی دواوە دانیشتبوون، کە لە بەشەکەی ئێمە بە دەرگایەکی شیش بەند جیاکرابوەوە، بێجگە لەمن ژمارەیەك زیندانیی دیکەی تێدابوو. لە ناو زیندانییەکاندا، زیندانیی ژنیشی تێدا بوو، لەناو ئەوانەدا هەندێکیانم ناسینەوە، لە ئاسایشی سلێمانییەوە هێنابوویانن بۆ ئێرە و لەو کاتەدا هیچ گومانم نەما لەوەی کە دەمانبەن بۆ دادگا.

ئۆتۆمبیلەکە کەوتە ڕێ دوای نزیکەی کاتژمێرێك ڕاوەستا، هەموومانیان داگرت، پیاوەکانیان بە چەند پێپلیکانەیەك بردە خوارەوە بۆ ژێرزەمینێك.

ژێرزەمینەکە لە چەند شوێنێکەوە بەرزی و نزمی تیدابوو، بەلای دەستی ڕاستدا بە چەند پێپلیکانەیەك سەردەکەوتی، دەرگایەکی لێبوو، ژێرزەمینەکە بۆن وبەرامێکی شێداری زۆر ناخۆشی لێدەهات. بە دیوارەکانییەوە جگە لە شوێنەواری ستەمکاری لە هەزاران کەس، جێگای پەنجەمۆری هەندێکیانی هشتا پێوە مابوو، ئاخر ئەو کەسانەی کە حوکم دەدران، پەنجە مۆریان پێدەکردن ئەوانیش بە دیوارەکان دەیانسڕییەوە. پێش ئێمە چەند کەسێکیان، لە شوێنی جیاجیاوە هێنابوو بۆ ئێرە، دوان لەوانە دوو گەنجی کورد، خەڵکی لای ڕانییەبوون، ئەمانەیان لە شوێنێك هێنابوو پێیاندەگوت(جەناح خاس) سەر بە ئیستخباراتی سەربازی بوو هەر لە ئەبو غرێب. نزیکەی کاتژمێرێك زیاتر، کەس لە کەسی نەدەپرسییەوە، پاسەوانیشی لێ نەبوو، ئێمە بە ئارەزووی خۆمان گفتوگۆمان دەکرد، هەندێک دەنگی لێوە نەدەهات، ئاخر نەیاندەزانی چ چارەنووسێک لە چاوەڕوانیاندایە.

بەناو دادگای شۆڕش، سامی خۆی هەبوو، لەوکاتەدا(عەواد بەندەر) سەرۆکی دادگا بوو، ئەو بەتەنها دوو جۆر سزای دەردەکردسزای لەسێدارەدان(ئەعدام) یاخود

هەتاهەتای(موئەبەد).

پێش(عەواد بەندەر) (موسلیم جبوری) سەرۆکی ئەو دادگایە بوو ئەویش لەم خراپتر بووە، لەڕاستیدا ئەم دادگایە تەنها دادگایەکی کارتۆنییە، ئەوان بەپێی فەرمان کاردەکەن.

لێرە تەنها بەرگێکی یاسایی دەکەن بەبەر کارەکەیاندا.

دەگێڕنەوە جارێك موسلیم جبوری، ژمارەیەکی زۆر زیندانی لە کەیسێکدا دادگایی دەکات و دەڵێت لە کراس ڕەشەکەوە بەولاوە لەسێدارەدان، وە بەم لاوە هەتاهەتایی. لەکۆتاییدا یەکێك دەمێنێتەوە، ئەویش دەڵێت ئەی من؟ موسلم جبوری لێی دەپرسێت، ئەگەر یاریی تۆپی پێ بێت لە نێوان عێراق و ئێراندا، تۆ لایەنگری کام لایان دەکەیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت عێراق، موسلیم دەڵێت کەواتە تۆ ئازادکرایت(ئفراج) ئایە ئەمە چەند ڕاستە، یاخود دروستکراوە من نازانم، بەڵام گومانم لەوەدا نییە کە ئەم دادگایە یاسایی نییە.

لە ناکاو یەکێکی باڵا بەرز لە دەرگای سەروو پێپلیکانەکانەوە دەرکەوت بەدەنگێکی بەرز ناوی منی بانگکرد، منیش بە ئاڕاستەی ئەوەوە ڕۆیشتم، دوای ئەوەی دڵنیابوو لە ناوەکەم منی بردە ژوورەوە بۆ هۆڵێکی گەورەی ناڕێك شێوەیەکی ئەندازەیی نەبوو. لە جێگایەکدا منیان ڕاگرت بەرامبەر بەدووری نزیکەی شەش مەترێک زیاتر لە بەرزاییەک، کۆمەڵێك کەس بە بەرگی سەربازییەوە دانیشتبوون، بەلای دەستەڕاستدا دوان بەبەرگی ئاساییەوە دانیشتبوون بەلای دەستە چەپدا دوان وەستابوون دادگایی دەستیپێکرد.

-٤٨-

لەدادگای بەناو شۆڕشدا (مەحکەمە سەورە) عەواد بەندەری سەرۆکی دادگاکە لەماوەی چەند خولەکێکدا بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەرمدا سەپاند. بەپێی مادەی(١٥٧) ئەوکەسانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان هەبوو نەیان دەگەڕاندنەوە بۆ هۆڵی چاوەڕێکردن، لە دەرگایەکی تردە دەیانبردن بۆ ئەوەی تیکەڵاوی بەندکراوەکانی دیکە نەبن، لەهەموو ناوچەجیاوازەکانی عێراقەوە بەندکراوەکان ئەهێنران بۆ ئەم دادگایە.

دوای تەواوبوونی دادگایی من و دەرچوونی حوکمەکەم، نۆرەی کورێکی تر هات بەناوی محەمەد قڕگەیی، ئەویش بەهەمان شێوە لەسەر پێشمەرگایەتی گیرابوو. هەروەها بڕیاری لەسێدارەدانی بۆدەرچوو، ئەویشیان هێنا بۆ لای من، پاش ماوەیەکی تر ئەو کەسانەیان هێنا پێشتر دادگایی کرابوون و حوکمیان بۆ دەرچوو بوو یاخود دادگاییکردنیان دواخرابوو. دواتر هەموومانیان پێکەوە خستینە ناو ئەو سەیارەیەی کەپێشتر ئیمەیان پێ هێنابوو، ئۆتۆمبیلێکی داخراو، دەرەوەمان لێوەدیارنەبوو، هەر هەموو غەمباری ئێمەبوون، منیش لەوکاتەدا زۆرم برسی بوو دەستمکرد بە سەمون خواردن، بەدەم سەمون خواردنەوە دڵی ئەوانیشم دەدایەوە. ئاخر من بەیانییەکەی کە لەئەمنی عامە ناویان بانگکردم بۆ ئەوەی بمبەن بۆ مەحکەمەی سەورە هێشتا نانی بەیانیم نەخواردبو، لەبەرئەوە هاوڕێیان چەند سەمونێکیان بۆ خستمە کیسەیەکەوە. لەهەمانکاتدا ئەمویست دەرفەتێك بدۆزمەوە بۆئەوەی لەگەڵ ئەو ئافرەتە قسەبکەم کە پاسەوانەکان لە ئێمەیان جیاکردبوویەوە، ئەوانیان لای خۆیان دانابوو، یەکێکیان نەوالی ناوبوو،خێزانی مەجیدی ئەوقاف بوو. ئەوان خەتێکی ڕێکخستنی سۆشیالیست بوون لە ناو شاری سلێمانی گیرابوون، هەندێکیان هەر لە ئەمنی سلێمانی گولەباران کران، بەڵام چەند کەسێکیان گەیشتنە دادگا. لە ئەمنی عامەش کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لێبوو کە ناپاکێك بەگرتی دابوون بە ناوی فارووق. ئەم هاوڕێیانە بوون: سەعدون، فازیل، کەمال، عەلی حامید، لوقمان، نەبەز، نزار، مەلا شەوکەت،خدر،حەمەعارف،سامان،هەروەهاسێ هاوڕێی ژنیش لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا گیرابوون. ئاشتی، نەرمین،پەیمان، جارێك بردرابوون بۆ

دادگا، بەڵام حوکمەکەیان دواخرابوو بۆ دادگایەکی دیکە، لەبەرئەوەی قسەکانی هاوڕێ ژنەکان لەگەڵ پیاوەکان یەك نەبوون هەربۆیە هاوڕێیان ڕایانسپاردم کەئەگەر لە دادگا ڕێکەوت ژنێکیان هێنابوو ئەو قسانەیان بۆ پێبگەیەنم کە پێمڕاگەیەنرابوو هەتاکو ڕابگەیەنرێت بەهەموو هاوڕێیانی ژنان،وا پێویست بوو من هەوڵی خۆم بدەم وقسەکان بگەیەنم بە نەوال خان. منیش دەستم کرد بە قسەکردن بەکوردی و بەدەنگێکی بەرز هەرچییەکیان پێ گوتبووم گوتم. هەر چەند پاسەوانەکان ئەیانویست بێدەنگم بکەن بەجنێو و بەقسە، بەڵام من هەربەردەوام بووم هەتاکو هەموو قسەکانم تەواو کرد، من باکم نەبوو، دەمگوت خۆ من هەرئیعدام ئەکرێم، هەرزۆریان بۆ بێت لێم دەدەن من لەو ساتەدا هەر زۆر حەزم لەتەحەدابوو.

-٤٩-

دوای ماوەیەك ئۆتۆمبیلە داخراوەكەی كە هیچ دەرەوەمان لێدیار نەبوو ڕاوەستا، ئەفسەرەكەی كە لەگەڵمان بوو ناوی من و محەمەد قڕگەیی خوێندەوە و گوتی وەرنەخوارەوە، ئێمەش مالّئاواییمان كرد لە زیندانییەكانی تر. غەمباریی بە ڕوخساریانەوە دیاربوو، كە دابەزین لەبەردەمی بینایەكی دیواربەرزی تەلبەندكراودا بوو. من و محەمەدیان بردە ژوورەوە، لەدواییدا زانیمان كەئەمە بەشی لەسێدارەدانە لە بەندیخانەی ئەبوغرێب «قاطع اعدام» لەوێ لەلایەن قەڵەمی سرپییەوە وەرگیران. دوای كۆمەڵێك پرسیار وەك (ناوی باوك،



شەهید جەوهەر

دایك، پاش ناو، ناوی عەشیرەت و هەندێک پرسیار لەسەر جەستەمان) دواتر بردیانین بۆ ئەو بەشەی پێیدەڵێن «ژووورەکانی مەرگ «.پێش ئەوەی بڕۆینە ئەوبەشەوە هەرشتێکمان پێبوو لێیان سەندین و بە پێخاوسی هەردووکمانیان خستە ژوورێکەوە بێجگە لەئێمە شەش زیندانی تری تێدابوو بە ئێمەوە بووین بە هەشت. ڕووبەری ژوورەکە نزیکەی سێ مەتردرێژی بە یەک مەترو نەوەد سانتیمەتر پانی بوو، ئاودەستێکی بێ دیواریشی تێدابوو.دوای ئەوەی پاسەوانەکان ڕۆیشتن لە ژوورەکەی بەرامبەرەوە زیندانێکی ڕیشن هاواریکرد، هاوڕێ پۆڵا چۆنی، لەپێشدا تووشی سەرسوڕمان بووم داوای وەڵامم دایەوەو پێمگوت شێوەت ئەکەم، بەڵام ناتناسمەوە؟ زەردەخەنەیەکی کردو گوتی من هاوڕێ جەوهەرم.

ئەوکاتەی من گیرام لەسلێمانی لەبەرواری ١٩٨٩/٥/٦ئاگاداربووم کەهاوڕێ جەوهەر لەو پشمەرگانەبوو کەدوای ئەنفال لەشاخ مابووەوە.نەمزانی بۆ دوای من گیراوە وپێش منیش حوکم دراوە، لە ژوورێکی تردە دەنگێك هات، گوتی هاوڕێ پۆڵا بەخێربێت.گوتی من هەرێمم وەڵامی سەلامەکەیم دایەوەو پێمگوت بۆ تۆیش لێرەیت؟ گوتی بەڵێ من هەرێمم ئەناسی لەپێشمەرگایەتی و هەروەها لەئەمنی سلێمانیش بینیم، گوتی لە شەڕەکەی بناری کۆسرەت گیراوم،باسێکی واش هەبوو کەگوایە خۆیداوە بەدەستەوە. لەژوورێکی تردە بەزمانی عەرەبی و کوردی بەخێرهاتنیانکردم دەرکەوت هاوڕێیان ئەحمەد بازۆکەو حەیدەر هاتفە، ئەوانیش لە ڕێگای ناپاکێکەوە بەدەستەوەدرابوون، کەهەرلەو ناپاکییەدا هاوڕێ ئەبو ڤیانی تیادا شەهید بوو.

-٥٠-

هەر لەو ژووڕەی هاوڕێ جەوهەری لێبوو کەبەرامبەر ژووڕەکەی ئێمەبوو دوو زیندانی تر لەوێوەو بەهەمان شێوە بەخێرهاتنیان کردین، یەکێکیان نەسرولّا سورچی بوو کە ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە و پێشتر زەحمەتکێشان بوو. ئەوی تریان موحسین دزەیی کە فڕۆکەوان بوو بە پلەی ڕائید، ئەوان لەسەر ئەوەگیرابوون کە زانیارییان ناردووە بۆ پێشمەرگە.

محەمەد قڕگەیی قسەی نەدەکرد حەپەسابوو، دیاربوو چاوەڕێی ئەو حوکمەقورسەی نەدەکرد کەبەسەریدا سەپێنرابوو، بەڵام من بۆخۆم هەر لەیەکەم ڕۆژی دەستگیرکردنمەوە گومانم نەبوو لەوەی چارەنووسم مردنە،خەمی هەرە گەورەم ئەوەبوو خۆڕاگربم، هیچ نەبێت بتوانم نهێنییەکان لای خۆم هەڵگرم و ناوی کەس نەهێنم.چەند جارێك بیرم لە خۆکوشتن کردبووەوە پێشتر و لەسەرەتای گیرانم ئەوکاتانەی کەلەژووری ئینفرادی بووم، هەرلەبەر ئەوە بوو ورەم بەرز بوو ئاخر تاکو ئەوکاتە و گەیشتمە مەحکەمەو حوکمم بەسەردا سەپێنرا بێئەوەی نهێنییەکان بدرکێنم.

من زۆر بەئاسایی وەرمگرتبوو گفتوگۆم ئەکردو بێباک بووم، هەر بۆیە نەسرولّا پێیگوتم ئەرێ کاکە تۆ دەزانیت لەکوێیت؟منیش گوتم بۆ؟ گوتی ئێرە بەشی ئیعدامە!؟ هەروا بەزەردەخەنەیەکەوە گوتم چاک دەزانم.هەرلەژووڕەکەی هاوڕێ جەوهەر زیندانێکی تری لێبوو بەناوی ئیبراهیم پیاندەگوت ئەبوو عیسام تەمەنی گەورەبوو، عەقیدێکی خانەنشین بوو لە نەتەوەی تورکمان، کوردیشی دەزانی کە زانی منیش تورکمانی ئەزانم زۆر دڵخۆش بوو.

ئەبو عیسام خۆی ئەندامی ئەو لوجنانە بووە بۆ گرێبەستی کڕینی کەلوپەلی سەربازی بۆ سوپای عێراق، لەژێرەوە پارەی وەرگرتووە، پارەکەیان بۆ خستووەتە حسابێکی بانکی لە سویسرا.پێنج ملیۆن دۆلار دەستکاری نەکردووە تاکو خانەنشین بووە، لەدواییدا لەڕێگای شۆفێرێکی تورك کە هاتۆچۆی عێراقی کردووە هەندێکی لەوپارەیە بۆهێناوە. دوای ماوەیەك لەگەڵ شۆفێرەکە نێوانیان تێکدەچێت لەسەرپارەکە ئەویش موخابەراتی عێراقی لێئاگادار دەکاتەوەبەوهۆیەوە هەموو پارەکەی پێڕائەکێشن و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەردەکەن.

-٥١-

لای ئێوارەبوو دەنگی کردنەوەی دەرگا هات، دوو پاسەوان بەدوو مەنجەڵی گەورەوە هاتنە ژاژەوەکەی نێوەندی ژووری زیندانییەکانەوە دەرگای ژوورێکیان کردەوەو زیندانییەکیان هێنایە دەرەوە. کابرایەکی قەڵەوی سپی پێستی چاوشین بوو، بەسەروسیمایدا وادیار بوو زۆر دەمێک بوو خۆر لێینەدابوو. کابرا دەستیکردبەدابەشکردنی خواردن بەسەر ژوورەکاندا، نۆرەی ژوورەکەی ئێمە بوو. هاتەپێشەوەو نزیک شیشبەندی ژوورەکەمان دەستیکرد بەپرسارکردن، لەگەڵ دابەشکردنی خواردنەکە ماوەیەک گفتوگۆمان کرد، پاش تەوابوونی کارەکەی پاسەوانەکان کابرایان بردەوە بۆ ژوورەکەی خۆی و مەنجەڵەکانیشیان بردەوە، دیار بوو هەرئەوە بوو کارەکەی.

ئەم زندانییە ناوی سفوگ بوو بە ئەبو عەجیل بانگیان دەکرد، خەڵکی عۆجە و یەکێک بوو لەخزمەکانی سەدام. پێشتر ئەفسەری یەکێك لە دەزگاکانی ڕژێم بووە لە وڵاتی مەغریب بەدزی ڕژێمەوە کاری ئاڵوگۆڕی دۆلاری کردووە. کەپێی دەزانرێت سەدام داوادەکات لەسێدارەی بدەن، ڕاستە بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەربوو، بەڵام چەند ساڵێک بوو لەوێ بوو بەبێئەوەی بڕیارەکەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت. ئەو بەتەنها لەژووڕێکدا بوو، مامەڵەیەکی تایبەتی وجیاوازی هەبوو لەگەڵ زیندانییەکانی دیکە، ئەگەری ئەوەیان بۆ دادەنا کەڕۆژێک سەدام بڕیاری لێبوردەیی بۆدەردەکات و دەچێتە دەرەوە، لەکۆتاییدا هەروا بوو بڕیاری لێبوردەیی بۆ دەرچوو.

سفوگ زۆر ڕقی لە شیعە بوو بەقسەی خۆی کوردی خۆشدەویست، زانیاری زۆری هەبوو دەربارەی بڕیارەکان و ڕووداوەکانی ژووری لەسێدارەدان. ئاگاداری ڕۆژەکانی جێبەجێکردنی لەسێدارەدان بوو کە ڕۆژەکانی شەمەو چوار شەمەبوو، هەروەها ئەوەش کە کێ لەسێدارە دەدرێت. هەرلەڕێگای ئەویشەوە زانیم مولازم سەعد(ئەبو یسار) لێرە لەسێدارە دراوە.

پەیوەندییەکی باشمان دروستکرد، هەردەرفەتێکی بۆ بڕەخسایە دەهاتە لای من و لەبەرئەوەی خەوی زۆر دەبینی پێیخۆش بوو خەوەکانی بۆ شیبکەمەوە. منیش هەوڵم

دەدا هیوای بدەمێ، ئاخرمن خۆم کەمێک شارەزاییم هەبوو لەڕوانگەی فرۆیدەوە لەشیکردنەوەی خەودا و هەروەها ئەو هەستەشم هەبوو کە کاریگەریی دەروونی هەیە لەسەر مرۆڤەکان هەرچەندە من بۆخۆم هیچ بڕوام پێنەبوو لەدیدی غەیبییەوە.وایلێهات هەرکەسێک خەوێکی دەبینی داوای لێکدانەوەی خەوەکەی لەمن دەکرد، هەر چەندە من ئەمگوت نازانم بەڵام سودی نەبوو. بەتایبەتی دوای ئەوەی نەسرولّا خەوی بینی بوو، گوتی لەخەوەکەمدا ڕیشم پاك تاشی منیش گوتم ئەگەر سەریشت بتاشیایە ئەوا یەکسەر ئەڕۆیشتی بۆ ماڵەوە، بەڵام ئێستا حوکمەکەت ئەگۆڕدرێ، دوو کاتژمێری نەبرد دەرگا کرایەوەو ناوی نەسرولّا و موحسینیان خوێندەوەو دوای ئەوە بردیانن لەدواییدا زانیمان کەپاسەوانەکان لای سفوگ باسیان کردبوو کەهەردووکیان مەرسومیان بۆ دەرچووە، حوکمەکەیان لە سێدارەوە گۆڕاوە بۆ هەتاهەتایی.

-٥٢-

لەم ڕۆژانەدا تەنها باس و هەواڵ لە سێدارەدانی بازۆفت و عەبدولزەهرەیە .

فەرزاد بازۆفت ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانی بەڕەچەڵەك ئێرانی بوو، کاری ڕۆژنامەوانی بۆ ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەری بەریتانی دەکرد. فەرزادو کۆمەڵێک ڕۆژنامەوانی دیکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی عێراقەوە لەساڵی ١٩٨٩ بانگهێشت کرابوون بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزی ئەوکاتەی کوردستان. لەوکاتەی ئەو لەبەغداد ئەبێت تەقینەوەیەك لە تەسنیع عەسکەری لە ئەسکەندەرییەی نزیک شاری حلله ڕووەدات، فەرزات ئەچێت بۆ شوێنی تەقینەوەکە بۆ ئەوەی وێنەی ڕووداوەکە بگرێت، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەدا لە فرۆکەخانە دەیگرن بە وێنەکانەوە ولە تەلەفزیۆن پیشانی دەدەن کەگوایە جاسوسی ئیسرائیلەو دانی ناوە بەتاوانەکەیدا. هەرلەسەر ئەودانپێدانانەی لەسێدارە دەدرێت لە ١٩٩٠/٣/١٥ کە دەکاتە یەک ڕۆژ پێش دەستپێکردنی مانگی ڕەمەزان.

عەبدولزهرە شگارەش قاید فرقە بوو بە تاوانی ئەوەی لە دانیشتنێکدا نوکتەی لەسەر سەدام کردووە، ئەویش بەهەمان شێوەو لەهەمانکاتدا بەئەمری سەدام حوکمی لە سێدارەدرانی دەدەن و جێبەجێش دەکرێت. عەبدولزهرە پێشتر لەوژوورەدا بووە کەمن تیایدا دەژیام، لەژوورەکەدا بەتانییەک خاولییەک و دەستەسڕێکی بەجێهێشتبوو، منیش دوای ئەو بەکارم دەهێنا. هەتاکو ئێستا دەستەسڕەکەی و هەندێک تاڵە داوی خاولییەکەی لای من ماوە، دواتر لەگەڵ بەردەوامیی لەگەڵ نووسینەکانمدا زیاتر تێدەگەن هۆکاری چییە کە ئاماژە بەمە دەکەم. ئەوەی لەو ڕۆژەدا تێگەیشتین ئەوە بوو کەلەمانگی ڕەمەزاندا کەس لەسێدارە نادرێت، هەر زۆر دەگمەن و تایبەت نەبێت، بەو واتایەی بڕیاری لەسێدارەدان ئەنجام نادرێت تاکو کۆتایی مانگی ڕەمەزان.

-٥٣-

هەمیشە مرۆڤ لەبارۆدوخە دژوارەکان و لەبێدەسەڵاتیدا پەنا بۆ ڕزگارکەرێك دەبات، جا ئەگەر لەزیندانداو ولەنێوەندی چوار دیوار ولەبێبەشکردنی لەگرنگترین مافەکانی وەک مرۆڤ کە ئەویش ئازادییە، بێجگە لەدووریت لەخۆشی و خۆشەویستانت دوور لە(دایك، باوك، خۆشك، برا، منداڵ، هاوسەرو هاوڕێ)دوور لە خوێندنەوەو گۆرانیی و موزیک، خواردن، خواردنەوە. بە بەردەوامی ئازاری جەستە، دڵەڕاوکێ و لەسەروو هەموشیانەوە ئەشکەنجەی دەروونی. ئەوەش باش دەزانیت کەهەموو ئەمانەو چارەسەرەکەی و تەنها ڕزگارکەر لەدەرەوەی زیندانە، هەرئەو هۆکارانە بوو کەزۆربەی زیندانییەکان پەنایان دەبرد بۆ نوێژو ڕۆژو بەواتایەکی دیکە نزیکبوونەوە لەخودا. تەنانەت ئەوانەش کەڕۆژانێک هیچ بڕوایەکیان بە ئایین نەبوو دەستیان دابووە نوێژکردن و ترسی خوداەدڵگرتن. ئەم باوەڕەش یان وەک ڕزگارکەرێک یاخود لە ترسی نزیک بوونەوەی لە مااڵوایی لەژیان، هەرچەندەئارامییەکی دەروونی و هیواو ئومێدو چارەسەرێکی کاتیش بووبێت خراپ نییە لەو نائومێدییەدا.

هەندێکیش بەناچاری، بۆ دوورکەوتنەوە بوو لەو نامۆییەی ناو زیندانییەکان، هەروەها خۆڕزگارکردن لەفشارو پرسیارو وەاڵمدانەوە لەاڵیەن باوەڕدارەکانەوە.ئێستا مانگی ڕەمەزانە و ئێمەش لەبەشی لەسێدارەدانین، هەموومان چاوەڕێی مردنین تەنها چەند ئەگەرو ئومێدێکی الواز نەبێت کەئەویش لێبووردنی گشتی بوو. زۆرجار لێبووردنی گشتی ئەوانەشی دەگرتەوە کەسزای لەسێدارەدانیان هەبووە، ئەم ئەگەرەش زۆر الواز بوو، چونکە پێشتر لەمانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٨لە دوای ئەنفال و ڕاگرتنی شەڕی ئێران-عێراق لێبوردنێکی گشتی دەرچوبوو.

ئەگەری مەرسومی کۆماری «مەرسومجموری» هەرچەندە تایبەتمەندی بڕیارەکانی (مەحکەمەی سەورە)یەکالکەرەوەبوو واتە تەمیزی نەبوو، بەاڵم فایلی ئەو کەسە ئەڕۆیشت بۆ کۆمیتەیەک کە پێیان دەگوت «السالمه الوطنیه» تێبنییەکیان لە سەر ئەنووسی پێش ئەوەی بڕوات بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، بەپێی یاساش ئەبێت سەرۆك کۆمار

واژۆی بکات. ئالێرەدا ئەگەر یەکێك واستەیەکی بەهێزی هەبوایە سزاکەی بۆ ئەگۆڕدرا، یاخود بە فشارێکی دیبلۆماسی لەدەرەوەی وڵات،یاخود گفتوگۆی سیاسی لەهەمانکاتدا مەزاجی سەدام لەوڕۆژەدا دەیتوانی ئەگەرێک بێت بۆ گۆڕینی سزاکە.

هەر هەموو بەڕۆژوو بوون، بەردەوام نوێژکردن و قورئان خوێندن و لەخودا پاڕانەوە، نەکتێب نەڕۆژنامە بوونی نەبوو لەوێ تەنها چەند پەرتووکێکی قورئان نەبێت.لەنێوەندی ئەو حەشاماتەدا بەتەنها من و موحسین دزەیی نە نوێژمان دەکردو نەبەڕۆژووبش دەبووین. من بۆخۆم هەروەک ڕۆژانی ئاسایی نانم دەخوارد موحسین نانی نەدەخوارد، بەڵام پێش ڕۆژو شکاندن بە پێنج دەقە پەرداخێک ئاوی دەخواردەوە، لێم پرسی بۆ وا دەکەیت؟ دەیگوت باوانەزانن هۆکاری برسێتییە توانام نییە بەڕۆژووبم، دەتوانم و بەڵام بەڕۆژووش نابم.

من قورئانم نەدەخوێندەوە بەڵام موحسین قورئانی دەخوێندەوەو باسی لەو ناکۆکی و هەڵانە دەکرد کەلە قورئاندایە .منیش دەمگوت لێیانگەڕێ پێویستناکات لەمکاتەدا خۆت ماندوو بکەیت بۆئەوەی ئەوانە تێبگەێنیت. وازیان لێبهێنە با بەباوەڕەوە بەرەو ڕووی مەرگ ببنەوە هیچ نەبێت با لەم بێهیواییەوە تۆزێک ئومێدیان هەبێت و دڵخۆشکەر بێت بۆیان. بابەو برۆایەوە کەهەیانە بەرەو ڕووی مەرگ ببنەوە و وەریان مەڕوخێنە ئەمە دوا ئومێدیانە ئەوان لایان وایە کە دونیایەکی تر هەیە ئەو دەیگوت نا بابەنەزانی نەمرن. برۆایەکی وایان لادروست بوو بوو کەگوایە ئەورۆژەی لەسێدارە دەدرێن نانی ئێوارە لەبەهەشت دەخۆن.من بەهەمیشەیی خۆم بەدوور دەگرت لە گفتوگۆی ئایینی. پێم وابوو باشترە ئەوانە بەئومێدەوە بەرەو ڕووی مەرگ ببنەوە، پێموابوو نەک ئەوان هەموو مرۆڤێک و بەتایبەتی لەوکاتە دژوارانەدا پێویستی بە برۆایەک هەیەبۆ خۆڕاگری، منیش بێبەش نەبووم لەبڕۆایەك مەگەر منیش بیروباوەڕەکەم نەبوو ڕاپێچی ئەو شوێنەی کردبووم و هیوا و ئومێدو بڕوا بەخۆبوون و خۆڕاگری پێبەخیشبووم. ئەوانیش بڕوا ئاینییەکەیان ئەوکاتە بۆئەوان مردن نەبوو لەسێدارەدان تەنها بلیتێک بوو بۆ بەهەشت. بۆ منیش هەڵوێست و گیان بەختکردن لەپێناوی بیروباوەڕەکەم و نیشتیماندا بلیتی خۆشگوزەرانییە بۆخۆشەویستانم و هاوبیرو هاونیشتیمانییەکانم. لەگەڵ ئەو هەموو بڕواداری و ئومێد بەخشینەوەی ئەواندا من هیچکات ئەو بڕوا ئایینییەی ئەوان نەچوو بە مێشکمدا و هیچکات بڕوام بە زیندووبوونەوە نەبوو.

-٥٤-

ئەوە بوو من و محەمەد قڕگەیی لە یەك ڕۆژدا سزای لەسێدارەدانمان بۆ دەرچو بوو، هەردووکمان لەژوورێکدا دەژین، دوای ماوەیەکی کەم دەتوانم بڵێم دوو تاکو سێ ڕۆژ محەمەد باش بوو، دیاربوو کە لەتاسەی سزاکەی دەرچووبێت و وردەوردە ڕازیبێت بەو بارەی کەتێیدایەتی.

محەمەد کوڕێکی ساکاری ڕۆحسوکی قسەخۆش هەروەها دەنگیشی خۆش بوو، زۆربەی گۆرانیی و سرودەکانی دەزانی. من بۆخۆم هەرچەندە دەنگم خۆش نییە، بەڵام گۆرانیم زۆر پێخۆشە بەهەمیشەیی هانم دەدا گۆرانی و سرود بڵێت. هەرچەندە ئەوانەی کەلەژوورەکەماندا بوون گۆرانیی وتنیان لاخۆش نەبوو، بەمحەمەدیان دەگوت گۆرانی حەرامە تۆ چۆن گۆرانی دەڵێیت و نوێژ دەکەیت و بەڕۆژوودەبیت، بەڵام وا دیار بوو هەستی کوردایەتی و نیشتیمانی و هونەری ولەهەمانکاتدا هاندانی من و نەسروڵا و موحسین و هەرێم بێجگە لەوەی ڕێگایەکی زۆر چاک و کاریگەر بوو بۆ دەربڕینی ئەندێشەکان وای لەمحەمەد دەکرد بەردەوام بێت لەگۆرانی چڕین.

هەموورۆژێك لە کاتێکدا کەبەگونجاومان بزانیایە دەستمان دەکرد بەسرودو گۆرانی گوتن ئەوەی ڕاستیبێت ئێمە نە دەترساین لە شکاتکردن ئاخر پشتمان بە سفوگ ئەستوور بوو.هەرلەڕێگای سفوگەوە هەرێممان گواستەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان. ئیترئێمە لەژوورەکەمان بووین بەسێ کورد و پێنج عەرەبی شیعە، هاوڕێ جەوهەر و نەسروڵا و موحسین لەژوورەکەی بەرامبەرمان بوون.هەر کاتێک گونجاوبوایە ئەکەوتینەقسەکردن و بەسەرهات و نوکتەمان دەگێڕایەوەو باسمان لەسیاسەت و باری کۆمەڵایەتیش دەکرد.

هەرێم و محەمەد تواناییان بە هەویری ناونان و بە تێکەڵاوکردنی لەگەڵ تڵپەچاو سابوون دۆمینە دروستبکەن. کاتێکی باشیشمان بەیاریی دۆمینەوە بەڕێدەکرد. برادەرەکانی ژوورەکەمان پێیان ناخۆش بوو ئاخر ڕووبەری ژوورەکەمان زۆر تەسک بوو، بەڵام ئێمە گوێمان پێیان نەدەدا، هەر چەندە سفوگ ئەیگوت ئێستا زۆر باشترە ئاخر پێشتر ژوور هەبووە سێ ئەوەندەی تێدابووە، ژوورەکانی سەرەوە چۆڵ بوون، بەڵام

پاسەوانەکان بۆ کارئاسانی خۆیان یاخود بۆ ماندووکردنی ئێمە دابەشیان نەدەکردین بەسەر ئەو ژووڕە چۆڵانەدا ئەوەش بەشێک بوو لە ئازاردانی دەروونی.

ئاودەستی ژووڕەکەمان بێ دیوار بوو هەر چەندە زۆر هەوڵمان دەدا کەسابوون بشێلین وەک هێلمی لێبێت هەتا پارچەیەک پەڕۆ یان بەتانی هەڵواسین تا ببێتە پەردێنێک لەکاتی سەرئاو ودەستنوێژگرتندا.زیندانیت! دووری لە هەموو شتێك و باری دەروونیت ناجێگیرە ئەمە هۆکاربوون بۆ خەوبینینێکی زۆر و خەوی سێکسی واتە بەقەولی خۆمان (شەیتانیبوون) خۆخۆشتن و غوسڵ دەرکردن پێویست بوو دوای ئەوبەسەرهاتە، ئەگینا نوێژو ڕۆژووەکان قبوڵ نەبوون. زۆربەی زیندانییەکان تووشی نەخۆشی گەڕی ببوون، ئەوە بێجگە لە ئەسپێ، هەریەکێکمان بەلایەنی کەمەوە ساڵێك بوو لەزیندانداا بووین. نەبوونی هەتاو، ئاوی گەرم و هەلی خۆشتن، تەسکی جێگاو نەبوونی دەرمان، لەگەڵ ئەمانەشدا هۆکاری سەرەکی نەخۆشییەکان ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بوون .

زۆربەی کاتەکان گوێبیستی قورئان خوێندن بووین، لەهەمانکاتدا گریانی زیندانییەکان لەژووڕەکانەوە. یەکێک ئەیگوت من بێتاوانم، ئەویتر دەیگوت منداڵەکانم بێکەس ئەمێننەوە دوای لەسێدارەدانم، بەبەردەوامی لەهەوڵی دڵدانەوەی یەکتریدا بووین. یەکێک لەزیندانییەکان ئەیگوت من محەمەدی مەهدیم لەسێدارەنادرێم، دوای ماوەیەک موخابەرات هاتن و بردیان نەمانزانی بۆ کوێ!!هەتادەهات ژمارەی زیندانییان لەزۆربووندا بوو، بەڵام بەهۆکاری مانگی ڕەمەزان کەس لەسێدارە نەدەدرا.

خواردن لێرە باشە بەبەراورد بە ئەو شوێنانەی کە پێشتر لێی دەستبەسەر بووم، بەتایبەتی پێش دەرچوونی سزای لەسێدارەدانم ماست و کەرەو شیری کارگەیئەبوغرێب، هەروەها هەندێک ژەم گۆشتی مریشک بوو.لە بەندیخانەی ئەبوغرێب دوو بەشی لە سێدارەدانی لێبوو، بەشەکەی ئێمە کەبەشی سیاسی بوو، هەڵبەتە لای ڕژێم ناوەکەی بەشی (جرائم امن الدولە) واتە تاوانەکانی ئاسایشی دەوڵەت، بەشەکەی دیکە هەرلەتەنیشت ئەم بەشەی ئێمەوە بوو بەشی تاوانی جنائی بوو، گەلێک جیاوازی هەبوو لەنێوان مافی زیندانییەکانی ئەم دوو بەشە.

زۆرینەمان بەهۆکاری بیروباوەڕوکاری سیاسی و هەڵوێستمان سزادرابووین، هەرچی ئەوانە دیکەیە بەهۆکاری کوشتن و دزی و بەرتیل و دەستدرێژی و تاوانەکانی دیکە سزادرابوون، هەر چەندە ئەوانیش بۆخۆیان قوربانی دەستی دواکەوتوویی کۆمەڵگاو خراپی پەروەردەو نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و جەنگەوە بوون.ئەوان بۆیان هەبوو دادگاییان بۆ چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە واتە(تەمیز)، هەروەها بۆی هەبوو سزاکەیان بگۆڕدرێت تەنانەت هەندێکات بێتاوان دەرئەچوون هەرچی ئێمەیە ئەم مافەمان نەبوو.

ئەوان تا ئەو ڕۆژەی لە سێدارەدەدران مافی دیداری کەسوکاریان هەبوو، ئێمە لەو ڕۆژەوەی ئەگیراین ئەم مافەمان نەبوو.ئەوان لە دوای لەسێدارەدانیان تەرمەکانیان دەدرایەوە بە کەسوکاریان، ئێمە بەدەگمەن و بەپێی باری سیاسی وڵات ئەگەرێکی لاواز هەبوو بۆ دانەوەی تەرمەکانمان بەکەسوکارمان زۆرتر نەدەدرایەوە.زۆرجار زۆربەمان ئیرەییمان بەوان دەبرد بێگومان لەڕووی مافەوە نەک هۆکاری سزادانەکەمان.هەرە ئاواتە گەورەکەمان ئەوەبوو پێش لە سێدارەدانمان کەسوکارمان ببینین و دواماڵئاواییان لێبکەین، بەڵام ئەم ئاواتە نەدەهاتە دی هەربەو هۆکارەوە بوو هەندێک کاری سەرەتاییمان دەکرد بۆ نووسینەوەی ئەو وەسییەتانەی کەپێمان خۆش بوو دوای لەسێدارەدانمان بگاتە دەستی کەسوکارمان. وەسییەتەکەمان لەناو جلەکانماندا دەشاردەوە بەوهیوایەی



ویّنەیەك لە وەسیّتنامەی ژووری مەرگ

جەلادەکان نەیبینن، بەڵکو ئەوکاتەی تەرمەکەمان دەدەنەوە بەکەسوکارمان لەکاتی شتندا بیدۆزنەوە، ئەوە بۆخۆی ئەگەرێکی زۆر لاواز بوو، بەڵام ئێمە ئەو هەوڵەی خۆمان دەدا وبەشێوازی جیاواز وەسییەتی خۆمان دەنووسی.

هەندێك پاکەتی شیرەکانیان بەکاردەهێنا بۆ ئەم مەبەستە، بەم شێوەی کە باسی دەکەم:پاکەتەکەیان دەکردەوەو لەلایەکەوە قەراغەکانیان لێدەکردەوە و وەك کارتۆنێکی تەنکی لێدەهات، دیوێکی نایلۆنی پێوەبووە لەژێر نایلۆنەکە سلیفۆن بوو. ئەگەر بەئامرازێکی نووك تیژ لە سەری بنووسرێت خەتێکی ڕەش دەردەکەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئێسقانێکی مریشك یاخود ناوکی خورمایان تیژ دەکردەوە وەك پێنووس بەکارمان دەهینا، دوا وەسییەتی خۆمانمان پێیدەنووسی.

من بۆخۆم بیرێکی ترم بۆ دەهات: دەرزییەکم لە ئێسقانی مریشك دروستکردو تاڵە داوم لە خاولییەکەی عەبدولزهرە شکارە دەرهێناو لەسەر دەستەسڕەکەی ئەو ئەم وەسییەتەم نووسی. هەڵبەتە چنیم و بەدیوی ناوەوەی فالینەکەمدا دووریمەوە.

* * *

بۆ دایك و باوکی بەڕێزم و خۆشەویستم خوشك و برا ئازیزەکانم... کاتێك ئەم نامەیەتان بەدەست دەگات من ماڵئاوایم لە ژیان کردووە، داواکاریم لە ئێوەی ئازیز ئەوەیە غەمبار و نیگەران نەبن، ئەم ڕێگایە خۆم هەڵمبژاردووەو دەمزانی ئەمە ئەنجامەکەیەتی.

هەموو مرۆڤێك مردنی لەسەرە بەڵام هەموو کەسێك ئەم مردنەی منی دەستناکەوێت.... لێم ببورن ئەگەر بەدرێژایی ژیانم ئەرکێکی گران بووبم لە سەرتان، بەداخەوە نەمتوانی پاداشتان بدەمەوە، لە بەرئەوەی من ئەرکێکی گەورەترم لەسەر بوو. زۆر سەرم بەرزە بەئێوە، بەوهیوایەم منیش توانیبێتم سەربەرزیتان بۆ بەجێبهێڵم.یەکێتی خێزانەکمان بپارێزن ڕێزی دایك و باوکم بگرن، سڵاوم هەیە بۆ هەموو لایەك.

بۆ زانای هاوسەرم...کاتی لێدان و هەڵواسینم لەتاو ئازاری گیانم ئەمویست نهێنییەکانی دڵم بدرکێنم، بەڵام ئەوکاتەی وێنەی تۆ وکەسانی ئازیزم دەهاتە بەرچاو، دەمگوت نا نەکەیت دوا سامانی ژیانت بدۆڕێنیت.گوڵەکەم ئەبێت لێم ببووریت من زۆر قەرزارتم، بەتەمابووم ڕۆژێك بێت بتوانم پاداشی هەڵوێستە جوانەکانت بدەمەوە.لێرەدا هەڵبەستەکەی گۆرانت پێشکەش دەکەم(بڵێن بەبوکی یەك شەوە) هەستی خۆمی تێدا ئەدۆزمەوە بەرامبەرت.

گولّەکەم وابزانم ئێستا دایکی منداڵێکی، هیچ سامانێکم بەجێنەهشتووە بۆتان تەنها سامانی سەربەرزی و شانازی نەبێت.ئازیزەکەم پێمخۆشە بەو شێوەیە ژیانی خۆت بژیت کە بەختەوەریی خۆتی تێدا دەدۆزیتەوە، داواکاریم پاراستنی خۆت و ناوتە، خۆشمویستی تا دوا هەناسەم. ڕێزم هەیە بۆ ماڵەوەتان بەتایبەتی دایکت، چاوانی ئامانج و کەیفی و نەورۆز ماچ دەکەم لێمببورە.

ژووری ئیعدام
١٩٩٠/٥/٦
ڕزگار

-٥٦-

ژووره‌كان ڕووناكی تێدانه‌بوو، ئاخر بۆ ئه‌وه‌ی زیندانییه‌كان سود له وایه‌ری كاره‌با نه‌بینن بۆ خۆكوشتن، ڕه‌نگه یه‌كێك بڵێت مه‌گه‌ر ئێوه له‌وێ نین بۆ ئه‌وه‌ی بمرن؟ ئه‌وه‌ش ڕاستییه‌كه، به‌ڵام ئه‌وان بیركردنه‌وه و یاسای خۆیان هه‌بوو.ته‌نها ڕووناكی ڕۆشنایی ڕێڕه‌وه‌كه‌بوو، له‌بنه‌ڕه‌تدا هه‌رژووریێک بۆ یه‌ك زیندانی دروستكرابوو، نه‌ك بۆ ئه‌و ژماره زۆره.

هه‌ر ژووریێك په‌نچه‌ره‌كی هه‌بوو به دیوی ده‌ره‌وه‌دا، به‌پلێتێكی ئه‌ستووری ئاسن گیرابوو، دیواره‌كانی ژووره‌كه ڕه‌ش هه‌ڵگه‌ڕاو، هیچ ئامرازێكی هه‌وا گۆڕینی تێدا نه‌بوو، ته‌نها سێ چوار كونی به‌قه‌ده‌ر ده‌نكه ته‌زبیحێک نه‌بێت له‌وپلێته‌ی په‌نجه‌ره‌كانی پێ داپۆشرابوو، بێجگه له تاریكی و ته‌سكی شوێنه‌كه، جرجی زۆرگه‌وره‌و چاونه‌ترسی لێبوو، ژووره‌كه‌ی ته‌نیشت ئێمه چۆڵ بوو، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئاوده‌سته‌كه گیرابوو. مووڵگه‌یه‌كی باش بوو بۆ جرجه‌كان، ئه‌وژووره‌و ژووریێكی دیكه كه چۆڵ بوو، وه‌ك كۆگا به‌كاریان ده‌هێنا، بۆ ئه‌و كه‌لوپه‌لانه‌ی كه‌له زیندانییه‌كانیان وه‌رده‌گرت كاتێک كه ده‌گه‌یشتنه ئێره.

من ئێستادا برادەرییم له‌گه‌ڵ پشیله‌یه‌كیش هه‌یه، كه‌ڕۆژانه چه‌ند جارێک دێت بۆلام و یاریی له‌گه‌ڵ ده‌كه‌م. ئه‌وانی تر چاره‌یان ناوێت، من زۆر دڵم پێیده‌كرایه‌وه، ئاخر له‌ماڵی ئێمه هه‌میشه پشیله هه‌بوو، ڕۆژێک به‌خێرایی هات بۆلام ملوانكه‌یه‌كی له‌ملدا بوو، نه‌مزانی چیرۆكی ئه‌م ملوانكه‌یه چییه؟!

به‌به‌رده‌وامی پێشبڕكێی دوعاكردن و قورئان خوێندنه‌وه هه‌بوو، هه‌روه‌ها خه‌تمكردن، من چێژم له ده‌نگه خۆشه‌كان و چیرۆكه‌كان وه‌رده‌گرت، به‌ڵام له‌بری ئه‌وه‌ی خودا هیدایه‌تم بدات به‌قه‌ولی ئیمانداران، زیاتر بێباوه‌ڕی به‌هێزتر ده‌كردم.

له‌ژووره‌كه‌ی به‌رامبه‌رمان، ئه‌بوعیسام ئه‌یگوت ئه‌وه چه‌ند ڕۆژه سوره‌تی به‌قه‌ره‌م بۆ ته‌واو ناكرێت، چاوم به ته‌واوه‌تی كزبووه، هاوڕێ جه‌وهه‌ر و نه‌سرولّا و موحسین پێده‌كه‌نین. تومه‌زكاتێک ئه‌بو عیسام له‌خوێندنه‌وه ته‌واو ده‌بێت، نیشانه‌ی ده‌كات به‌دانانی شتێک له‌نێوه‌ندی دوولاپه‌ڕه‌كه‌دا، هه‌تا جاری داهاتوو بزانێت تاكوێی خوێندۆته‌وه‌و

لەکوێوە دەستپێبکاتەوە، بەڵام هەموو جارێك موحسین بەدزییەوە جێگاکەی دەگۆڕێت بۆ لاپەرەکانی پێشەوە، واتە ئەوانەی کەپێشتر خوێندبوویەوەموحسن دەیگوت پەرتەڕناش دەکات.بەزمی موحسین و ئەبو عیسام زۆر بوو، بێگومان بەهاندانیان لەلایەن نەسرولّاوە، ئاخر وادیار بوو نەسرولّا پێشتر حەزی لە نوکتەو بەزم وخۆشی بوو، لێرەش بەهەمان شێوە هەروا وایپێخۆش بوو.

واڕێکەوت ئێوارەیەك هەریەکەی پاقلاوەیەکیان دایێ، ئەمە ڕووداوێکی کەم نەبوو بۆئێمە، من بۆ خۆم بەبیرم نەدەهات کەی دواجار پاقلاوەم خواردووە، هەرلەبەر تامەزرۆکەی زۆربەمان لە گەڵ وەرگرتنی پاقلاوەکە خواردمان، بەڵام ئەبوعیسام نەیخوارد، دیاربوو هەڵیگرتبوو تا دوایی بیخوات، موحسین بەدزییەوە نێوەندەکەی خواردبوو بۆی، تەنها سەروو بنەکەی بۆ هێشتبۆوە، کاتێك ئەبو عیسام پێیزانی کردی بەهەرا. پاسەوانەکان هاتنە ژوورەوە و موحسنیان بردە ڕێرەوەکە دەستیان کرد بە فەلاقەکردنی.

بەبەردەوامی ناکۆکی هەبوو لەنێوان ئەوو دوانەدا، ئەبو عیسام دەیگوت تۆ ناوت موحسین دزەییە، واتە هەموو عەشرەتەکەتان کارتان دزیکردنە، موحسنیش دەیگوت من یەك ئاواتم هەیە، ئەویش هەردووکمان لەیەك ڕۆژدا لە سێدارە بدرێین و لەتەنیشت یەکەوە بین. پێش ئەوەی پەتەکە بکەنە ملی من، بیبینم چۆن دەیکەنە ملی تۆوە.خەریکە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ڕۆژەکانی ڕەمەزان کەم دەبێتەوە، واتە مانگی هەنگوینی تەواو دەبێت ئاهەنگی لەسێدارەدان دەستپێدەکاتەوە.

لای هیچ کامێکمان پێشتر ڕەمەزان ئەوەندەی ئێستا خۆشەویست نەبووە.

ڕۆژێک پێش نوێژی نیوەڕۆهەر چەندە لێرە شەو و ڕۆژ هەرنوێژە، دەرگای سەرەکی کرایەوە، ئەو دەرگایە دەنگێکی زۆر تایبەتی هەبوو. هاتنە ژوورەوە لەهەمانکاتدا بێدەنگییەکی تەواو باڵی کێشا بەسەر ژوورەکاندا، ناوی کاوە (هەرێم)یان خویندەوە، ئاخرئێمە پێشر هەرێممان گواستەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان، بردیان و نەهاتەوە. بەڵام لەکاتی دابەشکردنی خواردن لەسڤۆگمان بیست کە گوایە، لەئەمنی سلێمانییەوە هاتوون بەدوایدا. من لە پشمەرگایەتی هەرێمم دەناسی کوڕێکی هێمن و هەمیشە دڵخۆش بوو، خزمی هاوڕێ فوئاد (هۆگر) بوو ئەتوانم بڵێم بەربوونی بەو شێوەیە جێگای سەرنج بوو.

دوای ئەو بەماوەیەك ئەو زیندانییەی ئەیگوت من مەهدی منتزەرم لە سێدارە نادرێم، موخابەرات هاتن و بردیان.

لە ١٩٩٠/٥/٢٢ نەسرولّاو موحسینیان برد، دوایی زانیمان کە مەرسومیان بۆ دەرچووە، سزاکەیان بووە بە هەتاهەتایی، ئەوانیان برد بۆ زیندانی (خاسە)ی سیاسیەکان.ئەم ڕووداوە دڵخۆشکەر بوو، یەکەم بەومانایە دێت کە ئەگەری مەرسوم هەیە بۆ هەر کەسێک، دووەم دوو کەس ڕزگاریان بووە، بەهۆی ئەوانەوە هەوالّی ئێمەش دەڕواتە دەرەوە.

مانگی ڕەمەزان و جەژن تەواو بوو، یەکەم وەجبەی لەسێدارەدان ئەمانە بوون هاوڕێیان: ئەحمەد بازوکە، هاتف، حەیدەر و عەقید ئبراهیم(ئەبو عسام).... بەداخەوە ناوی پێنجەم کەسم لە بیرنەماوە.دووەم وەجبە بیستو چوار کەس بوون، یەك کەیسیان هەبوو، ئەویش جووڵانەوەی چەکداری لە ناوچەی ئەهوار، سیان چواریّکیان تەمەنیان زۆر بوو، ئەوانی دیکە گەنج بوون لەسێدارەدران بەردەوام بوو.لە هەفتەیەکدا لەسێدارەدران لەڕۆژەکانییەکشەممەو چوارشەممەدا بوو، لەکاتژمێری یەکەوە دەوروپشتی بەشەکە بەتەواویی گەمارۆ دەدرا لەلایەن هێزێکەوە پێیاندەگوت (قوات الاجرائیه).

هەروەها بەشەکانی دیکەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کە پێکهاتبوون لە:

١-بەشی حوکمە تایبەتەکان(قسم الاحکام الخاصه)

٢-بەشی حوکمە قورسەکان (قسم الاحکام الثقیله)

٣-بەشی حوکمە سوکەکان (قسم الاحکام اللخفیفه)

٤-بەشی بەردان بە مەرج(قسم الافراج الشرطي)

٥-بەشی عەرەب و بێگانە(قسم العرب والاجانب)

٦-بەشی موخابەرات، ئەمەیان بە نهێنی بوو، هەموویان وریادەکرانەوە، ناوەکان ئێوارەی پێشتر لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتییەوە دەهات.

لەکاتی جێبەجەکردن لەسێدارەدان ئەم کەسانە دەهاتن:

١-نوێنەری سەدام.

٢-نوێنەری دیوانی سەرۆکایەتی.

٣-نوێنەری ئەمنی عام.

٤-نوێنەری موخابەرات.

٥-نوێنەری ئیستخبارات.

٦- نوێنەری پۆلیس.

٧-نوێنەری وەزارەتی تەندروستی، ئەویش دکتۆرێکە بۆ سەلماندنی باری گیان دەرچوون، بۆ دانپیادانانی بەڵگەی مردن.پیاوێکی ئاینی، بەپێی ئاینی ئەو کەسەی لەسێدارە دەدرێت.

-٥٧-

شەوی پێشتریان بەیانیانی یەکشەممو چوارشەمە، سڤوگ دەیزانی لەسێدارەدان هەیە یاخود نییە، من هەموو جارێک پرسیارم لێدەکرد من لەگەڵم یان نا، هەمیشە دەمگوت پێشتر پێمبڵێ، ئاخر بۆئەوەی خۆمی بۆ ئامادە بکەم. بەهەمیشەیی چاوەڕوانیی ناخۆشە، چ جای مرۆڤ چاوەڕوانی مردن بێت!!

لەکاتێکدا لەشەڕدایت وگوڵەیەکت بەردەکەوێت ڕاستە دەمریت، بەڵام ماوەی بیرکردنەوەت نییە،هەرچی لێرەیە لەدوای ئەوەی دەزانیت سزای لەسێدارەدانت هەیە زۆر جیاوازە، بیرلە هەموو ژیانی خۆت و دەورو پشتەکەت دەکەیتەوە. وردەکارییەکانی ژیانت هەرهەمووی بیرکردنەوەت داگیردەکات، ئەوانەی پێش ئێستا، کە هەرگیز لەبیرکردنەوەتدا نەبووە، ژیانت لاخۆشتردەبێت، خواردنت لابەتامتردەبێت. بیری هەمووکەس دەکەیت شەیدای ڕەنگی ئاسمان دەبیت، تیشکو گەرمی و هەتاو ئەپەرستیت، ئارەزوودەکەیت کەخۆت بارانشۆربکەیت، هیچ پێتخۆش نییە بنوویت لەهەمووی زیاتر تامەزرۆی کۆشی گەرمی دایکت دەکەیت.

بەم شێوەیە ئەبردران بۆ لەسێدارەدان :

دەرگا گەورەکەی هاتنە ژوورەوە بەدەنگە سامناکەکەی دەکرایەوە و بێدەنگییەکی تەواو هەستی پێدەکرا، کۆمەڵێك جەلاد بەکۆمەڵێک کەلەپچەوە دەهاتنە ژوورەوە، کەلەپچەکانیان فڕێ دەدایە ناوەندی ڕێڕەوەکە. یەکێک کەناوی مالیک بوو سەرپەرشتی لەسێدارەدانی دەکردو لیستی ناوەکانی پێبوو، بەقەولی سفوگ مالیک زۆر دەمێك نییەئەم کارەدەکات، پێش ئەم ئەبووداد ناوێك ئەمکارەی ئەنجامداوە و ئێستا خانەنشینە.

مالیك دەستیدەکرد بە ناوخوێندنەوە ئەو کەسەی گوێی لەناوی خۆی دەبوو دەنگێکی لێوە دەهات، ڕاستەخۆ بە کەلەبچەیەکەوە ڕایاندەکردە بەردەم ئەو ژوورە، دوای ئەوەی چەندجارێك ناوی چواریان پێدووبارە دەکردەوە، لەگەڵ پاشناویخێڵیان ناوی دایك، دوای دڵنیابوون لەکەسەکە، داوایان لەئەوانەی کە لەژوورەکەدا بوون. بچنە دواوەی ژوورەکە،

بەوریایی دەرگای ژووورەکەیان دەکردەوە، بەوکەسەیان دەگوت وەرەدەرێ، هەر لەگەڵ هاتنەدرەوەی پەلاماریان دەدا کەلەپچەیان دەکردە دەستی.بەمجۆرە هەر جارەی پێنج کەسیان دەبرد دوای ماوەیەك دەهاتنەوە بۆ بردنی ژمارەیەکی دیکە.

وایان پێباش بوو چەند کەسێک کەیەک کەیسیان هەبوو (ئبن دەعوە) لەیەك ڕۆژدا لەسێدارەیان بدەن.

دوای ئەوەی لای ئێمە دەیانبردن، لەژوورێکی نزیک شوێنی جێبەجێکردن(مقصلة) کۆیان دەکردنەوە، یەك یەك هەوڵیان دەدا زانیارییان لێوەربگرن، ئاخر پێیان دەگوت تۆ ئێستا لەسێدارە دەدرێیت، بەڵام ئەگەر زانیارییەکت هەبێت سودی دەبێت بۆ شۆڕش ودەوڵەت ئەوا سەرۆك دڵی فراوانە بۆ لێبوردن. بێگومان درۆیان دەکرد هەبوو لەوکاتەدا بەتەواویی هەرەسی دەهێنا، پێشتر تا ئەوساتە نهێنییەکانی پاراستبوو، بەڵام لەو چرکەساتەدا ئەیدرکان، بەڵکو ژیانی ڕزگارکات.

دوای جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، دکتۆرێك ئەیپشکنێت بۆ دڵنیابوون لە گیاندەرچوونی .

-٥٨-

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جۆرەکانی لەسێدارەدان زۆرن، بە عەرەبی وشەی(اعدام) بەواتای سڕینەوەی (عەدەم) بوونی ئەو مرۆڤەیە کە ئەوکارەی لەسەر ئەنجامدەدرێت. جۆری ئەوسزایەی کەپێیدەگوترێت (اعدام)وەهەروەها شێوازی جێبەجێکردنی لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، هەروەها لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازیی هەیە.

لەناوبردنی مرۆڤ لەڕێگای فڕێدانی کەسەکەوە لەشوێنێکی بەرزەوە نقومکرن لە ئاودا، کوڵاندن یاخود سوتاندن لەئاوی بەکوڵ یاخود ئاگردا، زیندەبەچاڵکردن، لەناوبردن بەقازۆخ ژەهر، سەرپەڕاندن خنکاندن(دەتوانێت بەغاز یاخود کەرەستەی دیکەبێت) لەخاچدان کوشتن بەچەك بە کارەبا بەدەرزی وهتد....

لەعێراقی ئەوکاتەدا بەپێ یاسا دووجۆر سزادانی لەسێدارەدان هەبوو، یەکێکیان خنکاندن لەڕێگای هەڵواسینی لەملەوە بەبەکارهێنانی گوریسێك (شنق)(قەناره) دووەم: گولەباران ئەمەی دووەمزیاتر بۆ ئەوانە ئەنجام دەدرا کەلەبواری سەربازیدا کاریان دەکردو سزا دەدران.

گەلی کورد هەمیشە بەشی شێری بەرکەوتووە لەسێدارەداندا، بەشێك لەبەندیخانەی (بادۆش)ی شاری موسڵ لەسێدارە دەدران و بەشێکی دیکە لەبەندیخانەی ئەبوغرێب، لەو جێگایەی کەمن لێیبەندبووم.ئەو کاتەی من لەبەشی سێدارەدان بووم ڕێژەی کورد لێرە بەبەراورد بەساڵەکانی پێشتر کەباسی لێوە دەکرا کەمتر بوو. ئەوەش هۆکار خۆی هەبوو، لەوانە دەرچوونی لێبوردنی گشتی لە مانگی ئەیلول(سێبتەمبەر) ١٩٨٨ تاوانەکانی ئەنفال وخاپورکردنی دێهاتەکانی کوردستان، کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆناوچە سنوورییەکان، هەرلەبەر ئەوهۆکارانە بوو کەوایکردبوو زۆربەی زۆری زندانییەکان سەر بە حیزبە عێراقییە شیعەکان بن .

سفوگ (ئەبوعەجیل) دەیگوت لە کۆتایی ساڵی١٩٨٧دا ژمارەی زندانیان لەم بەندیخانەیە لەئەقڵدا نەبووە بەتایبەتی کورد. ژووورەکانی سەرەوەو خوارەوە هەمووی

کورد بووە، ژمارەیان بە ڕادەیەك زۆر بووە جێگای پاڵکەوتن نەبووە ئەمەش وایکردووە کەژمارەیەک لەزیندانییەکان بەپێوەبن و ژمارەیەک بەچیچکانەوە دەنووستن. ئەو بارە دژوارە وای لەزیندانییەکان کردووە کەزۆبەیان خوازیار بن لە سێدارە بدرێن، بۆئەوەی ڕزگاریان بێت لەو دۆزەخەی تیایدا دەژیان. هەرلەبەر ئەو نارەحەتییە بوو زندانییەکان مانیانگرت و دروشمیان دژی ڕژێم دەگوت، کونی کلیلی دەرگاکانیان بەسابوون گرتبوو. پاسەوانەکان بۆیان نەدەکرایەوە لەئەنجامدا هێزێکی تایبەتی هات، هەر لەناو ژوورەکاندا بە دەستڕێژی گولە ژمارەیەکیان کوشتن ئەوانەی کە نەکوژرابوون دوای چەند ڕۆژێك لەسێدارەدران.

ئەبێت ئەوەش بزانین چەند لەم زیندانەدا لە سێدارە دەدرا دوو بەرامبەر لەدەزگائەمنییەکان وسەربازگاکان وسەرشەقامەکان گولەباران دەکران.زۆرجار چالاکییەك دژی ڕژێم بکردرایە لەهەمان شارکەسانێکیان دەهێنا هەر لەو شوێنە گولەبارانیان دەکردن. یاخود قەدەغەکردنی هاتووچۆ(منع التجول)یان ڕادەگەیاند، ئەو ڕۆژە هەرکەسێکیان بگرتایە گولەبارانیان دەکرد، من بۆخۆم گولەبارانم پێباشتر بوو لەهەڵواسین.

پارەی گولەکان یاخود پەتی هەڵواسینەکانیان لەکەسوکاری لەسێدارەدراوەکە وەردەگرتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر تەرمەکە بدرایەتەوە بە خێزانەکانیان.سفوگ دەیگوت مالیکی جەلاد لەدەستیدایە کە بەخێرایی و بەئاسانی گیانیان دەرچێنێت، یاخود بەگرانی و بەئێشەوە، ئەویش لەڕێگای شێوەی ئاڵاندنی پەتەکە لەملیان. کێشت زۆر بوایە باشتر بوو زووتر گیانت دەردەچوو، ئێمە لێرە هەموومان لاوازبووین ئەوانەش کە پێش بەندکردنیان قەڵەو بوون تا دەگەیشتنە شوێنی لەسێدارەدان لاواز دەبوون.

مالیکی جەلاد کەهات چاوەکانی زۆر سوربوو، سفوگ دەیگوت ڕێگای پێدراوە بخواتەوە هەربۆیە ویسکییەکی زۆری دەخواردەوە بەتایبەتی ئەو ڕۆژانەی کەلەسێدارەدان هەبوو.

-٥٩-

لەدوای بردنی هەرکۆمەڵێك(وەجبە) بۆماوەی چەند کاتژمێرێك بێدەنگییەکی تەواو باڵی دەکێشا بەسەر ژووورەکاندا، بەتایبەتی ئەوژوورانەی کەلێیان دەبرا بۆ لەسێدارەدان. نوێژو لەخوا پارانەوە گەرمتردەبوو، بەڕاستی هەستێکی گەلێک گران وناخۆش بوو. ئاخر تۆ بیهێنەرە پێش چاوت کەمێك پێشتر لەگەڵ کەسێکدا ژوورت بەشکردووە، بەڵام ئێستا دڵنیایت کە ئەو هەڵواسراوە.

ڕاستە پێشتر ئێوە یەکتریتان نەناسیوە، خەڵکی یەک شوێن نەبوون و بە یەک زمان قسەتان نەکردووە و بیروباوەڕێکی جیاوازتان هەبووە.ڕەنگە لەدەرەوی زیندان دژایەتیی یەکتریتان کردبێت، هەندێکجارگەیشتبێتە ئەوەی بەرامبەر یەکتر لەجەنگدا بووبن، بەڵام لێرە ئاریشەکانیان تێکەڵاوی یەکتر بووە و هەستی مرۆڤایەتی و لەیەکتر نزیکبوون بەهێزتر بووە، سەرەڕای ئەوە هەردووکتان چاوەڕێی یەک چارەنووسنئەویش گیان لێسەندنەوەیە.

لەلایەکی ترەوە نازانم چی ناو بنێم، خۆپەرستییە؟ یاخود لایەنە ئاژەڵییەکەی مرۆڤە؟ یاخود حەزو خولیای مرۆڤە بۆ ژیان؟ ئەوە بۆتۆ بەجێدەهێڵم بۆخۆت دەتوانی ناوێکی لێبنێیت.ئەوکاتەی دەزانیت کە تۆ لەهیچکام لەوکۆمەڵانەدا(وەجبە) نەبوویت، واتە هەلێکی دیکەیە بۆ ژیان دەستکەوتووە، بەلایەنی کەمەوە بۆ چەند ڕۆژێکی دیکە، هەروەها فراوانبوونی جێگاکەت لەژووورەکەدا، تائەوکاتەی زیندانی تازە دەهێنن.

من و هاوڕێ جەوهەر(ڕەئوف) گفتوگومان زۆر بوو پێکەوە، ئاخر ژووورەکانمان بەرامبەر یەکتر بوو، لەپێشمەرگایەتییەوە یەکتیرمان دەناسی. ئەو لە پێشمەرگە کۆنەکان بوو منیش لە ساڵی ١٩٧٩وە پێشمەرگەبووم هەرچەندە ئەو دوای من دەستگیرکرابوو، بەڵام ئەوەبوو ئەو پێش من سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو. زۆر ئومێدم هەبوو کەلەسێدارە نەدرێت لەبەر ئەم هوکارانە:- هەر خۆی بەتەنیابوو کەسی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو، بەو واتایەی ئیعترافی لە سەر کەس نەکردبوو. لەگەڵ ئەوەی کەسانێک دوای ئەو سزادرابوون، لەسێدارەدران. ئەمەش بۆخۆی بە ئاماژەیەکی باش دەزمێردرا بۆ

ئومێدی لە سێدارەنەدانی.ڕژێم لەو کاتەدا پڕوپاگەندەی دیموکراتییەت و فرە حیزبی دەکرد. لە شەڕی عێراق-ئێران سەرکەوتوبوو، شۆڕشی کوردی لاواز کردبوو. سەدام دەیوست جوانکاریی بکات لە دەسەڵاتەکەیدا، لەڕاستیدا ئەمەش پێویستی بە هەندێک کاری ڕووکەش هەبوو لەسێدارەدانی کادرێکی پێشکەوتوو لەوکاتەدا لە خزمەتی ئەم سیاسەتە تازەیەی ئەودا نەبوو.

لەدوای دابەشکردنی هەرژەمە خواردنێك سفوگ دەهاتە بەردەم شیشبەندی ژوورەکەی من، لەویادا دەمایەوە تاکو ئەوکاتەی پاسەوانەکان دەهاتن دەیانبردەوە ژوورەکەی خۆی. سفوگ زانیارییەکی زۆری لا بوو، ئەگەر مرۆڤ بیزانیایە لەسێدارە نادرێت سودێکی باشی لێوەردەگرت. کەیسی هەمووانی دەزانی بۆ نمونە دەیزانی مولازم سەعد (ئەبو یەسار) کەسێك بەگرتیداوە ناوی(هێمنەڕەشە) یان خەلیل ماشاڵا کە هاوڕێیەکی شیوعی بوو، پێشتر سزادرابوو، بەڵام بەر لێبوردنی گشتی کەوتبوو، ویستبووی بڕواتە دەرەوە. ئازاد ناوێك کە دانیشتووی گەڕەگیشاترلوی کەرکوکە، بەگرتیدابوو و لەسێدارەدرا، دەتوانین بڵێین ئەو سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بوو لەبەندیخانەکە.

یەکێك لە ڕووداوە سەیرەکانی ژیانی ناو زیندانیی زیندانییەک بوو، ئەگەر هەڵەنەبم ناوی(سەباح) بوو، خەڵکی بەسرەبوو. سەباح سی ساڵ لە سوید ژیابوو، هەروەها ڕەگەزنامەی سویدی هەبوو بۆ سەردان گەڕابووەوە، گرتبوویان بە تاوانی سیخوڕی، سزای لە سێدارەدانی لەسەربوو. باسی ژیان و سیستەمی سویدی بۆ دەکردین، لەو جێگایەی کە من شەیدای تیشکی خۆر بووم بۆم نەبوو ببینم، بەڵام ئەمڕۆ من لە سوید دەژیم بۆیە پێویستە مرۆڤ بەهەمیشەیی دەستبەرداری هیوا نەبێت.

ڕۆژێک دوو کەسیان هێنا هەر لە سەرەتای گرتنمەوە ناویانم زۆر بیستبوو، بەڵام پێشتر بەدیداریان نەگەیشتبووم. هاوڕێیان(سەعدون و فازیل) ئەوان لەو ڕۆژەوەی دەستبەسەربوون هەر لە ژووری یەك کەسیدابوون(ئینفرادی). ئەمانە کۆمەڵێك هاوڕێی کچ و کوڕ بوون، کەبەیەکەوە گیرابوون هەرچی ئەم دوانەیە هەر لەسەرەتاوە جیایان کردبوونەوە لە هاوڕێکانیان هەردووکیان خۆڕاگربوون چ لە ئەمنی سلێمانی یاخود ئەمنی عامە.

هاوڕێ سەعدون وەك کەسێکی سیاسی کارامە هێمنی پێوە دیار بوو، هاوڕێ فازیل هەمیشە خەندەیەکی لەسەر لێوبوو، ئەمان بە جەماعەتی بوتڵە غازەکە ناسرابوون. ئاخر

ئەو بوتڵە غازانەیان گرتبوو لایان کەبەشێوەیەکی هونەری و تەکنیکی بڕیبیانەوە چەك و تەقەمەنیان تێدا حەشاردابوو، ئەوکاتەی کە بیانویستایە دەیانکردەوە، هاوڕێ فازیل دەستی باڵای هەبوو لەمکارەدا.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەوکاسانەی لە ڕۆژی گرتنەوە لە ژووری تەنیایی بوون، کاتێک دەیانهێنان بۆ ئەم زیندانییە بارودۆخیان سەختربوو بە یەکجاری لە دونیا دابڕابوون .

-٦٠-

بەبینینی (سەعدون و فازیل) هەستێکی زۆر نامۆم لا دروست بوو، هەرچەندە من بۆخۆم زۆر دەمێک بوو ناوبانگیانم بیستبوو، هەروەها تامەزرۆی دیداریان بووم، بێگومان لەدەرەوەنەک لە ژووری مەرگدا!!ێرە ڕوخساری مرۆڤەکان تەواو گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەمووی سەروڕیشێکی زۆر و نارێک و رەنگوڕوویەکی سپی زەردهەڵگەڕاو. ڕوخساری مرۆڤەکان بەتەواوی کەم خوێنی وکەم خۆراکی پێوە دیارە، چاوەکان دەرپۆقیوو و بێجگە لەوەی دەمێکە کەس ڕوخساری خۆی نەبینیوە بەهۆکاری نەبوونی ئاوێنە، لەهەمانکاتدا ترس و دڵەڕاوکێ و خراپیی باری دەروونی نەبوونی و ڕووناکی وکەم خەوی کاریگەریی تەواوی هەبوو لەسەر سەروو سیمای هەرهەموومان بێ جیاوازی.

فازل پێیووتم دەزانی کچێکتان بووە؟ ئەم هەواڵە بۆمن زۆر گرنگ و دڵخۆشکەر بوو، کەواتە خێزانەکەم منداڵی بووەوەسەلامەتەو کچیشمان بووە، من بۆخۆم لەخەیاڵمدا وێنای کچێکی جوانم بۆ کێشابوو، ئاخر ئەوکاتەی من گیرام، هاوسەرەکەم دووگیان بوو، ئەوکاتە ئەوو خانەوادەکەیان کاری حیزبییان دەکرد، من تا ئەوکاتە نزیکەی ساڵێک زیاتر بوو، هیچ هەواڵێکیان نەدەزانی

من و زانا(ڕێزان) لە ١٩٨٤/٣/٣١هاوسەرگیریمان کرد، هاوسەرەکەشم ئەوکاتە بڕیاریدا کە ببێتە پێشمەرگە لەگەڵ من، بەڵام لەبەر سەختی ژیانی پێشمەرگایەتی ئەوکاتە بیرمان لەمنداڵ نەدەکردەوە دوای ئەنفال بارودۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات. ئێمەش بە نهێنی «شاراوە»هاتینەوە ناو شار، ئەوکاتە بەگونجاوترمانزانی کەببینەخاوەنی منداڵهەربۆیە ئەوکاتە بڕیارماندا بۆ یەکەمجار ببینە باوک و دایک.دوای هاتنی (سەعدون و فازیل) بە ماوەیەکی کەم ڕۆژێك دەرگا گەورە سامناکەکە کرایەوە و پاسەوانەکان هاتنە ناو بەشەکەوە، نەکاتی دابەشکردنی خواردن نەڕۆژی لەسێدارەدان بوو. ئەو کاتەی گەیشتنە ناوەندی ڕێڕەوەکەوە ناوی منیان خوێندنەوە منیش وەڵامم دانەوە، کەلەناوەکەم دڵنیا بوون بەوریایی هاتنەبەر ژوورەکەمان دەرگاکەیان کردەوەو منیان لەگەڵ خۆیان برد بێگومان بێ ئەوەی کەلەپچەم بکەن.

لەگەڵ یەکەم بەرکەوتنی چاوەکانم بەو تیشکی خۆرەی کەزۆر دەمێک بوو لێیون بووم، زۆریش تامەزرۆی بووم. چاوەکانم توانای بەرگریی ئەو ڕووناکییەی نەبوو، لەهەمانکاتدا ئارەزووی نوقاندنی دەکرد، بەڵام من چۆن ئەم دەرفەتە لەدەست خۆم دەدەم. ئاخر زۆر دەمێکە من شەیدای ئەم ڕووناکییەم هەوڵم دەدا هەر بەکراوەیی بیهێڵمەوە. لە ڕێڕەوێکەوە منیان برد بۆ ژوورێك، چەند کەسێك دانشتبوون یەکێکیان فایلێکی لەبەردەستدابوو، دوای دڵنیابوون لە ناوەکەم گوتی: تۆ مەرسومت بۆ دەرچووە لە سەرۆکەوە خوابێپارێزێت، سزاکەت لە لەسێدارەدانەوە کراوە بە هەتاهەتایی(موئەبەد). من بێدەنگ بووم، کابرای مەلەف بەدەست گوتی ئەوە بۆ سوپاسی سەرۆك ناکەیت؟ منیش بە ناچاری گوتم سۆپاس، هەروەها پێیڕاگەیاندم کە نابێت هیچ هەواڵێک لێرەوە بەکەسانی دیکە بگات، لەدواییدا گوتی هیچ کەلوپەلێکت هەیە لێرە؟ لەوەڵامدا گوتم بەڵێ. لەڕاستیدا شتەکانی من هیچی وانەبوون، ڕاستە پێپەتی بووم ئاخر ئەوکاتەی هاتمە ئێرە پێلاوەکانیان لێسەندم. لە تاکی یەکێك لەجووتی پێلاوکانم بست وپێنج دیناری عێراقیم تێدا حەشاردابوو، من زیاتر مەبەستم ئەوەبوو جارێکیتر بچمەوە ژوورەوە مااڵئاوایی لە هاوڕێکانم بکەم. ئەوشتانەی کەلە زیندانییەکانیان وەردەگرت کاتێک کە دەهاتنە ئەم بەندیخانەیە لەژوورێکی جیادا دادەندرا.

لەگەڵ بردنە ژوورەوەم بە هاوڕێکانم گوت مەرسومم بۆ دەرچووە، سزاکەم لە سێدارەدانەوە بووەتە هەتاهەتایی. من مااڵئاوایی خۆمم لێکردن، هەر چەندەپاسەوانەکان هاواریان دەکردو جنێوێیان دەدا، تەواو... من ئەوەی مەبەستم بوو کردم، وامدانابوو هەر زۆر تووڕەبن لێم. چەند شەقوو زلەیەکم لێ دەدەن، خۆ مەرسومەکە بەوان هەڵناوەشێتەوە.

پاسەوانەکە ڕایکێشام بەرەو ژووری کەلوپەلەکان و گوتی کامەیە شتەکانت بیدۆزەرەوە؟ دوای ماوەیەک گەڕان کیسەکەی خۆمم دۆزییەوە، دوای ئەوە منیان دایە دەست دوو پاسەوانی دیکە، دوابەدوای ئەوە سواری ئۆتۆمبیلێکی جام ڕووناك بووین، ئەمە یەکەمجارە بە ئۆتۆمبیلێکی کراوە بمگوازنەوە.ئەو شوێنەی منیان بۆ دەبرد لەدوورەوە شورایەکی زۆر بەرز دیاربوو، لەناو ئەم شورایەدا چەندین دیواری بەرزی دیکەت لێوە دیار بوو، لەسوچەکاندا بە بەرزییەکی زۆر تاوەری چاودێری(بورج الحراسه) بوو .ئاسمانێکی شین وهەتاو لەناوەندیدا، چاوەکانم هەربەرگریی دەکەن لەو خۆرەتاوە،



وەستاوەکان لەلای راستەوە: سعدون، نەسوڵڵا، پۆڵا
دانیشتووەکان لەراستەوە: محمد قرگەیی، موحسن دزەیی
بەندیخانەی بادوش، پێنج زیندانی ژووری مەرگ
بەشی لەسیدارەدانی بەندیخانەی ئەبوغرێب
خۆشبەختانە هەر پێنج زیندانییەکە ئێستا لە ژیاندان

پێڵووەکانم خوازیارن خۆیان لێکنێن، هەستی گەرمایی جەستەمی داگیرکردبوو، بیرم بە خێرایی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەڕۆیشت، یەکەمجارە پاش ماوەیەکی دوورو درێژ هەست بەزیندووبوونەوە دەکەم.

ئۆتۆمبیلەکە بەرەو یەکێك لە دیوارە بەرزەکان دەڕۆیشت، لەبەردمی دوو دەرگای گەورە بەبەرزی پێنج مەتر وەستا، ئەوانەی لەگەڵ من بوون، کەوتنە قسە لەگەڵ پاسەوانێك کەلە تاوەری چاودێرییەکە بوو، بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە. هەر کە دەرگا کرایەوە، بە ئۆتۆمبیلەکەوەچووینە ناو بەندیخانەکەوە. گۆڕەپانێکی گەورە کۆمەڵێک دەرگاو پەنچەرەی لەسەربوو، هەروەها چەند ئۆتۆمبیلێکی گەورەو بچوك وەستابوون چەند کەسێک شتیان بار دەکرد لەبارهەڵگرێك، دیاربوون کەئەوانیش زندانین.

منیان لەیەکێک لەدەرگاکانەوە بردە ژوورەوە، لەوێوە بۆ ڕێڕەوێکی باریك، یەکێک لە پاسەوانەکان دەرگای ژوورێکی کردەوە و منیان بردە ناوەوە. ژوورێکی گەورە دەتوانی هاتووچۆی تێدابکەیت، ژمارەیەك زیندانی تێدابوو، هەندێکیانم ناسییەوە، لە ئەمنی(سلێمانی یان عامە)پێکەوەبووین، دەستمانکرد بەیەکتر ماچکردن. دوای گفتوگۆ تێیانگەیاندم، کەئەم بەندیخانەیە ناوی بەندیخانەی (خاسە)یە، ئەم ژوورە پێیدەڵێن پێشوازی(استقبال) دەتوانین بڵێین، لێرەوە ژیانێکی نوێی بەندیخانە دەستپێدەکات، تاکو نزیکی کەوتن و ڕووخانی ڕژێم .

-٦١-

دوای ساڵێك زیاتر له لێكۆڵینەوه و ئەشكەنجەدان، له ئاسایشی سلێمانی و ئاسایشی گشتی له بەغداد، وهەروەها له ژووری مەرگدا(قاطع الاعدام) گەیشتمه ژووری پێشوازی(استقبال) لەبەشی سزا تایبەتییەكان (احكام الخاصه)، لەبەندیخانەی ئەبو غرێب.

هەستێكی زۆر خۆشم هەبوو، ئاخر چۆن ئەم هەستەم نەبێت؟ من لەسەرەتای دەستگیركردنمەوه به تەنها یەك ئامانجم هەبوو، ئەویش ئەوه بوو ددان بەخۆمدا بگرم و ناوی هیچ كەسێك نەدركێنم. ئەوكاتەش كه گەیشتمه دادگاو سزای لەسێدارەدانم بەسەردا سەپێنرا ئەو ئامانجەم بەدیهات.

لەدوای ئەوەوه و لەژووری مەرگدا تەنها ئاواتم ئەوه بوو كه له دوای له سێدارەدانم، تەرمەكەم بدەنەوه به كەس و كارەكەم و وەسییەتەكەم بگاته دەستیان. وا ئێستا دووباره دەرفەتی ژیانم وەرگرتۆتەوه، ئەمجاره بەزیندوویی، بەدیداری خۆشەویستانم شاد دەبمەوه، له جیاتی ئەوەی هەواڵی لەسێدارەدانم بزانن یاخود تەرمەكەم وەرگرنەوه. هاوزیندانییەكانی ژووره‌كەم پێشوازییان لێكردم و گوتیان لێره حانوتی لێیه هەرچیت پێویست بێت دەتوانیت به پاسەوانەكانی بڵێیت بۆت دەهێنن، پارەكەشی لەسەرت دەنووسن. دەتوانیت دوای ئەوەی كه دیدار(مواجه)ت هەبوو لەگەڵ كەسوكارت پارەكەیان بدەیتەوه ئەوانەیش كه حانوتەكەیان بەڕێوەدەبرد، هەر زیندانی بوون گوتم من پارەم پێیه، گوتیان چۆن تۆ له بەشی سێدارەدانەوه هاتوویت و پارەت پێیه؟ منیش بیست و پێنج دینارەكەی ناو پێڵاوەكەم دەرهێنا و چاوەڕێم دەكرد، پاسەوانێك بێت و رایبسپێرم بۆ ئەوەی پێداویستییەكانم بۆ بهێنێت.

دەرگای ژووره‌كه كرایەوه، پاسەوانەكه لەگەڵ كورێكی باڵابەرزدا وەستا بوو گوتی كێ ناوی ڕزگارە؟ گوتم من سڵاوی لێكردم و گووتی: برادەران ئەم شتانەیان بۆ تۆ ناردووه، هەرشتێكی دیكەت پێویستە، به پاسەوانەكان بڵێ بۆت دەهێنن.

ئەوشتانەی هاورێیان ناردبوویان(سابون، خاولی، هەویری ددان و فڵچه، گوێزان و

مەکینەی ڕیش تاشین، ئاوێنە، دەرپێ و فانیلەی ژێرەوە).

کوڕەکە ناوی جەلال حەسەن ڕەشۆ بوو، لەسەر پارتی دەستگیر کرابوو، لەگەڵ سێ زیندانیی دیکە بە ناوەکانی(تەمر شەمدین تەمر، ئەمین وجومعە) ئەوان ماوەیەکی زۆر بوو زیندانی بوون. بەر لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی ١٩٨٨یش نەکەوتبوون، لەبەر ئەوەی کوردی ئێزدی بوون. ڕژێمی بەعس (ئێزدیەکان و کرستیانەکان)ی بە عەرەب هەژمار دەکرد، هەر لەبەرئەو هۆکارە بوو، هەر لێبوردنێك بۆ کورد دەربچوایە، ئێزدی و کرستیانەکانی نەدەگرتەوە ئەگەر لەسەر حیزبە کوردییەکانیش دەستگیر بکرابانایە. پاسەوانەکانی ئەم زیندانییە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بوون وهەروەها ئاسایشی لێبوو.دوای خۆشتن و ڕیش تاشین وهەروەها باشتر بوونی باری دەروونیم، ڕێژەیەکی باشی ڕوخساری مرۆڤایەتیم بۆ گەڕایەوە.

دوو سێ ڕۆژ لەو ژووڕە مامەوە دوای ئەوە منیان بردە ناو زیندانییەکان، شوێنەکە ڕێڕەوێکی دوورو درێژ بوو، پانییەکەی نزیکەی پێنج مەتر دەبوو، لەنێوەندی هەر ٣٠یان ٤٠ مەترێکدا، ئەملاوئەولای دەرگا بوو، لە دوو سێ شوێنی ڕێڕەوەکەدا شیش بەند هەبوو، دەرگای تێدابوو. منیان بردە نزیکی کوتایی ڕێڕەوەکە بەلای دەستە چەپدا، منیان دایە دەست یەکێک دوایی زانیم کە ئەویش زیندانییە، بەڵام یەکێکە لە چاودێرەکان(المراقب). هەر بەشێك لێرە چاودێرێك و یارمەتیدەرێکی لێبوو، پێیانگوت(استلم های نزیل جدید) ئەم نیشتەجێ تازەیە وەربگرە. وشەی(نزیل)، لێرە بەکار دەهاتلای من سەیر بوو، ئاخر ئەمە لە هۆتێل بەکاردەهێنرا.ئەو بەشەی منی تێدا بووم، پێیاندەگوت جەمەلۆنی یەك، هەڵبەتە جەمەلۆنی دوویش هەبوو، هەر جەمەلۆنەی بەشێکی بۆ زیاد کرابوو پێیاندەگوت پاشکۆ (مولحق).

بەراستی دیمەنی جەمەلون سەیرو سەمەرە بوو، شتێك بوو بە باسکردن نایەتە بەرچاوت، بەڵام من هەوڵدەدەم تۆزێک بەرچاوڕوونیتان بدەمێ.

بۆیە پێیاندەگوت جەمەلۆن، ئاخر بنمیچێکی بەرزی هەبوو بە شێلمان وچینکۆ داپۆشرابوو، ئەم جەمەلۆنانە لەنەخشەی بنەڕەتی دروستکردنی بەندیخانەکەدا نەبوون، بەڵام کاتێك زیندانی زۆر بووە و جێگا نەماوە، ناچار بوون ئەم جەمەلۆنانە دروستبکەن و زیندانی تێبکەن.

ناوەوەی جەمەلۆنەکانیان بە قەرەوێلە(چوارپایە)، دابەش کردبوو، قەرەوێلەکان

دوو قات بوون، لەم لاو ئەولاوە قەرەوێڵەی دوو قاتیان دانابوو. نێوەندەکەیان بە بەتاڵی هێشتبووەوە، بەشەوان ئەو زیندانیانەی قەرەوێڵەیان نەبوو، لەوێدا دەنووستن. بەردەمەکەی وەك دەرگای ژوورێکیان لێکردبوو، پێیاندەگوت خێوەت(خێمە).ڕێزێکی درێژیان بەمشێوە دانابوو بەرامبەرەکەشی ڕێزێکی دیکە بوو، زیندانییەکان کەلوپەلەکانیان لە(گونییە، تورەکە، جانتا، قاپ و قاچاغ و شتی دیکە)یان تێدا هەڵواسی بوو، هاوارو هاتووچۆ، وەك شانەی مێرووڵە وابوو کارکردنی هەمەجۆر، نوێژکردن، خواردن، هەر لە بازاڕی کۆنەفرۆشان دەچوو.

چاودێرەکە سەر بە حیزبی دەعوە بوو، هەر کە زانی من شیوعیم، منی بردە(خێمە) ی ژمارە یەك، نۆ کەسی تێدا بوو سیانیان شیوعی بوون، یەکێك لەوانە ناوی(سەعد عەبدولوەهاب) بوو.

هەر ئەوەندە دەنگی هاتنم بڵاوبووەوە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییەکان هاتن بۆ بەخێرهاتنم، زۆربەیان کوردبوون.

-٦٢ -

لە دوای دادگایی ئەوکاتەی زیندانییەکە دەگوازرێتەوە بۆ ئەم زیندانییە و هەروەها پێش ئەوەی کەسوکاری بێن بۆ سەردانی، هەر ژەمە خواردنێک لای زیندانییەکان میوان دەبێت، ئەمە بووبووە کولتووری زیندان. هەمیشە ئەوانە میوانداریەکەیان رێکدەخست کە هاوبیر یاخود هاوزمانی زیندانییە تازەکە بوون، ڕاستەوخۆ یەکێک لەزیندانییەکان خشتەی رێکخستنی میوانداریەکەی دەخستە ئەستۆی خۆی، لەدوایدا هەرکەسێک خوازیاربوایە میوانداری بکات بە رێکخەرەکەی دەگوت ئەویش ڕۆژەکەو ژەمەکەی بۆ دیاریدەکرد.

لە زیندانداِ فێری زاراوەی نامۆ دەبووین، یەکێك لەو زاراوانە(سەفەرداش)بوو، واتە هاوسفرە، بەومانایەی کۆمەڵێک لەسەر یەک سفرە نان دەخۆن. کۆمەڵێک سەفەرداش هەبوو لەزیندان، ئەمەش لەبنەڕەتدا وشەیەکی تورکییە، بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە دەسەڵاتی داگیرکەری دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو.

هاوڕێیانی بتڵەغازەکە بەچەند ڕۆژێک پێش من لەوێ بوون، بێجگە لە سەعدون و فازیل، کە لەبەشی لەسێدارەدان بوون، هەروەها هاوڕێ ژنەکان(ئاشتی و نەرمین و پەیمان) لە زیندانی ژنان بوون.ڕائید موحسین و ماموستا نەسرولّا، کە لە بەشی سێدارەدان لەگەڵم بوون ئێستا لێرەن. ڕائید موحسین گوتی من ئاگاداری کەسوکارەکەت دەکەمەوە کە تۆ لێرەیت، بۆ ئەوەی ئەوان بێن سەردانت بکەن.شەوان لە خێوەتی یەك، لەسەر زەوییەکە و لە بەردەم قەرەوێڵەکەی سەعد عەبدولوەهابدا دەنووستم، بەڕۆژ جێگام نەبوو، بەڵام سەعد ڕێگای دەدام کە قەرەوێڵەکەی بەکاربهێنم یەکێك لە کێشە گەورەکانی ناو زیندانەکە نەبوونی جێگا بوو، دەبوایە زیندانییەکی کۆن بێت یاخود واستەت هەبێت بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی قەرەوێڵەی خۆت.لەزیندانی ئەبوغرێب، بێجگە لە دوو جەمەلۆنەکە چەند شوێنی دیکەی لێبوو لەوانە:

-دوو بەشی دیکەی زیندانی هەر بەشەی دوو قات بوو، بەهەردوو قاتەکە بیست

ژووری چوار بە پێنجی تێدابوو.

-چەند قاوشێك(رەدهە)

-شانۆ

-کتێبخانەیەک بێگومان تەنها ئەو کتێبانەی تێدابوو کە لەگەڵ بیری ڕژێمدا دەگونجا.

-جێگایەکی لێبوو پێیاندەگوت مەدرەسە(قوتابخانە) بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی زیندانی، ئەوێش جێگای زیندانیی بوو.

هەڵبەتە کاتی خۆی کەبڕیاری دروستکردنی ئەم بەندیخانەیە دراوە، بۆ ئەوە بووە کە زیندانێکی سەردەمیانە بێت.

لە سەردەمی(عەبدول سەلام عارف)دا بەردی بناغەی داڕێژراوە و لەکۆتایی شەستەکاندا، بە نیوەناچڵی تەواوکراوە. لە هەمووی سەیرتر(دکتۆر عەبدولکەریم الهانی) کە بەشداری لەدانانی بەردی بناغەی ئەم زیندانەدا کردبوو، وەك وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، لەحکومەتەکەی عەبدولسەلام عارفدا زیندانیی دەکرێت و ماوەیەک بەیەکەوە دەبین لەیەک ژووردا.

شیعەکان زۆرینەی زیندانییان پێکدەهێنن بەمەبەست بێت یاخود بەبێمەبەست، بەڕێوەبەرانی بەندیخانەکە، جڵەویان شلکردبوو بۆیان. دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو. دەیانویست کاروباری بەندیخانەکە بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان بێت. بۆ نمونە ڕێگایان نەدەدا بە ئێزدی و کرستیان یاخود شیوعییەکان لە چێشتخانەی بەندیخانەکەدا کاربکەن. لە بەرامبەر ئەوەدا ژمارەیەکی زۆر کەم سوننە یاخود وەهابی هەبوو، هەردوو لایان بەجیا بانگیان دەدا و بەجیا نوێژیان دەکرد.

ژمارەی زیندانیانی کورد نەدەگەیشتە دوو سەد زیندانی، هیچ کاتێك ژمارەی کورد هێندە کەم نەبووە. نزیکەی سی تا چل تورکومانی لێبوو، زوربەیان بە تاوانی سیخوڕی بۆ تورکیا زیندانی کرابوون. بێگومان کرستیانیشی لێبوو و هەروەها یەک سابئەی مەندائی بەناوی سەلام مەدلول، کەمی ڕێژەی کورد دەگەڕێنمەوە بۆ تاوانەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان. لێبوردنی ساڵی ١٩٨٨ لاواز بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کشانەوەیان بۆ ناوچە سنووریيەکان. ئەوەیشمان بیر نەچێت، لە لێبوردنە گشتییەکەی مانگی نۆی ١٩٨٨دا هەموو کوردەکان ئازاد کران، تەنها ئێزیدییەکان و کرستیانەکانیان نەبێت، لەگەڵ کاك فوئاد محەمەد تۆفیق، کە خەڵکی سلێمانی بوو، بە

تاوانی سیخوڕی بۆ فەرەنسا زیندانی کرابوو.

ژمارەیەک گەنجی کوردی لێبوو دوای لێبوردنی گشتی، جارێکی دیکە دەستگیرکرابوون و دادگایی کرابوونەوە. پێنج لاوی تازە پێگەیشتوو بەم ناوانە(نزارجەلال، ڕێبوار عومەر عوسمان، کامەران عەبدوڵا، ئەسفەندیار محەمەد، بورهان ڕەئوف ڕەحمان)، ئەمانە بە تاوانی کوشتنی مفەوەزێکی ئاسایش لە شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی دەستگیر کرابوون. لەسەرەتای دەستگیرکردنیان لە ١٩٨٧/٥/١٩ ژمارەیان لەوە زیاتر بوون. ئەمانە خوێندکاری دووی ناوەندی بوون، لە لایەن ئیستخباراتی سلێمانی بەدەستی عەبە کەرکوکی دەستگیرکرابوون، لەدواییدا درابوون بە ئاسایشی سلێمانی و بەر لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٨٨ کەوتبوون و ئازادکرابوون. لە دوای لێبوردن جارێکی دیکە دەستگیرکرابوون، بەشێکیان هەڵهاتبوون، بەڵام ئەم پێنجەدەستگیرکرابوونەوە و بەڕێکخستنی یەکێتییان دانابوون. لە ١٩٨٩/٣/١٤دا، لە بەناو دادگای شۆڕشدا بە پانزە ساڵ زیندانی سزادران، لەبەرئەوەی تەمەنیان لە ژێر هەژدە ساڵەوە بوو، بەداخەوە دوای ئەوەی پانزە ساڵ لەزیندانداً بوونئەنجا ئازادکران، لەبەرئەوەی بەر هیچ لێبوردنێکی پێشوەختە نەکەوتن.

خواردن باش بوو بەیانیان نیسك، نیوەڕوان برنج و شلە، هەفتەی دوو ڕۆژ گوشتی مریشك، هەندێکجار میوە، سێو یان پرتەقاڵ.

هەر لەوێ زاراوەیەکی دیکە فێر بووم، ئەویش(کانە)یە، هەرچی شتێك بەندیخانە بیدات بە زیندانی پێیان دەگوت:(خواردنی کانە، جلوبەرگی کانە هتد...). کەمبوون ئەو زیندانییانەی کە متمانەی تەواوەتییان لەسەر خواردنی کانەبوو(خوادنی بەندیخانە) زیاتر پشتیان بەو خواردنانە دەبەست کەلە کەسوکارییانەوە بۆیان دەهێنان کاتێک دەهاتن بۆ سەردانیان(مواجە).

ئەو کاتە خەڵکی باری ئابووری باش بوو.

ماوەیەکی پێچوو من هەر میوان بووم، جارێك میوانی هاوڕێیەکی عەرەب بووم ناوی ئەبوعەبیر بوو، خواردنێکیان ئامادە کردبوو ناوی مسموتە بوو. خواردنەکە برنج بوو ماسی لەسەر بوو، بەڵام بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدەهات. هەرچەندم دەکرد پێم نەدەخورا، خۆم خەریك دەکرد بەنانە وشکەکەوە، جاربەجارێک کەمێك برنجم لەلای تەنیشتی سینییەکەوە دەخوارد، ئەبوو عەبیریش باسی گرنگی مەسموتەی بۆ دەکردم، کە چۆنچۆنی دروستیدەکەن. ماسی وشکدەکەنەوە لەبەر هەتاو دوای ئەوە هەڵیدەگرن،

هەرکاتێک بیانەوێت لێیدەنێن، منیش لەو کاتەدا خۆم پێنەگیرا گوتم سەدام غەدری کرد کە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی بەکارهێنا دژی کورد، خۆ لە هەر دۆڵێکی کوردستاندا یەك مەنجەڵ مەسموتەی بکوڵاندایە خەڵکی کوردستان خۆیان دەڕۆیشتن، ئەوکاتە پێوستی بە ئەنفالی کورد نەدەبوو.هەر دوو هەفتە جارێك زیندانییەکان مافی ئەوەیان هەیە، کەسوکار و خزم و ناسیاویان بێن بۆ سەردانیان. بەیانی ڕۆژی سەردانیکردنی زیندانییەکانە منیش بەتەمای ئەوەم کەسوکارەکەم بێن بۆ سەردانم.



لە ڕاستەوە: نزار جەلال، کامەران عەبدوڵڵا، پۆڵا زیندانی ٢٠٠١، ڕۆژی دیدار، مواجەهە

-٦٣-

شەوی پێش سەردان(مواجەهە)یکەسوکار بۆ زیندانییەکان هەر وەک شەوی جێژنی جاران بوو بۆ منداڵان، هەر هەموو لە خۆ ئامادەکردندا بوون لەداهاتوودا ئاماژەی زیاتری پێدەکەم.ئەوانەی قەرەوێڵەمان نەبوو،لەگۆڕەپانەگەورەکەی بەندیخانەکەداجیگایان دابەش کردبوو بەسەرماندا. هەریەکە شوێنیکیان بۆ دیاریکردبوو بە قەبارەی بەتانییەک،گۆڕەپانەکە لە گۆڕەپانی فتبۆڵێن گەورەتر بوو، هەر زیندانییەک بەشێوەیەکی جیاواز لەهەوڵی ئەوەدا بوو سێبەرێک دروستبکات لەسەر ئەو ڕووبەرەی بۆ دیاریکراوە، بۆئەوەی کەسوکارەکەی لە هەتاو و گەرمای هاوینی ئەبوغرێب بپارێزێت. کۆمەڵێک شتی جواروجۆریان بەکاردەهێنا لەوانە(دار، ئاسن، گونیە، بەتانی، کوتاڵی ڕەنگاوڕەنگ) گۆڕەپانەکە هەر لە سەربانەکانی هاوینی ماڵەکانی شاری کەرکوک دەچوو(ئەوکاتە خەڵک لەسەر سەربان دەنووستن، پەرژینێکیان بە کوتاڵ دروستدەکرد، پێیاندەگوت کولە، هەر سەربانێک چەند کولەیەکی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر بوو). لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو زۆرجار لەسەر چەند سانتینێک زەوی، ناکۆکی لە نێوەندی زیندانییەکاندا درووست دەبوو.هەر لەئێوارەی ڕۆژی پێش مواجەهەوە، شتومەکەکان لە جێگا دیاریکرەوەکاندا کۆدەکرایەوە.

بەیانی زوو دوای سەرژمێری زیندانییەکان، کە پێیاندەگوت(تعداد یاخود مەستەڕ)، خێوەتە هەزار شێوەو ڕەنگەکان هەڵدەدران، زیندانییەکانیش بەدرێژایی ڕێڕەوە دوورودرێژەکە دەوەستان و چاوەڕێی دەرگاکردنەوە بوون بۆ هاتنە ژوورەوەی کەسوکاریان. هەرئەوەندەی پاسەوانەکان لە پشکنین و مۆر لێدانی مەچەکی سەرلێدەران دەبوونەوە دەرگاکە دەکرایەوە، ئیتر پێشوازی و ماچ و موچ و ڕاکەڕاکە دەستی پێدەکرد. دژداشەی سپی و جل و عەبای ڕەش تێکەڵاو دەبوو، گریانی منداڵ و فرمێسکی دایک و خەندەو پێکەنین و بزەی بەزۆر و لێدانی دڵی عاشق و خۆشەویستان تێکەڵاو دەبوو. ئەوانەی هاتبوون بۆ سەردان هەردوو دەستیان، هەندێکیان لەسەر سەریشیان شتیان هەڵگرتبوو بۆ کۆڕەکانیان یان برایان یاخود هاوسەریان هێنابوو. هەریەکە هەوالّی پێیە لەوانەیە خۆش بێت یاخود ناخۆش.

هەندێك لە زیندانییەكان دوای چەند سەعاتێك لە چاوەڕوانی بێئومێد دەبن لەوەی كە كەس بێت بۆ لایان هەست بەبێزاری و دڵ تەنگیان دەكەیت. ئاخر چۆن دەتوانێت ئاسایی بێت لەكاتێكدا ڕۆژی پێشتر بەكۆمەڵێک خواست و هیواوە خۆی بۆئەو ڕۆژو ساتە ئامادەكردووە بۆ دیداری ئازیزانی، ڕیشی تاشیوەو باشترین جلی پۆشیوە و بۆنی لەخۆیداوە، كە لەوانەیە خۆی نەیبووبێت لە هاوزیندانییەكانی وەرگرتبێت، ڕەنگە شەویش لەخۆشیدا خەوی لێنەكەوتبێت هەر بیری لەوەكردبێتەوە بەیانی چیبڵێت

یەكەم وێنەی پەیامی كچم كە لە زیندان گەیشت بە دەستم

بەئازیزانی، منداڵەکەی گەورە بووە؟ دەچێت بۆ قوتابخانە؟ چۆن بۆنی بکات کێ ماوەو کێ مردووە؟

بابێمە سەر باسی خۆم منیش لەگەڵ هاوزیندانییەکانم، جێگایەکم لە گۆڕەپانەکە وەرگرتووە نزیکە لە دەرگای گۆڕەپانەکەوە تاکو ئەندازەیەك باشە لایەکی دیوارە، هاوڕێیان شتی پێویستیان بۆ ئامادەکردووم، بەڵام من زۆر دڵنیا نەبووم لە هاتنی کەسوکارەکەم، نازانم هەواڵیان پێگەیشتووە یان نا. زۆری پێنەچوو لێیاندەرکەوت، خوشکەکانم و هاوسەرەکەم و زۆر لە خزمەکانم، ژمارەیان زۆر بوو بە هیچ شێوەیەك جێگا نەدەبووەوە. لەو چرکە ساتەدا هیچ شتێک گرنگ نەما تەنها هەستی دیداری ئازیزانم نەبێت، هەستێکی یەکجار خۆش بوو پرسیاری دایکمم کرد گووتیان ئەو هەتاکو ئێستا هیچ شتێك نازانێت وادەزانێت تۆ هەر پێشمەرگەیت.

دوومندااڵیان دانا لە تەنیشت یەکەوە یەکێکیان ئەسمەر و ئەوی دیکە سپی بوو، گوتیان دەزانیت کامەیان کچەکەی خۆتە؟ بزانین دەیناسیتەوە؟ من هەستم کرد منداڵە سپییەکە کچەکەی خۆمە و ئەوی دیکە کچی خوشکمە، بەڵام نازانم بۆ وام بە باش زانی کە بڵێم نازانم، پێیانگوتم ئەمە کچەکەتە و ناوی پەیامە.

ئەوندەی پێنەچوو یەکێک لەهاوڕێیانی بتڵە غازەکە هات و پێیگوتم دایکی هاوڕێ سەعدون هاتووە وا بە باشمانزانیتۆ ببینیت و قسەی لەگەڵدا بکەیت. بێگومان ئەمە کارێکی زۆر گرانە، ئاخر چۆن تۆ بەدایکێك بڵێیت کوڕەکەت سزای لەسێدارەدانی هەیە، بەڵام مرۆڤ لە دواییدا دەبێت بەرامبەر ڕاستییەکان بوەستێتەتاکو بتوانێت هەوڵبدات ئاکامەکانی سووکتر بکات.

چاوم بەدایکی هاوڕێ سەعدون کەوت، گوتم من پێش ماوەیەکی کەم سەعدونم بینیوە و زۆر باش بوو.ڕاستە ئەو سزاکەی لە سێدارەدانە، بەڵام ئەمە کۆتایی نییە، ئەگەری زۆرە سزاکە بگۆڕدرێت، ئەوەتا منیش سزای لەسێدارەدانم هەبوو وا ئێستا لێرەم و خۆشبەختانە سزاکەی هاوڕێ سەعدونیش لەدواییدا گۆڕدرا.

گەرامەوە لای کەسوکارەکەم و کاتێکی خۆشمان بەسەر برد، من هیچ هەستم بەکات نەدەکرد چۆن دەڕوات و چۆن تەواو بوو، هەر چەندە لە دەرفەتێك دەگەڕام کەمێك لەگەڵ ڕێزانی هاوسەرمدا بە تەنیا قسە بکەین، بەڵام نەگونجا دەسڕی وەسییەتەکە و ڕۆبەکەی عەباسم دایە بۆئەوەی بیباتەوە لەگەڵ خۆی.

ماڵەوەم بەڕێکرد و گەڕامەوە بۆ لای شتەکانم کە بۆیان هێنابووم، لەوکاتەدا بینیم کە یەکێك لە زیندانییەکان، لەگەڵ هاوڕێ نەبەز محەمەد ناخۆشییانە، نەبەز ئەو شتانەی کە بۆی هاتبوو، لای جێگاکەی من دابنابوو لەبەرئەوەی جێگاکەی من لەدەرگاکەوە نزیك بوو. تومەز لە جێگای زیندانییەکی عەرەبی شیعە کەلەتەنیشت جێگاکەی منەوە بوو دابنابوو، لەبەر ئەوەی کابرای شیعە کەس نەهاتبوو بۆلای، هەندێک لە کەسوکارەکەی من سنووریان بەزاندبوو، چوو بوونە سەر جێگاکەی ئەو، لەسەر ئەوە لەگەڵ نەبەز کەوتبووە دەمەقاڵێ. من گوتم ببورە ئەوە کەسوکاری من بوون و نەیانزانیوە، من خۆیشم تازەم و ئەمە یەکەم دیدارمە چیش دەڵێیت من ئامادەم، ئەگەر دەتەوێت، هەموو شتەکانت بۆ دەشۆم. وادیار بوو هیچ سودی نەبوو، نازانم نەبەز چی پێگوت ئەویش لە نەبەزی دا. لەوبەینەدا زیندانییەکی زۆر کۆبوونەوە کە ئەو دەستیکرد بەلێدانی نەبەز، منیش ناچار بووم لێیبدەمەوە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا بوو بە شەڕێکی گەورەی کورد و شیعە. هێشتا هەندێک لە کەسوکاری زیندانییەکان نەڕۆیشتبوون ئەو گۆڕەپانە وەک شەڕی ئوحودی لێهات(بەدەست، بەدار، بە ئاسن) هەمووی لەیەکی دەدا. پاسەوانەکان سەیریان دەکرد هەندێک هەوڵیاندا هەتاکو شەڕەکە ڕابگرن، بەڵام بێسود بوو، یەکێك لە برادەرە کوردەکان چوو بووە ناو جەمەلۆنەکەوەو هاواری کردبوو شەڕی کورد و عەرەبە. کاك قادرێکمان هەبووزۆر بەهەیکەل بوو، هەر لە جەمەلۆنەکەوە تاکو گۆڕەپانەکە هەر دژداشە لەبەرێکی تووش بووبێت پیایکێشاوە. هەرچۆنێك بوو دوای ماوەیەك و بە سەرکەوتنی ئێمە لەگەڵ ئەوەی ژمارەمان کەم بوو لە چاو ئەواندا شەڕەکە ڕاگیرا. هەر چەندە کورد لەناوخۆیدا یەکگرتوو نییە، بەڵام لە سەربازی(عەسکەری) و لەناو زیندانداا یەکگرتوو بوون.

هاتن و گووتیان بەڕێوەبەری بەندیخانە تۆی دەوێت ناردبوویان بەدوای زیندانییەکەی دیکەدا(عەرەبەکە) لە ڕێڕەوەکە یەکمان گرتەوە سەروگوێلاکی هەمووی تێک شکابوو، لە ڕێگا پێمگووت لەوێ بڵێ ئێمە ئاشبووینەتەوە، ئاخر من و تۆ هەردووکمان زیندانین با ئەوان سوود لە ناکۆکی ئێمە وەرنەگرن، دوایی ئێمە بەخۆشی بێت یان ناخۆشیلە نێوان خۆماندا هەر ڕێکدەکەوین باش بوو بڕوای بە قسەکانم هێنا.

-٦٤-

بەشێوەیەکی گشتی خراپی باری دەروونی زیندانییەک دیاردەیەکی ئاساییە، ئاخر لەپێش هەموو شتێکەوە ئازادییت لێزەوتکراوە. پێشتر تۆ مرۆڤێکی کاریگەر بوویت لەناو خێزان و هەروەها لە کۆمەڵگادا بەپێچەوانەوە ئێستا تۆ ئەرکێکی گران و بارێکی قورسی لەو ڕۆژەوەی دەستگیر دەکرێیت تاکو دەگەیتە ئەم شوێنە بە تاقیکردنەوەی زۆر قورسی دەروونی و جەستەییدا تێپەڕ دەبیت. ئەوانە هەر هەمووی هۆکاری ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی باری دەروونی بوون. هەموو کەسێک بێکاریگەریی باری دەروونی نەدەگەیشتە ئێرە، هەر چەندە ڕێژەکە جیاواز بوو لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بۆیە هەندێك لە زیندانییەکان بەتەواوەتی دژواریی باری دەروونیان پێوە دیار بوو.

مامۆستا ئەنوەر یەکێک بوو لەو زیندانییە کوردانەی کەبارێکی دەروونی زۆر خراپی هەبوو. ئەو خەڵکی گەرمیان بوو، ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك، لە گۆڕەپانەکەدا دەوەستا و گوتاری دەخوێندەوە هەر جارەی بابەتێکی دەکردە باسی گوتارەکەی. زۆربەیجار وەك سەرکردەیەکی سەربازی شەڕە جیهانییەکان خۆی پێشان دەدا، ڕاستە قسەکانی تێکەڵاوییەکی زۆری تێدا بوو، بەڵام پێوەی دیار بوو کە کەسێکی خوێندەوار بوو واتە زۆری خوێندبووەوە وهەروەها زانیارییەکی زۆری هەبوو.

زیندانییەکی دیکە، کە ناوی ئودیش بوو ئەو کرستییان بوو، کاتی خۆی چوو بوو بۆ لوبنان، لە دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق دەستگیریان کردبوو، سزاکەی لەسەر ئەوەبوو کە لە لوبنان لە گەڵ(کەتاییبەکان)بووە. ئۆدیش پیاوێکی گەنج بوو، بەڵام قەڵەوێکی ورگ ئەستور بوو، کەم دەدوا و شەڕوالێکی لەبەردەکرد. هەر لە بەیانییەوە تا کاتی نووستن جگەرەیەک لەنێوەندی دوو پەنجەی دەستێکیدا بوو، بە دەستەکەی دیکەی نانی دەخوارد بەسەر هەموو هاوسفرەکان(سەفەرداش)دا دەگەڕا بۆ خواردن و جگەرە. هاو سفرەکانیش شارەزای بووبوون هەرچییەکیان لێ دەمایەوە هەڵیان دەگرت بۆ ئودیش.

زیندانییەکی دیکە ناوی بەرخۆ بوو ئەمیش کرستیان بوو، بەڵام بە پێچەوانەی ئودیشەوە ئەم ئێجگار لاواز بوو خواردنی زۆر کەم بوو، هەمیشە بە فالینەیەکەوە

بوو. زۆرجار زیندانییەکان لەناکاو ڕایاندەکردو لێیدوور دەکەوتنەوە ئاخر ئەو زۆرجار بەرامبەر وێنەکەی سەدام دەوەستاو لەبەردەمی خۆیەوە هێرشی دەکردە سەری و باسی لە ستەمی ئەو دەکردەهەر چەندە زیندانییەکان دەترسان و دوور دەکەوتنەوە، بەڵام لە

نەشئەت فەرەج ناسراو بە ئەبو عادل

لایەکی دیکەوە پێیان خۆش بوو، ئاخر ئەوەی ئەوان نەیاندەوێرا بیڵێن ئەوە لە جیاتی هەموویان بەرخۆ دەیگوت.لێرەش هەروەك ئەوەی بەشی لە سێدارەدان زیندانییەك هەبوو دەیگوت من محەمەدی مەهدیم. بەو هاوینە گەرمە چەند کاتژمێرێك لە بەردەم هەتاوەکەدا دەوەستا دەستەکانی بەرز دەکردەوە بەرەو ئاسمان لەبەر خۆیەوە دەمی دەجوڵاند، بەڵام کەس نەیدەزانی چیدەڵێت.

لێرە ژمارەیەک گەنجی هەولێری لەسەر ئاڵای شۆڕش دەستگیرکرابوون، سەرجەمیان خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین بوون. لەو ناوانەی کە لە بیرم ماوە(دوو ئەیوب ناویان تێدابوو، محەمەدعەبدوڵا، حەسەن یاسین) ئەمانە کەسانێکی چەپی ڕۆشنبیر بوون.

هەر چەندە ژمارەی چەپەکان کەم بوون، بە بەراورد بە ژمارەی زیندانییەکانی دیکە، بەڵام ناو و ڕەوشت و هەڵوێستی شیوعییەکان و چەپەکان دیاربوو، کەس نەیدەتوانی دان بەو ڕاستییەدا نەنێت. ئەوانیش ئەم ناوانە بوون سەمیر شەمعون، ئەبو عەبیر، عەبدولڕەزاق حەرج، نەشئەت فەرەج سەموعی(ئەبوعادل نەشئەت لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، دەڕوات بۆ وڵاتی یوگسلافیا بۆ خوێندن. ئەو زۆر چالاك دەبێت دژی ڕژێمی بەعس لە یوگسلافیا، ئەمەیش بە دڵی پیاوانی دەسەڵاتی بەغداد نابێت، بۆیە پلانێکی بۆ دادەڕێژن، بێگومان بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یوگسلافیادا.

نەشئەت بانگهێشتی باڵیۆزخانەی عێراق دەکرێت، هەر چەندە هاوڕێکانی بە باشی نازانن ئەو بڕوات بۆ ئەوێ، بەڵام نەشئەت بڕیار دەدات بچێت. ئاخر ئەو لەو بڕوایەدا دەبێت کە لە وڵاتێکی سۆشیالستییەوە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ڕێگا بەوە نادات، کە ئەوان بتوانن کارێکی خراپی بەرامبەر بکەن.لەو کاتەدا یوگسلافیا، بەرژەوەندییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا، کۆمپانیاکانی ناسراو بوون بەوەی تونێل و ژێرزەمین بۆ دەزگا ئەمنییەکان و کۆشکە کۆماریییەکانی ڕژێم دروستدەکەن.

نەشئەت دەڕوات بۆ باڵیۆزخانەی عێراق، لەوێوە بە ئاگاداری یوگسلافییەکان دەیفڕێنن بۆ عێراق ساڵی ١٩٨٠ دەدرێتە دەست دەزگای هەواڵگری(موخابەرات)ی عێراقی لە بەغداد. دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بۆ تۆڵەسەندنەوە دوای ئەوە لە لایەن بەناو دادگای شۆڕش بەسەرۆکایەتی(موسلیم جبوری) بەتاوانی سیخوڕی سزای زیندانی هەتاهەتایی(موئەبەد)ی دەدرێت.

بەڵام نەشئەت لەو ڕۆژەی کە لە زیندانداا بوو چۆکی دانەدا بەبەردەوامی خاوەنی

هەڵوێستی شیوعیانەی خۆی بوو، هەر بەوهۆیەوە باجی ئەو ئازایەتییەی دەدا. بە لێدان و سزادانی(مەحجەر) -مەحجەر ژوورێکی جیابوو، لێرە زیندانی ئەو مافانەی لێدەسەندرێتەوە کە پێشتر هەیبووە، یەکێک لەو مافانە قەدەغەکردنی بینینی کەسوکارەکەیەتی.

نەشئەت لە ساڵی١٩٩١دا ژیانی زۆر لە مەترسیدا بوو، نەك لەلایەن ڕژێمەوە، بەڵکو لە لایەن تەوژمە ئاینییەکانەوە، ئەو سەرەڕای ئەوەی شیوعییەکی سەر سەخەت بوو، کریستیانیش بوو. ئەو بیست ساڵی لە زیندانداو بەسەربەرزی و بە هەمان نەشئەتەکەی یوگسلافیا تەواوکرد، بەڵام دوایی تێگەیشت کە نەیوگسلافیا دەوڵەتێکی سۆشالستی بوو نەسەدام دەبوو بە کاسترۆ.

بەدرێژایی ساڵانی زیندانی ئیشی دەستی دەکرد، بۆ بژێوی ژیانی ناو زیندانی و بەدرێژایی ئەو بیست ساڵە برایەکی دکتۆری دانی هەبوو، پێی لێنەدەبڕی، لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشەو ناخۆشییانەی تووشی دەبوو، نەشئەت تاکو نۆزدەساڵی زیندانیکردنی، دایکی نەبینی. دایکی وایدەزانی هێشتا هەر لە یوگسلافیا دەخوێنێت.خۆشبەختانە نەشئەت دوای دەرچوونی لە زیندان، خێزانی پێکهێنا ئێستا دوو منداڵی هەیە یەکێکیان ناوی عادلە، ئەمجارە بەڕاستی بوو بە باوکی عادل(ئەبو عادل).

هەر لەو ماوەیەدا دە زیندانییان هێنا، پێیاندەگوتن کۆمەڵەی کودەتا(جماعه الانقلاب) خۆی خودی ناوەکە جێگای سەرنج و بایەخ بوو. ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا، ئەوە بوو کە ئەم کۆمەڵە هەموویان عەرەبو سەر بە عەشیرەتی جبور بوون، تەنها یەك کوردیان لەگەڵدا بوو، بەناوی ئاوات محەمەد ئەمین، خەڵکی شاری کەرکوك بوو و لە گەڕەکی ئیسکانی نوێ. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوە بوو باوکی ئاوات لەهەمان زیندان پاسەوان(سجان) بوو. ئەو ڕۆژەی ئاوات دێنن بۆ زیندان باوکی لە مۆڵەت(اجازه) دەبێت، کاتێك دەزانێت کە کوڕەکەیان هێناوە بۆ ئێرە ڕاستەوخۆ مولّەتەکەی دەپچڕێت و دەگەڕێتەوە بۆ کار(تۆ بیهێنەرە بەرچاوی خۆت، هەستی باوك و کوڕێک، چۆن دەبێت لەم بارەدا؟)هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکردبوو، پاسەوانەکانی ئەم زیندانە پۆلیسن و سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتین.

بوونی ئاوات لەگەڵ ئەم کۆمەڵە کودەتایەدا بەمشێوەیە دەبێت:

لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٩دا ئاوات لەگەڵ(حەسەن موتلەگ)دۆستایەتی پەیدا دەکات، حەسەن مامۆستایە لە کەرکوك. ئەو لەبەشی ناوخۆ دەخەوێت کە بەرامبەر ماڵی ئاواتە، حەسەن کورتە چیرۆکی نووسیوە، ئاواتیش بایەخی ئەدەبی هەبووە، ئاوات سەرسام دەبێت بەنووسینەکانی حەسەن. هەر لە ڕێگای حەسەنەوەئاوات ئاشنایی لەگەڵ(مەحمودجەنداری جومعە)ی نووسەر پەیدا دەکات وهەروەها (ناسر مەحمود) ڕۆشنبیر.ئەمانە زۆرجار بەیەکەوە دانیشتن دەکەن، هەموو جارێک باسەکانیان دەربارەی ئەدەب دەبێت.ڕۆژێك(ئاوات وحەسەن و مەحمود)، لە شوقەکەی ناسر دادەنیشن، لە گەڕەکی موسەڵای کەرکوك، لەسەر داوای (حەسەن موتلەگ)، ئەم جارە باسەکەی حەسەن جیاواز دەبێت، باس لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها کارتێکردنە خراپەکانی پاشماوەی شەڕی عێراق-ئێران و چەسپاندنی دکتاتۆرییەت و تاکڕەوی سەدام دەکات. هەر هەموو هاوڕا دەبن لەسەر باس و گفتۆگان، بۆهەوڵدان وکارکردن لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا لە ژێر سێبەری دەستورێکی مەدەنیدا.

دوای ئەم باسانە حەسەن پێیاندەڵێت، ڕێکخستنێکی سیاسی هەیە و لە سەرەتای دروست بوونیدایە، ناوەندەکەی لە شاری تکریتە بەتایبەتی لە ناو خێڵی(عەشیرەتی) جبوردا. من لە بەشە مەدەنییەکەی کاردەکەم، بەڵام قورسایی هەرە گەورەی ڕێکخستنەکەمان لە بەشە سەربازییەکەیدایە. زۆربەی ئەندامەکانی ئەفسەری گەنجن، بە پلەی جیاواز لەجێگای هەستیاردان وەك پاسەوانی کۆماری(حەرەس جمهوری) وهەروەها پاسەوانی تایبەت(حەرەس الخاص).

بەپێی قسەکانی ئاوات، وەڵام دانەوەیان بۆ ئاشکراکردنی ئەم نهێنییەلە لایەن حەسەنەوە وهەروەها داواکردنی بۆ کارکردن لەگەڵ ئەم ڕێکخستنەدا جیاواز بوو، ناسر ڕاستەوخۆ لەگەڵی بوو، بەڵام مەحمود جنداری خۆی پاراست لە وەڵامدانەوە.ڕاستەوخۆ هیچ گفتێکی نەدا، ئەو گوتی، دوایی لە نامەیەکدا بۆچوونەکانی خۆم دەنووسم، هەرچی ئاواتە لەگەڵ داواکەدا نەبووە، بەڵام گفتی شەرەفی دابوو کە ئەم نهێنییە بپارێزێت و لای هیچ کەسێک باسی ناکات و هەروەها بەردەوام دەبێت لە هاوڕێیەتییان و لەکاتی پێویستدا یارمەتییان دەدات. ئەمەش لە ڕوانگەی هەستکردن بە لێپرسراوێتی و ڕەوشتی بەرامبەر بە ئەوان.

دوای زیاتر لە مانگێك لە دانیشتنەکە ئێوارەی ١٩٩٠/١/١٩دەزگای هەواڵگری دێن ئاوات لەماڵەوە دەستگیردەکەن و دەیبەن ئەوکاتە ئاوات نازانێت کە(حەسەن موتلەگ و ناسر مەحمود) لە هەفتەی یەکەمی ساڵی تازەی ١٩٩٠دا دەستگیرکراون.لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو دوای لێکۆڵینەوە بۆئاوات دەردەکەوێت کە ئەم ڕێکخستنە پێکهاتبوو لە عەرەبی سوننە، بە تایبەتی لە تیرەیەکی خێڵی جبور لە پارێزگای تکریت، بە سەرپەرشتی(شێخ هجیل شبیب الجبوری).

پیلانێکیان هەبووە بۆ کوشتنی سەدام لە نمایشێکی سەربازیدا، کە بە بۆنەی یادی دامەزراندنی سوپای عێراق لە شەشی کانوون ڕێکەدخرا لە ساڵی ١٩٩٠دا.

لە نمایشە سەربازییەکەدا لە ڕێگای بەکارهێنانی موشەکێکی تانك «دەبابە» سەدام بکوژن کە ئەفسەرێکی گەنج بەناوی(سەتم غەنام الجبوری) لە هێزەکانی پاسەوانی کۆماری سەرپەرشتی تانکەکەی کردووە، بەڵام نەخشەکە پێش جێبەجێکردنی بە هەفتەیەك ئاشکرا دەبێت لە ڕێگای یەکێکەوە کە داوای لێدەکرێت بەشداری بکات، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە بەشدار بێت و دەزگای هەواڵگرییان لێئاگادار دەکاتەوە.

لە ١٩٩٠/٦/١٨دا بیست و حەوت کەس لەو ڕێکخراوە دەدرێن بە دادگای شۆڕش بە تاوانی پیلانگێڕی دژی دەوڵەت(التامر على الدولة) لە ماوەی دوو کاتژمێردا عەواد بەندەری سەرۆکی دادگا سزای لە سێدارەدان بۆ ١٧ کەسیان دەردەکات بەم ناوانە:

١-شێخ هجيل محەمەد شبيب الجبورى(سڤيل)

٢-حەسەن موتلەگ ڕوزان (سڤيل)

٣- ناصر محمود (سڤيل)

٤- ئەحمد غربي حسن (سڤيل)

٥- فندي تەلەب سلامة (سڤيل)

٦- سطم غنام المجذب (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

٧- جمال شعلان احمد (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

٨- خضير خضر الجبوري (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

٩- إبراهيم احمد عبدالله (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

١٠- محمود عبدالله المحجوب (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

١١- مصطفى حادي حسن (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

١٢- مضحي على حسن (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

١٣- صالح جاسم (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

١٤- سەباح عەبدوڵا (نەقیب) پاسەوانی کۆماری.

١٥- خيرالله حميد (ملازمی یەکەم) پاسەوانی کۆماری.

١٦-قيس عسكر محەمەد (نائب زابت) پاسەوانی تایبەت.

١٧- حسن نايف عەبدوڵا(نائب زابت) پاسەوانی تایبەت.

دە کەسیشان سزای هەتاهەتاییان بۆ دەردەکات، بەم ناوانە:-

١- ئاوات محەمەد أمين (سڤيل)

٢- عەبد محەمەدجرو (سڤيل)

٣- مەحمود جولاتي جمعه (سڤيل)

٤- محەمەدسالّح خەلەف (نائب زابت) پاسەوانی تایبەت.
٥ -علي عبدالله احمد (نائب زابت) پاسەوانی تایبەت .
٦- حمید محەمەدسعید (نائب زابت) پاسەوانی تایبەت.
٧- إبراهيم حسين جاسم (دەستگای ئاسیشی تایبەت).
٨- مەحمود المظهور (نەقیبی زرێپۆش) پاسەوانی کۆماری.
٩- جمال محمودالبدراني (ملازمی یەکەم) پاسەوانی کۆماری.
١٠- غانم عبد طلب (ملازمی یەکەم) پاسەوانی کۆماری.

نەقیب سەتەم، لەسەر پشتی تانکەکەی

-٦٦-

ڕووداوەکانی دەرەوەی زیندان کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر چۆنێتی ڕەفتاری بەرێوەبەرانی زیندانەکە، بەرامبەر بە زیندانییەکان. ئەگەر باری دەرەوەی زیندان دژوارو خراپ بوایە ئەوان تووندتر دەبوون لەگەڵماندا وهەروەها بە پێچەوانەوە.

لە ١٩٩٠/٨/٢دا سوپای عێراق هێرشی کردە سەر دەوڵەتی کوێت، بە دوو ڕۆژ کۆنترۆڵی هەموو خاکی کوێتی کرد. لە ١٩٩٠/٨/٤دا حکومەتێکی کارتۆنی ڕاگەیاند بە سەرۆکایەتی عەقید(عەلا حوسێن) لەژێر ناوی کۆماری کوێت، لە دوای ئەوە بەپێنج ڕۆژ لە ١٩٩٠/٨/٩ دا، کوێتی دانا بەیەکێك لە پارێزگاکانی عێراق.

بەهۆی ئەم گۆڕانکارییانەوەباری ژیانی زیندانیانیش گۆڕدرا، لەوانە ڕۆژانە کەمێك ئازادی درا بە زیندانییەکان. بۆ نمونە ڕێگەیان پێدراین ڕادیۆی خۆمانمان هەبێت، فشاریان لەسەر کەسوکارمان کەمکردەوە. لەکاتی سەردانیان بۆ لامان. چاودێریی تووند لەسەر ئەو زیندانییانە نەما کە لە کاتی دەرکەوتنی «سەدام» تەماشای تەلەفزیۆنیان نەدەکرد. ئاخر لەهەر بەشێك تەلەڤزیونێکی لێبوو، پێشتر زیندانییەکان بۆیان نەبوو لەکاتی دەرکەوتنی سەدام لەتەلەڤزیۆن، هەڵسن و تەماشای نەکەن. لە ناو خودی زیندانییەکاندا کەسانێك هەبوون پێیاندەگوتن(وەکیل) ئەمانە خۆیشیان زیندانی بوون، بەڵام هاوکاری ئاسایشی بەندیخانەکەیان دەکرد ڕاپۆرتیان دەنووسی لەسەر زیندانییەکان یەکێك لە ئیشە باشەکانی زیندانییە شیعەکان ئەوە بوو، پێش ماوەیەك شاڵاوێکیان کردبووە سەر وەکیلە ئاشکراکان باشیان لێدابوون و تەمێیان کردبوون. ئەوانیش لە ترساندا داوای گواستنەوەیان کرد بوو، بەڕێوەبەرانی زیندانیش ئەوانەیان لەسەر داوای خۆیان گواستبووەوە بۆ بەشی سوك(خەفیفە) بەڵام هێشتا ژمارەیەکی نەناسراو مابوون کە لە خزمەتی ئاسایشدا بوون.

گەرمی ڕووداوەکانی دەرەوە ئێمەی لە خەڵکی دەرەوەی زیندان زیاتر سەرقاڵ کردبوو. من و خدر و نەبەز، ببوینە هاو سفرە (سەفەرداش)، نەبەز ڕادیۆیەکی بچوکی هەبوو لە جۆری (قیثارە) بەیانییەک، نانی بەیانیمان دەخوارد لەوکاتەدا لە ڕادیۆکەی نەبەزەوە



لای ڕاستەوە: پۆلا، شێروان
بەندیخانەی بادوش

گوێمان لە فەیروز دەگرت. یەکێك لە زیندانییە شیعەکان، پێیاندەگوت ئەبو حەورای، لەشێکی وەرزشی پتەوی هەبوو زۆر بەخۆیەوە دەینازی ئەویش لەگەڵ هاوسفرەکانی دانیشتبوو نانیان دەخوارد. قەڕەوێلّەیەك لە نێوەندماندا بوو، ئەو بە نەبەزی گوت ئەو ڕادیۆیە دابخە یاخود لایبدە لەسەر گورانی. نەبەزیش ویستی بیگۆڕێت من دەستیم گرت و ڕووی دەمم کردە ئەبو حەورای گووتم نایکوژنینەوە و نایگۆڕین. ئەگەر گەوادیش هەیە بابێت و بیکوژێنێتەوە، من جارێ قسەکانم تەواو نەکردبوو، ئەبو حەورای لەسەر قەرەوێلّەکەی نێوانمانەوە بازێکیدا بۆ دیوی ئێمە. منیش نەمهێشت بە تەواوەتی پێدابنێت، کێشام بە سەریدا ئەو بەدەمدا کەوت و ئیتر بوو بە شەڕی کوردو ئەوان، بەڵام ئەمجارە لەبەرئەوەی شوێنەکە پڕبوو لە قەرەوێلّە شەڕەکە زۆری نەخایاند. ئێمە کەسمان زیانی پێنەگەیشت ئەمجارەش سەرکەوتنێکی دیکەمان بۆ خۆمان تۆمارکرد.

ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندان هەبوون تەمەنیان گەورەبوون، یاخود خاوەنی پێداویستی تایبەت بوون، باری ژیانی زیندان بۆ ئەوانە گرانتربوو، هەر چەندەزیندانییەکانی دیکە کۆمەکیان دەکردن. حوسێن یەکێك بوو لەو زیندانییانەی لەکاتی دەستگیرکردنی لەسەر سنووری عێراق-ئێران تەقەیان لێکردبوو بریندار بوو بوو، لەئەنجامدا قاچێکیان بڕیبووەوە. ڕۆژێک عەبدولوەهاب ئەتروشی وەک وەزیر سەردانی بەندیخانەکەی کرد بۆ ئەوەی چاوی بەزیندانییەکان بکەوێت و لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکەیان بێت. حوسێن هات بۆ لای من و گوتی کاك ڕزگار من عەرەبی نازانم بەشکم یارمەتیم بدەیت و بە وەزیر بڵێیت، بەڵکو قاچێکی دەستکردم بۆ دروستبکەن.هەر چەندە من هەر لەمندااڵییەوە ناوی عەبدولوەهابم بیستبوو، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ناو پارتیدا وهەروەها دەزانم کە ئەو کوردە. حوسێنم لەگەڵ خۆم بردو بەعەرەبی پێمگوت ئەم زیندانییە ئەم داواکارییەی هەیە، عەبدولوەهابیش گوتی ئەی خۆی بۆچی قسە ناکات بۆ تۆ لەجیاتی ئەو قسە دەکەیت؟ منیش گوتم ئەو عەرەبی نازانێت گوتی با بە کوردی قسە بکات خۆ منیش کوردم منیش گوتم ببورە نەمزانیوە کە تۆیش کوردیت ئەو زۆر تێکچوو بەو قسەیەی من.

شیروان گەنجێکی خاوەن پێداویستی تایبەت بوو، خەڵکی شاری سلێمانی بوو، بەهیچ شێوەیەك لە توانایدا نەبوو،بەبێیارمەتی گوزەران بکات، نازانم ئەو بە چ پێوەرێك سزای زیندانی درابوو.

دەیان زیندانی هەبوون لەم زیندانەدا کە نەیاندەزانی لەسەر چی دەستگیر کرابوون. هەتاکو دەهات ژمارە زیندانییەکان بەرەو زۆر بوون دەڕۆیشت و کەمی جێگا گەورەترین کێشە بوو. بێجگە لەوەی ناکۆکی لە نێوان زۆرینەی زیندانیانی لایەنە شیعەکان و لایەنەکانی دیکە، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەڕۆیشت.

لە بەندیخانەوە ڕاگەیەنرا کەلە بەندیخانەی بادۆش لەشاری موسڵ بەشێکی تایبەت دەکرێتەوە کێ دەیەوێت بگوازرێتەوە بۆ ئەوێ ناوی خۆی تۆمار بکات وهەروەها کێ خوازیارە بڕواتە بەشی (خەفیفە) دەتوانێت خۆی ناونووس بکات.ئەمە هەواڵێکی باش بوو بۆ زۆربەمان کە بێزار ببووین لە ڕەفتاری زۆرینەی شیعە تووندڕەوەکان.

-٦٧-

بەشێکی زۆری زیندانییە کوردەکان هەروەها ژمارەیەك لە عەرەبەکانی شاری موسڵ و دەوروبەری لەگەڵ کرستییانەکان و تورکمانێک، بە تێکڕا نیزیکەی دوو سەد زیندانی دەبووین، ناوی خۆمان تومارکرد بۆ گواستنەوەمان بۆ بەندیخانەی بادوش.

ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لە گۆڕەپانە گەورەکەدا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دوو نوێنەر بۆ خۆیان دیاری بکەن، لە ئەنجامدا مامۆستا نەسرولّا و منیان هەڵبژارد. بێگومان کەسانی شیاوی دیکەی زۆری لێبوو بۆ ئەمکارە یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئێمە، ئەوە بوو زمانی عەرەبیمان دەزانی. بێگومان عەرەبییەکەی نەسرولّا لە هی من باشتر بوو، من بۆ خۆم پێم باش نەبوو ببم بە نوێنەری زیندانیەکان، ئاخر دەبوو نوێنەر کەمێک نەرم و نیان بێت و توانای چەورکردنی دەمی بەڕێوەبەری زیندان و دەوروپشتەکەی هەبێت، ئەمەش لەمندا نەبوو. ١٩٩٠/١٠/١ بوو پاس بۆ خۆمان و بارهەڵگر بۆ کەلوپەلەکانمان ئامادە کرابوو، لە بەندیخانەی ئەبوغرێبەوە بەرێکەوتین، بەرەو بەندیخانەی بادوش. بێگومان بەیاوەری هێزێکی پاسەوانی لەم گواستنەوەیەدا ئێمە بێ کەلەپچە بووین، ئەوکاتە ڕژێم ترسی لە هیچ شتێک نەمابوو لەئەوپەڕی بەهێزیدا بوو.

گواستنەوەیەکی تاڕادەیەک خۆش بوو کەشوهەوا باش بوو، ئازادی هەموو شتێکمان هەبوو لە ناو پاسەکاندا، دەرەوەمان لێدیار بوو. بەدرێژای ڕێگاکە، گاڵتەمان دەکردو گۆرانیمان دەگوت، هەر چەندە نەماندەزانی، چی چاوەڕێمان دەکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت، لە ئەبوغرێب خراپتر نابێتهەندێکجار هەستێکی نامۆمان لا دروست دەبوو، کاتێك کە بەناو یاخود بەلای شارۆچکەیەک یان گوندێکدا، تێپەڕمان دەکرد، ڕاستەوخۆ جولّەی خەڵکەکە و ئۆتۆمبیلەکانمان دەبینی هەستمان بە بوونی ژیان دەکرد، کە ماوەیەکە ئێمە لێیبێبەشین. بە ئاگا دەهاتینەوە نابێت ئێمە ئەم دەرفەتە لەدەست خۆمان بدەین، دەبێت سود لە هەموو چرکەو ساتێکی وەربگرین، لەوانەیە هەلێکی ئاوا جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە بۆمان، بەبێهەستی ماندوێتی گەیشتینە بەندیخانەی بادوش.

بادوش گەورەترین و پتەوترین بەندیخانە بوو لە دوای ئەبوغرێب، بە دووری سی

کیلۆمەتر دەکەوتە ڕۆژئاوای شاری موسڵەوە. ڕژێم لە ساڵی ١٩٧٩وە دەستیکرد بە دروستکردنی ئەم بەندیخانەیە، بەشی لەسێدارەدانیشی تێدا بوو، بەڵام لەمکاتەدا لێرە کەس لەسێدارە نەدەدرا، ساڵانی پێشتر زۆربەی کوردەکان لێرە لە سێدارەدران.هەر بەپاسەکانەوە لە دەرگای سەرەکییەوە چووینە ژوورەوە و لەبەردەم ئەو بەشەی کە بۆمان داندرابوو وەستان. ئێمەیان لە دەرگایەکی(سیلایێت)ی، ئاسنەوە بەبەرزی و پانی نزیکەی پێنج مەتر(ئەودەرگایانەی لەسەر سکەیە)، بردە ژوورەوە بۆ ناو بەشەکەمان دوای سەرژمێری کردنمان دەستمانکرد بە هێنانی کەلوپەلەکانمان.

هەرهەموومان شوێنەکەمان پێباش بوو زۆر پاکوخاوێن بوو. بەمشێوەیە بوو: ڕێڕەوێك، لای ڕاستی هۆڵێکی گەورەی لەسەر بوو، لەکۆتاییداو بەلای دەستە چەپدا ژووریێکی گەورە بوو، پێش ئەوەی پێچ بکەیتەوە بەلای دەستە ڕاستدا، کە پێچت دەکردەوە بەلای دەستە چەپدا دوو ڕێڕەوی لێبوو، ئەملا و ئەولایان ژووری بچوك بوون. نزیکەی دوومەتر بە دوو مەترو نیو دەبوون. هەر هەموومان دڵخۆش بووین بە جێگاکە بەبێکێشە و بە ئارەزووی خۆمان(زیندانییەکان) هۆڵ و ژوورەکانمان دابەشکرد بەسەر خۆماندا.

بەڕێوەبەرەکەمان ناوی(عەلی کتاب)بوو حەزی لەدیاری و دەمچەورکردن هەبوو، هەندێك زیندانیمان لەگەڵ هاتبوو پەیوەندییەکی باشیان هەبوو لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا دەیانزانی چۆنچۆنی ڕازیی بکەن.

خەڵەف جەرجەری(گەرگەری) کە پێیاندەگوت(ابوالفوز) بەتاوانی سیخوڕی بۆ ڕژێمی سوریاسزای زیندانی درابوو. کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو، ئەو حەزی لە نیزیکبوونەوە هەبوو لە دەسەڵاتدارانی زیندان، لە ڕێگای خزمەتکردنیانەوە لە هەمانکاتدا بەپێی توانا ئەو ئەو پەیوەندییەی بەکاردەهێنا بۆ یارمەتیدانی زیندانییەکان، بەمکارەی هەردوو لای ڕازی دەکرد.

دوو زیندانیی دیکەمان هەبوو، بە ناوەکانی(ئەبو فەواز و ئەبو مەحمود) خەڵکی شاری موسوڵ بوون، هەردووکیان شارەزاییان لە بواری تەندروستیدا هەبوو. ئەوان پێشتر لە نەخۆشخانەکەی زیندانی ئەبوغرێب کاریان دەکرد، ئەمانیش بە پێی کارەکەیان پەیوەندییان باش بوو لەگەڵ(عەلی کتاب). مامۆستا نەسروڵاش هەر لە ڕێگای ئەمانەوە وەک نوێنەری زیندانییەکان پەیوەندییەکی باشی هەبوو.

جێگاکانمان بەگوێرەی ژمارەی زیندانییەکان باش بوو وهەروەها باشی ڕێکخستنی خۆمان ژیانی ڕۆژانەمانی بێگرفت کردبوو، ئاودەست و حەمامەمان بە پێی پێویست هەبوو، خواردنمان باش بوو، کەس کەسی بێزار نەدەکرد، رادیۆ و تەلەڤزیۆنمان هەبوو، نەك بە تەنها کەنەڵەکانی عێراق، بەڵکو کەناڵەکانی سوریاشی وەردەگرت.ڕزگارمان بوو بوو لە ڕۆژی دەجار بانگدانی(شیعە و سونە) بەکاتی جیاواز. هەرکەسە نوێژی خۆی بۆ خوای خۆی دەکرد(ئیسلام، کرستیان،یەزیدی) بواری خوێندنەوەمان زۆر بوو، شەوانە هەر کۆمەڵێك و بەکارێکی جواراوجۆرەوە، خۆی خەریك دەکرد. بەڕۆژیش پیاسە و بەرهەتاو لە گوڕەپانی بەشەکەمان بواری تۆپ تۆپێنیشمان هەبوو، کاری دەست و چنین وهەروەها کاری تەختەشمان دەکرد.کەسوکارمان بە ماندووبوونێکی کەمترەوە دەهاتنە دیدارمان، چ لە ڕێگا، چ بۆ ناو بەشەکەمان. بۆ خەڵکی(موسڵ و دهۆك و هەولێر) هەر زۆر ئاسانتر بوو، بۆ خەڵکی (سلێمانی و کەرکوکیش) لە سەردانی ئەبوغرێب باشتر بوو، لەبەر کەمی ژمارەی زیندانیان ئاشنایی لە نێوەندی کەسوکارەکانمان پەیدابوو بوو.

لە هەمووی گرنکتر سەر ژمێریکردنمان بوو، کە تەنها چەند خولەکێکی پێ دەچوو، بەبەراورد بە زیندانی ئەبوغرێب، کە سەرژمێریکردن ئەشکەنجەدانێکی ڕۆژانە بوو بۆ

ئێمە. جاری وا هەبوو زیاتر لە کاتژمێرێک لەبەر خۆرەکەدا دەوەستاین بۆ سەرژمێری ڕۆژانە، ئاخر لەزیندانداا هەموو بەیانییەک و هەموو ئێوارەیەک سەرژمێرییان دەکردین، بێجگە لەو سەرژمێرییەی پێش هاتن و دوای ڕۆیشتنی کەسوکارمان دەیانکرد.

دەتوانم بڵێم ئێرە(واتە لە بەندیخانەی بادوش) بێجگە لەزەوتکردنی ئازادیمان و خراپی باری دەروونی هەندێکمان وهەروەها کێشەی خێزانەکانمان، بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەبوغرێب، بێگومان لەبارەی باشی ڕەوشی ژیانی زیندانەکان.

-٦٨-

نزیکەی سێ مانگ دەبوو لەوکاتەی لە زیندانی ئەبوغرێبەوە گواستیانینەوە بۆزیندانی بادوش لە بەشی تایبەت، ژیانی ناوخۆمان زۆر بە باشی بەڕێوەدەچوو. بێگومان هۆکارەکەی ئەو هاوکارییە زۆرە بوو کە لە نێوان زۆربەی زیندانیاندا هەبوو بەسەرپەرشتی کۆمەڵێک چاودێری(موراقب)ی باش هەر کێشەیەك ڕووی دەدا لە نێوەندی زیندانییەکاندا، خۆمان هەر زوو چارەسەرمان بۆ دەدۆزییەوە، ڕێگەمان نەدەدا بگاتە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکە. هەموو پێکهاتەکان بێجیاوازی زمان و ئاین و بیری سیاسی، پەیوەندی و هاوکارییەکی باشمان هەبوو، ئەمەیش لە بەرژەوەندی هەمووماندا بوو، هەموو ئەو ماوەیەی من لە زیندانی بادوش بووم بە تەنها یەکجار خەریک بوو کێشەیەک دروست بێت لە نێوان زیندانییەکاندا(ئەویش ناخۆشییەك بوو کە لە نێوان مامۆستا نەسرولّا و دوو سێ زیندانی عەرەبدا ڕوویدا). کۆمەڵێك لە گەنجە کوردە خوێنگەرمەکان ویستیان لێیانبدەن، بەڵام ئەوە بوو من زوو گەیشتم و نەمهێشت ئەو کارە بکەن. ئاخر نەدەکرا ئێمەیش هەمان ڕەفتاری شیعە تووندڕەوەکان دووبارە بکەینەوە، بەرامبەر بە کەمینەکان ئەوە جوامێریی نەبوو. من وەك نوێنەری زیندانییەکان لە سەروو لایەنگری سیاسی کارمەدکرد بگرە جاری واهەبوو مافی هاوڕێیانی خۆمم پێشێل دەکرد لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا.

هاوڕێیان هەمیشە پشتگیریان دەکردم لەگەڵ ئەوەی فشارم لەسەریان هەبوو.هاوڕێ تاریق و عوسمان و هوشیار،کە بە ئبن دەعوە دەناسران(ئەگەر لە کەیسێکدا لەیەك کەس زیاتری تێدابوایە پێیان دەگوتن ئبن دەعوەی یەکترین) ئەوان بە توانجەوە بە منیان دەگوت ڕزگار عەدالەت.

دوای داگیرکردنی کوێت و بڕیارەکەی ڕژێمی عێراق بە هەژمارکردنی کوێت وەک یەکێك لە پارێزگاکانی عێراق، بەرامبەر ئەو بڕیارەی عێراق نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٠/٨/٦دا، بڕیاری ژمارە(٦٦١)ی دەرکرد، کە تیایدا داوایکرد عێراق دەستبەجێ لە کوێت بکشێتەوە و هەروەها گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق دانا، بێجگە لەوە کۆمەڵێک بڕیاری دیکەی بەرامبەر بەعێراق دەرکرد، هەتاکو ئەو کاتە هێشتا سەدام سوربوو لەسەر مانەوەی لەسەر

خاکی کوێت.

ئەو گەمارۆدانەی سەر عێراق باری ژیانی میللەتەکەی دژوار کرد بوو، لەهەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ژیانی زیندانی، نە کەسوکارەکانمان وەک جاران توانایان هەبوو بێنە دیدارمان و پێداویستییەکانمان بۆ بهێنن و نەخواردنی زیندان(کانە) وەک جاران بوو. زۆر بەرەو کەمی و خراپی دەڕۆیشت هەرچۆنێك بووهاوکاریی لە نێوان زیندانییەکاندا هەر بەباشی مایەوە کەسمان برسی نەدەبووین، بەڵام هەر ناخۆش بوو بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە متمانەیان لەسەر هاوسفرەکانیان هەبوو.

بەرامبەر ئەو لایەنە خراپەی خواردن هەر لەو ماوەیەدا توانیمان بڕوا بە بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکە بهێنین کە ڕێگای وێنەگرتن بدەن لە زیندانداا، بەڵام ئەوان چەند مەرجێکیان بۆ ئێمە دانا لەوانە: وێنە تەنها لەلایەن وێنەگری تایبەتی خۆیانەوە دەبێت، نابێت وێنەگرتن لەناوەوەی ژوورەکانی زیندانداا بێت، دەبێت بەتەنها لە گۆڕەپانەکەدا بێت. ئەمە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ ئێمەی زیندانی، ڕەنگە ئێمە ئەو کاتە زۆر هەستمان بە گرینگی وێنەگرتن نەکردبێت، بەڵام ئێستا زیاتر لەو گرنگییە دەڕوانین، کاتێک کە سەیری ئەو وێنانە

زیندانی بادوش
لەڕاستەوە: حەمید عەرەب، عەلی عەرەب، هۆشیار، پۆلا، محمد عەرەب، تاهیر

دەکەین لە هەمانکاتدا، ئەوە دەستکەوتێکی مادی بۆ بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکە تێدابوو، ئاخر وێنەکانیان بەنرخێکی زۆر زیاتر بۆ دەگرتین، بەبەراورد بە نرخی تێچووی خۆی.

بێجگە لە کێشەی خواردن کێشەیەکی دیکەمان بۆ پەیدابوو، ئەویش کێشەی کەمی یاخود نەبوونی سوتەمەنی بوو، بۆ خواردن دروستکردن و هەروەها بۆ ئاو گەرمکردن و خۆشتن، بەڵام زۆری نەبرد ئەو کێشەیە چارەسەر بوو. ئەویش بە سەرهەڵدانەوەی مەنهۆڵێکی گۆڕەپانی زیندانەکە بەڕێکەوت دەرکەوت کە ئەوە مەنهۆڵ نەبوو، بەڵکو گەنجینەی هەڵگرتنی گاز بوو. هیچ کەسێک لەبەڕێوەبەرایەتی زیندان نەیاندەزانی کە ئەو گازە لەو گەنجینەیەدا هەڵگیراوە بۆ بەکارهێنانی ئامێری گەرمی و ساردی زیندانەکە.

پێش ئەوەی ئەو گازە بدۆزینەوە دەمانزانی ژوورێك هەیە و ئامێرێکی گەورەی تێدایە، بەڵام نەماندەزانی ئەو ئامێرە چییە و بۆچی لەوێدایە. ئەوکاتەی گازەکەمان دۆزییەوە زانیمان کە لەگەڵ دروستکردنی زیندانەکەدا ئەو ئامێری گەرمی و ساردکردنەوەیەیان لەو ژوورەدا داناوە وەك ناوەندێکی گەرمی وساردی وئەو گازەش هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە، ئیتر لەوەودوا ئێمە سووتەمەنی خۆمان دۆزییەوە و هەموو پێداویستییەکانی خۆمانمان پێ جێبەجێ دەکرد.

-٦٩-

لەمکاتەدا لە زیندان بادوشی یەك و بادوشی دوو و بادوشی سێمان هەیە، بە هەڵە تێمەگەنئەمانە ناوی شوێن یاخود موشەك نین، ئەمانە ناوی ئەو منداڵانەن کە لە دواڕۆژدا لە دایك دەبن.

لە ڕۆژی دیدار(مواجەهە)دا ژووڕەکان تەرخانەکرا بۆ ئەو زندانییانەی هاوسەریان هەیەهەر زیندانییەک ئازاد بوو لە ژووری خۆی چیدەکات بەمافێکی سروشتیمان دەزانی. بۆیە هەندێک لەزیندانییەکان هاوژینەکانیان دووگیان دەبوون هەربۆخۆیشی زیندانییەکان ناوی بادوشیان لێدەنان، چونکە بەرهەمی زیندان بوون وهەروەها ژمارەی بادوش یەك و دوو....بۆ دادەنان.دوای ئەوەی عێراق گوێڕایەڵی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەوڵە دبلۆماسییەکان نەبوو، بۆ کشانەوەی لە دەوڵەتی کوێت و ئەو ماوەیەی کە بۆ کشانەوەی سوپای عێراق دیاریکرابوو لە ١٩٩١/١/١٥تەواو بوو. ئەوەبوو ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی ئەمریکا دروستیکردبوو لە بەرەبەیانی ١٩٩١/١/١٧دا شاڵاوی بۆردوومانی ئاسمانی وموشەکی بەناوی گەردەلولی بیابان(عاصفة الصحراء)، دژی ڕژێمی عێراق دەستپێکرد هەموو خاکی عێراقی گرتەوە، بەڵام سەدام ناوی نابوو دایکی شەڕەکان(أم المعارك) ڕۆژی وا هەبوو هەزار هێرشی ئاسمانی دەکرایە سەر خاکی عێراق.

بارودۆخێکی دژوار لە دەرەوەی زیندان دروست بووبوو، بێجگە لە خراپی باری ئابووری شەڕەکەو بۆردوومانەکانی مەترسییەکی گەورە بوون لەسەر ژیانی هەمووان کەسوکاری ئێمەش بەشێکن لەو میللەتە ڕاستە. جاران ئێمە لە ناو زیندان بووین، بەڵام تاکو ڕادەیەک ئەوان لە ئارامیدابوون ئێستا ژیانی ئەوانیش لە مەترسیدایە، بێگومان ئێمەیش بێبەش نین لە دەنگی فڕۆکەکان و هەروەها تەقینەوەکان.لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە چرکە بەچرکە بەدوای هەواڵەکانەوە بووین، ئومێدیکی زۆریشمان هەبوو بەوەی کە ئەم ڕووداوانە لە ئەنجامدا ئازادبوونی ئێمەی بەدوادا دێت.

هەر لەو ماوەیەدا هەندێک گوڕانکاریی لە ناو زیندانداڕوویدا، ئەوە بوو هاوزیندانییەکمان بەناوی(مەحمود خەیلانی) توانی لەڕۆژی دیداردا بە جلی ژنانەوە

هەڵبێت لە ڕێگای تێکەڵبوونی لەگەڵ ژنەکان کە هاتبوون بۆ دیدار، ئەمەش بەخراپی شکایەوە بەسەر ئێمەدا.عەلی کتابی بەڕێوەبەریان گواستەوە و بەڕێوەبەرێکی دیکەیان بۆ هێناین بەپلەی عەقید، مروۆڤێکی زۆر ترسنۆك و هیچوپووچ بوو، هەرلەو ماوەیەدا من چەند جارێك تووشی کێشە بووم لەگەڵیدا.

کێشەیەکی دیکەمان بۆ پەیدا بوو ئەویش خوێنبەخشین بوو، داوا لە زیندانییەکان دەکرا خوێن ببەخشن، من لەگەڵ خوێنبەخشیندا نەبووم، بەڵام هەموومان لەسەر ئەوە کۆك نەبووین. هەندێک پێیان وابووخوێنبەخشین بە خاڵێکی باش دەژمێردرێت بۆ ئێمە یان بۆی هەیە لەم بارودۆخەدا زۆر بکەوێت لەسەرمان ئەگەر ئێمە خوێن نەبەخشین.لە ١٩٩١/٢/٢٦دا سوپای عێراق لە کوێت کشایەوە دوای ئەوەی هەموو چاڵە نەوتەکانی کوێتی سوتاند هێزەکانی هاوپەیمانیش هەموو دەبابە و زرێپۆش و هەڵگری سەربازییەکانی عێراق لە کاتی کشانەوەی بەدرێژایی ڕێگای کوێت-عێراق، بوردووومانکرد ١٥٠٠ ئامێری گواستنەوەی سوتاند، بەڵام ژمارەی سەربازی کوژراو کەم بوو لە دووسەد سەرباز زیاتر نەدەبوو لەبەر ئەوەی زوربەیان هەڵهاتن.

زیندانی بادوش، کۆمەڵێك لە زیندانیانی نێو زیندانەکە

لە ١٩٩١/٣/٣دا، لەکاتی کشانەوەی سوپای عێراق لە کوێت ئەوەی کە مابوو لەسوپا تێکشکاوەکە کاتێک دەگەنەوە ناو شاری بەسرە، سەربازێکی عێراقی نەناسراو لولەی تانکەکەی ئاراستەی یەکێك لە وێنەکانیسەدام دەکات، لە گۆڕەپانی(سەعد)گولە تۆپێکی پێوە دەنێت بەوەش یەکەم بڵێسەی ڕاپەرین لە خواروی عێراق و کوردستانیش هەڵدەکات.

ئێمەیش لە زیندانداا لە کەشوهەوای ڕاپەریندا دەژیاین لە ڕێگای ڕادیۆکانمانەوە بێگومان ئێزگەکەی یەکێتی یەکێك بوو لە سەرچاوەکانی هەواڵی ڕاپەرینی کوردستان .

-٧٠-

بەتەمەنترین و شکۆمەندترین زیندانی لەناوماندا حاجی مەحمودی کۆشک بوو، حاجی مەحمود پیاوێکی بەغیرەتی خۆڕاگر بوو، کاتێك مرۆڤێکی ئاوا بەو تەمەنەو بەو ڕەوشتە بەرزەو بەو جوامێرییەوە دەبینی ناچار دەبیت سەری لەبەر دانەوێنیت.حاجی مەحمود خەڵکی گوندی کۆشکی ناوچەی قەرەداغ بوو، ماڵەکەی بەهەمیشەیی لانەی پێشمەرگە بوو من بۆ خۆم چەند جارێك نمەکم کردبوو. حاجی مەحمود لەگەڵ حاجی نوری هەردووکیان لەسەر یارمەتیدانی پێشمەرگە دەستگیر کرابوون.

ڕۆژێك هاوسفرەکە هات و پێیگوتم حاجی مەحمود دانی ژاندەکات منیش هەوڵمدا ناوی بنووسم بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت بیبەن بۆ لای دکتوری دان لە بەشی حوکمە قورسەکان(ثقیلە) ئاخر لەوێ نەخۆشخانەی لێبوو.هەوڵەکەم سەریگرت، کە چووم بولای بۆ ئەوەی پێیبڵێم خۆی ئامادە بکات حاجی مەحمود گوتی پێویستناکات دانەکەم کێشا، گوتم چۆن و بەچی؟هاوسەفرە(سەفەرداش)کەی گوتی حاجی پەتێکی لە دانی گیرکردوو بە پەنجە گەورەی قاچییەوە بەستییەوە بە تەکانێك دانی خۆی دەرکرد.

ڕۆژ ڕۆژی دیدار بوو هەر هەموومان خۆمان ڕازاندبووەوە پاکترین وجوانترین پۆشاکمان لەبەرکردبوو، ریشمان تاشی بوو، هەندێکمان دەموچاومان هەڵگرتبوو، بۆنی جۆراوجۆرمان لە خۆمان دابوو لە ژووورەکان و گۆڕەپانەکەش جێگامان ئامادە کردبوو بۆ پێشوازی لە ئازیزانمان.(دایك و باوك، خۆشك و برا، منداڵ، هاوسەر، دەستگیران، خۆشەویست، خزمان) لەگەڵ ئەوەی کەسیشمان دڵنیا نەبووین لە هاتنی کەسوکارەکانمان ئاخر ڕێگر زۆر بوو لەوانە؛ خراپی ئاسایشی ڕێگاوبان و ئابووری کێشەی خێزانی نەبوونی دەرفەتوهەروەها هۆکاری دیکە، بەڵام ئەگەر ئەوان هاتن دەبێت ئێمە ئامادەبین.

سەردانی کەسوکار بۆ لای ئێمەی زیندانی، بێجگە لە ماندوو بوونیان لە ڕووی دارایيشەوە تێچووی زۆری هەبوو، کرێی هاتووچۆ، مانەوەیان، هێنانی خواردن و پێداویستی دیکە، زۆربەی خێزانەکانمان توانای ئەم خەرجییەیان نەبوو یاخود دەبوایە لەدەمی خۆیانیان بگرتایەتەوە و بۆ ئێمەی بهێنن. هەندێك لە زیندانییەکان پێشتر خۆیان سەرچاوەی بژێوی

ژیانی خێزانەکانیان بوون، بەڵام ئێستا سەرباری نەمانی ئەم سەرچاوەیە دەبێت ئەوان ئەمیش بژێنن.هەر چەندەهەندێکمان کاری دەستیمان دەکرد لەناو زیندانداا، وەك لفەکە چنیین، یان کاری زەنگیانە، سوچێکی باری ئابووری پڕدەکردەوە ئەگەرچی بچووکیش بووبێت.

هێشتا دەرگای دەرەوەی بەشەکەمان نەکرابووەوە بۆ هاتنە ژوورەوەی سەردانیکەران، هاتن و گوتیان حاجی مەحمود گیانی سپارد. هەواڵێك بوو وەك هەورەبروسکە دای لەسەرم، ڕامکرد بۆ ژوورەکەی بینیم زیندانییەکان لەدەوری حاجی مەحمود کۆبوونەتەوە، وام بە باش زانی

حاجی مەحمود، پۆڵا زیندانی

که خێرا ڕابکەم بەشکێکم فریا بکەوم بە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە بڵێم بۆ ئەوەی دکتورێك یاخود ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتن بانگ بکەن.هەر چەندە دڵنیا بووم لەوەی کەحاجی مەحمود گیانی سپاردووە، بەڵام لەدڵی خۆمدا دەمگوت بەڵکو وانەبێت و ئێمە بتوانین شتێکی بۆ بکەین، هەندێکجار مرۆڤ بەدرۆش بێت دەیەوێت ئومێدێك بۆ خۆی دروستبکات بەهەرحاڵ حاجییان برد.

دەرگای زیندانیان کردەوە بۆ هاتنە ژوورەوەی کەسوکارەکانمان، هەر هەموومان غەمبار بووین، ئەمجارە بەپێچەوانەوە هیوادار بووین کەکەسوکارەکەی حاجی مەحمود نەیەن، ئاخر ئەگەر بێن چییان پێ بڵێین؟ ئاخر ئەوان ئەو ڕێگا دوورە دەبڕن لە پێناوی چەند کاتژمێرێکی دیداری حاجی مەحمود دا، بۆ ئەوەی چاوی خۆیان بەدیداری ڕووخساری ئەو پیاوە مەردەدا بگەشێننەوە، ئەی ئەوان ئەگەر هاتن چی بڵێن و چی بکەن.؟

ڕاستە ئێمە زۆربەمانلە جیاتی جارێك سەدجار لەگەڵ مەرگدا ژیاوین، بەڵام ئەمجارە جیاواز بوو لەهەموو جارەکانی دیکە، ڕەنگە جیاوازییەکە تەمەن و کەسایەتی حاجی بوو بێت، یاخود هەستی کچ و کوڕو نەوەکانی بە بیستنی ئەو هەواڵە ناخۆشە لەو ڕۆژەداکەخۆیان ئامادە کردووە بۆ دیداری نەک مردنی.

ئەوەی ئێمە لێیدەترساین ڕوویدا و خێزانی حاجی مەحمود هاتن، لەهەمووی ئەستەمتر دەبوایە من ئەو هەواڵە شومەیان پێڕابگەیەنم، سەرباری ئەمە کوڕێکی هەبوو لەوکاتەی حاجی گیرابوو، بۆی نەگونجابوو بێت بۆ دیداری باوکیو ئەمە یەکەمجار بوو ئەو بێت. هەرچۆنێك بوو هەواڵەکەم پێڕاگەیاندن، ئێوە خۆتان بێهێنن بەرچاوی خۆتان لە جیاتی بینینی حاجی و گرتنەباوەش و ئامێزی گەرمی ئێستا دەبێت تەرمێک و جەستەیەکی ساردوسڕ لەگەڵ خۆیاندا بەرنەوە.

یادت بەخێر حاجی مەحمودی کوشك، بەمەردی ژیایت و بەسەربەرزی گیانت سپارد، لە ناو زیندانی دوژمنیشدا هەتاکو دوا هەناسەت چۆکت دانەدا.

-٧١-

لای هەمووان ئاشکرایە کە چەخماخەی ڕاپەڕین لە کوردستان لە بەرەبەیانی ١٩٩١/٣/٥دا لە ڕانییەوە هەڵکرا بە ئازادکردنی شاری کەرکوك لە ڕۆژی نەورۆزدا کۆتایی پێهات.

ئێمەیش شەوی نەورۆز مۆممان لە هەموو ژوور و ڕێڕەو و هۆڵ و کونج و قوژبنی زیندانیدا داگیرساند، دەنگی ڕادیۆکان بەبەرزی دەبیسترا، سرودو دوا هەواڵەکانی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کەرکوکی بڵاودەکردەوە. ئەو شەوە ژمارەیەکی زۆر کەم لە زیندانییەکان هەستیان بەوە دەکرد کە لە زیندانداین، ئێمەش لە گەڕەکەکانی کەرکوك(شۆرجە، پریادی، ئیسکان، ئیمام قاسم، موسەڵا، مەمدودە، تەپە، ڕەحیمئاوا، شاترلو، بەگلەر، تسعین و سەر قەڵا)و لە شەقامەکانی شاری باباگورگور بووین، هەر هەموومان دڵخۆشبووین هەڵپەڕکێ و گۆرانی بوو لەهەموو لایەکەوە، یەك تۆز ترسمان نەما بوو، ئەی بۆ بترسین؟ چیدەبێت بابێت ئەوەتا خەونی ساڵەهای ساڵ بەدیهات، خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ نەڕۆیشت. شانازییە بۆ ئێمە کە زیندانین، ڕێگای خەباتمان بەرهەمی هەبوو، ئەمشەو ئێمە ئاسودەین، گەلی ڕاپەڕیوی کوردستان تۆڵەیان لە جەلادەکان کردەوە، هاوزیندانییەکان پیرۆزباییان لەیەکتری دەکرد بەبۆنەی جەژنی نەورۆز و ئازادکردنی خاکی کوردستانەوە.

ئێمە لەزیندانداچاوەڕێمان دەکرد ئەمڕۆ نا بەیانی ڕاپەڕین لە موسڵیش دەستپێبکات، هەر چەندە زۆربەی ئەفسەرەکانی سوپاو دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم، خەڵکی موسڵ بوون، بەڵام ئەوەش دەزانین کە موسڵ کوردی زۆری لێیە، خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و هێزی پێشمەرگە زۆر نزیك بوون لەم شارەوە، تۆ بڵێیت کەس نەبێت بیر لە ئێمە بکاتەوە؟

بەداخەوە یەکەم نائومێدی بۆ ئێمە لە جەلال تاڵەبانییەوە بوو، کاتێك گوتی ئێمە ناڕۆین بەرەو شاری موسڵ، بۆ ئەوەی نەبێتە شەڕی کوردو عەرەب، زۆری پێنەچوو لە تەلەفزیۆنی سوریاوە دیمەنی کۆڕەوەکەی خەڵکی کوردستانمان بینی، لە دوای هێرشی سوپای ڕژێمی عێراق چاوەکانمان پر دەبوو لە فرمێسك بۆ خەڵکی ئاوارە، بۆ ئەو خەڵکەی لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا گیریان خواردبوو، هەر دیمەنێك لەوانە مردنێك بوو بۆ ئێمە.

زیندانییەک هەر لەیەکەم ڕۆژی زیندانەوە، بیر لە ئازادی دەکاتەوە. بێگومان یەکێك لە ڕێگاکانی ئازادی هەڵهاتنە لە زیندان، لێرە لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەڕیندا ئەو دەرفەتە بۆ هەندێکمان هەبوو، بەڵام ئێمە بیرمان لە کارێکی گەورەتر دەکردەوە، ئەویش ڕاکردنی بەکۆمەڵ واتە(شکاندنی بەندیخانە) بوو لەم زیندانەدا ئەو کارە دەکرا، لەبەرئەوەی لە نێوەندی زۆربەی زیندانییەکاندا متمانە هەبوو، ژمارەیەکی زۆرمان پێش زیندانیی پێشمەرگە بووین و بارودۆخی دەرەوەی زیندانیش یارمەتیدەر بوو.

کومیتەیەکمان لەناو خۆماندا دروستکرد بۆ دانانی نەخشەیەك بۆ ئەم مەبەستە.

لەڕێگای ئەنقەرەچییەکانەوە(ئەنقەرەچی وشەیەکی تورکییە، بەو زیندانییەیان دەگوت کە کاری خزمەتگوزارییان دەکرد لە زیندان، لەلایەن زیندانییەکانەوە یارمەتی دەدران بە برێك پارە). ئەوانە خاشاکیان دەبردە دەرەوەی بەشەکەمان(قسم) زانیاریمان کۆکردەوە لەسەر تاوەری چاودێری و دیوارەکانی دەرەوە، لە ڕێگای ئەو زیندانیانەی کە خەڵکی موسڵ بوون. لەسەر ئامادەکردنی بارهەڵگر ڕێککەوتبووین بەتایبەتی بۆ کەسانی پەککەوتوو، شێخ فاتیح خەڵکی هەورامان بوو، هاوسفرەی من و هاوڕێ سەعدون و هوشیار بوو، دەمانچەیەکی چواردەخۆری لە تەختە دروستکردبوو بۆمان ڕەنگی کرد بە

کۆمەڵێك لە زیندانیانی بەندیخانەی بادوش

بۆیەی ڕەش هیچ کەسێک نەیدەزانی تەختەیە.

نەخشەی ڕاکردنەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە داڕشبوو:-

خەڵەف جەرجەری پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکەدا هەبوو، میواندارییەکی خواردنی ئێوارە بۆ پاسەوانەکان و ئەفسەری ئێشکچی(ظابط خەفەر) سازبکات، ئەو لەوەوپێش میوانداری وای سازکردبوو بۆیان.زیندانییەکی دیکە کە کاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی زیندان دەکرد سینییەك خواردن بەرێت بۆ ئەو پاسەوانەی لای دەرگای سەرەکییەوەیە و لەکاتی کردنەوەی دەرگا شیشبەندەکەی نێوان ڕێڕەوی زیندانییەکان و بەشی بەڕێوەبەرایەتی زیندان، لەوکاتەدا دەستەکەی من بە دەمانچە تەختەکەوە دیلی بکەین. دوای دیلکردنی پاسەوانەکە دەست بەسەر کلاشنکۆفەکەیدا بگرین، دوابەدوای ئەوە دەست بە سەرعەمار(مشجب)ی چەکەکاندا بگرین و هێڵی تەلەفون ببڕین و کونترۆڵی دەرگای سەرەکی بەشەکەمان بکەین. دوای ئەوە دەستەیەك دادرابوو بۆ ئەوەی هێرش بکەنەسەر ئەو پاسەوانانەی میوان بوون لە ژوورەکەی خەڵەف جەرجەری و قۆڵ بەستیان بکەن.

کەرەستەی پێویست دادرابوو بۆ سەرکەوتن بەسەر دیوارەکەی دەرەوەی زیندانداو لەڕێگای زیندانییەکی ئێزدییەوە پەیوەندیی دروستکرابوو لەگەڵ پاسەوانێکی ئێزیدی لە تاوەر(بورج)ی چاودێری و هەموو پاسەوانەکانی دەرگای سەرەکی بەندیخانەی بادوش، کە ئەگەر هاتوو ئاگاداری شتێکی نائاسایی بوون ئاگادارمان بکەنەوە، خواردنی پێویستمان دابینکرد بۆ ڕێگا بۆ زیندانیەکان بۆ ئەوەی پێوستیمان بە ئاوایی نەبێت، شارەزامان لەگەڵ بوو بۆ ئەوەی بەرەو سنووری سوریامان بەرێت.

ڕۆژی جێبەجێکردنی پلانی شکاندنی بەندیخانە و هەڵهاتنی بەکۆمەڵ کارەکان و هەروەها هەواڵەکانی دەرەوەی زیندان باش بوون، هەستمان بە هیچ گۆڕانکارییەك نەکرد، بۆیە بڕیارماندا کە شەو پیلانەکەمان جێبەجێ بکەین.

هەوڵەکەمان لەسەر ڕێنمایی و بڕیاری هیچ حیزبێك نەبوو، بەڵام ئەرکەکان جێبەجێکردن ڕاسپاردن و هەڵبژاردنی کەسەکان لە ڕێگای کەسایەتییە حیزبییەکانی ناو زیندانەوە بوون، سیانمان زانیاریی تەواومان لەسەر هەموو نەخشەکە هەبوو(مامۆستا نەسرولّا، حەمەوستەم و من) ئەوانی دیکە ئاگادارییان بەپێی ئەو ڕۆڵە بوو کە لە پلانەکەدا بۆیان دیاریکرابوو.

بێگومان هەر یەکێك لە ئێمە وتوویژی لەگەڵ ئەوکەسانەدا کردبوو، کە متمانەی تەواوەتی پێیەتی، ئەوانەی من گفتووگۆم لەگەڵدا کردبوون دوو هاوڕێ نەبێت هەموویان لەگەڵ پلانەکەدا بوون.

ئەو زیندانییانەی کە لە دەستەکاندا بوون و ئەوانەی ڕۆڵیان هەبوو لە جێبەجێکردنیدا، هەر لە بەیانییەوە ئاگادارکرانەوە بۆ خۆئامادەکردن و ئەوانەش کە جێگای متمانە بوون، دوو کاتژمێر پێش جێبەجێکردنی پلانەکە ئاگادارکرانەوە. هەر یەکەو کوڵەپشتێکی بۆخۆی ئامادەکرد، بۆ هەڵگرتنی خواردن بۆ ڕێگا وەك(پەتاتە، هێلکەی کوڵاو، نانی تیری وشتی تر) بێگومان هەندێك لەو زیندانییانەی کە هیچ ئاگاداری پلانەکە نەبوون هەستییان بە شتێکی نائاسایی دەکرد، بەڵام ئەو شتە چییە نازانن، لەهەمانکاتدا هەندێك زیندانیمان دانابوو بۆ ئەوەی چاودێری ئەو زیندانییانە بکەن کەجێگای گومان بوون.

خەڵەف جەرجەری خوانەکەی ئامادەکرد ڕۆیشت میوانەکانی ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی بفەرموون بۆ نانخواردن، هەردوو دەستەی هێرشکردن (یەك یەك و دوو دوو) لە ناو زیندانییەکاندان، بەڵام ئامادەن و چاوەڕێی فەرمان دەکەن بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ کۆبوونەوە لەو جێگایەی کە بۆیان دیاریکرابوو. زۆری پێنەچوو بەشێك لە پاسەوانەکان چوون بۆ ئەو ژوورەی خەڵەف خوانەکەی تیادا ئامادەکردبوو دانیشتن بۆ نانخواردن،

بەڵام ئەفسەری ئێشکچییان لەگەڵدا نەبوو، خەڵەف بەدەستی ئاماژەیەکی کرد مەبەستی ئەوە بوو کە ئێمە چاوەڕێ بکەین دوای چەند خولەکێك ئەفسەری ئێشکچی لەگەڵ دوو پاسەوان هاتنە ڕێڕەوەکەوە، بەرەو ژوورەکەی خەڵەف ڕۆیشتن ئەوانیش لەوێ دانیشتن.

دەستەکەی من لە نزیك دەرگا شیشبەندەکەی نێوان ڕێڕەوی زیندانییەکان و بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکە کۆبوونەوە، من چەکدار بووم بێگومان بە دەمانچە چواردەخۆرە تەختەکە. چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە میوانەکانی خەڵەف دەست بکەن بە نانخواردن و لەهەمانکاتدا سینییە خواردنەکە ببڕێت بۆ پاسەوانەکەی دەرگاکە بۆ ئەوەی ئێمەیش لەگەڵ دەرگا کردنەوەکەدا بۆ وەرگرتنی سینییەکە هێرش بکەینە سەری و چەکی بکەین، بەهۆی ئەوەوە کۆنترۆڵی دەرگاکە بکەین. لەهەمانکاتدا دەستەکەی دیکە ئامادەبوون بۆ هێرشکردنە سەر میوانەکان و قۆڵبەستیان بکەن، تا ئێستا هەموو شتێك بەپێی پلانەکەمان دەڕوات.

ئێمە لە چاوەڕوانی سینییە خواردنەکەدا بووین بۆ پاسەوانەکە، بەڵام لە جیاتی ئەوە ئەفسەری ئێشکچی(زابت خەفەر) لەگەڵ دوو پاسەوانی دیکە لە ژوورەکەی خەڵەف چوونە دەرەوە،ڕۆیشتنەوە بۆ دیوی بەڕێوەبەرایەتی زیندان،بەڵام ئەوانەی دیکە لەمیواندارییەکەی خەڵەف مانەوە.بەبێ ئەوەی بزانم چی ڕوویداوەڕاستەوخۆ بڕیارمدا کە چالاکییەکەمان ڕابگرین هەر کەسە بگەڕێتەوە بۆ جێگای خۆی و بارەکە ئاسایی بکرێتەوە.

دوایی بۆماندەرکەوت کە هۆکاری ڕۆیشتنی زابت خەفەر لە ژوورەکەی خەڵەفەوە ئەوەبوو ئەو نەیزانیبوو کە ئەو هەمووە پێکەوە میوانی خەڵەفن. ئەو داوای کردبوو کە عەریف خەفەر و دوو پاسەوان بڕۆن، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوو بوون بەو هۆیەوە دەمەقاڵێ لە نێوان خۆیاندا دروست بووبوو،لە ئەنجامدا زابت خەفەر خۆی هەڵسابوو لەگەڵ دوو پاسەوان ژوورەکەیان بەجێهێشتبوو.

کۆبوونەوە و بڕیارماندا کە لە دوای دیداری داهاتووی کەسوکارمان جارێکی دیکە هەوڵێکی تری شکاندنی بەندیخانە بدەین، بەڵام دوو ڕۆژی پێنەچوو شەوەکەی گوێمان لە دەنگی تەقەیەکی زۆر بوو هەر وەك ئەوە وابوو شەڕ بێت لە نێوان دوو لایەندا. دەنگی تەقەکان لە ئێمە زۆر نزیك بوون ئێمە بیر و شیکردنەوەی جۆراوجۆرمان هەبوو بۆ ئەو تەقانە، تۆ بڵێیت هێرش نەبێت بۆ سەر بەندیخانە بۆ ڕزگارکردنی ئێمە؟

-٧٣-

بۆ ڕۆژی دوایی زانیمان کە ئەو تەقە زۆرانەی شەوی پێشتر چی بووە، زیندانییەکانی بەشی قورس(ثقیلە)ی بادوش هەڵهاتنی بەکۆمەڵیان ئەنجام دابوو بەندیخانەیان شکاندبوو. ڕووداوەکەش بەم شێوەیە بووە:-باڕێکی گرژی و ئاڵۆزیی لەناو بەشەکەدا ڕوویداوە و هەندێك لە پاسەوانەکان ویستوویانە کونترۆڵی دۆخەکە بکەن، بەڵام لەتوانایاندا نەبووە، کۆمەڵێک لە زیندانییەکان بە بتڵە غاز هێرشیان کردۆتە سەر دەرگاکان. لەوکاتەدا پاسەوانەکان دەسڕێژی گولەیان لێکردوون و ژمارەیەکی زۆر لەزیندانییەکان ڕاستەوخۆ لەوێدا کوژران و بریندار بوون و ژمارەیەکیش دەتوانن بگەنە دیوارەکانی دەرەوە و لەوکاتەی لە هەوڵی سەرکەوتندا بوون بەسەر دیوارەکاندا، پاسەوانەکان لە تاوەری چاودێری(بورج الحراس)یەوە لەژێر تیشکی بلاجیکتۆردا بەردەوام بوون لە گولە بارانکردنیان بەمەش ژمارەیەک زیندانی کوژران و بریندار بوون، بەڵام هەندێك سەرکەوتوو بوون لە سەرکەوتن بەسەر دیوارەکاندا. خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری بەندیخانەکە دەستگیریان دەکەن و ڕادەستی هێزەکانی ڕژێمیان دەکەنەوە، ژمارەیەکی زۆر کەم ڕزگاریان بوو بوو.

لەدوای ئەو ڕووداوە دەوروپشتی بەندیخانەی بادوش بە هێزێکی زۆر و چەند زرێپۆشێک دەورە درا. ئەو ڕووداوەی بەشی قورس و هاتنی ئەو هێزە زۆرە وای لە ئێمەیش کرد لەمکاتەدا بیر لە هەڵهاتن نەکەینەوە.دوای کۆڕەوەکەی خەڵکی کوردستان بە پێشنیاری فەرەنسا و پشتیوانی ئەمەریکاو بەریتانیا بڕیاری(٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو، بۆ دروستکردنی زۆنێکی ئارام لە سەروو هێڵی پانی ٣٦ و قەدغەکردنی فڕینی فرۆکەکانی ڕژێم لەو ناوچە ئارامەدا. ئەمەیش بارودۆخەکەی لەشارەکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی ئارام کردەوە و خەڵکەکە گەڕانەوە، بەڵام باری ئابووری میللەتەکە لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕۆیشت لە سەرانسەری عێراق و کوردستان، ئەمەیش کاریگەری خراپی کردە سەر گوزەرانی ئێمە.

ماوەیەکی باش بەسەر هەوڵی شکاندنی بەندیخانەدا ڕۆیشت، دوای نانی نیوەڕۆ بوو لە ژوورەکەم پاڵکەوتبووم، مامۆستا نەسرولا هات و گوتی، لە بەڕێوەبەرایەتی زیندانەوە تۆیاندەوێت لێمپرسی نازانیت بۆ؟ گوتی نەخێر. بەڵام بە بۆچوونی خۆم، ئەو شتێکی دەزانی

و نەیدەویست بیلّێت، کاتێک چوومە بەشی بەڕێوەبەرایەتی زیندان بیجگە لە پاسەوانەکانی زیندان ئەفسەرێك و چەند پۆلیسێکی دیکەی لێبوو کەلەپچەیان کردە دەستمو دوابەدوای من زیندانییەکی دیکەیان هێنا ناوی تەمەر شەمدین تەمر بوو، کە ئێزیدی بوو و خەڵکی گوندی خەتار بوو. ئەو چەند ساڵێك پێش من زیندانی بوو، لەسەر پارتی دەستگیرکرابوو کەلەپچەی دەستی چەپی منیان کردەوە و کردیانە دەستی ڕاستی ئەو، بەمشێوەیە دەبوایە من یان تەمەر دەستێکمان بە بەرزی ڕاگرتایە یاخود ڕوومان بە پێچەوانەی یەکترییەوە بوایە. زۆری پێنەچوو چالاکیان هێنا، چالاك پێشمەرگەی یەکێتی بوو بە پارچەی گولەی RBG چاوێکی لەدەستدابوو، زۆر قسەخۆش بوو هەمیشە دەیگوت کەس وەك من نییە(بەیەك چاو سەیری هەمووتان دەکەم). دوای چالاك ئیبراهیمیان هێنا، ئیبراهیم سیاسی نەبوو تا ئەندازەیەک کەسێکی دووڕەڕێز بوو، لەبەرئەوەی کاتی خۆی گۆرانییەکی بۆ قادسییەی سەدام گوتبوو. دوای ئەو خدرکەچو مورادیان هێنا، زیندانییەکی ئێزدی بوو، بردیانینە ژووری بەڕێوەبەر عەقید ئەبو فەرەزدەقی بەڕێوەبەر دانشتبوو گوتی ئێستا دەتانبەن وجارێکی دیکە لێرە دەموچاوتان نابینمەوە. منیش گوتم ئەی کەلوپەلەکانمان؟گوتی هیچ شتێك نابەن لەگەڵ خۆتان، گوتم باشە ئەڕۆینە ژوورەوە بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لە هاوزیندانییەکانمان بکەین وهەروەها پارەکانمان بهێنین.

دوای چەندوچوونێکی زۆر گوتی باشە با پارەکانتان بۆ بهێنن لەگەڵ پارەکانماندا زیندانییەکان چەند بەتانییەکیان ناردبوو بۆمان.لەدەرەوە دوو ئۆتۆمبیل وەستابوو، یەکێکیان داخراو(کەپس)بوو دەرگای کەپسەکەیان کردەوە و ئێمەیش چووینە ناوی و دوو کەس لە ناوەوە دانیشتبوون یەکێکیان جلی سەربازی خاکیی لەبەردا بوو. دەستی لەدواوە کەلەپچەکرابوو چڵکن و ماندوو، ئازاردانێکی زۆری پێوە دیاربوو. ئەوی دیکە جلی کوردی و پشتێن لەناو قەدی، جەمەدانەیەکی بەسەرەوە بوو ڕیشی پاك تاشیبوو، ئەوندە پاك بوو دەتگوت هەر ئێستا لە گەرماو(حەمام) هاتۆتە دەرەوە.

ئێمەش دەمانەوێت تێبگەین ئەم دوانە کێن بۆ یەکێکیان بەو جلە خاکییە چڵکەنەوە ئاوا کەلەپچە کراوەو ئەوی دیکەشیان قیتو قۆز و بەبێ کەلەبچەش دانیشتووە. بە کوردی پێمگوت کاکە چۆنی گوتی باشم. گوتم ئێستا ئێوەیان لەکوێوە هێناوە؟ گوتی ئەی خۆی غەشیم دەکات نامناسێتەوە، گوتم نەخێر ناتناسم گوتی ئەعوزوبیلای مینە شەیتانەڕەجیم، ئەڵێت ناتناسمەوە.

-٧٤-

که کابرای کورد گوتی، ئەعوزوبیلای مینه شەیتانەڕەجیم،خدر کەچۆ موراد تووڕە بوو، بە کابرای گوت ڕێزی خۆت بگرە. بۆ باسی شەیتان دەکەیت، کابرا جارێکی دیکە ئەعوزوبیلای کردەوە لە شەیتان. خدر دوو ئەوەندەی دیکە تووڕەبوو، باش بوو کەلەپچەی لە دەستدابوو، کابراش نەیدەزانی خدر بۆچی تووڕەیە منیش بەخدرم گوتبابە جارێ لە خودا و شەیتان گەڕێ با تێبگەین چی دەگوزەرێت. ئەگەر چی تەمەریش ئێزیدی بوو، بەڵام ئەو کەسێکی عاقڵ بووبە خدری گوت بێدەنگ بە.

ناچار بووم ڕووبکەمە کابرای جل خاکی، دیار بوو عەرەب بوو بەعەرەبی پێمگوت(اخي منين جايبينكم) برام ئێوەیان لە کوێوە هێناوە؟ گوتی ئێمەیان لە بەشی قورسەوە هێناوە، گوتم بۆچی تۆیان بەو شێوەیە کەلەپچەکردووە، بۆ کوێت دەبەن؟ گوتی من لەو زیندانیانەم کەهەڵهاتین، دوای ئەوە چوومەوە بۆ سەربازی، دوای ماوەیەك کە زانییان لە زیندان هەڵهاتووم، گەڕاندیانمەوە بۆ زیندان. وا ئێستایش لەسەر کەیسێکی دیکە دەمبەن بۆ دادگا، گوتم ئەی ئەو برادەرە(مەبەستم کاکەی کورد بوو)؟ گوتی ناینناسم، بەڵام ئەویش لە بەشی قورسەوە سواریانکرد وادیارە تەواو نییە.

هەوڵمدا بە شێوەیەکی دیکە لەگەڵ کاکەی کورددا بدوێم، گوتم دەمێکە ماڵەوەت نەدیوە؟ گوتی ئەی گوایە ئاگات لێنییە، بەکورتی هیچی لێتێنەگەیشتمتەنها ئەوە نەبێت کە بەردەشانییە و خەڵکی لای بەری مەرگەیە. هاوزیندانییەکانم ترسیان لەوە هەبوو کە من ئەم کاکەیە بناسم و پەیوەندی بە هەوڵی هەڵاتنەکەمانەوە هەبێت، بەڵام من لەو بارەیەوە دڵنیام کردنەوە و گوتم ئەم کاکەیە باری دەروونی باش نییە.

من خۆم بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی تەمرو چالاك و خدرو ئیبراهیمیان هێناوە لەگەڵ منداا؟ ئەمانە هیچیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداا نەبوون لە هەوڵی شکاندنی بەندیخانەدا ئەگەر لەسەر ئەوەبێت!بە تەمەرم گوت هیچ شتێک دەزانیت دەربارەی هێنانی تۆ؟ تەمر گوتی تەنها یەك شت هەیە، ئەویش ئەگەر لەبیرت بێت، پێش ماوەیەك لە گوڕەپانی زیندان تۆ بەرامبەر بەڕێوەبەر وەستایت، دەربارەی کەمکردنەوەی کاتی دیدار، ئەو کاتە

من و چالاك و خدر، پشتیوانیمان لەتۆ کرد، ئیبراهیم گوتی من بۆ خۆم داوای گواستنەوەم کردووە بۆ ئەبوغرێب، ئێستا بۆمان دەرکەوت کە ئاڕاستەمان بەرەو بەغدادە.

لەناو کەپسەکەدا هەستمان بەوە کرد کە گەیشتینە ناو شاری موسڵ، ئۆتۆمبیلەکە وەستا و دەرگایان کردەوە و ئێمەیان دابەزاند من وچالاك و کاکەی کوردیان برد بۆ هۆڵێك، کە بە دوو پێپلیکانە دادەبەزیتە خوارەوە تەمەر و خدرو ئیبراهیم و جل خاکییەکەیان برد بۆ شوێنێکی دیکە.هۆڵەکە زیندانیی زۆر لێنەبوو بەئێمەوە پانزە کەسێك دەبووینئاودەست و شوێنی خۆشتنی تێدا بوو لە زیندانییەکانەوە زانیمان کە ئێرە بنکەی پۆلیسی(زنجلی) پێدەڵێن، جێی گواستنەوەی(تەسفیرات)زیندانییە لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری موسڵە.

کۆمەڵێك گەنجی موسڵاوی لێبوو، دیاربوو کە پەروەردەیان تەواو نەبوو، هەر لەسەرەتاوە ویستیان بە کاکەی کورد ڕابوێرن، بەڵام من و چالاك ڕێگەمان پێنەدان و خەریك بوو ببێت بە شەڕ. کورێکی میسری لێبوو کە زانی ئێمە سیاسین لێمان نزیك بووەوە ئەویش بیروباوەڕی چەپی هەبوو، من لەو ماوەیەدا سودی زۆرم لێوەرگرت. بەوەی زانیاری زۆری بۆ باسکردم دەربارەی باری سیاسی لەمیسر، منیش بە پێی توانا

یارمەتیمدا بە بڕێک پارە.

ئەوانەی خەڵکی موسڵ بوون ڕۆژانە خواردنیان بۆ دەهات، بەڵام دەبوایە ئێمە پارە بدەین بە پاسەوانەکان بۆ ئەوەی خواردنمان بۆ بکڕن، چونکە خواردن لەوێ زۆر خراپ بوو، زۆربەی ژەمەکان چاو نانی وشك بوو. بێجگە لە بێرەوشتیی هەندێك لە زیندانییەکان گەنجێکی کوردی بەهێزی لێبوو باری دەروونی زۆر خراپ بوو، هەمیشە بەڕووتی لە هۆڵەکەدا پیاسەی دەکرد، هەر یەک کاتژمێر یاخود دوو کاتژمێر جارێك دەستپەڕێکی لێ دەدا. کەسمان نەمادەوێرا هیچ بڵێین هەرچەندە پاسەوانەکان زۆریان لێدابوو لەسەر ئەو کارەی، بەڵام بێسود بوو.پێنج ڕۆژ بوو کە ئێمە لەو زیندانە بووین، کاکەی کوردی بەردەشانی نەپێڵاوی لەپێ کردووەتەوە و نەپشتێن و جەمەدانەشی بەستووە، یاتاغەکەشی چۆن پێچراوەتەوە هەر وایە، لەسەری دادەنیشت و پشتی دەنا بەدیوارەکەوە. هەرچەندە من و چالاك زۆر خەریک بووین لەگەڵیدا، بەڵام هیچ سودی نەبوو خواردنی لە کەس وەرنەدەگرت، تەنها نانە وشکەکەی زیندانی دەخوارد و هەروەها دەبێت ئەو یەکەم کەسبێت لەوەرگرتنی دەنا ئەوەیشی نەدەخوارد.

بەرەبەیانی ڕۆژی شەشەم ناوی من و چالاکیان خوێندەوە و ئێمەیش خۆمان پێچایەوە، گەڕام بەدوای پێڵاوەکانمدا بەڵام دیار نەبوو. لەجیاتی پێڵاوەکانم جوتێک نەعلیان بۆ دانابووم، پاسەوانەکانیش هەر هاواریان دەکرد(یەڵا)، منیش هەر لە گەڕاندا بووم بەدوای پێڵاوەکانمدا. دوای گەڕانێکی زۆر لەلای ئاودەستەکە دۆزیمەوە، لەژێر خاشاکدا شاردبوویانەوە.کە لەهۆڵەکە چوومە دەرەوە لە حەوشەکەدا بینیم، تەمر و خدرو ئیبراهیم وەستاون، سواری پاسێکی مۆدێلی کۆنیان کردین، دوانی دیکەیان هێنا یەکێکیان کەلەپچەکرابوو ئەوی دیکەیان بێ کەلەپچە.

-٧٥-

پاسەکە بەڕێکەوت و دەرەوەمان بە باشی لێوە دیار بوو، گەڕەك و شەقام و خەڵکی شاری موسڵمان دەبینی. بێجگە لەزیندانییەکان شۆفێرەکە و دوو پاسەوانمان لەگەڵدا بوو. کوڕە گەنجە بێ کەلەپچەکە بە ئازادیی لە ناو پاسەکەدا هاتووچۆی دەکرد و گاڵتەی لەگەڵ پاسەوانەکاندا دەکرد و زوو زوو دەڕۆیشتەوە بۆلای کوڕە گەلەپچە کراوەکەوە و دەستی دەکردە ملی و ماچێکی دەکرد، دیمەنەکە جێگای پڕسیار بوو.

کە لە موسڵ دەرچووین کوڕەکەم ڕاگرت لەو کاتەی لەناو پاسەکەدا هاتووچۆی دەکرد، لێمپرسی لەسەر چی گیراوی؟ وەڵامێکی زۆر سەیری دامەوە، گوتی من پارەم داوە تا دەست بەسەر بکرێم، گوتم چۆن و بۆ؟. گوتی ئەو کوڕەی کە لەگەڵمدایە سزای لەسێدارەدانی لەسەرە، من و ئەو خۆشەوستی یەکترین و من عاشقی ئەوم ئێستا دەیبەن بۆ لەسێدارەدان، لەبەرئەوە من بەرتیلم داوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بین تا بەشی لەسێدارەدان. لێمپرسی لەسەر چی سزا دراوە؟ گوتی دزی و کوشتن، ئەو ڕاستگۆیی و بێشەرمییە لەگەڵ ئەو وەفادارییە جێگای بیرکردنەوەو گومان بوو.

گەیشتینە نیوەی ڕێگا، کوڕە بێکەلەپچەکە هاتەوە بۆ لام و گوتیئەگەر بۆمان بکرێت ئیمە ڕادەکەین لێمپرسی چۆن؟ گوتی ناتوانم پێتبڵێم منیش گوتم ئیمە ڕێگر نابین.لەگەڵ هاوزیندانییەکانم قسەم کرد، گوتم ئەمانە بەتەمان ڕابکەن، بەڵام نازانین چۆن؟ ئایە لەگەڵ پاسەوانەکان ڕێککەوتوون یاخود خەڵکیان هەیە لە ڕێگا پاسەکەمان ڕادەگرن؟ دەبێت ئیمە ئامادە بین بۆ هەردوو ئەگەرەکە.دوای ئەو هەواڵە ئیمە بەدرێژایی ڕێگاکە لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیدا بووین، بەڵام گەیشتینە بەغداد و هیچ ڕوویندا.لە بەغداد ئیمەیان برد بۆ تەسفیراتی گشتی، دەرگایەکیان کردەوە و هەر هەموومانیان کردە ژوورەوە. سێ هۆڵ بوو لە سەر یەکتری، ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر خەڵکی تێدابوو، نەدەکرا هەنگاوێك بنێیت شانت یا دەستت، یاخود قاچت بەر یەکێك نەکەوێت، بۆنێکی زۆر ناخۆش، گەرم، هاژەهاژی قسەکردن.

هەرچەند خولەکێك جارێک چەند ناوێکیان بانگ دەکرد، یاخود چەند کەسێکیان

دەکردە ژووروەوە، خەڵکەکە جلی جوراوجۆریان لەبەردا بوو، بەڵای ڕاستدا سێ ئاودەستی لێ بوو، دەبوو نۆرەی بۆ بگریت. یەکێکیان گیرابوو(میزوگواو) ئەوناوەی داگیرگردبوو، هەرچەندە خشتیان دانابوو بۆ ئەوەی بەسەریدا بڕۆیت، بەڵام هەر پیس دەبووایت.

دوو کەسی لێبوو نەخۆشی دەروونییان هەبوو، زیندانییەکان نەیاندەهێشت بێنە ناویانەوە، ئەوان شەو و ڕۆژ لە ناو ئەو پیساییەدا بوون، ئەوکاتەی زیندانییەکان بەنۆرە دەوەستان بۆ سەرئاو ئەوان دەستیان بەرزدەکردەوە بۆ خواردن یاخود پارچەیەك نان، زیندانییەکان بۆیان فرێدەدان و ئەوانیش وەك ئاژەڵ پەلاماریان دەدا.

من بەڕۆژ چەند جارێک ئەو دیمەنەم دەبینی، بەڵام تاکو ئەمڕۆ نامەوێت بڕوابکەم کە ئەوە ڕاستی بوو، خوازیارم خەو بووبێت. هەر لەبەر ئەوە بوو ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووم، سەرئاوم کەم کردبووەوە بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە نەبینم، هەر چەندە بیرم لێدەکردەوە هیچ ڕێگایەك نەبوو بۆ یارمەتیدانیان.

چوار ڕۆژ بوو ئێمە لەو دۆزەخەدا بووین لەدەرگامدا، پاسەوانەکە گوتی چیتدەوێت؟ گوتم دەمەوێت ئەفسەرێك یاخود کەسێکی خاوەن دەسەڵات ببینم، گوتی بۆ چیتە؟



گوتم دەمانەوێت لێرە بڕۆین، گوتی چەند کەسن؟ گوتم پێنج، گوتی ناوەکانم پێبڵێ منیش ناوەکانم پێگوت ئەویش نووسی.

دوای چارەکێك هاتەوە و گوتی پارەتان هەیە؟ گوتم بۆ؟ گوتی ئێمە سەیارە و پاسەوان دەردەکەین لەبەر خاتری ئێوە، لەبەرئەوە پارەی بەنزین و مەسرەفی پاسەوانەکان لەسەر خۆتان دەبێت(بەکوردی و بە کورتی بەرتیلیان دەویست) گوتم باشە، گوتی نیو کاتژمێری دیکە خۆتان ئامادەکەن. هەر چەندەئێمە دڵنیا نەبووین بۆ کوێمان دەبەن، بەڵام بۆ هەر شوێنکمان بەرن لێرە خراپتر نابێت.

دەرگا کرایەوە و ناویان خوێندینەوە و بە چاوتروکاندنێك لای دەرگاکە بووین، ئێوارە بوو خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت. ئێمەو چەند کەسێکی دیکەیان سوارکرد و بەڕێکەوتین، لە زیندانییەکانی دیکەوە تێگەیشتین کە ئەوان دەبەن بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب، کەواتە ئێمەیش هەر بۆ ئەوێ دەبەن.

دوای نزیکەی کاتژمێرێك، ئوتۆمبیلەکە وەستا و ئێمەیان لە گۆڕەپانێکی بچوکدا داگرت، شەو بوو بەڵام تیشکە بەهێزەکەی بلاجیکتۆرەکان جێگاکەی ڕووناک کردبووەوە. من پێمخۆش بوو هەتاکو ڕۆژ دەبێتەوە لەو جێگایەدا بمێنینەوە، ئاخر هێشتا گەرمی هەتاوی هاوین، لەسەر چیمەنتۆی حەوشەکە مابوو، کزەبایەک دەهات و بۆنێکی زۆر خۆشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.هەر چەندە هیچ سەوزاوییەکمان لێوە دیار نەبوو، بەڵام هەستت بە بۆنی چیمەنی هاوینی تازە ئاودراو دەکرد.

پاسەوانەکانی تەسفیرات، ئێمەیان دایە دەست پاسەوانەکانی زیندانەکە و ئەوان ڕۆیشتن، زیندانەکە ئەبوغرێب بوو، بەڵام کام بەشەی جارێ نازانین.

ئێمەیان لە یەکتری جوداکردەوە، منیان بردە ژوورێکەوە کە زیندانییەکی دیکەی تێدابوو، ئەو تەنها دەرپێیەکی لە پێدا بوو، سەری بە شێوەیەکی زۆر خراپ تاشرابوو، وەك ئەوەی بە گوێزانێکی کول تاشرابێت. ورگی و قۆڵەکانی و هەندێک شوێنی دیکەی سەرسنگی شەقار شەقار بوو، من لەسەرەتادا وامدەزانی لە ئەنجامی ئەشکەنجەداندا وای لێهاتووە، بەڵام دوایی تێگەیشتم کە وانییە.

دوای سڵاو زانیم کە ئێرە یەکێکە لە ژوورەکانی سزادان(مەحجەر) لە بەشی قورس(ثقیلە)ی ئەبوغرێب، ژوورەکە یەکجار گەرم بوو، هیچ هەوا گۆڕکێییەکی تێدا نەبوو، تەنها ئەوکاتانەی کە دەرگایان دەکردەوە هەوا دەهات.

کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ زیندانییەکەی ژوورەکەم و لێیتێگەیشتم، کە ئەو سێ ساڵە لێرەیە. لەسەر دزی سزادراوەو هەروەها لە سەر فرۆشتنی حەب لە زیندانداً لەم مەحجەرەدایە. کاتێك پاسەوانەکان ویستویانە بیهێنن بۆ ئێرە ئەو لە باری کەیف خۆشیدا بووە، لە ئەنجامی حەب خواردندا خۆی بە گوێزان وای لە خۆی کردووە.من ئەوکاتە بەتەواوەتی لە گێڕانەوەکەی تێنەگەیشتم، وەك چۆن ئێستای ئێوەی خوێنەر تێناگەن، بەڵام دوایی کە لەناو زیندانییەکانی بەشی قورسدا ژیام بەباشی تێگەیشتم.باسەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:لێرە زیندانییەکی زۆر هەیە ئالودە(مدمن)ی ئەو حەبانەن کە

لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەری پزیشکی بەکاردەهێنرا وەکحەبە ئازار شکێنەکان یان حەبە هێورکەرەوەکان یاخود ئەو حەبانەی کە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان بەکاردەهێنرا. ئەمانە ڕۆژانە جارێك یاخود چەند جارێك بەکار دەهێنرا، بەبەردەوامی لە هەوڵی پەیداکردنی ئەو حەبانەدابوون و ئامادە بوون هەموو سەرکێشی و مەترسی و چۆکدادانێک بکەن لە پێناوی بەدەستهێنانیدا. لەگەڵ ئەوەی کاتێک مرۆڤ ماوەیەک بەردەوام بێت لەسەر ئەم حەبانە، زیانی دەروونی و جەستەیی زۆری دەبێت و مرۆڤ والێدەکات هەندێک ڕەفتار بنوێنێت، کە لە باری ئاساییدا نەیانکات.

بەشێك لەم حەبانە کەیف و خۆشیت پێدەبەخشێت، زیاد لەپێویست بڕوات بەخۆت دەبێت، وریاییت زیاد دەکات، وزەت بەرزدەکاتەوە، ئارەزووی تووندوتیژی جەستەییت زیاد دەکات، ئارەزووی خواردنت زۆر دەبێت، هەروەها لێدانی دڵت زیاد دەکات.بەشێکی دیکە گێژو خەواڵوت دەکات و قەسکردنت تێکەڵاو و ڕەفتارەکانت نەگونجاو دەبێت، فشاری خوێن دادەبەزێنێت.

هەندێکی دیکە لە زیندانییەکان پەنادەبەنە بەر هەڵمژینی سیکۆتین، یان ئەو مادانەی بۆ لابردنی بۆیاخ وەک(تەنەر) یاخود ئەو دەرمانانەی بۆ پاکژکردنەوەی ناوماڵ بە کاردەهێنرا یاخود گازۆلین، بەڵام ئەمانە هەر هەمووی ژەهرن و کاریگەریی خراپیان لەسەر جەستەو مێشك دەبێت.

مامەڵەکردن بەو حەبانەوە، بووبوو بە بازرگانی، زۆر کەس لە دەرەوەی زیندان و ناوەوەی زیندان وهەروەها بەشێك لە پاسەوانەکانیش تێوەگلابوون. ئەمەیش هۆکار بوو بۆ نەهامەتییەکی زۆری ژیان و گوزەران و باری تەندروستی دەروونی و جەستەیی بۆ ئەوانەی بەکاریدەهێنن، لەهەمانکاتدا بۆ ئەوانەیش کە بەکاری ناهێنن، لەبەرئەوەی نائارامی و کێشەی زۆری لێدەکەوتەوە بۆ زیندانییەکانی دیکە.سێ زاراوە بەکار دەهات، کە پەیوەندی بە بازرگانیکردنی حەبەوە هەبوو وەک(بەندرەچی) ئەمە وشەیەکی کۆنە و بەو بازرگانانە گوتراوە کە بە کۆمەڵ(جملە) شتیان فرۆشتووە، لێرە بۆ ئەوکەسانە بوو کە سەرچاوەی حەبەکەن.

(فەلاح)هەموومان دەزانین کە فەلاح واتە جوتیار، لێرە بەو کەسانە دەگوترا کە حەبەکانیان لە بەندرەچی وەردەگرت.

(جوندی) سەرباز ئەو کەسانە بوون کە حەبەکانیان دابەش دەکرد.دیاردەی بازرگانی

بەحەب لە بەشی سزای تایبەتی(سیاسی) نەبوو، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لەوێ حەب خواردن نەبووبێت.لێرە دیاردەیەکی دیکەش هەبوو ئەویش بەکارهێنانی گوێزانی ڕیش تاشین، لە کاتی شەڕکردن لەگەڵ یەکتریدا، یاخود بۆ بریندارکردنی جەستەی خۆیان.

هەندێک لە زیندانییەکان هەمیشە گوێزانیان لە گیرفانەکانیاندا هەبوو، یاخود لە ناو دەمیاندا دەیانشاردەوە. کاتێک پاسەوانەکان بێن و بیانبەن گوێزانەکەیان دەردەهێناو، بەگوێزانەکە دەکەوتنە جەستەی خۆیان و بریندارییان دەکرد. بۆ ئەوەی خۆێنی لێ بێت و پاسەوانەکان فریای لێدانیان نەکەون، لەجییاتی ئەوە ناچار بن بیانگەیەنن لای برینپێچ.

ئەو زیندانییەی کە لە ژوورەکەی من بوو، بەگوێزان وای لەجەستەی خۆی کردبوو، لەبەرئەوە ورگی و قۆڵەکانی و سنگی شەقشەق بوون.

بۆ ماوەی دە ڕۆژ لەگەڵ کاکەی سەرتاشراودا بووم، دوای ئەوەی سزاکەی تەواو بوو بردیان.لەو ماوەیەدا کە بەیەکەوە بووینزۆر لەیەکتری نزیکبووینەوە، بەڕاستی لە سەرەتادا من سڵم لێدەکردەوە، بەڵام دەڕۆژ لە یەك ژووردا کەم نەبوو بۆ ئەوەی دڵی خۆیم بۆ بکاتەوە.بەوە نەبوو کە لەسەر دزی دەستگیرکرابوو، هەروەها حەبخۆر و حەبفرۆش بوو، ئەو لەناخدا مرۆڤێکی ساکارو دڵپاك بوو وەك هەزاران قوربانی دیکەی دەستی(هەژاری و کومەڵگاو پەروەردەی خراپ و نەبوونی هۆشیاری خێزانی) بەندیخانەش بەناو جێگای چاکسازی بوو، لە ڕاستیدا ئەوێش وێستگەیەکی دیکەی تێکشکان و وێرانکردنی مرۆڤەکان بوو، کەسانێك لێرە بوون چەند جارێك ئازاد کرابوون و دەستگیرکرابوونەوە ودووبارە تاوانیان کردبووەوە. هەندێك خوشکی خۆیان کوشتبوو لەسەر ئەوەی خوشەویستییان کردووە، گوایە شەرەفی پاککردۆتەوە، کەچی خۆی لێرە بێڕەوشتی دەکات و شەرەفی خۆی ناپارێزێت.

هەر چەندە تۆێژەری کۆمەڵایەتی(باحث اجتماعي)لێبوو، بەڵام هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، تەنها ناوێك بوو.دوای پانزە ڕۆژ لەو ژووەرە، منیان برد بۆ قاوشێك پێیاندەگوت (رەدهەی٣).ئەو ڕەدهەیە دوو تەبەقە(قات)بوو، لە تەنیشتەوە حەوشەیەکی بچوکی هەبوو، بەڕۆژ دەرگای سەر حەوشەکەیان دەکردەوە، بۆ خواردن لێنان و جل شتن و هەڵخستنی وهەروەها هەندێک کاری دیکە.هەرچەندە ڕەدهەکە جێگای شەست زیندانی بوو، بەڵام دووسەد زیندانی تێدابوو. زۆربەی زیندانییەکان لەسەر کوشتن و دزی سزادرابوون، هەندێك لەسەر دەستپیسی(ئیختلاس) و هەروەها کەسانێکی لێبوو لەسەر دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کەسانی نزیکی خۆیان(محرمات) دەستگیرکرابوون.

لەم ڕەدهەیە ئەم ناوانە لەسەر سیاسەت سزا درابوون(کامەران، تاریق، بەختیار، عوسمان خەڵکی سلێمانی بوون، عارەب و قادر خەڵکی هەولێر بوون).خۆی لە بنەڕەتدا بەشی قورسی ئەبوغرێب جێگای زیندانی سیاسی نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی بارودۆخی بەشی سیاسی تەواو نەبوو، ژمارەیەک لە زیندانییە سیاسییە کوردەکان دوای دەرچوونی

سزاکەیان هێنابوویانن بۆ بەشی قورس(ثقیلە) وهەروەها منیش وەک سزادان لەوێ بووم.ئەو برادەرانەی ناویانم هێنا بەپێی توانایان یارمەتییان دەدام،کورێکی گەنجی ئێزیدی بە ناوی خەیری لەسەر دوژمنایەتی پیاوێکی کوشتبوو، ئەو هەمیشە ئامادەبوو کە یارمەتیم بدات و زۆر هۆگرم بوو بوو. كاك كامەران دەیگوت چ زوو كردت به شیوعی، ئەگەر هەڵامەتیش بوایە سێ ڕۆژی دەویست.

من لێرە هیچ شتێکم نەبوو تەنها سەرینێک و بەتانییەك نەبێت، هەروەها جێگاشم نەبوو بۆ نووستن دوای کاتژمێری دەی شەو تاکو شەشی بەیانی، بۆم هەبوو بەتانییەکەم لەبەردەم دەرگای چوونە دەرەوە ڕابخەم. بەهۆی شەڕ و ئاژاوەوە بە درێژایی شەو چەند جارێک دەرگاکە دەکرایەوە، پاسەوانەکان دەهاتن و زیندانییان دەهێناو دەبرد. دەبوایە هەموو جارێك من هەڵسم، ئەگەر بەڕۆژ ئەو برادەرانە یارمەتییان نەدامایە لەسەر جێگاکانیان پشوویەک بدەم ئەوا دەبوایە بەپێوە بوەستم.باشترین دزو گیرفانبڕی عێراق لەوێ بوون، بەدەردی کورد دەڵێت کل لە چاو دەفڕێنن. دەکرا هەموو شتێك بدزرێت، خواردن زۆر کەم و خراپیش بوو، بۆیە ئەگەر خواردنێکت دروستبکردایە دەبوایە یان بەدیارییەوە بیت یاخود یەکێک دانێیت بە دیارییەوە ئەگینا بە مەنجەڵەکەوە دەدزرا.

زیندانییەکان چەند گرووپێک بوون، بە پێی ناوچە یاخود پارێزگا، بەبەردەوامی لەسەر حەبفرۆشتن و گەنجی جوان لە پێشبڕکێدا بوون.

ڕەگەزبازییدیاردەیەکی بڵاو بوو، تەنانەت کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا، جاری وا هەبوو گەنجێکی جوان هێشتا نەگەیشتبووە ئێرە کڕدرابوو یان فرۆشرا بوو. زۆربەیجار لەسەر ئەو مامەڵانە شەڕ لە نێوان عەسابەکانی زیندانداا دروست دەبوو. زیندانییەك هەبوو ناوی عادل زڵێخە بوو، هەر چەندە کوردیی بەباشی نەدەزانی لەبەر ئەوەی لە بەغداد گەورە بووبوو، بەڵام خۆی بە کورد دەزانی. شەقاوەی بەندیخانەکە بوو، هەر لەسەرەتاوە پێیگوتم هەرکەسێك بێت بەلاتدا پێمبڵێ، تۆ لەژێر پارێزگاری مندایت. لەڕاستیدا کەس لەزیندانییەکانشەڕیان بە ئێمەی سیاسی نەدەفروشت بگرە ڕێزشیان لێدەگرتین.ڕێژەیەکی کەم لە زیندانی هەبوو هەڵگری بڕوانامە بوون، ئەوانە بە هۆکاری جۆراوجۆر کەوتبوونە ناو زیندانەوە.

هەندێک لە کەسوکاری زیندانییەکانپێشەیان دزیکردن بوو، بۆیە کەسوکارەکانمان دەبوایە زۆر ئاگاداری خۆیان بن،ئەوکاتانەی کە دەهاتن بۆ سەردانیمان. جارێک لە کاتی هاتنە ژوورەوەی کەسوکارم لە قەڵەبالغییەکەدا، تاکی گوارەی گوێی تانیای خوشکمیان فڕاند، گوێشی بریندار بوو بوو.لە بەشەکانی ڕەدهە و هۆڵەکانی دیکە ژمارەیەك زیندانی سیاسی لێبوو، بەڵام یەکتریمان نەدەبینی، گوایە جاران هەموو زیندانییەکان لە گۆڕەپانە گەورەکەی بەندیخانە، تێکەڵاوی یەکتری دەبوون، بەڵام لەو کاتەدا دەرگاکان نەدەکرانەوە.

-٧٨-

مانگی حەوتی١٩٩١دانوستان(مفاوەزات) لە نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی سەدام هەبوو. هەموو هەواڵەکان بەو شێوەیە بوو کە هەر دوولا گەیشتوونەتە ڕێککەوتن، تەنها لەسەر ئەوە ماون کە ڕێککەوتنەکە واژۆ بکەن، بەڵام لە کۆتایی مانگی ئابەوە بێدەنگی لەسەر ئەم بابەتە دروست بوو، بێ ئەوەی هیچ لایەک بە ئاشکرا کشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت. دەنگێکی وا هەبوو کە ئەمریکا فشاری خستووەتە سەر یەکێتی و پارتی کە ڕێکنەکەون، چونکە ئەوان نیازی گۆڕینی سەدامیان هەیە و کاردەکەن بۆ لاوازکردنی، ئاخر ئەو ڕێککەوتنە سەدام بەهێز دەکات.

بێگومان هەر ڕێککەوتنێك هەبێت ئەوە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان مەرجێکە یاخود خاڵێکە لە ڕێککەوتنەکە بۆیە ئێمەیش ئومێدێکمان بە ئازادکردنمان هەبوو.ڕۆژانە چاودێریی هەواڵ و بابەتەکەمان دەکرد.

ڕەوشی زیندان لە خراپەوە بەرەو خراپتردەڕۆیشت، پولیس و پاسەوانەکان کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بوون، هەر هەموویان گۆڕدران بۆ ئاسایش. مولازم عیماد کە کاتی خۆی ئەفسەری سیاسی ئاسایش بوو لە بەشی تایبەتی(خاسە)، بوو بە لێپرسراوی ئەمنی ئێرە. ئەو حەزی لە ڕوخساری من نەدەکرد، منیش بەهەمان شێوە.

لە نیسانی١٩٩١لە بەشی تایبەتی ئەبوغرێب مولازم عیماد سەید حوسێن و سەید حەسەن(ئەبوزەهرا) کە چاودێرو نوێنەرو مەرجەعی زۆربەی زیندانییە شیعەکان بوون، بانگیان دەکەن و پێیان ڕادەگەیەنن کە وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئەوکاتە(ئومێد مەدحەت موبارەک) دێت بۆ بەسەرکردنەوەی زیندان و قسە بۆ زیندانییەکان دەکات. لەبەرئەوە دەبێت هەموو زیندانییەکان بڕۆنە ژوورەکانیان، بەڵام سەید حوسێن وای بەباش زانیبوو کە زیندانییەکان لە گۆڕەپانی زیندانەکەدا کۆببنەوە و وەزیر لە سەربانەکەوە قسەیان بۆ بکات. کاتێك وەزیر لە سەربانەوە قسەیان بۆ دەکات، زیندانییەکان دەیکەن بە هات و هاوار و سەڵەوات لە پێغەمبەرو ئالی بەیت. ئەو ڕەفتارە وەزیر تووڕە دەکات، داوا لە زیندانییەکان دەکات بڕۆنەوە ژوورەکانیان، بەڵام زیندانییەکان قسەی نەشیاوی

پێدەڵێن و چڕتی بۆ لێدەدەن و ناشچنە ژووڕەوە. لەبەرئەوە هێزێکی زۆر دەهێنن و جارێکی دیکە داوا لە زیندانییەکان دەکەن بڕۆنە ژووڕەکانیان، بەڵام کەس بەقسەیان ناکات.بۆیە هێزەکە دەستدەکات بە گولە بارانکردنی زیندانییەکان لە ناو گۆڕەپانەکەدا ئیتر ڕاکەڕاك دروستدەبێت، ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییەکان دەکوژرێن و بریندار دەکرێن۷۳ زیندانیش دەگوازرێنەوە بۆ بەشی لە سێدارەدان(قاطع الاعدام) وهەروەها ۳۵۰ زیندانی بۆ بەشی سوك(خەفیفە) لەکۆتاییدا بەشێك لەوانەی بەشی سێدارە دەهێننەوە، دوای ئەوەی ژمارەیەکیان لەسێدارە دەدرێن و ژمارەیەك لە بریندارەکان لە نەخۆشخانە گیان لەدەستدەدەن. لەم ڕووداوەدا زیاتر لە پەنجا زیندانی گیان لەدەستدەدات.

مانگی دەی۱۹۹۱هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە هەموو زیندانییەکانی بەشی سیاسی بەندیخانەی بادوشیان گواستۆتەوە بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب، بۆ بەشی سوك(خەفیفە). بەبێئەوەی پێشوەختە ئاگاداریان بکەنەوە بە شێوەیەکی زۆر پەلە و خراپ بەپێچەوانەی گواستنەوەمان بۆ بادوش.وەك چاوەڕێ و پێشبینیمان دەکرد لێبوردنێك دەرچوو، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێك ڕابگەیەنرێت لە سەرەتای مانگی یەکی ۱۹۹۲دا جێبەجێکرا، ناوی هەموو سزادراوە سیاسییەکانیان خوێندەوە بە تەنها ناوی من نەبێت.

هاوڕێ هیوا ڕەش کە لە پیشمەرگایەتییەوە یەکتریمان دەناسی، ئەوکاتە ئەویش لەو زیندانەی من بوو، بەڵام لە بەشێکی دیکە ناوی ئەویشیان خوێندبووەوە، پێش ئەوەی بڕوات بۆ ئەو شوێنەی کۆیاندەکەنەوە، بۆ دڵنیابوون لە ناوەکانیان و قسەیان بۆ بکەن هات بۆ لای من و لە پشت شیشبەندی دەرگاکەوە قسەی بۆ دەکردم و هەوڵی ئەوەی دەدا کە دڵنەوایم بداتەوە، ئەو خەمباریی خۆی بۆ دەربڕیم کە لێبوردنەکە منی نەگرتۆتەوە. زۆری پێنەچوو جارێکی تر هاتەوە، گوتی خەمت نەبێت بەجێت ناهێڵم ناوی منیشی تێدا نییە، ئینجا من دڵی ئەوم دەدایەوە، گوتم چی بوو؟ گوتی ناوەکانیان خوێندەوە و ناوی منی تێدا نەبوو، زۆری پێنەچوو جارێکی دیکە هاتەوە گوتی هاتوون بەدوامدا و ناوی منیشی تێدایە، منیش جارێکی دیکە پیرۆزبایم لێکردەوە، بەڵام ئەو زۆر غەمبار بوو بۆمن، من تەنها سیاسی مامەوە لێرە.

-٧٩-

باوکم هەموو جارێك بە ئێمەی دەگوت هەموو کارێك پێش ئەوەی دەستپێبکەیت وەک شێر وایە(گرانە)، بەڵام کە دەکەویتە ناو کارەکەوە ڕێوییە(ئاسانە). ئەو لێبوردنەی کە پێشتر ئومێدم پێی هەبوو ئێستا بێئومێد بووم لێی.ڕۆژێم هەر دوو سێ ساڵ جارێك لێبوردنێکی دەردەکرد بە تایبەتی بۆ کورد. زۆر کەم بوون ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆر لە زیندانیا دەمانەوە. ئەو زیندانییانەش بێئومێد بوون کە لێبوردن نەیدەگرتنەوە، ئەوانەی کە بە مادە یاساییەکانی تاوانی سیخوڕی سزادرابوون، هەر چەندە ئەوەی سیخوڕی تەواو بوایە لە سێدارە دەدرا، بەڵام هەندێك کەس گومان یاخود لێکدانەوەی سیخوڕیان بۆ دەکردن بۆ نمونە هەرکەسێك سەر بە بەعسی سوریا بوایە بە سیخوڕیان دادەنا، لەبەرئەوە نەتدەزانی کێ بەتەواوەتی سیخوڕە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی بەو تاوانە سزا درابوون نەدەگەیشتنە ٦٠ زیندانی.

من بە مادەی ١٥٧ سزادرابووم، ئەم مادەیە ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە بەشدار بوون لە شەڕی چەکداری دژی ڕژێم. ئەو کەسە لە مادەکەدا بە(مخرب) ناوی هاتبوو، لەبەرئەوە هەر پێشمەرگەیەک دەستگیر بکرایە بەو مادەیە سزا دەدرا.

لەهەر بڕیارێکی لێبوردندا کۆمیتەیەکیان دروستدەکرد بۆ جێبەجێکردنی ئەو کومیتەیە بە پێی بڕگەکانی لێبوردنەکە کاریان دەکرد لەگەڵ ڕێنماییەکانی لێبوردن. من نەمدەزانی بۆ ئەم لێبوردنە منی نەگرتەوە!! لەگەڵ ئەوەی لەخودی بڕگەکانی لێبوردنەکەدا هیچ ئاماژەیەك نەبوو بۆ ئەوەی مادەی ١٥٧ نەگرێتەوە. من بە تەنها گومانی ئەوەم هەبوو کە تێبینم لەسەر هەبێت،بەڵام لە دواییدا کە منیان بردەوە بۆ بەشی تایبەتی(خاسە) بۆم دەرکەوت کە ژمارەیەك لە زیندانییەکان وەك من بە لێبوردنەکە ئازاد نەکراون و لە بەشەکانی تردا باسیان دەکەم.

گومان لەوەدا نییە، کە بۆ من ناخۆش بوو کە ئازاد نەبووم بەو لێبوردنەی کە (٦٠٠٠) زیندانی سیاسی پێئازادکرا نیزیکەی (٤٥٠) زیندانیکراوی وەك من بە مەرسومی کۆماری لە سزای سێدارەدانەوە دابەزیبوون.



وێنەیەکی باوکم، عەزیز حاجی کەریم

وتەکەی باوکمم هێنایەوە بیر خۆم هەر زوو خۆم ڕاهێنایەوە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بەخۆمم دەگوت لەبیرت چوو کە لە ژووری مەرگدابوویت(قاطع اعدام) تەنها ئاواتت ئەوە بوو بە دیداری کەسوکارت شاد بیت، پێش لەسێدارەدانت یان گەیشتنی وەسیەتنامەکەت دایەوە دەستیان یاخود لە کاتی ئەشگەنجەداندا تەنها خواستت ئەوە بوو بتوانیت خۆڕاگر بیت و ناوی کەس نەدرکێنیت بەم بەراوردکردنە هێزم دەدایەوە بەرخۆم و نەمدەهێشت خەمۆکی باڵی بەسەرمدا بکێشێت.

ئێوارەیەك کۆیانکردینەوەئەفسەرێکی ئاسایش هات و گوتی بەشەکانتان پاکبکەنەوە بەیانی کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان(UN) سەردانی بەندیخانە دەکات، ئاگاتان لەخۆتان بێت کە هیچ شتێکی خراپ نەڵێن لە کاتی قسەکردندا. ئەوان

چەند کاتژمێرێك لێرە دەبن و دەڕۆن، بەڵام ئێمە و ئێوە پێکەوە دەمێنینەوە ئەوان فریاتان ناکەون، بەڵام هەتاکو ئەتوانن باسی کەمی خواردن بکەن(ئەمەشیان لەبەرئەوە بوو بڵێین، گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکەکە هەیە، بۆ ئەوەی ئەوانلە ڕاپۆرتەکەیاندا بینووسن).

بۆ بەیانییەکەی دەرگای ئەو گۆڕەپانە گەورەیەیان کردەوە، کە لەوکاتەی من لەوێم نەکراوەتەوە و دەرگایان لە زیندانییەکانی هەموو بەشەکان کردەوە، بۆ ئەوەی بچنە ناو گۆڕەپانەکەوە. من بەدرێژایی شەو بیرم لەوە دەکردەوە، چۆن چاوم بە کۆمیتەکەی مافی مرۆڤ بکەوێت، بڕیارم دابوو کە بە هەر شێوەیەك بێت دەنگی خۆم بگەیەنمە لایان.

لە گۆڕەپانەکەدا پیاسەم دەکرد لە بڵندگۆی(مکبرە) زیندانەوە گوێم لە ناوی خۆم بوو، داوای دەکرد بڕۆم بەرەو بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکە، هەروەها چەند پاسەوانێك لە گۆڕەپانەکەدا بەدوای منداە دەگەڕان کاتێك منیان دۆزییەوە لەگەڵ خۆیان بردیانم.

-٨٠-

پاسەوانەکان منیان بەرەو بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکە برد، لە ڕێڕەوەکەدا مولازم عیماد لەگەڵ دوانی دیکە چاوەڕێیان دەکردم، لە ڕێگا بۆچوونم وابوو کە ڕەنگە من لە شوێنێك دابنێن بۆ ئەوەی چاوم بە لیژنەکەی مافی مرۆڤ نەکەوێت.مولازم عیماد بەتەوقەکردن پێشوازیی لیکردم و گوتی ها ڕزگار چۆنی؟ ئینشاڵا باشیت، ئەو بەردەوام بوو لە قسەکردن و گوتی جەماعەتی مافی مرۆڤ دەیانەوێت بتبینن خۆت دەزانیت پێوستە چی بگوترێت و چی نەگوترێت. ئەمانە دژی وڵاتەکەماننبۆیە پێوستە هەموومان بەرگریی لەوڵاتەکەمان بکەین، ڕاستە تۆ زیندانیت، بەڵام هەر هاوڵاتییەکی عێراقیت، سەرۆك خودا بیپارێزێت دڵی گەورەیە، دوایی ئێمە ڕاپورتێکی باشت لەسەر دەنووسین.

دوای ئەم قسانە منی برد بۆ ژوورەکەی خۆی، دوو پیاو و دوو ژن دانیشتبوون، یەکێك لە پیاوەکان پێوەی دیار بوو کە ئەوروپییە، یەکێك لە ژنەکانیش ئەسمەر بوو لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دەکرد. ئەوان هەستانە سەر پێ و بەخێرهاتنی منیان کرد، مولازم عیماد بە زمانی عەرەبی بە ژنە ئەسمەرەکەی گوت، دەتوانن ئازادیی خۆتان وەرگرن و لێرە دانیشن. ژنەکە بە زمانی ئینگلیزی قسەکانی مولازم عیمادی وەرگێڕا بۆ پیاوە ئەوروپییەکە، وادیار بوو ژنە ئەسمەرەکە وەرگێڕبێت، شێوازی زمانی عەرەبییەکەی لە فەلەستینی یان ئوردونی دەچوو. دوای ئەوە پیاوە ئەوروپییەکەش قسەی بۆ وەرگێڕەکە کرد، ئەویش بە مولازم عیمادی گوت ئێمە پێمان باشە لەو شوێنە دانیشین کە پێدەڵێن شانۆ(مسرەح) من ئەو پێشنیارەم زۆر پێباش بوو کە شوێنێکی دیکەیان هەڵبژارد، چونکە ئەگەری تۆمارکردنی دەنگەکانمان هەبوو، ئەگەر بهاتایە و لە ژوورەکەی مولازم عیماد دیدارەکەمان سازبکردایە.

ئیمەیان برد بۆ هۆڵێك لە نەخشەی بنەڕەتی بەندیخانەکەدا، بۆ نمایشی شانۆگەری دیاریکرابوو، هەموو بەشەکانی ئەبوغرێب لە ئەوجۆرە شانۆیەیان تێدا دروستکرابوو، بەڵام بۆ کاری دیکە بەکار دەهات، چەند ڕیزێک مەستەبەی دانیشتنی بە چمەنتۆ بۆ دروستکرابوو، ئێمە لەناوەندی هۆڵەکەدا و دوور لە دەرگاکان دانیشتین.

وادیار بوو ئەوان دڵنییابوون لەوەی کە من ڕزگارم و هەروەها زانیارییان هەبوو تەنانەت لەسەر ڕووخساریشم، چونکە هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردم بۆ دڵنیابوون لە ناسنامەکەم. لەدواییدا زانیم کە پێش ئەوەی بێن بۆ بەغداد، سەردانی کوردستانیان کردبوو لەوێ چاویان بەو زیندانییانە کەوتبوو کە بەڵێبوردن ئازاد کرابوون.لە دوای پەلاماردانی کوێت لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە و کشانەوەی لەوێ بە دەیەها بڕیار لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دژی عێراق دەرچوو بوو، یەکێك لەوانە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بوو لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە. ماوەیەکی زۆر بوو داوایان لە ڕژێم دەکرد ڕێگا بە کۆمیتەکانی مافی مرۆڤ بدات سەردانی عێراق بکات، بەڵام ڕژێم ڕێگای نەدەدا لەمکاتەدا ڕژێم ناچاربوو ڕەزامەندی دەربڕێت. ئاخر بۆ ئەوەی هەندێك لەو گەمارۆ ئابووریيەی لەسەریەتی کەم بکرێتەوە. دەوڵەتی کوێتهەوڵێکی زۆری دەدا کە لە ڕێگای ئەمریکاوە چارەنووسی(٦٠٩) هاوڵاتی کوێتی بزانێت کە دوای دیلکردنیان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بێسەروشوێن بوون.

ژنە ئەسمەرەکە گوتی ئێمە کۆمیتەی مافی مرۆڤین سەربە(UN)و ئاماژەی بۆ پیاوە ئەوروپییەکە کردوو گوتی ئەمیش بەڕێز ماکسە، بڕیاردەری نێودەوڵەتی تایبەت بە

مافی مرۆڤە(ماکس فاندر شتویل، کە پێش ئەمکارەی لە UN وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا بووە.

دەستیانکرد بە پرسیارکردن پێش ئەوەی من وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە، گوتم لە باجەکانتاندا دیارە سەر بە(UN)ننهەر چەندە زۆر دڵنیانیم، بەڵام دەرفەتێکی وا هاتووە نامەوێت لەدەست خۆمی بدەم. بۆ ئەوەی ڕاستییەکان و پێشێلکردنی ڕژێم بۆ مافی مرۆڤ بگاتە هەموو جیهان.هەر چەندە من دڵنیام لەوەی ئەم زانیارییانەی من دەیدەم بە ئێوە ئەگەر دەزگاکانی ڕژێم پێی بزانن باجەکەی لەدەستدانی ژیانمە.ئەوپرسیارانەی کە ماکس دەیکرد لە ڕێگای ژنە وەرگێڕەکەوە من وەڵامم دەدایەوە ژنەکەی دیکە دەینووسی. ماکس گوتی کە قسە دەکەیتەوڵبدە دەستەکانت نەجوڵێنیت، نەوەکو کەسانێك هەبێت چاودێریمان بکەن و شارەزاییان هەبێت لە ڕێگای جوڵانەوەی دەستەکانت و لێوتەوە تێبگەن کە تۆ چیدەڵێیت.

هەرچی پرسیارێکیان هەبوو وەڵامم دانەوە و هەرچی زانیارییەکم هەبوو وە بەگرنگم دەزانی بەبێ ئەوەی ئەوان پرسیاربکەن پێم ڕاگەیاندن.

پێش دە ڕۆژ زیندانییەکی بەشی قورس کە کاری بۆیاخچێتی دەکرد، هات بۆ لام لە شیشبەندی دەرگای ڕەدهەکەمەوە قسەی لەگەڵ کردم و نامەیەکی هاوڕێ نەبەزی دامێ، کە لە بەشی سوك(خەفیفە)بوو، گوتی ببورە نەبەز پێش ئازادبوونی ئەم نامەیەی بەدەستی من بۆ تۆ ناردووە، بەڵام نەمتوانی کاتی خۆی بیگەێنمە دەستت لەبەرئەوەی لە گیرفانی جلی کارکردنەکەمدا بووە و جلەکانم لە بەشی لە سێدارەدان(قاطع ئعدام) بەجێهێشت بوو. ئێستا دەرفەتم بۆ ڕەخسا کە بیانهێنمەوە گوتم چۆن هێشتیان بڕۆیت بۆ ئەوێ؟ گوتی ئێستا ئەوێیان چۆڵ کردووە، زیندانییەکانیان گواستۆتەوە بۆ شوێنێکی دیکە ئێمەیان برد بۆ ئەوەی بۆیاخی بکەین و خەڵکێکی دیکە ئەو پلێتانەیان پێ لابردن کە پەنجەرەکانیان پێ داپۆشی بوو تەنانەت ڕەنگی بۆیاخەکەشیم لێپرسی.

من ئەو زانیارییانەشم پێگەیاندن کە بەڕێکەوت دەستم کەوتبوو، گوتم ئەگەر بڕۆن بۆ بەشی لەسێدارەدان کەس لەوێ نابینن، چونکە چۆڵکراوە و زیندانییەکانیان گواستۆتەوە و شوێنەکەشیان تازە بۆیاخ کردۆتەوە و بەم ڕەنگە، پەنجەرەکانی بە پلێت داپۆشرا بوو ئێستا پلێتەکانیان لابردووە.

گوتیان ڕاستە، ئێمە سەردانی ئەوێمان کردووە بەو شێوەیە بوو کە تۆ باسی لێوە

دەکەیت پرسیاریان لێکردم دەربارەی زیندانییەکی ئێزیدی بە ناوی خودێدا، من هیچ زانیارییەکم لەسەر ئەو نەبوو، لەدواییدا زانیم کە خودێدا نەخۆشی گورچیلەی هەبووە و چارەسەرنەکردنی بووەتە هۆی کۆچکردنی.دیدارەکە کاتژمێرێك زیاتری خایاند، دوای تەواو بوونی هەستم بە ئارامییەکی زۆر دەکرد وەکو باربێکم لە سەر پشت بووبێت و دایگرمههەر چەندە نازانم چ چارەنووسێک چاوەڕێم دەکات لەگەڵ ئاسایشی زیندان.

-٨١-

ئەو ڕۆژە کەس لێینەپرسیمەوە بۆ ڕۆژی دوایی ناردیان بەشوێنمدا، لە ڕێگا زیاتر بیرم لەو وەڵامانە دەکردەوە کە بۆ پرسیارە ئەگەرەکانی مولازم عیماد ئامادەم کردبوو. بردیانم بۆ ژوورێك لەسەری نووسرابوو بەڕێوەبەر، سێ کەسی لێبوو بە جلوبەرگی سڤیلەوە دانشتبوون گوتیان ئێمە لە ئاسایشی گشتییەوە هاتووین بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێك بنووسین لەسەر چاوپێکەوتنەکەت لەگەڵ کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ، گوتم فەرموون پرسیار بکەن بۆ ئەوەی منیش وەڵامتان بدەمەوە. یەکێکیان گوتی خۆت لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی بۆمان باسبکە منیش هەموو ئەو پرسیارانەی ئەوان کە لە منیان کردبوو، بۆم باسکردن، بەڵام وەڵامەکانی خۆمم گۆڕی، بە شێوەیەک بە دڵی ئەمان بێت یاخود هەندێک پرسیار بە نازانم وەڵامم داوەتەوە. وادیار بوو بڕوایان بە چیرۆکەکەم کردبوو، منیان ناردەوە بۆ ڕەدهەکەم.چەند مانگێک لە شوێنەکەی خۆم مامەوەو جێگاشم نەبوو، خەیری ئێزیدی نەبوایە حاڵم شڕ بوو.

لە نووسینێکمدا لە زیندان بەم شێوەیە باسی بەشی قورسی ئەبوغرێبم کردبوو:-

ئەگەر ئەپرسی لە بەندیخانە
بۆت دەگێڕمەوە حاڵ دانە دانە
بەیانیان تعداد، بەکێبل کاری
ئەمە هەر باشە نەك مەحجەرکاری
تف و جمێن و شەق، زلەش لە بانی
ئەمە لەجیاتی وەرزشی بەیانی
لەڕۆژێك تەنها یەك ژەممان هەیە
گوایە خواردنە بەس خواردن نییە
ئەوەی کە دەیخوات نازانێت چییە،
پاسەوانەکان زۆربەی هەرەزەکارن
خوێڕی و ڕاهاتووی مروۆ ئازاردان

گیانداریٚك هەیە، تەختە کاڵوسە
دەڵێ سیخورِە دایم گەڕۆکە
بەزەیی نایەت بەدیلی برسی
شەو تا بەیانی خوێنمانی دەمژی
لە خەومان دەکات، ئاراممان دەبڕێت
هەندێک کەس هەیە عەوداڵی حەبن
لەحەب خراپتر قوماریش هەیە
ڕەنگە بپرسی حەب گوایە چییە
حەب لێرانە ڕۆڵی خۆی هەیە
قوربانی زۆرە و خەباتی هەیە
پیشەی دزێتی لێرە زۆر باوە
ئاگات لێنەبێت کارت تەواوە
دزی واهەیە پێت دەڵێت چۆنی

لەپڕ دەبینی گیرفان بەچۆڵی
کاری تر هەیە ناوی ناهێنم
چونکە شەرمەکەم لە ناوهێنانی
ئەمە بەکورتی باسی هەندێکی
ئەوانەی دیکەی بۆ جارێکی تر
بەڵام گوڵەکەم خەفەتی ناوێ
تاخاوەن تۆبم، هیچی دیکەم ناوێ
ڕاستە کە جەستەم وا لە زیندانە
بەڵام بیرو هۆش هەر لای ئازیزانە
بادەستەکانم پێوەند بیبەستێ
بیری ئازادم شیشبەند نایبەستێ
هیچ بەندیخانە و ئێش و ئازارێك
ئێوە لە دڵما دەرناکات جارێك
تاژیان مابێت هیوا دەمێنێ
لەدوای ئەمڕۆمان ڕۆژگاری تر دێ
بابەندیخانە ڕەشی بنوێنێ
ئاسۆمان ڕوونە سپی دەنوێنێ
منیش بە هیوای ئەو ئاسۆ ڕوونەم
ئەورۆژەی کەوا وەفا بنوێنم
ڕۆژانی دووریت لەیاد نەهێڵم
ئەوسا پێکەوە ژیان خۆش دەبێ
بەرهەمی سەختی من و تۆ دەبێ

لەهەموو گرتووخانەکان ئەسپێ هەبوو و هەروەها زۆبەی زیندانییەکان ئەگەر ڕۆژێك لە ژیانیاندا ئەسپێیان نەبووبێت ئەوا ناوی ئەسپێیان بیستبوو. من بۆ خۆم لە یانزە ساڵی پێشمەرگایەتیمدا هیچ زستانێك بێ ئەسپێ نەبووم، بەڵام لێرە زیندەوەرێکی دیکە هەیە کە پێیدەڵێن(تەختە کالوس) ناوە زانستییەکەی(Bed bugs) کێچی ناوجێ(بق الفراش) زیندەوەرێکی بچوکە و ڕەنگێکی قاوەیی سورباوی هەیە، بەشەوان و لە تاریکیدا دەگەڕێت

و خوێن دەمژێت، دوای خوێن مژینەکەی شوێنەکەی بە سی چرکە سوردەبێتەوە و دەست بە خورانێکی زۆر دەکات. خۆی لە ناو درز و کوندا دەشارێتەوە، لە قەرەوێڵە و تەختە و کارتۆن و جێگاکانی دیکەدا.بوونی ئەمجۆرە زیندەوەرەئەشکەنجەدانێکی دیکەی شەوانە بوو لە نووسینەکانی داهاتوومدا زیاتر لەسەر ئەم مێردزمەیە دەدوێم.

لە بەرواری ١٩٩٢/٣/٤ هاتن بۆ ڕەدهەی ٣ کە منی لێبووم، گوتیان یەك چارەکە سەعاتت لەبەر دەستدایە خۆت کوکەرەوە ئەگواستڕێیتەوە بۆ بەشێکی دیکە. لە ڕاستیدا منیش دەستکەوتم هەبوو لە لێبوردنەکە، سیاسیەکانی دیکە لەم ڕەدهەیەی من بوون و ئازاد کران و کەلوپەلەکانیان بۆ من بەجێهێشتبوو، منیش زۆربەیم دابەشکرد بەسەر ئەو کەسانەی کە پێوستیان پێبوو، بەڵام هەندێکی مابوو بە خەیریم گوت خۆت ئەمانە دابەشبکە بەسەر ئەوکەسانەی کە پێویستیانە خەیری بێتاقەتی زۆری پێوە دیار بوو لەڕاستیدا دەگریا، هاتن منیان برد.

ئۆتۆمبیلەکە لەبەردەم دوو دەرگا ئاسنە گەورەکەی تاوەری پاسەوانی زیندانی بەشی تایبەت(خاصە)ی لەسەربوو وەستا، دەرگایان کردەوە و چووینە هەمان ئەو گۆڕەپانە بچوکەی کە یەکەمجار منیان لە بەشی لەسێدارەدانەوە گواستەوە بۆ ئێرە. منیان برد بۆ بەشێك پێیاندەگوت(ق٢) واتە (قسمی٢)(بەشی٢) هەر ئەورۆژە هەموو ئەو زیندانییە سیاسیانەی کە لە بەشی سوك(خەفیفە)وە هێنایانن‌ەوە بۆ ئەم بەشە، دابەشیانکردن بەسەر(ق١ و ق٢)دا نزیکەی ١٢٠ زیندانی لەدوای لێبوردنەکەوە لێرە مابوون، بەهەموومانەوە لەو کاتەدا نزیکەی٢٥٠زیندانی دەبووین دابەشیانکردین بەسەر ئەو دوو بەشەدا. هەر بەشەی ٢٠ ژووری تێدابوو، ڕووبەری زۆربەی ژوورەکان ٤بۆ ٥ مەتر دەبوو، بەردەمی هەر ژوورێك شیشبەند و دەرگایەکی هەبوو. ژوورەکان قەرەوێلّەی تێدا نەبوو هەر ژوورەی (٧ تا ٨)زیندانی تێدابوو، بەشەکانی دیکە هەر هەموویان چۆڵ بوون.

ئەو ڕۆژە بۆ من بە قەدەر لێبوردنێك خوشبوو، پێش هەموو شتێك ڕزگارم بوو لە دۆزەخی بەشی قورس(ثقیلە)وەهەروەها شادبوونەوەم بە هەندێک لە هاوزیندانییەکانم. ئیتر جێگایەکم هەیە و بە ئارەزووی خۆم بە کاری دەهێنم، بە ئارەزووی خۆمان دەچین بۆ سەرئاو و خۆمان دەشۆین، ئەمەش دەستکەوتی گرنگ بوو بۆ من.

هەوڵدەدەم ناو و پێناسەی هەندێك لەو زیندانییانە بکەم کە لەو بەشە بوون:-

ئۆدیش ئەو گەنجە کرستیانە بوو کە لەوەوپێش باسم کردبوو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان تووشی نەخۆشی دەروونی ببوو، بەداخەوە ئەو لەوێ مابوو. بە هەموو پێوەرێکی مرۆڤایەتی و یاسایی جێگای ئەو زیندان نەبوو، ئۆدیش لەکاتێکدا خواردن زۆر بوو تێربوونی نەبوو، لەو قەیرانی بێخواردنییەدا چۆن گوزەران دەکات. زۆربەی گەلی عێراق برسییان بوو، تەنانەت پاسەوانەکان چاویان لە دزینی بەشە خۆراکی ئێمە بوو، بەڕاستی ئەگەر عەزیز لازاری هاوزیندانیمان نەبوایە، کە خزمەتی ئۆدیشی دەکرد باری ئۆدیش زۆر خراپ دەبوو. عەزیز لازار خەڵکی دەقەری دهۆك بوو، ئەگەر هەڵە نەبم تاکە پێشمەرگەی پارتی گەل بوو لە زیندان، کەسێکی گورجوگوڵ و خۆشەویست بوو،

ئۆدیش

هەمیشە لە خزمەتی هەموواندا و جێگای متمانە بوو.

ئەو زیندانییەی کە دەیگوت من محەمەدی مەهدیم لەوێ مابوو، نزار جەلال سەعاتچی، ڕێبوار عومەر عوسمان، کامەران عەبدوڵا، ئەسفەندیار محەمەد، بورهان ڕەئوف ڕەحمان،ئەم پێنج لاوە خەڵکی سلێمانی بوون و تەمەنیان لە ژێر هەژدە ساڵەوە بوو، کاتێك دەستگیر کرابوون لەسەر یەکێتی، ئەوانیش لەوێ مابوون.ساڵح شارەزووری پێشمەرگەی سوشیالیست، کوڕیکی هێمن و لەسەرخۆ، خاوەن ڕەوشتێکی بەرز بوو لە ئاسایشی سلێمانیش ماوەیەك بەیەکەوە بووین لێرەش هەردووکمان لەیەك ژووردا بووین.

جەلال حەسەن ڕەشۆ، ئەمین ئیسماعیل، تەمر شەمدین تەمر، جومعە حاجی دەرویش ئیزیدی، پێشمەرگەی پارتی بوون هەتا بڵێیت نمونەی کوردایەتی و یەک ڕیزی بوون. هەر دوو برا شێخ سولەیمان بەحری و شێخ حەسەن بەحری، لە شێخە ئێزدییەکانی شەنگال بوون لەگەڵ یەك نەدەگونجان، بەڵام هەردووکیان لەگەڵ هاوزیندانییەکانیاندا هاوکارییان هەبوو، شێخ سولێمان لەگەڵ ئەوەی تەمەنی زۆر بوو، بەڵام بەهێز بوو لە ڕووی جەستەیی و خۆڕاگری لەزیندانداا. لەبەرئەوەی عەرەبییەکەی تەواو نەبوو، لەکاتی قسەکردنیدا بە عەرەبی شتی زۆر خۆشی دەگوتجارێکیان زیندانییەکی عەرەب لە ڕۆژی دیدار، پێڵاوێکی نوێ لە پێدەکاتشێخ سولەیمان مەبەستێتی پێی بڵێت ئەمڕۆ پێڵاوێکی تازەت لە پێکردووە، بە عەرەبی پێیدەڵێت(ئەلیوم ساير قوندەر جدید)، ئەمڕۆ بوویت بە پێڵاوێکی تازە لەم باسانە زۆر بوو.

لەو ئێزیدیانەی لێرە مابوونەوە سیدۆی بەرگدروو، مەجید شاکر، بوکو سولێمان، خودێدا، جردو خەڵەف عەتۆ، مام ئەلیاس(ئەبودەخیل) عەلی(ئەبو زیاد)، عەرەب و شەمۆ دوو برا بوون،حاجی قاسم، قەوالبەرەکات.

نەمیر یابانی لێرە مابوو، پاشناوی یابانی هەبوو، چونکە شێوەی لە یابانی دەچوو. ئەمەش لەبەرئەوەی دایکی بزیشکێکی یابانی و باوکی بزیشکێکی عێراقی بوون، نەمیر حوکمی هەتاهەتایی(موئەبد)ی درابوو گوایە سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل کردووە. بێگومان ئەگەر بەڵگەی تەواویان هەبوایە لەسێدارەیان دەدا، نەمیر گەنجێکی قۆز بوو، شارەزاییەکی باشی هەبوو لە بواری تەکنیك و تەکنەلۆجیا، تەنها کەس بوو لەو کاتەدا سەلاجەی هەبوو. لەو کاتەوەی من لە زیندان بووم ئەویش لەوێ بوو، دوا ڕۆژ بەیەکەوە ئازادکراین. نەمیر تەنها یەك برای هەبوو، براکەی بەتاوانی دزینی ئۆتۆمبیل لەگەڵ عەسابەیەك لەناوچەی مەنسوری بەغداد، دەستگیر دەکرێن و هەر لەسەر ئەوە لە سێدارە دەدرێت، بەداخەوە نەمیر خۆیشی دوای ئازاد بوونی، لەلایەن تیرۆرستانەوە دەفڕێندرێت وتا ئەم کاتە بێسەروشوێنە.

-٨٣-

لەسەرەتادا زیندانییە شیعەکان زۆرینەبوون و دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو، بەڵام لەو کاتەدا زۆرینە نەمان.

یەکێك لەو کەسایەتییە شیعانەی کە زیندانی بوو، سەید محەمەد تەباتەبایی بوو، لەبەر ئەوەی ئەو شیعەیەکی میانڕەو بوو، ڕێزی لای هەمووان هەبوو بەبەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدا بوو، گیانی یەکڕیزی و تەبایی لە نێوەندی زیندانییەکاندا پتەو بکات. ئەو هیچ جۆرە فەتوایەکی نەدەدا، کە ببێتە هۆی ناتەبایی لە نێوان زیندانییەکاندا. کەسایەتییەکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، زۆربەی کاتەکان خۆی بە خوداپەرستییەوە خەریکدەکرد و تا ئەو ڕۆژەی ئازاد بووین ئەو ڕۆڵە باشەی هەبوو.

شەفیق ئیبراهیم شەریف، کە خەڵکی لای هەولێرو پێشمەرگەی یەکێتی بوو، ئەویش جێگای متمانە بوو. زۆربەی زیندانییەکان جگەرەیان دەکێشا، هەندێکیان لە دەرەوەی زیندان جگەرەکێش نەبوون لە زیندان فێر دەبوون ئەو بە پێچەوانەوە جگەرەکێش بوو، بەڵام لە زیندان وازی لێهێنا ئەمە بە هەموو کەسێك نەدەکرا، ئێمە لەیەك ژووردا بووین.

چالاك لەوێ بوو، کە لەپێشمەرگایەتیدا لە ڕیزەکانی یەکێتی چاوێکی لە دەستدابوو، هەمیشە بە گاڵتەوە دەیگوت کەس وەك من نییە، بەیەك چاو سەیری هەموتان دەکەم. حەمە سووری لێبوو، خەڵکی ڕانیە و ئیسلامی بوو، ئەو ئەوکاتەی کە دەستگیر دەکرێت، تەمەنی لە ژێر هەژدە ساڵەوە دەبێت، تەمەنی بۆ زیاد دەکەن بۆ ئەوەی سزای زیندانی بەسەردا بسەپێنن.بەدل و قادر و یوسف سێ پێشمەرگەی یەکێتی و خەڵکی لای دهۆك بوون، ماوەیەك لەزیندانی ئاسایشی گشتی لە ساڵ ١٩٨٩ پێکەوە بووین.ئەبو فواز حدیدی و ئەبو مەحمود، کە هەردووکیان خەڵکی شاری موسڵ بوون، بە تاوانی سیخوڕی سزای زیندانی درابوون، لە ڕێگای کارکردنیان لە بەشی تەندروستی زیندانی بەشەکەمان، هەتاکو پێیان بکرایە یارمەتی زیندانییەکانیان دەدا.

میسرییەك لێرە مابوو، ناوی رئفەت بوو، پیاندەگوت رئفەت المیسری. لە بەندیخانەی ئەبوغرێب بەشێکی تایبەت هەبوو، پێیاندەگوت عەرەب و بێگانە(العرب و الاجانب)



سەید محەمەد تەبیا تەبای

زیندانییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان، یاخود ئەوانەی کە بێگانە بوون لەوێ زیندانی دەکران، بەڵام رئفەت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبوو، بەتاوانی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل لێرە دەستگیرکرابوو. ئەو پەیوەندی لەگەڵ من خۆش بوو، من بە گاڵتەوە لە جیاتی ئەوەی بانگی بکەم بە رئفەت میسری، پێم دەگوت رئفەتی گەواد، ئەویش هەموو جارێك لە وەڵامدا دەیگوت(والله صحیح کاکه رزگار، إذا ئانی موو گواد مأخذ الجنسیه العراقیه)، بەخودا کاك ڕزگار ڕاستدەکەی، ئەگەر من گەواد نەبوومایە، ڕەگەزنامەی عێراقیم وەرنەدەگرت.

ئەبو تولفاح جوتیارێکی بەتەمەنی نەخوێندەواری خەڵکی لای سنووری عێراق-سوریا بوو، شێوەی زۆر لە لینین دەچوو، بەتاوانی سیخوڕی بۆ سوریا سزا درابوو. زۆربەی کاتەکان گۆرانی عەرەبی میللی دەچڕی، هەر چەندە وەك خۆی باسی لێوەدەکرد ئەو لە بنچینەدا کورد بووە. ئەو کاتەی کە سوپای عێراق کوەیتی داگیرکردئەبوتولفاح دەستیدەکرد بە کۆکردنەوەی نانی وشك و لە گونییەدا هەڵیدەگرت، هەر چەندە ئەو کاتە خواردنی ئێمەو باری ئابووری عێراق لەو پەڕی باشیدابوو، زیندانییەکان گاڵتەیان بەو

کارەی ئەو دەکرد، ئەویش دەیگوت ڕۆژێك دێت دەپارێنەوە بۆ پارچەیەك لەم نانە وشکە، ئەو ڕاستی کرد ئەو ڕۆژە هات.

عەونی ئەبوعسام، ڕۆژنامەنووس بوو، بەتەمەنترین زیندانیی بوو لەناوماندا، پیاوێکی ڕۆح سوك بوو، شارەزاییەکی باشی هەبوو دەربارەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی عێراق. ئەویش بە تاوانی سیخوڕی بۆ سعودییە، سزای زیندانیی درابوو.نجم السعدون ئەبو مصعب، ئەویش پیاوێکی بە تەمەن و ڕۆژنامەنووسیش بوو، بە تاوانی سیخوڕی بۆ سعودییە سزای زیندانی درابوو.عادل مخلف و صارم الدلیمی، هەردووکیان خەڵکی لای ڕومادی بوون.فواز خەڵکی ڕومادی بوو.

-٨٤-

زرغام عەبدوڵا الدباغ بەعسی بوو، بەڵام لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانی کرابوو، ئەمە ڕووداوێکی نامۆ نییە، لەمێژووی سیاسی و ژیانی حیزبایەتیدا. لە ئەنجامی بیروبۆچوونی جیاواز، یاخود بەرژەوەندیی و لادان لە بیروباوەڕی هاوڕێکانی دوێنێ، دەکرێت ئەمڕۆ دوژمنی یەکتری بن، با زۆر دوور نەڕۆین، گەلی کوردستان باجێکی زۆری داوە و تا ئەمڕۆیش دەیدات، لە مەلایی و جەلالییەوە دەستی پێکردووە، تا گەیشتنە دوو زۆنەکەی سەوز و زەرد.

زرغام هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە لە ڕیزەکانی حیزبی بەعس کاریکردووە، بڕوای بە بیری عەرەبی سوشیالیست هەبوو، ئەو دکتۆرای هەبوو لە یاسای نێودەوڵەتیدا لە ئەڵمانیا، ماوەیەك لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق کاریکردبوو، لەبەر چەند ناکۆکییەك لەو کارەی کشابووەوە. لەو کاتەدا گومان لای دەزگا ئەمنییەکان دروست دەبێت کە زرغام سەر بە بەعسی سوریا بێت، لەبەر ئەوە دەیهێننەوە بۆ عێراق و دەیکەن بە مامۆستا لە زانکۆی موستەنسریە، بۆ ئەوەی لەبەر چاویان بێت. سێ ساڵ هەوڵدەدات لە عێراق بڕوات و سەردانی خێزانەکەی بکات لە ئەڵمانیا، ڕژێم ڕێگەی دەرچوونی پێنادات، لەبەرئەوە ئەو بیر لەوە دەکاتەوە کە ڕێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە بۆ دەرچوون لە عێراق. بەو هۆیەوە لە ڕێگای برادەری منداڵییەوە کە ئەویش پیرۆت تاڵەبانییە، پەیوەندی بە جەلال تاڵەبانییەوە دەکەن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای کوردستانەوە دەرچێت بۆ دەرەوەی عێراق.

جەلال تاڵەبانی عومەر عەلی چەرمەگا ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی ئەو کارەیان بۆ ساز بکات، دکتور زرغام ئەمە بەدەرفەت دەزانێت، براکەی کە ناوی وسامە و کوڕێکی گەنجە و ئارەزووی چوونە دەرەوەی دەبێت، لەگەڵ برادەرێکی براکەی کە ناوی سەلام مەدلولە، لەگەڵ خۆیدا دەریان کات لە عێراق. سەلام مەدلول، تەنها سابئەی مەندائیی بوو لە زیندان. دانیشتووی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك دەبێت و خوێندکار دەبێت لە وڵاتی پاکستان، ئەو بە سەردان گەڕابووەوە بۆ عێراق و ویستوویەتی بگەڕێتەوە بۆ پاکستان بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، بەڵام ڕێگای پێنادەن، لەبەرئەوە بیر لەوە دەکاتەوە لەگەڵ برادەرەکەی کە وسامە هەردووکیان لە ڕێگای براکەی وسامەوە کە دکتور زرغامە، لە ڕێگای پیرۆت تاڵەبانییەوە،

پیرۆتیش لە ڕێگای جەلال تاڵەبانییەوە بڕۆنە دەرەوەی وڵات. جەلال تاڵەبانیش ئەم کارە بە عومەر عەلی چەرمەگا دەسپێرێت، عومەر دووسەرە کاردەکات و پەیوەندی بەیەکیتییەوە هەیە ولە هەمانکاتدا سەربە دەزگای هەواڵگری سەربازیی(ئستخبارات)وە هەیە.

(دکتور زرغام، وسامی برای، سەلام مەدلول و پیرۆت تاڵەبانی) دەڕۆن بۆ سلێمانی، شەو لە ماڵی کمال شاڵی دەبن، کە ماموستایە لە کۆلێجی کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی بەیانییەکەی، عومەر عەلی چەرمەگا، لەوێوە بیانبات بەرەو دەرەوەی شار، بەڵام ڕۆژ ناکەنەوە کە لە ماڵی کەمال شاڵی دەستبەسەر دەکرێن.

زرغام عەبدوڵڵا دەباغ، پۆڵا
زیندانی ئەبو غرێب

دوای لێکۆڵینەوە لە دادگای سەورە(ثورە) سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچێت بۆ هەریەکە لە(د.زرغام وسامی برای و پیرۆت تاڵەبانی و برادەرەکەی و سەلام مەدلولی برادەری وسام) موکەڕم تاڵەبانی خۆی دەگەیەنێتە لای سەدام، تکای لێدەکات کە لە سێدارە نەدرێن، سەدام مەرسومێکیان بۆ دەردەکات، سزاکەیان بۆ دەگۆڕن بە هەتاهەتایی(موئەبەد).

پیرۆت تاڵەبانی لە لێبوردن ئازاد دەکرێت، دکتۆر زرغام وسام و سەلام مەدلول، دوای ئەو لێبوردنەش هەر لە زیندان مانەوە.

د زرغام سیاسییەکی تێگەیشتوو بوو، بیری ناسیونالیزمی عەرەبی هەبوو لە هەمانکاتدا خۆی بە کەسێکی چەپ دەزانی، دژی سەرمایەداری بوو. زانیارییەکی زۆری هەبوو، لە زیندانیش خۆی بە خوێندنەوە و نووسینەوە خەریك کردبوو، زۆر وریابوو لە مامەڵەو ڕەفتاریدا، ئەو هەستی بەوە دەکرد کە بەردەوام لەژێر چاودێریدایە. ئەوەی ئاسایی نەبوو وسامی برای خۆی بە تورکمان دەزانی، ئەوەی شایەنی باسە(ئبتسام عەبدوڵا)ی خوشکیان و هاوسەرەکەی(عەبدولامیر الحلو) ڕۆژنامەنوس و ڕاگەیاندکارێکی ناسراو بوون لە ڕاگەیاندنی عێراق.(وسام وسلام مەدلول) دوو زیندانی نمونەیی بوون، لە ڕەوشت و هاوکاریکردنی زیندانیان، وسام گەنجێکی هەست ناسك بوو، ئارەزووی شیعر وئەدەب و مۆسیقای هەبوو. هەردووکیان خەریکی وەرزش بوون،بە بلۆك قورسایان دروستکرد بوو،وەرزشی لەش جوانیان پێدەکرد، هەر چەندە لەبنەڕەتدا لە بنیادنانی ئەم زیندانەدا، هۆڵێکی تێدابوو بۆ وەرزشکردن، بەڵام لەمکاتەدا نەمابوو. ئەوەی شایەنی باسە، وسام دە ساڵی لە زیندان تەواوکرد، دکتۆر زرغام و سەلام مەدلول، دوای حەڤدە ساڵ بە لێبوردن لە گەڵ من ئازادکران.

-٨٥-

لەوکوردانەی بەرلێبوردنەکە نەکەوتبوون،ئەم پێشمەرگانەی یەکێتی بەناوەکانی(حەمە ڕۆستەم ناسراو بە حەمەسیاسی، فەخرەدین، سەرکەوت، مەحمود کاکەبرا ناسراو بە دکتۆر مەحمود، مەلا بەکر، کەمال پێنجوێنی ناسراو بە کەماله خرە،بەدەل و قادر ویوسف خەڵکی دهۆك بوون شەفیق چاوشین و چالاك خەڵکی هەولێر بوون، صالح حاجی قادر شارەزووری پێشمەرگەی حیزبی سۆشیالیست بوو، هەروەها بەختیارو حوسێن پێنجوێنی، سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوو.

(فەتاح شێخانی، شوکر شەنگالی، خەڵەف جەرجەری، خدر کەچۆموراد، حوسێن حەفی،ئیلیاس ناوخۆش،مورادعەتو،ئەبو خەڵەف خودێدە خدر،حەسەن خودیدە،بەدەل عومەر عەلی، حاجی خەڵەف، یوسف ناسر فیرو، وەسفی خودێدە، حاجی قاسم،حاجی باپیر، بەرەکات شێخ خدر)ئەمانە هەموویان ئێزیدی بوون، ژمارەی ئێزیدییەکان، بە بەراورد بەژمارەی دانیشتوانیان لە کوردستان و عێراق، لە هەموو لایەنێك زیاتر بوون لەو کاتەدا لە زیندان.

ئەندازیاری نەوت(فوئاد محەمەد تۆفیق) خەڵکی سلێمانی بوو، بە تاوانی سیخوڕی بۆ فەرەنسا، حوکم درابوو، کەسێکی هێمنی بێزیان، لە ناهەموارترین بارودۆخی زیندانداا، ئەو پاکوخاوێنی و ئەتەکێتی خۆی لە دەست نەدەدا.

ژمارەیەك زیندانی تورکمانی بەم ناوانە(حاجی نیهاد، محەمەد زوهدی، دکتۆر سادق عەرەفات، یشار، جلیل، موحسین چۆبان، عیزەدین قوجاوە، موقەدەم ئەسعەد، منیر بورهان، سەڵاح) زیندانی بوون، هەر هەموویان بە تاوانی سیخوڕی بۆ تورکیا سزا درابوون.

شەهاب کوێتی، گەنجێکی ڕۆح سوك بوو، زۆر ئارەزووی نزیك بوونەوەی هەبوو لە کوردەکان.سالح سەلامەی موسڵاوی یاریزانێکی باشی تێنسی سەر مێز بوو، هەروەها سالح یونس، خەڵکی بەعاجی لای موسڵ بوو.ئەبو عەبد،عەلاء العانی، مفەوەزی جەوازات بوو، هەمیشە لە خزمەتی بەڕێوەبەرایەتی زیندانداا بوو، ئەو مەیلی سێکسی نا

تەندروستی هەبوو، لەلایەن زیندانییەکانەوە نەفرەتلێکراو بوو. سلوبی غەربی، شوانێکی لای سنووری سوریا و ڕومادی بوو.

دکتور حوسێن، قاسم مهاوی، حوسێن التائی، وەلید حەداد، حەمود خەلیفە، ڕەمەزان»رمەیز».بێجگە لە(عەزیز لازار و عۆدیش و نەشئەت فەرەج»ئەبو عادل») کۆمەڵێك زیندانی کرستیانی دیکەی لێبوو بەم ناوانە، شێرزاد فەرمان یاقو خەڵکی سلێمانی بوو دانیشتووی گەڕەکی سەرچنار، تەمەنی لەژێر هەژدە ساڵەوە بوو، ئەو کاتەی کە دەستگیرکرابوو، فوئاد هرمز، ناپلیۆن، عبدوالاحد پوترس.سەمیر شمعون، خەڵکی ئەلقوش بوو، شیوعییەکی خۆڕاگر و یەك پارچە لە ڕەوشت و مرۆڤایەتی بوو، ئەوەندەی لە خەمی کەسانی دیکەدا بوو، لە خەمی خۆیدا نەبوو.

فرنسی گورگیس بتروسی، خەڵکی عەنکاوە بوو، لە ساڵی ١٩٨٣وە پێشمەرگەی حیزب بوو، بە نازناوی(شوان)، ئەو کاتانەی کە دابەش دەبوون بەسەر ماڵاندا. هاوڕێ ئاواره، بە شێخ شوان پێناسەی دەکرددەیگوت ئەمە باوکی شێخێکی گەورەیە و تەکێیان هەیە، لەبەرئەوە لە دێهاتەکان بە شێخ شوان دەناسرا، دێتەوە یادم ساڵی ١٩٨٦، ڕۆژێك لە ناو دارستانی سەر قەبرانێکی لای گوندی ماوەران خۆمان شاردبووەوە، لە پڕ جولەیەکی نائاسایی دروست بوو، گوتمان چی بووە گوتیان شوان ماڕێکی گەورەی بە قۆناغە تفەنگەکەی کوشتووە. ئەوکاتە ئێمە پێمان نامۆ بوو شوان ماری کوشتبێت، ئاخر شوان کەمێك خاوخلیچك بوو، کاتێك لە مارەکە نزیک بووینەوە وا بوو کوشتبووی. ماڕێکی یەجگار گەورەبوو، هاوڕێیەك گوتی، ئەم مارە ماڕێکی دیکە لە ناو سکیدایە، سکیان هەڵدڕی وادەرچوو، کەمێکی پێچوو، گوتیان ئەم مارەش ماڕێکی دیکە لە ناو سکیدایە، سکی ئەویشان هەڵدری، ئەوەش ڕاست دەرچوو، لەوەو دوا ئەم ڕووداوە، بوو بە یەکێك لە چالاکییەکانی شێخ شوان.

بێرچ دونابێت کەرەکوسیان(ئەبو شروق)ئەرمەنی بوو، لە ئەڵمانیای دیموکراتی ژیابوو وهەروەها خوێندنیشی هەر لەوێ تەواکردبوو. بەڕێوەبەری هونەری تیپی سیمفۆنیای عێراق بوو، ئەوکاتەی کە حوسێن کامیلی زاوای سەدام لێپرسراوی پێشەسازی سەربازی(تصنيع العسكري) دەبێت، گرێبەستێك دەکەن لەگەڵ کۆمپانیایەکی دروستکردنی بەلەمی سەربازی، داوا لە بێرج دەکەن وەک شارەزایەك لە زمانی ئەڵمانی ببێتە وەرگێڕ لە نێوانیاندا. دوای ماوەیەك دەزگای هەواڵگری(موخابەرات) ئەو دەستگیردەکەن و بە تاوانی

سیخوڕی بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا دەسەپێنن. بێرج خۆی بەشیوعی دەزانی، وەك هەر ئەرمەنییەك كوردی خۆشدەویست، هەر چەندە كوردە دەرەبەگەكان و جاشەكان و گێلەكان، بەشداریان كرد بوو لە جینۆسایدی ئەرمەنییەكان لە لایەن تورکە عوسمانییەكانەوە. بێرج پێش ئەوەی زیندانی بكرێت هاوسەرگیری كردبوو، كچێكی هەبوو بەناوی شروق، من و ئەو لەیەككاتدا ئازادكراین.حوسێن سالّح جەبر، گەنجێكی شیوعی بوو، ڕووخوش و دەم بە پێكەنین، پەیوەندییەكی باشی هەبوو لەگەڵ زیندانییەكاندا، ئەو باشترین یاریزانی یاریی شەترەنج بوو،سامی توعمە مرۆڤێكی ڕۆح سوكی بێزیان لەشێكی تەندروستی هەبوو زۆر ئارەزووی وەرزشی هەبوو.



بێرج
ئەبو شروق، شروق، پۆڵا زیندانی

ڕۆژانە زیندانیی تازەمان بۆ دەهات، ئەوانەش ئەو گەنجانەی باشوور بوون کە بەشداری ڕاپەڕینەکەی خواروو عێراقیان کردبوو ساڵی ١٩٩١.

ڕژێم دوای ڕاپەڕینەکەی باشووری عێراق و کوردستان، شاڵاوێکی خوێناوی گرتن و کوشتنی، لە پارێزگاکانی باشوور ئەنجامدا، هەرچۆنێک بووبێت لە کوردستان، هێزی پێشمەرگە هەبوو بەرگریی دەکرد وهەروەها شێوەیەك لە پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەبوو، لەهەمانکاتدا شاخەکانی کوردستان دۆستت بوون، لە دواییدا ڕژێم کەوتە گفتوگۆ و ناچار بوو دامودەزگا سەربازی و ئیدارییەکانی لە کوردستان بکشێنیتەوە، بەڵام خەڵکی ڕاپەڕیوی باشووری عێراق، بەتەواوەتی کەوتنە ژێر زەبروزەنگی هێزە داپڵۆسکارە خۆێنڕێژەکەی ڕژێمی سەدامەوە. بەشێکی کەم نەبێت کە توانییان خۆیان بگەیەننە سعودییە و ئێران ئەوانی دیکە کەوتنە بەر ڕەشبگیری و زیندانەکانی ڕژێمەوە.

لە پارێزگاکانی باشوور لێکوڵینەوەیەکی سەرەتاییان لەگەڵ دەکردن و زۆر بەخێرایی ڕەوانەی گرتووخانەی ڕەزوانییەی بەغدادیان دەکردن. سەدان کەسی بێتاوان، لەژێر زەبروزەنگ و ئەشکەنجەدا دەمردن و ئازاریان دەچەشت، بە سەدان کەسیش لە ڕەزوانییە گیانیان لە دەستدەدا، ڕەزوانییەیان ناو نابوو چاڵی مردن(حفرةالموت). وا دیار بوو ئاشی دادگا کەوتبووە گەڕ، بۆ هاڕینی گەنجانی عێراق، بەو هۆیەوە کۆمەڵ لە دوای کومەڵ، دەگەیشتنە لای ئێمە، بەمەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەمان زۆر دەبوو وە جێگامان تەنگ دەبوو.لەو کاتەدا زیندان، وەک ساڵانی پێشوو نەبوو، هەموو پاسەوانەکان و بەڕێوەبەرایەتی زیندان ئاسایش بوون، لە ژێر چاودێریی ئاسایشی گشتیدا، هەموو شتێك قەدەغە بوو یەکێك لە شتە قەدەغەکراوەکان ڕادیۆ بوو.ڕادیۆ بۆ ئێمەی زیندانی زۆر گرنگ بوو، جگە لە پێداویستی مرۆڤ بۆ گوێگرتن لە مۆسیقاو ئەو بەرنامەی کە خواستێتی، بۆ ئێمەی سیاسی هەواڵ و ڕووداوەکان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، جێگای بایەخ بوو، ئاخر ئەوە پردێك بوو لە نێوان چوار دیواری زیندان و دونیای فراواندا.

باوکم ڕۆژانە چواردە کاتژمێر کاری دەکرد، کە دەهاتە ماڵەوە یەکەم کاری ئەوەبوو،

ڕادیۆکەی دەکردەوە و دەگەڕا بەدوای هەواڵدا. زۆرجار خەوی لێدەکەوت و ڕادیۆکەی لەسەر سنگی و هەر پێیبوو، بۆیە دەتوانم بڵێمهەر لە منداڵییەوە بۆ من گوێگرتن لە ڕادیۆ کولتوور بوو.

دوای ئەوەی من و شەهید بڕوا بووین بە پێشمەرگە، ماڵەوەمان لە ترسی دەستگیرکردنیان، کەرکوکیان بەجێهێشت و گواستیانەوە بۆ سلێمانی. ڕۆژێک باوکم وەك پیشەی هەمیشەیی، لە ڕادیۆکەیەوە بەدوای هەواڵدا دەگەڕێ، هەندرێنی برام و نەوزادی کوڕی خاڵم، ئامێرێکی پەخشوەشاندنیان لە بازاڕکڕیبوو، لەدووری چەند مەترێکەوە قسەت بکردایە لە نزکترین ڕادیۆوە دەنگت دەبیسترا. لەکاتێکدا باوکم دەگەڕا بە دوای هەواڵدا، ئەوان لەودیوی دەرگاکەوە، بەعەرەبی لە ئامێری پەخشەکەوە پێیدەڵێن(ها ئوستاز عزیز ئهنا هەم مەتجوز)، ها وەستا عەزیز لێرەش هەر وازناهێنی، باوکم ڕادیۆکە ئەکوژێنێتەوە و تەماشای ئەملاوئەولای خۆی دەکات هیچ نییە، جارێکی دیکە پێیدەکاتەوە، ئەوانیش جارێکی دیکە بە هەمانشێوە قسە دەکەنەوە، ئەمجارە باوکم بە تەواوەتی دەترسێت، وا دەزانێت ئاسایش چاودێریی دەکەن، دوای ئەوەی هەندرێن و نەوزاد، هەستدەکەن کە باوکم بەڕاست وەریگرتووە، دەچنە ژوورەوە و ڕاستییەکەی پێدەڵێن.

لە پێشمەرگایەتیدا هەمیشە ڕادیۆم هەبوو، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوەی لە زیندان قەدەغە بوو، من ڕادبۆیەکی جۆری قیسارە(قیثارە)م هەبوو. لە ڕێگای گوێگرێك(سەماعە)یەکەوە لە ژێر بەتانییەوە یاخود لە ئاودەست گوێم لە هەواڵ دەگرت.

هەواڵەکانی کوردستان بەدڵی ئێمە بوو، بڕیار بوو بەو نزیکانە هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجام بدرێت، کوردستان پەرلەمانی خۆی دەبێت، ئای چەند جێگای شانازیی بوو بۆ ئێمەی زیندانی. لەلای ئێمە هیچ گرنگ نەبوو، کێ دەیباتەوە و کێ دەیدۆڕێنێت، گرنگ پرۆسە دیموکراتییەکەیە. ئەوە بوو لە ١٩ ئایاری ١٩٩٢دا هەڵبژاردنەکە ئەنجام درا. من بۆ خۆم چرکە بەچرکە گوێبیستی هەواڵەکان بووم وهەروەها دەمگواستەوە بۆ هاوزیندانییەکانم کە جێگای متمانە بوون.

لەو ماوەیەدا هەوڵێکی ڕاکردن درا، لە لایەن عەرەب و شەمۆی برایەوە و هەروەها دوو ئێزیدی دیکە، بەڵام هەوڵەکەیان ئاشکرا بوو، بەهۆی ئەوەوە بردیانن بۆ(مەحجەر).

لە یاسای عێراقدا هیچ بڕگەیەك نەبوو، دژی ئەو کەسەی کە هەوڵی ڕاکردن دەدات، ئەگەر بێتوو ڕێکخستنێکی سیاسی لە پشتەوە نەبێت، یاخود کەسی تیدا ئازار نەدرابێت،

لەبەرئەوە کاردانەوەی ئیدارەی زیندان مەحجەر و سوکایەتی و لێدان بوو.

بەڕێوەبەری زیندان ئەفسەرێکی ئاسایش بوو بە پلەی نەقیب، ناوی هەیسەم(هیثم) بوو، ئەو زۆر بەخۆی دەنازی. شەوانە دەرگای ژوورەکانیان لە سەرمان دادەخست، شەوێك بە کۆمەڵێك پاسەوانەوە هاتە بەشەکەمان، ژوور بە ژوور دەگەڕان و پشکنینیان دەکرد کاتێک هاتنە ژوورەکەمان و پشکنیان تەواوکرد و هیچیان نەدۆزییەوە، نەقیب هەیسەم ڕوویکردە من و گوتی(یبین انت مەتخاف) دیارە تۆ ناترسی. منیش زۆر بەبێ منەتی گوتم(من شنو ئەخاف) لەچی بترسم؟ ئەو هەرچی گوت من وەڵامم دایەوە، بە پاسەوانەکانی گوت، بیبەن بۆ مەحجەر، پاسەوانەکان منیان لە دەرگای بەشەکەمانەوە بردە دەرەوە، موفەوەزێکی لێبوو بە ناوی «عەلا» گوتی ڕایگرن، هات و دەستی کرد بە پشکنینم. بە بۆچونی ئەو من حەبم خواردووە، بۆیە بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەم، گوتی حەبەکان دەرکە، گوتم حەبی چی؟ لە کاتی پشکنین لە گیرفانێکی بچوکی دەرپێکەمدا، کە خۆم دروستم کردبوو، گوێگر(سەماعە)یەکی ڕادیۆکەی دۆزییەوە.



ڕادیۆی قیسارە

-٨٧-

که موفەوەزعەلا گوێگرەکەی(سەماعە) دۆزییەوە، گوتی کوا ڕادیۆکە؟ هەرچەندە ئەو کاتەی کە دەیپشکنیم، ئەگەری ئەوەم دانابوو کە گوێگرەکە بدۆزێتەوە، بۆیە وەڵامێکم بۆ ئامادە کردبوو، گوتم رادیۆی چی، من ڕادیۆم نییە؟ ئەم سەماعەیەشم دۆزیوەتەوە، بە نەقیب هەیسەمی گوت، ئەویش گوتی(طلع الراديو وإلا اطيح حظك)، ڕادیۆکە بێنە ئەگینا بێبەختت دەکەم، گوتم ڕادیۆم نییە، لە ڕاستیدا وەڵامەکەی من لۆجیکی نەبوو وە نەدەچوو بە مێشکدا، لەهەمانکاتدا نەدەکرا جێگای شاردنەوەی ڕادیۆکەیان بۆ ئاشکرا بکەم، چونکە دەستکاری خشتێکی دیواری ئاودەستی ژوورەکەمم کردبوو، کردبووم بەحەشارگە.

جارێکی دیکە پاسەوانەکان ڕۆیشتنەوە ژوورەکەم و بە تایبەتی جێگاو کەلوپەلەکانی منیان پشکنییەوە، بەڵام هەر هیچیان نەدۆزییەوە. نەقیب هەیسەم، هەر بە سەگی هار دەچوو لە داخا، گوتی بۆ دوواجار لێتدەپرسم ڕادیۆکە دەربێنە، من هەر سوور بووم لەسەر ئەوەی ڕادیۆم نییە، دەرگای ژوورەکان لەسەر زیندانییەکان داخرابوو، ڕێڕەوەکە کە پانییەکەی پێنج مەتر بە پەنجا مەتر دریژی دەبوو، تەنها من و نەقیب هەیسەم و پێنج پاسەوانی تێدا بووین.

نەقیب هەیسەم فەرمانی دا کە لێمبدەن، هەر پێنج پاسەوانەکە کەوتنە لێدانم، هەرچۆنێك بۆیان ڕێک دەکەوت، ئەوان لێیاندەدام، منیش دەنگم لێوە نەدەهات، دەکەوتم و هەڵیان دەستاندمەوە. ڕایاندەکێشام لەمیانەوە بۆ ئەویان، نەقیب هەیسەم گوتی، برۆن فەلاقەکە بێنن. فەلاقە هات، قاچیان لە فەلاقە بەستم و کەوتنە فەلاقە کردنم، خوێن لە هەموو نینۆکەکانی پێمەوە دەهاتە خوارەوە، نەقیب هەیسەم گەیشتە ئەو بڕوایەی کە سودی نییە لەگەڵم، گوتی بیبەن بۆ مەحجەر ڕایانکێشام بەرەو مەحجەر فڕێیاندامە ناو مەحجەر.عەرەب و شەمۆی برای و ئەوانەی دیکە لە مەحجەر بوون، کە لەسەر هەوڵی ڕاکردن مەحجەر کرابوون، دەستیان کرد بە یارمەتیدانم، کراس و بیجامەکەی بەرم یەك پارچە خوێن بوو.ماوەیەك لە مەحجەر بووم، هەموو جارێك کە دەرگای مەحجەر

دەکرایەوە، دەبوایە هەموومان هەستینە سەر پێ، پاسەوانەکان دەهاتن و زلەیەکیان دەدا لەئەملاو ئەولای عەرەب و هاوڕێکانی، ئەمە بەشێك بوو لە سزاکەیان بەرامبەر هەوڵی ڕاکردنیان.

جارێك دەرگایان کردەوە، هەموومان هەستاینە سەر پێ، پاسەوانەکە بەمنی گوت وەرە تۆ لێیان بدە، مەبەستی ئەوە بوو سەروو دوو زلە لە عەرەب و ئەوانیتر بدەم. منیش لە وەڵامدا گوتم ئەوە کاری من نییە، گوتی ئەگەر تۆ لێیان نەدەی من لە تۆ دەدەم، گوتم نەك لێدان ئەگەر لە سێدارەشم بدەن لێیاننادەم. پاسەوانەکە ڕۆیشت و دوای دە خولەك هاتەوە و دەریکردمە دەرەوە، دەرگایەکی کردەوە بەرامبەر دەرگاکەی مەحجەر، منی کردە ناوەوە، ناتوانم ناوی بنێم ژوور، ئەوێ جێگایەکی تاریک و هەر مەترێک بەمەترێک کەمتر دەبوو. دەبوایە بە پێوە بوەستی یاخود بە چوارمشقی دانیشی، بەو مانایەی قاچەکانت بپێچیتەوە کە دادەنیشیت، ئەوێ پێیان دەگوت(گنارە). ئەو ڕۆژە لەوێ مامەوە، بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە، ڕۆژی لە دایکبوونی پەیامی کچم بوو ١٩٨٩/٨/٢٣ منیش ئەم چەند دێڕەم لە مێشکمدا ڕێکخست:-

بەشی (قسمی) دوو. زیندانی ئەبو غرێب

لەچوارچێوەی چوار دیواری ڕەش و تاریك، لەبیرمدایت بەرخۆلەکەم.
پیرۆزت بێت کوژاندنەوەی سێیەم مۆمی تەمەنت
زووبر نەبی لە منی بابە
تۆم هەمیشە لەیادە
چاوەڕوانی ئەو ڕۆژانەم
کە ئاهەنگە دواخراوەکانی من و تۆ و دایەدەستپێبکات.

ئەو کەسانەی کە مەحجەر دەکران لە دیداری کەسوکاریان بێبەش دەکران، لەوماوەیەدا دایکی پەیام هاتبوو بۆ سەردانم، هاوزیندانییەکانم پێشوازییان لێکردبوو، من ترسی ئەوەم هەبوو کە ئەویش بچێت بپارێتەوە لە نەقیب هەیسەم، بۆ ئەوەی دیدارم بکات. ئاخر کەسوکاری هەندێك لە زیندانییەکان، لە کاتی مەحجەرکردنی زیندانییەکانیادا وایاندەکرد. خۆشبەختانە دایکی پەیام ئەو شتانەشی کە بۆ منی هێنابوو، دابووی بە هاوزیندانییەکانم بە هیچ شێوەیەك داوای دیداری نەکردبووم.دوای مانگێك لە مەحجەر دایانگرتم، بەڵام نەیان بردمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم منیان گواستەوە بۆ ژووری ژمارە هەشت.

-٨٨-

بە بەردەوامی ژمارەی زیندانییان لە زیادبووندا بوو، بەڵام لەوانەی تازە دەهاتن، ژمارەی کورد زۆر کەم بوو، هوکارەکەشی ئەوە بوو لەوکاتەدا سێ پارێزگاکەی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقیدا نەمابوو.کۆمەڵێک زیندانییان هێنا، زۆربەیان ئەفسەری سوپا بوون لە هۆزی جبوور، خەڵکی شارۆچکەی عەلەمی سەر بە پارێزگای تکریت، بە تاوانی هەوڵی کودەتا(ئینقلاب)ی سەربازی سزادرابوون. بێگومان بەشێکیان بردبوون بۆ بەشی لە سێدارەدان.کودەتاکەیان لە قۆناغی کوتاییدا دەبێت، کاتێك لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩١دا دەستگیردەکرێن لەو ناوانەی لەو کودەتایەدا ناسراو بوون؛

⋆عەمیدی دکتۆر عەبدولکەریم عەلی ساڵح

⋆عەقیدی روکن زامن(ضامن) علیوی الجبوری

⋆عەقیدی فرۆکەوان، ئەمین مەهدی

⋆شێخ روکان جاسم

⋆عەقید موزاحم ساڵح

⋆موقەدەم عیسا جاسم

⋆نەقیب مەحمود شەریف

وادیار بوو ئەمانە کاتەکەیان بە گونجاو زانیبوو بۆ ئەنجامدانی کودەتا، بە بڕوای ئەوان دوای ئەوەی عێراق لە کوێت کشابووەوە و ژێرخانی ئابووری و سەربازی عێراق هەرەسی هێناوە، هەر چەندە هەوڵێکی دیکەی کودەتا درابوو لە ساڵی ١٩٩٠و پێش داگیرکردنی کوێت. هەر بەو هۆیەوە بوو کە ڕژێم ئەو دڵنیاییەی جارانی بەسوپا نەمابوو.

بێجگە لە گوڕەپانە بچوکەکەی تەنیشتی بەشەکەمان، کە ڕۆژانە لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە دەرگاکەیان دەکردەوە و ئێمە بتڵەغازەکانمان لێدانابوو بۆ چێشتلێنان وهەروەها فلینەکانیش بۆ خواردن هەڵگرتن. ئیشوکاری ڕۆژانەمان تیادا ئەنجامدەدا، ڕۆژانی دیدار و هەندێك ڕۆژی دیکە، گوڕەپانێکی نیمچە گەورە هەبوو دەرگاکەیان دەکردەوە بۆ زیندانیانی

لای ڕاستەوە: پۆڵا زیندانی، قادر سورچی

هەردوو بەشەکە(ق١وق٢)، لە قۆزبنێکی ئەو گۆڕەپانە گەورەیەدا، دەرگایەکی ئاسنی هەمیشە داخراوی تێدا بوو، هەر چەندە تاوەرێکی پاسەوانی لەسەر بوو، بەڵام پاسەوانەکان نەیاندەهێشت زیندانییەکان زۆر لەو دەرگایە نزیك ببنەوە، بەڵام هەندێکمان بەهەمیشەیی هەلمان دەدۆزییەوە بۆ نزیکبوونەوە لەدەرگاکە بۆ ئەوەی بزانن چی دەگوزەرێت لە پشت ئەوێوە؟

لەگەڵ ڕۆژگاردا بۆمان دەرکەوت کە لەودیو دەرگاکەوە حەوشەیەکی بچوك هەیە، هەندێکجار زیندانیی لێیە ئەو زیندانییانە سەربازی سوپای عێراق بوون، لە کاتی شەڕی عێراق-ئێران، بەدیل گیرابوون لەلایەن ئێرانەوە، کاتێك شەڕاگیراو دیلەکانیان گۆڕیوەتەوە، ئەو سەربازە دیلانە دراونەتەوە بە عێراق بەشێك لە دیلەکان ناوی ئەم دیلانەیان داوە بە لایەنی عێراقی کە ئەمانە تۆبەکاران(التوابین) بوون.

زاراوەی تۆبەکاران(التوابین) لە ناو ئیسلامداو دوای کوشتنی حوسێن پەیدابووە، بەڵام لەو کاتەدا ئێرانییەکان بۆ ئەو سەربازە دیلە عێراقیانەیان بەکارهێناوە کە لەکاتی دیلییاندا، هاوکاری لایەنی ئێرانییان کردووە و دژی هاودیلە عێراقییەکانیان وەستاون و بەشداربیان

کردووە لە ئازاردانی هاودیلەکانیان. یاخود ئەوانە لەبەرەکانی جەنگدا سەنگەریان لێداوە دژی سوپای عێراق، هەندێکیان بەتەواوەتی مێشکیان دەشۆرایەوە، دەبوونە جەنگاوەر لە فەیلەقی بەدری ئیسلامی.هۆکاری ئەو گوڕانکارییانە جۆراوجۆر بوو، هەندێکیان بۆ ڕزگار بوونیان بوو لە سەختی باری ژیانی دیلییان، هەندێکیان بەرژەوەندییان هەبووە وهەندێکی دیکەیان خۆیان شیعە بوون و بڕوایان وابووە کە دەبێت لەگەڵ ئێرانی شیعەدا بوەستن دژی ڕژێمی عێراقی سوننە.زۆر لەو تۆبەکارانە(التوابین) هەر لە ئێران مانەوە و هەرلەوێش خێزانیان پێکهێنا، ئەوانەی کە لە زیندان بوون، عەرەبی سوننەو کوردیشیان تێدا بوو، ئەوانە دوای ماوەیەك نەمان ئێمە نەمانزانی چارەنووسیان چی لێبەسەر هات؟!

هاتووچۆ لە نێوان کوردستان و بەغداد زۆر سەخت بوو، گەشتی ئۆتۆمبیلی ڕاستەوخۆ، لە نێوان شارەکانی کورستان و ناوەڕاست و خواروو‌ی عێراقدا نەبوو، دەبوایە خەڵکەکە بەپێ ئەو ماوەیە ببڕێت، کە لە نێوان بازگەی پێشمەرگە و بازگەی ڕژێمدا هەبوو. پشکنین لە بازگەکاندا زۆر بەهێز بوو، سوکایەتییان بە ڕێبواران دەکرد، زۆرجار کەلوپەلەکانیان لێدەستاندن، هەموو سەردانێکی کەسوکارمان دەبوایە لە هاتن و گەڕانەوەیاندا شەوێک لە هۆتێل بمێننەوە، لەبەرئەوە ئەوکاتەی کە دەگەیشتنە لای ئێمە تەواو ماندووبوونیان پێوە دیاربوو.

-٨٩-

دەرگای بەشەکەمان کرایەوە و دوو پاسەوان هاتنە ژوورەوە، بە ئەبوفەوازی چاودێریان گوت، دەبێت زیندانییەکان بڕۆنە ژوورەوە، هەر هەموومان چووینە ژوورەکانمانەوە. دوای نزیکی نیو کاتژمێر بەڕێوەبەر و کەسێکی دیکە بە جلی سڤیل و ژمارەیەك پاسەوان بە جلی زەیتونییەوە هاتنە ڕێڕەوی بەشەکەمانەوە. بەڕێوەبەری زیندان و پاسەوانەکان زۆر شڵەژابوون، دیار بوو ئەو کەسەی کە جلە سیڤیلەکەی پۆشیبوو، لێپرسراوێکی گەورە بێت و هاتبێت بۆ بینینی زیندانییەکان، ژوور بە ژوور دەگەڕان، بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر بەشەکەماندا کێشا، کەسمان نەماندەزانی ئاخۆ چ دەگوزەرێت. لەگەڵ ئەوەدا چاوەڕێی شتێکی باشمان نەدەکرد، دوای چارەکە سەعاتێک لەچاوەڕوانی و بێدەنگی و بیرکردنەوەی جۆراوجۆر، لە هۆکاری ئەم سەردانە کوتوپڕە، ئەوان خۆیان کرد بە ژوورەکەی ئێمەدا. ژمارەمان هەژدە زیندانی بوو، هەموومان بەپێوە وەستاین بە شێوەیەکی نیمچە بازنەیی و پشتمان لە دیواری ژوورەکە بوو، کابرای نەناسراو سەیری یەك بەیەکی دەموچاوەکانی دەکرد، دوای ئەوە دەستیکرد بە پرسیارکردن، یەك لەدوای یەك، تۆ لەسەر چی گیراوی؟ هەر یەکەو شتێکی دەگوت. هەبوو دەپارایەوە و دەیگوت(وەللا بەریئ سەیدی مەحکوم بالظلم)گەورەم بەخوا بێ تاوانم، بەستەم سزا دراوم، هەتاکو ئەوکاتەی سەرە گەیشتە سەر من. هەمان پرسیاری لە منیش کرد، من گوتم من شیوعیم، گوتی(الشیوعیە مثل الدینسورات انقرضەت) شیوعییەت وەك داینا‌سورەکان تەفرو تونابوون، منیش لە وەڵامدا گوتم بەڵام من ماوم. کەمن وامگوت ڕەنگی بەڕێوەبەر و هەموو ئەوانەی کە لە ژوورەکەدا بوون بەیەکجار تێکچوو، کابرا هیچی دیکەی نەگوت پرسیاریشی لە کەسی دیکە نەکرد و ڕۆیشت بۆ ژوورێکی دیکە. هاوزیندانییەکانی ژوورەکەم گوتیان نەدەبوو ئەو وەڵامەت هەبێت، بێگومان ئەوان لە ژیانی من دەترسان، من خۆیشم نەمزانی بۆچی ئەوە وەڵامم بوو، خۆ دەمتوانی بێدەنگ بم؟!

بە پێی یاسایی عێراقی هەر هاوڵاتییەك سزای زیندانی لە سێ ساڵ زیاتر بێت،

هاوسەرەکەی مافی ئەوەی هەیە داوای جیابوونەوە(طلاق) بکات. ئەم مافە لەلایەن هاوسەری ئەو زیندانیانەی کە سیاسی نەبوون، زۆر پیادە دەکرا، بەڵام پێژەکەی زۆر کەمتر بوو، لەلای ئەو زیندانییانەی کە سیاسی بوون. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەوکاتە زیندانی سیاسی جێگای شەرمەزاری نەبوو بۆ کەسوکارەکانیان، بە پێچەوانەوە لەلای بەشێکی زۆری کومەڵگا جێگای شانازی بوون، جگە لەوەی پەیوەندی لە نێوان هاوسەرەکاندا پتەوتر بوو، لای ئەوکەسانەش کە ئیماندار بوون و شەرعی ئیسلامیان پەیڕەو دەکرد، بەپێی شەرع ڕێگا بە جیابوونەوە نەدەدرا، ئەگەر سزاکە هەتاهەتایش بوایە مادام زیندانییەکە توانای زامنکردنی ژیانی ئابووری خێزانەکەی هەیە.

بێگومان لەڕوانگەی مافی مرۆڤەوە، هەر مروۆڤێك چ ژن بێت یاخود پیاو، مافی جیابوونەوەی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو زیندانیانەی کە هاوسەرەکانیان لێیان جیادەبوونەوە، باری دەروونیان زۆر خراپ دەبوو، کەسایەتیان تێکدەشکا. هاوزیندانییەکانشیان یارمەتیدەر نەبوون، بۆ سوککردنی کەمێک لەو فشارە دەروونییە،

دیدار (مواجەهە) لای ڕاستەوە: بڕیار، پۆڵا زیندانی، بنار حەبیبە خان هاوسەری سەلامی برام

ڕاستە ئێمە بە کەسانی سیاسی هەژمار دەکراین و کاری سیاسیمان کردبوو، بەڵام ئێمەش هۆشیاری سیاسیمان نەبوو.

چۆن کەسانێك هەبوون بەهۆی زیندانەوە، لە خۆشەویستی و هاوسەر و خێزان بێبەش بوون، بەڵام کەسانێکی دیکە، لەزیندانەوە بناغەی ژیانی هاوسەرگیرییان بنیاد دەنا، ئەوەیش لە ڕێگای پەیوەندی خۆشەوستییەوە بوو لەزیندانەوە، پەیوەندییەکان زیاتر ئەو کاتانە دروست دەبوون، کە سەردانی کەسوکار(خوشک و کچ و خزم و هاوڕێ) لە ڕۆژانی دیدار(مواجە)دا واڕێک دەکەوت پەیوەندییەکی خۆشەویستی دروست ببێت، لە نێوان کچێك و یەکێك لەزیندانییەکاندا. نمونەی سەرکەوتوومان هەبوو لەو پەیوەندییە خۆشەویستیانەی کە لە ناو زیندانداا دروست دەبوو، دوای ئازادبوونژیانی هاوسەرگیریان پێکهێنابوو.

-٩٠-

کەوتینە ساڵی ١٩٩٣وە لەبەر زۆری ژمارەی زیندان، قەرەوێڵەی دوو قاتیان لەژووورەکاندا دانا، هەرژوورێک پێنج قەرەوێڵەی لەو جۆرەی تێدا بوو. زیندانییەکان لەسەروژێری قەڕەوێڵەکان و لە نێوەندی ژوورەکەدا دەنووستن. خاوەنی قەرەوێڵە بیت بەتایبەتی بەشی خوارەوە، دەستکەوتێکی زۆر گەورە بوو بۆ زیندانی. هەر وەك ئەوە وابوو کۆشکێکت هەبێت، لەڕاستیدا دەبوایە ژمارەی ساڵەکانی زیندانیت کاریگەریی هەبێت لەسەر چۆنییەتی جێگاکەت، بەڵام واسیتەو بەرتیل وهەروەها بوون بە وەکیل ڕۆڵی دەبینی لە بەدەستهێنانی جێگای باش.(وەکیل) بەو کەسانە دەگوترا کە خۆیان زیندانی بوون، بەڵام سیخوڕییان لەسەر هاوزیندانییەکانیان دەکرد، بۆ ئاسایشی بەندیخانە) زۆرجار سزای زیندانییەک بێبەشکردنی بوو لە قەرەوێڵەکەی.

لەدوای لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی ١٩٩١وە من تەنها زیندانی کوردی شیوعی بووم. لەو ماوەیەدا گەنجێکی شیوعی گەرمیانییان بۆ هێنابن، بەناوی فاخر سەیدا، هاوڕێیەکی هێمن و لەسەرخۆ و خاوەنی ڕەوشتێکی بەرز بوو. لە ١٩٩١/٤/٧ دەستگیرکرابوو، ماوەیەک لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بووە تاکو لە ساڵی ١٩٩٣دا سزای زیندانی بەسەردا سەپێنراوە، دوای ئەوە هێنایان بۆ بەشی تایبەت(خاسە)ی ئەبوغرێب.

بڕواناکەم کەس پێیخۆشبێت کەسێکی بێتاوان بکەوێتە زیندانەوە، بەتایبەتی کەسانی تێکوشەر، بەڵام لەهەمانکاتدا و لە ڕووی دەروونییەوە ئارامبەخشە، کاتێک هەست دەکەیت هاوبیرێکت هەیە و بەتەنها نییت.ساڵی ١٩٩٣ بێجگە لە زۆربوونی ژمارەی زیندانی و کەمی خۆراک، بەهۆی گەمارۆکانی سەر عێراق و کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵک، شتێکی ئەوتۆ ڕووینەدا کە جێگای باسکردن بێت، تاکو پێشوازیکردنمان لە ساڵی ١٩٩٤.ئێمە لەناو زیندانیدا شانازیمان بە کوردستانەوە دەکرد، بەتایبەتی بە هەڵبژاردن و پەرلەمانەکەیەوە،هەر چەندە ئێمە لە ناو خۆماندا ئاگادار بووین لەکەموکوڕیی و تاڵانکردنی ژێرخانی کوردستان و ئاودیوکردنی بۆ دەرەوەی سنوور، بەڵام ئێمە لایەنە باشەکانمان دردەخست، کوردستان بووبوو بە ئومێدێك بۆ هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق.

بەداخەوە جارێکی دیکە دوو لایەنەکەی ففتی بە ففتی، پارتی و یەکێتی شەڕی خۆکوژی، شەڕی بە کوشتندانی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەیان دووبارە کردەوە، لە پێناوی بەرژەوەندی تاقمێك یاخود بنەماڵەیەك، کە یەك تۆزقاڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستانی تێدا نەبوو. بە پێچەوانەوە بەفیڕۆدانی خەبات و تێکۆشان و خوێنی شەهیدانی بوو، ئەمە یەکەمجار نەبوو، کە ئەو حیزبانەی کوردستان ئەو تاوانانە بەرانبەر یەکتری و بەرانبەر گەلەکەیان ئەنجام بدەن، لەوکاتەی ڤایرۆسی مەلایی و جەلالی لە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە، ئەم نەخوشییە کوشندەیەو ماڵوێرانییان بۆ گەلی کورد هێناوە، بەڵام ئەمجارە لە هەلومەرجێکی جیاواز و هەستیاردا بوو، ئەمجارە دوو لایەنەکە دەسەڵاتی تەواوەتییان هەبوو، دامودەزگای حوکمڕانییان بەدەستەوە بوو، بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی سەردەمدا کورد حوکمی خۆی بکات و پشتیوانی وڵاتانی هەبێت.

شەڕەکە جێگای بێئومێدی وشەرمەزاری بوو بۆ ئێمەی زیندانی کورد، کاتێک پرسیارمان لێدەکرا، هۆکاری ئەو شەڕە چییە؟ زۆر گران بوو ئێمە بڵێین، لەسەر دەسەڵات و پارەیە و بە تەنها لە بەرژەوەندیی تاقمێکە.یەکێتی و پارتی بەو کارە قێزەونەیان ژیان و باری دەروونی ئێمەیان لەناو زیندانداا یەکجار سەختترکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زیندانی هەموو لایەنەکان لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە شەڕو ناکۆکییە نەگریسەکە، کاردانەوەی خراپی لەسەر پەیوەندیمان نەبێت تاکو ئاستێکی باش و بەدرێژایی شەڕی ناوخۆ بە باشی هێشتمانەوە، ئێمە لە سەرانی کورد پاکتر و ژیرتر بووین.

-٩١-

ئەگەر یەکێک لەسەر کەیسێکی دیاریکراو حوکمی زیندانی بدرایە، مانای ئەوە نەبوو کە ئیتر تەواو ئەو کەسە بەرەوڕووی هیچ تاوانێک یاخود سزایەکی دیکە نابێتەوە.هەر چەندە حوکمی بەناو دادگای شۆڕش(محكمة الثورة) یەکجاری بوو، واتە دووبارەکردنەوە(تەمیز)ی نەبوو، بەڵام ئەگەر ناوت لە کەیسێکی دیکەدا بهاتایەیاخود کاسانێکی دیکە زانیارییەکی تازەیان لەسەر تۆ بدایە ئەوا جارێکی دیکە دەیانبردیتەوە بۆ ژێر لێکۆڵینەوە و بەپێی کەیسە تازەکە سزای تازەیان بۆ دەردەکردیت. یاخود ئەگەر ڕاپۆرتێکت لەسەر بنووسرایە، یاخود بە بەڵگەیەك کە تۆ بەردەوامی لەسەر کاری سیاسی ئەوا لە ناو زیندانداا کەیسێکی تازەیان بۆ دروستدەکردیت.

لەو ماوەیەی من لە زیندانداا بووم چەند حاڵەتێکی لەو جۆرەی کە لەسەرەوە باسم لێکرد ڕوویدا لەوانە، زیندانییەك بە ناوی مەعەن وهیب، کە لەسەر پەیوەندی بە حیزبی بەعسی سووریيەوە سزای زیندانی درابوو، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی پەیوەندی و نامەگۆڕینەوە لە زیندانداا، جارێکی دیکە نێردرایەوە بۆ لێکۆڵینەوە و لەئەنجامدا لە سێدارەدرا.

ئەوەی یەکەمجار ڕوویدا ئەم تاوانە بوو: عۆدە دیوان گەنجێکی زیندانی خەڵکی عەمارە بوو، لە ڕۆژی دیدار ١٩٩٤/٤/١٧ کەسوکاری هەواڵی لەسێدارەدانی باوك و براکەی پێڕادەگەیەنن، ئەو بەو هەواڵە تووشی باریٚکی دەروونی زۆر خراپ دەبێت، پەلاماری وێنەیەکی سەدام دەدات، کە لەبەشی زیندانییەکان هەڵواسرابوو بەپێ دەکەوێتە سەری. ڕووداوەکە لەڕێگای وەکیلەکان(سیخوڕەکان)ەوە دەگات بە ئاسایشی زیندان باری زیندان بەتەواوەتی تێکچوو. عۆدە زیندانی باوك و برا لەسێدارە دراو دەبەن بۆ ژێر لێکوڵینەوە و ئەشکەنجە و هەروەها چەند زیندانییەکیان برد بۆ گەواهی(شاهید) لەسەر ڕووداوەکە، کەوتنە ئازاردانی زیندانییەکان بەشێوەیەکی کوێرانە.

دوای سێ ڕۆژ لە ١٩٩٤/٤/٢٠ دەرگاکانی هەموو بەشەکان و ژوورەکانیان لە سەرمان داخست لە هەر بەشێك، نزیکەی بیست تا بیست و پێنج زیندانییان هەڵبژارد و بردیانن بۆ گۆڕەپانەکەی زیندان چواردەوریان گرتبوو بە هێزی چەکدار عۆدەیان بە باریٚکی زۆر

وێنەی زیندانییەك، پاش ئەشکەنجەدان

شڕەوە هێناو شوێنەواری ئەشکەنجەدانی پێوە دیار بوو، بە ئاستون(عامود)ی یاری سەبەتە(سەلە)کەوە بە گوریس بەستیانەوە. لای زۆربەی زیندانییەکان ئاشکرابوو کە کارەساتێك ڕووەدات، زۆری پێنەچوو سەبعاوی برای سەدام کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو، بە کۆمەڵێك چەکدارەوە هاتە گۆڕەپانەکەوە، بەڕێوەبەر و ئەفسەرەکانی زیندان لە زیندانییەکان زیاتر ترسیان لێنیشتبوو. سەبعاوی لە عۆدە نزیک بووەوە و دوای چەند پرسیارێك و سوکایەتیکردن پێی فەرمانیدا کە گولەبارانی بکەن، بە کلاشینکۆف دەستڕێژیان لێکرد. دوای ئەوە گالیسکەیەکی خاشاکیان هێناو عۆدەیان فرێدایە سەری و بردیان. سەبعاوی کەوتە هەڕەشەکردن.

ئەمە یەکەمجار بوو زیندانییەك لە بەرچاومان گولەباران بکرێت، بێگۆمان دیمەنی گولەبارانکردنی عۆدە بەو شێوەیە و بەبێ دادگاییکردن بۆ چاوترساندنمان بوو.ئەو ڕووداوە شوێنەوارێکی زۆر خراپ و سەختی لای زیندانییەکان جێهێشت. من تا ئەمڕۆ بیر لەوە دەکەمەوە بۆچی گەنجێکی وەك عۆدەیان بەم شێوەیە لە ناو برد؟ ئایە قوربانی دەستی ڕژێمێکی دیکتاتۆر بوو، کە کەسێك بۆی نەبوو لە تووڕەبوون و بارێکی دەروونی

زۆر خراپدا سوکایەتی بە وێنەکەی بکات؟ یاخود ساکاریی و نەزانی کەسوکاری عۆدە بوو، ئەوان دەبوو کات و شێوەیەکی گونجاوتر هەڵبژێرن بۆ ئاگادارکردنەوەی عۆدە لە مەسەلەی لەسێدارەدانی باوك و براکەی؟ یاخود ترسنۆکی و ناپاکی هاوزیندانییەکانی عۆدە بوو ئەوان دەبوایە کارەکەیان بۆ عۆدە پەردەپۆش بکردایە؟.

لەلای زیندانییەکان بووبوو بە شتێکی ئاسایی، کە لە کاتی هەموو دیدارێک(مواجەهە) یەکێك لە زیندانییەکان یاخود زیاتر، هەواڵی مردنی کەسێکی نزیکی پێبگات. بێگومان مردنی باوك یان دایك لەهەمووی ناخۆشتر بوو، زیندانییەکان هەوڵیاندەدا هەتاکو بکرێت باری ئەو زیندانییە سوك بکەن. بەوەی پرسە ڕێکبخەن وەك پشتیوانییەك بۆ خاوەن مردووەکە و تۆزێک فشاری باری دەروونی بۆ سوك بکەن، بەڵام جاری واهەبوو تراجیدیای مردنی کەسوکار گەورەتر دەبوو وەك ئەوەی ڕوویدا.

١٩٩٤/٧/٢ڕۆژی دیداربوو، زۆربەمان چاوەڕێی کەسوکارمان دەکرد، ڕێبوار عومەر کە شەش ساڵ بوو زیندانی بوو، ئەویش چاوەڕێی کەسوکاری دەکرد، هاتنە ژوورەوەی کەسوکار دەستی پێکرد. ئەو خەڵکەی لە سلێمانییەوە هاتبوون شڵەژاوییان پێوە دیاربوو، ئەوەندەی پێنەچوو لە بەڕێوەبەرایەتی زیندانەوە ناردیان بە دوای ڕێبواردا، دوایی زانیمان کە کاك عومەری باوکی ڕێبوار، لەکاتی هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو زیندان کەوتووە و ژیانی لە دەستداوە. دوای ماوەیەکی کەمڕێبوار بە چاوی فرمێسکەوە هاتەوە لەجیاتی دانیشتن و پێکەنین و گاڵتەکردن لەگەڵ باوکی دوا ماڵئاوایی لە جەستەی ساردی باوکیکرد. بەڕاستی ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ هەمووان.

-٩٢-

ساڵی ١٩٩٥ بوو بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری عێراق، لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەڕۆیشت، لەبەرئەوەی گەمارۆی ئابووری بەردەوام بوو. لەهەمانکاتدا هێزەکانی هاوپەیمانی فشارو هەڕەشەیان لەسەر ڕژێم ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیابوون دەچوو میللەتیش برسی بوو.لەوکاتەدا باری کوردستانیش لە ناوەڕاست و خواروو عێراق باشتر نەبوو، شەڕی نەگریسی پارتی و یەکێتی ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەبوو. لە جیاتی باسی کوردستان ناکۆکی لەسەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل و پارە بوو. باڵی ڕەشی شەڕی ناوخۆ تروسکایی ئەو هیوایەشی کز کردبوو کە میللەت بەهۆی ڕاپەڕینەوە هەیبوو، پارتی و یەکێتی دریغییان نەدەکرد بەرامبەر بە چەکدار و لایەنگران و ماڵ و منداڵی یەکتری. حیزبی بەعس سیاسەتی بەعەرەبکردن(تەعریب)ی بەکاردەهێنا بەرامبەر بە گەلی کورد، پارتی و یەکێتیش سیاسەتی بەحیزبی(تەحزیب) کردنیان پیادە دەکرد لە کوردستان. ئەگەر حیزبی بەعس لە ژێر ئەشکەنجەدا ناچاری بکردیتایە ددان بە تاوانێکدا بنێیت و دادگاییەکی کارتۆنیت بۆ ساز بکات، ئەوا پارتی و یەکێتی پێویستیان بەو سەر ئێشەیە نەبوو، هەر بەرپرسێکیان سەرپێیی چارەنووسی نەیارەکانی حیزبەکەی دیاری دەکرد.

باری گوزەرانی ئێمەیش لە زیندانیدا بە بەردەوامی بەرەو دژواری و ناهەمواری دەچوو، خواردن یەکجار کەم بوو. ژمارەی زیندانی هێندە زۆر بوو، دەبوو لە پانتایی بیست تا سی سانتیمدا بخەویت، مامەڵەی ئاسایشەکانی زیندان زۆر تووند بوو، بێجگە لەباری سیاسی کوردستانیش کاریگەریی دەروونی خراپی لەسەر ئێمەی زیندانی هەبوو.

وا دانرابوو لە ١٩٩٥/١/٦ واتە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق، بە کودەتایەکی سەربازی ڕژێمەکەی سەدام کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام ئەوەی ڕێگری بوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کودەتایە دەستگیرکردنی ٤٨ ئەفسەری پلە بەرزی سوپای عێراق بوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا کە زۆربەیان خەڵکی ڕومادی و دەوروبەرەکەی بوون، هۆکاری دەستگیرکردنیان نەخشەدانان بوو بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام.

بە پێی ڕاپۆرتی دەزگای تایبەتی هەواڵگری ئەم ئەفسەرانە سەر بە ڕێکخستنێکی

سەربازیی نهێنی بوون بە ناوی(الفرقان) ئامانجیان ڕووخاندنی رژێم بوو. دوو ئەفسەری گەورە بە ناوەکانی(لیوا ڕوکن فرۆکەوانمحەمەد مەزلوم دلێمی و عەمید روکنی هێزی تایبەت، قوات الخاصه، وضاح الشاوی).ئەفسەرێکی خانەنشینیی خەڵکی فەلوجە بەناوی(شاکر شنیتر الزوبعی)لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت کە چەند ئەفسەرێکی هەواڵگری سەربازی خزمی بهێنێتە ناو ڕێکخستنەکەوە، بەڵام ئەوانە جێی متمانە نابن و ڕێکخستنەکە ئاشکرا دەبێت.

دوای دەستگیرکردنی ئەم ئەفسەرانە، شێخەکانی ڕومادی هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن کە ئەفسەرەکان لە سێدارە نەدرێن، سەدام گفتیان دەداتێ کە لە سێدارەیان نادات، بەڵام لە ١٩٩٥/٥/٧ کەسوکاریان ئاگادار دەکەنەوە کە بێن و تەرمەکانیان وەرگرنەوە بەو مەرجەی کە پرسەیان بۆ دانەنێن.

تەرمەکان بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە شێوێندرابوون، بەڵام خەڵکی ڕومادی گوێڕایەڵی مەرجەکانی ڕژێم نابن، بە ئاشکرا و بەجەماوەرێکی زۆرەوە تەرمی لە سێدارە دراوەکانیان دەنێژن. پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ئاسایش و خەڵکەکەدا ڕوو دەدات، لە ئەجامدا ٢٥ کەس دەبێت بە قوربانی، بۆ ماوەیەکی زۆر باڕێکی نائاسایی، لە شاری ڕومادی و دەوروبەریدا دەگوزەرێت، هەزاران کەس دەستگیر دەکرێن و هەڵدێن.

-٩٣-

هەر زیندانییەکی تازە بهاتایە پێمدەگوت دەبێت دڵخۆشبیت کە لە مردن ڕزگارت بووە، دەبێت گەشبین بیت، کە بەیانی ئازاد دەبیت، چ بە لێبوردن یان ڕووخانی ڕژێم، یاخود هەرچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەهەمانکاتدا، دەبێت ژیانی خۆت وا ڕێکبخەیت کە حوکمەکەت لە زیندانداا تەواو دەکەیت، من ئەو قسانەم بۆ دڵدانەوەی ئەوان نەدەکرد، یاخود ڕەشبینی نەبوو لە منەوە، لەبەرئەوەی هەر دوو سێ ساڵ جارێك بەلێبوردن یاخود گفتوگۆ(مفاوەزات) یاخود بە هەر بۆنەیەکەوە بووبێت زیندانیی ئازاد دەکرا، ژمارەیەکی زۆر کەم لە زیندانی دەمانەوە.لەدوای لێبوردنە گشتییەکەی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩١وە کە ٦٠٠٠زیندانی پێئازادکرا، ماوەیەکی درێژ بوو لێبوردن نەدرا بوو.

لەمانگی چواری ساڵی ١٩٩٥دا لێبوردنێکی تایبەتی دەرچوو، ژمارەیەکی زۆر کەم لە زیندانییەکان ئازاد بوون.

لە ١٩٩٥/٧/١٧دا لێبوردنێکی دیکە دەرچوو، کومەڵێك زیندانی گرتەوە کە لە سەدا حەفتاو پێنج(٧٥٪)ی حوکمەکەیان تەواو کردبوو.لە ١٩٩٥/٧/٢١دا لێبوردنێکی دیکەی گشتی دەرچوو، لەهەموو زیندانییە سیاسییەکان بە تەنها ٩٨ زیندانی ماینەوە و بەر لێبوردنەکە نەکەوتین.ڕێژەی هەرە زۆری بە مادەی سیخوڕی حوکم درابوون. هەر وەکو لەوەو پێش ئاماژەم پێکردبوو سیخوڕی ڕاستەقینە بەدەگمەن ڕزگاری دەبوو لە سزای لەسێدارەدان، بۆیە تێکەڵەیەك هەبوو لە حوکمدان بە مادەی سیخوڕی(جاسوسی) بە بێبوونی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و هەروەها ئەوانەش حوکمی لە سێدارەدانیان هەبوو بە مەرسومێکی کۆماری حوکمەکەیان بۆ سوکدەکرا بۆ هەتاهەتایی(الموئبد) واتە ببوون بە زیندانییەکی ئاسایی، بەڵام ئەمەیان بەکار دەهێنا بۆ ڕێگری لە ئەو کەسانەی کە نەیاندەویست ئازادیان بکەن.

ئەو "٩٨" زیندانییەی کە ماینەوە، کۆیانکردینەوە لە بەشی یەکی زیندان، ئەو زیندانەی تاکو دوێنێ بوو جمەی دەهات و جێگای نووستنی تیدا نەبوو لەمکاتەدا هەر ژوورەی چوار تا پێنج زیندانی تێدا بوو. ئەو ڕێڕەوەی نەتدەتوانی هەنگاوی تێدابنێیت، بەبێ ئەوەی

بەر زیندانییەکی دیکە بکەویت، ئێستا دەتوانی غارغارێنی تێدا بکەیت. ئاودەستەکان کە دەبوایە نیو کاتژمێر چاوەڕێ بکەیت تا نۆرەت بەردەکەوێت بۆ سەرئاوێک ئێستا دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت کاری خۆت ئەنجام بدەیت. بە بێ ئەوەی کەس پەلەت لێبکات، ئەو سەرژمێرەیە(تعداد)ی کە کاتێکی زۆری دەخایاند، ڕۆژانە دوو تا سێجار ئەنجامیان دەدرا و بە پێنج خولەك تەواو دەبوو، ئەو کارانە و زۆر کاری دیکەش لە دوای لێبوردنەکەوە ئاسان ببوو.

هاوزیندانییەکانت کە چەند ساڵێك بوو پێکەوبوون، ئێستا ئەوان لەدونیای ئازاددا دەژین، ئێمەش لە نێوەندی چوار دیواری ڕەشی زیندان ماوینەتەوە، لە ژێر زەبرو بەزەیی یاساولّەکان(جەلادەکان). پیاوی دەوێت بەرەنگاری ئەو بارە دەروونییە گرانە ببێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە ساڵانێکی زۆر بوو لە زیندانیدا بوون. لای زۆربەمان هەڵتەکاندنێک دروست ببوو، هەندێکی دیکەمان بە بیدەنگی ژیانی خۆی دابووە دەست ئەو چارەنووسە، بەڵام هەندێکی دیکە بە بێچەوانەوە بڕوای وا بوو ئێستا کاتی هەڵوێستەیە، لە لوتکەی خۆڕاگری و هەڵوێستی جوامێرانەدا بوو، بەرگریی لە ئازارەکان دەکرد، ئەمەیش متمانە لەسەر بڕواو هۆشیاری سیاسی دەکرد و ئەو ڕۆڵەی هەیبێت لەسەر مرۆڤەکە.

مانەوەمان لە زیندانیدا بە تەنها کاریگەریی لەسەر ئێمەی زیندانی نەبوو، کەسوکارەکانیشمان باجی گەورەیان دەدا، لە ڕووی فشاری دەروونی و خێزانی و ئابووریییەوە، سەختی هاتووچۆ لە نێوان کوردستان و بەغداد ئەرکێکی گەورەو گرانی دیکەی لە سەر ئەوان دانابوو، ئەوانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لە زیندانیدا بوون، هەر لەبەرئەوە بوو کە ناومان لێنابوون زیندانیانی دەرەوە.

-٩٤-

هەمیشە من لەو بڕوایەدا بووم کە هیچ ئازایەتی و هونەرییەکی تێدا نییەمرۆڤ چەند ساڵ لە زیندانداا بێت، لەبەرئەوەی ئەوێ جێگایەک نییە کە بە خواستی خۆت بۆ ژیان هەڵبژێریت.ئەوەی گرنگە هەڵوێست و گوزەرانی ڕۆژانەتە، لەگەڵ هاوزیندانییەکانت و پاراستنی هەستی مرۆڤایەتی و هەروەها ئاگاداری تەندروستی دەروونی، بوار بە سەختی و دژوارییەکانی گوزەرانی ناو زیندان نەدەیت، کە بەها بەرزەکانی مروڤ بوونت لێزەوت بکات. زیندان بکە بە قوتابخانە، وەك خوێندکارێکی زیرەك دەستپێبکە و لە کۆتاییدا ببە بە مامۆستایەکی کارامە.

ساڵانی یەکەمی زیندان و دژواری ژیان لە نێوەندی چوار دیواری تەسکدا، پانتاییەکی فراوانی بێسنوری بیرکردنەوەت بۆ فەراهەم دەکات. پێش هەموو شتێك خۆت و خەڵك دەناسی، دیوە شاراوەکانی ژیانت بۆ دەردەکەوێتو بەهای ڕاستەقینەی کەرەستە ساکارەکان هەڵدەسنگێنی. زیندان چەندێکت لێدەبات دوو ئەوەندەت دەداتێ، ئەوەیش دەکەوێتە سەر کەسایەتی تۆ، هەنگاو دەنێیت بەرەو ئەو پانتاییە، یاخود بازنەیەکی چەقبەستوو بەدەوری خۆتدا دەکێشیت، لە نێوەندی ئەو چوار دیوارەی کە بۆت دیایکراوە بێخواستی خۆت، ژیانێکی خەمۆکی هەڵدەبژێریت، یاخود هیچ هەلێکی خەندە و خۆشی بۆ خۆت و هاوزینیدانەکانت لە دەستنادەیت.

من هەمیشە لەو بڕوایەدابووم و ئێستایش لەو بڕوایەدام بەختەوەری مرۆڤەکان پەیوەست نییە بە شوێن و سامانەوە، ئەوە شێوەی بیرکردنەوە و خۆگونجاندنە دڵخۆشمان دەکات یاخود دڵگرانیمان پێدەبەخشێت، بەڵام کاتێك ساڵانێکی زۆر لەزیندانداا دەمێنیتەوە، ئیتر زیندان کلۆرت دەکات، بەبەردەوامی لێتدەبات و هیچت لەبەرامبەرەکەیدا ناداتێ، دووبارەکردنەوەی وانەکان دوای فێربوون، هیچ واتایەکی نییە، بۆیە لێرەدا مرۆڤ دەبێت بڕوای بە ململانێ هەبێت، لەمکاتەدا تۆ لە بەرامبەر نەیارێکدا دەجەنگێت و نابێت خۆت بەدەستەوە بدەیت. مەبەستی ئەو ئەوەیە کە تۆ چۆک دادەیت، بەپێچەوانەی خواستی ئەوەوە تۆ دەبێت بە پێوە بوەستیت، بێگومان

مرۆڤ لەو کاتەدا پێوستی زۆری بە هاوپشتی و هاوسۆزی خێزان و کومەڵگا هەیە.

ڕێزانی(زانا)ی هاوسەرم ڕۆڵێکی زۆر مەزنی هەبوو لە خۆڕاگریی منداا، ئەو پاڵپشتێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی من بەرگەی ساڵانی زیندانی بگرم، بەبێئەوەی گەشبینی لە دەستبدەم، یاخود هەست بە لاوازی بکەم. لەگەڵ ئەوەی ئێمە بەیەکەوە پێشمەرگە بووین و کاری سیاسیمان دەکرد، ئەو ساڵانەی زیندانیش بێدیداری نەکردووم، ئەو کاری بەرگدرووویی دەکرد، خۆی و پەیامی کچمان و خێزانەکەی دەژیاند و هەروەها پێداویستییەکانی

ڕۆژی دیدار، زیندانی بادوش، ڕێزان، ۲۰۰۵

منیشی دابین دەکرد، لە هەموویشی گرنگتر سۆزو خۆشەوستی پێدەبەخشیم.

خراپی بارودۆخی ئابووری کوردستان و نائارامی گوزەرانی خەڵک بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، وایکرد کە خەڵکێکی زۆر بە تاك و خێزان بەرەو هەندەران کۆچبکەن، خانەوادەی ڕێزانیش یەکێك بوون لەوانەی کەکۆچیان کرد. ڕێزان خۆی و پەیامی کچمان مابوونەوە، فشاری ژیان و کۆمەڵگاش زۆر بوو لەسەری، ئازادنەبوونی منیش بە لێبوردنەکەی ساڵی ١٩٩٥ بێئومێدی لا دروستکرد کە بەم نزیکانە بە یەکتری شاد نابینەوە، لەهەمانکاتدا ماڵەوەیان زۆریان لێدەکرد بۆ ئەوەی ئەویش بڕوات بۆ لایان بۆ سوید، ڕێزان دامابوو لە نێوان، بەجێهێشتنی من و کۆچکردن یاخود مانەوەی بە تەنیا لەگەڵ منداڵێکی چەند ساڵان لە ولاتێکی نائارام و برسێتی و هەروەها هاوسەرێك لە زیندان.

-٩٥-

لە وەسیەتنامەکەی کە لە ژووری مەرگدا(اعدام)دا نووسیبووم و هەروەها لەیەکەم دیدارمدا(مواجە) بە ڕێزانی هاوسەرمم ڕاگەیاند، کە ئەو ئازادە چۆن بڕیار لە سەر ژیانی داهاتووی خۆی دەدات. لە ئێستاشدا لەسەر ڕۆیشنی بۆ سوید، یاخود مانەوەی بڕیار لەدەستی خۆیدایە. لە ڕاستیدا مانەوەی ئەوان بۆ من زۆر گرنگ بوو، بەڵام من لە باربڕێکی ئەوتۆدا نەبووم کە داوای مانەوەیان لێبکەم. خراپی باری سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی کوردستانیش، یارمەتیدەر نەبوو بۆ ئەوەی من داوایەکی ئاوایان لێبکەم. لەدوای دوودڵییەکی زۆر ڕێزان بڕیاریدا کەلەگەڵ پەیام بڕۆن بۆ سوید بۆ لای کەسوکاری، ئەم بڕیارە چۆن بۆ من قورس بوو هەروەها بۆ ڕێزانیش ئاسان نەبوو.

پەیام تەمەنی ببوو بە حەوت ساڵ، هەر چەندە ئەوکاتەی کە پەیام لە دایکبوو من لە زیندانداا بووم و هەروەها لەو ماوەیەی من زیندانی بووم، چەند جارێك بە دیداری شاد ببووم، بەڵام لەو بڕوایەدام کە سۆزی باوکایەتی من لە سۆزی باوکێکی ئاسایی زۆر زیاتر بووبێت. ئەو پانتاییەکی گەورەی بیرکردنەوەمی داگیر کردبوو، شەو نەبوو خەونی پێوە نەبینم. هەمیشە ئەو هەستەم هەبوو کە پەیام تەنها بەرهەمێکی بایۆلۆجی نییە، ئەو بەرهەمی خۆشەویستی نێوان من و ڕێزانە، منداڵێك نییە کە لە خێزانێك و بارودۆخێکی ئاساییدا لە دایك بووبێت، پەیام بەرهەمی سووربوونە لەسەر بەردەوامی لە ململانێ و خەبات و تێکۆشان و سەرکەوتنی ژیان بە سەر مردندا.

ڕێزان و پەیام مالْئاواییان لێکردم(هەر چەندە مالّی من ئێستا زیندانە)، هەولّمدا لایەنە باشەکانی ڕۆیشتنیان بهێنمە بەرچاوم، خۆیشم بە زووترین کات خۆم بگونجێنم، لەگەڵ ئەم بارە تازەیەدا، هەر چەندە بوونی ئەوان لە نزیکەوە باری منی سوك دەکرد.

ئەم دێڕانەی خوارەوە دەربڕینی هەستمە لە زیندانپێم باشە لێرەدا جارێکی دیکە بیاننووسمەوە :-

لە ژووری مەرگدا.....

سێدارە چاوەڕێی دەکردم

بیرم له خوداو له بەهەشت نەدەکردەوە
بیرم له تۆ و له بەهار دەکردەوە
ئێستا له گۆڕستانی زیندووەکاندا
توانیویانە ڕێگای ئەستێرەکانی ئاسمانم لێ بگرن
بەڵام هەرگیز ناتوانن ئەستێرەی ڕێنوێنی تۆم لێون بکەن.
کێ دەزانێت...
ڕەنگە هێندە یەکمان خۆشنەویستایە
ئەگەر له دووڕەوە، تێڕوانینی گیانی خۆمان نەکردایە
کێ دەزانێت ئەگەر ڕۆژگار جیای نەکردبایەوە، ڕەنگە ئەوەندە له یەك نزیك نەبووینایە.

سەرچنار، سلێمانی، ١٩٨٤
پۆڵا، ڕێزان، لەم وێنەیەدا قاچم بریندارەو هێشتا تەواو چاك نەبۆتەوە

-٩٦-

ڕۆژانە زیندانیکراوی تازە دەهات لە جیاتی دادگای بەناو شۆڕش(محکمه الثوره) دادگایەکی نوێی دامەزراند بوو بە ناوی دادگای تایبەت(محکمه الخاصه) سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بوو. هەرچەندە ئەم دادگایەش هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ دادگای شۆڕشدا، بگرە خراپتر بوو(عجیل العجیلی) سەرۆکی دادگاکە بوو. زۆربەی زۆری زیندانییە تازەکان گەنج و دانیشتووی خواروووی عێراق بوون.هەر لەو کاتەدا بێجگە لە حیزبی دەعوە، حیزب و ڕێکخراوی شیعەی دیکە پەیدابوو، بۆیە لە نێوانیاندا هەست بە ناکۆکی دەکرا. زۆربەی ئەو کوردانەی کە لەسەر سیاسەت حوکم دەدران، دانیشتووی شاری کەرکوك بوون، هەرچی کوردەکانی پارێزگاکانی دیکەی کوردستان بوون، لە کاتی سەردانیان بۆ بەغداد و لەسەر قاچاخچێتی دەستگیر دەکران، یاخود دوو سەرەکارکردن واتە(لە یەککاتدا لەگەڵ ڕژێم و لەگەڵ حیزبێکی کوردستانیدا پەیوەندی و کاریان کردووە) بە دەگمەن کوردی پارێزگا کوردییەکان بێجگە لە کەرکوک لەسەر سیاسەت دەستگیر دەکران.

بۆ یەکەمینجار کۆمەڵێک گەنجی ڕۆشنبیری عەرەب لەسەر پەیوەندییان بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری(الحیزب الشیوعی العمالی) حوکم درابوون. ئەمانە کۆمەڵێك گەنجی هەڵگرتووی بیری چەپ بوون، بڕوایان بەوە دەبێت، کە کار بکرێت بۆ پێگەیشتنی بیری میللی شۆڕشگێڕی کرێکاری، لە پێناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری فاشی شۆڤینی لە عێراق. ئەمانە لە سەرەتادا ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی کرێکاری دادەمەزرێنن، لە ساڵی ١٩٩٤دا لەگەڵ حیزبی شیوعی کرێکاری عێراقی یەکدەگرن و تێکۆشانی نهێنی دەکەن، بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، بە دابەشکردنی بڵاوکراوە و نووسین لەسەر دیوارەکان.

لە ١٩٩٥/١٠/١٣ لە ڕۆژی هەڵکشانی گەورە(یوم الزحف الکبیر) ئەو ڕۆژەی کە سەدام داوای لە میللەت کردبوو هەموو بچن بۆ دەنگدان، بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات. لەو کاتەدا ئەمانە بانگەشەی بەشدارینەکردنی خەڵک دەکەن لە ڕاپرسییەکەدا، بۆیە لە لایەن دەزگای هەواڵگری (المخابرات)دەستگیردەکرێن بەم ناوانەوە(فالح مگطوف، ئەزهەر عەدنان، ئەحمەد عەبدولستار، سەعید کازم، حەیدر عەبدولجەبار، عەلی تالب، عادل حەمید).



زیندانی ئەبو غریّب
رائید، حەیدەر، سەعید، پۆلا

بوونی ئەمان لەو کاتەدا لە زیندانداا زۆر گرنگ بوو، بۆ ڕاگرتنی جۆرێك لە هاوتایی لە نێوان زیندانییەکاندا، لەبەرئەوەی هەر نشئەت(ئەبوعادل) و من وەك شیوعی لە زیندانداا بووین، ئەمانە ڕۆڵێکی باشیان هەبوو لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ناو زیندانییەکاندا. هەواڵ و بڵاوبوونەوەی لەناو زیندانداا، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر زیندانییەکان بە تایبەتی هەواڵێك کە پەیوەندی بە ڕژێم یاخود باری سیاسی لە ناوچەکەو عێراقدا هەبوایە. هەر چەندە تەلەفزیۆنمان هەبوو، هەروەها ڕۆژانی دیدار هەواڵی هەموو پارێزگاکانمان پێدەگەیشت و لە ڕێگای هەندێک لەو زیندانییانەشەوە کە پیاوی ڕژێم بوون و لەو کاتەدا زیندانی بوون پەیوەندییان باش بوو لەگەڵ پاسەوانەکان و هەواڵمان پێدەگەیشت.هەر چەندە من بۆ خۆم ئازاری زۆرم لەسەر ڕادیۆ چێشتبوو، بەڵام هەرگیز بێ ڕادیۆ نەبووم، یەکێك بووم لە سەرچاوەکانی هەواڵ.

لە ١٩٩٦/٢/٢دا هەواڵ بڵاوبووەوە کە(حوسێن کامیل حەسەن و براکەی سەدام کامیل حەسەن) کە زاوای سەدام حوسێن بوون بە خێزانەوە گەڕاونەتەوە عێراق.

(حوسێن کامیل) کە وەزیری پیشەسازی سەربازی بوو(التصنیع العسکری) ودامەزرێنەری هێزەکانی پاسەوانی کۆماری بوو، لەهەمانکاتدا هاوسەری ڕەغدی کچی سەدام و جێگە متمانەی بوو. لە ساڵی ١٩٩٥لەگەڵ براکەی بە ماڵەوە ڕایانکرد بۆ ئوردن پاشای ئوردن ئەوکاتە لە وڵاتەکەی پەناهەندەیی پێبەخشین.سەدام لێبوردنی بۆ دەرکردن کە دەتوانن بێگرفت بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەیان دەستبەسەرکران دوای سێ ڕۆژ لە ١٩٩٦/٢/٢٣دا لە ماڵەکەیان لە گەڕەکی سەیدییەی بەغداد، هێرشکرایە سەریان، دوای چواردە کاتژمێر لە بەرگری، حسێن و براکەی و هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەدا بوون کوژران.

شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی سێ ساڵ بەردەوام بوو، بەشێك لە حیزبەکان سیاسەتیان ڕوون بوو، یان لەگەڵ پارتیدا بوون، یاخود لەگەڵ یەکێتیدا، بەڵام بەشێکی دیکەیان لە نێوەندی هەردوو حیزبەکەدا مانەوە، وەک ڕێش سپییەک و نێوەندگیرییەک کاریان دەکرد بۆ نمونە حیزبی شیوعی کوردستانی.ڕژێمی بەعس بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە سود لەم کارەساتە وەربگرێت. هەرچی ئێران و تورکیایە ڕۆژیان بوو، ئەوان بەو ناوکۆکییەی نێوان حیزبەکانی کوردستانسیاسەتی خۆیان لە ناوچەکەدا بە باشی جێبەجێ دەکرد. ئەوەش شتێکی تازە و چاوەڕوان نەکراو نەبوو، کە حیزبەکان لە ژێر دەواری ئەملادا یاخود ئەولادا بن.ئێمەی زیندانیانی کورد هەستمان بە شەرمەزاری و نیگەرانییەکی ئێجگار زۆر دەکرد، وا دیار بوو کە لە داهاتوودا لەوەش خراپتر چاوەڕێمان دەکات.

ژمارەیەك لە زیندانییەکان لەبەشەکەی خۆمان تەماشای بەرنامەی تەلەفزیۆنی عێراقیمان دەکرد، لەو کاتەدا(شەمعون مەتی)بێژەری هەواڵ دەستیکرد بە خوێندنەوەی هەواڵی سەرەکی، هەواڵەکە بە جۆرێک بوو وەك ئەوەی هەورە بروسکەیەک بێت و بیدات لە تەوقی سەرمان. لەگەڵ پیشاندانی تانک و زرێپۆشەکانی سوپای عێراقی لەسەر شەقامەکانی هەولێر، ئێمە لە شەرم و خەجاڵەتیدا نەماندەزانی چۆن خۆمان بپارێزین لە چاوی زیندانییەکانیتر و لە هەژمەتاندا، نەماندەزانی چی بڵێین و چی بکەین.

کاتی خۆی خوێندبوومان کە سیاسەتی بۆرجوازی وەك ئافرەتی لەشفرۆش وایە، هەر ڕۆژەی لە باوەشی یەکێکدایە، من بۆ خۆم زۆر لەگەڵ ئەو نمونەیەدا نیم، چونکە زۆربەی هەرە زۆری لەشفرۆشەکان، ئەو کارە بۆ بژێوییان دەکەن، بورجوازییەتیش بۆ قازانجی زیاتر، بەڵام من دەڵێم کە خاکفرۆشتن لە گەوادی قێزەونترە.لەو کاتەدا یەکێتی هێزی پاسداری هێنابوو بۆ باشووری کوردستان لە ١٩٩٦/٨/٢٢دا مەسعود بەرزانی نامەیەك بۆ سەدام حوسێن دەنێرێت و داوای یارمەتی لێدەکات. لە بەرەبەیانی ڕۆژی شەممەی ١٩٩٦/٨/٣١دا بە چاوساغی پارتی، سەدان تانك و زرێپۆش و هەزاران سەربازی هێزەکانی

پاسەوانی کۆماری و فەیلەقی یەك و پێنج بە چەند کاتژمێرێك هەولێری پایتەخت داگیردەکەن، کومەڵکوژی ئەنجامدرا، لە ڕێگای دەستگیرکردن و ڕاپێچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاو و کادری حیزبە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکان. دواتر گوللەبارانکردنی بەشێکیان و زیندانیکردنی بەشێکی دیکەیان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە.

ئەوەی من ئاگادارىم، لەدوای ئەو کارەساتە زیاتر لە سەد بەرهەڵستکاری ڕژێمی عێراقییان هێنا بۆ بەشێکی دەزگای هەواڵگری(موخابەرات)لە ئەبوغرێب. لە دواییدا بیسەروشوێنکران و هەروەها کۆمەڵێك لە پێشمەرگە بە دیل گیراوەکانی یەکێتییان هێنا بۆ لای ئێمە، کە لە قوشتەپە دەستگیرکرابوون هەندێکیان بریندار بوون. لە ١٩٩٨/٣/١٨بە ڕێکەوتنێك لە نێوان یەکێتی و ڕژێم ئازادکران.

ناوی پێشمەرگە دیلەکان و پلەکانیان.

-حەمە ساڵح ئەحمەد(حەمە قەڵەو) فەرماندەی تیپ

-جەمال مەحمود مەعروف (جەماله سوور)فەرماندەی تیپ

-هادی محەمەد عەبدوڵا(هادی حەمە شەمە) فەرماندەی تیپ

-قادر کریم عەبدوڵا/فەرماندەی تیپ، بریندار

-ڕێبوار ئەسعەد حەسەن(ڕێبواری حەلاو)فەرماندەی تیپ -ڕەزا عەلی حەمە ئەمین، جێگری تیپ، -مەنسور کەریم فەرەج(شێخ مەنسور) هەواڵگری تیپ، بریندار، -جومعە ئەحمەد حەمە شوان(جومعەی خاڵە بازیانی)فەرماندەی کەرت.

-سەعید حەمە ئەمین سەعید، فەرماندەی کەرت

-عەلی قادر مەحمود، فەرماندەی کەرت -ئەحمەد محەمەد قادر (ئەحە ڕەش) پێشمەرگە

-هاوار حەسەن مەحمود، پێشمەرگە، بریندار، -عەکاش عومەر سەعید، پێشمەرگە، بریندار -ئیبراهیم محەمەد مستەفا، پێشمەرگە -غەفور عەلی فەرەج، پێشمەرگە، بریندار -سۆران قادر سالّح، پێشمەرگە، بریندار

-دانا ڕەفیق عومەر، پێشمەرگە

-سیروان عەلی عەبدولقادر، پێشمەرگە -ئەرسەلان حەمید سەعید، پێشمەرگە -فەرەیدون فایەق تاهر، پێشمەرگە.

هەواڵێك بڵاوبووەوە كە هەموو زیندانی دڵخۆش و خەریك كردبوو، كە ئەوەیش هەوڵی كوشتنی عودەی، كوڕە گەورەی سەدام حوسێن بوو، عودەی خاوەنی كەسایەتییەكی ناجێگیر و ڕەفتار نامۆ بوو، بە پێچەوانەی قوسەی برا بچوكییەوە، دەنگۆیەكی وا هەبوو كە عودەی ئامادە دەكرێت بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی باوكی، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨ لە ئاهەنگی ڕێزلێنانی سۆزان موبارەك(خانمی یەكەمی میسری ئەوكاتە) كێشەیەكی گەورەی بۆ خۆی و باوكی دروستكرد، ئەوە بوو یەكێك لە یاوەرەكانی باوكی بەناوی(كامیل حەنا جەجۆ، یاوەر لە بواری حزمەتگوزاری) لە ئاهەنگەكەدا كوشت، ڕووداوەكە بووە مایەی شەرمەزاری و ئابڕوچوونێكی گەورە بۆ عودەی و باوكی.

عودەی سەرۆكی كۆمیتەی ئۆڵۆمپی عێراقی بوو، ئەو سوكایەتی بەیاریزانەكانی تیپی تۆپی پێی عێراقی دەكرد، زیندانی دەكردن و ئەشكەنجەشی دەدان. ئەگەر یارییەكیان بدۆڕاندایە لەهەمانكاتدا سەرپەرشتیاری چەكدارەكانی(فیدائی سەدام) بوو خاوەنی(ڕۆژنامەی بابل، بەعس، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی شەباب)بوو. ژنانی لەسەر شەقامەكانی بەغداد دەڕفاند و دەستدرێژی دەكردە سەریان، ئارەزووی لە ئۆتۆمبێلی گرانبەها بوو، وەك فیراری، روزرایس، پۆرش.

لە ١٩٩٦/١٢/١٢ لە گەڕەكی مەنسوری شاری بەغداد، هەوڵی كوشتنی دەدرێت، لەوكاتەی ئۆتۆمبیلە پۆرشە زێڕینەكەی لێدەخورێت، دوو چەكدار بە كلاشینكۆف دەستڕێژی لێدەكەن و پەنجا فیشەك بە ئۆتۆمبیلەكەیەوە دەنێن، حەڤدە فیشەكی دەیپێكێت، دەستبەجێ بۆ نەخۆشخانە دەگوازرێتەوە.

چالاكییەكە بەم شێوەیە دەكرێت:-

چوار كەس هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چالاكییەكە، كەسەر بە جوڵانەوەی پانزەی شەعبانییەی ئیسلامی(حركە الخامس العشر الشعبانیە الاسلامیە)دەبن. كەرەستەكانی چالاكییەكە بریتی دەبێت لە(سێ كلاشینكۆف، دەمانچەیەك و چەند نارنجۆكێكی دەستی، ئۆتۆمبیلێكی بەرازیلی). ئەنجامدەرانی كارەكە زانیارییان دەبێت لەسەر ئەوەی

که عودەی زۆربەی پێنجەشەممە لەسەر هەینی دەچێت بۆ گەڕەکی مەنسوری بەغداد، چەند جارێك لە بۆسەدا دەبن بۆی تاکو لە کۆتاییدا دەکەوێتە بۆسەکەوە.

-سەلمان شەریف حەفار، سەرپەرشتی چالاکییەکە دەکات، لە کاتی هاتنی عودەیدا، ئۆتۆمبێلەکەی دەستنیشان دەکات. -عەبدولحەسەن زوبەید عاشور و موئەیەد ڕازی حوسێن، دەستڕێژ لە ئۆتۆمبیلەکەی دەکەن.

-تەحسین مجید عەبد، لە ئۆتۆمبیلە بەرازیلییەکەدا چاوەڕێیان دەکات.

دوای ڕووداوەکە هیچ کەسێک لەسەر هەوڵی کوشتنەکە دەستگیر ناکرێت تاکو ساڵی ١٩٩٨ ئەوکاتە دەزگا ئەمنییەکان زانیارییان دەستدەکەوێت، لەسەر ئەنجامدەرانی چالاکییەکە، ژمارەیەکی زۆرلە هاوڵاتیان دەستگیردەکەن،لەنێوانیاندا بنەماڵەی هەرچواربەشداربووەکانی چالاکییەکە و خانووەکانیان خاپوور دەکرێت. عەبدولحەسەن زوبێد عاشور، کە یەکێك بووە لە ئەنجامدەرانی چالاکییەکە، لەگەڵ باوکی لەسێدارە دەدرێن، سەلمان شەریف خۆی ڕادەکات بۆ ئێران، بەڵام حەوت براو باوکی، لەسێدارە دەدرێن، تەحسین مەجید عەبد ساڵی ٢٠٠٢ بە دەستی دەزگای هەواڵگری عێراق لە ئێران دەکوژرێت.

عودەی کوڕی گەورەی دیکتاتۆری پێشوو
پاش چاکبونەوە و ڕزگاربونی لە هەوڵی کوشتن

ژمارەی زیندانیانی ئێزیدی بە بەراورد بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانیان لە عێراق، زۆربوون، لە هەمانکاتدا ئاریشەیان لە زیندانییەکانی دیکە زیاتر بوو، زۆربەی ئیسلامییەکان و بەتایبەتی تووندڕەوەکانیان، بە چاوێکی سوک تەماشایان دەکردن و هەڵسوکەوتیان جیاواز بوو لە گەڵیان، بۆ نمونە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبوایە، نەیاندەهێشت ئەوان لە چێشتخانەی بەندیخانەکەدا کار بکەن، و هەروەها پڕوپاگەندەی نابەجێیان بۆ دەکردن، هەرچیان بگوتایە بڕوای پێدەکرا، لەبەرئەوەی زۆربەی زیندانییەکان، زانیارییان دەربارەی ئاینی ئێزیدی نەبوو.زۆربەی هەرە زۆری زیندانییە ئێزیدییەکان، بەهەڵوێست و خاوەنی ڕەوشتی بەرز و جوان بوون، جێگای خۆیان دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژووی ئیسلام بە ناوی ئاینەوە ستەمیان لێکراوە، ئەوان بۆ خۆیان خەڵکێکی ئاشتی خوازبوون.

هەرچی کریستیانەکان و چەپەکان و کوردەکان بوون پەیوەندییان باش بوو لەگەڵیاندا، لەبەرئەوەی کریستیانەکان ئاریشەیان تۆزێک لەوان کەمتر بوو، چەپەکان لە سەروو ئایینەوە سەیری مرۆڤەکانیان دەکرد. کوردەکانیش لەگەڵیاندا هاوبەش بوون لە زمان و کولتووردا، ئێزیدییەکان مافێکی تایبەتی خۆیان هەبوو، کە زیندانییەکانی دیکە نەیانبوو، ئەویش ڕیش هێشتنەوە بوو، لە سوپاو زیندان ئەوان بۆیان هەبوو ڕیش بهێڵنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدەگمەن ڕیشیان دەهێشتەوە، بەڵام زۆربەیان دەستکاری سمێڵیان نەدەکرد.

لە زیندان نانی تیری کوردی و هەنجیری وشکی شەنگال زۆر بەهای هەبو،.زیندانییەکی ئێزیدی بەتەمەن بەناوی ئلیاس حوسێن(ئەبو دەخیل) ئەو پێش من لە زیندان بوو، هەرچەندە نەخوێندەوار بوو، بەڵام هۆشیاری سیاسیی هەبوو. هەر لە هەرزەکارییەوە تێکەڵاوی خەبات و تێکۆشانی نەتەوایەتی شۆڕشی کۆن و نوێی گەلی کورد ببوو، لەگەڵ حوسێن بابە شێخ، دیداری(مواجەهە)ی کەم بوو. دەستکورت بوو، نانخواردنی بەلاوە گرنگ نەبوو، باکی بە زیندان نەبوو، بەتەنها دوو شت بەلایەوە جێگای بایەخ بوو(هەواڵی

کوردستان وجگەرە). هەمیشە تورەکەی تووتنەکەی بەقەدییەوە بوو، هێشتا سیگارێکی بە تەواوەتی نەکێشابوو، یەکێکی دیکەی دەپێچایەوە، سمێڵە سپییەکانی بە دووکەڵی جگەرە زەرد هەڵگەڕابوو، هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسایە دەهات بۆ لای من. بۆ هەواڵی باری سیاسی کوردستان، خەمی گەورەی ئەو چارەنووسی گەلەکەی بوو، هەمیشە من هەوڵم دەدا دڵیخۆش بکەم لەبەرئەوە زۆرجار ئەو هەواڵانەی کە دەمزانی دڵگرانی دەکات لێمدەشاردەوە، هەوڵم دەدا دڵخۆشی بکەم بە هەواڵی باش و خۆش. مام ئلیاس فێری ئەوەی دەکردیت، چۆن بێبەرامبەر نەتەوەکەت خۆش بوێت، کەسانی وەك ئەو، بەبێئەوەی یەك وشە بڵێن فێری هەزارەها وشەی خۆڕاگری و کوڵنەدان و ئومێد بە دواڕۆژی دەکردیت.



مام ئیلیاس، ناسراو بە (ئەبو دەخیل)، پۆڵا گۆڕەپانی زیندانی ئەبو غرێب

یەکەم زیندانی کاکەیی کە هێنایان بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب، بەشی تایبەت(الخاصة)، سەلیم خورشید محەمەد کاکەیی بوو(ئەبو فراس). مروۆێك كە هەمیشە خەندە لەسەر لێوەکانی بوو، پێش دەستگیرکردنی لە کۆمپانیای نەوتی بێجی کاری دەکرد، تاوانی تەنها ئەوە بوو کە ئاگاداری ڕاکردنی وەفیق سامەرائی بووە.

وەفیق سامەرائی، سەرۆکی یەکەی هەواڵگری سەربازی عێراقی بوو تاکو ساڵی١٩٩١دوای ئەوە بوو بە بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی سەرۆکایەتی سەدام حوسێن،لە ساڵی ١٩٩٤بڕیاری هەڵهاتن دەدات بەرەو کوردستان. برای هاوسەرەکەی سەلیم کاکەیی یەکێك دەبێت لەوانەی کە یارمەتی وەفیق دەدەن بۆ دەربازبوون بەرەو کوردستاندوای ئەوە وەفیق سامەرائی لە ڕێگای کەرکوکەوە دەگاتە کوردستان.وەفیق کەسێکی متمانە پێکراو بوو، لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتەی عێراقەوە، لە بازنەی سەربازی سەدام حوسێن بوو، ئەو بەشدار بوو لە هەموو ئەو تاوانانەی کە ڕژێم ئەوکاتە، بەرامبەر بە گەلی عێراق و بەتایبەتی گەلی کورد وەک تاوانەکانی جینۆسایدئەنفال و چەکی کیمیایی ئەنجامیدابوو.

ساڵی ١٩٩٥وەفیق سامەرائی، بە یارمەتی گونگرەی نیشتیمانی عێراقی(هاوپەیمانییەک لە نێوان لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق، کە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا پشتگیری دەکرد) یاخیبوونێکی سەربازی ڕێکبخەن، کۆنگرەی نیشتیمانی بەجێهێشت، بوو بە سەرۆکی جوڵانەوەی نیشتیمانی عێراقی، کوردستانی بەجێهێشت بەرەو سوریاو ئوردون ڕۆیشت.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦دا ڕژێم چەند کەسێک دەستگیر دەکات، بە تاوانی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی کودەتا دژی ڕژێم، کە زۆربەیان ئەفسەری پلە بەرزی سوپا و خەڵکی سامەڕا دەبن، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، لەئەنجامدا وا دەردەکەوێت کە ماوەیەکی زۆر بووە، ئەو نامانەی کە وەفیق سامەرائی دەیناردن، پێش ئەوەی بگاتە دەستی ئەو کەسانەی کە بۆیان نووسرا بوو، دەگەیشتە دەستی ڕژێم، ئەوان دەیانخوێندەوە و دواتر دەگەیشتە دەستی کەسە دیاریکراوەکان، بەم شێوەیە ڕژێم ئاگاداری جوڵەی کەسەکان و پەیوەندییەکانیان بوو.

دوای ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان چواردە کەس لە سێدارە دەدرێت، لە ناویاندا(عەلی عەلیان) گەورە شێخی ناوداری شاری سامەڕا، کە کاتی خۆی و دوای بریندارکردنی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکی عێراقی ئەوکاتە، لە لایەن سەدامەوە، ئەو یارمەتی سەدامی دابوو بۆ هەڵهاتن بەرەو سوریا.

سەلیم کاکەیی خاوەنی ماڵ و منداڵێکی زۆر بوو، برای هاوسەرەکەی لە سێدارە درابوو، بارودۆخی ئابووری و بژێوی خێزانەکەی زۆر خراپ بوو، دەبوایە ئەو کارێک بکات بۆ یارمەتیدانی خێزانەکەی، ئەوەبوو کە لەهەر بەشێکی زیندان، مەکینەیەکی دروومانی هەبوو، بە پارەیەکی کەم کاریان بۆ زیندانییەکان دەکرد، وەک پینەکردن و دووریەوەی جلوبەرگی دراو. سەلیم کاکەیی دەستیکرد بە پەرەپێدانی کارەکەی، بە بیرۆکەی دروستکردنی جانتا، بە قەبارەی جۆراوجۆر لە تورەکەی «کیسە»شیر(ئەوسەردەمە تورەکە شیری وشک زۆر بوو، دابەش دەکرا بەسەر خەڵکی عێراق)دا، ئەو کارە ئاسان نەبوو، ماندووبوونێکی زۆری دەویست، کە ئەو تورەکە بچوکانە پێکەوە بدوریتەوە، بۆ ئەوەی لە دواییدا جانتایەکی لێدروست بکرێت، بەڵام سەلیم کاکەیی بەرگەی ئەو ماندووبوونە زۆرەی دەگرت، لە پێناوی سەربەرزی ماڵ و منداڵەکەیدا و هەروەها کارەکەی هێندە جوان بوو، داواکاریی زۆری لەسەر بوو.

زیندانی ئەبو غرێب، سەلیم کاکەیی، شێخ سلێمان، پۆڵا، مام ئیلیاس

دوای ئەوەی ڕێزانی هاوسەرم و پەیامی کچم ڕۆیشتن بۆ سوید منیش دیدار(مواجەهە) م کەمبووەوە، لەبەرئەوەی ڕێگای هاتن و چوون لە پارێزگاکانی کوردستانەوە(بێجگە لە کەرکوک) بۆ بەغداد، زۆر سەخت و مەترسیدار بوو، بەتایبەتی بۆ پیاو بەهۆی ئاسایشەوە.

برایەکی هاوسەرەکەی سەلامی برام(كاك حەبیب)ماڵیان لەبەغدادبوو،لەگەڵ حەبیبەخانی هاوسەری سەلامی برام و منداڵەکانی و خاڵۆژنم(فاتمە خان) کە ماڵیان لە کەرکوك بوو ئەوان سەردانیان دەکردم.

هاو زیندانییەکانم زۆر دڵخۆش دەبوون بە سەردانی خاڵوژنم، لەبەرئەوەی ئەو هەر جارێك بهاتایە یەک مەنجەڵی گەورە یاپراغ و کولێرەشی دەهێنا، منیش مەنجەڵەکەم لەسەر سینییەک هەڵدەڕشت و لەگەڵ ئەو زیندانییانەی کە دیداریان نەبووپێکەوە دەمانخوارد. ڕاستییەک هەیە دەبێت بیڵێم، ئەویش ئەوەیە کە هەموو شتێك لە زیندان خراپ بوو بێجگە لە دیداری زیندانییەکانی بەشی تایبەتی بەندیخانەی ئەبوغرێب نەبێت. ئەوان بە ئارەزووی خۆیان دادەنیشتن لەگەڵ کەسوکاریان، ماوەی دانیشتن لە پێنج کاتژمێر زیاتر بوو، ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا حوکم دەدرا، چاوەڕێی ئەوجۆرە دیدارەی نەدەکرد مەگەر پێشتر زانیاری هەبوایە، چاو پۆشییەکیش هەبوو بۆ ئەوانەی کە هاوسەرگیریان کردبوو. بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەگەر بیانویستایە لە هاوسەرەکانیان نزیك ببنەوە، تەنانەت لێرە و لەوێ زەواجی موتعەش دەکرا.

ڕۆژانی دیدار نیمچە بازارێك لە گۆڕەپانەکەی زیندانداسازدەکرا، هەندێك لە زیندانییەکان نمایشی ئەو کەلوپەلانەیان دەکرد بۆ فرۆشتن، کە بەدەستی خۆیان دروستیان کردبوو، چا و خواردنیش دەفرۆشرا، ئەو زیندانییانەش کە کەسوکاریان لەڕۆژی دیداردا نە دەهاتن بۆ لایان، دوو دوو و سێ سێ بەیەکەوە دادەنیشتن تا دیدار تەواو دەبوو. من زیاتر لەو ڕۆژانەدا کاتەکەم لەگەڵ منداڵەکانی هاو زیندانییەکانمدا بەسەر دەبرد، بە تایبەتی لەگەڵ منداڵەکانی(عەلی گومەر)، هەموو جارێك منداڵە چاوگەشەکانی دەهاتن بۆ لای باوکیان(فرمێسك، محەمەد، حەسەن، ڕەغد).عەلی گومەر لە ١٩٩٣/١٠/١ لە ڕێگای هەولێر-موسڵ لە بازگەی ئاسکی کەڵەک، لە لایەن مەنزومەی شمالی(المنظومه الشمالیه) دەستگیرکرابوو لە دواییدا گواستراببووەوە



رۆژی دیدار: منداڵەکانی عەلی گومەڕ، حەسەن، فرمێسك، رەغەدە، محەمەد

بۆ دەزگای هەواڵگری سەرەکی مەنسور لە بەغداد، لە ١٩٩٤/٦/٢٥ حوکم دەدرێت.عەلی گومەر، مرۆڤێکی دڵپاك وجێگای متمانە بوو پشتی پێدەبەسترا، بەڵام زوو تورە دەبوو. من زۆر هۆگری منداڵەکانی بوو بووم، ئەوانیش بەهەمان شێوە لە ڕۆژانی دیداردا ئەوەندەی لەگەڵ من دەبوونلەگەڵ باوکیان نە دەبوون بە تایبەتی فرمێسك و محەمەد.

لەبەرئەوەی خواردنی زیندان زۆر کەم و خراپ بوو، متمانەی زیندانییەکان زیاتر لەسەر ئەو خواردنە بوو کە بۆیان دەهات، لەو کاتەدا شتێکی دیکەی باشمان هەبوو لە بەشەکانی زیندان ئەویش(موجەمیدە) بوو، خەڵکێکی پارەدار یاخود ئەوانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی زیندانەوە نزیک بوون ڕێگایان پێدرابوو موجەمیدە بهێننە ناو بەشەکان و بەکرێی بدەن. پێشتر زیندانییەکان سندوقی تەپەدۆریان هەبوو، دەبوایە ڕۆژانە بەفریان بکرپایە بۆ ناو تەپەدۆرەکە، بۆ ئەوەی خواردنەکانیان خراپ نەبێت، لەدوای ئەوە لەجیاتی بەفر خانەیەکیان لە موجەمیدەکە بەکرێ دەگرت، خواردنەکە باشتر دەپارێزرا لە خراپ بوون و لە دزین، لەلایەن پاسەوانەکانەوە و هەروەها لەپشیلەش. لەبەرئەوەی پێشتر تەپەدۆرەکانمان لە گۆرەپانەکەی دەرەوە بوون، لە ئێوارەوە دەرگاکان دادەخران.

-١٠٢-

لەم کاتەنەدا زۆربەی ئەو کوردانەی کە حوکم دەدرێن و دەیانهێنن بۆ زیندان، سەر بە ڕێکخراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون.دوو گەنجی هەولێری بەناوی(ڕائید قادر ئاغای مەنتك و هەڵگورد سەباح مەنتك) سەر بەدەزگای زانیاریی یەکێتی بوون پەیوەندییان لەگەڵ(کۆسرەت ڕەسوڵ) دەبێت، لە ساڵی ١٩٩٤ کۆسرەت ئەرکی نامەبردن و پەیوەندییان پێدەسپێرێت لەگەڵ دەستەیەکی ئیغتیالات لە شاری بەغداد کە پێکهاتبوون لە چوار کەس، بە سەرپەرشتی(ئەیاد دلێمی)کە لای کۆسرەت ناسراو بوو.

چەند جارێك نامە و پارە و ڕاسپاردەی دیکەی کۆسرەت دەگەیەنن بە ئەیاد دلێمی لە شاری بەغدا، دواجار لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٤ ئەو کاتەی کە دوو گەنجەکە دیداریان دەبێت لەگەڵ ئەیاد ئەو کەسێکی نەناسراوی لەگەڵدا دەبێت، ئەیاد وەك ئەندامێکی نوێی دەستەکە ئاماژەی پێدەکات، بەڵام ئەمان گومان لەوکەسە دەکەن لەبەرئەوە نامەکەی کوسرەت نادەنە دەست ئەیاد، وا پیشانی دەدەن کە بە سەردان هاتوون بۆ بەغداد. دوای دوو ڕۆژ هەر هەموویان دەستگیر دەکرێن، وادیار بووە کە ئەو هاوڕێ تازەیەی ئەیاد سەر بە ڕژێم بووە و ئاگاداری هەموو شتێک بووە، لە یەکەم دادگادا هەر چواریان سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێت، ڕائید و هەڵگورد سزاکەیان دوا دەخرێت، دوای ماوەیەك حوکمی هەتاهەتایی(موئەبەد) دەدرێن و دەیانهێنن بۆ زیندان بۆ لای ئێمە.

هەڵگورد گەنجێکی بێدەنگی لەسەرخۆ بوو، زیاتر گوێی دەگرت لەوەی قسە بکات، بەڵام ڕائید بەپێچەوانەوە ئەو گەنجێکی بزێو و هەمیشە لە جوڵەدا بوو، ڕائید زمانی عەرەبی باش دەزانی و توانای خوگونجاندنی هەبوو لە کەمترین کاتدا لەگەڵ هەموو کەسێکدا، زۆر بیری لە هەڵهاتن دەکردەوە لە زیندان دووجار هەوڵیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

حەمزە عەلی زەنگەنە گەنجێکی تازە پێگەیشتووی شاری کەرکوك بوو، ئەو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بنکەی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەبێت کە غازی کەرکوکی لەو کاتەدا سەرپەرشتی دەکات لە ١٩٩٧/١/١٦ دەستگیر دەکرێت لە ڕێگای خۆفرۆشێکەوە

زیندانی ئەبو غرێب، ئاهەنگی نەورۆز

حەمزە ڕوویەکی جوانی گەنجی کوردستان بوو لە زیندان.(غالب تەها محەمەد، ئەیوب تەها محەمەد،خالید سابیر عەلی، ئەحمەد سابر عەلی ناسراو بە مەلا ئەحمەد، نورەدین ئەحمەد، ئازاد ڕەزا، سەرکەوت جەواد، فوئاد عومەر ناسراو بە نەقیب فوئاد) لە کۆتایی مانگی چواری ساڵی ١٩٩٧دا هەموویان لە یەککاتدا لە لایەن دەزگای هەواڵگری شاری کەرکوك دەستگیر دەکرێن، لە پاشدا دەگواسترێنەوە بۆ دەزگای هەواڵگری حاکمییە لە شاری بەغدا، ئەمان لە کەرکوک و لە ڕێکخستنێکی نهێنی یەکێتی بەناوی(هێڵی زریان) کاریان کردبوو.

یەکێتی لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە هەندێك لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی لە شاری کەرکوك چەکدار بکات بۆ کاتی پێویست، وەك ئازادکردنی شاری کەرکوك. بۆ ئەو مەبەستەش ساڵی ١٩٩٤ بەسەرپەرشتی غالب تەها زیاتر لە پەنجا پارچە چەك دەگەیەنرێتە ناو شاری کەرکوك. لە دوای ماوەیەك سەعید عەلی ڕەسوڵ کە خەڵکی گوندی حاجی بێخان سەر بە شارۆچکەی شوان دەبێت، ناپاکی دەکات بەوەی هەرچی زانیارییەکی لەلایە دەیداتە دەزگای ئاسایشی تایبەت(جهاز الامن الخاص)لە بەغدا.

لە ١٩٩٧/٨/٢٥ دادگایی دەکرێن، غالب تەها حوکمی سزای لە سێدارەدان دەدرێت لە ٣/١١ ساڵی١٩٩٧ لەسێدارە دەدرێت. ئەیوب تەها کە برای شەهید غالبە لەگەڵ خالید و نورەدین و ئازاد حوکمی هەتاهەتایی دەدرێنسەرکەوتیش بە سزای دوو ساڵ زیندانی حوکم دەدرێت، ئەحمەد سابیر و فوئاد عومەر ئازاد دەکرێن.بەهاتنی ئەو برادارانە و هەندێک زیندانیی دیکە دوای ئەوان کاریگەریمان لە زیندانداا زۆرتر بوو، خالید سابیر سەعاتچییەکی باش بوو، ئەو سەعاتی بۆ زۆربەی زیندانییەکان چاکدەکردەوە بێبەرامبەر. ئەیوب تەها ماڵەوەیان ئامێرێکی عودیان بۆ هێنا بوو، هەر چەندە هەل و کاتمان لەبەردەستدا بوایە ئاوازی کوردی میللی بۆ دەژەنین.

-١٠٣-

ژیانی ئاسایی زیندان لە شەو و ڕۆژێکدابەمشیوەیە بوو؛ پێش مەلا بانگدان جولّە لە ژووورەکاندا دەستی پێدەکرد. ئەو نوێژکەرانەی پێشوەخت لە خەو هەڵسابوون قورئانیان دەخوێند، نوێژی سوننەت یاخود نوێژی قەرزیان دەگێڕایەوە، کە بانگ دەدرا نوێژکەرەکانی دیکە لە خەو هەڵدەستان، ڕێز دەگیرا بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن. بانگی سوننەو شیعە لە دوو کاتی جیاوازدا بوو، هەروەها نوێژی جەماعەتیشیان جیا بوو لە ڕێڕەوی بەشەکەدا، سوننەکان بەجیا و شیعەکانیش بە جیا دەوەستان بۆ نوێژ. ژمارەیەک زیندانی لە هەردوولا لە ژووورەکانی خۆیاندا نوێژیان دەکرد بێگۆمان ژمارەی شیعەکان زیاتر بوون، هەندێکیان نوێژە فەرزەکانیان دەکرد، بەشێکیش بەردەوام دەبوون لە نوێژکردن و قورئان خوێندن تا کاتی سەرژمێری(التعداد)، کە لە دەوروبەری کاتژمێر حەوتی بەیانیاندا دەستی پێدەکرد.

دەرگای گورِەپانی تەنیشت بەشەکانیان(قسم) دەکردەوە لەوێش پێنج پێنج بەڕیز دا دەنیشتین پاسەوانەکان بە یارمەتی چاودێری بەشەکان سەر ژمێرییان دەکرد، ئەگەر هەموو شتێك بە باشی برِۆیشتایە بیست خولەکی پێدەچوو، زیندانە نەخۆشەکان و پەککەوتووەکان بۆیان هەبوو لە ژووورەکانیان بمێننەوە پاسەوانێك لەوێ دەیژماردن، کە لە سەرژمێری تەواو دەبووین هەندێك لە زیندانییەکان دەخەوتنەوە، بەشی زۆریش دەستیان بە کاری ڕۆژانەی خۆیان دەکرد.

لەو کاتەدا تەنوری نانکردنی خۆمان هەبوو، زیندانی کاری لەسەر دەکرد. هەویری خۆمان دەدانێ و بۆیان دەکردین بە نان بەرامبەر بە پارەیەکی گونجاو. پێش نانکردن ئەو زیندانییانە لە چێشتخانەی زیندان شۆربای نیسکی بەیانییان ئامادە دەکرد و مەنجەڵێک نیسکی گەورەیان لەسەر گالیسکەیەک(عەرەبانە)دەهێنا بۆ زیندانییەکان لە بنی مەنجەڵەکەدا تۆزێک نیسکی شلی تێدابوو. ئەو زیندانییانەی کە زۆر ناچار بوون وەریان دەگرت، خۆ ئەگەر هەموو زیندانییەکان وەریان بگرتایە ئەوا هەر یەکە تەنها پیاڵەیەکی(ئیستکان) چای بەردەکەوت. زیندانییەکان دەستیاندەکرد بە ئامادەکردنی نانخواردنی بەیانیان،



گۆڕەپانی زیندانی ئەبو غرێب، ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ لە گۆڕەپانەکەدا

هەرکەسێک بەپێی توانای خۆی. هەر ژمارەیەک زیندانی بەیەکەوە بتڵێک غازی خۆیان هەبوو کە کەسوکارمان بۆیان هێنابووین لەگەڵ سەرە غازی خواردن لێنان، کە بوتڵە غازەکە بەتاڵ دەبوو بە پارەیەکی زیاتر لەوەی کە لە دەرەوە دەفرۆشرا, بۆیان دەگوڕین، زیندانیمان هەبوو بتڵە غاز یاخود سەرە غازی نەبوو لەمو لەو داوایدەکرد.

خاوەن موجەمیدەکان کە بە کرێ خواردنیان لا دادەنرا، ڕۆژانە دوو کاتیان دانابوو بۆ کردنەوەی موجەمیدەکان لەو کاتە دیاریکراوانەدا زیندانییەکان بۆیان هەبوو ئەو کەرەستانەی کە ئەو ڕۆژە پێویستیانە دەریبهێنن، ئەگینا لە کاتی تردا نەیاندەکردەوە مەگەر بە پارانەوە بیانکردایەتەوە. ئەو کەسانەی نەخۆش بوون ئەو ڕۆژەی کە پێویستیان بە چارەسەر بوو ناوی خۆیان لای چاودێری بەشەکە دەنووسی. بۆی هەبوو ئەوڕۆژە بیانبەن بۆ چارەسەر یاخود ڕۆژێکی دیکە.لە هەر بەشێکدا چا فرۆشێك یاخود دوانی لێبوو دەستیان دەکرد بە چا فرۆشتن، هەموو شتێك کە بە پارەبوو دەتوانرا بەقەرزیش وەریگریت تاکو کاتی دیدار(مواجەهە) هەندێک زیندانی کەس بەقەرز شتی نە ئەدانێ، لەبەرئەوەی دەستی زۆر کەسیان بڕیبوو قەرزەکانیان نەدەدایەوە.

بەرگدروو دەڕۆیشتە سەر مەکینەی دوورمانەکەی، ئوتوچی بەهەمان شێوە، سەرتاش دەستیدەکرد بە سەرتاشین، خاوەنی(بەستە)کانیش دەستیان دەکرد بە شتفرۆشتن، واتە ئەوانەی کەرەستەی پێداویستی ڕۆژانەی زیندانییەکانیان دەفرۆشت چ بۆ بەکارهێنانی کەسی وەک(گوێزان، هەویری ددان و فڵچە، جگەرە و هتد) یاخود شتومەکی ئیشی دەستی وەک(زەنگیانە،داو هتد)

بەشێک دەستیدەکرد بە کاری زەنگیانە و چنین بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان، بەشێکی دیکە هەر بۆ خۆخەریکردن و دیاری بۆ کەسوکار و هاوڕێکانیان ئەو کارەیان دەکرد. زیندانیانی خزمەتگوزاری و پاککردنەوە(ئەنقەرچی) کاری خۆیان دەکرد، ئەوان مانگانە پارەیان لە لایەن زیندانییەکانەوە بۆ کۆدەکرایەوە، ئەوانەی لەسەر گەرماوەکان(حەمام) کاریان دەکرد، دەستیاندەکرد بە ئاو گەرمکردن و ناونووسینی ئەو کەسانەی کە ئەو ڕۆژە دەیانویست خۆیان بشۆن. بێگومان ئەوەش بەپارە بوو، ئەو زیندانیانەش کە بە پارە جلیان دەشت بۆ زیندانییەکانی دیکە دەستیان دەکرد بە جلشتن و هەڵخستنی.

هەندێک خەریکی یاریی شەترەنج و دۆمینە و تاوڵە دەبوون، هەبوو خۆی فێری زمانی

دیکه دەکرد له ڕێگای ئەو زیندانییانەی که زمانی بێگانەیان دەزانی، خەڵکێکیش خەریکی کتێب یاخود قورئان خوێندنەوە و تەفسیر بوون، هەبوو وەرزشی دەکرد، کەسانێکیش هەواڵیان دەگۆڕییەوە و دەمەتەقێی سیاسی و کومەڵایەتییان دەکرد.

ئەو کەسانەی که به یەکەوە نانیان دەخوارد(سەفەرداش) زۆربەی کات کارەکانیان دابەش دەکرد، ئەوەی خواردنی باشی لێدەنا خواردنی دروستدەکرد، یەکێکی دیکه چای دەمدەکرد یەکێکش قاپو قاچاغی دەشۆری.

زیندانییش هەبوو(ئەوانه ژمارەیان کەم بوون) خزمەتی زیندانییەکی دەوڵەمەندی دەکرد بەرامبەر به ژەمه خواردنی ڕۆژانه و هەندێک پێداویستی دیکه، لێرەش جیاوازیی چینایەتی و چەوساندنەوە هەبوو، ڕاسته ئێمه هەموومان له یەك زیندانداا بووین، بەڵام هەموومان ئازادیی و ماف و ژیانمان وەك یەك زەوت نەکرابوو. سکی تێر و برسی هەبوو، پۆشته و پەرداخ ڕووت و پینه لەبەر هەبوو، هەندێك زیندانی کەی ئارەزووی بکردایه دیداری دەکرد. واسیته و بەرتیل لەو دواییەدا ببوو به دیارده له زیندانداا، ئێمەی زیندانیش کەم یان زۆر مامەڵەی جیاوازمان هەبوو لەگەڵ یەکتردا، لەسەر بنەمای مەزهەب، حیزبایەتی، نەتەوە، شار و ناوچەگەری.

ڕۆژانه شەڕێک یان ناخۆشییەك یاخود زیاتر له نێوەندی زیندانییەکاندا ڕوویدەدا، هەوڵماندەدا که نەگاته بەڕێوەبەرایەتی زیندان، بانگی نوێژی نیوەڕۆ دەدرا و نوێژ دەکرا، نوێژی نیوەڕۆ و ئێواران لەبەرئەوەی لەدەرەوە دەکرا و له ناو بەشەکەدا نەبوو، زۆر بێزارکەر نەبوو بۆ زیندانییەکانی دیکه دوای نوێژی نیوەڕۆ دەستدەکرا به نانخواردن، به مەنجەڵه گەورەکەی سەر گالیسکەکەوە دەهاتن هەندێک برنج هەر به بنکڕ دەچوو دابەشدەکرا بەسەر ئەوانەی که له ناچاریدا وەریاندەگرت، پێشتر نانی وشکیان دەهێنا، نانەکه بۆر و بچوک هەر به قەبارەی ژێر پیاڵەیەک دەبووهەستت به زیخ دەکرد له کاتی خواردنیدا.

ئێواران جارێکی دیکه سەر ژمێرییان دەکردین و دەچوینەوە ناو بەشەکانمان، ڕێگایان دەدا به تەنها دوو بتڵه غاز بەرینه ناوەوە بۆ هەموو زیندانییەکان. ئەوەیش بەنۆرە هەر جارەی لەسەر دوو کەس بوو لەوانەی که بتڵه غازیان هەبوو، تەنها بۆمان هەبوو خواردنی لەسەر گەرم بکەینەوە و چایەکی لەسەر دەمکەین.له دوای چوونه ژوورەوە هەرکەسه و له ژووری خۆی سەرقاڵی شتێک دەبوو هەندێک تەماشای تەلەفزیۆنی گشتی ڕێڕەوەکەی دەکرد تاک و تەراش تەلەفزیۆنی تایبەتیله هەندێک ژوور هەبوو.

-١٠٤-

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ ئەو کاتەی کە زیندانی بووینلە بەندیخانەی بادوشی شاری موسڵ، هەڵێکی دەگمەن بۆ ئێمەی زیندانی ڕەخسا ئەویش ئەوە بوو کەبواریان داین وێنەی فۆتۆگرافی لە گۆڕەپانی بەندیخانەکەدا بگرین، بە پێی زانیاری من ئەوە یەکەمجار بوو بە ئاگاداری دەسەڵات، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و لە بەشی زیندانی سیاسی کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدرێت.

لە زیندانی "ئەبوغرێب" پێش ئێمە و لەو کاتەش کە ئێمە زیندانی بووین لەوێ وێنەگرتن قەدەغە بوو، کەسیش بیری لەوە نەدەکردەوە بە نهێنی کامێرا بهێنێت و وێنە بگرێت، چونکە ترسی ئەوە هەبوو کە ئەگەر بێتوو ئەو کەسە ئاشکرا بوایە لەوانە بوو کەیسێکی تازەیان بۆ دروستبکردایەبە تاوانی دزەپێکردنی زانیاری ئاسایشی دەوڵەت(تسریب معلومات امن الدوله)وە ئەو کەسە لەسەر ئەو کەیسەلە سێدارە بدرایە.

لە ساڵی ١٩٩٧ کامەران پێیڕاگەیاندم کە کامێرایان هێناوەتە ناو زیندانەوە بە مەبەستی وێنەگرتن(کامەران، نزار، ڕێبوار، ئەسفەندیار، بورهان) ئەو پێنج گەنجە بوون کە لە ژێر تەمەنی هەژدە ساڵەوە بوون. ئەو کاتەی کە دەستگیرکرا بوون سزای پانزە ساڵ زیندانییان بەسەردا سەپێنرا بوو ئەوانیش وەک من بەر هیچ لێبوردنێک نە کەوتبوون، ئەوان متمانەی تەواویان بە یەکتری هەبوو. بێگومان ئەگەر من پێشتر ئاگاداری ئەو کارەیان بوومایە پێشنیارم بۆ دەکردن کە ئەوکارە ئەنجام نەدەن لەبەرئەوەی وێنەگرتن شایانی ئەو مەترسییە گەورەیە نییە، بەڵام تازە کامێراکە هاتبووە ناو زیندانەوە و هەتاکو دوو هەفتە تا کاتی دیداری داهاتوو لە زیندان دەمێنیتەوە. هەر کاتێك پشکنین بکرایەدەکرا. بۆیە پێوویست بوو لە شوێنێکی باش بشاردرێتەوەو هەروەها ئەو سیی و شەش وێنەیەش بە وریایی بگیرایە لە نێوەندی سەدەها زیندانیدا.

کامێرەکە بەم شێوەیە هاتبووە ناو زیندانەوە؛ "ڕێبوار و ئەسفەندیار" داوایان لە هاوسەری "جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا" کردبوو کە هاوخوان(سەفەرداش) بوون

زیندانی ئەبو غریّب، بەشی دوو (قسم الثانی) یەکێکە لەو وێنانەی کاتژمێر دووی شەو بە نهێنی چرکێندراوە-

بەیەکەوە کە کامێرایان بۆ بهێنێت، "هاوسەرەکەی جەلالیش" بێئەوەی بە "جەلال" بڵێ کامێراکەی بۆ هێنابوون و بەسەرکەوتوویی لە پشکنینیش دەربازی کردبوو.

"جەلال" ڕاوێژکاری(موستەشار)ی فەوجی ٧٩بوو، لە سەرەتای هاتنی بۆ زیندان زۆرینەی کوردەکان خۆیان لێبەدوور دەگرت، بەڵام لەبەرئەوەی کابرایەکی ڕۆشنبیر بوو زیرەك بوو لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا ئەو توانی جێگای خۆی بکاتەوە.

کاتێك کە بە جەلالیان گوتبووهاوسەرەکەت کامێرای بۆ هێناوین زۆر تێکچوو بوو، خۆی لە ڕاستیدا ناهەقیشی نەبوو، بەڵام تازە کار لەکار ترازا بوو، وێنەکان گیران و کامێراکە شاردرایەوە تا ڕۆژی دیدار کامێرا و فیلمەکەی برایە دەرەوەی زیندان.لە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕێگای ئاسایشی زیندانەوە ڕێگا درا وێنە لە زیندانداا بگیرێت، نەمیر یابانی زیندانی وێنەکانی دەگرت، وێنەیەکی زۆر دەگیرا لەلایەن زیندانییەکانەوە بە تایبەتی لەکاتی دیدار لەگەڵ کەس و کاریان.لە لای زۆربەی زیندانییەکان ئەم ڕێگا پێدانە جێگای سەرنج و سەرسوڕمان بوو، هەندێك وای بۆ دەچوو کە لە پێناوی پارەدا بێت، بەڵام هەندێکی دیکە لەو بڕوایەدا بوون کە مەبەستی زانیاریی هەواڵگری لەپشتەوە بێت و ئێمە درکی پێناکەین.

لە دوای داگیرکردنی کوەیت و کشانەوە و شکستی سوپاکەی عێراقدەسەڵاتی ئەوکاتە هەڵسا بە ئەنجامدانی هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ بڕوا(الایمان) کە بە هەڵمەتی ئیمانداری"الحملە الایمانیە" پێناسە دەکرا "الله اکبر" بۆ ئاڵای عێراق زیاد کرا.

لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١وە تا حەملەی ئیمانی "سەدام" سێ جار گۆڕانکاری بەسەر ئاڵای عێراقدا هێنراوە یاخود بەتەواوەتی گۆڕاوە. بۆ یەکەمجار و لە دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨ ئەو کاتەی شێوازی دەسەڵات لە عێراقدا لە پاشایەتییەوە گۆڕا بۆ کۆماری، ئاڵاکەش بەتەواوەتی گۆڕا. جاری دووەمدوای کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دواجاریش لەساڵی ١٩٩١ "الله اکبری" بۆ زیاد کرا.

لە ساڵی ١٩٩٣ ئەجندای حەملەی ئیمانی فراوانکرا، لە ڕووی سیاسییەوە ئازادی زیاتر درا بە کۆمەڵە ئیسلامییەکان، بەوەی سەرچاوەی دارایی زۆرتر بۆ بەرنامە ئاینییەکان تەرخانکرا، "عیزەت ابراهیم الدوری" دەستنیشانکرا بۆ سەرپەرشتیاری یەکەمی هەڵمەت.

هەرچەندە لە بنەمای حیزبی بەعسدا ئیسلام دینێکی دواکەوتوو بوو، بەڵام ڕژێم هەڵسا بە سەپاندن و زیندووکردنەوەی سزا ئیسلامییەکان لەبواڕە یاساییەکاندا. کار گەیشتە ئەوەی کە "سەدام" بڵێت "میشیل عەفلەق" ی دامەزێنەری حیزبی بەعسی عەرەبی اشتراکی، کە خۆی کریستیان بوو لەسەرە مەرگدا بووە بە ئیسلام.لە ساڵی ١٩٩٣ و بەفەرمی هەڵمەتی ئیمانداری"الحملە الایمانیە" لە لایەن "سەدام"ەوە ڕاگەیەندرا. قۆناغەکانی یەکەمی شاڵاوەکە بە داخستنی زۆر جێگای ژیانی خۆشی شەوانەی بەغداد و قەدەغەکردنی مەیفرۆشی چڕبووەوە، قورئان خوێندن بوو بە وانەیەکی بنەڕەتی لە پەروەردەی نیشتمانیدا، هەروەها قورئان خوێندن و بایەخدانی زۆر بە خوێندن لەسەر ئیسلام پەرەپێدرا.

باری ئابووری عێراق زۆر خراپ بوو بەهۆی ئەو سزا ئابووریانەی کە لەسەری دانرا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی مزگەوتی نوێ بەردەوام بوو.لەگەڵ

هەڵمەتی ئیمانداریدا کۆمەڵێك بڕیاری تاوانکاریی لەسەر جەستەی مرۆڤ دەرکرا، لەوانە بڕیاری ژمارە ١١٥یساڵی ١٩٩٤ی مەجلیسی قیادەی سەورە، بڕینی پارچەیەک لە گوێی ئەو کەسانەی کە نە دەچوون بۆ خزمەتی سەربازی. بڕیارەکە لە نەخۆشخانەکان و بارەگا حیزبییەکانی بەعس جێبەجێ دەکرا، زیاتر لە (١١٦٣) کەس بوون بە قوربانی ئەو تاوانە. بڕیاری ژمارە ١٠٩ی ساڵی ١٩٩٤ نێوچەوان مۆرکردن یاخود کوتان(الوشم) و تۆمارکردنی لە ناسنامەی باری کەسایەتیدا "١٠٢" کەس بوون بە قوربانی ئەو تاوانە.

بڕیاری ژمارە ٧٠ی ساڵی ١٩٩٤ بە بڕینەوەی دەستی ئەوانەی بە تاوانی مونۆپۆلی"الاحتکار"ی پێکهاتەکانی پسوڵەی خواردن(فۆرمی بایەعی) وهەروەها ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی مامەڵەی دراوی بێگانەیان دەکرد سزای دەستبڕینەوە دەدران ٢٠٠ کەس بوون بە قوربانی ئەم تاوانە. ژمارەی ئەوانەی کە بڕیار بوو دەستیان ببڕدرێتەوە زۆر بوون وا دیار بوو نەدەکرا کە دەستی ئەو هەموو خەڵکە ببڕێتەوە، لەبەرئەوە بەشێکیان لای ئێمە بە ناوی بەشی بڕینەوەی دەست(قاطع قطع الید) کردەوە، ئەو کەسانەی لێبوو کە سزای دەستبڕینەوە درابوون، وا دیار بوو چاوەڕێی چارەسەرێکی یاساییان دەکرد بۆ ئەوانە.

هەڵمەتی بڕواهێنان(الحمله الایمانیه) گەیشتە زیندانییەکان، بەو پێیەی دەبێت هەر زیندانییەك بڕواتە خولێکی ئیمانداریەوە ئەگەر لە خولەکە دەرچوو ئەوا ٢٥٪ی حوکمەکەی کەمدەکرێتەوە، لە خولەکەدا باس لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ئیسلام هتد..دەکرا دوای ئەوە تاقیکردنەوەیان بۆ دەکردی.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بەو کارە هەڵدەستا، بەڕێوەبەری گشتی زەکات "خضير الناصري" لێپرسراوی یەکەمی هەڵمەتەکە بوو، هەفتانە دوو تاکو سێ جار وانەی ئاینمان دەخوێند دوای سێ مانگناقیکردنەوەیان پێکردین، لە ئەنجامدا هەموومان دەرچووین، بەڵام ٢٥٪ی کەمکردنەوەی حوکمەکە ئێمەی نەگرتەوە.

"سەدام" ئەو هەڵمەتی ئیمانداریەی بۆ ئەوە کرد تا پاڵپشتی خەڵك و وڵاتانی ئیسلامی بۆ خۆی زامن بکات، ئەویش وەك هەر دیکتاتۆرێکی دیکە ویستی ئاین بۆ خزمەتی خۆی بەکاربهێنێت.هەروەها هۆکاریش بوو بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ جوڵانەوە ڕادیکاڵە تیرۆستییە ئیسلامییە سیاسییەکان دوای ڕووخانی ڕژێمی "سەدام".

-١٠٦-

لە ١٩٩٨/١٢/١٦ لە نێوان کاتژمێری یەک بۆ دووی بەیانی هێشتا زۆربەی زیندانییەکان لە خەودا بوون، گوێبیستی تەقینەوەی گەورە و تەقە دژە ئاسمانییەکان بووین دیوار و شیشبەندی ژوورەکانی زیندانی دەلەرزییەوە، هەر هەموو زیندانییەکانی بە خەبەر هێنا، ئەو کاتە من هێشتا نە نووستبووم لە ژێر بەتانییەوە و لە ڕێگای ڕادیۆکەمەوە گوێم لە هەواڵ دەگرت، ئەو زیندانییانەی کە ئاگاداری هەواڵ بووین دەمانزانی، کە پەلاماری عێراق دەدرێت.

لە ١٩٩٨/١٠/٣١دا عێراق کۆتایی بە هاوکاریکردن لەگەڵ لیژنە تایبەتییەکەی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پشکنینی چەکی قەدەغەکراو(اسلحه الدمار الشامل) هێنا لەبەرئەوەی داواکاریی لیژنەکە ئەوە بوو، کە کۆشکەکانی سەرۆکایەتی و بارەگا حیزبییەکان بپشکنێت، بەڵام عێراق ڕێگای پێنەدەدان و بە پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتی دەزانی.

لە ١٩٩٨/١١/١٤دا سەرۆکی لیژنەی پشکنین"ریشادپاتلەر" ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد، تیایدا عێراقی بە هاوکارینەکردنی تیمی پشکنینی تایبەت بە چەکی قەدەغەکراو لە وڵاتەکەیتاوانبارکرد.ئەمریکا و بەریتانیا هەڵسان بە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی عێراق بە ناوی "ڕێوی بیابان" بە بۆردوومانکردنی ئەو جێگایانەی کە بە ستراتیجیان دەزانی لە سەرانسەری عێراق و بە تایبەتی دەوروپشتی شاری بەغداد، زیندانی ئەبوغرێب نزیکی هەندێک لەو جێگایانە بوو کە لە بەرنامەی ئۆپەراسیۆنەکەدا هەبوو. ئۆپەراسیۆنەکە چوار ڕۆژ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا "٤٠٠" موشەك کە لە کەشتییە جەنگییەکانی دەریای سوردا جێگیرکرابوون بە عێراقەوە نرا، هەموو جۆرە فڕۆکەیەکی جەنگیی بەشدار بوون لە بۆردوومانکردنەکەدا"٦٠٠"هێرشی ئاسمانییان ئەنجامدا. ژمارەی ئەو موشەکانەی کە لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەکارهێنرا، دوو بەرابەر ژمارەی ئەو موشەکانە بوو، کە لە ئۆپەراسیۆنی (گەردەلولی بیابان)ی ساڵی "١٩٩١" بەکارهێنرا بوو.سەدان کەس بوون بە قوربانی

بۆردوومانەکان.

لە کاتی بۆردوومانەکاندا زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدرا، کارەبا دەکوژایەوە، خەڵکی دەچوونە شوێنە پارێزراوەکان و ژێر زەمینەکان.هەرگیز لە زیندانداکارەبا نە دەکوژایەوە، ئەو کاتەی هێڵی گشتی(کارەبای نیشتمانی) دەبڕا بە شێوەیەکی ئوتۆماتیکی جەرەنێتەی(موەلیدە)ی خودی زیندان دەستی بەکار دەکرد. ئەمەیش لەبەر ئەگەری ڕێگەگرتن لەهەڵهاتنی زیندانییەکان بوو لە کاتی تاریکیدا.

ئەگەر ئێمەی زیندانی بشمانزانیایە کە لە سەدا سەد شوێنەکەمان بۆردوومان دەکرێت، هیچمان پێنەدەکرا، لەبەرئەوەی ئێمە دەرگامان لە سەر داخرابوو، ئەبوایە چاوەڕێی چارەنووسی خۆمان بکەین. هەندێك لە زیندانییەکان ئەو ئایەت و قورئانانەیان دەخوێندەوە کە بە بڕوای ئەوان بۆ پارێزگاریکردن لە سەلامەتی ژیانیان باشە لە کاتی تەنگانەدا، دواکار بوون لە خودا کە بیانپارێزێت.

وێنەی ئەو ڕادیۆیەی لە زیندان بەنهێنی پێمبوو، تا ئێستا لای خۆم پارێزراوەو کاردەکات

هەموومان کەم یان زۆر ترسمان لەسەر ژیانمان هەبوو لەوەی موشەکێك یان فڕۆکەیەك بە هەڵە بۆردوومانی زیندان بکات، لەهەمانکاتدا ترسی ئەوەیشمان هەبوو کە ڕژێم خۆی ئەو کارە ئەنجامبدات و هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بەوە تاوانبار بکات، چونکە ئەم کارانە بە دوور نەبوو لە بیرکردنەوە و کردەوەکانی ڕژێم.

هەستی هەموو زیندانییان بەرامبەر بە ئوپەراسیۆنەکە وەك یەک نەبوو، ڕاستە ئەو دەسەڵاتەیە کە ئێمەی زیندان کردووە، ئاواتی زۆربەی زۆرمانە کە لەناو بچێت، بەڵام لە هەمانکاتدا خەڵکی بێتاوان دەبێت بە قوربانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی تەنها لە بەرژەوەندیی خۆیان کاردەکەن. ئەگینا ڕزگارکردنی گەلی عێراقئامانجی ئەوان نییە، هەر لەبەرئەوە بوو کە ئێمەی زیندانی هەستێکی تێکەڵاومان هەبوو، لە خۆشی و ناخۆشی لەهەمانکاتدا هەندێك پێیوا بوو، کە ببێتە هۆی ئازادبوونمان لە زیندان ئەمە لەهەموو شتێك گرنگتر بوو بۆ زیندانی.

-١٠٧-

به هەر جۆرێک بوو بێت به بەردەوامی پەیوەندی لە نێوەندی "پارتی و یەکێتی" و "ڕژێمی بەعسدا" بوونی هەبووە، جارێك ئەم بەهێزی دەکرد و جارێکی دیکە ئەو.لە ساڵی ١٩٩٧دا پەیوەندی و گفتوگۆیەکی گەرم هەبوو لە نێوەندی یەکێتی و ڕژێمدا "قصي صدام حسين" سەرپەرشتی ئەو پەیوەندی و گفتوگۆیەی دەکرد، یەکێك لە داواکارییەکانی یەکێتی ئازادکردنی ئەو پێشمەرگانە بوون کە لە "٣١ ئاب"دا بە دیل گیرابوون.

یەکێتی لیستی ناوی دیلەکانی دابوو بە ڕژێم کە بریتی بوون لە "٢٦" زیندانی، هەر هەموویان لای ئێمە لەبەشی تایبەت "الخاصه" زیندانی بوون. لە بەشەکانی پێشوودا ناوی بیست و یەک زیندانیم نووسی بوو کە خەڵکی سلێمانی و دەوروپشتی بوون، بەڵام پێنج دیلەکەی دیکە خەڵکی هەولێر بوون و لە قوشتەپە دەستگیرکرابوون، بەم ناوانە: تەڵەعەت شێخانی، شەماڵ، کاروان، کەیفی خدر.

ئەمانە لە لایەن هێزێکی زرێپۆشی پاسەوانی کۆماری لە "٣١ی ئاب" دەستگیر دەکرێن، نۆ کەس دەبن لە گۆڕەپانی شەڕسوکایەتییان پێدەکرێت و دەیانەوێ بیانکوژن، بەلام ئەفسەرێك بە پلەی عەمید ڕێگە نادات و داوادەکات لە لایەنی پارتیی بە خەڵکی سڤیل"مەدەنی" ئاماژەیان پێبکرێت بۆ ئەوەی ئازاد بکرێن، بەڵام لێپرسراوی هێزەکەی پارتی کە ناوی "عەبدوڵا کەردزی" دەبێت بەوە ڕازی نابێت و دەڵێت نەخێر ئەم تاوانبارانە جەماعەتی جەلال تاڵەبانین، دەست و پێیان دەبەستنەوە و دەیانخەنە ناو زرێپۆشێکەوە. دوای چەند کاتژمێرێك جارێکی دیکە لە زرێپۆشەکە دایاندەگرن بۆ ئەوەی گولەبارانیان بکەن،بەڵام ئەو جارەش ئەفسەرێك بە پلەی ڕائید دەڵێت بە فەرمانی سەرۆك هیچ دیلێکی کورد نابێت بکوژرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا و هەر لەبەرچاوی ئەوان زۆر لە بەرهەڵستکارە عەرەبەکان دەکوژن. دوای ئەوە ئەمانە دەگوازرێنەوە بۆ دەزگای هەواڵگری سەربازیی"ئیستخبارات" دوای چەند مانگێك چوار لەو نۆ کەسە ئازاد دەکرێن دوان، لەو چوارە برای "تەڵەعەت شێخانی" دەبن ئەوانی دیکە حوکم دەدرێن.

لە ١٩٩٨/٣/١٨دا بیست و یەک زیندانییەکەی خەڵکی سلێمانی ئازادکران، بەڵام پێنج زیندانییەکەی دیکە کە هەولێری بوون مانەوە. لەگەڵ ئەوەی لەوەوپێش ئەمان لە ڕێگای

کەسوکاریانەوە هەواڵیان پێگەیشتبوو کە هەموویان بەیەکەوە واتە هەر بیست و شەش زیندانییەکە لە لایەن یەکێتییەوە داواکراون.

کەسوکاری (تەڵعەت، شەماڵ، کەیفی، کاروان، خدر) دەڕۆن بۆ لای "کۆسرەت ڕەسوڵ" بۆ ئەوەی بزانن بۆ ئەمان لەگەڵ ئەوانی دیکە ئازاد نەبوون "کۆسرەت" دەنێرێت بەدوای کەسێکدا کە ناوی "ڕائید جەلالە" ئەو ڕاسپێردرابوو بە ئەنجامدانی ئەو کارە لەگەڵ لایەنی ڕژێمدا، "ڕائید جەلال" دەڵێت لیستێکیان داوە بە من کە ناوی بیست و شەش زیندانی تێدا تۆمارکرابوو، من پێشکەشی لایەنی ڕژێمم کردووە، ئەوان بیست و یەک زیندانییان ئازاد کردووە، بەڵام دەڵێن کە پێنج ناوەکەی دیکە لە ٣١ ئاب بە دیل نەگیراون.

کاتێک کە"کۆسرەت ڕەسوڵ" لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە، دەردەکەوێت کە ناوی ئەو پێنج زیندانییەی هەولێر گۆڕدراوە بە ناوی پێنج زیندانی دیکە، ئەوانیش هەر سەر بەیەکێتی بوون، بەڵام دەستگیرکردنی ئەوان پەیوەندی بە "٣١ی ئاب"وە نەبووە. لێرەوە بۆ(تەڵعەت، شەمال، کەیفی، کاروان، خدر)ئاشکرا دەبێت کە لەلایەن چەند کەسێکی، خودی ناو یەکێتی ناپاکییان لەگەڵدا کراوە و ناوەکانیان بە پێنج ناوی دیکە گۆڕدراوە نە ئەوان ئازاد کران و نە ئەمانیش.

لای ڕاستەوە: کاروان، تەڵعەت، کەیفی

-١٠٨-

ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بە گەورەترین سوود و بچوکترین زیان لە زیندان ڕزگاری ببێت، دەبێت بزانێت چۆن سەودا لەگەڵ کاتدا دەکات. لە ڕووی فەلسەفی و فیزیکییەوە کات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و زۆری بەشوێن و باری دەروونیی مرۆڤەوە هەیە.لەبەرئەوەی زیندانییەک پانتایی شوێن و تایبەتمەندییەکانی کەسی یەکجار کەمە، دەبێت ئاگادار بێت کە پەیوەندییە کومەڵاتییەکان لە دەستنەدات، لەگەڵ ئەوەی لەوێ هەڵبژاردنی کەسەکانیش بە ئارەزووی خۆت نییە.هەموو یەکێک لە ئێمەبەشی خۆمان تێیدا ژیاوین و ئاگادارین کە کاتە خۆشەکان بە خێرایی دەگوزەرێن، بەڵام کاتە ناخۆشەکان بە ڕێتمێکی هێواش و بێزارکەر تێدەپەڕن بۆ ئەوەی زیندان کەمترین زیانمان پێبگەیەنێت و دووربین لە خەمۆکی، دەبێت پەنا بەرین بۆ خۆفێرکردنوهەروەها خۆخەریککردن بە کارێک لەو کارانەی کە بوار هەیە لە زیندانداا ئەنجام بدرێت.

کاری پیشە دەستییەکان ڕێگایەکی زۆر باش بوو بۆ کات کوشتن، ڕاستە هەندێک لە زیندانییەکان بە ناچاری و بۆ بژێوی ئەو کارەیان دەکرد، بەڵام ئەگەر بە ئاگا و بێئاگا بووبێت، بێجگە لە سوودە داراییەکەی سودی هەبوو بۆ کات بەڕێکردن و دوورخستنەوەی خەمۆکی.

ئەو زیندانیانەی کە باوەڕدار بوون و خوداپەرستیان زۆر دەکرد، کەمتر هەستیان بە کات دەکرد.وەرزش و پیاسە بێجگە لەوەی بۆ تەندروستی باش بوو، کاتێکی باشی لێدەبردیت. لەمکاتەنەدا لە زیندان ئەو بوارە بۆ زیدانییەکان ڕەخسابوو، کە تا ڕادەیەك خۆیان بە یاریی تۆپی پێوە خەریک بکەن. یارییەکان بۆ کات کوشتن و باشکردنی باری دەروونی باش بوو، بێجگە لە یاری تۆپی پێ، یاریی دیکەش دەکرا وەک: شەترەنج، دۆمینە، تاوڵە، کڵاوکلاوێنە، محێبس.

خوێندنەوە و بەتایبەتی خوێندنەوەی ڕۆمان بەسودترین کەرەستە بوو بۆ زیندانی، گەشتی پێدەکردیت بۆ دونیای ڕەنگاوڕەنگ، لە کاتی خویندنەوەیدا هەر ساتەی لە شوێنێك و لەگەڵ خەڵکێکی جیاوازدا بوویت(جوان و ناشیرین، بەڕەوشت و بێڕەوشت،

کاردەستییەکانی خۆم لە زیندان


PIC•COLLAGE

به ئەمەك و بێئەمەك، دۆست و دوژمن، ئازا و ترسنۆك، گیانفیدا و خۆپەرست، درۆزن و پاك و بێگەرد و ڕاستگۆ، لە بیابان و دەشتایی، لە دارستان و بێستان، لەدەریا و ڕووبار و لەسەر کانییەکان لە دامێن و بەرزایی چیاکانداهەر چوار وەرزەکەی ساڵ).

لە زیندانداکتێبخانەیەک هەبوو، هەرچەندە کتێبەکان سنوردارو کۆن و چاپی وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقی بوون، بەڵام ئەگەر زیندانییەکان خواستی خوێندنەوەیان هەبوایە بۆیان هەبوو لەوێ کتێب وەربگرن. زیندانییەکانی کە زۆرمان دەخوێندەوەمتمانەمان لەسەر ئەو کتێبانە نەبوو کە لە کتێبخانەی زیندانداهەبوو. کەسوکار کتێبیان بۆ دەهێناین و لە نێوان خۆماندا دەمانگۆڕییەوە. هێنانە ژوورەوەی کتێب بۆ ناو زیندان گران نەبوو، کەسوکارمان بەرگی دەرەوەی کتێبەکەیان دەگۆڕی بە کتێبێکی چاپی عێراقی، کاتێك کە لە پشکنین دەیانبینی چاپی وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقە یاخود وێنەی سەدامي لەسەرە ڕێگرییان لێ نەدەکرد. تەنها مەترسییەك ئەوە بوو کە یەکێك لە وەکیلەکانی"پیاوەکان"ی ئاسایشی زیندان ڕاپۆرتت لەسەر بنووسن.

من یەکێك بووم لەو زیندانییانەی کە خوێندنەوە بەشێکی گەورەی لە ژیانی ڕۆژانەم داگیر کردبوو، هەر کتێبێکم بکەوتایەتە بەردەست دەمخوێندەوە، جگە لە خوێندنەوە بە جۆرێک لە چیلکەی پشکنینی بزیشکی کاری دەستیم دەکرد بۆ دیاریی، بۆ کەسوکار و هاوڕێ و هاوزیندانییەکانم بوو.

-١٠٩-

لە ١٩٩٩/٢/١٩ هەواڵی کوشتنی (محەمەد محەمەد سادق سەدر) کە یەکێک بوو لە گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق و ناوچەکە بڵاوبووەوە. پێش تیرۆرکردنی ئەو ناوێکی دیار و کاریگەر بوو، لەیەککاتدا لایەنگر و هەوادار و دوژمنی زۆری هەبوو، بە زانایەکی میانڕەو بەرامبەر بە سونە و کەسێکی نیشتمانپەروەر هەژمار دەکرا. لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە حەوزە لە شاری نەجەف، لەژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکان دەربهێنێت. کەسێکی ئازا بوو، چەند جارێك لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیر کرابوو، بەشداری کردبوو لە ڕاپەڕینەکەی خواروو‌ی عێراقی ساڵی ١٩٩١.

یەکێك لە کارە هەرە جیاوازەکانیداوای لە شیعەکرد کە نوێژی هەینی(صلات الجمعة) بکەن خویشی لە(نەجەف) پێشنوێژی دەکردن.زۆربەی شیعەکان پێیانوایە نابێت نوێژی هەینی بکرێت تاکو کاتی دەرکەوتنی(ئیمامی مەهدی)هەر چەندەئێستا لە ئێران نوێژی هەینی دەکەن، چونکە ئەوان(خامەنەئی) بە جێگری ئیمام دادەنێن.

هەستی نیشتمانپەروەری لای ئەم، ئەو جیاوازییانەی هەیبوو مەرجەعییەتی شیعەی سەر بە ئێران(حەوزەی نەجەف و قوم)ی نیگەران کردبوو.ڕژێم وایپیشاندەدا کە پشتگیری لە هەڵوێست و ئاڕاستەی ئەو دەکات، بە هەنگاوێکی باشی دادەنا و بەتایبەتی بۆ گەڕانەوەی(حەوزەی نەجەف) بۆ عەرەب.ئەم جولّە و هەڵوێستانەی(محەمەد محەمەد صادق سەدر) کاردانەوەی زۆری هەبوو لە ناو زیندانداوەك لایەنگر و بەرهەڵستکار، هیچ کاتێك لە ناو زیندانداشیعەکان بەو شێوەیە بەربەرەکانی یەکتریان نەکردووە.

تیرۆرکردنەکەی بەم شێوەیە دەبێت:-

لەکاتی گەڕانەوەی (محەمەد محەمەد سادق سەدر) بە یاوەریی دوو کوڕەکەی(مؤمل و مستەفا) بەرەو ماڵەوە لە ناوچەی(الحانە)ی شاری نەجەفئەمان لە ئۆتۆمبیلێکدا دەبن، لەو کاتەدا چەند چەکدارێکی نە ناسراو لە ئۆتۆمبیلێکی دیکەدا بە دوایانەوە دەبن. ئۆتۆمبیلەکەی سەدر لە کاتی هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە ئۆتۆمبیلەکەی دوای خۆیان، خۆی بە داریکدا دەکێشێت و لەوکاتەدا چەکدارەکانی ئۆتۆمبیلەکەی دیکە دادەبەزن و

محەمەد محەمەد سادق سەدر

دەستڕێژیان لێدەکەن، (مؤمل) دەستبەجێ گیان لە دەستدەدات. لەگەڵ ئەوەی (سەدر) بە چەند گوللەیەك دەپێکرێت، بەڵام دەستبەجێ نامرێتلە کاتی گواستنەوەی بەرەو نەخۆشخان فیشەکێك بە سەرییەوە دەنێن و دەیکوژن(مستەفا) لەلایەن خەڵکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە و لەوێ دەمرێت.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی سەدر، لە باشوری عێراق و لەناوچەی سەورەی بەغداد ئاڵۆزیی دروستدەبێت. کۆمەڵە چەکدار لێرە و لەوێ هێرشدەکەنە سەر هێزەکانی ئاسایش و بنکەکانی پۆلیس و بارەگاکانی حیزبی بەعس، ئەم کاردانەوەیە ناوی نرا ڕاپەڕینی سەدری ١٩٩٩.ڕژێمی عێراق ئێران و بەکرێگیراوەکانی تاوانبارکرد بەمکارە تیرۆرستییە، چەند کەسێکی هێنایە سەر تەلەفزیۆن، دانیان بە جێبەجێکردنی تاوانەکەدا نا کە گوایە بە پاڵپشتی ئێران ئەنجامیانداوە.

لە ڕاستیدا هەردوو ڕژێمی عێراقی و ئێرانی لە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دەستێکی باڵایان هەبوو، هەر چەندە لەناوبردنی سەدر بە پێوەرە ئاشکراکان لە بەرژەوەندیی ئێران بوو، بەڵام شێوازی جێبەجێکردنەکەی بە کارەکانی ڕژێمی عێراق دەچوو.هەر وەکو چۆن لە دەرەوەی زیندان بارەکە ئاڵۆز بوو، لە ناو زیندانیشدا بە هەمان شێوە ئاسایشی زیندان بەوریایی و بە وردی چاودێری زیندانییەکانیان دەکرد، جۆرێک لە دووبەرەکی و دژایەتی لە نێوەندی زیندانییە شیعەکاندا دروست بوو، ئەمەش کاریگەریی خراپی هەبوولەسەر ڕەوشی گوزەرانی سەرجەم زیندانییەکان.

گەنجێکی عەرەبی شیعەیان هێنا بۆ ژوورەکەی ئێمە بە ناوی(عادل عەلی فنجان الکنانی)خەڵکی بەغدا بوو ماڵیان لە ناوچەی (ثورە/صدام/الصدر)ی ئێستا بوو. لەسەر پەیوەندی بە حیزبێکی ئیسلامی شیعەوە حوکم درابوو. هەر وەک پیشەی هەمیشەیی منبەرامبەر بە هەر زیندانییەکی نوێ تاکو یەکەم دیداری کەسوکاری ئەوەی لە توانامدا هەبوو یارمەتیمدا، ئەو ژەمەی لای کەسێک میوان نەبوایە پێکەوە نانمان دەخوارد.

"عادل" لە دوای یەکەمین دیداری کەسوکارەکەیەوە داوای لەمن کرد کە ببێت بە هاوخوانم(سەفەرداش) زۆر هەوڵمدا کە تێیبگەیەنم ئەوە بۆ ئەو باش نابێت، کە ببێت بە هاوخوانی زیندانییەکی شیوعی، چونکە ئەو خۆی ئیسلامییە، لەوانەیە لە دواییدا تووشی کێشە ببێت لەگەڵ ئیسلامییە تووندڕەوەکان و ئازاری بدەن، بەڵام هەوڵەکەم بێسوود بوو، ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ببێت بە سەفەرداشی من.چەند ساڵێک بە یەکەوە نانمان خوارد، ئاگاداری ئەوە بووم، کە فشارێکی زۆری لەسەر بوو بۆ ئەوەی لەسەفەرداشیم نەمێنێت، لەبەر ئەوەی ئیسلامییە تووندڕەوەکان بە شکستیان دەزانی کاتێک یەکێک لەوانەنێوان سەدەها زیندانیدا کوردێکی شیوعی هەڵبژێرێت و نانی لەگەڵدا بخوات. منیش خۆم بە سەرکەوتوو دەزانیئەوەش کارێکی کەمنەبوویەکێک توانای بەرگریی ئەو هەموو فشارەی هەبێت لە پێناوی مانەوەی لەگەڵ منداا، لە کاتێکدا من خاوەنی هیچ شتێک نەبووم، بە تەنها کەسایەتییەکەم نەبێت. لە ڕاستیدا کوردەکانیش پێیان خۆش نەبوو کە "عادل" سەفەرداشی من بێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە ڕێزیان لێدەگرتم باسیان نەدەکرد.

ئێوارەیەك "عادل" لە ژوورەکە لەگەڵ زیندانییەک تووشی ناخۆشی بوو، ئەو تووڕە بوو گوتی گوو بە سەدام(خرە بصدام، هەرچی لە ژوورەکەدا بوون لە شوێنی خۆیان سست بوون، هەر هەموویان بێدەنگ بوون. لەوکاتەدا دەبوایە من بە خێرایی شتێك بکەم، زلـلەیەکم لە "عادل" دا گوتم بۆ کفر دەکەیت؟ بەشێك لە زیندانییەکان لە ترسا چوونە دەرەوەی ژوورەکە ئەوانەی مابوونەوە هەریەکە خۆیان بە ئیشێکەوە خەریک کرد، من

هاوسفره و خوان (سەفەر داش) عادل، پۆلا

عادلم تێگەیاند، کە بە هیچ شێوەیەك نابێت بڵێتجنێوم بە "سەدام" داوە، سووربە لەسەر ئەوەی کە گوتووتە گوو بەخوا(خرە بربك)، بڵێ ڕزگار شایەتە. هەتا زلـلەیەکیشی لێداوم هێندەی پێنەچووجوڵەیەکی نائاسایی لە هەموو بەشەکانی دیکەی زیندانداا دروست بوو هاتن و عادلیان برد.

هەواڵەکە لە نێوانهەموو زیندانییەکاندا بڵاوبووەوە من لە ژوورەکەی خۆم چەندجارێك گوتم، نە دەبوو عادل بڵێ گوو بە خوا(خرە بربک)مەبەستی من لەوە ئەوە بوو کە ئەگەر هەر زیندانییەکی دیکەی ژوورەکەمانیان بانگکرد ئەویش وا بڵێت هێندەی پێنەچوو دوو پاسەوان هاتن بە دوای مندا. من خۆم ئامادە کردبوو بۆ ئەو بانگکردنە، منیان برد بۆ ژووری ئەفسەری ئاسایشی زیندانکە پلەی ڕائیدی هەبوو بە ناوی "ناجی" ئەتوانم بڵێم "ڕائید ناجی" تا ئەو کاتە باشترین ئەفسەری ئاسایش بوو لە زیندان، ئەو زۆری بۆ نەهاتایە کێشەی بۆ زیندانی دروستنەدەکرد بە تایبەتی ئەگەر بیزانیایە ئەو زیندانییە خۆڕاگرە.

منیان برد بۆ ژوورەکەی، سڵاوم کرد و "ڕائید ناجی" وەڵامی سڵاوەکەی منی دایەوە، عادل لەوێ وەستابوو، کە تەماشام کرد، تێگەیشتم ئەوەی کەپێمگوتبوو ئەویش هەر

ئەوەی گوتووە.

"ڕائیدناجی" دوای پێشەکییەکی کورت گوتی من زۆر بڕوام بە تۆیە، ڕاستیی ڕووداوەکەمان پێدەڵێیت؟ گوتم زۆر شتێکی ئاساییە، کە ناخۆشی لە نێوان دوو زیندانییدا ڕووبدات و یەکێکیان تووڕەبێت و بڵێت(خرە بربک)، هەموو زیندانییەکانی ژوورەکەش ئاگادارن، کە لەوە زیاتر هیچی دیکە ڕووی نەداوە.

"رائد ناجی" گوتی تۆ بەرپرسیارێتی ئەم قسانە هەڵدەگری؟ گوتم بەڵێ، گوتی دەباشە بڕۆنەوە، بەڵام لای هیچ کەسێک باسی ئەوە نەکەن کە لە نێوانماندا ڕوویداوە، زۆر بە ڕوونی دیار بوو، کە "ڕائید ناجی" دەیویست ڕووداوەکە پەردەپۆش کات من و عادل گەڕاینەوە بۆ بەشەکەمان و ژوورەکەمان، بەڵام هەر ترسمان هەبوو لەوە ڕووداوەکە هەر بەوە کۆتایی نەیەت.

لەم کاتانەدا یاریی تۆپی پێ بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەبوو لە بەشەکانی زیندانداا، ڕێژەیەکی زۆر لە زیندانییە گەنجەکان، ئارەزووی یاریی تۆپی پێیان هەبوو، ئەوەیش جگە لەوەی یارییەکی میللی جیهانی بەربڵاو و مێژوویەکی کۆنی هەبوو، هەروەها پێداویستی زۆریشی نەدەویستبە تەنها بە تۆپێك و گۆڕەپانێک یارییەکە ئەنجام دەدرا.

بێجگە لەوەی یاریی تۆپی پێ لەسەر ئاستی جیهان چووبووە بواری پێشبڕکێوە، تێکەڵاوی بازرگانی و سیاسەت بوو بوو، لە ناوخۆ و لە شار و شارۆچکە و گەڕەکەکانیشدا بەهەمان شێوە یارییەکی باو بوو.لە عێراق و لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و دژواری باری ئابووری و سیاسی تۆپی پێ یەکێك بوو لەو وەرزشانەی کە میللی بوونی خۆی لە دەست نەدابوو. پێشبڕکێ لەسەر ئاستی گەڕەک و شارەکان دەکرا و هەروەها خولی عێراقیش بەردەوامیی هەبوو. ئەو بایەخ و گرنگییە بەشێک بوو لەو سیاسەتەی ڕژێم پیادەی دەکرد بۆ سوودوەرگرتن لە ئارامیی باری سیاسی بۆ سەرقاڵکردنی خەڵکەکە بە یارییەکەوە، بۆیە جێگای بایەخی ڕاگەیاندنیش بوو.

چەند زیندانییەک ڕۆڵی دیاریان هەبوو بۆ ڕەخساندنی هەلی باش بۆ ئەنجامدانی یاریی تۆپی پێ، چ لەسەر ئاستی ڕێکخستی یارییەکە لە نێوەندی زیندانییەکاندا یاخود ڕووخسەت وەرگرتن و ڕازیکردنی بەڕێوەبەرایەتی زیندان بۆ بەکارهێنانی گۆڕەپانی زیندان بۆ ئەنجامدانی یاریی تۆپی پێ، یەکێك لە زیندانییەکان ناوی عومەر حەمەد(ئەبو فاروق) بوو. عومەر لە ١٩٩٨/٧/٢٦دا لەلایەن دەزگای هەواڵگری عێراقەوە(المخابرات) لە شاری کەرکوك دەستگیر دەکرێت "٧٤" ڕۆژ لە شوعبەی سێی کەرکوك دەستبەسەر دەکرێت، لە بێبەختی عومەردا بەڕێوەبەری شوعبەی سێ موقەدەم عەلی مەحمود زیدان(ئەبو لوئێل)و ئەفەسەری ئاسایشی دەزگای هەواڵگریموقەدەم شەهاب عەلی عتبە(ئەبو بیداء) لەمندااڵییەوە عومەریان ناسیوە. دانیشتووی یەك گەڕەك بوون(گەڕەکی ٣٠ تەموز، عمل الشعبی) نزیك فڕۆکەخانەی کەیوان ئەوان زۆر ڕقیان لە "عومەر" دەبێت بۆیە زۆر خراپ مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. دوای ئەوە "عومەر" دەگوازرێتەوە بۆ

یاریزانەکانی تۆپی پێ لە زیندانی ئەبوغرێب

دەزگای هەواڵگری حاکمییەی شاری بەغدا، دە مانگ لەوێ دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا و لە حاکمییە "عومەر" یارمەتی زۆر کەس دەدات بۆ ئەوەی دان بەو تاوانانەدا نەنێنن کە لەسەری دەستگیرکراون(ئیعتراف نەکەن). لەوێ ئەو چوار ڕۆژ ماندەگرێت لەسەر خراپمامەڵەکردن لەگەڵدا.

لە دادگای دەزگای هەواڵگری جادرییە "٢٢"ساڵ حوکم دەدرێت "٢٠"ساڵی لەسەر کاری سیاسی و "٢" ساڵ لەسەر ناسنامەی ساختە.عومەر خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر تایبەت بوو، لە سەختترین بارودۆخدا ئەو هێمنی خۆی لەدەستنەدەدا.هەمیشە سوور بوو لەسەر هەڵوێستی ئەگەر بیزانیایە سەری لەسەر دادەنێت. "عومەر" کە بە عەرەبی قسەی دەکرد کەس نەیدەزانی کوردە، هەر لە ڕێگای وەرزشەوە پەیوەندییەکی فراوانیلەگەڵ گەنجەکانی زیندانیدا دروستکردبوو. ئەو بە(عومەر کوردی یان ریاضي) دەناسرا. لەبەرئەوە هەموو توانای خۆی بە کاردەهێنا بۆئەوەی زەمینەیەکی چاك بۆ یاری تۆپی پێ دروستبکات.(سلێم خورشید)تەنها زیندانی کاکەیی بوو لە زیندان، بەڵام لەو کاتەدا دوو زیندانیی کاکەیی دیکەشمان هەبوو زیندانییەکی گەنج بە ناوی(سەرکەوت کاکەیی و ساڵح کاکەیی).

لە مانگی ١٩٩٩/١١دا گەنجێکیان هێنا بە ناوی (سۆران محەمەد) ئەو حوکمدرابوو بەتاوانی پەیوەندی بەدەزگای پاراستنی پارتییەوە، سۆران لە لایەن دەزگای هەواڵگری(مخابرات) لە شاری کەرکوك دەستگیرکرابوو لەگەڵ ئافرەتێك بە ناوی"کۆچەر". سۆران لە کاتی لێکۆڵینەوەداهیچ زانیارییەك لەسەر"کۆچەر" نادات لەبەرئەوە لە ڕۆژی دادگایی کردنیاندا "کۆچەر" ئازاد دەکرێت و سۆران حوکم دەدرێت.

(هیثم فارس)لە زیندانی ڕژێمەوە بۆ زیندانی ئاسایشی سلێمانی لەوێوە بۆ زیندانی ڕژێم جارێکی دیکە "هیثم" خەڵکی تکریت بوو. لە ساڵی ١٩٨٩ لە پەیمانگای فڕینی سڤیل(معهد الطيران المدني) وەردەگیرێت، لە ساڵی ١٩٩٠ چەند ڕاپۆرتێکی لەسەر دەدرێت لە لایەن فرقەی حیزبی بەعس لە تکریت، لە یەکێك لە دەزگاکانی جهازی ئاسایشی تایبەتی(جهاز امن الخاص) بانگهێشت دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی کورد بووە، پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکەن لە هاوسەرە کوردەکەی جیابێتەوە. لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دوو منداڵ بوون، ئەگەر وا نەکات تووشی لێپرسینەوە دەبێت. کەسوکاری "هەیسەم"هەوڵی ئەوە دەدەن کە بە واستە، ئەو کارە ڕابگرن، بەڵام لە ساڵی١٩٩١ دووبارە باسەکەی سەر هەڵدەداتەوە، هەر لەسەر ئەو تۆمەتە چوار مانگ زیندانی دەکرێت و لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە دوای ئازادکردنی بیر لەوە دەکاتەوە هەڵبێت بەرەو کوردستان. لە ڕێگای قاچاخچییەکی سوتەمەنی دانیشتووی کەرکوک بەناوی"عصام"وە، بە شێوەیەك لە شێوەکان"عصام" "هیثم" دەداتە دەست ئاسایشی سلێمانی ئەوانیش "٩"مانگ لای خۆیان دەیهێڵنەوە. لە دوایدا لەڕێگای"کۆسرەت ڕەسوڵ"ەوەئازاد دەکرێت. دوای ئازاد بوونی پەیوەندی بە باوکییەوە دەکات بۆ سۆراغی هاوسەرو منداڵەکانی، باوکی پێیڕادەگەێنێت کە هاوسەرەکەی لە لایەن دەزگای ئاسایشی تکریتەوە دەستگیرکراوە. ئەوانیش دەڵێن تا "هەیسەم" نەگەڕێتەوە هاوسەرەکەی ئازاد ناکەن. "هەیسەم" ناچار دەبێت خۆی بەدەستەوە بدات بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی ئازاد بکرێت لە کۆتاییدا حوکم دەدرێت و دەیهێنن بۆ لای ئێمە.

"ابراهيم بەسری"پزیشکی تایبەتی"سەدام" بووە، ناو و دەموچاوێکی ناسراو بوو لەسەر ئاستی عێراق، زنجیرەیەك پەرتووکی هەبوو هەروەها لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە تەلەڤزیۆنی عێراق بەرنامەی(الطب الرياضي) هەبوو. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەڵمانیای دیموکراتی(ڕۆژهەڵات)ی ئەو کاتە بڕوانامەی بەدەستهێنابوو. دوای ماوەیەك لە گەڕانەوەی بۆ عێراق، وەك پزیشکی تایبەتی"سەدام" دەستنیشان دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو بەعسی نەبوو خۆیشی بە چەب دەزانی. وەك خۆی باسی لێوەدەکرد یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی لە لایەن سەدامەوە بوێریی بووە لە دەربڕینی بۆچوونەکانیداهەر ئەوەش دەبێتە هۆکاری زیندانیکردنی.

فەریقی یەکەمی روکن (ثامر سلطان التکریتی) ناوێکی دیار بوو لە ناو سوپای عێراقدا، "سەدام" گومانی لێدەکات، حوکم دەدرێت و دەیهێنن بۆ زیندان بۆ لای ئێمە."ثامر" برای فەریق (ثابت سلطان)بوو، ئەوەی شایەنی باس بێت ثابت لە شاری کەرکوك لە دانیشتنێکی خواردنەوەی شەوانەیدا دەڵێت نازانین سڵاوی سەربازی(التحیه) بۆ کێ بکەین؟ بۆ عەریف (علی حەسەن مەجید) کوڕی مامی سەدام یاخود بۆ عەریف(حسین کامیل) "زاوای سەدام"؟ ئەم قسەیە بە "سەدام" دەگاتەوە بۆیە سزای دەدات و پلەی سەربازییەکەی لە فەریقەوە دادەبەزێنێت بۆ عەمید وهەروەها لە سەرکردەی فەریقەوە دەکرێت بە فەرماندەی لیوا، دوای ئەوە یەك ساڵ زیندانی دەکرێت. لە ساڵی ١٩٩٣ لە یەکێك لە شەقامەکانی بەغدا لە لایەن ئاسایشی تایبەتەوە دەفڕێندرێت و لەناوچەیەکی کشتوکاڵیدا(المنطقة الزراعية) لە باشوری بەغدا بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە.

(عەقیدڕەشیدفلیح الحلفی)عەقیدبووەئاسایشیگشتیماوەیەکبەڕێوەبەریئاسایشی پارێزگای ذیقار(الناصریه) دەبێت. لەگەڵ ئەوەی شیعە بوو بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لەسەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی١٩٩١ی باشووری عێراقدا. ئەو لە ساڵی ١٩٩٤دەگوازرێتەوە بۆ شاری بەغدا دەبێتە بەڕێوەبەری تەواری سەر بە ئاسایشی گشتی، لە ساڵی ١٩٩٦ دەستگیردەکرێت و بە پێنج ساڵ حوکمی زیندانی دەدرێت، لەو

کاتەدا بە لێبوردنێکی سەرۆکایەتی ئازاد دەکرێت.

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو زیندانییانەی پێش زیندان خاوەنی پلەوپایەی بەرزی حکومی و سەربازی بوون زۆربەیان لە ناو زیندانداا مامەڵەیەکی جیاواز دەکران ئەوەیش هۆکاری خۆی هەبوو لەوانە: ناسینی کەسانێکی زۆر لە ناو دەسەڵاتدا، چونکە بۆ خۆیان پێشتر بەشێك بوون لەو دەسەڵاتە، پاسەوانەکان و لێپرسراوانی زیندان ئەگەری ئەوەیان دادەنا کە ڕۆژێک دێت ئەمانە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئازاد دەکرێن و جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر کاری لێپرسراوی. ئەمە جگە لەوەی ئەمانە باری ئابووریان باش بوو، دیاری و بەرتیلیان دەدا بۆ ئاسانکاری و پێداویستی و خواستەکانیان.



دکتۆر فازل و دکتۆر ئیبراهیم یسری لەلای چاپ

دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت کە ژمارەیەك زیندانی هەبوون ئەوانە ئامادە بوون بۆ ماستاوکردن و خزمەتکردنیان، بۆیە گوزەرانی ئەمانە جیاواز بوو بە بەراورد لەگەڵ زیندانییەکانی دیکەدا. لە هەمانکاتدا جاری وا هەبووئەمانە سودیان هەبوو بۆ جێبەجێکردنی هەندێک داواکاریی زیندانییەکانی دیکە، بە سود وەرگرتن لەو پەیوەندییە باشەیان کە لەگەڵ بەرپرسەکانی زیندانەکاندا هەیانبوو.

(عدنان ثابت السامرائي) کە بە تاوانی کوودەتای ساڵی ١٩٩٦ی سامرائیەکانزیندانی کرابوو لەو کاتەدا لەگەڵ چەند زیندانییەکی دیکەدا بیرۆکەی نووسینی نامەیەکی بەزەیی(مەرحەمە)دا بوون بۆ "سەدام" نامەکە بە خوێنی خۆیان پەنجەمۆر بکەن و داوای لێبوردەیی بکەن، بەو مانایەی بڕیارێکی لێبوردنیان بۆ دەربکات. ئەمکارە بۆ ئەو زیندانییانەی خۆیان بە خاوەن هەڵوێست دەزانی جێگای نیگەرانی بوو، هەر چەندە زۆرینەی زیندانییەکان لەگەڵ بیرۆکەکەدا بوون و بە خوێنی خۆیان پەنجە مۆریان کرد، پاکانەشیان بۆ ئەم کارە باوەڕی خۆپاراستن(التقیه)بوو، کە زاراوەیەکی ئاینییە و "ئیسلام و جولەکە" باوەڕیان پێی هەیە، بە پێچەوانەی "کرستیانەوە" کە بڕوای پێی نییە.

هەردوو مەزهەبی"سوننە و شیعە" بڕوای بە (التقیه)هەیە، بەڵام لای شیعە بە شێوەیەکی فراوانتر و بە بنچینەکانی ئاینی دەژمێرن ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ چەوساندنەوەی شیعە بە درێژای مێژوو.

(التقیه) بەمانای ئەوە دێتکە دەکرێت باوەڕدارێک باوەڕی خۆی ئاشکرا نەکات بۆ کەسانێکی دیکە، یاخود خۆت وا پیشان بدەیت، کە لەگەڵ هەندێک قسە و بیرکردنەوەی کەسێکی کافردا بیت. بۆ پاراستنی ژیانی خۆت یاخود بە ئامانجی ڕزگار بوون، یان هەر پێداویستییەکی دیکە چۆن بە کوردی دەڵێیت؛ئەگەر نەتوانی دەستێك ببڕیتەوە ماچی بکە.پڕوپاگەندەیەکی وا بڵاوبووەوە کە ئەو زیندانییانەی ئامادە نەبوون داواکاریی بەزەیی بە خوێنی خۆیان بەنجەمۆر بکەن، لێبووردن نایانگرێتەوە. ئەمەیش بارێکی دەروونی خراپی لای هەندێك لەو زیندانییانەی کە پەنجەمۆریان نەکردبوو دروستکرد، بەپێچەوانەوە لای بەشێکی دیکە بە دەرفەتێکی هەڵوێست وەرگرتن هەژمار دەکرا.

-١١٣-

گومان لەوەدا نییە کەسوکاری زیندانیکراوەکان ئەرکێکی گەورە و مەینەتییەکی زۆریان لەسەر بوو، بەڵام ئەو خێزانانەی کە زیاتر لە یەك زیندانییان هەبوو مەینەتییەکەیان زیاتر بوو. خانەوادەی وا هەبوو چەند ئەندامێکی خێزانەکەیان زیندانی بوو(باوك و کوڕێك، یاخود چەند کوڕ و کچێك، یاخود دایك و کچ و کوڕ، زۆرجار چەند برایەک.)

لەناو زیندانییە کوردەکانیشدا لەو جۆرە هەبوو، لەوانە دوو برا بە ناوەکانی(عومەر و عوسمان) خەڵکی کەرکوك بوون. ئەوان بە هەمیشەیی ڕووخۆش بوونهەر چەندە "عومەر" کەمێک باوەڕداریبە ئاینییەکەی زاڵ بوو بەسەریدا، بەڵام ئەوە کاریگەریی نەبوولەسەر هەستە نیشتیمانی و مرۆڤایەتییەکەی.هەردوو برای زیندانی(کەریم و ستار) خەڵکی خانەقین بوون"کریم" کوڕێکی هێمن و لەسەرخۆ و پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ زیندانییەکاندا "ستار" کاری سەرتاشی دەکرد و سەرتاشێکی زۆر باش بوو.

زۆربەی ئەوانەی کە لە زیندانداابووین دەمانزانی لەسەرچی حوکم دراوین،ئەگەرتاوانێکی ڕاستی بووبێتیاخود لە ژێر ئەشگەنجەدا دانیان بە کارێکی نایاساییدا نابێت. بێگومان لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە هەندیکمان پێش ئەوەی دەستگیر بکرێینەمانزانی سزای ئەو کارەی دەکەین چییە،ئەگەرمردن بێت یاخودزیندان.بەڵام زیندانیمان هەبووخۆیشیان نەیاندەزانی بۆ لە زیندانداانن، بۆ نمونە؛(صلوبي غربي) کە دوای حەڤدە ساڵ زیندانیلە زیندانداا کۆچی دوایی کرد، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی مرد نەیدەزانی بۆ و لەسەرچی لە زیندانداایە؟!"صلوبي» نەخوێندەوار بوو، بە درێژایی ژیانی چەند جارێك سەردانی شاری کردبوو، هەر هەموو ژیانی بە شوانی بەڕێکردبوو لە نێوان سنووری عێراق-سوریا لە ناوچەی «قائم»ی سەر بە پارێزگای»ئەنبار». "صلوبي» و زۆربەی شوانەکانی ئەمبەر سنووری»عێراق» ڕۆژانە چاویان بە شوانەکانی ئەوبەرسنووری»سوریا» دەکەوت و تێکەڵاوی یەکتری دەبوون، جۆرێک لە تێکەڵاوی و ئاشنا بوون بە یەکتری دروست دەبێت.

ڕۆژێک یەکێك لە دانیشتوانی ناوچەکە نامەیەک دەدات بە «صلوبی» و پێیدەڵێت کە شوانەکانی ماڵی فلان دەبینیت ئەم نامەیان بدەرێ و بیدەن بەدەست فلانە کەس



پۆلا، سلێوبی، قادر، بورهان

«صلوبی» زۆر به خۆشحاڵییەوە نامەکە وەردەگرێت و دەڵێت بەسەرچاو. هەرگیز بیری بۆ شتێکی خراپ نەچووە،بە پێچەوانەوە وەك کەسێکی خێڵەکی دڵخۆش دەبێت و بە کارێکی باشی دەزانێت کاتێک ئەرکێک بۆ یەکێکی دیکە ئەنجامدەدات، وەك خۆی دەیگوت تەنها (ورقە) قاغەزێك بوو.

«صلوبي» شوانی بیابانی نەخوێندەوار نازانێت ئەو کاغەزە چی بەسەر دەهێنێت، هێشتا ئەو ناگاتە نزیك سنوور، لە لایەن هێزێکی دەسەڵاتەوە قۆڵبەست دەکرێت و نامەکەی پێدەگرن و دەیبەن بۆ دەزگای هەواڵگری. «صلوبی» بە سادەیی خۆی هیچ نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەو ویستوویەتی نامەکە بدات بە شوانەکانی ئەو دیو سنوور. پێیدەڵێن تۆ سیخوڕیت(جاسوس)ی سوریایت ئەو تێناگات سیخوڕ مانای چییە، تەنانەت ئەو گوێی لە

وشەی(ولا تجسسوا)ی قورئانیش نەبووە. دوای ساڵێك لە لێکۆڵینەوە دەیدەن بە دادگای بەناو شۆڕش(الثورە) و حوکمی هەتاهەتایی(موئەبەد)ی بەسەردا دەسەپێنن هەر باشە سزای لە سێدارەدانی نادەن، ئیتر لە کونجی زیندانداً دەمێنێتەوە دوور لە ئاژەڵەکان و هەوای پاکی بیابان و ئازادییە بێسنوورەکەی.

«صلوبي»بە درێژایی ئەو حەقدە ساڵەی کە لە زیندانداً بوو، تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد لەگەڵ ئەوەی هەزارانجار باسی چیرۆکی گرتنەکەی خۆی دەکرد و بەرامبەرەکەی هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بۆ شیدەکردەوە، بەڵام ئەو تێنەدەگەیشت بۆچی لە زیندانە. ناهەقی نەبوو، ئاخر ئەو لە دونیای پاکی خۆیدا ژیابوووەك خۆی دەیگوت ئێ چییە کاغەزێکە(ای هو شنو ورقه). بە درێژایی ئەو ساڵانەی من لەگەڵی بووم نەمدی کەس بێت بۆ دیداری، دەستی زۆر کورت بوو، بەڵام زۆر نەفس بەرز بوو، هیچ شتێکی لە کەس داوا نەدەکرد، دەیانجار شەوان بە ڕێکەوت لە ڕێڕەوی بەشەکەمان بەیەك دەگەیشتینلێمدەپرسی مامە سلوبی نانت خواردووە(عمو صلوبی متعشی)؟ ئەگەر وەڵامی نەدایەتەوە دەمزانی نانی نەخواردووە، بە زۆر نانم پێشکەش دەکرد. ئەگەر کەس پێینەگوتایە ئەوا بە برسێتی دەنووست، لەگەڵ ئەوە زۆر خۆشەویست بوو لە لای هەموو زیندانییەکان، تاقەتی نەبوو ڕیشی بتاشێت. زۆرجار شەوی پێش ڕۆژی دیدار ڕیشم بۆ دەتاشی و گاڵتەمان لەگەڵ دەکرد دەمانگوت دەبێت قۆز بیت ژنت بۆ دەهێنین.

بەداخەوە «صلوبي» لە زیندانداً مرد، جارێکی دیکە بە بیابان و ئاژەڵەکانی و ژیانە ساکارەکەی شاد نەبووەوە و تەرمەکەیان برد.

بۆ ڕۆژی دوایی پرسە و سەرەخۆشی(تازییە)مان بۆ دانا، لە زیندانداً وا باو بوو کاتێك کەسێکی زیندانییەك کۆچی دوایی دەکرد، پرسەمان بۆ دادەنا، بەڵام ئەمجارە پرسەی هاوزیندانییەکمان بوو. هەر خۆمان سەرەخۆشیمان لە خۆمان دەکرد، دوای دوو هەفتە زانیمان کە تەرمەکەی «صلوبي»هەر لە(طب العدلي)یە لەبەرئەوەی کەسی نەبووە وەریبگرێتەوە. زیندانییەکان لە ناو خۆماندا پارەمان کۆکردەوە و دامان بە باوکی زیندانییەک، خەڵکی ناوچەکەی «صلوبي» بوو، بۆ ئەوەی بڕوات تەرمەکەی وەرگرێت و بە خاکی بسپێرێت.

-١١٤-

ئەوە سروشتی مرۆڤە کە ژیان بەرەو خۆشی و گۆرانی و سەمای دەبات، ئەوەش زیاتر و بە ئاشکرا لە منداڵیدا هەستی پێدەکەین. مرۆڤی تەندروست خواستی خەمی نییە، هەمیشە ئەوە خۆشییە کە دەروازەکانی داهێنان دەکاتەوە، بە پێچەوانەی غەم و ناخۆشییەوە کە مێشکی مرۆڤ دادەخات. جەژنی (ڕەمەزان و قوربان) لای زۆربەمان یادەوەری و بیرەوەری خۆشی تیدایە، بە تایبەتی لە تەمەنی منداڵیدا. ڕاستە دوو بۆنەی ئایینین وەلێ لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بوونەتە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و دەرفەتێك بۆ خۆشی و دەرچوون لە ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی دەبووە چالاکییەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی. لە زیندانیشدا بەهەمانشێوە دەرفەتێک بوو بۆ گۆڕینی بارودۆخی ئاسایی ڕۆژانەی ناو زیندانبۆ کەشێکی خۆشی و نوێبوونەوە، دەرفەتێک بوو بۆ زیندانیان بۆ چێژوەرگرتن لەخۆشی و لەو کەشەی کە دروستیدەکەن بەبۆنەی جەژنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لای باوەڕداران ئەرکێکی ئاینیی بوو. لەبەرئەوە شکۆی ئەم دوو جێژنەیان بە بەرزی ڕادەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەمان لەڕۆژانی جێژندا زیاتر هەستمان بە زیندانیبوونی خۆماندەکرد، لەبەرئەوەی بیری جێژنی گوند و شاری ناو خێزانەکانمان دەکرد. بەهەرحاڵ ڕۆژەکانی جێژن جیاواز بوون لە ڕۆژەکانی دیکەی ساڵ، لە پیرۆزکردنی یادەکە لە یەکتری، هەر چەندە(شیعە و سونە) لە یەك ڕۆژدا جێژنیان نەدەکرد. نوێژکەران نوێژی جێژنیان دەکرد، ئەو ڕۆژە زیندانیان باشترین جلوبەرگیان دەپۆشی و خواردنی جێژنیان ئامادە دەکرد.

جێژنێکی دیکە هەبووتایبەت بوو بە زیندانییە شیعەکان، بە ناوی جێژنی غەدیر(عید الغدیر)ئێمە بەشداریمان لەگەڵدا دەکردن، بەڵام (سوننە و وەهابی و سەلەفی)یەکان بە لادان لە ئاینی ئیسلامیان دادەنا. بە پێی بڕوای شیعەکان»محەمەد»ی پێغەمبەری ئیسلام لە ژێر دارێکدا لەسەر «غەدیر» وتارێکی داوە بۆ موسڵمانان کە لە دوای خۆی (علی کورِی ئەبو تالیب) ببێت بە خەلیفەی موسوڵمانان. «غەدیر» بەمانای گۆم دێت واتە ئاوێکی وەستاو کە قووڵاییەکی کەمی هەیەلە پاشماوەی باران یان لافاو دروست دەبێت.لەم جێژنەدا لە جیاتی هەریسەخواردنێکیان ئامادە و دابەشدەکرد کە ناوی زەردە بوو.زیندانیانی ئێزیدی

چەند وێنەیەکی ئاهەنگی نەورۆز لە زیندان

ژمارەیەك جێژن و بۆنەیان هەبوولەسەروو هەموویانەوە جێژنی سەری ساڵی ئێزیدی بوو، کە دەکەوێتە یەکەم چوار شەممەی مانگی چوارەوە. بە بڕوای ئەوان لەو ڕۆژەدا دەسەڵات دراوەتە دەست(مەلیکە تاوس) کە کاروباری دونیا بەڕێوەبەرێت.

جێژنی لەدایکبونی «عیسا» و سەری ساڵی زایینی، کە زیاتر جێژنی زیندانیانی کرستیان بوو، لەگەڵ ئەواندا سیکۆلار و چەپەکانیش بە گەرمی بەشداریان دەکرد.یەك زیندانی سابائي(الصائبة المندائیه)مان هەبووناوی «سلام مدلول»بوو سوبییەکانیش گەورەترین جێژنیانجێژنی بێنجەبوو(البنجه).

هەموومان دەزانین، کە جێژنی نەورۆز چەند بایەخێکی گەورە و گرنگی هەیە لای میللەتی کورد، بەلای منەوە گرنگ نییە ئەو جەژنە تا چ ئاستێک جەژنی کوردە یان نا یاخود لە ڕوانگەی مێژووەوە ڕاستییە یاخود ئەفسانەیە، لەلای من گرنگ ئەوەیە کە کورد خۆی چۆن تەماشای دەکات و چەند پیرۆزە لای و چۆن ئامادەکاریی بۆ دەکات.

باوکم کەسێکی زۆر لێزان بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکدا، هەر کە میوانمان دەهات بە بچوك و گەورەوە داوامان لێدەکرد کە چیروکێکمان بۆ بگێڕێتەوە. یەکێك لەو چیرۆکانە داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاك بوو، چۆن لە نەورۆزدا ئازادیی بەسەر ستەمکاریدا سەردەکەوێت. بۆیە هەر لە منداڵییەوە لای من نەورۆز جێگایەکی تایبەتی خۆی هەبوو، کە منداڵ بووین لە کەرکوک دەبوایە ئێوارەی پێش نەورۆز ئاگری نەورۆز بکەینەوە، هەتاکو ئێستا یەکەم نەورۆزی دوای ڕێکەوتنی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠م لە یاد ناچێت کە هەموو کوردانی شاری کەرکوك لە گوندی «حەسار» یادی نەورۆزیان کردەوە. بۆیە من لە هەر شوێنێك بووم یادی نەورۆزم کردۆتەوە، نەورۆز بۆ ئێمەی کورد جۆرێك بووە لە بەرگری و بەرخۆدان و ئازادی.

لە زیندانیش مانگێك پێش هاتنی جێژنی نەورۆز پلانمان بۆ دادەنا و مشورمان بۆ دەخوارد. کوردەکان لە ناو خۆماندا پارەمان کۆدەکردەوە، دەماننارد بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی جێژنمان بۆ بکڕن وەک: شەربەت، چوکلێت، مۆم، کەرەستەی جوانکاریی زیندان، شتومەکی خواردن.

ڕێڕەوی زیندانمان دەڕازاندەوە، ژووریکمان تەرخان دەکرد بۆ پێشوازی لە میوان، بە داگیرسانی مۆم و سروودی نەورۆز جێژنەکەمان دەستپێدەکرد. یەکێکمان وتارێکی دەبارەی نەورۆز پێشکەش دەکرد، دوای ئەوە پێشوازیمان لە میوانانەکان دەکرد و شەربەت و شیرینیمان بەسەر هەموو زیندانییەکاندا دابەش دەکرد. بۆ ڕۆژی نەورۆز خواردنمان لێدەناو بە کۆمەڵ نانمان دەخوارد، گۆرانیمان دەچڕی و شایی و هەڵپەرکێمان دەکرد.نەورۆز لە هەموو بۆنەکانی

دیکە زیاترخۆشی و شادیبەخش بوو بۆ هەموو زیندانییەکان.

شیعەکان بەشداریییەکی گەورەیان دەکرد لە گەڵماندا، جێژنی نەورۆز لای ئەوان حەرام نەبوو، لەبەرئەوەی فەتوایان هەبوو، کە حەڵاڵە و لە ئێرانیش جەژنی نەورۆز بەرز ڕادەگیرا. هەرچی (سەلەفی و وەهابی)یەکان بوون، بە حەرام و کوفریان دەزانی، بە جێژنی ئاگرپەرستیی هەژماریان دەکرد، هەرچی بەڕێوەبەرایەتی زیندان بوو ڕێگرییەکی ئەوتۆیان لێنەدەکردین، لەبەرئەوەی نەورۆز بە پێی یاسای عێراقی جێژنێکی فەرمی ڕێگەپێدراو بوو، بە ناوی جێژنی بەهار یاخود دارودرەخت(عیدالربیع، عید الشجرە). ئەوان بەتەنها کێشەیان لەسەر سروودی نەورۆز و جۆری وتارەکە هەبوو، بەڵام ئێمە سروودەکەمان دەچڕی و وتاری خۆمان دەخوێندەوە و ئامادە بووین ئەنجامەکەی وەربگرین، لە پێناوی بەرزڕاگرتنی نەورۆز و سوربوونمان لەسەر کورد بوون.

ئەبو غرێب، ئاهەنگی نەورۆز لە زیندان

«هەڵۆ هاشم جەباری» گەنجێکی شاری کەرکوك بوو بە پانزە ساڵ زیندانی حوکم درابوو، هێنایان بۆ بەشەکەی ئێمە. ئەو ساڵی١٩٩١ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی لە شاری کەرکوك، دوای ئاشکرا بوونی لێپرسراوی ڕێکخستنەکەی و هەڵاتنی بۆ سلێمانی ماوەیەك دوور دەکەوێتەوەتاکو جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندی دەکاتەوە بە ڕێکخستنەوە.»سەیوان نوری» دەبێت بە لێپرسراوی لە ٢٠٠٠/١٠/١٢لەلایەن جهازی ئاسایشی تایبەتی(جهاز امن الخاص) لە کەرکوك دەستگیر دەکرێت و دوای ئەوە دەگوازرێتەوە بۆ شاری «تکریت» پاشان بۆ بەندیخانەی جهازی ئاسایشی تایبەت لە ناوچەی ڕاشدییەی شاری بەغدا. دوای لێکۆڵینەوە و مانەوەی لەوێ بۆ ماوەی چوار مانگ لە ژووری تەنهایی(الانفرادی) پاشان حوکم دەدرێت. «هەڵۆ» کورێکی هێمن بوو وهەروەها ڕێزی زۆری هەبوو بۆ بەرامبەرەکەی، ئارەزووی فێربوونی زۆر بوو، بۆیە ڕوویەکی جوانی گەنجی کورد بوو لە زیندان. ئەو کوڕی «هاشم جەباریی» بوو، کەس نییە تەماشاکەری تەلەفزیۆنی عێراقی بەشی کوردی لە شاری کەرکوك بوو بێت و «هاشم جەباری» نەناسێت. لە ١٩٦٩/٩/١وە ئەو بێژەر بوو لە وێستگەی تەلەفزیۆنی کەرکوك بەشی کوردی. وێستگەی تەلەفزیۆن لە شاری بەغداد لە ساڵی١٩٥٦ دامەزراوە. ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم وێستگەی تەلەفزیۆنی بووە لە هەموو ناوچەکە، واتە عێراق پێشەنگی وڵاتانی ناوچەکە بووە لەم بوارەدا لە ساڵی ١٩٦٧ وێستگەی تەلەفزیۆنی کەرکوك دەستبەکار بووە. لەساڵی ١٩٦٨وە ڕۆژانە نیوکاتژمێر پەخشی هەبووە بە زمانی(کوردی و تورکمانی وسریانی) لە ١٩٧٤/٦/١وە کەناڵێکی کوردی دامەزرا لە کاتژمێری شەشی ئێوارەوە دەستی بە پەخش دەکرد تا نیوەی شەو. «هاشم جەباری» بێژەری هەواڵ بوو، هەروەها دەستی شیعر و نووسینیشی هەبوو، دەموچاوێکی زۆر دیار بوو لە هەموو ماڵێکدا.

چاودێری بەشەکەمان(مراقب) گەنجێکی (بەسرا)وی بوو بە ناوی(اسعد عبدالامیر الغفار العیدانی) ئەو کەسێکی کراوە بوو، لە هەمانکاتدا سەرکەوتوو بوو لەوەی هەموو پێکهاتەکانی زیندان لێیڕازی بن. هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو تابکرێت کێشەی

زیندانییەکان دوور لە بەڕێوەبەرایەتی زیندان چارەسەر بکات. بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی باشی خۆی بەکاردەهێنا، چونکە کوڕی سەرۆك هۆزی(عیدان)بوو، کە هۆزێکی گەورەی شاری بەسرایە. بەشداری کردبوو لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١یباشووری عێراق، دوای ئەوە هەڵدێت بۆ ئێران،لەدوای ماوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ عێراق. لە ساڵی ١٩٩٥دەستگیردەکرێت و حوکمی هەتاهەتایی(موئبد) دەدرێت.

(دکتور مەحمود المشهدانی)دکتۆری سەربازی بوو. لە گەڕەکی(الکاظمیة)ی شیعەنشینی شاری بەغداد گەورە بوو بوو، بەڵام هەڵگری بیری سەلەفی بوو، لە ساڵی ١٩٧٢ لەسەر کارکردنی لەکۆمەڵەی یەکتاییەکان(جمعیه الموحدین)ی قەدەغەکراو دەستگیرکرابوو، جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر پەیوەندی بە لایەنە ئیسلامییە کوردییەکانی کوردستان دەستگیر دەکرێت و حوکم دەدرێت، ئەو کەسێکی ساکار بوو ئارەزووی گاڵتەی هەبوو، لە هەمانکاتدا ڕەفتاری ناجێگیر بوو.

بەشی تایبەتی زیندانی «ئەبوغرێب» ناوی فەرمی(دائرە إصلاح الکبار لجرائم أمن الدولة الداخلي و الخارجي) (بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورە، بۆ تاوانەکانی دەوڵەت ناوەوە و دەرەوە) واتە هەموو زیندانییەکانی کە لێرە بوون سیاسی نەبوون، کەسانی هەمەجۆری ناو کۆمەڵگاشی لێ بوو.(عبدولا جابر الکویتی) نمونەی کەسایەتییەکی فێڵبازی تەڵەکەبازی ناو زیندان بوو، ئەو فێڵکردن و دەستبڕین لە ناو خوێنیدا بوو، ئالودەی هەڵخەڵەتاندن بوو. ئەو خۆی عێراقی بوو، بەڵام لە «کوێت» دەژیا هەر بۆیە پاشناوەکەی کوێتی بوو.وەك پێشتر ئاماژەم پێکردبوو، لە دوای داگیرکردنی دەوڵەتی «کوێت» و کشانەوەی سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٩١کوێتییەکان «عەبدولا» دەنێرن بۆ «عێراق» بۆئەوەی زانیاریی کۆبکاتەوە دەربارەی دیلە کوێتییەکان لە عێراق، بەڵام دەزگای هەواڵگری دەستگیری دەکەن و بە تاوانی سیخوڕی بۆ «کوێت» حوکمی دەدەن.

«عەبدولا» هەمیشە پاکوخاوێن بوو، وەك دەوڵەمەندێکی دەستکراوە ڕەفتاری دەکرد، لەهەمانکاتدا قەرزداری هەمووان بوو(جلشۆر، ئوتوچی، خاوەن مجەمیدەکان، چایچی، خواردن فرۆشەکان، دەستفرۆش، حەمامچی) و زۆربەی زیندانییەکان، تانانەت هەندێک لە کەسوکاری زیندانییەکانیش، ئەو بێدیدار(مواجهه)نەبوو، هەموو جارێك شتومەك و پارەی زۆری بۆ دەهات، بەڵام نەیدەزانی چۆن ژیانی خۆی لە زیندانداا ڕێکبخات یاخود خۆی ئەو بەزمەی پێخۆش بوو. زۆر هونەرمەند بوو لە قەرز وەرگرتندا، جاری وا هەبوو،

پۆلا، مقدم غسان، عەبدوڵڵا کوێتی، لوتفی

قەرزدار دەهات بۆ لای من و دیگوت ئەم دیدارە قەرزەکەم نەداتەوە دەیکوژم. کەچی دیداریش تەواو دەبوو، قەرزەکەشی نە دەدایەوە.دووبارە قەرزی دیکەی لە ساحێب قەرز وەردەگرت، بڕیارت دەداتەواو جارێکی دیکە قەرزی نادەیتێ، هەر ئەوەندە بواری هەبوایە چەند قسەیەکت بۆ بکاتدوا بەدوای قسەکانی قەرزت پێدەدا. لە هونەری هەڵخەڵەتاندا زۆر زیرەك بوو، مرۆڤ نەیدەتوانی ڕقی لێببێت وهەروەها خۆیشی دەستی یارمەتی هەبوو بۆ کەسانی دیکە. هەر زۆر لێیبقەومایە پەنای بۆ من دەبرد، منیش هەموو جارێك بەگاڵتەوە لە جیاتی «عەبدوڵا کوێتی» پێم دەگوت «عەبدوڵا گەواد» بۆ واز ناهێنی لەم گەوادییە(لیش مەتجوز من هل گوادە) لە وەڵامدا دەیگوت وەڵا ناتوانم کاك ڕزگار(والله ما اگدر کاکه رزگار).

-١١٦-

(نزار جەلال) یەکێك بوو لەو پێنج گەنجەی سلێمانی، ئەو کاتەی کە دەستگیرکرابوون تەمەنیان لە ژێر هەژدە ساڵییەوە بوو. ئیتر بەم زووانە پازدە ساڵی حوکمەکەی خۆیان تەواو دەکەن و ئازاد دەکرێن، ئەو خولیاو ئارەزووی ڕاگرتن و پەروەردەکردنی کۆتر و کەڵەشێری هەبوو، ئەم ئارەزووەش لە زیندانداو ڕێگا پێدراو نەبوو، بەڵام نزار توانایەکی زۆری بەکاردەهێنا و هەموو ڕێگایەکیشی دەگرتەبەر بۆ دۆزینەوەی دەرفەتێک بۆ ئەو مەبەستە. هەروەك لەوەوپێش ئاماژەم پێدا بوو، بارودۆخی زیندان و بەتایبەتی لە ڕووی مامەڵەکردنی ئەفسەرەکان و بەڕێوەبەرایەتی زیندان بەرامبەر بە زیندانییەکان هەموو کاتێک وەک یەک نەبوو. سەردەمێك زۆر تووندبوون، کاتی وا هەبوو جۆرێک نەرمییان دەنواند، بۆیە نزار لەگەڵ بەردەوامبوونی لە هەوڵدان دەرفەتی مۆڵەت وەرگرتنی بۆ دەرەخسا و ڕێگایان پێدەدا کۆتر و کەڵەشێری هەبێت و کولانەیەکیان بۆ دروستبکات، لە سوچێکی گۆڕەپانەکەی لای تەنیشتی بەشەکەمان.هەر چەندە ئەو گۆڕەپانە بە ڕۆژ دەرگاکەی دەکرایەوە و ئێواران دادەخرا. هەروەها ئەوێ شوێنی ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەی زیندانییەکان بوو، جێگاکە بە بەراورد بە ژمارەی زیندانییەکان زۆر تەسك بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لای زۆربەی زیندانییەکان ئاسایی بوو وە پێیان ناخۆش نەبوو، کە نزار ئەو جێگایەی گرتووە بۆ کولانەی کۆترەکانی. ڕاستە ئەوە خولیای «نزار» و چەند زیندانییەکی دیکە بوو، بەڵام دیمەنی ئەو کۆترانە لە زیندانداو بۆ هەموو زیندانییەکان ئاسودەبەخش بوو وەك باخچەی ئاژەڵان وابوو بۆ ئێمەی زیندانی.

زاناکان دەڵێن: ملیۆنەها ساڵە کوتر هەیە و هەزارەها ساڵە کۆتر سیمبولێکە بۆ خۆشەویستی و ئاشتی.

دەگێڕنەوە و دەڵێن دوو پاشا ناکۆکییان دەبێت. ئەوان ڕۆژێك دادەنێن بۆ بەرەو ڕووبوونەوە، ڕۆژی بەرەو ڕوو بوونەوەیان یەکێک لە پاشاکان داوا لە پیاوەکانی دەکات کڵاو و شمشێرەکەی بۆ بهێنن، کاتێك پیاوەکانی دەڕۆن شتەکانی بۆ بهێنن، دەبینن کۆترێکی سپی لەسەر هێلکەکانی لە ناو کڵاوەکەیدا دانیشتووە کڵاوەکەش لەسەر شمشێرەکەی

دەبێت، کە دەگەڕێنەوە و بۆ پاشای دەگێڕنەوە، پاشا دەڵێ لە کۆترەکە گەڕێن، بڕیاردەدات بەبێ کڵاو و شمشێر بچێتە بەردەم پاشاکەی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوە. کاتێك پاشاکەی نەیاری ئەو بەبێ چەك دەبینێت زۆر پێیسەیر دەبێت و لە هۆکارەکەی دەپرسێت، کە ڕاستییەکە دەزانێت ڕاستەوخۆ ئاشتی ڕادەگەیەنێت لە نێوانیاندا و باوەش بەیەکدا دەکەن.

باس و ئەفسانە زۆرە دەربارەی کۆترەکەی «نوح»ی پەیامبەر لە کاتی لافاوەکەدا. دەگێڕنەوە هەموو جارێك دوو کۆتر دەنێرێت بۆ ئەوەی بزانێت وشکایی دەرکەوتووە، بۆ جارێک کۆترەکان بە چڵە زەیتونێکەوە دەگەڕێنەوە ئەوەش دەبێتە موژدەیەك بۆ دەرکەوتنی وشکایی. لە پەیکەری(ئەفرودیت)ی یونانییەکانیشدا کۆتر بەدەوریدا دەفڕێت. لە ئەفسانەی هیندییەکاندا خوای جوانی لەسەر پشتی کۆترێك دەفڕێت، وێنەی کۆتر لە پەرستگا میسرییە کۆنەکاندا نەخشێندراوە، لای ئیسلامیش کوتر بووە کە «محەمەد»ی پەیامبەری ڕزگار کردووەلەدەست نەیارەکانی لەئەشکەوتی(ثور)لە ڕێگای مەدینە.

لە زۆربەی کاری هونەرمەندەکاندا کۆتر بایەخی خۆی هەبووە، بۆ نمونە «بیکاسۆ» لە زۆربەی تابلۆکانیداکۆتری نەخشاندووە، ئەو تابلۆیەی کە کۆترێك چڵە زەیتونێکی بە دەنووکەوەیەدەبێتە دروشمێك بۆ ئاشتی لە کۆنگرەی ئاشتی جیهانی ساڵی ١٩٤٩. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ کۆتر بەهێزە، چونکە جێگای متمانەی بووە، بە تایبەت کۆتری(زاجل) لە کۆنەوە مرۆڤ بۆ نامەبردن و هەواڵ سودی لێوەرگرتووە بە تایبەتی لە کاتی شەڕدا.

پەروەردەکردنی کۆتر خولیای زۆرێک لەمروۆەکانە، ئاسودەیی دەروونییان پێدەبەخشێت، جگە لەوەی هۆکاری تریشی هەیە، لەوانە: کۆتر هەیە بۆ جوانییە، بۆ پێشبرکێ، بازرگانی، جگە لە جوانییەکەی دەنگیشی خۆشە.

کاتێك «نزار» لەگەڵ کۆترەکانی دەبوو، هەستی نەدەکرد کە زیندانییە، لەگەڵ فڕینی ئەوان لە ئاسماندا دڵی ئەویش بەرز دەبوویەوە بەرەو ئاسمان، ئەو جگە لە خۆخەریککردن بەو کۆترانەوەچاوی ئاسایشی زیندانیشی لەسەر خۆی دوور دەخستەوە. هەمیشە دڵێکی لای کۆترەکانی بوو، چونکە چەند جارێك کۆترەکانیان لێسەندبوو و قەدەغەیانکرد بوو، یان ڕۆژی وا هەبوو زوو دەرگای حەوشەکەیان دادەخست هێشتا کۆترەکانی ئەو بە ئاسمانەوە بوون، ئەترسا لەوەی پشیلە بیانخوات.

حاجی ساحب، نزار جەلال، سەعد قاسم و کۆترەکان

هەندێک لە کۆترەکانیبۆ جوانی بوون و بەشێکیان بۆ فڕین، لەڕێگای هاوزیندانییەکەوە کە ناوی (حاجی ساحب)بوو کوتری»زاجل»ی بۆ هاتبوو(حاجی ساحب) لە زیندانداا کاری تەلەفزیۆن چاککردنەوەی دەکرد، ئەو لەدەرەوەی زیندانیش لەگەڵ براکەی هەمان کاری کردبوو. ئەگەر پێویستی بە شتێکی بچوکی تەلەفزیۆن بوایە وەک(ئنتیگرێت، کەتاوت، کۆیل) کۆتری «زاجل»ی نزاری دەنارد بۆ لای کەسوکاری بۆ ڕۆژی دوایی کۆترەکان دەهاتنەوە لەگەڵ ئەو شتەی کە پێیڕاسپێردرابوو بەسترابووەوە بە قاچییەوە.

«نزار» لە هەوڵی ئەودابوو کە کۆترەکانی ڕابهێنێت لە سلێمانییەوە لە کاتی پێویستدا نامە بهێنێت، هەموو جارێك لە دووری پانزە کیلۆمەترەوە بەریان دەدان و کۆترەکان دەگەڕانەوە. هەر جارەی پانزە کیلۆمەتریان بۆ زیاد دەکرد تاکو دواجار لە نزیك شارۆچکەی دووزخورماتوو بەریاندان و هاتنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەفسەرێکی خەڵکی ڕۆمادیمان بۆ هات بە ناوی(وەلید) کۆترەکانی لە نزار قەدەغەکردو و کۆترە زاجلەکانی بۆ خۆی برد. بەم شێوەیە نزار نەیتوانیتاقیکردنەوەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت جارێکی دیکە کۆترەکانی ئەنفالکران ئیتر لەوەودووا زیندانییان بە تێکڕایی لە دیمەنی جوانی کۆترەکان بێبەش بووین.

-١١٧-

گیرانی ئاوەڕۆ و مەنهۆڵەکان(مەجاری) یەکێك بوو لە کێشە ناخۆشەکانی ئێمەی زیندانی، بەو هۆیەوە پیسایی و چڵکاو لە ئاودەست و گۆڕەپانەکان(حەوشەکان)دا کۆ دەبووەوە ئەوەی ڕاستی بێت ئێمەی زیندانی خۆمان یەکێک بووین لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو کێشەیە، چونکە کاتێك دەرگاکانیان دادەخست و پشکنینی ژوورەکان ئەنجامدەدرا، تەنها شوێن بۆ ڕزگاربوونمان لە شتوومەکە قەدەغەکراوەکانی ناو زیندان فرێدانی بوو بۆ ناو ئاودەستەکان، ئەمەیش دەبووە هۆی گیرانی ئاوەڕۆ و مەنهۆڵەکان.

ژمارەیەك لە هاوزیندانیان کاریان پاککردنەوەی ئاوەڕۆ و مەنهۆڵەکان بوو، یەکێك لەوانەی کە زۆر شارەزایی هەبوو لەم بوارەدا(قادر)ناوێک بوو خەڵکی کەرکوك بوو. بەهۆی ئەم کارەیەوە نازناوی «قادرسیانە»ی وەرگرتبوو. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتنی «قادر» لە کارەکەیدائەوەبوو کە بۆنی پیسایی و چڵکاو کاریگەریی نەبوو لەسەری، بگرە پێشی خۆش بوو، بەپێچەوانەوە بەو بۆنە خۆشانەی کە زیندانییەکان ڕۆژانی دیدار بەکاریان دەهێنا هەراسان دەبوو.

کە «قادر سییانە» ئازاد کرا «ف» شوێنەکەی گرتەوە، ئەو خەڵکی لای ڕومادی بوو بە تاوانی سیخوڕی بۆ سوریاحوکم درابوو. زیندانییەکی بێوەی بوو هەتاکو لەتوانایدا هەبوایە کۆمەکی زیندانییەکانی دەکرد، بەڵام زۆربەی زیندانییەکان بە چاوێکی سوك تەماشایان دەکرد. بە تایبەتی بڕواداڕە ئاینییەکان، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە(ف) هاوڕەگەزخواز بوو(homosexual, مثلي الجنس). ئەبێت ئەوە بزانین کە هاوڕەگەزخوازیی لە نێر و مێدا هەیە، ئەوە جیاوازە لە منداڵبازیی یاخود ئەو کەسانەی ئەو ڕەگەزەی وەك ناسنامە هەیانە خۆیان ئەو هەستەیان نییە. نێر هەیە هەستی مێبوون زاڵترە بەسەریدا و بە پێچەوانەوە، بێگومان ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئایین بەشێکە لە دەستووری دەوڵەت و هەروەها کومەڵگە بڕواداڕەکان هاوڕەگەزخوازی ڕەتدەکاتەوە. زۆربەی ئاینەکانیش حەرامیان کردووە بەتایبەتی(جولەکە، کرستیان و ئیسلام) چیرۆکی قەومی لوت(لوط) و کارە ئەدەبی و هونەرییەکان بەڵگەیە لەسەر بوونی ئەم دیاردەیە لە میژووی مرۆڤایەتیدا

و ئاین دژایەتی کردووە. لە زۆر وڵاتانیش بەیاسا قەدەغە کراوە، لە هەندێک وڵاتدا سزاکەی دەگاتە حوکمی لەسێدارەدان. لەو وڵاتانەی مافی مرۆڤ پارێزراوە ئەوانیش لە ڕووی یاساییەوە پارێزراون و تا ئەندازەیەکی زۆر ئێستا لە کۆمەڵگا مۆدێرن و دیموکراتییەکاندا ئەمانیش خەڵکی ئاسایی و قوبوڵکراو و ڕێز لێگیراون.

لە ڕووی زانستییەوە هۆکاری هاوڕەگەزخوازی لە مرۆڤ و لە ئاژەڵدا(بایۆلۆجی و ژینگەییە) بایۆلۆجی بەواتای بە هۆی کاریگەریگەریی جینییەوە و هەرلەسەرەتای دروستبوونی خانەکانی لەشی مرۆڤ و کاریگەریی جینەکانییەتی کە ئەم دیاردەیە لەو کەسەدا زاڵ دەکات، واتە لە بنچینەی دروستبوون و دابەشبوونی خانەکانی لەشی بوونەوەرەکەوە ئەگەر مرۆڤ بێت یاخود ئاژەڵ بە پێی لێکۆڵینەوە زانستییەکانلە مرۆڤدا لە سەدا چواری هاوڕەگەزخوازە لە ئاژەڵدا لەسەدا دە.

ڕۆژێک(ف) هات بۆ سەردانم لە ژوورەکەم، من پەیوەندیم باشبوو لەگەڵیدا، زۆرجار دەردی دڵی بۆ من باس دەکرد. لەو دانیشتنانەدا قسەی جۆراوجور دەکرا، منیش بە باشم زانی ئامۆژگاری بکەم:گوتم(ف)وا تۆ پانزە ساڵە زیندانیت و زەرەرت بۆ کەس نەبووە و کوڕێکی باشیت و درێغی ناکەیت لە یارمەتی هاوزیندانییەکانت، بەڵام تۆ یەك کاری خراپت هەیە و کاریگەریی هەیە لەسەرکەسایەتیت ئەویش ئەم هاوڕەگەزخوازییەتە، ئیتر گەورەبوویت بۆ لێیناگەڕێیت. لە وەڵامدا گوتی کاکە ڕزگار تۆ ئارەزووی سێکست هەیە؟ گوتم بەڵێ هەموو مرۆڤێکی ئاسایی ئەو ئارەزووەی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی نێر و مێ، گوتی باشە بۆ مرۆڤ جنس دەکات؟ گوتم ئارەزووی هەیە و چێژی لێوەردەگرێت، گوتی ئاها چێژی لێوەردەگرێت، ئێ منیش چێژ لەمە وەردەگرم، بۆ نایەیت کاکە رزگار جارێك تاقیبکەیەتەوە، گوتم(ف) هەتا ئێرەو بەس وابزانە هیچم نەگووتووە.

لە ڕاستیدا(ف) بەتەنها هاوڕەگەزخواز نەبوو لە زیندان، خەڵکێکی دیکەش هەبوو، مەرج نەبوو ئەمانە وەک هاوڕەگەزخوازێک سێکس بکەن، بەڵام ڕەفتاری ئەم ئارەزوویان پێشاندەدا، لەگەڵ ئەوەی زۆر لەسەر کەسایەتییان دەکەوت، بەڵام دەسەڵاتیان بەسەر خۆیاندا نەبوو.

درەنگانێکی شەو بە دەنگی گریان بە ئاگا هاتم، ئەمە یەکەمجار نەبوو بۆ من بە هاوار یاخود بە گریان بە ئاگا بێم، زۆرجار زیندانییەك خەوی دەبینی یاخود بیری ماڵ و منداڵەکانی دەکەوتەوە و لەبەر خۆیەوە دەگریا. ئەم جارە کە سەرنجم دا (ریاض جارڵا)

گۆڕەپانی تەنیشتی بەشەکەمان، چڵکاو کۆبووەتەوە، بە بەردەباز بەنێویدا دەڕۆین

(ڕیاز دراوسێی خودا)بوو، من ناوم نابوو»ریاض جار ڕزگار(ڕیاز دراوسێی ڕزگار)،چونکه له تەنیشتمەوە دەخەوت. له دڵی خۆمدا گوتم ڕەنگە بیری ماڵەوەیانی کردبێتیاخود هەواڵێکی ناخۆشی بیستبێت «ریاض» دوو هاوسەری هەبوو،یەکێکیان کوردبوو خەڵکی دهۆك بوو، ئەوی دیکە موسڵاوی بوو. گوتم ڕیاز چی بووە؟ گوتی خەریکە چاوەکانم کوێر دەبێت بۆ خەو، بەڵام تەختە کالوس(کێجی ناو جێگا)(بق الفراش) ناهێڵن بنووم. (له نووسینەکانی رابوردوودا باسم لەوە کردووە، کەچۆن ئەم گیانداڕە بە شەو دەهاتە گیانی زیندانییەکان و خوێنی دەمژین،جێگای خوێن مژینەکە دەکەوتە خوروو، ئەمە جۆرێك بوو لەئەشکەنجەدان.

ئەوەی شایانی باسە «ریاض» عەقیدی فڕۆکەوان بوو یەکێك بوو لەو فڕۆکەوانە کەمانەی عێراقکە له فەرەنسا مەشقیان کردبوو لەسەر جۆری فڕۆکەی(سوپەر ئتندارد) کە فڕۆکەیەکی جەنگی هێرشبەر بوو. فەرەنسا پێنج دانەی بەقەرز و بەشێوەیەکی کاتی دابوو بە عێراق. لەدوای یەکێتی سوڤێت، فەرەنسا بە پلەی دووەم دەهات له پێدانی چەك بە عێراق له کاتی جەنگی عێراق-ئێران. له فڕۆکەی میراج و کۆپتەر و له کەرەستەی تەکنەلۆجی پێشکەوتووەوەهەتا کەرەستەی دروستکردنی چەکی کیمیاوی، له لایەن هەندێک له کۆمپانیا فەرەنسییەکانەوە. "ریاض» زانیاریی زۆری لەلا بوو دەربارەی شەڕی ئێران-عێراق و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە.

ڕۆژگار وایە ڕیازی فرۆکەوانی ڕژێمەکەی سەدام و منی پێشمەرگەی دژی ڕژێمەکەی سەدام له ژووڕێکدا و له تەنشت یەکەوە بخەوین. سااڵنێکە پێکەوەین له جیاتی سەنگەر له یەکتری گرتن، پێکەوە پێدەکەنین و غەم دەخۆین و یەکتریمان خۆشدەوێت، هەردووکمان تەنها چاومان له کردنەوەی دەرگای ئازادی بوو.

-١١٨-

بۆ زیندانییزستانی ناو زیندان سەختتر بوو، بە بەراورد بە وەرزەکانی دیکەی ساڵ، لەبەر ئەوەی بواری جوڵە کەمتر بوو، وە هەروەها بەهۆی زۆری ژمارەی زیندانییان لە ژووورەکاندازیاتر کێشە لەسەر جێگا و شوێن دروست دەبوو، پێویستیت بە جل و پێخەفی باش هەبوو. نەخۆشی زۆرتر دەبوو، بەتایبەتی نەخۆشییەکانی پێست لە هەمووی زیاتر»گەڕی». نەدەکرا بە ئاوی سارد خۆت بشۆیت، ئاوی گەرمیش بە نۆرە و بە پارە بوو، هەر چەندەهەندێك لە زیندانییەکان دەزگایەکی ئاو گەرمکردنی سەرەتاییان دروستدەکرد پێیان دەگوت(چەتاڵ) دوو کەوچکی خواردنیان دەهێنا و لە تەختەیەکدا جێگیریان دەکرد و وایەری ساردی کارەبایان بە یەکێك لە کەوچکەکانەوە دەبەست و وایەرێکی گەرمیان لە کەوچکەکەی دیکە دەبەست، بیگومان ئەم کارەش بەدزییەوە دەکرا و مەترسیداریش بوو. زۆرجار بەڕێوەبەرایەتی زیندان پشکنینی تایبەتی دەکردبۆ(چەتاڵ) دۆزینەوە.

زستانێك جگە لە کێچی ناو جێگا(تەختە کالوس) کە چوار وەرزی ساڵ هەبوو، جۆرە سیسرکێك پەیدا ببوون، پێشتر هیچ کەسێک لەو جۆرەی نەدیبوو. ئەوانەی شارەزاییان هەبوو دەیانگوت ئەمانە سیسرکی ئەڵمانی(Germanica Blattell) پێدەڵێن، لە زۆر شتدا وەك سیسرکی ئاسایی(سیسرکی ئاسیاوی)بوو، بەڵام لە قەبارەدا ئەم بچوکتر بوو(١-٣ سم)دەبوو، ڕەنگەکەی قاوەیی بەلای ڕەشدا دەڕۆیشت.هەر چەندە پێیاندەگوت سیسرکی ئەڵمانی، بەڵام نیشتمانی ڕەسەنی کیشوەری ئەفریقا بوو. ئەمە بەرگەی سەرمای نەدەگرت، بۆیە لەو جێگایانەدا دەژیا کە مرۆڤی تیادا دەژیا لە(چێشتخانە، شوێنەکانی دروستکردنی خواردن، هۆتێلەکان)زیاتر جموجوڵی لە شەودا بوو کاتێك کە هەستی بە مەترسی دەکرد بۆنێکی ناخۆشی بەردەدایەوە. بەکۆمەڵ دەژیانلەهەر شوێنێك بواریان هەبوایە مۆڵگەیان دروستدەکرد، پارچەیەک نان یاخود هەر خواردنێکی بەجێماو بۆ ماوەیەکی کەم سەدەها سیسرکی لێکۆدەبووەوە و بەڕاستی هەراسانیان کردبووین. ڕۆژانە بە هەزارانمان لێ لەناو دەبردن، بەڵام بنبڕ نەدەبووون تاکو هاوین دادەهات. شەوانە دوو شتمان بۆ پەیدا دەبوو، لەگەڵ ئەوەی لە خەوی دەکردین کەشوهەوایەکی

خۆشیشمان بۆ دروست دەبوو؛١-(جرج) ماوەیەك جرجێكی زۆر لە زیندانیا پەیدا ببوون، دەهاتنە ناو ژووورەكانەوە و زەخیرەی زیندانییەكانیان دەخوارد، هەندێكجاریش گازیان لەزیندانییە نووستووەكان دەگرتجرجەكان زۆر گەورە و چاونەترس بوون.

(نزار جەلال)ناردی تەڵەیەكی جرجیان بۆ هێنا، شەوانە تەڵەكەمان دەنایەوە، هەر جرجێك دەهاتە ژووورەكەمان بە تەڵەكەوە دەبووو دەستی دەكرد بە هاوار، زۆربەمان لە خەو هەڵدەستاین و دەبووە هەرا. دوایی من و نزار جرجەكەمان لە تەڵەكە دەردەكرد و دەمانكردنە شتێكەوە، شەوی وا هەبوو سێ جرجمان ڕاو دەكرد، كە ڕۆژ دەبووەوە نزار لە گۆڕەپانی دەرەوە دەیگەیاندن بە چارەنووسیان.

٢-زیندانییەكمان لابوو شەوانە چەند جارێك بە هاواری ئەو بە ئاگا دەهاتین، وا دیار بوو خەوی دێوەزمەی(كابوس)ی دەبینی وچەند لێماندەپرسی باسی هۆكارەكەی نەدەكرد. ڕۆژێك"سەڵاح" هەولێریی كە پێكەوە هاوسفرە(سەفراش) بووین دانیشتبووین ئەو زیندانییەش لە گەڵمان بوو. باسم كرد كە چۆن ئەو شەوانە هاوار دەكات، سەڵاح گوتی



پۆڵ. سەلاح هەولێری، سەلیم كاكەیی، سالّح كاكەیی، سەركەوت كاكەیی

دەترسم هەمان کێشەی ئەو سەربازەت هەبێت(سەڵاح خۆی ئەفسەرێکی کورد بوو لە سوپای عێراقی بە پلەی نەقیب) گوتمان چ کێشەیەك؟ گوتی سەربازەکان سکاڵایان لە سەربازێك دەکرد، کە شەوانە لە هۆڵی نووستنی سەربازەکان چەند جارێک هاوار دەکات و ناهێڵێت کەس بخەوێت. گوتی ئێمەش سەربازەکەمان بانگکرد و پێمانگوت کێشەت چییە؟ گوتی: بە شەرمەوە گوتی: گەورەم کەسێك هەیە شەوانە چەند جارێك دێتە خەوم داوای گانم لێدەکات، منیش هاوار دەکەم بۆ ئەوەی ڕزگارم بێت لە دەستی. گوتی ئێمەیش پێمانگوت، ئێ ئەمە خەوە ئەمجارە کە هات گانەکەی بدەرێ و ڕزگارت دەبێت، گوتی لەو ڕۆژەوە ئەو سەربازە کێشەی هاواری نەما، ئەگەر تۆیش هەمان خەو دەبینیت بیدەرێ و با ڕزگارت بێت.

دوای ئەم باسەی سەڵاح، شەوانە کاتێک هاوزیندانییەکە خەوی دەبینی و هاواری دەکردئەوانەی کە بە ئاگا دەهاتین، بەشێکمان هاوارمان دەکرد بیدەرێ و با ڕزگارت بێت(انطي خلي تخلص)، بەشکیشمان دەمانگوت کوڕە نا مەیدەرێ و ئابڕووی خۆت مەبە دەمێکە پارێزگاریت لێکردووە(ولەك لاطنطي لا تضيع شرفك اژگد صار محافظ عەلی) ئیتر دەبوو بە بەزم و پێکەنین، قاسم کە سەری هەڵدەبڕی نەیدەزای چی ڕووەدات.

ماوەی مانگێك دەبوو كەس نەهاتبوو بۆ دیدارم، دیداری ئەمجارە دایكم و خاڵۆژنم هاتن، شادبووم بەدیداریان بە تایبەتی دایكم، نزیكەی ساڵێك دەبوو بە دیداری ئەو شاد نەبوو بووم. هەر لە سەرەتاوەهەستم بەوە دەكرد كە دەیانەوێترێگا بۆ شتێك خۆشبكەن. نزیكی ڕۆیشتنەوە بوو دایكم هێزی خۆی كۆكردەوە و گوتی كوڕم باوكت خۆت خۆش. دایكم و خاڵۆژنم دەستیان كردە ملم و ماچیان كردم، من هیچ وەڵامێكم نەبوو ماوەیەك بێدەنگ بوومبەبێ ئەوەی یەك دڵۆپ فرمێسك بە چاوەكانمدا بێتە خوارەوە، بەڵام هەر ئەو كاتە وەك فیلمێك هەر لەمندالێمەوە چیم لە مێشكدا بووبێت لەگەڵ باوكمدا هەر هەمووی هاتە بەرچاوم.هەر چەندە من لە تەمەنی هەژدە و نۆزدە ساڵییەوە بووم بە پێشمەرگە و لە دوای ئەوەوە لە زیندان بوو، بەڵام بە بەردەوامی وێنەی باوكمم لەبەرچاو بوو باوكم فێری خۆشەویستی خەڵك و هەڵوێست و چۆكدانەدانی كردبووین،بۆیە دڵنیا بووم كە باوكم شانازی بەئێمەوە دەكرد، لەگەڵ ئەوەی ئەو لەسەر ئێمە تووشی ئەو هەموو دەردەسەری و نەهامەتییە بوو بوو،بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیگوت لەسیاسەت گەڕێن یان لە پێشمەرگایەتی وەرنەوە. باوكم ژیانێكی زۆر پاك ژیا، تەنها یەك خەمم هەبوو لەمردنی باوكمدا ئەویش ئەوە بوو، كە ئەو پێش ڕووخانی ڕژێمەكەی سەدام مرد، چونكە ئاواتی باوكم ئەوەبوو كە كۆتایی ئەو دەسەڵاتە ببینێت، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەی نەهاتە دی.

دیدار تەواو بوو، دایكم و خاڵۆژنم ڕۆیشتن مەنجەڵە یاپراغەكەی كە خاڵۆژنم هێنابوویهەروەك هەموو جارێك ڕۆمكردە سەر سینییەك دەستمانكرد بە خواردنی لەگەڵ ئەو زیندانیانەی كە كەسوكاریان نەهاتبوون بۆ دیداریان. هەواڵی مردنی باوكمم لای هاوزیندانییەكانم باس نەكرد، چونكە دەمزانی بە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە خۆشی دیدار لە هاوزیندانییەكانم تێكدەدەم و تووشی شپرزەییان دەكەم، بەوەی ئەوان دەكەونە مشور خواردنی جێگا و وشوێنی سەرەخۆشی و پێداویستیی پرسە، چونكە لە زیندانداوا باو بوو، بەڵام دوای ماوەیەك، هەر جارەی بەهاوزیندانییەكی نزیكی خۆمم دەگوت، كە باوكم كوچی دوایی كردووە بە بێئەوەی باری كەس تێكبدەم.



لە ڕاستەوە دایکم، خاڵۆژنم لە چەپەوە

لەم ڕۆژانەدا هاوزیندانییەکمان، بیست ساڵی حوکمەکەی خۆی تەواو دەکرد، هەروەك چۆن سەرەتای هاتنی هەر زیندانییەکی تازە، بۆ ماوەیەك لای زیندانییەکانی دیکە میوان دەبوو، بەهەمان شێوە هەر زیندانییەك کە نزیکی کۆتایی ماوەی حوکمەکەی دەبوو، زیندانییان میواندارییان دەکرد تاکو ڕۆژی ئازادکردنی ئەمەیش نەریتێکی زیندان بوو.

(حاجی نیهاد) تورکمانی کەرکوك بوو، ئەو کاتی دەستگیرکردنی مامۆستای مێژوو بووە لە یەکێك لە قوتابخانە ناوەندییەکانی کەرکوک. لە یەکێك لە سینەماکانی کەرکوك تەقینەوەیەک ڕوو دەدات، دەزگا ئەمنییەکان "حاجی نیهاد" بەتاوانی نەخشەکێشان بۆ ئەو کارە و بە ئاراستەکردنی لە لایەن تورکیاوە(واتە بە تاوانی سیخوڕی) دەستگیر دەکەن و حوکمی بیست ساڵ زیندانی دەدرێت.

حاجی کەمدوو بوو وزۆربەی کات بەتەنها بوو، لەسەر قەڕەوێڵەکەی لەسەر پشت پاڵدەکەوت، کەس نەیدەزانی ئەو بیر لە چی دەکاتەوە. هەندێکجاریش کە دەرگاری گۆڕەپانەکە دەکرایەوە، لەگەڵ یەکێکدا بە خێراییەکی زۆر پیاسەی دەکرد، کە لەگەڵ باڵا کورتەکەی ئەودا نەدەگونجا، سەرێکی گەورەی کەچەڵی هەبوو، لەگەڵ جەستەیەکی پتەو و

گورجوگۆڵ، تەندروستییەکی باشی هەبوو، چوار وەرزی ساڵهەموو بەیانییەک زوو بە ئاوی سارد خۆی دەشت. ئەگەر پرسیارێکت لێبکردایە بە خەندەیەکی دروستکراوەوە وەڵامی دەدایتەوە و هەوڵی دەدا بە کورتی ببڕێتەوە.

حاجی خولیای کۆکردنەوەی شوشە و قوتووی بەتاڵی هەبوو، بە هەموو قەبارە و شێوەیەکی جیاوازەوە، جوان دەیشۆرین و وشکی دەکردنەوە، هەر هەمووی بە جوانی ڕیز دەکرد و ئامادەی دەکرد بۆ ڕۆژی دیدار. "حاجی نیهاد»هەمیشە سەر و ڕیشی پاك پاك دەتاشی، وەك بڵێیت هەموو ڕۆژێك خۆی بۆ دیدار ئامادە دەکات.ڕۆژی دیداریش بە جلوبەرگێکی ئوتوکرا و لە پێشی پێشەوەی ڕێڕەوەکەدا دەوەستا و چاوەڕێی هاوسەرەکەی دەکرد. پێدەچوو هاوسەرەکەی بەتەمەن نزیک بێت لە تەمەنی حاجییەوە، ئافرەتێکی ڕووخۆش بوو بە سۆزێکی گەرم و سەرنجڕاکێشەوە پێشوازییان لە یەکتری دەکرد. بەدرێژایی کاتژمێرەکانی دیدار بەرامبەر یەك دادەنیشتن و قسەیان دەکرد، دەتگوت دەبێ ئەوان باسی چی بکەن دوای ئەو هەموو ساڵە؟ بە تایبەتی حاجی و حاجی ژن منداڵیان نەبوو. دوای تەواو بوونی دیدار بە دڵ خۆشییەوە شوشە و قوتووەکانی کە بە پاکی شتبووی و کۆی کردبوونەوە دەیدایە دەست هاوسەرەکەی. ئێمەی زیندانی زۆرجار لە نێوان خۆماندا باسی شوشە و قوتووەکانی حاجیمان دەکرد و دەمانگوت ئاخۆ بۆ چی بێت؟

«حاجی نیهاد» ئازادکرا، دوای ماوەیەك لە ڕێگای کەسوکاری ئەو زیندانیانەی کە لە گەڵمان بوون و حاجی و حاجی ژنیان دەناسی، پێمانگەیشت کە حاجی زۆر غەمبارە، چونکە ڕەنجی بیست ساڵی زیندانی لە کۆکردنەوە و شتنی شووشە و قوتووەکانی بە با چووە، هەموو جارێک هاوسەرەکەی لەبەر خاتری حاجی شتەکانی لێوەرگرتووە، هەر کە گەیشتووەتە لای دەرگای بەندیخانە فرێیداون، ئێستایش کەس نەیزانی چی لە مێشکی «حاجی نیهاد» دایە ؟

(محەمەد زوهدی) کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك بوو، لە نەتەوەی تورکمان ئەویش بە تاوانی سیخوڕی بۆ تورکیا بیست ساڵ حوکم درابوو. بیست ساڵی حوکمەکەی خۆی تەواو کردووە و ئازاد دەبێت، ئەو کاتێك دەستگیر دەکرێت دوومنداڵی ساوای دەبێت(کچێك و کوڕێك)، دەستی زۆر کورت بوو، دیداری کەم هەبوو. زیندانییە کوردەکان و بەتایبەتی کەرکوکییەکان درێغیان لەگەڵدا نەدەکرد»محەمەد زوهدی» زۆرجار باسی ئەوەی بۆ دەکردم، کە چۆن لەگەڵ شەهیدی هونەرمەند(قادرکابان)ندا پێکەوە لە

زیندانی دەزگای هەواڵگری(مخابرات) بوون ئەو وای بۆ باسکردووە کەساڵی ١٩٨١لەسەر ڕێکخستنی حیزبی شیوعی دەستگرکراوە.

ئەوەی شایانی باسبێت بە درێژایی مێژووی عێراق ئەم ناوانەی خوارەوە حوکمی بیست ساڵیان لە زیندانی بەشی تایبەتی تەواکردووە.

-وەلید محي حسێن الحداد/بەغداد.
- رمضان گاطع/بصری
- علاء العاني/أنبار
-جميل عباس/موصل
-حمود حليفه أنبار
-إسماعيل -أبو احمد/موصل
-صفوگ عبدوالله/بەغداد
-نشأت فرج سكوتي/بەغداد
-قاسم مهاوي/ بصره
-فائز/أنبار
-عقيل/بصره
-عزيز/بصره
-علي حميد/موصل
-صالح يونس/موصل
-خلف جرجري/موصل
-منير برهان/كەركوك
-الحاج نهاد/كەركوك
-محەمەد زهدي/كەركوك
-محسن چۆبان/كەركوك
-اسعد رشيد/كەركوك.
-جليل فاتح/كەركوك.
-صلاح النجار/كەركوك.
-طارق مدحت
-شهاب الكويتي

هەواڵێك كە هەموو زیندانییانی تووشی سەرسوڕمان كرد، لەگەڵ ئەوەی كە بە چاوی خۆمان دەیانجار لە تەلەفزیۆنەوە بینیمان، بەڵام جێگای بڕواكردن نەبووهەر بە فیلم دەچوو، وەك لەوەی كە ڕاستی بێت.ئەوانەش كە ڕادیۆمان بە نهێنی هەبوو ڕاستی هەواڵەكەمان بۆ پشتڕاست بوویەوە، نەخێر ڕاستە. ژمارەیەك هێرشی ئاسمانی كراوەتە سەر ئەمریكا ئەوەیش بە فڕاندنی چوار فڕۆكەی سیڤیل(مەدەنی)بە سەرنشینەكانییەوە، بۆ لێدانی چەند ئامانجێك، سیانیان ئامانجەكانیان پێكا كە دوانیان دوو تاوەرەكەی ناوەندی بازرگانی نێودەوڵەتی (مانهاتنی شاری نیۆرك) بوو، سێهەمیش بارەگای وەزارەتی بەرگریی ئەمریكا(پنتاگۆن)بوو لە «واشنتن»، ئامانجی فڕۆكەی چوارەمیش(كۆشكی سپی)بوو، بەڵام ئەو پێش ئەوەی ئامانجەكەی بپێكێ، خرایە خوارەوە. ئەمەش ڕووداوەكەی (١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١)بوو، كە ببووە بابەتێكی گەورە و گەرمی نێو زیندان. هەموو ڕووداوێكی لەو جۆرە هەمیشە ئێمەی زیندانی دەمانبەستەوە بە بارودۆخی عێراقەوە و كاریگەریی بۆ سەر ڕژێمەكەی و ڕێگا خۆشكردن بۆ ئازادبوونمان لە زیندان.

لەگەڵ ئەوەی دوای چەند كاتژمێرێك دوای ڕووداوەكە ئەمەریكا ڕێكخراوی(القاعیدە) ی تاوانباركرد بە ئەنجامدانی هێرشەكان، كەچی بۆ ڕۆژی دوایی ڕووداوەكەڕۆژنامەی «بابل» كە (عودەی كوڕی سەدام حسێن) خاوەندارێتی دەكرد هێرشێكی فراوانی كردە سەر ئەمەریكا و وای لە قەڵەمدابوو كە ئەم هێرشانە بەرهەمی كردەوەكانی ئەمەریكایە، ئەمجۆرە كاردانەوەیەی ڕژێمی عێراق و بە جۆرێك خۆشحاڵی دەربڕین بە ڕووداوەكە ڕێگا خۆشكەر بوو بۆ ئەوەی ئاماژە بە هەبوونی پەیوەندییەك بكرێت لە نێوان ڕژێمی عێراق و ڕێكخراوی «القاعیدە«دا. لەڕاستیدا ئەم ڕووداوە بووە هۆكاری گوڕانكارییەكی گەورە لە سیاسەتی ئەمریكادا، ئەوە بوو دەستیكرد بە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی تیرۆر.

لە كاتێكدا زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان و هەروەها سەركردە عەرەبییەكان ڕووداوەكەیان بە كارێكی تیرۆریستی پێناسەكرد؛(یاسرعەرەفات)ی سەرۆكی فەلەستینی خوێنی بە بریندارەكانی ڕووداوەكە بەخشی (عەلي سیستانی) گەورە مەرجەعی شیعە

دژی پەلاماردانەکە بوو، وە بەکارێکی تیرۆریستی لەقەڵەمدا، کە بەرامبەر خەڵکی سیڤیل ئەنجامدراوە. کەچی عێراق بە پێچەوانەوە لەجیاتی ئەوەی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و هاوسۆزی میللەتی ئەمەریکا و کەسوکاری قوربانییەکانی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت وا پیشانی دەدا کە دەستخۆشی دەکات لە هێرشکەرەکان. ئەمەیش پەیوەندیەکانی نێوان ڕژێمەکەی (سەدام و ئەمەریکا)ی لە خراپەوە بەرەو خراپتر برد.

شیکردنەوە و تێڕوانینی جیاواز هەبوو لە نێوان زیندانییەکاندا بۆ ڕووداوەکە، تەنانەت تێڕوانینی هەندێك لەزیندانییە باوەڕدارە ئیسلامییەکان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بوون، کە ئەم ڕووداوە یەکێکە لە موعجیزەکانی قورئان (أفمن أسس بنيانه على تقوى من الله ورضوان خير ام من اسس بنيانه على جرف هار فانهار به في نار جهنم والله لا يهدي القوم الظالمين ١٠٨-١٠٩ سورة التوبه).

ئەم ئایەتە لە سورەتی (التوبه) دەکەوێتە بەشی(الجزء١١)وە کە ئەوەش ڕۆژی ڕووداوەکەیە. ژمارەی سورەتەکە(٩)یە ئەوەش مانگی ڕووداوەکەیە، ژمارەی وشەکانی سورەتەکە (٢٠٠١)یە ئەوەش ساڵی ڕووداوەکەیە و ژمارەی ئایەتەکە(١٠٨-١٠٩)یەئەوەش ژمارەی دوو تاوەرەکەیە.

ڕۆژ دوای ڕۆژ هەواڵ و هەڵوێستی هەمەجۆر دەبیسترا، ئەم گۆڕانکارییە خۆش بوو بۆ ئێمەی زیندانی، شت هەیە خۆمانی پێوە خەریك بکەین، ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەمان گۆڕانکاریی بەسەردا هات. ٢٠٠١/٩/٢٢لە ئەنجامی فشاری نێو دەوڵەتی (سعودیە و ئیمارات) لە دانپیانانیان بە حکومەتەکەی تاڵیبان لە ئەفگانستان پەشیمان بوونەوە(تاڵیبان وەك جووڵانەوەیەکی سیاسی ئیسلامی سونە لە ساڵی ١٩٩٤) پەیدابوو وە دەسەڵاتیان لە ئەفگانستان گرتەدەست(پاکستان، سعودییە، ئیمارات) دانیان پیانا، لە دوای ئەم فشارە بە تەنها پاکستان مایەوە.لە ئۆکتۆبەری٢٠٠١ ئەمەریکا بە پشتیوانی و یارمەتی نێودەوڵەتی هێرشیکردە سەر ئەفگانستان، تاڵیبانی لەدەسەڵات دوورخستەوە، لە دوای ئەوەی تاڵیبان ڕازی نەبوو(ئوسامە بن لادن)ی سەرۆکی "القاعيده" ڕادەستی ئەمەریکا بکات.مەترسییەکانی سەر ڕژێمەکەی "سەدام" فراوانتر بوو، جگە لە کێشەکانی لەسەر چەکی قەدەغەکراو، وا گومانی تیرۆریش دروست بوو، ئێمەی زیندانیش بەرژەوەندیمان لە شڵەقاندنی گۆمەکەدایە نەك مەنگی.

-١٢١-

٢٠٠٢/١/٢٩ (جۆرج بوش)ی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا عێراقی وەک لایەنی خراپە(محور الشر)ناساند، عێراقی لە ڕیزبەندی ئێران و کۆریای باکور دانا. ئەمەیش خۆی لە خۆیدائاماژەیەک بوو بۆ هەنگاوی گەورەتر لە لایەن ئەمەریکاوە بەرامبەر بە ڕژێمەکەی عێراق.لە ٢٠٠٢/٥/١٤دا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری لەسەر سیستەمی ئەو سزا ئابووریانەی کە پێشتر لەسەر عێراق دانرابوو ئەنجامدا، ئەوەیش بەوەی کە ڕێگای دا بە شێوەیەکی فراوانتر کاڵا بێتە ناو عێراقەوە بە مەبەستی یارمەتیدان و ڕاییکردنی پێداویستییەکانی میللەتی عێراق، بە پێچەوانەوە فشاری زیاتر لەسەر قەدەغەکردنی هاتنی کەلوپەلی سەربازی زیادکرد. لە هەمانکاتدا ڕاگەیاندنەکان لە دژی ڕژێمی عێراق تووندتر و فراوانتر بوون.لە ٢٠٠٢/٩/١٢ دا (جۆرج بوش) نەتەوەیەکگرتووەکانی هاندا کە بڕیاری سزاکانی سەر عێراق جێبەجێ بکات، ئەگینا ئەمەریکا مافی ئەوەی دەبێت یەکلایەنە واتە خۆی بە تەنها ڕووبەڕوی عێراق ببێتەوە.لە ٢٠٠٢/١٠/١١ دا کۆنگرێس ڕێگایدا کە ئەمەریکا شەڕ دژی عێراق ڕابگەیەنێت. هەموو ڕووداوەکان و هەواڵەکانی ڕاگەیاندن و هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە لایەک و کاردانەوە و بەرپەرچییەکانی ڕژێمی عێراقی ئەو کاتە لە لایەکی دیکە، ئاماژەیەک بوون بۆ شەڕو پێکدادان بەم نزیکانە.ئێمەیش لە زیندان بە پەرۆشەوە بەدوای هەواڵ و خەریکی بەدواچوون بووین بۆ ڕووداوەکان. لەهەمانکاتدا ئێمە سەرقاڵی یاریپەکانی جامی جیهانی تۆپی پێ بووین، هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدابوو کە لە زیندانداا لایەنگران و یاریزانی تۆپی پێ زۆر بوون، هەر یاریپەکی تۆپی پێ لە تەلەفزیۆن پەخشبکرایە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییەکان تەماشاکەر بوون، لایەنگری ئەم تیپ و ئەو تیپ دابەش دەبوون لەگەڵ هەر گۆڵێکدا دەبوو بە هەرا. ئەم بارە زیاتر لە یاریپەکانی جامی جیهانی و هەڵبژاردەکانی وڵاتانی بەشدار بوو زیاتر و گەرمتر دەبوو. بۆیە لەگەڵ بردنەوە و دۆڕانی هەر هەڵبژاردەیەکدا بەشێك لە زیندانییان دڵخۆش دەبوون و بەشێکی دیکە دڵتەنگ و نیگەران دەبوون. من بۆ خۆم لەگەڵ هەڵبژاردەی هیچ وڵاتێکدا نەبووم لە هەر یاریپەکدا لەگەڵ هاندەری

هەڵبژاردەی ئەو وڵاتەدا دەبووم کە لەوە و پێش شانسی بردنەوەیان نەبووە، بەڵام ئەم جارە ناچار بووم لایەنگری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بم، لەبەر ئەوەی "نزار جەلال" لایەنگری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بوو. ئێستا ئازادە و ئەو لە زیندان نییە من لە جیاتی ئەو بەرگریی لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەکەم بەرامبەر نەیارانی هەڵبژاردەکەی نزار.ئەمە بۆ یەکەمجار بوویاریپەکانی جامی جیهانی لە کیشوەری ئاسیا ئەنجام بدرێت و دوو وڵات میواندارى خولەکە بکەن ئەوانەش(کۆریای باشوور و یابان) بوون، ئەگینا هەر لە ئەوروپا و دوو ئەمریکاکە یاریپەکانی جامی جیهانی ئەنجام دەدران. لە ڕووداوە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم خولە جیهانییە، یەکەم یاری لە نێوان هەڵگری جامی پێشوو(فەرنسا) کە دۆڕاوی ئەم خولە بوو بەرامبەر بە(سینیگال)کە یەکەمجار بوو هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەشداری خولی تۆپی پێی جامی جیهانی بکات. یاریی کۆتایی لە نێوان(ئەڵمانیا و بەرازیل)دا بوو، ئەمەش یەکەمجار بوو ئەو دوو هەڵبژاردەیە بەرامبەر بە یەکتری بوەستن لە مێژووی پاڵەوانێتی جامی جهانی تۆپی پێدا، بەرازیل توانی بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە هیچ لە ئەڵمانیا بباتەوە.

پێش ئەوەی من زیندانی بکرێم لە ساڵی ١٩٨٨ ڕژێم دوو لێبوردنی دەرکردبوو یەکێکیان تایبەت بوو بە کوردانی ناو زیندان و دەرەوەی زیندان. لە ساڵی ١٩٩٠دا لێبوردنێکی دیکەی دا، هەروەها لە ساڵی ١٩٩١ لە ساڵی ١٩٩٥ دوو لێبوردنی دەرکرد، ئیتر هیچ لێبوردنێك ئەنجامنەدراوەتاوەکو ئەم ساڵ واتە "٢٠٠٢". لە مانگی حەوتدا لێبوردنێک دەرکرا ئەوەیش بەوەی هەرکەسێك لە سەدا پەنجای حوکمەکەی تەواو کردبێت ئازاد بکرێت، بەڵام ئەم لێبوردنە هەر هەموومانی نەگرتەوە نزیکی هەزار زیندانی پێئازاد بوو.

بڕیارەکانی لێبوردن پەیوەست نەبوو بە بۆنە جێگیرەکانەوە وهەروەها لە ماوەی دیاریکراودا نەبوو، بەڵام درێژترین ماوە کە لێبوردنی تیدا ئەنجامنەدرا بوو لە ساڵی ١٩٩٥ وە تا مانگی حەوتی ٢٠٠٢ بوو ئەو زیندانییە کەمانەی کە هیچ لەم لێبوردنانە بە درێژایی ئەم ساڵانە نەیگرتبوویەوە، تەنها ئومێدێکمان بۆ ئازادبوونمان ڕووخانی ڕژێم بوو یان ئەوەتا حوکمەکەمان تەواو بکەین. دۆخی ئابووری و سەربازی و سیاسی عێراق زۆر خراپ ببوو، ئێمە لەگەڵ ئەوەی لە زیندانداا بووین بە تەواوەتی هەستمان بە لاوازیی دەسەڵات دەکرد، ئەمەریکا هەتاکو دەهات هەوڵ و هەڕەشەکانی بەرامبەر بە عێراق تووندتر و چڕتر دەکردەوە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکابانگەوازی لابردنی دەسەڵاتی

بەعسی دەکرد لە عێراق. سالانێك بوو واشنتن بەو ئاڕاستەیە کاری دەکرد، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٨وە یاسای ڕزگارکردنی عێراقی دەرکرد بوو، لە سەرەتادا دەیویست کە عێراق تەنها بڕیارەکانی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل نەکات و ڕژێم بمینێتەوە، بەڵام وادیارە ئەمجارە پلانەکە بە شێوەیەکی دیکەیە.

ئەم وێنەیە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە چرکێندراوە

-١٢٢-

ئەمڕۆ ٢٠٠٢/١٠/٢٠ وەك هەموو ڕۆژێکی ئاسایی و ڕۆژانی ڕابردوو بە سەرژمێری(التعداد) ی بەیانیان ڕۆژەکەمان دەستپێکرد کارەکانی ڕۆژانەی ناو زیندان بە شێوەیەکی سروشتی بەڕێوە دەڕۆیشت تاکو ئەو کاتەی لە ڕێگای کەسانی نزیك لە بەڕێوەبەرایەتی زیندانەوە هەواڵێك بڵاوبووەوە ئامادەکارییەکی نائاسایی هەیە لەهەموو بەشەکانی(خاصە، خەفیفە، ثقیلە، عەرەب والاجانب، الافراج، المخابرات، الجناح الخاص)ی بەندیخانەی ئەبوغرێب، بەڵام کەس نەیدەزانی بۆ چییە و چی دەگوزەرێت! ئیتر زیندانیانکەوتینە شیکردنەوە و شرۆڤەی ئەگەرەکانهەر یەکەی بە شێوەیەك. ئەم بارە زۆری نەخایاند، چونکە پەخشی هەواڵەکانی تەلەفزیۆن یەك لاییکەرەوە بوو بۆ گومان و ئەگەرەکان.

(محەمەد سەعید سەحاف) وەزیری ڕاگەیاندن لە ڕێڵمەکەی "سەدام" خۆی بڕیاری لێبوردنی گشتی (ژمارە ٢٢٥)ی خوێندەوە.

لێبوردنێکی تەواو و گشتی و کۆتایی(عفو کامل و شامل و نهائي) لە هەموو لایەنەکانی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دارایی، بۆ هەموو حوکمدراوەکان و هەڵهاتووەکان و ڕاگیراوەکان بە هۆکاری هەڵوێستیان لە خزمەتی سەربازی حوکمدراوەکان و ڕاگیراوەکان و هەڵهاتووەکان بە هۆکاری سیاسی.ئیتر بوو بە هەراوهۆریایەکی زۆر هەستێکی ئێجگار خۆش تێکەڵ بە ترس و گومان لای زیندانیان دروست بوو، ترسی ئەوەی کە لێبوردنەکە نەیانگرێتەوە.زۆر لە زیندانیان هاتن بۆ لای من بەتایبەتی کوردەکان بۆ ئەوەی ئاگاداری بۆچوونی من بن دەربارەی ئەم لێبوردنە، ئاخۆ دەمانگرێتەوە یان نا؟! پرسیارکردنی ئەوان بەتایبەتی لە من دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

یەکەم: لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی من لە زمانی عەرەبی لە زۆربەیان باشتر بوو.

دووەم: لەبەرئەوی من ماوەیەکی زۆر بوو زیندانی بووم بەراورد بە زۆربەی زیندانییەکان، تاقیکردنەوە و زانیاریم زۆرتر بوو لە بواری لێبوردندا.ئەم بڕیاری لێبوردنە زۆر شتی جیاواز بوو لە لێبوردنەکانی دیکە، جیاوازییەکان بریتی بوون لە:

-لە لێبوردنەکانی ڕابوردوودابێژەری هەواڵەکان لە شاشەی تیڤییەکانەوە لێبوردنەکەیان

دەخوێندەوە، ئەمجارە خودی وەزیری ڕاگەیاندن خوێندییەوە.-لێبوردنەکانی ڕابوردوو بڕگە و مادەی یاسایی زۆری تێدابوو کە نایگرێتەوە(الاستثناء)، ئەمجارە (استثناء)ی تێدا نەبوو، دارشتنیکی کورت و پووخت بوو.

-بۆ یەکەمجار بوو ڕژێم دان بە بوونی بەڕهەڵستکار لە دژی ڕژێمەکەیدا بنێت بە ناوهێنانی زیندانیانی سیاسی لە لێبوردنەکەدا، ئەوەیش بۆ خۆی ئاماژە و دانپێدانانێکی ئاشکرا بوو بە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە ولاتەکەدا.

ئەوەندەی پێنەچوو لە بڵندگۆی ئیزگەی ناوخۆی زیندانەوە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی دەقی لێبوردنەکەی خوێندەوە و پیرۆزبایی لە زیندانییەکان کرد و گوتی: هەر ئەمڕۆ دەست بە جێبەجێکردنی لێبوردنەکە دەکرێت.

زۆرجار لە زیندان باسی جۆرێك لە لێبوردن دەکرا کە ناوی سپیکردنەوەی بەندیخانەکان(تبیض السجون) بوو، وا دیارە ئەم لێبوردنە ئەوەیە.

زیندانییەکان پیرۆزباییان لە یەکتری دەکرد و یەکترییان ماچ دەکرد، دڵخۆشییەکی بێسنوریان پێوە دیار بوو، بەڵام من پێمسەیر بوو، وا بە خێرایی بە تەمان ئازاد بکرێن! هەر چەندە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی گوتی: هەر ئەمڕۆ لێبوردنەکە جێبەجێ دەکرێت. ئاخر لەهەموو لێبوردنێکدا بەلایەنی کەمەوە چەند ڕۆژێکی پێدەچوو تاکو جێبەجێ دەکرا، ئینجا بەپێی ڕێنمایی بەش بەش زیندانییەکانیان ئازاد دەکرد. دوای ئەوەی قسەیان بۆ دەکردنکە جارێکی دیکە تاوانی ئاوا دووبارە نەکەنەوە، لە هەندێک لێبوردنیشدا دەبوو ئەو زیندانییەی کە ئازاد دەکرێتنامەیەکی بەزەیی(الرحمە) بنووسێت بۆ "سەدام" وە ئەوانەش کە خزمەتی سەربازییان لەسەر بوودەیاننارد‌نەوە بۆ سەربازگەکانیان، بۆیە من لەو بڕوایەدا نەبووم، کە ئاوا بەخێرایی ئازاد بکرێین. بۆیە هیچ باری خۆم تێکنەدا هەر من وا نەبووم زۆربەی زیندانییە کۆنەکان وا بیرمان دەکردەوە، دەمانگوت: ئەمانە خۆیان ئامادە کردووە بۆ دەرچوون ناحەقیان نییە لەبەرئەوەی شارەزاییان نییە کەچی وا دەرنەچوو.

من هەر لە ژوورەکەم و لەسەر قەرەوێلەکەم بەتەنها دانیشتبووم کاتێك هاوزیندانییەکم هاتە ژوورەوە و گوتی: ئەوە تۆ چیدەکەیت وا دانیشتوویت؟ وا زیندان کەسی تێدا نامێنێت، دەرگاکانیان کردۆتەوە و زیندانییان بە لێشاو بەرەو دەرەوە دەڕۆن، کە هەستام و سەیرم کرد ڕاستە. چووم بۆ ژوورەکەی بێرج(ئەبو شروق) بۆ ئەوەی بزانم ئەو چی

دەکات. سەیرم کرد ئەو لەمن خراپترە هەر بە بیجامەکەیەوە دانیشتووە گوتم: هەستە خۆت بگۆڕە زیندان کەسی تیدا نەماوە گوتی: ئەی شتەکانم؟ گوتم: باشترین پانتۆڵت لەپێکە و تەواو، گوتی: چۆن شتەکانم بەجێبهێڵم؟ "بێرج" لەو کەسانە بوو کە شتی زۆری لە خۆی کۆدەکردەوە هەمیشە پێمدەگوت: تۆ مااڵت لە بەغدادە هەموو دیدارێکت دێن بۆ لات ئەو هەمووە شتە بۆ لە خۆت کۆدەکەیتەوە؟

(عومەر حەمەد،عومەر کوردی)یم بینی و پێمگوت: تۆ یارمەتی باوکی شروق بدە لە کۆکردنەوەی شتومەکەکانی منیش دەڕۆم خۆم کۆدەکەمەوە.

چوومە ژوورەکەم کتێبەکانم لەگەڵ ئەو نامانەی کە بۆم هاتبوو و وێنەکانم و ئەو پارچە خامانەی دروشمەکانی ئاهەنگی نەورۆزی لەسەر کێشرا بوو، خستمنە ناو جانتایەکی شانی پەڕۆوە، کە کاتی خۆی دایکی پەیام بۆی دروست کردبووم. بەرەو ڕێڕەوی گشتی کەوتمە ڕێ، سەیری هەر ژوورێکم دەکرد هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو، قاپ و قاچاغ و پێخەف و جلوبەرگ و خواردەمەنی و بەرمااڵ و قورئانی بەجێماو، تێکەاڵوی یەکتری بوو بوون.

بەش و ژورەکانی زیندانی ئەبو غریب لەدوای لێبوردنی گشتییەوە

-١٢٣-

بەڕێکەوتم لە ڕێڕەوە سەرەکییەکەوە بەرەو دەرگای بەڕێوەبەرایەتی زیندان، بە درێژایی ڕێڕەوەکە زیندانیم دەبینی بە کۆڵەپشتی قورسەوە، ئەوانیش بەرەو هەمان ئاڕاستەی کە من ڕێم دەکرد ڕێیان دەکرد. من نازانم ئەم خەڵکە دەڕوات لە شوێنێك خۆی ناونووس دەکات یاخود ناوەکان دەخوێنرێنەوە یان چی ڕوو دەدات؟

تەماشای ئەملاوئەولای ڕێڕەوەکەم دەکرد دەرگای هەموو بەشەکان کراوەیە و لەسەر پشتن، نە پاسەوان هەیە و نە چاودێر. هەنگاوەکانم خێراتر دەنا بەرەو پێشەوە، لەو کاتەدا لە یەکەم چرکەی دەستگیرکردنمەوە لە سلێمانی و تا ئەم ساتەم دەهاتەوە پێشچاو: ژووڕە ئینفرادییەکانی ئاسایش، ژووڕەکانی ئەشکەنجەدان، دادگای بەناو شۆڕش(محکمه الثوره)ژووڕەکانی بەشی لەسێدارەدان، هاوزیندانییەکانم، پاسەوانەکان. گەیشتمە یەکەم دەرگای بەڕێوەبەرایەتی زیندان و بینیم کراوەیە و بە بێ پاسەوانە.! ئاخر من لەو ڕۆژەوەی کە هێناویانم بۆ زیندانی ئەبو غرێب لەم دەرگایە زیاتر نەڕۆیشتووم، بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن، کە گەیشتمە دەرگایەکی دیکە، بەپێی ئەوەی کەسوکارمان باسیاندەکرد ئەمە ئەو دەرگایەیە کە ڕۆژانی دیدار لەبەر دەمەکەیدا پشکنینی ئەوانی لێئەنجام دەدرا و دوای ئەوە دەهاتنە ژووڕەوە. هەر لەو جێگەیەدا ژمارەیەک پاسەوان و ئەفسەر وەستابوون، نەیاندەهێشت ئەو خەڵکەی وەستابوون بێنە ژووڕەوەی زیندان، هەر لەوێدا چاوم بەهاوسەرەکەی بێرج(دایکی شروق) کەوت. ئەو ڕاستەوخۆ پرسیاری بێرجی لە من کرد وەڵامم دایەوە و گوتم: ئەو هێشتا لە ناوەوەی زیندانە، ئێستا دەڕۆمەوە ژووڕەوە و پێیدەڵێم کە خێرا بکات، چونکە دایکی شروق چاوەڕێت دەکات. لەو کاتەی کە ویستم لە دەرگای چوونە ژووڕەوەوە جارێکی دیکە بچمەوە ژووڕەوە، ئەفسەرێك بە پلەی نەقیبڕێگەکەی لێگرتم و گوتی قەدەغەیە، هەر چەندە هەوڵمدا تێبگەیەنم کە هاوسەری ئەم ژنە کەسێکی بەتەمەنە و بە تەنها پێی ڕادەگەیەنم پەلە بکات و یارمەتی دەدەم، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نابێت منیش بە تووڕەییەوە گوتم: من چواردە ساڵ لە ژووڕەوە بووم و قەدەغە بوو بێمە دەرێ کەچی ئێستا بۆ پێنج خولەك

چوونه ژووره‌وه قه‌ده‌غه‌یه‌له‌م که‌ین و به‌ینه‌دا دایکی شروق هه‌ستی به‌وه کرد خه‌ریکه کێشه دروست ده‌بێت، تکای لێکردم که وازبهێنم و پێوستناکات، پێیگوتم تۆ برۆ خۆم چاوه‌ڕێی ده‌که‌م.

چه‌ند هه‌نگاوێك چوومه پێشه‌وه‌گۆڕه‌پانه گه‌وره‌که‌ی ئه‌بوغرێبم لێده‌رکه‌وت، که هه‌زاره‌ها مه‌تری چوارگۆشه ده‌بێت. ده‌رگا سه‌ره‌کییه‌کانی هه‌موو به‌شه‌کانی به‌ندیخانه‌ی ئه‌بوغرێبی له‌سه‌ره، چیم بینی؟دیمه‌نێك که هه‌رگیز له‌وه و پێش نه‌مبینوه نه له ڕاستیدا و نه له فیلمدا و نه له خه‌ونیشدا، ئاشوبه‌یه‌ك و خه‌یاڵێك نایه‌ته پێشچاوت، بڕوا ناکه‌یت، دیمه‌نێکی سه‌یر که هه‌رگیز له شێوه‌ی نه‌بووه، هه‌زاره‌ها که‌س به‌ره‌و ده‌رگای سه‌ره‌کی ده‌یانه‌وێت بڕۆنه ده‌ره‌وه و له‌هه‌مانکاتدا خه‌ڵکێکی زۆریش ده‌یانه‌وێت بێنه ژووره‌وه. ڕەنگی دژداشه‌ی سپی پیاوان و به‌رگی ڕەشی ژنان ئه‌و ناوه‌ی داپۆشیوه، هه‌ندێك سه‌رسوڕماو و حه‌په‌ساو به‌شێکی زۆر له‌و خه‌ڵکه نازانێت چی ده‌گوزه‌رێت! هه‌ندیك پێده‌که‌نن و هه‌ندێکیش ده‌گرین، به‌شێك له ژنه‌کان هه‌لهه‌له لێده‌ده‌ن و هاوار هاواریانه بێئاگا، هه‌لیکۆپته‌ر له ئاسماندا ده‌خولێته‌وه به‌سه‌ر ئه‌م حه‌شاماته‌دا.ڕۆژنامه‌نووس و کامێراکانی هه‌موو ئاژانسه‌کانی دونیا چاوپێکه‌وتنیان ده‌کرد له‌گه‌ڵ زیندانییه ئازاد کراوه‌کاندا. ئه‌و خه‌ڵکه‌ی که دێنه ژووره‌وه ده‌جار زیاترن له زیندانییه‌کان، باوه‌ش و ماچکردنه له‌هه‌موو لایه‌که‌وه. سیاسی نا سیاسی، پیاوکوژ، دز، به‌رتیلخۆر، حوکمی له سێداره‌دراو، هه‌ر هه‌موویان له‌گه‌ڵ که‌سوکاریان تێکه‌ڵاو بوون، به‌شێك سه‌ما ده‌که‌ن و ده‌ڵێن(صدام أنطانه عفو على عناد أمريكا)سه‌دام لێبوردنی له دژایه‌تی ئه‌مه‌ریکا بۆ ده‌رکردین یان(بالروح بالدم نفديك يا صدام) به‌گیان به خۆێن به قوربانت ده‌بین سه‌دام.

هه‌ر چۆنێك بێت بیست هه‌نگاوێک جوڵام له جێگه‌ی خۆم، نازانم ده‌بێت به‌ره‌و کوێ بڕۆم! جگه له خه‌ڵك هیچی دیکه‌م لێدیار نییه. یه‌کێك له ئاژانسه‌کانی هه‌واڵ له ڕێگای وه‌رگێڕێکه‌وه به زمانی ئینگلیزی چاوپێکه‌وتنی له‌گه‌ڵ کردم، گه‌رمی ڕووداوه‌که وایلێکردم که به شێوه‌یه‌کی وا وه‌ڵامی پرسیاره‌کان بده‌مه‌وه‌وه‌ك بڵێیت له‌و کاته‌دا ڕژێم ڕووخاوه و نه‌ماوه، له دوای چاوپێکه‌وتنه‌که‌وه هاتمه‌وه هۆش خۆم، که هێشتا من له بازنه‌ی مه‌ترسیدام.

-١٢٤-

هەر چۆنێك بێت بەرەو ئاڕاستەی دەرگای سەرەکی زیندانی "ئەبوغرێب" هەنگاوم دەنا، جارێك بەلای ڕاستدا و جارێکی دیکە بەلای چەپدا بەبەردەوامی ئەملاوئەولام دەکرد بۆ خۆلادان لەخەڵکەکە، کاتێك کە گەیشتمە نزیکی دەرگاکە، خەڵکەکە لەوێدا پەنگی خواردبووەوە و هەمووی پاڵی بەیەکەوە دەنا. لەلایەکەوە زیندانییەکان و کەسوکارەکانیان بە باری جۆراوجۆرەوە(بوتڵە گاز، پێخەف، جانتا، پریاسکە، تەلەفزیۆن، موبەریدەو سەلاجە) کە دەیانویست بچنە دەرەوە، لە لاکەی دیکەوە کەسوکاری زیندانیان کە دەیانویست بێنە ژوورەوە، ئەملا پاڵی دەنا بەولاوە، ئەولاش بە هەمان شێوە. لە ناکاو هێزی لایەک لایەکەی دیکەی ڕادەماڵی، سەدان کەس دەڕۆیشتن بەرەو دەرەوە یاخود بەرەو ناوەوە، ئەم ململانێیە بەردەوامیی هەبوو، ئیتر هەر جارەی لایەک سەرکەوتوو دەبوو بەسەر لاکەی دیکەدا.

کەوتمە سەر شەقامی گشتی، بەڵام کە تەماشای ئەو هەموو خەڵکەم دەکرد و بیرم لێدەکردەوە من لەبەردەم ئەم دەرگایەدا و ئەم خەڵکە زۆرە(شانەی مێرووڵەیە) هەرگیز ئۆتۆمبیلم دەستناکەوێت وام بە چاك زانی دوورکەومەوە. لەگەڵ ئەوەی دەمزانی ئاڕاستەی ئەو شەقامە بەدەستە ڕاستدابەرەو شاری بەغدایە، بەڵام بۆ دڵنیایی پرسیارم لە یەکێک کرد، کە کام ئاڕاستە دەچێت بەرەو بەغدا؟ ئەویشئاماژەی بە لای دەستە ڕاستدا کرد. بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن و هەنگاوەکانم خێراتر کرد بۆ ئەوەی لەو خەڵکە دوورکەومەوە، سەیری ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەم دەکرد. هەر بەوە دەچووم کە لە لادێیەکی دوورەدەستی پاڵ چیایەکەوە هاتبم و تازە بەتازە ئۆتۆمبیلیم بینیوە، هەستم بەوە نەدەکرد کە پێیەکانم لەسەر زەوین، هەر وەك ئەوە وابوو من بفڕم نەك بە پێ هەنگاو بنێم. لەگەڵ خەیاڵی هەمەجۆردا کاتێك بە ئاگا هاتمەوە بە تەواویی دوورکەوتوومەتەوە و نزیکی شەقامەکەم. لەو کاتەدا هەر ئۆتۆمبیلێک بهاتایە من دەستم لێ ڕادەگرت، ئەوەبوو ئۆتۆمبیلێك بۆم وەستا بەبێ ئەوەی هیچ پرسیار بکەم سوار بووم، وادیار بوو هی نەفەرات بوو. لە دواییدا زانیم، کە ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلە پێدەڵێن(کەیە) کاتی خۆی و

پێش ئەوەی ببم بە پێشمەرگە بە ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی سەرنشینیان دەگوت(پۆلۆنی) وە ئەو کاتەی کە پێشمەرگە بووم و دەهاتمە ناو شار(ڕیم) هەبوو.

بەهەر جۆرێک بوو گەیشتینە گەراجی(عەلاوی) بەشی کەرخی شاری بەغدا، لەوێ هەموو سەرنشینەکان دابەزین منیش لەگەڵ ئەوان دابەزیم، لەگەڵ ئەوەی من کێشەی پارەم نەبوو و هەروەها تەکسی زۆر بوو، بەڵام من وام بەباش زانی کە سواری ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی گشتی ببم، هەر لەوێ پرسیاری گەراجی(نەهزەم) کرد. لەبەرئەوەی لەو گەراجەوە تۆتۆمبیل دەڕۆیشت بۆ زۆربەی شارەکانی عێراق بەتایبەتی شارەکانی باکوور و کوردستان، لە ڕێگا بەرەو گەراجی نەهزە بیرم لەماڵی "حەبیب" کردەوە برای حەبیبە خانی هاوسەری سەلامی برام.

"حەبیب" زۆرجار دەهات بۆ دیدارم لە زیندان، لەبەرئەوە بە جوانم نەزانی کە من ئێستا ئازاد بووم و سەرێکی سەرپێییان لێنەدەم، وەک سوپاس و پێزانینێک بۆ ئەو هەڵوێستەی ئەو.هەر چەندە من شارەزای ماڵی "حەبیب" نەبووم، بەڵام ئەو باسی دەکرد ماڵیان لە شەقامی فەلەستینە، ئەو شەقامە زۆر دوور نەبوو لە گەراجی نەهزەوە. بۆیە کە دابەزیم لە گەراج لە جیاتی ئەوەی بچم سواری ئۆتۆمبیلی کەرکوک یان سلێمانی ببم، بە پێ بەرەو شەقامی فەلەستین کەوتمەڕێ. بە پێی ئەو ناونیشانەی کە حبیب بۆی هەڵدابووم لە دەرگەیەکم دا، کە کردیانەوە پرسیارم کرد کە ئێرە ماڵی(حەبیب خەنجەرە)؟ گوتیان نا ئەومااڵەی تەنیشتمانە، لە دەرگەکەی تەنیشتیانمدا و ئافرەتێک دەرگاکەی کردەوە و گوتم: من ڕزگارم برای سەلامی هاوسەری حبیبەخان، حەبیب لە ماڵەوەیە؟ ئافرەتەکە خوشکی «حەبیب» بوو، بەڵام پێشتر یەکتریمان نەدیبوو، لەو کاتەدا دایکی حەبیب لە ژوورە بوو پرسیاری کرد لەوەی کێیە لە دەرگایدا؟ خوشکەکەی حەبیب گوتی: برا زیندانییەکەی سەلامە ئەویش کەزانی بەپەلە هاتە دەرەوە و بەخێرهاتنی کردم و فەرمووی لێکردم بۆ ژوورەوە. پێمگوت من نەهاتووم بۆ دانیشتن، بەڵام پێمخۆش بووپێش ئەوەی بەرەو سلێمانی بکەومە ڕێ چاوێکم بە حەبیب و ئێوە بکەوێت. دایکی گوتی: هەر کە «حەبیب» زانی زیندانییەکان ئازاد کراون ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ زیندانی ئەبوغرێب بۆ سۆراغی تۆ، گوتی وەرە ژوورەوە ئێستا دێتەوە، هەر چەندە پێم باش نەبوو کە دانیشم بۆ ئەوەی کە دوانەکەوم، بەڵام تازە نەدەکرا چاوەڕێی «حەبیب»نەکەم بەتایبەتی دوای ئەوەی کە زانیم ئەو چووە بۆ سۆراغی من. لەچاوەڕوانی»حەبیب» دا بووم ئێستا نا تۆزێکی دیکە

دێتەوە، لەو کاتەدا وا بە بیرمدا هات تەلەفۆن بکەم بۆ کەرکوک بۆ ماڵی خاڵم، داوای تەلەفۆنم کرد. گوتیان: ئا ئەمە تەلەفۆنە، بەڵام ئێمە کەسمان نازانین چۆن بەکاردێت، لەبەرئەوەی»حەبیب» چەند ڕۆژێکە کڕیویەتی و مۆدێلێکی تازەیە. تەلەفونەکە بێوایەر بوو، منیش زۆر هەوڵمدا، بەڵام نەمتوانی بەکاریبهێنم، ئەگەر ئەوان لێینەزانن ئەوە زۆر ئاساییە من چەند ساڵ لە زیندان و دوور لە هەموو تەکنەلۆجیایەکی نوێ نەزانم بە کاری بهێنم. کاتێک حەبیب هاتەوە دونیا خەریک بوو تاریک دەبوو، کە ئەو منی ببینی زۆر دڵخۆش بوو، گوتی: ئێستا کە تۆم بینی ماندوێتیم نەما. تاوێك بەیەکەوە دانیشتین و باسی زۆر شتمان کرد، لە دواییدا داوای یارمەتیم لێکردن کە ڕێگام بدەن بڕۆم، گوتی: بەشەو ڕێگا نییە بۆ سلێمانی، لەجیاتی ئەوەی لە کەرکوك بمێنێتەوە، ئەم شەو لێرەبە و بەیانی زوو خۆم دەتبەم بۆ گەراج و لەوێشەوە ڕاستەوخۆ بۆ سلێمانی، گوتی: ئەم شەو ئەتگەڕێنم بە ناو بەغداد دا منیش ناچار بووم بڵێم باشە. بە یارمەتی»حەبیب» تەلەفونم بۆ ماڵی خاڵم کرد، پێم ڕاگەیاندن کە من ئازاد بووم و ئێستا لە ماڵی «حەبیب»م.

-١٢٥-

دوای ئەو تەلەفونەکەم کرد بۆ ماڵی خاڵم، ئیتر زەنگی تەلەفونی ماڵی «حەبیب» بەردەوام بوو، لە زۆربەی وڵاتانەوە تەلەفونیان دەکرد و پیرۆزباییان لێدەکردم، وا دیاربوو هەریەکە ژمارەی تەلەفونەکەی دابوو بەوەی دیکە. لەدوای تەلەفون و پشودان حەبیب گوتی: دەی با بەناو بەغداد دا بگەڕێین، ئەو ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری هەبوو، سواری بووم و دەستیکرد بە لێخوڕینلە شەقامی(قەنات و ئەبو نەواس)وە پەڕینەوە بۆ (بەری کەرخ بۆ گەڕەکی مەنصور)، لەدواییدا بۆ یانەی سەید(نادی الصید) هەستم دەکرد لە فڕۆکەدا دانیشتووم، سەیری شەقام و تەلار و بازاڕ و خەڵك و گڵۆپەکانی شارم دەکرد. هەستێکی زۆر خۆش بوو، لە هەمانکاتدا بە ئازار بوو: خۆشییەکەی ئەو ئازادییەی ئەمڕۆیە ئازارەکەش: ئێستا بە تەواوی هەست بەوە دەکەم کە چەند ساڵە لە تاریکیدا ژیاوم، ئیتر چۆن هەست نەکەم کە لە فڕۆکەدام. من دواجار کە سواری ئۆتۆمبیل بوومساڵی ١٩٩١بوو، کە لە بەندیخانەی بادوشەوەجارێکی دیکە گەڕاندیانمەوە بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب.

لە یانەی سەید دانیشتین، من لە سەرەتای لاویمەوە ناوی ئەم یانەیەم بستبوو، لە ساڵی ١٩٧٧ خانمی هونەرمەندی ئێرانی(گۆگۆش) سەردانی عێراقی کرد و چەند ئاهەنگێکی ساز کرد، یەکێك لەو ئاهەنگانە لەم یانەیە بوو. ئەگەر هەڵە نەبم ئاهەنگەکە ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆنی عێراقەوە پەخشدەکرا. «گوگوش» لەو ئاهەنگەدا گۆرانی(بنت الشلبیه) ی بە زمانی عەرەبی دەچڕی، ئەمە دوای ڕێکەوتننامەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ی نێوان (عێراق و ئێران)و پەیوەندی لە نێوان هەردوو وڵاتەکەدابەرەو باشی دەڕۆیشت.

یانەی سەید یانەیەکی وەرزشی و ڕۆشنبیریی کومەڵایەتی بوو لە ساڵی ١٩٦٩ دامەزراوە. دوای ماوەیەك دانیشتین دەستکرا بە یاریی(دومبەڵە) «حەبیب»دوو سێت دومبەڵەی کڕی یەکێك بۆ خۆی و یەکێك بۆ من، کاتی خۆی من لە کەرکوک ئەم یارییەم کردبوو. دەستکرا بە ژمارە خوێندنەوە، من خەڵاتی هێڵێکم(خط)بردەوە و لە دواییدا خەڵاتی پڕکردنەوەی هەموو هێڵەکان، حەبیب گوتی: وا دیارە ئەمشەو شەوی بەختی تۆیە. کە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، هەر چەندە هەوڵمدا کە پارەکە لەگەڵ «حەبیب» بەشبکەین، بەڵام

PIC•COLLAGE

ئەو ڕازی نەبوو.

شەوی خەوتن: بۆیە دەڵێم خەوتن درۆیە ئەگەر بڵێم خەوتین، چونکە من بە تەنها جەستەم لەسەر جێگاکە ڕاکشابوو، بیر و هۆشم هەردەمەی لە شوێنێك بوو، وەك بڵێیت بە کردنەوەی دەرگای زیندانکردنەوەی دەرگای هەموو خواست و ئومێد و ئارەزووەکانم کرایەوە. یەکێك پێمبڵێت دەی هەستە ئێستا کاتی هات چەند ساڵە بیانووت ئەوە بوو کە لە چوار دیواری زیندانداا گوزەران دەکەیت ئەی ئێستا چی؟

بەیانی زوو دوای نانخواردن، سوپاس و ماڵئاواییم لە دایکی حەبیب و خوشکەکەی کرد، سواری بارهەڵگرەکەی حەبیب بووم بۆ گەراجی نەهزەلەوێشەوە سواری ئۆتۆمبیلێك بووم بەرەو سلێمانی،هەستم بە کات نەدەکرد.تا گەیشتینە کەرکوك تەنها لە ژمارەیەکی کەم لە بازگەکان پشکنین هەبوو. کەمێك دوور دەکەوتمەوە لە خەیاڵ، لەبەرئەوەی هیچ ناسنامەیەکم پێنەبوو و هیچ شتێك نەبوو کە بیسەلمێنێت من لە زیندان بە لێبوردن ئازادکراوم، و لەهەمانکاتدا ترسێکی ئەو چاوپێکەوتنەشم هەبوو، کە لە بەردەمی دەرگەی زیندانی بەشی خاسە ئەنجامم دابوو، ترسی ئەوەی کە لایەنێکی ئەمنی بەدوامدا بگەڕێت.

لە کەرکوك هەموو ژیانی منداڵیم هاتەوە یاد، لەوێ دەرچووین بەرەو سلێمانی لە یەکەمین بازگە هەموو سەرنشینەکانی ئۆتۆمبیلەکەیان داگرت، ڕیزیان کردین لەگەڵ سەرنشینەکانی ئۆتۆمبیلەکانی دیکەدا، دوای پشکنین داوای ناسنامەیان دەکرد، کە گە یشتە سەر من گوتی:(هویتك)ناسنامەکەت گوتم:(ماعندی) نیمە، گوتی چۆن نیتە؟ جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە گوتم: پێت دەڵێم نیمە، لە ڕیزەکە دەریکردم و منی برد بۆ لای ئەفسەرێك، بە ئەوی گوت: گەورەم ئەمە هیچ پێناسەیەکی پێ نییە، ئەفسەرەکە گوتی: بۆ هیچ ناسنامەیەکت پێنییە؟ لە وەڵامدا گوتم: من زیندانی بووم و بە لێبوردن ئازاد کراوم و هیچ شتێکیان نەداوە پێمان بیسەلمێنێت کە ئێمە ئازادکراوین. دوای ئەوەی پرسی لە کام زیندان بووی و کەی ئازادکراوی و چەند پرسیارێکی دیکە، فەرمانیدا لێمگەڕێن بڕۆم. وا دیار بوو کە هەموو بازگەکان ئاگادار کرابوونەوە، کە ڕێگری نەکەن لە هیچ ئازادکراوێك لە زیندان.بەڕێکەوتینەوە تا گەیشتینە یەکەم بازگەی پێشمەرگە، نازانم چۆن باسی هەستم بکەم لەو ساتەدا، لە زیندان ئازاد کرام و گەیشتمە خاکی کوردستانی ئازاد. من نەمردم لە سێدارە نەدرام وا بە چاوی خۆم ئاڵای کوردستان دەبینم بەرز و

شەکاوەیە.

لە زیندانەوە پەیمانمدا بوو ئەوکاتەی ئازاد بکرێم یاخود حوکمەکەم تەواو بکەم پێش هەموو شتێك سەردانی گۆڕی (شەهید مولازم برِوا)ی برام بکەم لە(دێلێژە)، بۆیە نەخشەکەم وا بوو: لە (ئەڵڵایی) دابەزم و برِۆم بۆ دێلێژە، بەڵام ئەوەی من چاوەڕێم نەدەکرد ئەوەبوو، کە لە یەکەم بازگەی ناوچەی ئازادکراو هاوڕێیانی حیزب و هاوڕێیانی پێشمەرگایەتی و هاوڕێکانی زیندان و تەلەفزیۆنی ئازادی (سەلامی برام وحبیبەخانی هاوسەری و عەدنانی کوڕی پورم و چەند دۆست و برادەرێك)وە هەروەها ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیلیان بە لافیتەوە ئامادە کردبوو، هەر هەموویان لە پێشوازی مندا بوون، بێگومان هەستێکی زۆر خۆشی پێبەخشیم. لەوێوە بە رِێکەوتین بەرەو بارەگای حیزب لە چەمچەماڵ لەوێش پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم، دوای ئەوە بەرِێکەوتین بەرەو سلێمانی. بۆیە نەمتوانی ئەو پەیمانەی کە بە خۆممدابوو. پێش هەموو شتێك سەردانی گۆڕی (شەهید برِوا) بکەم جێبەجێ نەکرا. گەیشتینە سلێمانی و لەوێوە بەرەو بارەگای حیزب لە گەرِەکی عەقاری لەوێش پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم و چاوم رِوون بۆوە بە بینینی ئامۆژنم (زبێدە خان) لەگەڵ ئەوەی ئافرەتێکی بەتەمەن و نەخۆش بوو، بەڵام لە کەرکوکەوە هاتبوو بە هەلهەلەو و شیرینی دابەشکردنەوە. بەرِاستی لەوکاتەدا جێگای هەندێک کەس دیار بوو(دایکم، خوشکەکانم، هەندرێنی برام، رِێزانی هاوسەرم و پەیامی کچم) هەموویان لە هەندەران بوون.

دوای ئەوە هاوڕێیان منیان گەیاندەوە ماڵەکەمان لە گەرِەکی سەرچنار.

-١٢٦-

ئەمڕۆ٢٠٠٢/١٠/٢١ دووەم ڕۆژی ئازادبوونمە لە زیندان و یەکەم ڕۆژی ئازادبوونمە لە کوردستانی ئازادکراوی ژێر دەستی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام.لەدوای ئەو هەموو ساڵانەی زیندان، جارێکی دیکە چاوم بە هاوڕێیان و دۆست و خزمان گەشبووەوە. هەر لەیەکەمین بازگەی پێشمەرگە، دواتر بۆ بارەگەکانی حیزب لە چەمچەماڵ و سلێمانی، پێشوازییەکی گەرمم لێکرا، بێجگە لە تەلەفزیونی ئازادی کۆمەڵێک لۆگۆی سوریش کە هەمووی ئاماژە بوون بۆ پێشوازی من لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبیل.

ئێستا لە ماڵی خۆمانم لە گەڕەکی سەرچناری سلێمانی، هەستێکی یەکجار خۆشم هەیە، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمین جارە لە ساڵی ١٩٧٩وە، واتە ئەو کاتەی کە بووم بە پێشمەرگە، ئارامی وا بە خۆمەوە ببینم. یەك پارچەم لەوزە و وەری بەرز، وەك ئەوەی ئەوە من نەبووبم، کە لە ساڵی ١٩٨٩وە لە زیندانیدا بووم، لە لای من تازە «ئەی ڕەقیبە».لە ساڵی ١٩٨٤وە ئەم خانووەمان هەیە، دوای ئەوەی بەهۆی من و (شەهید مولازم بڕوا)ی برامەوە، ماڵەوەمان لە شاری کەرکوکەوە هەڵهاتن بۆ سلێمانی و دوای ماوەیەک لە دەربەدەریئەم خانووەیان دروستکرد.لە دوای کوچی دوایی باوکم و کۆچی هەندەرانی(دایکم و خوشکەکانم: گەڵاوێژو تانیا و هەندرێنی برام)، ئێستا (سەلامی برام و حەبیبە خانی هاوسەری و منداڵەکانی: بڕیار و بنار) لەم خانووەدا دەژین.بەڵام ئێستا بۆ من زۆر خۆشتر دەبوو، ئەگەر لە ڕۆژێکی ئاوادا، خانەوادەکەم هەموویان لێرە بوونایە، بێگومان (پەیامی کچم و ڕێزانی دایکیشی)، بەڵام بەداخەوە کە ئەوان لێرە نین.نان ئامادەکرا و هەموومان لەسەر خوانەکە دانیشتین، ئامۆژنم یادی بەخێر(زبێدەخان)کە لە کەرکوکەوە هاتبوو، ئەویش لێرەیە.

زەنگی تەلفون وچانی نەبوو، لەهەموو شوێنێکەوە تەلەفون دەکرا، هەمووی پیرۆزبایی بوو بە بۆنەی ئازادبوونی منەوە، زۆری پێنەچوو سەردان دەستی پێکرد، بە تاك و کۆمەڵ ژن و پیاو دەهاتن، هەندێکیانم دەناسییەوە و هەندێکیشیان نا، هەندێکیان هەوڵیان دەدا شتم وەبیربهێننەوە بۆ ئەوەی بیاناسمەوە، دەموچاوەکان گۆڕاون بە پێی



مامۆژنم زوبەیدە خان

تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە، هەبوو لە پێشمەرگایەتی پێکەوە بووین، یاخود ئەوانەی کە لە زیندان لەگەڵم بوون،بەڵام ئەوان زۆر پێش من ئازاد بوو بوون، کچان و کوڕانی خزمەکانم ناناسمەوە، هەندێکیان تەنها ناوەکانیانم بیستبوو، بیست و پێنج ساڵ دەبوو دوور بووم، لە پەیوەندی لەگەڵ زۆربەیان.

چەند ڕۆژێك بەم شێوەیە سەردان و پیرۆزبایی بەردەوام بوو، ڕاگەیاندنەکانیش سەردانیان دەکردم، بە تەنها خزم و کەسو هاوڕێیانی حیزبی شیوعی نەبوون، خەڵکێکی هەمەجۆرە بوون، تەنانەت ئیسلامیی تووندڕەویشی تێدابوو. یەکێک لەوانەی کە لەگەڵ هاوڕێیان هات بۆ لام، سەردانەکەی زۆر نامۆ و جێگای سەرسوڕمان بوو، ئەویش(زاهیر) بوو،ئەو کەسەی کە منی دا بەگرت!! ڕاستە کە من لە بەندیخانە بووم ڕێگەم بە هەندێك هاوڕێ و کەسی خۆم نەدا کە (زاهیر) بکوژن، ئەوەیش لەبەر خاتری(خێزانەکەی شەهید ئەکرەم و منداڵەکانی، کە دوای شەهیدکردنی براکەی، ئەو هاسەرگیری لەگەڵ کردبوو)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە نەبای دیبێت و نە باران، وەک هەر هاوڕێیەکی پاك و بێگەرد مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و هیچ لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکرێت. بەلایەنی کەمەوە دەبێت بزانن: هۆکاری هاوکاریکردنی لەگەڵ ئاسایشی ڕۆژم چی بووە؟ کێی لە پشتەوە بووە؟ ئەوەیش ڕوون و ئاشکرایە، کە لە دوای ڕاپەڕینی١٩٩١وە، هەموو بەڵگەنامەکانی لایەنە ئەمنییەکانی ڕۆژم، کەوتنە دەستی بەرەی کوردستانییەوە!

باشە ئەگەر ئەوە من خۆڕاگر نەبوومایە، خۆ نیوەی ڕێکخستنەکانی حیزب، لە سلێمانی و کەرکوک دەکەوتنە دەستی ڕژێمەوە، ئەم بارە بۆ من جێگای سەرسوڕمان بوو.!!!

یەکێک لەو پرسیارانەی کە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لە من کرا، دەربارەی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان بوو، وەڵامی من ئەوە بوو: کە ئەوان لە ژیاندا نەماون. هەرچەندە سەرکردایەتی کورد ئەو ڕاستییەیان دەزانی، چونکە ئەوان لە گفتوگۆکانیادا لەگەڵ ڕژێم، پێیانڕاگەیەنرابوو کە ئەنفالەکان لە ژیاندا نەماون، بەڵام وادیارە تا ئەو کاتە سەرکردایەتی کورد لە بەرژەوەندییاندا نەبووە، کە ئەو ڕاستییە بە میللەتەکە ڕابگەیەنن.

ئەوە بوو ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەسەر لاپەڕەی یەکەم و بە مانشێتێکی گەورە ئەو هەواڵەی بڵاوکردبووەوە، ئەو هەواڵەش بووە هۆی ئەوەی، کە خەڵکێکی زۆر لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال سەردانم بکەن، بۆ سۆراغ و پرسیاری کەسوکارە ئەنفاکراوەکانیان، وە هەروەها زیندانیی دیکەی بێسەروشوێن. بێگومان ئەو هەواڵەی من بە بێبنەما نەبوو، ئاخر یەکێك لە سەرچاوەکان کوڕێکی گەنجی خەڵکی شارۆچکەی بێجی بوو، ئەو پێنج ساڵ حوکمی زیندانی درابوو، بەڵام پێشتر لە جیهازی ئەمنی تایبەت(خاص)کاریکردبوو. هێنایان بۆ ژووورەکەی من لە بەندیخانەی(ابوغریب)، دوای چەند مانگێك پێکەوە ژیان و دروستبوونی متمانە لە نێوانماندا، بە وردی باسی بەشداریکردنی خۆی لە تاوانی کۆمەڵکوژی و زیندە بەچاڵکردنی ئەنفالکراوەکانی بۆ کردم.

سەردانی کەسوکاری ئەنفالە بێسەروشوێنەکان و پرسیاری چارەنووسیان، بۆ من هەستێکی زۆر ناخۆش بوو، لەلایەکەوە نەدەکرا ئەگەر زانیاریم هەبێت لەسەر نەمانی ئەو کەسانە بە ڕاستگۆیانە پێیان نەڵێم، لەلایەکی دیکەوە، ڕەنگە هیوایەکیان هەر هەبووبێت کە هێشتا ئەوان لە ژیاندا ماون و پێیان شاد دەبنەوە، بێئومێدکردنیان لەو کاتەدا کارێکی ستەم و ویژدان هەژێن بوو.

(حەمید مەجید موسی) سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی بە هاوەڵی(شەهید سەعدون) هاتن بۆ سەردانم، لە کاتێکدا هیچکام لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کوردستان نەهاتن، بێجگە لە هاوڕێ باوکی تارا(ئیبراهیم سۆفی) کە ئەوەش لە سەردانێکیدا بوو بۆ کوردستان.وا دیار بوو سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق زۆر ئاگادار و زانیارییان

لەسەر زیندان نەبوو، چونکە هاوڕێ حەمید پرسیاری هاوڕێیانی حیزبی شیوعی کرد لە زیندان، منیش گوتم: لە ساڵی ١٩٩٥وە، لەسەر حیزبی شیوعی، هیچ زیندانییەك نەهاتۆتە بەندیخانەی(ئەبوغرێب)، ئەمەیش لای من دوو لێکدانەوەی هەیە: یان حیزبی شیوعی ڕێکخستنێکی زۆر پتەو و بەهێزی هەیە، کە لە توانای دەزگا ئەمنییەکانی ڕژیمدا نەبێت ببڕێت، یاخود هەر لە بنچینەدا حیزب هیچ ڕێکخستنێکی نییە شایەنی دەستگیرکردن بووبێت.

هاوڕی شەهید سەعدون، زۆر قەڵەو بوو بوو، لە چاو دوا دیدارمان لە سلێمانی. یەک هەفتە پێش دەستگیرکردنم لە ١٩٨٩/٥/٦ وا بڕیار بوو لە ١٩٨٩/٥/١٣ جارێکی دیکە لەسلێمانی چاومان بەیەکتری بکەوێتەوە.ئەوەی کە من لە ئەنجامی سەردانی هاوڕێ دێرینەکانی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستنەکانی ناو شار و هاوڕێ کۆنەکانی زیندان تێبینیم دەکرد ئەوە بوو، کە ژمارەیەکی زۆریان پەیوەندییان لەگەڵ حیزبدا نەمابوو، یاخود سەنگەریان گواستۆتەوە بۆ ناو حیزبێکی دیکە یان هەر لەناو حیزبدا مابوون، بەڵام بەڕەخنە و گلەییەکی زۆرەوە. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو هاوڕێیانە، هاوڕێی ڕۆژە سەختەکان و لەڕابردوودا بەرگریکارێکی سەرسەختی ئەو حیزبە بوون، لە چاویاندا دیار بوو کە دەیانویست زۆر شتم پێبڵێن، بە چاوێکی بەزەییەوە تەماشای منیان دەکرد، وەك ئەوەی بڵێن: لەسەرخۆبە هاوڕێ، جارێ زووە بۆ ئێمە، خۆشییئەو ئازادییەت لێبشێوێنین، دوایی خۆت تێدەگەیت چی دەگوزەرێت.

-١٢٨-

هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدابوو، كە لە زیندانەوە پەیمانم دابوو، كە ئەگەر ئازاد بووم لە كاتی گەڕانەوەمدا بۆ كوردستان، ڕاستەوخۆ بچم بۆ سەردانی گۆڕی(شەهید برِوا)ی برام، چونكە پێش ئەوەی زیندانی بكرێمەو بوارەم بۆ نەڕەخسابوو، كە بتوانم سەردانی گۆڕەكەی بكەم. بەداخەوە ئەو ڕۆژەش كە ئازاد بووم، دیسانەوە ئەو بوارەم بۆ نەڕەخسایەوە، هەتاكو بتوانم بەڵێنەكەم جێبەجێ بكەم، بەهۆی ئەو پێشوازییە زۆرەی كە لە لایەن هاوڕێیان و كەسوكارەوە، كە لە یەكەم بازگەوە لە من كرا. هەر بەو هۆیەوە نەدەكرا كە بەجێیان بهێڵم و برۆم بۆ سەر گۆڕی شەهید لە دێلێژە، بۆیە بە بەردەوامی چاوەڕێی دەرفەتێك بووم.ئەوە بوو هاوڕێیان(ڕەحمان غەریب و دلێر جەلال»دڵشاد») ئەو خواستەیان بۆ جێبەجێكردم، هاوڕێ دڵشاد ئۆتۆمبیلێكی هێناو هەرسێكمان چووین بۆ دێلێژە، ئەو سەردانە ئارامییەكی یەكجار زۆری پێ بەخشیم.

لەو ڕۆژەوەی كە گەیشتمەوە كوردستان، هەرچی كاتێك دەرفەت هەبوایە تەلەفونم بۆ دایكی پەیام(ڕێزان)دەكرد، هەرچەندە تەلەفون بۆ دەرەوەی وڵات، وەك ئێستا ئاسان و ڕاستەوخۆ و لەبەر دەستیشدا نەبوو، دەبوایە هەموو جارێك بچیت بۆ ناوەندێكی تەلەفون، ئینجا لەوێ سەرەت دەگرت تا بەرتدەكەوت، دوای ئەوە لە كابینەیەكدا پەیوەندییەكەیان بۆ ئەنجام دەدایت، نرخەكەشی گران بوو، بۆیە نەدەكرا كە بە دڵی خۆت قسە بكەیت، منیش لەو كاتەدا هیچ پارەیەكم بە دەستەوە نەبوو.

تا ئەمڕۆ كە لە زیندان ئازاد بووم حیزب یەك دیناری نەداومەتێ، بەڵام ڕۆژێك سەلامی برام هەندێك پارەی دامێ و گوتی؛ چەند هاوڕێیەكت لەوانەی كە سەردانیان كردویت، ئەم بڕە پارەیەیان بە دیاریی بۆ بەجێهێشتوویت، پارەكەش لەلایەن هاوڕێ(عەباس ڕۆستەم)ەوە بوو، كە ئەو كاتە بەناوی ڕێكخراوی حیزب لە لەندەن سەردانی كردم، من وامزانی ئەو بڕە پارەیە لە لایەن حیزبەوە بووە، بەڵام لە دواییدا بۆم دەركەت، كە هاوڕێ عەباس لە گیرفانی خۆی ئەو بڕە پارەیەی پێشكەش كردبووم.

لەبەرئەوەی من پارەم نەبوو، زیاتر ڕێزان تەلەفونی بۆ من دەكرد، یەكێك لەو شتانەی

که لەو کاتەدا بۆ من زۆر ئازاربەخش بوو، ئەوەبوو من دەمویست لەگەڵ کچەکەم قسە بکەم، هەرچەندە دایکی زۆری لێدەکرد بۆ ئەوەی قسەم لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو نەیدەویست، دایکی ناچار دەیگوت: شەرم دەکات، چونکە کوردییەکەی تەواو نییە، هەر چەندە من بۆخۆم هەموو جارێك کە لە زیندانەوە نامەم بۆ دەناردن، پێداگریم دەکرد لەسەر ئەوەی دەبێت، بایەخ بە زمانی کوردی پەیام بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە کوردی قسە بکات، ڕەنگە ئەوە یەکێك بووبێت لە هۆکارەکان، بێگۆمان هۆکاری دیکەش هەبوو.

گـوندی دێلێژە. مـەزاری شـەهید ملازم بڕوا

زۆر ئارەزووم دەکرد کە بۆ جارێکی دیکە لە ئامێزیان بگرم، هەموو جارێك بە شەرمەوە داوام دەکرد کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، ئاخر بۆیە دەڵێم بە شەرمەوە، چونکە لەڕاستیدا من هیچ توانایەکم نەبوو، کە بتوانم لەمکاتەدا، بنەمای ژیانێکی سادە و شایستەیان بۆ دابینبکەم. داواکارییەوانیش ئەوە بوو کە من بڕۆم بۆ لایان، چونکە ئەوان بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، ئەگەر من ئەوانم بوێت، ئەوە دەبێت من هەنگاو بنێم بەرەو لای ئەوان، ڕێزان دەیگوت: کچەکەت زۆر پێوستی بە باوکی خۆی هەیە و هاتنی تۆ بۆ سوید زۆر ئاسانە، لەبەرئەوی ناوت لە کەیسی ئێمەدا هەیە و هەروەها ئێمەیش بەهۆی زیدانییەکەی تۆوە، لە سوید مافی پەنابەریمان وەرگرتووە.لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی زۆر وا ڕێکەوتین، کە هیچ نەبێت من بەسەردانێک بچم بۆ لایان، ئەگەر بارودۆخەکەم بەدڵ نەبوو، ئەو کاتە خۆم دەتوانم بڕیار بدەم.

لە سەرەتای هەشتاکانەوە، لەگەڵ (هاوڕێهەڵکەوت) بەیەکەوە پێشمەرگە بووین، لە لقی شەهید بەکر تەلانی، ئەوکاتە من ڕاوێژکاری سیاسی ئەو پەلە بووم، ئێستا ئەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبە، سەر بە محەلی کەرکوك، لەبەرئەوەی شاری کەرکوك لەژێر دەستی ڕژێمدایە، تا ئێستا محەلەکەیان لە سلێمانییە، ئەو هاوڕێیە بەرامبەر بە من هەڵوێستێکی جوانی نواند، ئەوەیش بەدەستپێشخەری خۆی و بۆ پارێزگاری خۆم دەمانچەیەکی دامێ، منیش بە سوپاسەوە وەرمگرت، بەڵام دوای ماوەیەك دەمانچەکەم بۆ گەڕاندەوە، چونکە هەستم بەوە کرد کە من پێویستیم پێی نییە.

-١٢٩-

لە بارەگای حیزبەوە لە سلێمانی، تەلەفۆنم بۆ کرا و پیانڕاگەیاندم، کە بەیانی لە هەولێرەوە هاورێیان دێن بۆ سلێمانی و دەیانەوێت چاویان بە من بکەوێت. من نەمپرسی ئەو هاورێیانە کێن و بۆچی دێن، ئەوانیش هیچیان نەگوت، بەیانییەکەی و پێش ئەو کاتەی کە بۆم دیاریکرابوو، من لە بارەگای حیزب بووم لە گەڕەکی عەقاری، لەوێ پێیان ڕاگەیاندم کە (کەمال شاکر) لە هەولێرەوە هاتووە، بەڵام ئێستا کەمێك کاری هەیە، دوای ئەوەی کارەکەی تەواو دەبێت یەکتری دەبینن.لە بەردەمی ژوورەکانی خوارەوە، چاوم بە(مامۆستا قادر) کەوت، ئێستا ئەویش ئەندامی سەرکردایەتی حیزبە، من پێشتر مامۆستا قادرم دەناسی، ئەو مرۆڤێك بوو زۆر ئارەزووی لە گاڵتە و فشقیات هەبوو، زۆر شتی بە جدی وەرنەدەگرت، ئەویش لەگەڵ هاورێیانی هەولێر هاتبوو بۆ سلێمانی، لەدوای قسە و گاڵتەکردن پرسیارم لێکرد: ئەرێ ئەم برادەرە چۆنە؟ من مەبەستم(کەمال شاکر)بووئەو لە وەڵامدا گوتی: ئەمە باشی خراپەکانە.من بۆخۆم بۆ یەکەمجار لە زستانی ١٩٧٩-١٩٨٠ دا، کەمال شاکرم بینی، ئەویان هێنا بۆ بنکەی پەلەکەی ئێمە لە ناوزەنگ کە پێیاندەگوت(فصيل المدفعية) بەڵام پێش ئەوەی بیهێنن بۆ لای ئێمە، ئەو لەو بنکەیەی کە لێیبوو کێشەی هەبوو، چونکە دەبوایە ئەو،ئەو کاتەی کە لە زیندان ئازادکرابوو، ڕاستەوخۆ بهاتایە ناو شۆڕشەوە بۆ پێشمەرگایەتی، بەڵام ئەو بۆ ئەوە نەهاتبوو، بەڵکو بۆ ئەوە هاتبوو کە لە ڕێگەی کوردستانەوە بڕوات بۆ دەرەوەی وڵات. ماوەیەک بوو چاوەڕێی دەکرد، بۆ ئەوەی حیزب ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتی بکات.ئەو بەشداری هیچ کارێکی ڕۆژانەی ناو بنکەی نەدەکرد، ئەو کەسەی پێشمەرگایەتی کردبێت، دەزانێت کە ئەو کەسانەی بەشداری کاری بنکە نەکەن و پاسەوانێتی(حەرەسیات) نەگرن، هەر بخۆن و بخەون بەبێهۆکاری تەمەن یان نەخۆشی یان هەر هۆکارێکی دیکە بێت، ئەوانە خۆشەویست نین لە ناو پێشمەرگەدا، بەتایبەتی ئێمەی شیوعی، کە هیچ کەسێک ئاغا نییە لە ناوماندا.ئەو ماوەیەی کە(کەمال شاکر) لە بنکەکەی ئێمە بوو، زۆر تێکەڵی ئێمەی پێشمەرگە نەدەبوو، ئەو تەنها ڕۆژانە لە کاتی ژەمە خواردنەکاندا دەهات، ئەگینا لە پەنایەکدا بە ئاوێنەیەک و موکێشێکەوە خەریکی دەموچاوی بوو، شەوانەیش

لە خێوەتەکەی هاوڕێ(باوکی شاخەوان) دەخەوت، باوکی شاخەوان یادی بەخێر، خەڵکی عەینکاوە بوو، ئەو کاری بێسیمی(لاسلکی)دەکرد و شارەزاییەکی زۆری لەو بوارەدا هەبوو، بە بەردەوامی خەریکی خولی فێرکردنی بێسیمی بوو.(کەمال شاکر) لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی سەربازی و سیڤیل، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بە تاوانی نیازی کودەتا دەستگیرکرابوون، چونکە کاتی خۆی لە ڕێکەوتنی بەرەی نیشتیمانی شکست خواردووی نێوان حیزبی شیوعی و حیزبی بەعس، وا ڕێککەوتبوون کە حیزب نابێت بە هیچ شێوەیەک لە ناو سوپادا هیچ ڕێکخستنێکی هەبێت. هەرچەندە دوایش حیزب ناچارکرا، کە هەموو کارە ڕێکخراوەیی و جەماوەرییەکانی خۆی ڕابگرێت، وەك(یەکێتی قوتابیانی گشتی، یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق، سەندیکاکان). لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٨دا، لەو هاوڕێیانەی کە دەستگیرکرابوون (٣١) هاوڕێ لە سێدارەدران،هەر چەندە(کەمال شاکر)یش حوکمی لەسێدارەدانی لەسەر بوو، بەڵام ئەو لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئازادکرا.دوای ماوەیەک حیزب ناردی بۆ (براغ) لەوێوە ناردیان بۆ(ڕۆمانیا) و دوای ماوەیەک بۆ یەکێتی سۆڤییەت(موسکۆ)، بەڵام هاوڕێکانی ڕێکخراوی(مۆسکۆ) ڕەخنەیان زۆر هەبوو لە حیزب، لەسەر ئەوەی کە(کەمال شاکر) لە هەلبژاردنەکانی ڕێکخراوی(موسکۆ)دا دەنگی نەهێنابوو، بەڵام حیزب بە زۆر

بەسەر ڕێکخراوەکەیدا سەپاند و کرا بە لێپرسراوی ڕێکخراوەکە.بە کورتی وێنەی(کەمال شاکر) وەک شیوعییەک لە لای من جوان نەبوو.کاتی دیدارەکە من سەرکەوتمە سەرەوە بۆ ژوورەکەی(صبحي مهدي) کە ئەندامی(م.س) و لێپرسراوی محلی سلێمانی بوو. لە ژیانی حیزبی و پێشمەرگایەتیمدا ناوی ئەو هاوڕێیەم نەبیستبوو، لەگەڵ پێشوازییەکەی ڕۆژی گەیشتنمدا بۆ کوردستان ئەویان لەگەڵ نەبوو، بەڵام کاتێك کە لە بارەگای حیزبەوە هاوڕێیان منیان گەیاندە ماڵەوە، ئەومان لەگەڵ بوو، ئەو بەڕێزەوە پێشوازی لێکردم و بە هاوڕێیانی ژوورەکەی ناساندم، (کەمال شاکر) بە خەندەیەکی دروستکراوەوە تەوقەی لەگەڵ کردم.لەو ماوە کورتەی دوای ئازادیم لە کوردستان، ئەو شتانەی دەربارەی(کەمال شاکر)بیستم دڵخۆشکەر نەبوون، وەك ئەوەی ئەم لەگەڵ(حەیدەر فەیلی)باڵی پارتین لەناو حیزبی شیوعی کوردستانیدا، ڕاستە هاوڕێ(کەریم احمد) سکرتێری حیزبە، بەڵام (کەمال شاکر) بە کردار حیزب بەڕێوە دەبات و ئەوەیش هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی سیاسەتی سەربەخۆیی حیزب.ئەم هەواڵانە و ئەو وێنە خراپەی کە خۆم پێشتر لەسەر ئەو هەمبوو، وایکرد کە زۆر لە خۆم بکەم بۆ گفتوگۆکردن.

-١٣٠-

لە دوای گفتوگۆ لەسەر هەندێک بابەتی گشتی، کە من لەگەڵ زۆربەیدا هاوڕا نەبووم، کەمال شاکر گوتی: ئێستا تۆ بەتەمای چیت؟

من گوتم: حیزب چیم پێبسپێرێت من ئامادەم، بەڵام جارێ دەمەوێت سەردانی خێزانەکەم بکەم لە وڵاتی سوید، کە من ئەوەم گوت، ئەو زۆری پێخۆش بوو، وەك بڵێیت کێشەکەم چارەسەر کردبێت. لەو کاتەدا من بە ڕوونی هەستم بە دڵخۆشی ئەو کرد، بەڵام دوای ماوەیەك بۆم دەرکەوت کە ئەوان لە داهاتوو دەترسان، ئاخر لە ڕاستیدا ئەوان کەسانێکی لاوازیان پێباشە، منیش لەو کەسانە نەبووم، من بۆخۆم لە ژیانی حیزبیشمدا دیسپلینی(التزام) بێروکراتیم نەبوو، هەرکارێك بڕوای تەواوەتیم پێنەبووبێت نەمکردووە، هەمیشە هەڵوێستی خۆمم هەبووە، بەرامبەر هەر کارێک و ڕووداوێک یاخود کەسێک، کە لەگەڵ مەبدەئی شیوعیبوونمدا نەگونجابێت. من بڕوام بە(حیزب دەزانێت)نەبوو، ئەمەیش دەتوانێت لەهەمانکاتدا، خاڵی بەهێز و لاوازی من بێت، لە کاتێکدا خاڵێکی لاوازی من بوو لە بەرامبەر لێپرسراوە چەقبەستووەکان، کە زۆرجار لە کارەکانمدا تەگەرەم بۆ دروستبکەن، لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکەن و بە سەرپێچی لە پەیڕەوی ناوخۆیی حیزب هەژماری بکەن، لەهەمانکاتدا خاڵی بەهێز بوو بۆ خودی خۆم واتە: بڕوام بە دروستی هەڵوێستەکەم هەبوو، بە ئەرکم دادەنا لەڕووی مەبدەئەوە کە دەبێت بیکەم.

هیچ کاتێک هاوڕێکانم گومانیان لە هەڵوێست و مەبدەئوو بیرکردەوەی من نەبووە، بڕوای تەواوەتییان پێم هەبوو و دڵنیابوون لەوەی کە هەرگیز و لەژێر هیچ فشارێکدا لە خاڵە مەبدەئییەکان و بیروباوەڕم لانادەم.لیژنەیەکیان بە سەرپەرشتی(هاوڕێ گۆران)ی ئەندامی کۆمیتەی سلێمانی، بۆ لێپرسینەوە و لێکوڵینەوە لەگەڵ (زاهیری) ناپاك پێکهێنرا، تا ئێستا ئێوەی خوێنەر چەند ئاگاداری ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانن منیش هەر ئەوەندە.

دایکی پەیام بڕیاریدا کە خۆی بەسەردان بێتەوە بۆ لای من بۆ کوردستان، هەر چەندەئەو باری ئابووری باش نەبوو، چونکە لەو کاتەدا بێکار بوو، بۆ کڕینی بلیتی فڕۆکەکەش قەرزی لەکەسوکار و برادەرەکانی کردبوو، لەو سەردەمەدا سەردان بۆ کوردستان ئاسان نەبوو،

پۆلا، ڕێزان، سلێمانی

سێ ڕێگا هەبوو(تورکیاو سوریا و ئێران) هەر سێکیان یەك لەیەك خراپتر بوون، ئەوانە بێجگە لەوەی سوکایەتییەیان بە گەشتیارانی کوردستان دەکرد و تەنگەژەیان بۆ دروست دەکردن، گەشتەکانیش چەند ڕۆژێکی دەخایاند.

هاتنی ڕێزان(زانا) بۆ لای من هەستێکی زۆر خۆش بوو، دوای ئەو هەموو ساڵەی لەیەکتر دابڕان، جارێکی دیکە خۆمان لە ئامێزی یەکتریدا بینییەوە. هاوسەرگیری من و ڕێزان هاوسەرگیرییەکی ئاسایی نەبوو، ئێمە لەڕۆژانێکی سەختی خەباتی پێشمەرگایەتی و تێکۆشانی ژێرزەمینیدا یەکتریمان هەڵبژاردبوو، بە خۆشەویستییەکی پاکی بێگەرد، بەبێ هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی لەلایەن ئەوەوە، ئەو کچێکی ڕۆشنبیری جوانی بێکەموکوڕی بوو، هیچ داواکارییەکی نەبوو لە منێك کە لە شەرواڵەکەی بەرم زیاتر، هیچی دیکەم نەبوو، ژیانم لەسەر لەپی دەستم بوو، کار و نازی خێزان و ژیانی ناوشاری بەجێهێشت و گۆڕییەوە بە ژیانی شاخ و دۆڵ و نشین، بنمیچی خانوویەکی ئارام، بە ئاسمانێکی تژی لە فڕۆکە و تۆپبارانی دوژمن، گەرماوی هەڵماوی گەرم، بە تەنکەی ئاوی

سارد و گەرمی سەر داربەڕووی دوکەڵاوی ڕەش و بن بەردو ئەشکەوت. ساڵانێکی زۆری تەمەنی بە ڕێگای بەندیخانەوە بوو، بێجگە لە سەختی باری ئابووری، ماندووبوونێکی ئێکجار زۆر، ئەمانە و بێجگە لە سوکایەتی پاسەوان و پیاوانی ڕژێم، لەبەر ئەوە لەدەستدانی ئەم مێژووە پڕشنگدار و پڕ لە قوربانییە زۆر گران بوو.

هەرچەندە سەردانەکەی ڕێزان خۆش و گرنگ بوو، بەڵام زۆر کورت بوو، هەروەها پەیامی لەگەڵ نەبوو، وەک ڕێزان گوتی: پەیام قوتابخانەی هەیە، ڕەنگە پەیام خۆی نەیویستبێت بێت، بەڵام ئەو لەبەر دڵی من وایگوت، لەوانەیە گرفتە ئابووریەکەش هۆکارێک بووبێت.ئەو دیدارە کورتەی ڕێزان، بەشێک لە خەونی شەو و ڕۆژی ساڵانی زیندانی بەدیهێنام، هەستی بێنازیی بووژاندمەوە.ڕێزان بە پێوستی زانی سەردانیان بکەم بۆ سوید، ئەگەر لەبەرئەو و پەیامیش نەبێت، ڕەنگە بۆ خۆم باشتر بێت.

-١٣١-

(هیوا ڕەش) یەکێك بوو لەو هاوڕێیانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەبوو، لە سازکردنی ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لە کاتی ئازادبوونی منداا ئەنجامدرا.

بێگومان ڕۆڵ و وەفای هاوڕێیان(لوقمان زیندانی و هاوسەرەکەی تەلارخان، عوسمان زیندانی، ڕەحمان غەریب، دلێر جەلال،ئاشتی،شۆڕش ئەمین)و کۆمەڵێک هاوڕێیانی دیکەش لەیاد ناکرێت.ئاشنایەتی من و هیوا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣ئەو کاتەی هەردووکمان لە کەرەجاڵ لە مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حیزب بووین، ئەو سەر بە ڕێکخستنی کەرکوك بوو، من لە بارەگای مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك بووم. هیوا ئارەزووی کاری سەربازی دەکرد وەک لە کاری ڕێکخستن، بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە لە بەشی ڕێکخستنەوە بگوازرێتەوە بۆ بەشی چالاکی سەربازی، هەرچەندە ئەو دەرفەتی ناردنی بۆ دەرەوەی کوردستان بۆ خوێندن بۆ ڕەخسا، بەڵام ڕەتیکردەوە، لە کۆتاییدا گەیشت بە ئاواتەکەی و گواستراییەوە بۆ بەشی سەربازی و لەو بوارەدا کارەکانی زۆر بە سەرکەوتوویی ئەنجامدەدا و جێگای متمانەی هاوڕێکانی بوو. لەئەنفال و دوای ئەنفالیش ئەو یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، هەر ئەوەش بوو کە بووە هۆی ئەوەی لە ئەنجامدا لە ڕێگای ناپاکێکەوە لە شاری کەرکوك بە برینداری دەستگیربکرێت، بەڵام لە زیندانداا بەخۆڕاگری نهێنییەکانی حیزبی پاراست و نمونەی زیندانییەکی شیوعی خۆڕاگر بوو.

لە ژیانی پشمەرگایەتیدا بۆ ئێمە ڕێکنەکەوت زۆر لە نیزیکەوە یەکتری بناسین، هەروەها لە یەك زیندانیش نەبووین، بەڵام بۆ ماوەیەك منیان گواستەوە بۆ ئەو بەشەی کە ئەوی لێبوو بەشی(ثقیلە)ی (ئەبوغرێب)لەوێش ئەوەندەی ئەو لە خەمی منداا بوو، ئەوندە خەمی خۆی نەبوو. بە تایبەتی ئەو کاتەی کە ئەو لە ساڵی ١٩٩٢ دا بە لێبوردن ئازادکرا و من مامەوە.

لە دوای ئازادبوونی هاوڕێ هیوا بە هیوایەکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی دوای ڕاپەڕین، بە تایبەتی بۆ باوەشی حیزبەکەی، بەڵام ئەو لە لایەن حیزبەوە تووشی

ڕەحمان، پۆلا، ئەسعەد

مەینەتییەکی زۆر دەبێت، تەنانەت بۆ ماوەیەك باری دەروونیشی خراپ دەبێت.ئەو کاتەی کە من ئازاد بووم، هیوا ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی کۆنی هەبوو کاری تەکسی پێدەکرد، بۆیە جارێک لێیانپرسیبوو کارەکەت چۆنە؟ ئەویش بۆ خۆشی گوتبووی: پیاو سەر ناخەم و لە ژنیش پارە وەرناگرم.ئەو لە تاقیکردنەوەکەی لەگەڵ حیزبدا تووشی نائومێدی و شکست بوو بوو، بۆیە زۆر ئاگاداری من بوو، کە تووشی هەمان شکستی ئەو نەبمەوە.کە بەنیاز بووم کەمێک دەربارەی ئەو بنووسم، داوام لە خۆی کرد، کە شتێك دەربارەی خۆی بنووسێت، ئەویش بە سوپاسەوە ئەم چەند دێڕەی خوارەوەی بۆ ناردم، منیش وەك خۆی و لەگەڵ نووسینەکەی خۆمدا دەیبەستمەوە.

هیوا ڕەش:

ئازاد بوونم لە زیندان خەونێکی نەزۆک بوو...ئەو دەمانەی بڕیاری ئازاد بوونم لە زیندان بۆ دەرچوو، سات نەبوو بە بێدڵەکوتە و موچڕکەی ناخەژێن بەسەرمدا تێپەڕێت...

دەگەڕێمەوە و چەند ڕۆژێک لە کەرکوک دەمێنمەوە، باوکم لە چاوەڕوانی دیداری ڕۆڵەکەی بە دڵی پڕ حەسرەتەوە مردووە و منیش ناتوانم خۆ لە باوەشی بنێم، دایکی پیری

دەست لەرزیو و لێو تەتەڵە کردووم، لە بڕینی ڕێی دوور و سەردانیکردنم و لە باوەشی دەگرم و بە دەم بۆن کردنییەوە بێئەوەی ورتەم لێوە بێت، تێیدەگەیەنم کە هەرگیز و هەتاکو مردن قەرزی ئەو هەموو ماندووبوون و ئازارکێشانەی ئەوم پێ نادرێتەوە. (تانیا محەمەد(ی خوشکم و ئازاد محەمەدئەمینی برام) پڕ بە دڵ ماچباران دەکەم، دزە پیاسەیەک بە نێو زێدی خۆمدا دەکەم و دوای چاوگێڕانێك بە یادگاریی منداڵیم بە پەلە دەڕۆم و خۆ لە باوەشی حیزب دەهاوێم، حیزب پیرۆزە و لە هەمووان خۆشەویستترە و پێموابوو بڕیار بەدەستان گەلێ لە من بە پەرۆشترن بۆ دیدەنیم ...

بە کۆمەڵێك خەونی ڕەنگاڵەییەوە کۆبوونەوەیەکم لە کۆمیتەی پارێزگای کەرکوک بۆ سازکرا، وێڕای بە گەرمی بەخێرهاتنەوە و ناساندم، دەمانچەیەکی جۆری (شمێزەر) یشیان بە خەڵات پێدام ...دەمەدەمی کۆنفرانس و بەرەو کۆنگرە چوون بوو، کەسێك لام لێناکاتەوە (عەلی ڕوسی و ئاشتی شێخ عەتا تاڵەبانی) حیزبن، ئەوانی دی لە سەرتاش و بەرتاشی ئەوان دەچوون، هەوڵمدا بزانم شوێن و پێگەی من چییە و لە کوێیە؟ بۆ ئەم مەبەستە سۆراغی زیندەم کرد ...

- تۆ تازە لە زیندان ئازاد بوویتە ...

+ خۆتان دەزانن ...

- دەزانین پلە و پۆستی حیزبی بەرزت هەبووە ...

+ خۆتان دەزانن ...

- دەزانین پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بوویتە ...

+ خۆتان دەزانن ...

دەزانین چەندینجار بریندار بوویتە و لە لێواری مەرگ گەڕاویتەوە ...

+ خۆتان دەزانن ...

دەزانین لە زیندانداً خۆڕاگر بوویتە ...

+ خۆتان دەزانن ...

- دەزانین دانت بە هیچ زانیارییەکدا نەناوە و هیچ نهێنییەکی حیزبت نەدرکاندووە ...

+ خۆتان دەزانن ...

دەزانین و خۆتان دەزانن، لێرەدا جێی نابێتەوە بە هەر حاڵ پەیامێکی بۆگەن وەکو ناخیان لە هەگبەیاندا بوو...

- ئێمە هیچ گومانمان لە قارەمانێتی تۆ نییە، بەڵام بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ناتوانین داوەتت بکەین بۆ کۆنفرانس...!

+ چۆن؟ ئەی ئەو هەمو پێداهەڵدانەتان لە چی...؟

پێداگرییان دەکرد کە ناتوانم لە کۆنفرانسدا بەشداربم و تەنها ڕێ لەبەردەممدا ئەوەیە لە (سفر)ەوە دەستپێبکەم ...

ناچار بووم مل بدەم بۆ نەگریسییان و لە (سفر)ەوە دەستمپێکرد و قۆناغ بەقۆناغ لە ئەڵقەی دۆستانەوە هەڵکشام بەرەو کۆنفرانس و لەوێش بە ئەندامی کۆنگرەی حیزب و ئەندامی مەحەلی کەرکوک متمانەی هاوڕێ شیوعییە ڕاستەقینەکانم بەدەستهێنا، لە یەکەم کۆبوونەوەی مەحەلی کەرکوک بە بەرپرسی سەربازی کەرکوک دەسنیشانکرام، فشار و ڕقەبەرایەتی بەزیووەکانی مەحەلی کەرکوک تا دەهات زیادی دەکرد، جارێکیان لە سەردانێکمدا بۆ سەرپەرشتی و کۆبوونەوەی بەتالیۆنی چەمچەماڵ، زانیاریم هەبوو بروسکە کراوە بۆ (هاوڕێ ئاسۆ کاکە خان)ی فەرماندەی بەتالیۆن کە پێشوازیم لێنەکات و لە دانیشتنی دۆستانەی ئەم ساڵانەی دواییدا بە گلەییەکەوە ئەو باسەم لەگەڵیدا کردەوە، بەڵام وا دیار بوو یا ئەو بیری نەمابوو یا زانیارییەکەی ئەو دەمە بە هەڵە بە من گەیشتبوو، بەڵام ئەمەم لەزاری (مخابر)ی بارەگاوە بیست کە زۆر بە دڵشکاوییەوە باسی دەڵەچەیی بەرپرسانی ئەو کاتەی بۆ دەکردم و پێداگری لێدەکردم ئەم نهێنییە لە هیچ کات و شوێنێکدا نەدرکێنم ...

بەڵێ خەونی ڕەنگاڵەیی زیندانم نەک نەزۆک، بەڵکو لنگەوقووچ دەرچوو، وامدەزانی بەو هەموو مێژووە پاکەوە کە لە زیندان ئازاد بم، لە ڕێز و خۆشەویستیدا حیزب جێیەکی شایستە نادۆزێتەوە منی لێدابنێت.

بەڵێ لەبەر هەلپەرست و خۆپەرست و ماستاوچی و بەزیو، جێیەکیان نەدۆزییەوە منی لێدابنێن، ونی هەڵسەنگاندن و شەقامی پان هیچ دەروازەیەکی کراوەیان لە بەردەممدا واڵا نەکرد، جگە لەوەی مێژووەکەم بخەمە تووڕەکەیەکی دڕاوەوە و حیزب جێبهێڵم و کەشکۆڵ و عەسایەک هەڵگرم و بەدەم پرتە و بۆڵەبۆڵەوە لە ژێر چەتری سەرسوڕمانیدا سەتر بگرم و سەرنج لە خوێڕێتی بەزیوەکان بدەم .

-١٣٢-

(هاوڕێ ئەسعەد) خەڵکی دیالە بوو، ئەو یەکێك بوو لەو هاوڕێ شیوعییە عەرەبانەی کە زمانی کوردی بە باشی فێر بوو بوو، ئاخر زۆر بوون ئەو هاوڕێ عەرەبانەی، کە لەگەڵ ئەوەی سالاّنێکی دووروودرێژ لە کوردستان بوون، بەڵام فێری کوردی نەدەبوون، من و هاوڕێ ئەسعەد، لە سەردەمی پێشمەرگایەتییەوە یەکتریمان دەناسی.ڕۆژێك (ئەسعەد) داوای لێکردم کە بچم بۆ نووسینگەی حیزبی شیوعی عێراقی لە گەڕەکی بەختیاری، بۆ ئەوەی بە ناوی سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق بەشداری بەرنامەیەک بکەم لە پاڵتاك، ئەو کاتە پاڵتاک زۆر باو بوو، منیش گوتم: من پەیوەندیم چییە بە یەکێتی لاوانەوە؟

گوتی: چۆن تۆ لە کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق لە شەقڵاوە بە سکرتێری یەکێتییەکە هەڵبژێردراوی و منیش بە جێگرت، ئەو هەواڵەی ئەو منی تووشی سەرسوڕمان کرد لەبەر دوو هۆکار!!!

+پێشتر من قەت لە ڕیزەکانی یەکێتی لاوان کارم نەکردبوو، جگە لە یەکێتی قوتابیانی گشتی.

+ئەو هەڵبژاردنە لە کاتێکدا ئەنجامدراوە، کە من هێشتا لە زیندانی بەعسدا بووم، ئاخۆ دەبێت ئەمانە لەو کاتەدا چ مەبەستێکیان هەبووبێت، یاخود چ سودێکیان وەرگرتبێت، لە هەڵبژاردنی من وەک سکرتێری ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو، جگە لە مەترسی بۆ سەر ژیانم؟ ئاخر لەو کاتەدا ئەو جۆرە پەیوەندییانە، بەهانەیەک دەبوو بۆ ڕژێم کە بتوانێت زۆر بە ئاسانی تاوانی سەرپەرشتی یان پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو بەسەر منداڵ بسەپێنێت، ئیتر من ئەو کاتە نەمزانی ئەو هاوڕێیانە چۆن وا بیریان کردووەتەوە، بەڵام من وامدانا کە ئەوان بۆ ڕێزلێنان لە من ئەم کارەیان کردووە، بەڵام لایەنی سەلامەتی منیان بەهەند وەرنەگرتووە.سیمینارەکەی پاڵتاکم ئەنجامدا بێگومان بەزمانی عەرەبی بوو، بەڵام هەستم بەوە دەکرد، کە ئەوەی دەگوزەرێت، بە تەنها شانۆگەرییەکە و من ڕۆڵی ئەکتەرێک دەبینم.

لەم ڕۆژانەدا چاوم بە دیداری دایکم و خوشکی گەورەم(گەلاوێژ) ڕۆشن بووەوە، کە لە ئەڵمانیاوە گەڕابوونەوە بۆ سەردانی من، بە دیداری ئەوان کەلێنێکی گەورەی دوای ئازادیم بۆ پڕ بووەوە، لەو ماوەیەی کە ئەوان لێرە مانەوە بەشێك لە ژیانی خێزانیم گەشایەوە.

ڕاستە کەم یان زۆر لە زیندانەوە هەواڵی کوردستان و ژیان و گوزەرانی خەڵک، هەروەها ڕەفتار و مامەڵەی حیزبەکان لەگەڵ میللەت و لە ناو خۆیاندا ئاگادار بووم، بەڵام من هەرگیز چاوەڕێی ئەمەم نەدەکرد کە ئێستا و دوای ئازاد بوونم بەچاوی خۆم دەیبینم و بە گوێی خۆم دەیبیستم، ئەوەی ئەو حیزبانە دەیانکرد هیچی جیگای شانازی



نەبوو، ناوی پێشمەرگە ڕێزی نەماوە
سیاستکردن واتە: دەستکەوت و بەرژەوەندی
دادپەروەری کومەڵایەتی واتە: ئاسنی سارد کوتان
پەروەردە واتە: لە خشتەبردن و هەڵخەڵەتاندن
مێژووی تێکۆشان واتە:نەفامی و بێئاگایی تۆ لە ڕابردوو
باسکردن لە دوا ڕۆژ واتە: فێر نەبوون لە تاقیکردنەوەکان

زۆربەی بەهاکان گۆڕاوە، بەڵام دیارە کە ئەمە بە شەو و ڕۆژێک ڕووینەداوە، ئەوە من بووم زۆر دەمێکە لەو دونیایە دابڕاوم، بۆیە وا یەکجار نامۆم، ئەمەی کە باسم کردووە بەشێوەیەکی گشتییە، ئەگەر ناوی بنێن نەخۆشی، ئەوە حیزبەکەی منیشی گرتبوەوە، کە لە ڕاستیدا دەبوایە چارەسەری هەموو ئەو نەخوشییانە لای حیزبەکەی من بێت. لە داهاتوودا باسی ئەو بابەتە دەکەم، بەڵام من بایی ئەوەندە لە دیالیکتیکی مارکسی تێگەشتبووم، کە هەموو شتێك لە جوڵاندایە لە خوارەوە بەرە و سەرەوە و بە شێوەیەکی(حلزونی) پێچاوپێچ، هەرچەندە وەستانێکی کاتی تێدا ڕووەدات، ئەوەش مانای گەڕانەوەی دوابەدوای جووڵانەوەی مێژوو نییە بەرەو دواوە، بە واتایەکی دیکە بە شکست دەژمێردرێت، بەڵام هەڵسانەوەی حەتمی بەدوادا دێت.

پێمخۆشە باسی ڕێزلێنانی هاوڵاتییەکی کوردستان بکەم بۆ من: ڕۆژێك لە گەڕەکی تووی مەلیکی سلێمانییەوە سواری پاسی نەفەرات بووم بۆ بەردەرکی سەرا، دوای ئەوەی کە دانیشتم و ویستم پارەکە بدەم بە کاکی شۆفێر، گوتیان: پارەکەی تۆ دراوە، پرسیم کێ داویەتی؟ پیاوێك گوتی من. منیش بە شەرمێکەوە سوپاسم کرد و گوتم: ببورە من ناتناسمەوە بەڕێزت کێیت؟ من وامزانی کە یەکێکە لەوانەی لە پێشمەرگایەتی یاخود لە زیندان لەگەڵمدا بوون، یان خزمێک یان ناسیاوێکمان بووبێت، چونکە تاکوئەمڕۆش کە ئەمە دەنووسم، ڕێکدەکەوێت کە یەکێك دەمناسێت، بەڵام من ناینناسمەوە.

پیاوەکە گوتی: نا تۆ من ناناسی، منیش تاکو شەوی ڕابردوو تۆم نەدەناسی، تا ئەو چاوپێکەوتنەی تۆم بینی لە کەناڵی کوردسات، ئێستا تۆ جێگای هەموو ڕێزێکی، لای من ئەوە گەورەترین ڕێزلێنان و خەڵات بوو، هەروەها بڕوای پتەوکردم، چونکە ئەوە لەلایەن هاوڵاتییەکەوە بوو، لە کاتێکدا هەموو شتەکان خراپی دەنواند.

هاوڕێ(ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە) یەکێك بوو لەو هاوڕێیانەی، کە لە یەکەم ڕۆژی ئازادبوونمەوە هەر چەندە دەرفەتی هەبوایە سەردانی دەکردم.هاوڕێ ئەکرەم: کەسایەتییەکی دیار و بەناوبانگی شاری سلێمانی بوو، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە ئەو پەیوەندی بە حیزبی شیوعیی عێراقییەوە کردووە، ئەندام و کادرێکی چالاکی ئەو حیزبە بوو، بایەخێکی ئێجگار زۆری بە مێژوو کولتوور دەدا و چەندکتێبێکیشی لەو بوارەدا نووسیوە، لەوانە (شاری سلێمانی)، وێنە و بەڵگەنامە و زانیارییەکی زۆری لا دەست دەکەوت. زانیاری وردی لەسەر ژیانی سەرکردەکانی کورد دەزانی، هەروەک چۆن خەمخۆری شار بوو، بە هەمان شێوە خەمخۆری حیزبیش بوو، ئەو زۆر لە سیاسەت و هەڵوێستی حیزب نیگەران بوو، هەر چەندە خۆی کەسێکی دەوڵەمەند و لە بنەماڵەیەکی شار بوو، بەڵام زۆر بە پەرۆشی گوزەرانی هەژاران بوو.

هەمیشە لە دانیشتن و گفتوگانماندا ئەو بێئومێد بوو لە سەرکردەکانی حیزب و خەڵکە هەڵپەرستەکانی دەوروپشتیان، بە پێویستی دەزانی کە بنکەی(قاعدە)ی حیزب کارێکبکات بۆ چارەسەری ئەو دۆخە، بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریی خراپی لەسەر ناوی حیزب دروستکردبوو، ئەگینا چارەنووسی سیاسی و پێگەی جەماوەری حیزب لاوازتر و خراپتر دەبێت لە ناو میللەتدا.

بەداخەوە هاوڕێ ئەکرەم لە ٢٠١٩/١/٢٤بە ڕووداوێک کە جێی گومانە کۆچی دوایی کرد.

وا پێوست بوو من بۆ چاوپێکەوتن لە باڵوێزخانەی سوید، سەردانی دیمەشقی پایتەختی سوریا بکەم، بۆ ئەو مەبەستە پێویستیم بە بەڵگەنامە هەبوو، بۆ پەڕینەوە لە سنووری باشووری کوردستان بۆ ڕۆژئاوا(سوریا) لە کوردستانیش بۆ بەدەستهێنانی هەر بەڵگەنامەیەک و کاری فەرمانبەرایەتییەک، دەبوایە پەنات بۆ حیزبێک ببردایە، هەموو حیزبێکیش ڕاستەوخۆ کارەکەی پێئەنجام نەدەدرا بە یارمەتی پارتی و یەکێتی نەبێت، کارەکەی من بە پارتی دەکرا، لەبەر دوو هۆکار:

+پارتی دەسەڵاتی لەسەر سنووری سوریا هەبوو

+پەیوەندی حیزبی شیوعی بە پارتییەوە بە هێزتر بوو.

چووم بۆ مەکتەبی سیاسی حیزب لە هەولێر، لەوێوە هاوڕێیەکیان لەگەڵدا ناردم بۆ لای(حەیدەر فەیلی)کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی و وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بوو، ئەو پێشوازییەکی باشی لێکردم و زیاد لە پێوست دەم بەخەندە بوو. بۆ یەکەمجار لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩ لە بنکەی حیزب لە(توژەڵە)حەیدەر فەیلیم بینی، بەژنێکی درێژ و لاوازی هەبوو، هاوڕێ عەرەبەکان گاڵتەیان زۆر لەگەڵ دەکرد و نوکتەیان پێدەگێڕایەوە، ئەوەی من ئەو کاتە لەسەر ئەو زانیم، کە پێشتر کارمەندی چاپخانەی حیزب بووە لە بەغدا.لەو ماوەیەدا کاری هاتووچۆی ئێرانی دەکرد، بەڵام دوا زانیاریم ئەوە بوو، کە لە سەردانێکیدا بۆ ئێران و لەئەنجامی ڕووداوێکدا، ئەویش بەر ڕەشبگیری

ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، پۆڵا

کەوتووە.زۆر لام ناخۆش بوو، کە کارەکەی من ئەو بۆمدەکات، هەر چەندە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، کە بە باوەش و بەڕێزەوە پێشوازی لێکردم.

من بۆ خۆم پێشتر هیچ گرفتێکم لەگەڵیدا نەبوو، ئەوەتا بەڕوویەکی خۆشەوە کارەکەم بۆ ئەنجامدەدات، بەڵام وا دیار بوو، کاریگەریی قسەکانی هاوڕێکانم بوو کە لەو ماوەیەدا باسیاندەکرد، کە ئەو و کەمال شاکر زۆر ملکەچی پارتین و هۆکاری لەدەستدانی سەربەخۆیی حیزبن، بۆیە ئەو هەستی ناڕەحتییەم پێوە دیار بوو، تەلەفونێکی کرد بۆ یەکێك دوای تەلەفونەکە لەگەڵ کەسێك قسەیکرد کە ناوی(ئومێد)بوو، پێیگوت: هاوڕێ پۆڵا لەگەڵ خۆت بەرەو کارەکەی بۆ جێبەجێ بکە، منیش تەلەفونم بۆ ئەوان کردووە.

لە دواییدا زانیم کە ئەو ئومێدە، ئەندامی حیزبە و سکرتێری نووسینگەی حەیدەر فەیلییە، هەرچەندە لە دوای ڕووخانی ڕژێم فایلی گیراوە کە سەر بە موخابەراتی ڕژێم بووە.

ئومێد منی سواری ئۆتۆمبیلێک کرد و بردمی بۆ لای(عەبدوڵائاگرین)ی پارتی و کارەکەی بۆ جێبەجێکردم.

-٤١٣-

له هەولێر بووم و بە پێویستم زانی کە سەردانێکی بارەگای کۆمیتەی هەولێری حیزب(جێگەکەی باڵەخانەی کۆنی نەقابە)بکەم، بۆ ئەوەی هەندێك لە هاوڕێیانی سەردەمی پێشمەرگایەتی بەسەر بکەمەوە، لە ناو هەموویاندا تەنها هاوڕێ (خاڵە خولە) م ناسییەوە، لە سۆراغی هەر هاوڕێیەکم دەپرسی وەڵامەکان بەم جۆرە بوو:

*لە هەندەرانە

*لەماڵی خۆی دانیشتووە زویرە لە حیزب،

*چووەتە ناو پارتی یان یەکێتی،

*لەگەڵ پارتی کار ڕۆیشت!!

من تێناگەم بە چ لۆژیکێک، هاوڕێیەکی ماندوو نەناسی وەك هاوڕێ(موحسین یاسین) ئیستا لە ناو یەکێتیدایە؟ یاخود بەکر جۆڵێ؟ ئاخر چۆن هاوڕێ (مامۆستا گۆران) ئێستا لێپرسراوی پەیوەندییەکانی پارتییە؟دەیان هاوڕێی دیکە کە تا دوێنێ لە سەنگەری پێشەوەی حیزبدا بوون، بەڵام ئێستا پەرتوبڵاون. بە ڕاستی ئەم بارە کۆمەڵێک پرسیار و وەڵام و پێداچوونەوەی پێویست بوو، من بۆخۆم بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵ (پارتی کار) دا ڕۆیشتبوون، شیکردنەوەیەکم هەبوو:لەو کاتەی کە حیزبی شیوعی عێراق دامەزراوە، بەشێکی زۆری شیوعییە کوردستانییەکان، بوونی حیزبێکی شیوعی کوردستانییان بە پێویست زانیوە، لەو ڕوانگەیەوە کە کێشەی گەلی کورد لەو ڕۆژەی کە کوردستان بە زۆر بە عێراقەوە لکێنراوە، دوو لایەنەیە(نەتەوایەتی و چینایەتیی)، بەڵام حیزبی شیوعی عێراقی هەمیشە دژی ئەو ئاراستەیە بووە، هەر لە حیزبی ڕزگاریییەوە بۆ حیزبی شۆڕش تا یەکێتی تێکۆشان، لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤(ساڵح حەیدەری) ئەو هەوڵەیداوە. زۆربەی هەرە زۆری شیوعییە کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون، کە بوونی حیزبێکی شیوعی کوردستانی پێویستییەکی بابەتییە، لەبەرئەوەی بارودۆخی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەموو جارێک حیزبی شیوعی عێراقی بە هەموو توانایەکییەوە دژی ئەو دەنگ و هەوڵانە دەوەستایەوە و هەوڵی ئەو هاوڕێیانەی بە لادان لەقەڵەم دەدا، بە

قەولی ئەوان یەکێتی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی لاواز دەکات، لەگەڵ ئەوەی حیزبی شیوعی عێراقی خودی خۆی قوربانی دەستی سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت بوو، لەژێر مەبدەئو دروشمی نێونەتەوەیی(الاممیه)، هەرچی شیوعی کوردستانییە، قوربانی دەستی ئەو مەبدەئە لینینییە بوون کە دەڵێت: (قوربانیدان بە بەشێک لە پێناوی گشتیدا)، بەشەکە لێرەدا کوردستان بوو، لە پێناوی سیاسەتی گشتی لە سەرانسەری عێراقدا، هەر چەندە حیزبی شیوعی دروشمی؛ دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بەرز کردبووەوە، بەڵام لە سیاسەتی گشتییاندا نەیانتوانی ببنە خاوەنی ڕاستەقینەی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد، بۆیە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە لە کوردستان لەلایەن خەڵکێکی مارکسییەوە دامەزرا، مارکسییەت لە بنچینەی دامەزراندنیاندا بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر لە سەرەتاوە یەك حیزبی مارکسی هەبوایە، ئەو ململانێیە لە نێوان مارکسییەکانی کوردستاندا بەم ئاکارەی ئەمڕۆ نەدەگەیشت، ئاغا و شێخ و بورجوازییەت، بازرگانی بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کوردەوە بکات، دەکرا وەك دوو حیزبی شیوعی عێراقی و کوردستانی هاوکاری یەکترییان بکردایە.

ئەم گرفتە لە لای شیوعییە عەرەبەکانیش بە شێوەیەکی دیکە بوو، من بۆخۆم گوێم لێیان بووە کە گوتوویانە: کورد دەستی بەسەر سەرکردایەتی حیزبی شیوعیدا گرتووە، ئەوان ئەو ڕووداوە مێژوویییانەیان لە بەرچاو نەبوو، کە لەگەڵ هەموو لێدانێکی حیزبدا سکرتێر و سەرکردایەتی بەر شاڵاوی گرتن و لەسێدارەدان دەکەوتن، ئەوە ئەندامە کوردەکان بوون، جارێکی دیکە حیزبیان کۆدەکردەوە و ڕێکیاندەخستەوە، بۆ نموونە:(حەمید عوسمان، بەهادین نور، کەریم ئەحمد، عزیز محەمەد).

بۆیە بەبۆچوونی من زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە چوونە ناو پارتی کارەوە، ئومێدیان بەوە بوو، کە لە کوردستان حیزبێکی مارکسی سەربەخۆ هەبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کەسانێك و لایەنی دیکە هەبوون، مەبەستی خۆیان هەبووە، بەڵام بە هەرچ هۆکارێک بووبێت، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی شیوعی کوردستانی پێداوستییەکی مێژوویی بابەتی بوو.

لەدوای ڕاپەڕینەوە هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراقی بەرامبەر بە ڕووداوەکان یەکجار لاواز بوو، بە تایبەتی لەیاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان و لە ئەنجامەکەی و ئەو پەرلەمانە فیفتی بە فیفتییە و هەموو ڕووداوەکان و تا ئەمڕۆش. دەرەنجامەکەشی

ئەو سازشکردنەی ئەوان بوو،وا دیار بوو کە گوێنەدانی حیزبی شیوعی عێراقی، لەوەوە هاتبوو کە ئەو ئەرکی سەرەکی هەموو عێراقە، بۆیە زۆر ڕەوایە قوربانیدان بە ڕۆڵی کوردستان لە پێناو عێراقدا. بۆیە لە هەموو کاتێك زیاتر ڕاگەیاندنی حیزبێکی شیوعی کوردستانی پێویستییەکی بابەتی و مێژوویی بوو، هەر لەبەرئەوە بوو دوای جیابوونەوەی کۆمەڵێک هاوڕێی و ڕاگەیاندنی پارتی کاری سەربەخۆ، بە چەند مانگێک و بە ناچاری حیزبی شیوعی عێراقی، حیزبی شیوعی کوردستانی ڕاگەیاند و سەرکرداتییەکەی بە شێوەیەک لەگەڵ سەرکردایەتییەکەی خۆیدا تێهەڵکێش دەکات، کە حیزبی شیوعیی کوردستانی سەربەخۆیی تەواوی خۆی نەبێت.

-١٣٥-

بەرەو سوریا بەڕێکەوتم، لەسنوور پەڕیمەوە و ئێوارەی هەمان ڕۆژگەیشتمە(قامیشلو)، کە شارێکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردە، بە ڕووبی هەژاری بە سیمای خەڵکەکەوە دیار بوو.دەبوایە من سەردانی ئاسایشی ڕژێمی سوریا بکەم، بۆ تومارکردنی هەندێک زانیاری کەسی لەو دەزگایە، ئەگەر هەڵە نەبم ناوی(الامن العسکری)، یاخود شتێك لەو بابەتە بوو.بۆ بەیانییەکەی بەرەو دیمەشقی پایتەخت بەڕێکەوتم، بە پێی ئەو ئەدرێسەی کە پێم بوو نووسینگەی حیزبی شیوعی عێراقیی بوو، پێش ئەوەی من بگەم ئەوان بروسکەیان لە کوردستانەوە پێگەیشتبوو، وا دیار بوو ئیشوکاری(حشع) لە سوریا بە شێوەیەکی باش بەڕێوە دەچوو، لەبەرئەوەی سالانێکی زۆر بوو زۆربەی کارەکانی حیزب لە ڕێگەی سوریاوە ئەنجامدەدرا، هەر لە ناردنی هاوڕێیان بۆ کوردستان و بە پێچەوانەوە، یاخود بۆ دەرەوەی وڵات، هەروەها ناردنی چەك و کەلوپەلی دیکە بۆ پێشمەرگە، ئەم ئاسانکارییە بە تەنها بۆ(حشع) نەبوو، بۆ زۆربەی ئەو حیزبانە بوو کە دژ بە ڕژێمی عێراق بوون، چونکە ڕژێمی بەعسی سوری دژ بە ڕژێمی بەعسی عێراقی بوو. بە بەردەوامی هەردوولا لە هەوڵی لاوازکردن و ڕووخاندنی یەکتریدا بوون. لەنووسینگەی حیزب چاوم بە هاوڕێیەک کەوت کە ناوی(نەوزاد) بوو، من ئەوم نەناسییەوە، لەبەرئەوەی پێشتر هەر ناویم بیستبوو، ئەو برای هاوڕێ ئەبو خالید(ئیحسان)بوو، من پێش ئەوەی ببم بە پێشمەرگە ئیحسانم دەناسی، چونکە هاوڕێی (شەهید مولازم بڕوای برام)بوو، لە کەرکوک دەهات بۆ ماڵمان.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا نەوزاد ئارەزوو دەکات بڕواتە دەرەوە، دەچێت بۆ ماڵی ئیمە کە ئەوکاتە لە سلێمانی بوو، بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی بۆ بدۆزنەوە و ڕەوانەی دەرەوەی بکەن، ئەوانیش لە ڕێگەی دێلێژەوە ڕەوانەی ناو پێشمەرگەی دەکەن.

نەوزاد لە دیمەشق شۆفێری حیزب بوو، بە دیداری من زۆر دڵخۆش و ئاسوودە بوو، ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ هەر کارێك کە بە ئەو ئەنجام بدرێت. بە پێی ئەوەی کە ئەو ماوەیەکی زۆر لەوێ شۆفێر بوو، زانیارییەکی زۆری هەبوو بە تایبەتی لەسەر ئەو کادر

دیمەشق، ٢٠٠٣

و سەرکردانەی کە لە سوریا دەژیان یاخود ئەوانەی کە لەو رێگایەوە هاتوچۆیان دەکرد. ئەو باسی(فەخری کریم زەنگەنە و کەمال شاکر و حەیدەر فەیلی) دەکرد، کە چ ڕەوشت و ڕەفتارێکیان نواندووە، کەسێکی شیوعی بێزی لە خۆی دەکردەوە کە گوێبیستی ئەو باسانە دەبوو.

منیان برد بۆ ماڵێك لە سەروو ناوچەی بەرزە(مساكن البرزه)، ئەم ماڵە وەك میوانخانەیەك بوو بۆ هاوڕێیان، کاتێك گەیشتمە ئەوێ پێش من هاوڕێ کەمال(سهیل الزهاوی)وخێزانەکەی و دایکی خێزانەکەی و کچە ساواکەیان لەوێ بوون، چاوەڕێیان دەکرد کە برۆن بۆ نەرویج.

من پێشتر ئاماژەم بەوە دابوو کە لە پێشمەرگایەتییەوە کەمال دەناسم و لە ناو شاریش پێکەوە کاری نهێنی حیزبیمان دەکرد، لە دوای ئازاد بوونم بە ماوەیەکی کورت لە بارەگای کۆمیتەی سلێمانی بەیەکەوە گفتوگۆمان کرد، ئەو کاتە من هەستێکی وام لا دروست بوو کە ئەم هاوڕێیە باری دەروونی تەواو نییە، کوا ئەو کەمالەی جاران کە یەك پارچە لەوزە و وره بوو، هەر چەندەئێستا ئەو ئەندامی مەکتەبی سیاسییە، بەڵام وا هەستتدەکرد کە

دەیەوێت هەموو شتێکی ڕابوردوو لەبیر بکات.

بۆ یەکەمجار من هاوڕێ کەمالم لە مەڵبەندی حیزب لە بادینان بینی، ئێمە کۆمەڵێک پشمەرگە بووین بۆ هێنانی چەک لەو بارەگایە بووین، لە هەمانکاتدا کەمال و چەند هاوڕێیەکی دیکە، کە لە سوریاوە یەکەم ئێزگەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو لەوێ بوون، لەگەڵ ئێمە هاتن بەرەو بنکەی گۆستا،هەر چەندە کەمال قاچێکی تەواو نەبوو، بەڵام شان بەشانی ئێمە بەڕێگەکەدا دەڕۆشت و هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو کە نەبێتە هۆکاری دواکەوتنی هێزەکەمان.

نازانم چی ڕوویداوە؟ بێگۆمان ئەوەش دەزانم کە مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا هەمان وزە و توانای نییە، ماندوو بوونیش هەیە، بەڵام وا دیار بوو لەو ماوەیەدا کە من لە زیندانداا بووم، زۆر شت لە ناو حیزبدا ڕوویدابوو، بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕین، یەکێك لەوانە: لە لایەن حیزبەوە کۆمەڵێک هاوڕێ نێردرابوون بۆ بەغدا، لەوانە(ئەبوفاروق، پەخشان زەنگەنە، ئەبوعادل، کەمالیش یەکێك بوو لەو هاوڕێیانە)، هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنی ئەم هاوڕێیانە بۆ بەغدا، لەژێر چاودێری دەزگائەمنییەکانی ڕژێمدا بوون و بە ئاگاداری خودی سەدام خۆی، تەنانەت شوقە و ماڵەکانیان کامێرە ڕێژکرابوو.ئەو ڕوویداوە گومانێکی زۆری لەسەر زۆرێک لە هاوڕێیان دروستکردووە، هەر چەندە تاکوئەمڕۆ نە حیزب و نە هیچ هاوڕێیەك بە ڕوونی باسی ئەو کارەساتەی نەکردووە.

-١٣٦-

ماوەیەکە من و هاوڕێ کەمال و هاوسەرەکەی و دایکی هاوسەرەکەی و کچە ژیر و جوانکیلەکەیان(سایە) لە دیمەشق لەم ماڵەی حیزبدا دەژین، ئەوان بەڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکەن. هەروەك ئەوەی کە منیش یەکێك بم لە خانەوادەکەیان، من پێشتر ئەوانم نە دەناسی، هاوڕێ کەمالم دەناسی، بەڵام لەو ماوەیەدا بۆم دەرکەوت کە یەکێکن لە بنەماڵە شیوعییە تێکۆشەرەکان.

وا دیار بوو هاوڕێ کەمال و خێزانەکەی لە ڕێگای(UN)وە مافی پەناهەندەییان لە وڵاتی نەرویج وەرگرتبوو، بلیتی ڕۆژی گەشتەکەیان پێگەیشت کە بڕیار بوو دوای چەند ڕۆژێک لە فڕۆکەخانەی دیمەشقەوە گەشتەکەیان بکەن. خۆیان ئامادە کردبوو، بەڵام ئەوەی کە لە چاوەڕوانیدا نەبوو کە ٢٠٠٣/٤/٩ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام

نەسرولّلا سورچی، پۆلا، دیمەشق، ٢٠٠٣

بێت.ئەو ڕۆژەی کە ساڵانێکی زۆرە زۆرینەی گەلی عێراق و کوردستان و کەسانێك کە دژ بەو ڕژێمە دەجەنگان لە چاوەڕوانیدا بوون.هەر چەندەئەوە ئەمریکا بوو کە ئەو ڕژێمەی ڕووخاند، بەڵام لای زۆربەمان ئەمە گرنگ نەبوو، گرنگ بوو کە ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییە نەمێنێت.

بەو هەواڵە هاوڕێ کەمال پەشیمان بووەوە و بڕیاریدا کە خۆی لەگەڵ خێزانەکەیدا نەڕوات و بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و عێراق، هەر چەندە هاوسەرەکەی و خەسوی زۆر هەوڵیان لەگەڵدا دا کە نەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو لەسەر بڕیارەکەی سور بوو. ئەو گەڕایەوە بۆ عێراق و دوای دوو ڕۆژ من و نەوزاد خانەوادەکەیمان بەڕێکرد بۆ فڕۆکەخانەی دیمەشق. بێگومان خانەوادەکەی زۆر نیگەرانی ئەو بڕیارەی هاوڕێ کەمال بوون، خەسوی کەمال ئەو بڕە پارە(لیرە) سوورییەی کە پێمابوو دای بە من و گوتی: تۆ جارێ لێرەیت و پێویستیت پێدەبێت.

گەڕانەوەی کەمال لەمکاتەدا دەکرا بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکرێت: کەسێکی تێکۆشەری نیشتیمان پەروەر کەخۆی و بنەماڵەکەی قوربانی زۆریان داوە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕژێمەدا، هەر لەو ڕێگایەدا برایەکی لەسێدارە دراوە، دیارە ئەو وا بە پێویستی دەزانی کە لە ڕۆژێکی مێژوویی ئاوهادا، لە نیشتیمانەکەیدا و لەناو میللەتەکەیدا بێت، بەڵام ئەوەش وەك زۆر شتی دیکە تەموومژاوی لێکدانەوەی بۆ کرا، چونکە دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان، لە ناو حیزبدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە، کە گەڕانەوەی هاوڕێ کەمال بۆ ئەوە بووە کە فریای فایلەکەی بکەوێت کە لە لای ڕژێم هەیبووە، بۆ ئەوەی دەست کەسی دیکە نەکەوێت.ئەمەیش تا ئەمڕۆ هیچ ڕوونکردنەوەیەک و پشتڕاستکردنەوەیەک و بە درۆخستەوەیەکی نە لە لایەن خودی کەمالەوە و نە لەلایەن حیزبەوە بۆ نەکراوە.

(مامۆستا نەسرولّا سورچی) کە ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە، ئەو کاتەی کە من لە دیمەشق بووم، ئەو لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو لە سوریا، وەك لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەم پێ دابوو، بۆ یەکەمجار لە بەشی لەسێدارەدان(قاطع الاعدام) ئەو و هاوڕێیەکی بە ناوی (موحسین دزەیی) م ناسی.ئەوان پێش من حوکمی ئیعدام درابوون، بەڵام دوای ئەوە حوکمەکەی ئەوان بە مەرسوم کرا بە هەتا هەتایی(موئەبەد)، لە دوای ماوەیەک حوکمەکەی منیش بە مەرسومی کۆماری کرا بە هەتاهەتایی. لەدوای ئەوە لە بەندیخانەی ئەبوغرێب و ماوەیەك

لە بەندیخانەی بادوش لە موسڵ پێکەوە بووین، لە ساڵی ١٩٩٢دا، ئەو بە لێبوردن ئازاد بوو، ئیتر لەو کاتەوە ئێمە یەکترمان نەدیوە، بەڵام لە دیمەشق جارێکی دیکە بە دیداری یەکتری شادبووینەوە، ڕۆژانە لە نووسینگەکەی کە شوقەیەک بوو یەکترمان دەبینی، ئەو کلیلێکی نووسینگەکەی دابوو بە من، ئیتر ئازاد بووم هەر کاتێک لەوێبم.

لەم ڕۆژانەدا مامۆستا نەسرووڵڵا میوانێکی هات بە ناوی(فریاد ڕەواندوزی) کە لە کەنەدا دەژیا، ئەویش بە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، دەیویست بە زووترین کات بڕواتەوە بۆ کوردستان، دواتر بوو بە پەرلەمانتار لەپەرلەمانی عێراق.

فریاد ڕەواندوزی پێش ئەوەی بڕوات بۆ کەنەدا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە، ئێوارەیەك لە سەرخوانەکە گفتوگۆیەکی چڕ و پڕمان لەسەر ڕابردوو داهاتوو، وە هەروەها ڕۆڵی ڕاگەیاندن کرد. لەو هەموو باسەی کە کرا، ئەم باسەی فریادم قەت لە یاد ناچێت کە گوتی: ئەو کاتەی کە لە ڕاگەیاندنی یەکێتی کارم دەکرد، کە(جەلال تاڵەبانی) لێدوانێکی دەدا، دەستمان لەسەر دڵمان بوو، دڵنیابووین کە شتیك دەڵێت کە لەگەڵ قسەکانی پێشووتریدا ناگونجێت، ئینجا دوایی دەبێت ئێمە لە ڕاگەیاندنین بۆی پینە بکەین.

-١٣٧-

لە نووسینگەی حیزبی شیوعی عێراقی لە دیمەشق کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا، منیش لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووم، بۆ یەکەمجار ڕووبەڕوو هونەرمەندی دەنگخۆش و بە هەڵوێستی عێراقی(فؤاد سالم)م بینی.فوئاد سالم مرۆڤێکی ڕووخۆش بوو، هەمیشە خەندە لەسەر لێوەکانی بوو، ئەوەی شایەنی باسە ئەو هونەرمەندە لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە زۆر ئەشکەنچەی ڕۆحی درابوو، دەرگای هونەریان لەسەر داخستبوو، بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەك سازشی لەسەر هەڵوێست و بیروباوەڕی نەکرد، چۆکی بۆ ئەو ڕژێمە دانەدا و هونەرەکەی هەرزانفرۆش نەکرد، بە بەراورد بە زۆربەی هونەرمەندەکانی دیکەی ئەو دەمە. هەر ئەو هۆکارە بوو وای لەو هونەرمەند کرد کە ساڵانێکی زۆر دوور لەوڵاتەکەی خۆی بژی. بێجگە لە کوردستان ئەو هەموو ساڵە شارەکەی خۆی(بەسرە)ی نەدیبوو، لەمکاتەدا خۆی ئامادە دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان.

هەر لە کۆبوونەوەدا هاوڕێیەکی عەرەبی باڵابەرز بە خەندەوە تێیدەڕوانیم، کە دەرفەتی بۆ ڕەخسا هاتە تەنیشتمەوە و گوتی: ئەوە چییە دەڵێی نامناسیتەوە؟

من: شێوەت دەکەم، بەڵام نایەتەوە یادم کەی و لە کوێ بینیومیت.

ئەو: تۆ و کەسوکارەکەت چاکەیەکی گەورەتان لەگەڵ کردووم، کە هەرگیز لە یادم ناچێت.

من: هیچم لە یاد نییە.

ئەو: من سەباح مەندەلاویم، لەبیرتە لە بنکەیەکی لای(لۆلان) لە ١٩٨٥دا، تۆ شەوێك لە بارەگاکەمان مایتەوە و پرسیارت لە من کرد، هاوڕێیەک دەناسیت بە ناوی (سەباح مەندەلاوی)؟

من گوتم: بۆ؟

تۆ: نامەیەکم پێیە بۆ ئەو، کە لە لایەن خانەوادەکەیەوە بۆی هاتووە.

منیش گوتم: ئەوە منم.

دوای ئەو قسانەی ئەو، من ئەو نامەیەم هاتەوە یاد کە ئەوکاتە بۆم هێنابوو، ئەو پێش

چەند مانگێک نامەیەکی ناردبوو بۆ خانەوادەکەی، ئەوانیش نامەیان بۆ ناردبووەوە، ئەوە بوو ئەو نامەیە ماوەیەک لای من بوو، هەتا سەباحم بەو شێوەیە دۆزییەوە.ئاخر ئەو دەمێك بوو لە کەسوکارەکەی دابڕابوو، لە بیرمە ئەو شەوە تا بەیانی ئەو خەریکی خوێندنەوەی نامەکە بوو، وەک بڵێیت ڕۆمانێك دەخوێنێتەوە نەك پارچە کاغەزێک. سەباح مەندەلاوی خۆی هونەرمەند بوو، هاوسەرەکەشی کچی جەواهیری شاعیر بوو، ئەویش گەڕایەوە بۆ عێراق و بوو بە نەقیبی سەندیکای هونەرمەندان.

لە ڕێگای(مامۆستانەسرولڵا)وە هاوڕێ(فازیلئەحمەدفەرەج)م دۆزییەوە،چونکە ئەوان پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو، هاوڕێ فازیل ماوەیەکی زۆر لەگەڵ خێزانەکەی(کوێستان خان و دوو کچەکەیان نێفی و لالە)، لە دیمەشق بوون و چاوەڕێیان دەکرد کە بڕۆن بۆ کەنەدا. لەو کاتەدا بوونی هاوڕێ فازیل و خێزانەکەی لە دیمەشقبۆ من جێگای دڵخۆشی بوو.

هەروەك لە(ڕووناکییەوە بۆ تاریکی)دا، ئاماژەم بە هاوڕێ فازیڵ و سیانزە هاوڕێی دیکە دابوو، کە لە ١٩٨٩ دا، دەستگیرکرابوون. لەو سیانزە کەسە هاوڕێ فازیل و(کەمالی

نیڤی، لالە، پۆڵا، فازل

برای و نەرمینی خوشکی و ئاشتی کچی پووری)ئەو، لەگەڵ دستگیرکراوەکاندا بوون. هاوڕێ فازیل خۆڕاگرییەکی بێوێنەی هەبوو، لە ئەنجامدا لەگەڵ(هاوڕێ سەعدون) سزای لەسێدارەیان بەسەردا درا، لە دواییدا بە مەرسومی کۆماری سزاکەیان بۆ هەتاهەتایی(موئەبەد) گۆڕدرا و لە ١٩٩٢دا، بە لێبوردن ئازادکران.

زیندان کاریگەری خراپی لەسەر باری تەندروستی هاوڕێ فازیل بەجێهێشتبوو، ئەو ساڵێک زیاتر لە ژووری تەنهایی(انفرادی)دا، لە ژێر ئەشکەنجەدا بوو. ماوەیەك لە بەشی لەسێدارەدان(قاطع الاعدام) بوو، بێجگە لەو خۆڕاگری و ئازایەتییەی کە لە زیندانداا هەیبوو، ئەو مرۆڤێکی زیرەك و هێمن و لەسەرخۆ بوو، بەداخەوە لەدوای ئازادبوونی لە زیندان، جگە لەخراپی باری تەندروستی خۆی، لەلایەن حیزبیشەوە هەڵسەنگاندنێکی شایستەی بۆ نەکرابوو، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا لەگەڵ خێزانەکەیدا لە کەنەدا دەژین.

-١٣٨-

لە دوای ئەوەی لە باڵیۆزخانەی سوید لەدیمەشق کارەکەم تەواوکرد، ڕاستەوخۆ گەڕامەوە بۆ کوردستان، کە لەسنوری ڕۆژئاوای کوردستانەوە پەڕیمەوە بۆ باشووری کوردستان و لەو ماوە کورتەی ڕووخاندنی ڕژێمدا، هەستم بە گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە کرد؛ ڕێگەکانی نیوان شارەکان پڕ بوون لە ئۆتۆمبیلی سەربازی ئەمریکی. هەروەها ناو شارەکانیش بەتایبەتی دهۆک، خەڵکەکە زۆر دڵخۆش و گەشبین بوون، ئاخر دوای ئەو هەموو نەهامەتییەی کە دووچاریان بووبوو، چاوەڕێ و خوازیاری داهاتوویەکی باش بوون، بازاڕەکان کراوە و بووژانەوەیەکی زۆری پێوە دیاربوو، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئۆتۆمبیلی نوێی جۆراوجۆر بەسەر شەقامەکاندا دەبینرا. بازاڕی ئۆتۆمبیل گەرم و هەرزانیش بوو، بە تایبەتی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ناویان لێنابوون(علوج) کە ژمارەی تومارکراویان نەبوو، هەتاکوئەمڕۆش ئەو ناوە هەر ماوە و کێشەکەشیان بەردەوامە.

وشەی(علوج) تایبەت بوو بە(محەمەد سەعید سەحاف)ی وەزیری ئەو کاتەی ڕاگەیاندنەکەی ڕژێمی بەعس، کە لە شەڕی کەنداوی سێدا و لە کاتی پەلاماردان و داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، ئەو لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانیدا کە لە تیڤییەکانەوە پەخشدەکرا، سەربازە ئەمریکاییەکانی بە علوج ناوزەند دەکرد،ئەو ناوەشی لە ڕووداوێکی مێژوویی وەرگرتبوو.

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێم،ئەمریکییەکان ڕێگەیان بۆ خەڵکەکە خۆشکرد، کە هەموو داموددەزگەکانی دەوڵەتی عێراق تاڵان(فەرهود) بکەن، لە مێژووی ئیسلامەوە لە ناوچەکەدا تاڵانی کارێکی باو بووە و پێیدەگوترێت (غنیمە)، بەهەمان شێوە لە عێراقی سەردەمیشدا، کوشتن و تالانکردنی ماڵ ومووڵکی جووەکان بە ئاشکرا دەکرا، بە تایبەتی فەرهودی مانگی حوزەیرانی ١٩٤١، بە درێژایی مێژوو کوردستانیش لەو تاڵانییە بێبەش نەبووە.

ئەو ئۆتۆمبیلانە هەمووی مووڵکی دەوڵەتی عێراقی نەبوون، بەهۆی ڕووخانی ڕژێم و هەڵوەشانەوەی سوپا و داموددەزگائەمنییەکانی دیکەی عێراقەوە، کوشتن و دزی بە

شێوەیەکی بەربڵاو هەموو وڵاتی گرتبووەوە و ژمارەیەکی زۆر لەو ئۆتۆمبیلە دزراوانە هی هاوڵاتیان بوون.

لە شەقام و بارەگا حیزبییەکاندا باس باسی مەلەفدارەکان بوو(ئەو کەسانەی کە سیخوڕییان بۆ دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم کردبوو)ئەو ناوانەی کە باسی لێوە دەکرا، لە سەرکردەکانەوە بۆ بچوکترین ئەندامی خوارەوەی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی تێدا بوو. هەر حیزبە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە ناوی ئەندامە مەلەفدارەکانی حیزبەکەی دزە نەکات، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا بە سەدان ناو لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، هەتاکو کار گەیشتە ئەوەی(مەسعود بەرزانی) لیژنەیەک بە سەرپەرشتی دادوەر(ڕزگار محەمەدئەمین)بۆ لێکۆڵینەوە لە مەلەفداران پێکبهێنرێت، بەڵام وەک هەموو کارەکانی دیکە، نە پارتی و نە یەکێتی ئامادەیی هاوکاری لیژنەکە نەبوون، بۆیە تاکوئەمڕۆ هیچ ئەنجامێکی نەبووە، ئەو خائینانەش هەروەك خۆفرۆشانی پێش ڕاپەڕین، ناپاکەکانی خاك و میللەت وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون.

هاوڕێ(محەمەد پشدەری) کادرێکی پێشکەوتووی حیزب و کارمەندی تەندروستی

محەمەد پشدەری، وتار خوێندنەوە لە یەکێك لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکدا

سلێمانی بوو، ئەو لەناو خەڵکی شاردا زۆر ناسراوبوو، چونکە وەك مرۆڤێکی شیوعی هەمیشە لە خزمەتی چینی هەژاردا بوو، بە تایبەتی لەو کلینیکەی کە بۆ چارەسەری سروشتی بۆ خزمەتی خەڵک دابنابوو. هاوڕێ محەمەد لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر کاری حیزبی زیندانی کرابوو، هاوسەرەکەشی ئەندامی چالاکی حیزب و کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان بوو.

هاوڕێ محەمەد پشدەری پێیڕاگەیاندم؛ ئەوان لە لیژنەی شاری سلێمانی پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی منە و داوایان کردووە کە من لەگەڵیان بم، بەتایبەتی کە کار دەکرێت بۆ بەستنی کۆبوونەکان و کۆنفرانسەکان بۆ هەڵبژاردنی بەشداربووان بۆ کۆنگرەی داهاتووی حیزب، ئەو گوتی: ئێمە خۆشحاڵ دەبین کە داواکارییەکەمان قوبوڵ بکەیت، منیش لە وەڵامدا گوتم باشە.

-١٣٩-

دمێك بوو من له كاری ڕێكخستن دابڕابووم، بەهۆی ئەو هەموو ساڵەی كە له زیندانداا بووم، وەهەروەها جیاوازییەكی زۆر هەیە له نێوان كاری ڕێكخستن له پێشمەرگایەتیدا و ڕێكخستن لەناو شاردا و بەتایبەتی له كەشێكی ئاوا ئازاددا، ڕاستە من له قوتابخانەی حیزبی(مدرسه الحیزبییه) خوێندبووم، بەڵام ترسی ئەوەم هەبوو كە له دوای ئەو دابڕانەوە نەتوانم كاری ڕێكخستن بە باشی ئەنجام بدەم.

دوای بەشداربوونم له كۆبوونەوەكاندا، بۆ من جێگەی داخ بوو، كە ڕێكخستنەكانی حیزب بەو داڕماوی و داهێزراوییەوە ببینم، ئەمە جگە لەوەی كە پێگەی حیزب نەك بەتەنها لەناو جەماوەردا، بەڵكو لەناو كەسوكاری شەهیدان و پێشمەرگەشدا لاواز و بێبایەخ بووبوو، هەموو هۆكارەكانیش دەگەڕانەوە بۆ كەڵەكەبوونی هەڵەكانی حیزب له ڕووی فیكری و سیاسی و سەربازی و جەماوەرییەوە، كە هەمووی بەبێ هەڵسەنگاندن و چارەسەر مابوونەوە. گوێنەگرتن له هاوڕێ دڵسۆزەكانی حیزب و دژایەتی كردنیان و دەرپەڕاندنیان له حیزبدا، له هەمانكاتدا ڕێگە خۆشكردن بۆ كەسانی هەلپەرست و ماستاوچی و هەر ئەوانەش خاوەنی بڕیار بن، له ڕاستیدا چینێكی بۆرژوای بیرۆكراتی مشەخۆر لەناو حیزبدا دروست بووبوو، ئەمانە بەدوای دەستكەوت و ئیمتیازاتی خۆیانەوە بوون، بەتایبەتی له سەركردایەتی حیزبدا. له جیاتی كاركردن بۆ یەكسانی كۆمەڵایەتی و بەرەوپێشبردنی حیزب و دروستكردنی بازنەیەك بە دەوری بیروئامانجەكانی حیزب و بزوتنەوەی جەماوەریدا، بە پێچەوانەوە پەرتەوازە و لاوازكردنی پێگەی جەماوەری حیزب.

كێشەكان زۆر زەق بوون، پرسیاری سەرەكیش ئەوە بوو، ئایا حیزبێكی خاوەن مێژوو و خەباتێكی بێوچان، ئێستا بۆ دەبێت ئاوا بێت؟ سەرانی حیزب بەتەنها یەك وەڵامیان هەبوو، ئەوەیش هەرەسهێنانی بلۆكی سوشیالستی و یەكێتی سۆڤێت بوو.

لەڕاستیدا ئەمە یەكێك بوو له هۆكارەكان، چونكە ئەو گۆڕانكاریانە هۆكارێكی بابەتی بوون، كاریگەری لەسەر هەموو حیزب و كەسە شیوعی و ماركسییەكانی جیهان هەبوو،

بەڵام ئەم بارە خراپەی حیزب هۆکارەکەی ناتەندروستی خودی سیاسەتی حیزب بوو، لە هۆکارە گرنگەکان:

+نەبوونی سیاسەتێکی سەربەخۆ

+فەرامۆشکردنی لایەنی سەربازی+نەبوونی ڕاگەیاندنێکی سەردەمیانە

+هەڵپەرستی و ڕاکردن بە دوای دەستکەوت لە ڕێگای کاری حیزبییەوە

+نەبوونی پەروەردەی فکری

+ڕێگەنەدان بە بیروبۆچوونی جیاواز و سەرکوتکردنی هاوڕێیان بە بیانووی یەکێتی بیر و ڕیزەکانی حیزب.

بە پێویستمان زانی کە کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ هاوڕێیان ساز بکەین و من بەشێوەیەکی گشتی باس لە ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی حیزب و چۆنێتی کارکردن لەناو جەماوەردا و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان لەم بوارانەدا بکەم. لە هەمانکاتدا چی بکەین بۆ هەڵسانەوەی حیزب و هەروەها هاوڕێیان بە ڕاشکاوی بیروبۆچوون و ڕەخنە و پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو.

کۆبوونەوەیەکی فراوان لە بارەگای کومیتەی سلێمانی ئەنجامدرا، من زۆر بەڕوونی و ڕاشکاوی ئاماژەم بەو خاڵانەدا کە هەڵە بوون لە هەڵوێست و سیاسەتی حیزبدا، داوامکرد کە دەبێت ئەرکی هەموو ئەندامێکی ئەو حیزبە بێت، کە ڕەخنە بگرێت و چاودێر بێت لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی حیزب. هەر لە کاتی قسەکردندا ئاگادار بووم کە هەندێك لە هاوڕێیان گاڵتەیان بەو قسانەی من دەهات، وەك بڵێن: ئەم قسانەی تۆ زۆر کۆنە تۆ لە گوێی گادا نووستوویت.

من بۆخۆم هاوڕێیانم بەسەر چەند گروپێکدا دابەشکرد:

-بەشێك لە هاوڕێیانی خاوەن بیروبڕوا و کۆڵنەدەر، ئەوان هەستیان بە هەموو هەڵەکانی سیاسەتی حیزب دەکرد، لەو بڕوایەدا بوون کە لە ڕێگای کارکردن و هەوڵدان دەکرێت سیاسەتی حیزب بەرەو ئاڕاستەیەکی تەندروست و سروشتی وەك حیزبێکی شیوعی بەرن.

-بەشێك لە هاوڕێیان دەرونشی حیزب بوون، ئەوان هەرشتێك لە لایەن حیزبەوە بگوترایە لەگەڵی بوون.

-بەشێکی دیکە لەوەتەی هەن خۆیان لەناو حیزبی شیوعیدا دۆزیوەتەوە، مێژوو

پێگەی کۆمەڵایەتییان وابەستەبوو بەو حیزبەوە، بۆ ئەوانە ئاستەم بوو کە خۆیان لە دەرەوەی حیزبدا ببینێنەوە.

-بەشێکیش سودمەندبوون لە ناو حیزبدا و کاری حیزبییان وەك پیشەیەك وەرگرتبوو، کارمەندی حیزبی بوون.

پۆڵا، ڕەحمان غەریب
بارەگای حیزبی شیوعی سلێمانی

ڕۆژ له دوای ڕۆژ هەواڵی فایلدارەکانی(سیخوڕەکان)ی حیزبەکانی کوردستان بۆ ڕژێمی ڕووخاو فراوانتر دەبوو، ناوی زیاتر و نوێ بڵاودەبووەوە. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە گوایە پێش پەلاماردانی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە، ڕژێمی عێراق هەرچی بەڵگەنامەی گرنگ هەبووە ڕادەستی(پدک)ی کردووە، بۆ ئەوەی لەئەگەری بۆردوومانی ئەمریکییەکان بۆ ئەو شوێنانە، ئەو بەڵگەنامانە پارێزراوبن و لە ناونەچن، ئەمەیش بەو مانایە دێت، کە ئێستا ڕژێم نەماوە و هەموو فایلەکان لەلای پارتییە.

بە بۆچوونی من ئەمە دوور بوو لە ڕاستییەوە، هەر چەندە هەمیشە پارتی پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمدا هەبووە، بەڵام ئەمە تەنها پڕوپاگەندەی دەزگای پاراستنی پارتی بوو، بۆ ئەوەی وا پیشانی حیزبەکان و مەلەفدارەکانیان بدات، کە پارتی هەموو زانیارییەکی لەلایە، بەتایبەتی زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسەوە هەبووە، بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو ناپاکانەی ناو حیزبەکانی دیکە ترسیان لە پارتی هەبێت و دژی نەوەستنەوە و لە خزمەتیدا بن.ئەوەتا تا ئەمڕۆ ئەمەیە شێوازی کارکرنی دەزگای پاراستن، بە بەکارهێنانی خاڵی لاوازی کەسایەتییەکانی ناو حیزبەکانی دیکە، بەتایبەتی لایەنی سێکسی، بۆ بێدەنگ کردنیان و کرینی هەڵوێستیان، دەزگای زانیاریی یەکێتیش بە هەمان شێوە کار دەکات.

ئەگەر ڕادەستکردنی بەڵگەنامەکان لە لایەن ڕژێمی عێراقییەوە بە پارتی ڕاست بوایە، ئەوا وەزارەتی بەرگری ئەمریکا(پینتاگۆن)ئەو ٤٨ هەزار کارتۆنە بەڵگەنامانەیەی بۆ ئەمریکا نەدەگواستەوە و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی(CIA) و حیزبە سیاسییە عێراقییەکان و هاوڵاتییان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەستییان بەسەر ئەو ژمارە زۆرە لە بەڵگەنامە نەدەگرت.

دەتوانین خەڵکە فایلدارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین:-

- کەسانێك خۆیان ڕاستەوخۆ بە یەکێك لە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە پەیوەندییان هەبووە(ئەمن، موخابەرات، استخبارات، هتد)

- کەسانێك لە ڕێگەی کەسێکی دیکەوە کاری بۆ دەزگایەکی ئەمنی ڕژێم دەکرد.

- کەسانێك بە ئاگاداری یەکێک یان چەند کەسێك لە حیزبەکەی یاخود ڕێکخراوەکەی، بۆ یەکێك لە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم کاری دەکرد، واتە سیخوڕی دوو لایەنە(جاسوس یان عمیل مزدوج)بوو.

- کەسانێك بە ئاگاداری یاخود بێئاگاداری حیزبەکەی، سیخوڕی بۆ ڕژێم دەکرد، ئەوەیش هەواڵ و زانیاری حیزبەکانی دیکە نەک حیزبەکەی خۆی، دەیدا بە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم.

- کەسانێك ناوی کەسێك یاخود چەند کەسێکیان بە دەزگایەکی ئەمنی ڕژێم دەدا، کە گوایە باوەڕی بەمانە هێناوە کە لە ڕێگەی ئەوەوە خزمەت بە ڕژێم دەکەن، مەبەستیشی لەم کارە ئەوە بووە، کە بە چالاکی بۆ خۆی بژمێردرێت بۆ دەستکەوت و پایە و متمانە، بەبێئەوەی ئەو کەسانەی کە ناویان دراوە ئاگاداری هیچ شتێک بن.

ئەو فایل و مەلەفانە لە دەستی هەندێک لایەندا بوون، کە کەسانێک سەوداکاریی جۆراوجۆریان پێوە دەکرد، بۆ نمونە: فرۆشتنەوەی بە خاوەن فایلەکە بەرامبەر بڕێک

فایل و بەڵگەنامە

پارە، یاخود بێدەنگکردنی لە کاتی پێویستدا، یاخود بەبێ خواستی خۆی کارێکیان پێئەنجام دەدا، هەندێکجار دەگەیشتە کاری سێکسی.

ئەوەی کە پێویستە لێرەدا من ئاماژەی پێبدەم، فایلی ئەندامەکانی حشکە، دوو دانەی لێهەڵبژێرم:(صبحي مهدي و ئازاد سەرچناری)، لەبەر ئەوەی مەکتەبی سیاسی حشک، بە دوو پێوەری جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ ئەو دوو مەلەفدارە کرد.

ئێوارەیەک(ڕەحمان غەریب) بەشڵەژاوی هات بۆلای من و گوتی: هاوڕێ پۆڵا من ئێستا لە هەولێر هاتوومەتەوە، لە مەکتەبی سیاسی حیزب بووم. دوای ئەوەی چەند فایلێکم لە بینای دەزگای هەواڵگری عێراق(موخابەرات)دەستکەوت و ناوی چەند هاوڕێیەکی حیزب، کە پەیوەندییان بە دەزگای موخابەراتی عێراقییەوە هەبووە تێدابوو، یەکێك لەو ناوانە(سوبحی مەهدی) بوو، بەڵام(کەمال شاکر) چەند کاتژمێرێك لە ژووری دەرگەی لەسەر داخستم و دوایی بەو مەرجە ئازادیکردم، کە نابێت ئەمە لای هیچ کەسێک باس بکەم.

-١٤١-

دوای ئەو هەواڵەی کە لە (ڕەحمان غەریب)ەوە بیستم، من بە تەواوەتی تێکچووم، ئاخر لای من زۆر سەختبوو، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی فایلداربێت، ئەوەی(کەمال شاکر)یش کە بەرامبەر بە ڕەحمان کردبووی بەو جۆرە لێکمدایەوە: لە ئێستادا سەرکردایەتی حیزب نایەوێت ئەم هەواڵە دزە بکات، لە دوای لێکۆڵینەوە خۆیان بە کاری پێویست هەڵدەستن، بەڵام ئەوەی کە زۆر نامۆ بوو لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا و لە لایەن مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی کە(سوبحیمەهدی) فایلدار سکرتێری بوو، ڕێکخراوەکانیان ئاگادارکردەوە کە(ئازاد سەرچنار)ی ئەندامی مەکتەبی کۆمیتەی سلێمانی و چەند ئەندامێکی دیکە، لەبەر پەیوەندییان بە ڕژێمی ڕووخاوەوە لە حیزب دەرکران. بەبێ ئەوەی باس لە فایلی صبحي بکرێت یان ناوی بهێنرت، یاخود ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی ئەو بدرێت.

من پێش ئەوەی زیندانی بکرێم، هیچ زانیارییەکم لەسەر(سوبحی مەهدي و ئازاد سەرچناری)نەبووە، تەنانەت ناویشیانم نەبیستبوو.

بەڵام کە لە زیندان ئازادبووم، تێبینیم کرد کە»سوبحی مەهدی» لە ناو هاوڕێیاندا خۆشەویست نەبوو، بە پێچەوانەوە «ئازاد» زۆر چالاك و خۆشەویست بوو، ئازاد وا خۆی پیشان دەدا، کە لەگەڵ سەربەخۆیی حشکە و دژی دەستتێوەردانی حشعە لە کاروباری حشکدا، وا دیار بوو کە لە مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی لە نێوان لایەنگرانی ئەو دووانەدا ناکۆکی هەبوو.

ئێمە کە دەربارەی فایلەکەی قسەمان لەگەڵ ئازادکرد، ئەو نکولّی لە فایلەکەی نەکرد، بەڵام بە قسەی خۆی ئەندامی سەرکردایەتی حیزب هەیە کە ئاگاداری ئەو پەیوەندییەی ئەو بووە بە ڕژێمی ڕووخاوەوە، بۆیە ئێمە ئەو گومانەمان لا دروست بوو، کە دەرکردنی ئازاد بە بڕیارێکی سەرپێی و وا بە پەلە و بەبێ لێکۆڵینەوە، بۆ داپۆشینی کارێکی گەورەترە.دەکرا ڕاگیرایە لە کاری حیزبی(تجمید)، لەبەرئەوە بوو کە ئێمەیش لەسەر ئەم بنەمایە، داوامانکرد کە حیزب لیژنەیەکی بێلایەن لە هاوڕێیانی شارەزا لە بواری یاسادا بۆ

بۆ / سەرجەم رێکخراوەگانی حزب

1-پاش رزگاربوونی عێراق لە چنگی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا، جەماوەری گەل و هێزە سیاسیەکان لەنیوانیاندا رێکخستنەکانی حزبمان، توانیان دەستبگرن بەسەر کۆمەڵێك فایل و بەڵگەنامەی دام و دەزگاکانی سەرکوتکەر و جاسوسی سەربە رژێم. کە تیایدا ناوی کەسانی جۆراوجۆری تێدایە لە هاوولاتی ناساییەوە بگرە تا سەرۆك عەشایەر و بەرپرسی حزبی و ئەندامانی حزبەکانی کوردستان و عێراق و وێڕدان و هەستی خۆیان تەسلیم بەو رژێمە خوێنمژە کردووەو بوونەتە دارددەستیان و کاری جاسوسی و تیکدەرانەیان بەرامبەر بە هێزو لایەنە نیشتمانییەکان و تێکۆشەرانی گەلەکەمان ئەنجامداوە. لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا دوو بەڵگەنامەی تێدایە کە پەیوەندی هەریەك لە (ئازاد سەعید محەمەد) ناسراو بە ئازادی سەرچنار کە ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بووە، بە دەزگای (موخابراتی رژێمەوە). بەڵگەنامەیەکی تر ئاشکرای پەیوەندی (ئومێد محمد صالح) دەکات کە ئەندامی حزبەو لە سنووری کۆمیتەی پارێزگای هەولێر بەدام و دەزگاکانی چاسوسی رژێمەوە.

دیارە پاش لێکۆڵینەوە لەو بەڵگەنامانە حزب دڵنیابوو کە هەردوو ناوبراو پێوەندییان هەیەو، هەریەکەیان بە جیا بانگ کراون و راستی مەسەلەکانیان لەگەڵدا باسکراوە، هەرچەندە لە سەرەتاوە نەچوونە ژێر باری راستییەکان، بەڵام کە بەڵگەنامەکان ئاشکرا کران زیاتر هەریەکەیان لای خۆی بڕیاری دا کە رۆڵێکی ئیجابی ببینێ بۆ چاوگێڕانەوە بە خۆیدا، تا متمانە بۆخۆی دروست بکاتەوە حزبیش بڕیاری دا بە دەرکردنیان لە ریزەکانیداو هێشتنەوەی مەسەلەکە بە شێوەیەکی نهێنی و ناوخۆیی، بەڵام پاش ئەوەی کە هەفتەنامەی هاوولاتی لە ژمارە 138 دا بڵاوی کردەوە کە حشك دوو سیخور لە ریزەکانیدا دەردەکات.. ئازادو ئومێد ڕوونکردنەوەیان بڵاوکردەوە کە بەڕەچی ئەو هەواڵە دەدەنەوەو ئازاد سەرچناری نەك هەر هەواڵەکە بە درۆ دەخاتەوە بگرە چەند تۆمەتێکیش دەخاتە پاڵ حزب لەبەرئەوە بۆ بەرچاوڕوونی رێکخراوەکان بە پێویستمان زانی ئەو ڕاستییانە ڕوون بکەینەوە، کە لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە لەسەر ئازادی سەرچنار:

1. لە ساڵی (1997)ەوە پەیوەندی هەبوو. بە دەزگای موخابەراتی رژێمەوە، لە رێگەی (مشیر مستەفا الجاف)ەوە کە لە رۆژانی پێش ڕووخاندنی رژێم (ی.ن.ك) گرتوویەتی.
2. جارێك چۆتە بەغداو جێگری لێپرسراوی موخابەراتی رژێمی بینیوە.
3. لەلایەن دەزگای موخابەراتەوە مانگانە سەرەتا 250 دۆلار دواتر بووەتە 100 دۆلاری وەرگرتووە.
4. پاسەپۆرتی عێراقی بۆکراوە، بە مەبەستی چوونە دەرەوە تا سوریا بە زانیاری موخبەرات رۆیشتووە.
5. زانیار تەواوی لەسەر پێکهاتەی حزبو هەرەمێتی لە سکرتێرەوە بۆ کۆمیتەی پارێزگاکان و چۆنیەتی دابەشکردنی کار داوە.
6. زانیاری لەسەر رێکخراوی (یەکیتی لاوانی دیموکراتی داوە) بە رژێم.
7. زانیاری لەسەر حزبە ئیسلامییەکان و بە تایبەت جند الاسلام داوە بە رژێم.
8. چەندین نامەی ناوخۆیی (حشع و حشك)ی داوە بە دەزگای موخابرات.

لەبەرئەوە لە کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی دیراسەی مەسەلەکە کراوەو بڕیاری دەرکردنی دراوە لێژنەیەکیش لە کۆمیتەی ناوەندی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دا کردوەو دانی بە کردەوەکەی داناو دووپاتی بڕیاری حزبی لێکرایەوە کە لە ریزەکانیدا دەرکراوە.

م.س

لێکۆڵینەوە لەم کەیسە پێکبهێنرێت، ئەو کاتە گوێش لە ئازاد بگرن، چونکە ئەویش مافی خۆیەتی کە بەرگریی لە خۆی بکات و ڕاستی بابەتەکان بۆ هەموو هاوڕێیان ئاشکرابێت و لەهەمانکاتدا داوامانکرد، کە ڕاستی و دروستی فایلەکەی (سوبحی مەهدی)یش ئاشکرا بکرێت، چەند جارێك ئەو داواکارییەمان دووپاتکردەوە، بەڵام بێسود و بێوەڵام بوو، تا ئەو کاتەی کە لە ڕۆژنامەکاندا ناوی ژمارەیەک لە فایلدارەکان بڵاوکرایەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا(م. س) ناچار بوو نامەیەکی ناوخۆیی بۆ ڕێکخراوەکانی حیزب بنێرێت. بە بۆچوونی من شاردنەوەی ناوی فایلدارەکان و بەتایبەتی(سوبحی مەهدی)بۆ خاتری پەردەپۆشکردن و ئاماژەنەدان بوو بە کۆمەڵێک ناوی دیکە، کە لە پلەی بەرزی حیزبدا بوون.

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەی(م.س)یە:-

بۆ/سەرجەم
ڕێکخراوەکانی حیزب

پاش ڕزگاربوونی عێراق لە چنگی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا، جەماوەری گەل و هێزە سیاسییەکان لە نێوانیاندا ڕێکخستنەکانی حیزبمان، توانییان دەستبگرن بەسەر کۆمەڵێك فایل و بەڵگەنامەی دامودەزگاکانی سەرکوتکەر و جاسوسی سەربەڕژێم کە تیایدا ناوی کەسانی جۆراوجۆری تێدایە، لە هاوڵاتی ئاساییەوە بگرە تاکو سەرۆك عشایەر و بەرپرسی حیزبی و ئەندامانی حیزبەکانی کوردستان و عێراق. وێڕدان و هەستی خۆیان تەسلیم بەو ڕژێمەوە خوێنمژە کردووە و بوونەتە دارەدستیان و کاری جاسووسی و تێکدەرانەیان بەرامبەر بە هێز و لایەنە نیشتیمانییەکان و تێکۆشەرانی گەلەکەمان ئەنجامداوە، لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا دوو بەڵگەنامەی تێدایە کە پەیوەندی هەریەك لە(ئازاد سەعید محەمەد)کە ناسراوە بە ئازادی سەرچنار کە ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بووە، بە دەزگای(موخابراتی ڕژێمەوە). بەڵگەنامەیکی تر ئاشکرای پەیوەندی(ئومێد محەمەد سالح) دەکات کە ئەندامی حیزبە و لە سنووری کۆمیتەی پارێزگای هەولێر بەدامودەزگاکانی جاسووسی ڕژێمەوە.

دیارە پاش لێکۆڵینەوە لەو بەڵگەنامانە حیزب دڵنیابوو کە هەردوو ناوبراو پەیوەندییان هەیەو، هەریەکەیان بە جیا بانگکراون و ڕاستی مەسەلەکانیان لەگەڵدا باسکراوە، هەر

چەندە لە سەرەتاوە نەچوونە ژێر باری ڕاستییەکان، بەڵام کە بەڵگەنامەکان ئاشکراکران، ئیتر هەریەکەیان لای خۆی بڕیاریدا کە ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت بۆ چاوگێڕانەوە بە خۆیدا، تا متمانە بۆخۆی دروستبکاتەوە و حیزبیش بڕیاریدا بە دەرکردنیان لەڕیزەکانیداو هێشتنەوەی مەسەلەکە بە شێوەیەکی نهێنی و ناوخۆیی، بەڵام پاش ئەوەی کە هەفتەنامەی هاوڵاتی لەژمارە ١٣٨دا بڵاویکردەوە کە حشك دوو سیخوڕ لە ڕیزەکانیدا دەردەکات.ئازاد و ئومێد ڕوونکردنەوەیان بڵاوکردەوە کە بەڕێەرچی ئەو هەواڵە دەدەنەوە و ئازاد سەرچناری نەك هەر هەواڵەکە بە درۆ دەخاتەوە بگرە چەند تۆمەتێکیش دەخاتە پاڵ حیزب لەبەرئەوە بۆ بەرچاوڕوونی ڕێکخراوەکان بە پێویستمان زانی ئەو ڕاستییانە ڕوون بکەینەوە، کە لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە لەسەر ئازاد سەرچناری:

١- لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە پەیوەندی هەبوو بە دەزگای موخابەراتی ڕژێمەوە لە ڕێگەی(موشیر مستەفا جاف)ەوە کە لە ڕۆژانی پێش ڕووخاندنی ڕژێم(ی.ن.ك) گرتوویەتی.

٢- جارێك چۆتە بەغداو جێگری لێپرسراوی موخابەراتی ڕژێمی بینیوە.

٣- لەلایەن دەزگای موخابەراتەوە مانگانە سەرەتا ٢٥٠ دۆلار دواتر بووەتە ١٠٠ دۆلاری وەرگرتووە.

٤- پاسەپۆرتی عێراقی بۆکراوە، بە مەبەستی چوونە دەرەوە تا سوریا بە زانیاری موخابەرات ڕۆیشتووە.

٥- زانیاری تەواوی لە سەر پێکهاتەی حیزب و هەرەمێتی لە سکرتێرەوە بۆ کۆمیتەی پارێزگاکان و چۆنییەتی دابەشکردنی کار داوە.

٦- زانیاری لە سەر ڕێکخراوی(یەکێتی لاوانی دیموکراتی داوە)بە ڕژێم.

٧- زانیاری لەسەر حیزبە ئیسلامییەکان و بە تایبەت جند الاسلام داوە بە ڕژێم.

٨- چەندین نامەی ناوخۆی (حشع و حشك)ی داوە بە دەزگای موخابەرات.

لەبەر ئەوە لەکۆمیتەی پارێزگای سلێمانی دیراسەی مەسەلەکە کراوەو بڕیاری دەرکردنی دراوە و لیژنەیەکیش لە کۆمیتەی ناوەندی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردووەو دانی بەکردەوەکەیداناوە و دووپاتی بڕیاری حیزبی لێکرایەوە کە لە ڕیزەکانیدا دەرکراوە.

م.س

-١٤٢-

ئا لەمکاتە نالەبار و ناهەموارەی کە ڕێکخستنەکانی حیزبی پیادا دەڕوات، برادەرێکی کاتی زیندانیی پەیوەندی پێوەکردم، کە کەسێک بەناوی(حەسەن حەلاوی)ەوە، لە سلێمانییە و بەدوای تۆدا وێڵە، ئەو دەڵێت: کە کارێکی زۆر گرنگی بە کاك ڕزگار(پۆڵا) هەیە. من بۆخۆم نەمدەزانی ئەو باسی کام (حەسەن)ە دەکات، چونکە لەزیندان(حەسەن) ناوی زۆری لێبوو، بەڵام کە پێیگوتم: ئەوەی کە چای دەفرۆشت و هەندێکجاریش شۆربای نیسکی دروستدەکرد بۆ فرۆشن، ئەوکاتە هاتەوە یادم کێیە، کاتێکمان دانا کە لە بەردەرکی سەرای سلێمانی یەکتری ببینین، ئەوەی ڕاستی بێت لە زیندانداا پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵ(حەسەن حەلاوی)نەبوو، پەیوەندییەکەمان لە سنووری ڕێزدا بوو، چونکە ئەو لەسەر حیزبێکی ئیسلامی شیعی زیندانی کرابوو.

بیرم لەوە کردەوە کە لەوانەیە هۆکاری هاتنەکەی بۆ ئێرە، پارەی لێبڕابێت، یاخود پێویستی بە جێگایەك هەبێت، بەڵام کاتێك کە بینیم گوتی: من چەند ڕۆژە بە دوای تۆدا دەگەڕێم، ئەگەر ئەمڕۆ تۆم نەدۆزیایەتەوە دەگەڕامەوە بۆ حلە.

من لێم پرسی پێویستیت بە چییە؟

ئەو: من پێوستیم بە شتێک نییە، بۆ ئەوە هاتووم کە یارمەتیمان بدەیت لە کارێکدا، ئەمەش کارەکەیە:

لەکاتی ڕووخانی ڕژێمدا،ئەفسەرێکی سوپای عێراقی ژمارەیەکی زۆرلەکەلەپوورەکانی مۆزەخانەکانی بەغدای لە تێکدان و تاڵانی پاراستووە، ئێستا ئەویش ئەوانەی لای من داناوە و بەدوای کەسێکدا دەگەڕێین کە جێگای متمانە بێت و لێپرسراوی نیشتیمانی هەبێت و گرنگی مێژوویی ئەو کەلەپوورانە بزانێت، چاوی لە دزین و فرۆشتنی نەبێت، چونکە لەمکاتەدا باری ئاسایشی حلە زۆر خراپ و مەترسیدارە. مانەوەی ئەو شتانە لەلای ئێمە مەترسی لەسەر ژیانمان و شتەکانیش هەیە، منیش لەمکاتەدا هیچ کەسێکم لە تۆ بە باشتر بۆ ئەم ڕاسپاردەیە لە بیردا نەبوو.

من نەمزانی چی بڵێم، کەمێك بیرم کردەوە و گوتم: باشە بیانهێنەرەوە بۆ ئێرە، من

پارەی تێچوونەکەی پەیدا دەکەم.

گوتی: ئاخر لەم بارودۆخەدا لە (بەغدا و حلە)ش کەس بەکەس نییە، بە درێژایی ڕێگاکە هەزار بازگەی جۆراوجۆری لێیە، ئەوە جگە لە هێزە ئەمریکییەکان، ئەگەر کەسێک یان کۆمەڵێك ئاگاداری ئەو کەلەپوورانە بن، ئەوە جگە لە دەست بەسەرداگرتنی کەلەپووردکان هەڵگرەکەشی دەکوژن.

من نەمدەزانی تا چەند بڕوا بە قسەکانی حەسەن بکەم! خۆ لە هەمانکاتیشدا نە دەکرا فەرامۆشی بکەم، بۆیە بە چاکم زانی کە حیزبی لێئاگادار بکەمەوە و ئەوان بڕیار بدەن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە خاوەن بڕیار(سوبحی مەهدی)یە.ئاخر لەو کاتەدا من یەکێك بووم لەوانەی کە داوای ئاشکراکردنی ڕاستی و ناڕاستی فایلەکەی ئەوم دەکرد، تەنها سەرچاوەی من قسەکانی(ڕەحمان غەریب)بوو کە گوتی:بە چاوی خۆم فایلەکەیم خوێندۆتەوە و بەدەستی خۆم داومەتە دەست «م.س» ی حیزب.لەگەڵ ئەو هەموو داواکارییەی ئێمەدا، نە ئەو دەیگوت(ڕەحمان غەریب) درۆدەکات و بابێت لێپێچینەوەم لەگەڵدا بکات، نەخۆشی بە هیچ شێوەیەك شتێکی دەدرکاند نە م.س.

بەڵام من بە ناچاری و لە پێناوی کارێکی ئاوا پیرۆز و بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی حیزب، حەسەنم برد بۆ لای (سوبحی مەهدی)، لەو کاتەدا بە ڕێکەوت هاوڕێ(ئەحمەد بانیخێڵانی) لە ژوورەکەی دانیشتبوو، من بە حەسەنم گوت: ئەوەی کە بۆ منت باسکرد، بە وردی بۆ مامۆستا سوبحی باس بکە، چونکە ئەو بڕیار دەدات بە چ شێوەیەك داواکەت جێبەجێ بکرێت.

حەسەن باسەکەی کە بۆ منی کردبوو بۆ ئەوانیشی گێڕایەوە، ئەو پێیگوتن: ئەو خوازیارە ئەو کەلەپورانە بکەوێتە دەستی خەڵکێک کە جێی متمانە بێت، ئەوان پرسیاری زۆریان لێکرد، ئەویش وەڵامی بۆ هەموو پرسیارەکان هەبوو، لە کۆتاییدا ئەو گوتی: بەڕاستی من نەمویستووە ئەو شتانە تەسلیم بە حیزبی شیوعی بکەم، من متمانەم بە کاک ڕزگار هەیە و دەزانم ئەو کەسێکی چۆنە، چونکە ئێمە پێشتر لە زیندان تاقیمان کردۆتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت من لەو بڕوایەدا نەبووم کە(سوبحی مەهدی) پێشوازی لە داواکارییەکەی(حەسەن) بکات و بەتایبەتی کە لە ڕێگای منەوەیە، بەڵام ئەو زۆر بە خێرایی بڕیاریدا، کە بەیانی ئوتۆمبیلێك بە هاوڕێیەکی شۆفێر و هاوڕێیەکی کامێرامان

و هاوڕێ ڕەحمان، لەگەڵ من و حەسەن بنێرێت بۆ حلله، هەروەها نامەیەکی بۆ(جاسم الحلفی-ابو ئەحلام)نووسی، بۆ ئەوەی حشع یارمەتی پێویستمان بدەن.

لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگاری سلێمانییەوە بەڕێکەوتین بەرەو بەغدا، بێگومان لەو کاتەدا ڕێگای بەغدا زۆر مەترسیدار بوو، ڕووتکردنەوە و کوشتن لەوێ کارێکی ئاسایی و ڕۆژانە بوو، بە درێژایی ڕێگاکە من و حەسەن باسی ڕووداوەکانی ناو زیندانمان دەکرد.

گەیشتینە بەغدا، لەسەر شەقامەکان هەر کەسە و بە ئارەزووی خۆی ئوتۆمبیلی لێدەخورێ، تەنانەت بەسەر شۆستەکانیشدا دەڕۆیشن، ئەوەی ناوی سیستەم بێت لەو شارەدا بوونی نەبوو. هەرچۆنێك بێت ئێمە گەیشتینە بارەگای حشع، من دابەزیم بۆ ئەوەی بڕۆمە ژوورەوە بۆ ناو بارەگاکە، لەو کاتەدا هەستمکرد کە حەسەن نائارامە، گوتم: ها حەسەن ئەوە چیتە؟

گوتی: ئەگەر دەکرێت نەختێک پارەم بدەرێ جگەرەی پێدەکڕم، گوتم: بەسەرچاو، من پارەکەم دایە و ئەو ڕۆیشت، گوایە دەچێت جگەرە دەکڕێت. منیش چوومە ژوورەوە بۆ ناو بارەگاکە، لەوێ زۆر لەو هاوڕێیانەم بینی کە دەمێك بوو نەمدیبوون، پرسیاری(ئەبو ئەحلام)م کرد، من و ئەو لە پێشمەرگایەتییەوە یەکتری دەناسین، ژوورەکەیان پیشاندام، چوومە ژوورەوە و دوای باوەش و چاک و چۆنی نامەکەم دایە دەستی، ئەویش دەستیکرد بە خوێندنەوەی، دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی نامەکە بووەوە گوتی: لە ماوەی یەك کاتژمێردا ئۆتۆمبیلێکتان بۆ ئامادە دەکەم، هەروەها چەند هاوڕێیەک بۆ ئەوەی لەگەڵتان بن.

من گەڕامەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە، بەڵام نە حەسەن نە هاوڕێیان لەوێ نەبوون، دوای قەیرێک هاوڕێیان هاتنەوە، بەڵام حەسەن هەر نەهاتەوە. دوای ماوەیەک هاوڕێ کامێرامانەکەمان گوتی کامێرەکەم دیارنەماوە، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و بەو هیوایەوە کە حەسەن بگەڕێتەوە، تا ئەمڕۆش نەمانزانی حەسن بۆ پەشیمان بووەوە، یان هەر لە سەرەتادا درۆی لەگەڵماندا کرد و نەخشەیەکی دیکەی هەبوو. هەروەها نەمانزانی کە داخۆ کامێراکە حەسەن دزی یان کەسێکی دیکە، چونکە هاوڕێ شۆفێرکە لەبیری چوو بوو کە دەرگای ئۆتۆمبیلەکە دابخات، ئیتر ئێمەش بە شکستیی لە کارەکەمان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. لەجیاتی ئەوەی کەلەپوورەکان لەگەڵ خۆمان بهێنین، کامێرایەکیشمان لەسەر دانا، ئەمە جگە لەوەی ژیانی خۆیشمان خستبووە ژێر مەترسییەکی گەورەوە.

-١٤٣-

ئەمجارە پیاوە خەساوەکانی پارتی، خاوەن مەلەفدارەکانی ڕژێمی بەعس و ملکەچی دەزگای پاراستن، هەستان بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەنجامەکانی کۆنفرانسەکان و ئەو ئامادەکارییانەی کە بۆ کۆنگرەی داهاتووی سێی حیزب ئامادە کرابوون، چونکە ئەو هاوڕێیانەی کە هەڵبژێردرابوون، بە ڕەشیان دەگوت ڕەش و بە سپیش سپی، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەو عەسابانەدا نەبوو.

کارەکانی عەسابەکانی ناو حیزب بەم شێوەیە بوو: لەپێش هەر کۆنگرەیەکدا، لە شانە حیزبییەکانەوە کاریان دەکرد بۆ گەیاندنی خەڵکە لاواز و بندەستەکانی خۆیان بۆ کۆنگرە، ئەوانەی کە دەست لەسەر سنگ بوون و ڕازی بوون بۆ جێبەجێکردنی هەموو برِیار و کارەکانی ئەم دەستەیە، بۆ لەدەستدانی سەربەخۆیی و سەروەریی حیزب، ڕێگر نەبوون لەو قوربانییەی کە بە مێژوو و خەباتی حیزب و تێکۆشەرەکانی دەدرێت. لە پێناوی دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان یەکێك لەو لیژنە گرنگ و چالاکەی کە هەڵیانوەشاندەوە(لیژنەی ئەتراف) بوو، کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەک هاوڕێی دڵسۆز و بەتوانا. لەوانەی کە بیرم ماوە هاوڕێ مامۆ، هاوڕێ زانا، ڕزگار تاهر، نەجیبە مەحمود)، دەستێوەردان و ئاڵوگۆڕێکی زۆریان کرد، بۆ بەستنی سەرلەنوێی کۆنفرانسەکان، بەو شێوەیەی کە ئەنجامەکانی لە بەرژەوەندی هێڵی ئەو عەسابەیەدا بێت.

زۆربەی ئەو هاوڕێ دڵسۆز و هۆشیارانەی کە هەستیان بە سیاسەتی چەوتی حیزب و هەڵەکان دەکرد، ئومێدێکیان بە کۆنگرە بوو، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو چەوتییە و باشکردنی گوزەرانی حیزب، ئەگەر ئێمە لێگەڕێین بەم شێوەیە ماستاوچییەکانی عەسابەکانی(م.س) لەناو کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی هاوڕێ دڵسۆزەکانی حیزب بەوجۆرە پاکتاو بکەن، ئەوە ئەوکاتە ئێمەیش ناپاکیمان لە شیوعیبوونی خۆمان دەکرد. بۆیە ئێمەیش بڕیارماندا، کە نامەیەکی کراوە ئاڕاستەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بکەین و لەناو بارەگای حیزب لە سلێمانی مانبگرین، تاکو وەڵامی نامەکەمان دەدرێتەوە، چونکە ئێمە پێشتر چەند جارێك داوای دانیشتنمان کردبوو بۆ ئەوەی لەسەر کێشەکان گفتوگۆ بکەین، بەڵام ئەوان

وەڵامیان نەبوو.

ئەمەی خوارەوە دەقی نامە کراوەکەمان بوو:

نیشتیمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار

نامەیەکی کراوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە..

وەك لای هەموان ئاشکرایە، زۆرێك لە کادران و هاوڕێیانی دڵسۆز و دۆستانی حیزب هەوڵو تەقەلای زۆریان داوە بۆ چارەسەرکردنی ناتەواوییەکانی حیزب بەتایبەتی گەڕانەوەی حیزب بۆ ناو جەماوەرو جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، بۆ ئەوەی لە ئاست وەڵامی ئەو واقیعەی کوردستاندا بێت.

بەڵام بە داخەوە زۆربەی ئەو هەوڵو تەقەلایانە لەمپەری لەبەردەم دانراوەو میکانیزمی کارەکە بە جۆرێك براوە کە هەردەم حیزب وەك درەختی پاییز گەڵای لێبوەرێ و بەرامبەر بەمەش خوێنی نوێ نایەتە ناو جەستەی حیزب.

بێگومان درککردن بەم ترسناکییە، پێویستی بە تێڕامان و هەڵوێستی جیدی هەیە، ئیستاش پاش نەمانی ڕژێمی فاشی خوێنڕێژی بەغدا پێویست بەوە دەکات هەموو بە خۆماندا بچینەوە و تێکڕای هاوڕێیان سازو ئامادە بکەین بۆ ئەو ئەرکە مێژوویییەی لە ئەستۆماندایە.

هاوڕێیانی بەڕێزو خۆشەویست....

بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت لەملاو ئەولاو لە ناو هاوڕێیاندا ناڕەزاییەکی زۆر هەیە بەرامبەر مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بێئەوەی کەس هەبێت لێیانبپرسێتەوە، یاخود ئەو هەموو ناڕەزاییەی هەیە کەس هەبێت گوێی لێبگرێت، ئەو میکانیزمەی مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی گرتوویەتییەبەر لەهەڵسوکەوت لەگەڵ هاوڕێیاندا زۆر دووڕە لە گیانی هاوڕێیەتییەوە تەنانەت ناوی هاوڕێیەتی بەتاڵکردۆتەوە لە جەوهەری هاوڕێیەتی نێوان ئەندامانی حیزب، جگە لەوەی گەلێک بڕیار دەردەکەن و دەیسەپێنن بەبێئەوەی گوێبگرن لە بەرامبەر، یاخود ئەو بڕیارە چەند حیزب زەرەرمەند دەبێت لێی، زۆر لە کردارەکانی ڕۆژانەیان لەگەڵ هاوڕێیاندا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو مەکتەبە هەست بەلێپرسراوێتی ناکەن و مافی «مطلق» ڕەهایان داوە بە خۆیان، بۆ ئەوەی ئەندامان وەك داشی دامە کارپێبکەن، هەر ئەندامێکی حیزب بە گوێڕایەڵی ئەوان

هەڵسوکەوت نەکات و ڕەخنە لە کردارەکانیان بگرێت ئەوا لەبەردەم لێپرسینەوەیەکی تووندا خۆی دەبینێتەوە، هەر بۆیە ڕەخنەگرتن لە مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگا دەبێتە هۆی ئەوەی خۆت لە دەرەوەی حیزب ببینیتەوە، چونکە هەموو هەوڵو تەقەلایەك دەدەن بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ گەمارۆدانی ئەو هاوڕێیەو تا لە کارکردنبێزاری بکەن.

پاش تەواوبوونی هەموو پرۆسەکانی هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی کۆنفرانسی پارێزگاکان لە هەموو ڕێکخراوە حیزبییەکاندا و تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ماوەی دیاریکراوی کۆنفرانسی پێشوودا، ئەمانەش دەکرێت بەهانەی هەبێت، بەڵام ئەوەی بەهانەی نییە کە مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی کەوتۆتە وێزەی ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆنفرانسی کۆمیتەی پارێزگا و بۆ ئەوەی بتوانن ئەو هاوڕێیانەی ڕەخنەیان ئاڕاستە دەکات لەسەر کەموکورتییەکانیان، بێبەرییان بکەن لە بەشداربوون لەکۆنفرانس ئەویش بە هۆی ترسی دەرنەچوونیان و پەرەدان بە ناتەواویی و بێتوانایی خۆیان. جگە لەوە هەستدەکرێت کە دەستیانکردووە بە هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکان و گەیاندنی زانیارییەکان بە چەواشەیی بۆ کۆمیتەی ناوەندی و قەناعەت پێکردنیان لەژێر چەندەها بیانووی ناڕاست وهەڵگەڕاوەدا.

ئێستاش دەستیان داوەتە پەرتوبڵاوەپێکردنی هەندێک کۆمیتەی حیزبیی زۆر گرنگ و سەرەکی لە کاتێکدا ئەم کۆمیتانە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمیتەکانی سەروتر هەڵبژێردراون.ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە ئابڵوقەی ئەنجامی ئەو کۆنفرانسە شەرعیانە بدەن و کارێکی وەها بکەن بارێك دروستبکەن کە گونجابێت لەگەڵ درێژەدان و بەردەوامیدان لەسەر مامەڵەی نامەبدەئیانە و پاکتاوکردنی ڕێکخراوە حیزبییەکان.

هاوڕێیانی هێژا.....

ئێمە نامانەوێت سەرمایەی خەبات و تێکۆشانمان هەرزانفرۆش بکەین، لەبەرئەوە دەبێتئەو میکانیزمانە بگۆڕن و ئەو پەرژینانە تێکبشکێنین، بۆ ئەوەی بڕست و وزەی داهێنەرانە بگێڕینەوە ناو جەستەی حیزب. بۆ ئەوەی چیدی نامۆمان نەکات بە مێژووی حیزب و بزووتنەوەی چەپ و جەماوەری زەحمەتکێشی گەلەکەمان، کە ئەمەش دەبێتە خەفەکردنی دەنگی ئەو ئەندامانەی کە دەیانەوێتحیزبمان دەنگدەرەوەی شەقام و ناڕەزایەتییەکانی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بێت.

ئێستاش دەنگی گۆڕانکاری لەناوەوە و دەرەوەی حیزب دەرگای بەو جۆرە کەسانە گرتووە و داوای پێچانەوەی بنەو بارگەیان لێدەکات .

هاوڕێیانی بەڕێز....

ئێمە دەمانەوێت ئاڵای حیزبمان لە بەرزیدا بشەکێتەوە و ببێتەوە هەڵگری پەیامی حیزب و حیزبیش ببێتە ئەو قوتابخانەیە کە مرۆڤی بەهەڵوێست و ڕاستگۆ بەرهەمدەهێنێت و پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ بگەڕێتەوەو ببێتە ئەو حیزبەی جێگای چاوەڕوانەکانی بزوتنەوەی چەپ و دیموکراتییەتی ڕوو لەگەشەی کوردستانە، بەمەش کۆتایی بەسەردەمێك بێت کە دیارترین نیشانەکانی بایەخدان بوو بە کەسانی بەرژەوەند پەرست و بیرۆکرات و دووركەوتنەوە بوو لە ئاکاری شیوعیانە، لەم ڕوانگەیەوە هاوڕێیانی بەڕێز ئێمە لە هۆڵی بارەگای کۆمیتەی پارێزگای سلێمانییەوە داواکارین:

١.لە ماوەی «٧٢» کاتژمێردا وەفدێکی کۆمیتەی ناوەندی ئامادەبن بۆ باسکردنی ڕووبەڕووی کێشەکان و تاووتوێ کردنیان بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٢.لابردنی مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بە سکرتێرەکەیەوە و تەنسیبکردنی مەکتەبێکی کاتی بەسکرتێرەوە.

٣. بەستنی کۆنفرانسی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بە زووترین کات.

٤. دانانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو پێشێلکارییانەی لە پەیڕەوی ناوخۆ کراوە لەلایەن مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگاوە.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم داواکارییانە دەخەینە بەردەم هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی جەخت دەکەین لەسەر ئیلتزامی تەواومان بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حیزب و یەکێتی ڕیزەکانی لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی مارکسیزم لینینیزم .

سەرکەوتووبێت خەباتی حیزبمان لە پێناو ئازادی ودیمکراسی و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلەکەمان.

خاوێن و پتەوتربێت ڕیزەکانی حیزب..... بۆ پێشەوە.

کۆمەڵێك ئەندام و کادیرانی سەر بە کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی.

٢٠٠٣/٧/٢١

نیشتمانیکی نازاد و گەلێکی بەختیار

نامەیەکی کراوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە ..

وەک لای هەموان ئاشکرایە ، زۆرێک لە کادیران و هاوڕێیانی دڵسۆزو دۆستانی حزب هەوڵو تەقەلای زۆریان داوە بۆ چارەسەرکردنی ئاڵۆزیی ناتەباوییەکانی حزب بەمەبەستی گەڕاندەوەی حزب بۆ ناو جەماوەرو چێنە جێکردنی ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیەتی ، بۆ ئەوەی لە ئاست وەلامی ئەو واقیعەی کوردستاندا بێت .

بەڵام بە داخەوە زۆربەی ئەو هەوڵو تەقەلایانە رێگری لەبەردەم دانراوە و ، میکانیزمی کارەکە بە جۆرێک براوە کە هەردەم حزب وەک داری پاییز گەڵای لێ بوەرێ و بەرامبەر بەمەش خوێنی نوێ نایەتە ناو جەستەی حزب

بێگومان درک کردن بەم ترسناکیە ، پێویست بە تێڕامان و هەڵوێستی جیدی هەیە ، ئیستاش پاش ئەمانی زۆیمی فاشی خوێنڕێژی بەغدا پێویست بەوە دەکات هەموو بە خۆماندا بچینەوە و تێکڕای هاوڕێیان سازو ئامادە بکەین بۆ ئەو ئەرکە مێژووییەی لە ئەستۆماندایە .

هاوڕێیانی بەڕێزو خۆشەویست.....

بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت لەملاو ئەولاو لەناو هاوڕێیاندا ناڕەزاییەکی زۆر هەیە بەرامبەر مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی ، بێ ئەوەی کەس هەبێت لێیان بپرسێتەوە یاخود ئەو هەموو ناڕەزاییەی هەیە کەس هەبێت گوێی لێ بگرێت . ئەو میکانیزمەی مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی گرتوویەتیەبەر لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوڕێیاندا زۆر دوورە لە گیانی هاوڕێیەتیەوە تەنانەت ناوی هاوڕێیەتی بەتاڵ کردۆتەوە لە جەوهەری هاوڕێیەتی نێوان ئەندامانی حزب ، جگەلەوەی زۆر بڕیار دەدەن و دەیسەپێنن بەبێئەوەی گوێبگرن لەبەرامبەر ، یاخود ئەو بڕیارە چەند حزب زەرەرمەند دەبێت لێی ، زۆر لەکردارەکانی رۆژانەیان لەگەڵ هاوڕێیاندا ئەوەندەلێنێ کە ئەو مەکتەبە هەست بەلێپرسراوێتی ناکەن و مافی(مطلق) رەهایان داوە بە خۆیان ، بۆ ئەوەی ئەندامان وەک داشی دامەکارپێبکەن ، هەر ئەندامێکی حزب بە گوێرایەڵی ئەوان هەڵسوکەوت نەکات و ڕەخنە لە کردارەکانیان بگرێت ئەوا لەبەردەم لێپرسینەوەیەکی تونددا خۆی دەبینێتەوە ، هەر بۆیە ڕەخنەگرتن لەکۆمیتەی پارێزگا دەبێتە هۆی ئەوەی خۆت لە دەرەوەی حزب ببینێتەوە ، چونکە هەموو هەوڵو تەقەلایەک دەدەن بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ گەمارۆدانی ئەو هاوڕێیەو بێزارکردنی لەکارکردن .

پاش تەواو بونی هەموو پرۆسەکانی هەڵبژاردن بۆ ئۆێنەرانی کۆنفرانسی پارێزگا لەهەموو ڕێکخراوە حزبیەکاندا و تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ماوەی دیاریکراوی کۆنفرانسی پێشوداو نەمانەش دەکرێ بەهانەی هەبێت ، بەڵام ئەوەی بەهانەی تێیە کە مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی کەوتۆتە وێژەی ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆنفرانسی کۆمیتەی پارێزگا و بۆ ئەوەی بتوانن ئەو هاوڕێیانەی ڕەخنەیان ناڕاستە دەکات لەسەر کەموکورتیەکانیان ، بێبەریان بکەن لە بەشدار بون لە کۆنفرانس ئەویش بەهۆی ترسی دەرنەچونیان و پەردەدان بە ناتەواوی و بێ توانایی خۆیان ، جگە لەوە هەست دەکرێت کە دەستیان کردووە بە هەڵگیڕانەوەی ڕاستیەکان و ، گەیاندنی زانیاریەکان بە چەواشەیی بۆ کۆمیتەی ناوەندی و قەناعەت پێکردنیان لەژێر چەندەها بیانوی ناڕاست و هەڵگەڕاودا .

ئیستاش دەستیان داوەتە پەرت و بڵاوە پێکردنی هەندێ کۆمیتەی حزبی زۆر گرنگ و سەرەکی لە کاتێکدا ئەم کۆمیتانە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ بە ئامادەبونی ئۆێنەرانی کۆمیتەکانی سەروتر هەڵبژێردراون ، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە ناپلووقەی ئەنجامی ئەو کۆنفرانسە شەرعیانە بدەن و کارێکی وەها بکەن کە بارێک دروست بکەن کە گونجاو بێت لەگەڵ درێژە دان بەبەردەوامییان لەسەر ئامەڵەی نامەبدەنیانە و پاکتاو کردنی ڕێکخراوە حزبیەکان .

هاوڕێیانی هێژا.....

ئێمە نامانەوێ سەرمایەی خەبات و تێکۆشانمان هەرزان فرۆش بکەین لەبەر ئەوەی دەبێ ئەو میکانیزمانە بگۆڕین و ئەو پەرژینانە تێک بشکێنین و ، بۆ ئەوەی بڕست و ووزەی داهێنەرانە بگێڕینەوە ناو جەستەی حزب ، بۆ ئەوەی چیدی ئامۆمان نەکات بە مێژووی حزب و بزووتنەوەی چەپ و جەماوەری زەحمەتکێشی گەلەکەمان ، کە نەمەش دەبێتە خەفەکردنی دەنگی ئەو ئەندامانەی کە

زیمان دەنگدەرەوەی شەقام و نارەزایەتیەکانی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بێت.

نیستاش دەنگی گۆران لە ناوەو دەرەوەی حزب دەرگای بەو جۆرە کەسانە گرتوە و داوای پێچانەوەی بنەو بارگەیان لێ دەکات.

هاوڕێیانی بەڕێز.....

ئێمە دەمانەوێت ئالای حزبمان لەبەرزیدا بشەکێتەوە و ببێتە هەنگری پەیامی حزب و حزبیش ببێتە نەو قوتابخانەیەی کە مرۆڤی بە هەڵوێست و راستگۆ بەرهەمدەهێنێت و پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بۆ بگرێتەوەو ببێتە نەو حزبەی جێگای چاوەڕوانیەکانی بزوتنەوەی چەپ و دیموکراتیەتی روو لەگەشەی کوردستانە ، بەمەش کۆتایی بەسەردەمێك بێت کە دیارترین نیشانەکانی بایەخدان بوو بەکەسانی بەرژەوەند پەرست و بیرۆکرات و دورکەوتنەوە بوو لە ناکاری شیوعیانە ، لەم روانگەیەوە هاوڕێیانی بەڕێز ئێمە لە هۆڵی بارەگای کۆمیتەی پارێزگای سلێمانیەوە داواکارین :

١. لە ماوەی (٧٢) کاتژمێردا وەفدێکی کۆمیتەی ناوەندی ناسادە بن بۆ باسکردنی رویەروی کێشەکان و تاووتوێ کردنیان بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٢. لابردنی مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بە سکرتێرەکەیەوە تەنسیب کردنی مەکتەبێکی کاتی بە سکرتێرەوە.

٣. بەستنی کۆنفرانسی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بە زووترین کات.

٤. دانانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ تاوتوێکردنی نەو پێشێلکاریانەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا کراوە لەلایەن مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگاوە.

ئێمە لەکاتێکدا نەم داواکاریانە دەخەینە بەردەم هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی جەخت دەکەینەوە لەسەر ئیلتیزامی تەواومان بەبەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حزب و یەکێتی ریزەکانی لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی مارکسیزم لینینیزم.

سەرکەوتوو بێت خەباتی حزبمان لە پێناو نازادی و دیموکراسی و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلەکەمان.

خاوێن و پتەوتر بێت ریزەکانی حزب ..... بۆ پێشەوە.

کۆمەڵێك نەندام و کادیرانی سەر بە کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی

٢٠٠٣/٧/٢١

تێبینی / مافی کۆپی کردن و لەبەرگرتنەوەی قەدەغەیە

لە دوای نووسینی نامەکراوەکە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزب، ئامادەکاریشمانکرد بۆ بەستنی کۆبوونەوە بۆ ڕۆژی دوایی لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی، هاوڕێیان وایان بەباشزانی کە چەند هاوڕێیەك نامەکراوەکە بە دەستی بدەنە کۆمیتەی ناوەندی، ئەوە بوو من و هەریەکە لە هاوڕێیان(نەورۆز شاوەیس و شۆڕش ئەمین) هەر ئەو شەوە بەڕێکەوتین بەرەو هەولێر بۆ بارەگای(م.س)، کە گەیشتینە ئەوێ و سەرکەوتین بۆ بەشی سەرەوەی باڵەخانەکە(سوبحی مەهدی) پێش ئێمە لەوێبوو، ئەو بە فانیلەیەکی عەلاگەوە لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە سفرەیان ڕازاندبوەوە و ویسکییان دەخواردەوە، نامەکەمان دایە دەست هاوڕێیان و هەر ئەو شەوەش گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

بۆ بەیانییەکەی توانیمان زیاتر لە(٤٠) هاوڕێ، لەهۆڵی بارەگای کۆمیتەی پارێزگا کۆببینەوە، کە نوێنەری هەموو لیژنە و کۆمیتەکانی تێدابوو لەگەڵ دوو سیخوڕی مەکتەبی کۆمیتە، لە سەرەتاوە ئێمە دەمانزانی کە مەکتەبی کۆمیتە سیخوڕی ناردۆتە ناومان، بەڵام بەلای ئێمەوە گرنگ نەبوو، چونکە ئێمە هیچ شتێکی نهێنیمان نەبوو، هەروەها هیچ پیلانێکمان دژی حیزب نەبوو، هەموو قسە و کردارمان لە پێناوی دواڕۆژی حیزبدا بوو، بەداخەوە ئەوان وا دیاربوو لەوە تێنەدەگەیشتن کە ئێمە ئەمکارە لە پێناوی بەفیڕۆ نەڕۆیشتنی خوێنی شەهیدانە، کە لە لایەن هەلپەرستەکانەوە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان هەرزانفرۆشی نەکەن.

چەند کاتژمێرێکی نەبرد، شاندێك بەسەرپەرشتی هاوڕێ(مەلا حەسەن) لە هەولێرەوە هاتن بۆ سلێمانی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئێمە، ئەمەش شتێکی دڵخۆشکەر بوو، کە لە دوای ئەو هەموو داواکارییەمان، وا لە کۆتاییدا بەیەکەوە دادەنیشین بۆ ئەوەی دەنگمان بگاتە کۆمیتەی ناوەندی.ناردنی هاوڕێ(مەلا حەسەن) یاخود هاتنی ئەو بۆ لای ئێمە زۆر باش بوو، لەبەرئەوەی ئەو هاوڕێیەکی دێرینی تێکۆشەری پاکی حیزب بوو، لەگەڵ ئەوەی وشك بوو، بەڵام ئەمەشی لە خۆشەویستی و دڵسۆزی بوو بۆ حیزب و بیروباوەڕەکەی، هاوڕێیەکی ڕاستگۆ و بێ فرتوفێڵ و یەکێك بوو لەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کە

خاوەنی هەڵوێست و دژی تەسلیمکردنی حیزب بوو بە پارتی، لەگەڵ ئەوەدابوو کە حیزب سیاسەتی سەربەخۆیی خۆی هەبێت، بە بێکاریگەری هیچ لایەك، هەروەها ئەویش لەسەر ئەم هەڵوێستانەی لەلایەن چەتەکانی(م.س) و دەستوپێوەندەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەربەرەکانێیەکی زۆر دەکرا. ڕەنگە پیلانی چەتەکان بۆ ئەوە بووبێت کە ئەو بخەنە بەردەمی تۆپەکەی ئێمە، هەرچەندە ئێمە نیازی تۆپهاویشتنمان نەبوو، ئارەزووی ئێمە ئەوە بوو، کە باخچەی وشکی حیزبئاو بدەین و بیبوژێنینەوە و ئەو داڕووخان و خاپوورییە ئاوەدان بکەینەوە. هاوڕێ زۆر بە سنگێکی فراوانەوە گوێی لە کێشە و داواکارییەکانمان گرت، بۆ یەکەمجار بوو، کە هاوڕێیەکی حیزب بە فەرمی دان بە ڕاستی مەلەفی(سوبحی مەهدی) لەگەڵ ڕژێمی داڕووخاودا بنێت.ئەو گوتی: ئێستا حیزب لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات، گوتمان هاوڕێ لەمکاتەدا و تا ئەوکاتەی حیزب لە لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت، دەبێت حیزبئەو مەبدەئە لینینییە جێبەجێ بکات کە دەڵێت:((هەر گومانێك هەبێت، دەبێت بە بەرژەوەندی حیزب یەکلایی بکرێتەوە))، بۆیە بچوکترین هەڵوێست کە لەمکاتەدا لە بەرژەوەندی کاری ڕێکخراوەیی حیزبدا بێت سڕکردنی(تجمید)ی(سوبحی مەهدی)یە،

سلێمانی، فولکەی کاوە، توی مەلیك، پەیکەری کاوەی ئاسنگەر

دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕی هاوڕێیانە، هاوڕێ(مەلاحەسەن)گوتی: هەر هەموو ڕەخنە و داواکارییەکانتان دروست و ڕەوایە، بەڵام ئێوە خۆتان دەزانن و شارەزای کاری حیزبین، کە ئەم ئیجرائاتانە کاتی دەوێت تا بڕیاریان لەسەر بدرێت، دوو هەفتە ماوەمان بدەنێ تا من دەگەڕێمەوە و لەگەڵ هاوڕێیانی(م.س) بڕیاری لەسەر دەدەین. بێگومان لە دوای ئەم کۆبوونەوەیەوە هەموومان دڵخۆش بووین، کەوتینەوە کاری حیزبی لە جاران باشتر، بەڵام بەداخەوە بۆ کاردانەوەکانی دوای ئەوە کە بریتیبوون لەمانە:

-لەدوای ڕاپەڕینەوە لە کوردستان نانبڕین و ئیمتیازات ئامرازێك بوو کە لەناو هەموو حیزبەکاندا بۆ کڕینی هەڵوێست و بێدەنگکردن پەیڕەو دەکرا، هەرچەندە دەبوایە ئەو کردەوانە، بەهیچ جۆرێک لە ناو حیزبی شیوعیدا نەبوایە. پێشەکی کەوتنە پڕوپاگەندەی خانەنشینی و بەمزووانە دابەشکردنی زەوی بەسەر هاوڕێیاندا، چونکە خۆیان لە ڕێگای ئیمتیازاتەوە چاوشۆڕ و بێهەڵوێست کرابوون، وایاندەزانی کە دەتوانن ئەوانیش لەگەڵ ئێمەدا هەمان کردار دووبارە بکەنەوە.

-هێزێکی پێشمەرگەیان لە دەرەوەی شاری سلێمانییەوە هێنا، بۆ گەمارۆدان و مانەوەیان بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەباڵەخانەی کۆمیتەی مەکتەبی شار کە کەمتر لە سەد مەترێک بەرامبەر بە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بوو، ئەو باڵەخانەیە ئێمە دەستمان بەسەردا گرتبوو، کە سکرتارییەتی لاوان و ئافرەتانی لێبوو، بەڵام لەدەسەڵاتیاندا نەبوو کە لێمانبستێننەوە، چونکە ئەو کاتە هاوڕێ(نەجیبە مەحمود) کە لەگەڵ داواکارییەکاندا بوو، لێپرسروای ئافرەتان بوو. منیش بەناو سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق بووم، هەر چەندەئەو پێشمەرگانە زۆر بەشەرمەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، ئاخر هەندێکیان بەیەکەوە پێشمەرگە بووین، ئەوان داوای لێبوردنیان دەکرد و دەیانگوت: ئێمە چی بکەین، ئەم فەرمانە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. ئێمە هەر هەموومان بێچەك بووین تەنانەت چەقۆیەکیشمان پێنەبوو، هاوڕێ(هیوا ڕەش) کلاشینکۆفێکی بۆ هێناین و گوتی: بۆ پارێزگاری لە خۆتان با ئەمەتان لەلابێت، من گوتم: بیبەرەوە خۆ ئەگەر هاوڕێیان بمانکوژن ئێمە نیازمان نییە چەك بەکاربهێنین.

-ئینجا هاتن یەك بە یەك لەگەڵ هاوڕێیانمان دانیشتن و مەرجیان بۆ دانان: کە یان دەبێت پاکانە بنووسن و پاشگەزی خۆیان ڕابگەیەنن، یاخود لە حیزب دەردەکرێن، ئەمە لە یەککاتدا جێ داخ و پێکەنین بوو، ئاخر من هەر لە منداڵیمەوە گوێبیستی وشەی

پاکانه(بەرائە)بوو بووم، کاتێک کە باوکم لەگەڵ هاوڕێکانیدا باسی ئەوەیان دەکرد کە لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا فلانە کەس شیوعی بوو، بەڵام پاکانەی دابوو بە چاوێکی سوك تەماشای ئەو کەسانە دەکرا کە پاکانەیان دابوو، بەو مانایەی وازی لە بیروباوەڕی شیوعییەت هێناوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی کە بەرائەتیان نەدەدا، خەڵکی ئازاو بەهەڵوێست و مەبدەئی بوون، هەروەها لە ئەنجامی شکستی بەرەی نیشتیمانی سەپێنراو لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، شیوعییەکانیان بانگهێشتی فەرمانگەی ئەمن دەکران و پەیماننامەیەکیان(التعهد)یان پێپەڕدەکرایەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووخنی کاری سیاسی نەکەون.

من هەڵبەستی پاکانەی(البرائە)ی شاعیری شیوعی بەناوبانگ(مظفر النواب) بە عەرەبی و وەرگێڕانە کوردییەکەشی لەبەرم بوو.

ئەمەی کە لەم کاتەدا دەکرێت، شیوعییەکان بەرامبەر بە هاوڕێ شیوعییەکانی خۆیان دەیکەن، توانییان لەڕێگای ئەم کارە قێزەونەیانەوە، کۆمەڵێک لە هاوڕێیانم بۆ ئەوەی نانبراو و بێبەش نەبن لەزەوی و خانەنشینی پاشگەز بکەنەوە.

-١٤٥-

دوو هاوڕێیان نارد بۆ لای من بۆ ئەوەی(پاکانە یان دەرکردن)م پێڕابگەیەنن، پاکانە لە شیوعیبوون، یان دەرکردن لە حیزبێك، کە بە تەنها ناوی وەک شیوعی ماوە.لە زیندانداا برادەرێکی مارکسیم هەبوو، کە باسی هەندێک مارکسی دەکرا، ئەو دەیگوت:(هدوله مارکسییه ت الفجل)ئەمانە مارکسییەتی تورن، منیش دەمگوت چۆن؟

ئەو: تور هەیە لە دەرەوەی ڕەنگی سوور و جوانە، بەڵام کاتێک کە قاشی دەکەیت، ناوەکەی سپییە بە پێچەوانەی دەرەوەی.ئەو دوو هاوڕێیەم وەك دوو ئاسایش دەهاتە پێشچاو، ئاخر من چۆن پاکانە دەکەم لە شیوعیبوونم؟ هەموو هاوزیندانییەکانم شایەدی ئەوەم بۆ دەدەن، کە لە ١٩٩٢ دا، لە سەردانی لێپرسراوێکی پلە باڵای ڕژێم بۆ زیندانی ئەبوغرێب، لە یەک بەیەکی زیندانیانی دەپرسی لەسەر چی بەندکراویت، کە هاتە سەر نۆرەی من گوتم: لەسەر شوعییەت

گوتی: شوعییەت وەك دایناسور بنبڕ بوون

من: بەڵام من ماوم

ئێستا ئەم سەروچاوشۆڕانە ناتوانن لە بیروباوەڕم پاشگەزم بکەنەوە، من وەك کەسێکی مارکسی لەوە تێگەیشتبووم کە(حیزبئامڕازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەگەر ئامڕازەکە پەکیکەوت هەوڵدەدەیت چاکی بکەیتەوە، ئەگەر هەر چاك نەبووەوە، تووڕەی دەدەیت).

هاوڕێ(ئەبو کاروان) یەکێك بوو لەو ئەندامانەی سەرکردایەتی(حشك)، کە من پێش زیندانیم نەمدەناسی، هاوڕێیان ڕێزیان دەگرت منیش بۆخۆم لەو ماوە کورتەدا هیچ هەڵوێستێکی نەڕێنیم لێنەدیبوو، ئەو سەر بە کۆمیتەی پارێزگای کەرکوك بوو، بارەگای کۆمیتەی کەرکوک پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سلێمانی بوو، لەمکاتەدا کە ڕژێم ڕووخاوە و بارەگایان لە کەرکوک هەیە، هێشتا ئەم بارەگایەشیان لە سلێمانی ماوە. هاوڕێ(ئەبو کاروان) لە دڵسۆزیی خۆی بۆ حیزب، هەوڵی تاکەکەسی دەدا بۆ دۆزینەوەی

چارەسەرێك بۆ ئەو بارگرژییەی كە هەبوو، دیار بوو ئەو دەیزانی كە چەتەكانی ناو(م.س) نیازیان خراپە. ڕۆژێك ئەو(من و هیواڕەش)ی بردە سەربانی كۆمیتەی پارێزگای كەركوك، نازانم بۆچی بۆ سەربان؟ بۆ لە ژووڕێك دانەنیشتین؟ كە ئێستا بیری لێدەكەمەوە دەڵێم ڕەنگە ئەویش لە خۆی ترساوە، كە نەوەك چەتەكان ئەو هەڵوێستەی بكەن بە خاڵێك لەسەری و لە كاتی پێویستدا دژی بە كاری بهێنن.ئەو هەوڵێكی زۆری لەگەڵ ئێمەدا دا بۆ ئەوەی پەشیمان ببینەوە. بۆچوونی ئەو وابوو: كە هەموو ئەو داواكارییانەی ئێمە ڕەوان، بەڵام وا كۆنگرە بەڕێوەیە و هەموو شتێك لە كۆنگرە چارەسەر دەكرێت، بەڵام بۆچوونی ئێمە بە پێچەوانەوە بوو، ئاخر ئێمە تێدەگەیشتین كە كردەوەكانی چەتەكانی(م.س) وا نالێت، هەر واش بووە كۆنگرە لەدوای كۆنگرە، كێشەكان زیاتر و كەلێنەكان گەورەتر و باری حیزب لە خراپەوە بۆ خراپتر ڕۆدەچوو.

چووم بۆ هەولێر و سەردانی بارەگای(م.س)م كرد بۆ ئەوەی چاوم بە هاوڕێ (كەریم ئەحمەد) یاخود هەر هاوڕێیەكی دیكە، بێجگە لە چەتەكان(م.س) بكەوێت، بەڵام ڕێگەیان پێنەدام.ئەگەر ڕاستتان دەوێت(كەریم ئەحمەد) هەر بەناو سكرتێر بوو.ئاخر

پۆڵا، ئەبو كاروان

چەتەکان هەر بە ئارەزووی خۆیان هەڵیاندەسوڕاند، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بووبێت، کە هاوڕێ کەریم تەندروستی باش نەبوو، هەر ئەوە بوو دوای ماوەیەك بە مەبەست بووبێت یاخود بێمەبەست،چەتەکان کارێکی زۆر ناشرینیان دەرهەق بە مێژووی (کەریم ئەحمەد) کرد.ئەوەیش بە ناردنی شاندێك بۆ لای یەکێتی، بۆ ئێوارەکەی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی یەکێتی و دوایی لە ڕۆژنامەکانیاندا، هەواڵی سەردانی شاندەکەیان وا بڵاوکردەوە: (شاندێکی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی سەردانی یەکێتی کرد، داوایان لە سەرکردایەتی یەکێتی کرد، کە یارمەتی هاوڕێ «کەریم ئەحمەد» بدەن و بینێرین بۆ ئێران بۆ چارەسەر). بە بۆچوونی من هەر هاوڕێیەکی شیوعی کە گوێبیستی ئەم هەواڵە بوو، هەستی بە شەرمەزاری کردووە، ئاخر چوون بۆ ئێران کەی ئەو شەرمەزاریە دەهێنێت؟ لە کاتێکدا هەر هاوڵاتییەکی هەژار پارەیشی نەبێت، ئەوە بە قەرزێکی کەم دەیتوانی بۆ چارەسەری نەخۆشی سەردانی ئێران بکات. هەرچەندە خودی هاوڕێ کەریم، بە بەشێکی کەم لەو ئمتیازاتانەی کە وەریگرتبوو کە ئەگەر بیفرۆشتایە، دەیتوانی لە باشترین نەخۆشخانەکانی ئەورووپا چارەسەری خۆی بکات. بۆیە دەڵێم ئەو چەتانە بە پیلان حیزب و کەسایەتییەکانی ناو حیزبیان سوك دەکرد.

بەڕێکەوت چاوم بە هاوڕێ(مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی)کەوت، ئەو پێیگوتم: ها باوانم بۆ وا ئەکەیت؟ ئەگەر واتنەکردایە ئەم کۆنگرەیە ئەگەر ئەندامی(م.س) نەبووبتایە، ئەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەبووبت. گوتم: بۆ چی دەکەم؟ کارێکی خراپ دەکەم کە حیزب بگەڕێنینەوە بۆ حیزبێکی شیوعی و لەژێر کاریگەریی پارتی دەریکەین؟

گوتی: باوانم ئەی ئەو پارەیەی وەریدەگریت هی چییە؟

گوتم: یەکەم شت من پارە وەرناگرم، ئەگەر وەریشیبگرم بەرامبەر ئەوە سەر دانانەوێنم، چونکە ئەوە کاری من نییە و دەبێت کاری هیچ شوعییەك نەبێت. پێویستە لێرە ئەوە بڵێم کە هاوڕێ(مەلا ئەحمەد) هاوڕێیەکی تێکۆشەری دێرین و سەرکردەیەکی مەیدانی بوو کە لە هیچ کاتێکدا کۆڕی خەباتی بەجێنەهشتبوو، یەکێك بوو لەو سەرکردانەی کە قوربانییەکی زۆری لە ڕێگای حیزبدا دابوو. سەرباری ئەوەی کە کوڕەکەی(سەرباز) لە شەڕی(بەکرایف) دا شەهید بوو، دایکی سەربازیش لە کارەساتێکی سروشتیدا، لە بارەگای حیزب لە نۆکان گیانی لەدەستدا، (زمناکۆ)ی کوڕیشی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بنکەکانی حیزبدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەگەڵ هاوڕێ(ئەبو شاخەوان)دا هەبوو، لە دامەزراندنی (وێسکەگانی

بێسیم) لە زۆربەی بنکەکانی حیزبدا.

جێگای داخ بوو بۆ من، کە هاوڕێیەك بەم مێژووەوە ئەمە بۆچوونی بێت، ئینجا من چی لە(کەمال شاکر)بکەم کە مێژووەکەی لای من ئاوێنەیەک و موکێشێکە و(حەیدەر فەیلی)یەک هەموو مێژووەکەی نوکتە گێڕانەوە بووە بۆ سەرکردەکان بۆ ئەوەی بیانخاتە پێکەنین.

-١٤٦-

چووم بۆ سەردانی بارەگای کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی، هەر کە لە دەروازەی سەرەکییەوە سڵاوم لە هاوڕێی پاسەوانی ناو دەرگەکە کرد، هەستمکرد کە ئەو لەگەڵ وەڵامدانەوەی سڵاوەکەمدا دەیویست شتێک بڵێت، نازانم فریانەکەوت یاخود ئارەزووی نەبوو کە بیڵێت. چوومە ژوورە بۆ ناو حەوشەکە، بەڵام ئەو هاوڕێیانەی کە لەوێ بوون وەک ئەوە وابوو کە نەیانەوێت من ببینن، بە خێرایی(عومەرحامید) هات و گوتی: بڕۆ دەرەوە،

گوتم: ئەمە فەرمانی کێیە؟ ئەو دووبارەی کردەوە، دەڵێم بڕۆ دەرەوە.

گوتم: ئەمە فەرمانی ئەو کەسەیە کە لە ژوورەکەی سەرەوە خۆی شاردۆتەوە، من مەبەستم لە(سوبحی مەهدی)بوو.

(عومەر حامید) لێپرسراوی سەربازی بارەگای کۆمیتە بوو، ئێمە لە پێشمەرگایەتییەوە یەکتریمان باش دەناسی، ئینجا فەرمانیدا بە پاسەوانەکانی بارەگاو گوتی: لێیدەن و بە شەق بیبەنە دەرەوە، بەڵام پاسەوانەکانی کە وەك ئەو مێژووی منیان نەدەزانی، لە عومەر بە ڕەوشتتر بوون، بە قسەی ئەویان نەکرد، لەو کاتەدا باشتر بوو عومەر بیگوتایە: پۆڵا بە یارمەتیت، فەرمانمان پێدراوە کە تۆ بۆت نییە لێرە بیت. لەم کەینوبەینەدا هاوڕێ (سەڵاح عەزیز) کە بە سەڵاحی کەمانچە دەناسرێت، دەستیگرتم و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ دەرەوەی بارەگا، باری دەروونیم بەتەواوەتی تێکچوو بوو، نەمدەزانی چی بکەم و چی بڵێم.ئاخر چواردە ساڵە من لە زیندانەوە خەون بەوەوە دەبینم، کە جارێکی دیکە لە ناو حیزب و هاوڕێیان و بارەگاکاندا خۆم ببینمەوە، کەچی وا ئێستا بەدەست هاوڕێکانم لە حیزبدا و لە بارەگاکانی حیزبەوە دەرمدەکەنە دەرەوە، تەنها لەبەرئەوەی من دەمەوێت چارەنووسی حیزبەکەم ڕەش نەبێت.

لەسەر شۆستەی فولکەکەی بەردەم بارەگای کۆمیتە دانیشتم و فرمێسك لە چاوم دەهاتە خوارەوە،ئەوە فرمێسکی گریانێکی ئاسایی نەبوو، فرمیسکی ژیان و درێژایی فیلمی هەموو تەمەنم بوو. لەو کاتەدا هەموو چرکە و ساتەکانی ژیانی خەبات و تێکۆشان

و ماندووبوونم هاتەوە پێشچاوم، هاوڕێ سەلاح بە دیارمەوە لە هەولّی ئەوەدا بوو دلّم بداتەوە.

چەتەکانی(م.س) نامەیەکی ناوخۆییان دەرکردبوو، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

هاوڕێیانی تێکۆشەر.

سلاوێکی گەرم...

(نامەیەکی ناوخۆیی سەبارەت بە چالاکییەکی تێکدەرانە لە ناو حیزبدا)

ماوەیەك لەمەوپێش لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پێڕەوی ناوخۆ بە تایبەتی سەبارەت بە دیسپلینی حیزب و پاککردنەوەی ڕیزەکانی حیزب، کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی چەند هاوڕێیەکی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە کردەوە... بەهۆی کەمتەرخەمییان و پێشێلکردنیان بۆ بەندەکانی پێڕەوی ناوخۆو پاراستنی نهێنییەکان و پەیوەندی نەگرتن لەگەڵ ئازاد سەرچناری کە فایلی گیراوەو سەر بە موخابەراتی ڕژێمە.ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە چەند کەسێك بۆ وەستانەوە بەرامبەر بڕیارەکەی کۆمیتەی پارێزگا بە تایبەت نەورۆز سدیق شاوەیس/ پۆڵا زیندانی/ شۆڕش ئەمین) هەستان بە چالاکییەکی تێکدەرانە بە پەیوەندیکردن بە ئەندامانی تری ڕێکخراوی شاری سلێمانییەوە و هانیان دان تا دژی مەکتەب و لیژنەی پارێزگا بوەستنەوە، تا گەیشتە ئەوەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/٣١ لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگادا نزیك ٢٥ هاوڕێ کۆبکەنەوە و لە ژێر ناوی جۆراجۆر بە مەبەستیچەند مەرجێك بەسەر حیزبدا و دروستکردنی ناوو ناتۆرەی نابەجێ بەرامبەر بە کۆمیتەی پارێزگاو سەرکردایەتی حیزب بۆ ئەم مەبەستە هاوڕێیانی (م. س)و کۆمیتەی پارێزگا زنجیرە چاوپێکەوتنێکیان ڕێکخست بۆ گوێگرتن لە داخوازی و تێبینییەکانیان. دواتریش لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانە کە درابوونە پاڵ هاوڕێیان پێکهات لە دارایی ناوەندی کە لە ڕاپۆرتەکەیاندا پشتوانی لە ڕێکوپێکی لیست و سەرف وداهات وپڕۆژەکانی کۆمیتەی پارێزگا دەکات و هەموو تۆمەتەکان ڕەتدەکاتەوە..و هەولّی تەواویش درا لەلایەن کۆمیتەی پارێزگاوە بۆ ڕوونکردنەوەو تێگەیاندنی ئەندامانی حیزب بەشداربوو لەگەڵ ئەو کەسانەدا، لە ئەنجامدا بەشی هەرەزۆری ئەوانەی بەشدار بوون ئەو کارەیان مەحکوم کرد لە ئەنجامدا (م.س) بڕیاری (تجمید)کردنی ژمارەیەک لەو هاوڕێیانەی دا و دواتریش لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی پارێزگادا بە سەرپەرشتی سکرتێری حیزب و

(م.س)، لەگەڵ هەوڵدانی بۆ بە نەرمونیانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا بریاردرا بە(تجمید)کردنیان و بەجیا هەریەکەیان پێیان ڕاگەیانرا. لە ئەنجامدا نەورۆز بە نووسراو (پۆڵا و شۆڕش)یش بە سەرزارەکی لە کاردانەوەیان بۆ بڕیاری (تجمید)کە، وتیان ئێمە ئێستا لە دەرەوەی حیزبین...لە دوای ئەوەشەوە ئەو سێ کەسە کە دەبوایە لە ماڵی خۆیان بوونایە تا حیزبئاگاداریان دەکاتەوە نەك بێدەنگ نەبوون، بەڵکو دەگەڕێن بەسەر ڕێکخراوەکاندا خەڵک هان دەدەن دژی حیزب، بۆیە بەم کردەوەیان لەسەر کاری تێکدەرانەو کەرتکاری بەردەوامن و بەم شێوەیە خۆیان خستە دەرەوەی حیزبەوە.

بۆیە سەرجەم هاوڕێیانی ڕێکخستنەکان ئاگادار دەکەینەوە کە پێویستە بە تووندی ڕووبەڕووی ئەمجۆرە کارانە بوەستنەوەو هەر تێبینی و سەرنجێکیش هەبێت دەشێت لە چوارچێوەی شەرعییەتی حیزبیدا و بە مەبەستی یەکێتی ڕیزەکانی حیزبو بەرەوپێشبردنی حیزب و ڕێکخراوەکان کاری بۆ بکرێت.

م.س

بێگومان ئەم نامە ناوخۆییە پڕ بوو لە درۆ و چەواشەکاری.

بەراوردێکی سادەی داواکارییەکانی ئێمە و نامەکەی ئەوان:

-ئەوان ویستیان لەو نامەیەدا هاوڕێیان و ڕێکخراوەکان وا تێبگەیەنن، کە کێشەکە لەسەر ئەوەیە کە حیزب چەند سیخوڕێکی دەرکردووە و ئێمە هاتووین بەرگرییان لێ دەکەین، لە هەمانکاتدا ڕێگری لە لێپرسینەوەیان دەکەین. کە لە ڕاستیدا ئەوە کێشەکەی ئێمە نەبوو، ئێمە بە تەنها دەمانویست بە ڕاستی و دروستی مەلەفی سوبحی ئاشکرا بکرێت، کە ئەوان لەم نامەیەدا بە هیچ جۆرێک ئاماژەیان پێنەداوە و هەروەها لێکۆڵینەوەی زیاتر لە فایلی(ئازاد سەرچناری)بکرێت لە لایەن لیژنەیەکی شارەزای بێلایەن، چونکە ئازاد خۆی نکوڵی لەو پەیوەندییە نەدەکرد کە لەگەڵ موخابەراتی عێراقیدا هەیبوو، بەڵام ئەو قسەی دیکەی هەبوو، بە قسەکانیدا وا دیار بوو کە کەسانێك لە سەروو خۆیەوە تێکەڵاوی ئەو کارە سیخوڕییەی ئەو بووە، هەر ئەو هۆکارەش بوو کە وای لەسەرکردایەتی حیزب کرد کە بە بڕیارێکی پەلە و سەرپێی و بێئەوەی لیژنەیەکی شارەزا و بێلایەن پێکبهێنرێت، لە حیزب دەرکرێت.

-ئێمە نامەیەکی کراوەمان ناردبوو بۆ(م.س)کە تیایدا ئاماژەمان بە سەرجەم

داواکارییەکان کردبوو، سەرنج و ڕەخنەی خۆمان لەسەر گوزەران و سیاسەتی حیزب بە ڕوون و ئاشکرا نووسی بوو، بەڵام لەم نامەیەی ئەماندا بە وشەیەک ئاماژەی پێنەکراوە.

-ئەو چالاکییە تێکدەرانەی کە لە نامە ناوخۆییەکەدا هاتووە، لە دوای فەرامۆشکردنی چەند جارەی داواکارییەکانی ئێمەوە بوو، کە هاتن و لەگەڵمان دانیشن و بەوەشەوە نەوەستان ژمارەی هاوڕێیانی بەشداربوانیان لە ٤٠ هاوڕێ وە بۆ نیزیکەی ٢٥ هاوڕێ کەمکردەوە، ئێمە ئەو چالاکییەمان بە ئاشکرا و پێشەکینامەی کراوەمان بە دەستی (م.س)دابوو. خۆ ئەگەر فشاری ئێمە نەبوایە، ئەو کاتە نەئەوان دەهاتن لەگەڵمان دانیشن و هاوڕێ(مەلا حەسەن)بنێرن و نە ئەویش دان بە ڕەوایی داواکارییەکانماندا بنێت و بە فەرمی فایلی (سوبحی مەهدی) پشتڕاست بکاتەوە.

-لە نامە ناوخۆییەکەدا باسی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە مالّی داراییدا هاتووە، بەڵام ئێمە لە نامەکراوەکەماندا ئەم داواکارییەمان نەبوو، خۆ ئەگەر لێژنەش پێکهاتبێت ئێمە ئاگادار نەکراوینەتەوە، ئەگەر شتێک بووبێت، خۆیان لەناوخۆیاندا دیزە بە دەرخۆنەیان کردووە-باسی پاکانە نووسینیان نەکردووە، کە چۆن مەرجی دوو بژاردەی(پاکانە یان دەرکردن)یان بۆ هاوڕێیان دانابوو.لە نووسینی داهاتوودا بەڵگەیەك بڵاودەکەمەوە، کە ئەگەر خوێنەری زیرەك بەراوردیان بکات، ڕاستەوخۆ درۆ و چەواشەکارییەکانیانی بۆ دەردەکەوێت.

هاوڕێیانی تێکۆشەر

سلاوێکی گەرم

(نامەیەکی ناوخۆیی سەبارەت بە چالاکییەکی تێکدەرانە لەناو حزبدا)

هاوەیەك لەمەوپێش لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی بەندەکانی پێڕەوی ناوخۆ بە تایبەت سەبارەت بە دیسپلینی حزب‌و پاککردنەوەی ڕیزەکانی حزب، کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی چەند هاوڕێیەکی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە کردووە ... بەهۆی ڕەفتەرخەمیان‌و پێشێلکردنیان بۆ بەندەکانی پێڕەوی ناوخۆو پاراستنی نهێنییەکان‌و پەیوەندی نەگرتن لەگەڵ ئازادی سەرچناری کە فایلی گیراوەو سەر بە مەکتەبەراتی ڕێزنامە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە چەند کەسێك بۆ وەستانەوە بەرامبەر بڕیارەکەی کۆمیتەی پارێزگا بە تایبەت ئەوڕۆ صدیق شاوەیس / پۆلا زیندانی / شۆڕش ئەمین) هەستان بە چالاکییەکی تێکدەرانە بە پەیوەندی کردن بە ئەندامانی تری ڕێکخراوەی شاری سلێمانییەوەو هاندانیان دژی مەکتەب‌و لیژنەی پارێزگا تا گەیشتنە ئەوەی ڕۆژی 2003/7/31 لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگادا نزیکەی25 هاوڕێ کۆبکەنەوەو لە ژێر ناوی جۆراوجۆر بە مەبەستی چەند مەرجێك بەسەر حزبداو دروستکردنی ناوو ناتۆری ناببەجێ بەرامبەر بە کۆمیتەی پارێزگاو سەرکردایەتی حزب بۆ ئەم مەبەستە هاوڕێیانی (م.س)و کۆمیتەی پارێزگا زنجیرە چاوپێکەوتنێکیان ڕێکخست بۆ گوێگرتن لە داخوازی‌و تێبینییەکانیان، دواتریش لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانەی کە درابوونە پاڵ هاوڕێیان پێکهات لە دارایی ناوەندی لتم کە لە ڕابۆرتەکەیاندا پشتیوانی لە ڕێکوپێکی لیست‌و سەرف‌و داهات‌و پرۆژەکانی کۆمیتەی پارێزگا دەکات‌و هەموو تۆمەتەکان ڕەتدەخاتەوە..و هەوڵی تەواوبش درا لەلایەن کۆمیتەی پارێزگارە بۆ ڕوونکردنەوەو تێگەیاندنی ئەندامانی حزبی بەشداربوون لەگەڵ ئەو کەسانەدا، لە ئەنجامدا بەشی هەرەزۆری ئەوانەی بەشداربوون لە کارەیان مەحکوم کرد لە ئەنجامدا م.س بڕیاری (تجمید) کردنی ژمارەیەکی لەو هاوڕێیانەداو دواتریش لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی پارێزگادا بە سەرپەرشتی سکرتێری حزب‌و م.س، لەگەڵ هەوڵدان بۆ بە ئەرمێنیانی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو هاوڕیانەدا بڕیار درا بە (تجمید) کردنیان‌و بەجیا هەریەکەیان پێیان ڕاگەیانرا. لە ئەنجامدا ئەوڕۆ بە نووسراوو (پۆلا و شۆڕش)یش بە سەرزارەکی لە کاردانەوەیان بۆ بڕیاری (تجمید)کە، وتیان ئێمە ئێستا لە دەرەوەی حزبین.. لە دوای ئەوەشەوە ئەو سێ کەسە کە دەبوایە لە ماڵی خۆیان بوونایە تا حزب ئاگاداریان دەکاتەوە نەك بێندەنگ نەبوون بەڵکو دەگەڕێن بەسەر ڕێکخراوەکاندا خەڵك هان دەدەن دژی حزب، بۆیە بەم کردەوەیەیان لەسەر کاری تێکدەرانەو کەرتکاری بەردەوامن‌و بەم شێوەیە خۆیان خستە دەرەوەی حزبەوە.

بۆیە سەرجەم هاوڕیانی ڕێکخستنەکان ئاگادار دەکەینەوە کە پێویستە بە تەندی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کارانە بوەستنەوەو. هەر تێبینی‌و سەرنجێکیش هەبێت دەشێت لە چوارچێوەی شەرعییەتی حزبیداو بە مەبەستی یەکێتی ڕیزەکانی حزب بەرەوپێش بردنی حزب‌و ڕێکخراوەکان کاری بۆ بکرێت.

م.س

-١٤٧-

لەم بەشەدا پرۆتۆکۆڵی(محضر)ی کۆبوونەوەی(م.س)، کە پەیوەندی بە من و هاوڕێکانمەوە هەیە بڵاودەکەمەوە. لە سەرەتادا بە زمانی عەرەبی یە، لەبەرئەوەی خودی پرۆتۆکۆڵەکە بە عەرەبی نووسراوە، ئا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: بۆچی دەبێت پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانی(حشک)، بە عەرەبی بنووسرێت؟؟؟

ئەمەی خوارەوە دەقی پرۆتۆکۆڵەکەیە:

/// بصدد الرسالة الموجه الى ل.م و م.س من پولا و نەوروز و شورش

يرى م.س .لاحاجة للجواب على رسالتهم كونها غير نظاميه لانهم وصفو انفسهم خارج الحيزب حيث كتب بعضهم رسائل استقاله و آخريناعلنوا فك ارتباطهم بالحيزب شفويا . ثم ان المحلية قررت بالاجماعفي اجتيماعها السابق طردهم من صفوف الحيزب لمواصلتهم لموقفهم السابق كما ان النظام الداخلي لايجيز التكتلات في داخل الحيزب وهم لازالو يواصلونموقفهم التكتلي وفي رسالتهم لم نجد مايشير الى تراجعهم وانتقادهم لنفسهم على ممارستهم الخاطئة والمخالفة للنظام الداخلي وهم يريدن التعامل معهم كمجموعه لذا يجب مقاطعتهم وعدم التعامل معهم كاعضاء ومنعهم من التواجد في المقرات الحيزبية لانهم خارج الحيزب . كذالك يجب مواصلة تثقيف المنظمات الحيزبية تجاه المحاولات الانشقاقيه والتمسك بالنظام الداخلي.خاصه انهم وعدم التمايز بينهم اي الاربعه المطرودين في التعامل خاصة وانهم يواصلون نشاطاتهم الانشقاقيه ونظموا ندوه في الانترنيت كما ورى -لتم .قد وجهت رسالة داخلية اشارت فيها الى وجودهم خارج الحيزب الان.

بە کوردی:

دەربارەی ئەو نامەیەی کە لە لایەن پۆلا و نەورۆز و شۆڕشەوە بۆ(ل.م و م.س)

نێردرابوو، (م.س) وا بە پێویستی دەزانێت کە وەڵامی نامەکەیان نەدرێتەوە، لەبەرئەوەی نزامی نییە و ئەوان خۆیان وا دەناسێنن کە لەدەرەوەی حیزبن، هەندێکیان نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان بە دەستی نووسیوە و هەندێکی دیکەیان بەزارەکی پەیوەندی خۆیان بە حیزبەوە پچڕاندووە. لە کۆتا کۆبوونەوەی محەلیدا و بە تێکڕای دەنگ بڕیاری دەرکردنیان بۆ دەرچووە، لەبەر بەردەوامییان لەسەر هەڵوێستی ڕابووردوویان، لەگەڵ ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب ڕێگا بە کەرتکاری و باڵباڵێن لە ناو حیزبدا نادات، بەڵام ئەوان بەردەوامن لەسەر هەڵوێستی باڵباڵینی خۆیان، وە هەروەها لە نامەکەیاندا هیچ ئاماژەیەکیان بە پاشگەزبوونەوە و ڕەخنە لە خودگرتن لەسەر هەڵسووکەوتە هەڵەکەیان و سەرپێچیکردنیان لە پەیڕەوی ناوخۆ بەدیناکرێت.ئەوان دەیانەوێت وەك کۆمەڵێك هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوە دەبێت بایکۆت بکرێن و وەک ئەندام مامەڵەیان لە گەڵدا نەکرێت، وە هەروەها ڕێگایان پێنەدرێت کە بێنە ناو بارەگاکانی حیزبەوە، لەبەرئەوەی ئەوان لە دەرەوەی حیزبن.

وە هەروەها پێویستە بەردەوام بن لە تێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی ڕێکخراوە حیزبییەکان دژی هەوڵی باڵباڵێن و کەرتکاری و پابەند بوون بە پەیڕەوی ناوخۆوە. بە تایبەت ئەوان و جیاوازی نەکردن لە نیوانیاندا، واتە هەر چواریان دەرکراون.ئەوان بەردەوامن لە چالاکییە کەرتکارییەکانیان و سمیناڕێکیان لە ئەنتەرنێت ڕێکخستووە، هەروەها ل.م نامەیەکی ناوخۆیی دەرکردووە کە تیایدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئێستا ئەوانە لە دەرەوەی حیزبن.

کە دەچیتە ناوەڕۆکی نووسینی پرۆتوکۆڵی کۆبوونەوەی (م.س)ی (حشك)و جوان لێی ورد دەبیتەوە، ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت کە ئەو سەرکردانە، مێژووی خەبات و قوربانی هاوڕێکانیان بێسنوور هەرزانفرۆش کردووە.ئەوانە هەرگیز دڕێغییان لە درۆ و چەواشەکاری نەکردووە، لە پێناوی لووتبەرزی و بەرژەوەندی خۆیاندا.ئاخر کاتێک بەراوردی نامەکراوەکەی ئێمە لەلایەک و نامە ناوخۆیی و پڕۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەکەی ئەوان لە لایەکی دیکەوە دەکەیت، یەک دونیا جیاوازی و درۆ و چەواشەکاریی لە ناوەڕۆکی نووسینەکاندا بەدیدەکرێت بۆ نموونە:

--ئەوان نامەکراوەکەی ئێمەیان لە لابوو. چاکیش دەیانزانی کە ناوەڕۆکەکەی بەتەنها هەڵوێست و داواکاری نەورۆز و شۆڕش و پۆڵا نەبوو، بەڵکو خواست و

داواکاریی و هەڵوێستی دەیان هاوڕێی ناو حیزب بوو، کەچی لە پرۆتۆکۆڵەکەدا هەموو داواکارییەکانیان بەتەنها بە داواکاری و هەڵوێستی ئێمە هەژمار دەکەن. هەر خۆیشیان لە نامە ناوخۆییەکەیاندا دەڵێن: نیزیکەی ٢٥هاوڕێ لە بارەگای کۆمیتە کۆبوونەوە، هەر چەندەئەوەش هەر ڕاست نییە، چونکە لە ٤٠ هاوڕێ زیاتر بوون و دەیان هاوڕێی دیکە بەهۆی سەرقاڵییان بە ئیشوکاری خۆیانەوە، نەیانتوانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بین.

--لە لایەکەوە دەڵێن: لە کۆبوونەوەی محەلیدا دەرکران، لە لایەکی دیکەوە دەڵێن: بە نووسین و بە زارەکی خۆیان دەستیان لە حیزب کێشاوەتەوە.

--باسی کۆمەڵێك دەکەن، کەچی ناوی سێ هاوڕێیان نووسیوە.

--دەڵێن نامەکەیان نیزامی نییە بۆیە وەڵام نادرێنەوە، ئەگەر وابوو بۆچی هاوڕێ (مەلاحەسەن)تان بۆلای ئێمە نارد، یاخود لەسەرەتاوە ئەوەش هەر پیلان بوو؟

--ئەوان لە پرۆتۆکۆڵەکەدا بە ژمارە ئاماژەیان بە چوارکەس داوە، بەبێ ئەوەی ناوی چوارەم بهێنن.

--لە پروتۆکۆڵەکەدا ناوی (ئازادی سەرچنار) و فایلدارەکانی دیکە نەهاتووە، لە کاتێکدا لە نامە ناوخۆییەکەیاندا بۆ ڕێخراوەکان زیاتر جەختیان لەسەر ناوهێنانی ئازاد و فایلەکەی کردبووەوە، بۆ سوککردنی ئێمە بەوەی کە بەرگری لە جاسوسێك دەکەین.

باشە ئەگەر ئێمە گرنگ و جێی بایەخی ئێوە نەبووین، ئەو هەموو ترس و لەرزەتان لە پای چی؟ بۆچی هاوڕێیان بایکۆتی ئێمە بکەن و نەهێڵن بێنە ناو بارەگاکانەوە؟

بایکۆتەکەی حیزب بۆ ئێمە، بەوەی سەردەمی قوڕەیش دەچوو، کە مامەڵەکردن لەگەڵ شوێنکەوتووانی(محەمەد)دا قەدەغە بوو.

-١٤٨-

لە دوای ئەو پڕوپاگەندانەی کە جارێک؛ گوایە ئێمە لە حیزب دەرکراوین و جارێکی دیکە؛ ئێمە خۆمان دەستمان لە کاری حیزبی کێشاوەتەوە، تاکو توانییان دژی هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی دوێنێیان، کەوتنە پڕوپاگەندە و درۆ و چەواشەکاری، چ لە ئاستی کەسایەتی هاوڕێیاندا یاخود هەڵوێستی کۆمەڵایەتیمان. جارێك دەستی یەکێتیمان لەپشتەوەیە و جارێکی دیکە پارتی.ئەمەی دوایی هەر زۆر جێگای پێکەنین بوو، چونکە زیاتر نیگەرانیی ئێمە نەبوونی سیاسەتێکی سەربەخۆی حیزب بوو، بەتایبەتی ئەو سەرشۆڕییەی کە لەبەرامبەر پارتییدا هەیان بوو.

دەربارەی من هیچیان نەدۆزییەوە تەنها ئەوە نەبێت، کە بۆچی پۆڵا لەسێدارە نەدراوە و حوکمەکەی لە سێدارەوە گۆڕدراوە بۆ هەتاهەتایی؟؟ ئەمەیش هەر زۆر جێگای پێکەنین و بێڕەوشتی ئەوان بوو.ئاخر من ئەو کاتەی کە دەستگیر کرام، ئاگاداری دەیان ماڵی حیزبی سلێمانی و کەرکوک بووم، هەروەها دەیان هاوڕێ کە کاری نهێنییان دەکرد، بەڵام لەو ڕۆژەوەی کە دەستگیرکرام تا حوکمم بۆ دەرچوو، بێجگە لەوەی هیچ دانپیانانێکم(اعتراف)م نەبوو، یەک هاوڕێش بەهۆی منەوە دەستگیرنەکرا. هەرچەندە لە هەموو ئەو ناوانەی کە دەستگیرکران، دوو کەس لە بەرگریی ئەشکەنجەداندا دیار بوون،(شەهید ئەحمەدی سناعە و من) ئێستا ئەو پەیکەری لە ئەمنە سورەکەی سلێمانی بۆ چێکراوە.

من بە مەرسومی کۆماریی حوکمەکەم لە لەسێدرەدانەوە کرا بە هەتاهەتایی(موئەبەد)، لەو ماوەیەدا بە تەنها مەرسوم بۆ من دەرنەچوو، ئەم ناوانەش مەرسومیان بۆ دەرچوو(نەسرولّا سورچی، موحسین دزەیی، حەمە قرگەیی، هاوڕێ سەعدون فەرەج، هاوڕێ فازیل ئەحمەد فەرەج)وە هەروەها دەیان لێبووردنی گشتی دەرچوو، بەڵام من بەرنەکەوتم. کە لە ٢٠٠٢/١٠/٢٠ دا ئازادکرام، یەک زیندانی سیاسی و ناسیاسی لە سەرانسەری زیندانەکانی عێراقدا نەمابوو. ئەوەندە بێڕەوشت و نەفام بوون، لە خۆیان نەدەپرسی داخۆ سەرۆکی باندەکەیان کە(کەمال شاکر)بوو، ئەو کاتەی کە هەموو هاوڕێکانی سەربازی و سیڤیل لە

سێدارەدران، بۆ بەتەنها ئەو ئازاد کرا؟ هەر چەندە بۆ ئەمەش وەڵامێکی ئامادەکراویان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە فشاری نێودەوڵەتی هەبوو.ئێ خۆ بۆ شەهیدە(عائدەیاسین) یش، فشاری نێودەوڵەتی هەبوو، بەڵام بەعس هەر شەهیدی کرد، نەك بە تەنها ئەو بەڵکو(صباح الدره و صفاء الحافظ)یش.

تا دوێنێ ئێمە خاباتگێڕ و تێکۆشەر بووین، بەڵام ئەمڕۆ ناپاك و بەکرێگیراوین.

وادیاربوو کە مەبەستیان لە نامە ناوخۆییەکە و هۆشیارکردن و تێگەیاندنی ئەندامەکانی ڕێکخراوە حیزبییەکان، بۆ ئەوە نەبوو کە لە ڕووی هزر و بیرەوە چەکداریان بکەن، بەڵکو بە هونەری درۆ و بوختان و چەواشەکاری هۆشیاریان بکەنەوە و تێیانبگەیەنن.

بەم کردەوە قێزەونانە، زیاتر لای ئێمە ڕوون دەبووەوە، کە ئێمە ڕاستین و سوور دەبووین لەسەر هەڵوێستمان.

ئەمجارە ئێمە بانگەوازێکمان بۆ کۆمیتەی ناوەندی نارد ئەمەش دەقی بانگەوازەکەیە:-

تینێوتی مرۆڤ بۆ ئازادی و بۆ خۆشەویستی و بۆ ژیان، بێکۆتاییە...هۆڵدەرین لە دێڕە شیعرێکدا:« ئەو کەسەی زیاتر ژیانی خۆش بوێت، ئەو کەسەیە کە بەقوولی و فراوانی بیردەکاتەوە». هەر بۆیە ئەو خۆشەویستییە بۆ ئازادی و بۆ ژیان لە ناوەوە بەفریای مرۆڤ دەکەوێت کاتێك لە دەرەوە ڕووخان دروستدەبێت. بنیاتنانەوە لەناوەوە دەستپێدەکات، لەبەرئەوە هەرگیز خۆری ناوەوە ئاوا نابێت ئەمە بانگەوازی ئێمەیە بۆ ژیان. دەبێتئەوەش تێبگەین تاقوفڵەکانی زمان زیاد بکەن، دەنگ لە ناوەوە دەستپێدەکات خۆڕاگرتن و تێکۆشان و کۆڵنەدان باوەش زیاتر بە بەهاری ژیاندا دەکەن و چرۆ دەردەکات.

دەشێت لەم بانگەوازەدا دەستمان بردبێت بۆ هەندێك کێشەی قەدەغەکراو، بەڵام هەر دەبێ ئەو گومان و دڵەڕاوکێیەی کەدیوار بەندێکی پۆڵاینی لەو نێوانەدا دروستکردووە بڕمێ، دەبێتئەو ڕاستییەش لەلای هەموومان ئاشکرا بێت. کەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەها و بڕیاری ڕەها و سزای ڕەهاو فۆرمی حیزبی شمولی خۆری ئاوابوو. ئەمەش بانگەوازێکە بۆ ئەوانەی کە تائێستا بڕوایان لەق نەبووە بەو چەمك و بۆچوونانە بۆ ئەوەی تا کات تێنەپەڕیوە فریای خۆیان بکەون. نەکا شەپۆلی سەردەم لەگەڵ خۆی ڕایانمالێت گەر بشمێننەوە لەداهاتوویەکی زۆر نزیکدا دەپووکێتەوە.

بەڕووخانی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعسیش، زیاتر دەرگاو پەنجەرەکان بە ڕووی ئەو پرسیارە جدیانەدا خرانە سەرپشت کەزۆر دەمێکە جڵەوکراون، بە بەهانەی هەبوونی ئەو ڕژێمە پشتگوێ خراون و بەبێ هیچ وەڵامێك بەجێهێڵراون.ئەم قۆناغەش ئاسۆیەکی نوێی وای خستەبەر دیدەمان، کە کار و جوڵە و بزاوتی بە پەلەی دەوێت، ئێستاش و هەنوکە و دواڕۆژیش ئەوەمان لێدەخوازێت بە شێوەیەکی بابەتیانە پێداچوونەوە بەسەرجەم تێڕوانین و کارو کردەوەکانماندا بکەین، بۆ ئەوەی ئەو بەستەڵەکانە بشکێنین کە ئاسۆی بیرکردنەوەمانی سنوردار کردووە و بەدۆگم دایپۆشیوە. لەم ڕوانگەیەوە ئێمەی کۆمەڵێك لە کادیران و ئەندامانی حیزب، کەدەربڕی زۆربەی زۆری تێڕوانین و گلەیی و نیگەرانییەکانی ئەندامانی بنکە حیزبییەکانین. هەوڵماندا کە چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانە لە چوارچێوەی حیزبداو بەهاوکاری هەمووان بێت و بەرژەوەندییە فیکری و بابەتی وگشتییەکان بخرێنە پیش هەر بەرژەوەندییەکی دیکە، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکمان ئاڕاستەی کۆمیتەی ناوەندی «حیزبی شیوعی کوردستان»کرد لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/٣١ تاوەکو بەشێوەیەکی پراکتیکیانەو دوور لەدووبارەکردنەوەی ڕەخنە لەخۆگرتنێکی بێئامانج و پەردەپۆشکردنی هەڵەکان. مێزگردێک بەو پەڕی دیموکراسسیانە بۆ دایەلۆگ دروستبکەین، بەڵام بەداخەوە ناوەندێتییەکی بیرۆکراسی زاڵ ئەو هەوڵەی زیندەبەچاڵ کردووە. بەهەموو هێزو تواناوە بەرەنگارییانکرد و گوێی خۆشیان لە ئاست ڕاستییەکان ئاخنی و هێندەیتر ئەو ناوەندەیان قایمتر کرد. هەر زوو پەلەیانکرد لە پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتییەدا، پێشوەختە بڕیاریاندا کە گوێ لەهیچ ڕاستییەك نەگرن،تەنها ڕای ڕەهای خۆیان بسەپێنن، هەر بۆیە بەشێوازێکی زۆر دەمارگیریانە بەرەو ڕووی بوونەوە. لەکاتێکدا دەمارگیری«التعصب»میراتێکە لەنەزانینەوە سەرچاوە دەگرێت حاڵەتێکە کەتوانای بەرهەمهێنانی گفتوگۆ و دایەلۆگی نییە. ئەو دیموکراسییەیان هەر لەسەر لانکەکەی سەربڕی و کەوتنە وێزەی هاوڕێیان و ئەندامانی حیزب و نامەی بێبەریبوون و پاکانەیان لەڕاستییەکان پێپڕکردنەوەو جارێکی دی بەشێوازیکی قێزەون و پۆلیسیانە ئەندامانیان داپڵۆسی بۆ ئەوەی چۆکیان پێدابدەن. کەبەمەش زیاتر کێشەکانیان قوڵکردەوە و قەیرانەکانیان زیاتر کردو ئەو ئەندامانەی حیزبیشیان ڕاپێچکردە باوەشی «هەڵپەرستی»یەوە، کەئەمەش بۆ داهاتوو، زیانێکی زۆر بەخودی کەسێتی ئەو ئەندامانە دەگەیەنێت و لە جیاتی ئەوەی ببنە ئەندامێکی ئەکتیڤ

و کارا، دەبنە دەرویشی حیزب وهەردەم ئامادە دەبن خیانەت لە «هۆشیاری و هەڵوێستی» خۆیان بکەن،ئایا ئەمە خزمەتی گەیاندووە بەحیزب، یاخود زیانێکی گەورە؟

نابێتئەوەمان لەبیر بچێت کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەو پێداچوونەوەی سەر لەنوێی کاروکردەوەکان ڕاستی بەرهەم دێتەوەو دەشتوانرێت وێنەو نەخشەی نوێی لەبەر بکێشرێتەوە. ئەوەی مێژووی لەمەوبەر و ئێستاش فێری کردووین و فێرمان دەکات ئەوەیە کە بەتووندووتیژی وسەرکوتکردن پێدەچێت بۆ کاتێکی کورت ئامانجێك دەستبکەوێت، بەڵام لەداهاتوودا ئەو ئامانجانە تێکدەشکێن و هەرەس دەهێنن.

ئێمە لەو کارەماندا ویستمان بەها بۆ دیمکراسییەت وئازادی و ڕاستگۆیی لەگەڵ فیکردا بگێڕینەوە، چونکە ئەو ململانێیەی فیکری مارکسیزم دەیکات، مەرجەکانی دیاریکراوە، ئەویش ململانێیەکە لە پێناو ئاشکراکردنی ڕاستی مێژوویی و دژ بە ئاوەژووکردنەوەیانە، هەر لەبەرئەوەیە مارکس گوتوویەتی (ڕاستی هەردەم شۆڕشگێڕە).

ئێمە دەمانەوێتحیزب بچێتەوە سەر هێڵی ڕاستی تێکۆشانی خۆی و ڕزگار بێت لە کلکایەتیکردن بۆ ئەم حیزب و ئەو حیزب و ئەم دەسەڵات و ئەو دەسەڵات. دەمانەوێت حیزب لە ژێر سایەی تێکۆشان و قوربانیدانی خۆیدا بحەوێتەوە، نەك لەژیر سایەی ئەم حیزب و ئەو حیزبدا. کەبەمەش چاو لەهەموو ئەو غەدرو ناعەدالەتییە مێژوویی پۆشراوە کە لە کوردستان دەکرێت،ئەمەش ڕێگای خۆشکردووە بۆ سیاسەتێکی خۆبەدەستەوەدان و خۆگونجاندن و خۆبردنە پێشەوە لەو دەسەڵاتانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا جێگای ڕەخنەی زۆرن. جگە لەوەش خودی حیزبیش دەبێت وەك خۆی پێناسە بکرێت. ئەگەر حیزب پڕۆژەیەکە بۆ تێکۆشان، ئەوە حیزبئەو کات ئامرازوێکە «وسیلە» بۆ ئەنجامدانی ئامانجێك «غایە». بەڵام ئێستا چونکە حیزب کراوەتە پڕۆژەیەکی خۆژیاندن و بەرژەوەندپەرستیی، ئەوە ئەو پێناسەیەش گۆڕاوەو لەسەروو ئامانجەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و شێواندنێکی بەرچاو بە جەستەی حیزبەوە دیارە و، دیوارێکی ئەستووری گەورە لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا هەڵچنراوە، تیۆر شتێکەو پراکتیك شتێکی دیکە.

لێرەوە دەچینە سەر هەندێك لەو کەموکورتییە بەرچاوانەی کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت. بەمەش ئەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، کەچەند ئەم حیزبە لەڕێگا فیکرییەکەی خۆی لایداوە و، زۆر کاتیش بە پێچەوانەوە ڕێدەکات.ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت

کەبچوکبوونەوەی ڕۆژ بەڕۆژی قەوارەی ئەم حیزبە « قەزاو قەدەر نییە»، بەڵکو بەرئەنجامی هەڵوێست و سیاسەتەکانی سەرکردایەتییەکەیەتی کە سوورن لەسەر ئەو میکانیزمە چەوتەی ئێستا:

١-نەمانی لیژنەی چاودێری ناوەندی کە سانسۆرێکە بەسەر سەرکردایەتییەوە و لەهەڵە و کەموکورتییەکان ئاگاداری دەکاتەوە و لێپرسینەوەش بەرامبەریان دەکات. لەکاتێکدا ئەگەرگوێڕایەڵ نەبنئەوا بۆ بەردەم کۆنفرانس و کۆنگرەکان تۆماری دەکات، چونکە کاتێك مەکتەبی سیاسی لەهەمووان دەپرسێتەوە، کێ هەیە لەوان بپرسێتەوە؟ جگە لەوەش بەلای زۆربەی هاوڕێیانی حیزبەوە دەسەڵاتی سەرکردایەتیش لە چەند کەسێکدا بچوك کراوەتەوە و ئەوانە بوونەتە سەرچاوەیەکی ڕەهاو «مەرجەعییەت»ێکی بێهاوتای بڕیارەکان، بەجۆرێك ئەگەر کەسێك لەناو حیزبدا، ڕەخنەیەك ئاراستەی ئەو« مەرجەعییەت»ە بکات ئەوا کۆتایی بەبوونی خۆی دەهێنێت لەڕیزەکانی حیزبدا.

٢-لیژنەیەکی چاودێری دارایی نییە، کە دەسەڵاتی سەربەخۆیی هەبێت و چاو بگێڕێتەوە بەدارایی سەرجەم دەزگا و شوێنەکانی حیزبدا. لەکاتێکدا لای زۆربەی ئەندامان ئەوە دەبیستیت کە لە ناو حیزبدا چ تەخشان و پەخشانێکی دارایی دەکرێت لەکاتێکدا زۆربەی ماڵی شەهیدان لەو پەڕی ژیانی ناخۆشیدا دەژین. بێئەوەی کەسێك هەبێت لێپرسینەوە بکات یاخود ڕەخنەیەك بگرێ یاخود لانی کەم ئاگاداربێت لە وردەکارییەکان.

٣-نەمانی هاوسەنگی چینایەتی لە نێوان سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزبدا. ئێمە هەردەم گلەیی و گازندە دەگرینە سەرکردایەتی سیاسی حیزبەکانی دیکە، کە لە شاخەوە گەڕاونەتەوە و پاداشتی تێکۆشان وەردەگرن و ژیانی میرانەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، ئەگەر تۆزێك لەسەرکردایەتی حیزبیشمان نزیك ببینەوە لە چاو قەوارەی خۆماندا ئەوە زۆر بەسانایی ئەو حاڵەتە بەدیدەکەین، چونکە هیچ سەرکردایەتییەکی ئێمەش بە پارەوپولێکی زۆرەوە نەگەڕایەوە شارەکان. جگە لەوەی ئەگەر سەرکردایەتییەکەی ئێمە بەڕێژەیەکی زۆر کەمتر لەسەرکردایەتی حیزبەکانی دیکەش کەڵکیان لەجێگاو شوێنی خۆیان وەرگرتبێت بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان، بەبەراورد لەگەڵ ئەو فیکرەی ئێمە، دەچێتە چوارچێوەی لادان و تەنانەت خیانەتیشەوە. ئێستا ڕێژەیەکی باش لەسەرکردایەتییەکەی حیزبمان جیاوازییەکی زۆری چینایەتییان دروستکردووە لەگەڵ ئەو تێکۆشەرانەی کە تا

دوێنێ لەشاخ و لەشار بەرەوڕووی مەرگ دەبوونەوە، یان لەگەڵ گوزەرانی خێزانی ئەو تێکۆشەرانەی کە لەسەنگەری بەرگریدا شەهید کران.

٤-ئەو دیموکراسییەتەی لە ناو حیزبدا بە بەربڵاوی باسی لێدەکرێتڕۆژبەڕۆژ «قارس»دەکرێت و لەناوەڕۆکەکەی پووچەڵ دەکرێتەوە.ئەمەش تەنها لەو کاتانەدا هەستی پێدەکەیت کە بە شێوەیەکی پراکتیکیانە لەگەڵ دەستە باڵاکانی حیزبدا بەرەوڕوو دەبێتەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ناوەڕۆکی ناوندێتی دیمکراسی هەڵگەڕێنراوەتەوە بۆ ناوەندێتی بیرۆکراسی. کە ئەمەش لینین پێناسەی دەکات و دەڵێت بیرۆکراسی لەسەر ئیمتیازات خۆی ڕادەگرێت.ئەو کەسانەشی پیادەی ڕەوشتی بیرۆکراسیانە دەکەن کە ئیمتیازاتیان دەستیگربووە و لەجەماوەر دابڕاون و تەنانەت لەسەروویشیانەوە وەستاون. لەلایەکی دیکەدا دەڵێت:حیزبڕێکخراوێکە بۆ هاوڕێیان لەڕادەربڕین نەك سەپاندنی ناوەندێتییەکی بێ دیموکراسی .

بۆ یەکلاییکردنەوەو تێکشکاندن و هەرەسپێهێنانی بیرۆکراسییەت دەڵێت تەنها بەتێگەیاندنی ئەندامانی حیزب و گەل وڕۆشنبیرکردنیان لەسەر ئاستێکی بەرفراوان ئەو کارە بەئەنجام دەگات. ئەگەر لێرەوە تۆزێك سەیری خۆمان بکەین دەزانین کە سەرکردایەتی هیچ زەمینەیەکی خۆشنەکردووە بۆ فێربوون و پێگەیشتن و تێگەیاندنی ئەندامانی حیزب تاکوئێستاش جگە لەهەفتەنامەیەکی ئۆرگانی بەناوی « ڕێگای کوردستان»ەوە هیچ پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری و مەعریفی لە ئاسۆی بیرکردنەوەیاندا نییە بۆ ئێستا و داهاتوو. جگە لەوەی ناوەندێتییەکە هێندە بەهێز کراوە کە هیچ بەهایەکی بۆ دیموکراسیەت نەهێشتۆتەوە.ئەم دەسەڵاتە ڕەهایەش وایکردووە کە لەژێر بیانووی لاوازو دروستکراودا بۆ چەندەمینجار کۆنگرەو کۆنفراسەکان دوا بخرێن و لەگەڵ ئەوەش بەشێوەیەکی ناشەرعی کۆنفرانسی هەندێک لە پارێزگاکانیان هەڵوەشاندۆتەوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئامادەبوانی کۆنگرە، ئەویش لەژێر بیانووی نەبوونی دارایی پێویست، کە ئەم بەهانەیە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ لۆژیکی «منطق» بیرکردنەوەماندا یەکناگرێتەوە.ئەگەر بەڕاستی ئێمە هەڵگری ئەو فیکرە بین لانیکەم ئەندامان هەست بەو نایەکسانییە چینایەتییە زۆرە دەکەن کە لە نێوان سەرکردایەتی و خۆیاندا هەیە، ئەوا لەو بڕوایەداین زۆربەی زۆری ئەندامان ئامادەیی ئەوەیان هەیە لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، بەڵام ئەوەی لەبنکە حیزبییەکان و ناو ئەندامانداا ئەوەی

پێشرۆفە دەکرێتئەوەیە کەئەوە ڕێکخستنەوەیە بۆ مسۆگەرکردنی دەرچوونی ئەو کەسانەی لەنێو سەرکردایەتی حیزبدا هەم باڵادەستن و هەم پەروەردەی سەردەمانێکی حیزبی شمولی و دەسەڵاتی توتالیتارین و نامۆن بە دیموکراسییەت، لەبەرئەوە هەموو ڕێگایەك دەگرنە بەر بۆمانەوەی خۆیان. لەکاتێکدا دەبوو پاش ڕووخانیرژێمی دیکتاتۆری خوێنڕێژی سەدام، زیاتر بیر لە بەرفراوانکردنی دیموکراسییەت و ئازادی بیروڕا بکرایەتەوە، لە نێو حیزبداو هەوڵبدرایە کۆنگرەیەکی جۆری ببەسترایە، زەمینەش خۆشبکرایە بۆ ئەوەی زۆرترین لەهاوڕێیان بەشداری تێدابکەن، جگە لەو هەموو خەڵکە تێکۆشەرەی کەلەدەرەوەی وڵات و لەناوەوە لەحیزب دابڕاون کەئەمانەش جارێکیتر کە دەرگایان لەسەر بکرایەتەوە، چونکە ژمارەی ئەوانە ئەگەر زیاتر نەبن کەمتر نین لە قەوارەی ئێستای حیزب. چاوەڕوان دەکرا بڵندگۆکانی نێو حیزب زیاتر بکرێت و مافی کەمایەتی زیاتر بپارێزرایەو ڕێگەی ئەوەیان بدایە بە ئازادی ڕای خۆیان دەربڕن و لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بیروبۆچوونی خۆیان بڵاوبکەنەوە، کەهەموو ئەمانە دەبوونە هێز بۆ حیزب ودیموکراسییەتیش لەو گاڵتەجاڕییەی پێیدەکرێترزگاری دەبوو.

٥-گۆڕانکاری... یەکێکە لە تروسکە جوانەکانی نێو فیکری مارکسیزم،ئەگەر خەڵکانێك هەن لەسەرکردایەتی حیزب ناکۆکبن لەگەڵ گۆڕانکاریدا ئەوە بێگومان ئەوان ناکۆکن لەگەڵ ئەوفیکرەدا. دەبێت هەموو بەو تەڵاقەدا بچینەوە کە لەگەڵ ئەو فیکرەدا داومانەو ئەو قفڵە کڵۆمدراوانە بکەینەوە، کە لە چوارچێوەی پەیرەوێکی وشکوبرنگدا لە مێشکی ئەندامان دراون. ئەگەر تۆزێك لە خۆمان ڕامێنین، ئەوکات زۆر بەسانایی تێدەگەین چەند دوورین لەو بیروباوەڕەی کە ئێمە خۆمان بە خاوەنی دەزانین لەبەرئەوە پێداچوونەوەو گۆڕانکاری بووە بە پێداویستییەکی بابەتی و دەبێت لەهەرکاتێکیتر زیاتر پەلەی تێدا بکرێت. کە ئەمەش هەڵبژاردنە لەنێوان مردن و ژیاندا.

٦-ماویەکی دوور و درێژەحیزبی شیوعی لە پێناو «مانەوە»دا بەردەوامی بەکاری حیزبی خۆی دەدات، زۆر جاریش لەلایەن سکرتێرو هەندێك لە سەرکردایەتی ئەو حیزبەوە ڕاشکاوانە ئەوە بە جەماوەر ڕاگەیەنراوە کە حیزبی شیوعی کوردستان لە پێناوی دەسەڵاتدا تێناکۆشیت. هەر بۆیە مانەوە بۆ گەورەترین پرۆسەی مێژوویی ئەو حیزبە، لە کاتێکدا ململانێ بۆ مانەوە ململانێیەکە مێژوویی نییە، بەڵکو دووبارەکردنەوەی سروشتیانەی مێژووە. بەمەش ناتوانیت لەسیستەمە عەقڵییەکانی خۆی لابدات، هەروەها

توانای نوێکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆت لەدەستدەدەیت و توانای ساڕێژکردن و بیرچوونەوەی شکستەکانی خۆی نییە. لەژیر پیادەکردنی چەمکی مانەوەدا کۆنترۆڵی هەموو وزەو توانای ئەندامان دەکات ولە ئامێزی چەقبەستندا گیریداون و دیلیکردوون، لەسنووری بەرهەمهێنانی مانەوەدا نامۆی کردوون بەبوونی مرۆڤانەی خۆیان و حیزبەکەیان، لەکاتێکدا فەلسەفەی مارکسیزم نارەزایەتییەکە لەدژی «نامۆبوون»ی مرۆڤ و پڕبەتی لەباوەڕبوون بەمرۆڤ و بەتوانای ڕزگارکردنی خودی خۆی و بەدیهێنانی وزەکانی. مەسەلەی سەرەکی لەفەلسەفەی مارکسیزمدا بریتییە لە کێشەی بوونی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی واقعیانە، کەلەڕێگای کارەکەی خۆیەوە بوونی خۆی بەجۆرێك دیاریدەکات، کەبەهۆیەوە سروشتی خۆی بەرجەستە دەکات و خۆی لەڕەوتی مێژوودا بەدیدەهێنێت. بەڵام هەتاکو ئەم حیزبە لەبازنەی مانەوەدا بخولێتەوە، ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ قەوارەکەی بچووکدەبێتەوە و چاوەڕوانی دواڕۆژێکی ڕوونی لێناکرێت.

-لە کاتێکدا تیۆری مارکسیزم ڕەخنەگرتنە لەسەرمایەداری، کەچی زۆربەی سەرکردایەتی ئەم حیزبە ڕۆچوونەتە قوواڵایی ڕۆحی سەرمایەدارییەوە. بەڕادەیەك ڕێك پێچەوانەی ئەو تیوورییەیە کاردەکەن. هەربۆیە لەمیانەی ڕۆحی سەرمایەدارییەوە وێنای سۆسیالیزم دەکێشن، بەڵای ئەوانەوە سۆسیالیزم لە ڕووی مرۆییەوە کۆمەڵگایەکی جیاواز نییە لەسەرمایەداری. هەر بۆیە ئەم دیاردەیە دەبینیت دابەزیوەتە نیو جەستەی هەموو حیزبەوەو ئەو گیانی هاوکاری و قوربانیدانە کۆتایی پێهێناوە و بەرژەوەندپەرستی بووەتە سیمایەکی ناشرینی نێو ڕیزەکانی حیزب، ئەمەش حیزبی ڕووتکردۆتەوەو ئاسۆی بەردەوامبوونی لێڵ کردووە.

فیکری مارکسیزم هەوڵدەدات و تیدەکۆشێت بەهۆی کاری هاوبەشەوە بەرهەمساز بێت،نەك لەڕێگای پیشبرکێ وفیڵکردن لەیەکتری، کە ئەمەش لەحیزبدا بۆتە سیمایەك و لەسەرەوە بۆ خوارەوە نەخشەی بۆ دادەڕێژرێ. لەڕێی کاری هاوبەش و بەکۆمەڵەوە چەمکی سۆشیالیزم لەو بیرۆکراتییەتە دوور دەخاتەوە کە یاریی بەمرۆڤ دەکات.

سۆشیالیزم بەو مانایە دێت کە تاك، بەشێوەیەکی چالاك بەشداریی لەنەخشەکێشان و جیبەجێکردنی پڕۆژەکاندا بکات، واتە بریتییە لە بەدیهێنانی جەوهەری مرۆڤ و سەرهەڵدانی مرۆڤی سەربەخۆو چوست و چالاك و ئەقڵانی و ئازاد. مارکس دەڵێت((ئازادی تاڕادەیەکی زۆر بریتییە لە جەوهەری مرۆڤ)).

جگە لەوەی لە دووتوێی ئەم بانگەوازەدا کە ئاراستەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی دەکەین، زۆر وردەکاری و کێشەی دیکە هەن کە نەتوانراوە لێرەدا بخرێنە ڕوو. هەر لەبەرئەوە داوا دەکەین کەبە هەموو لایەك کێشەکان بخەینە ڕوو تا گفتوگۆی جدییانەی لەسەر بکرێت بەمەبستی دۆزینەوەی چارەسەرو گەڕانەوەی حیزب بۆ باوەشی تێکۆشان و خۆشەویستی نیوان هاوڕێیان و چالاکییە هزری ومەعریفییەکان. لەکاتێکدا ئەگەر وەڵامیئەم بانگەوازە نەدرێتەوە، ئەوا ئەو سەرکردایەتییەی ئێستا بەرپرسیارێتی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆ و ئێمەش لە ناوەوەو لەدەرەوەی حیزب درێژە بەتێکۆشانمان دەدەین لەپێناوی چاکسازی و گەڕانەوەی بەهاو قورسایی بۆ حیزب و ئەو چەمکانەی کەپێویستە دروشمی تێکۆشانمان بێت و بیگەڕێنینەوە سەر زاری هاوڕێیان، بە هەموو هەوڵبدەین حیزب بگەیەنینە لانی کەمی ئاستی ئەو هەموو قوربانییەی کە هاوڕێیانی تێکۆشەری ئەو حیزبە داویانە. لەبەرئەوە بانگەوازتان دەکەین کەئێمە وازناهێنین و لەپێناو چاکسازیدا تێدەکۆشین.لەلاشمان ڕوونە کە ئەمە داواکاری زۆربەی زۆری ئەندامانی حیزب وبنکە حیزبییەکانە، هیوادارین سەرکردایەتی حیزب تۆزێك لێپرسراوانەو بابەتیانە بەرەوڕووی ئەم کێشانە ببنەوەو وەڵام بەم بانگەوازە بدەنەوە، بەپێچەوانەوە ئیدی ئێمە ناچار دەبین لەژێر ناونیشانی« کۆڕی تێکۆشان لە پێناو چاکسازی حیزبی شیوعی کوردستان»دا درێژە بە خەباتمان بدەین.

کۆمەڵێك لەکادیر و ئەندامانی
حیزبی شیوعی کوردستان
٢٠٠٣/٩/٢٧

بانگەوازێك بۆ كۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی كوردستان

تینیونتی مرۆڤ بۆ ئازادی و بۆ خۆشەویستی و بۆ ژیان، بێ كۆتایە. هۆڵدەرین لەدڵرە شیەرێكدا دەڵێ: (ئەو كەسەی زیاتر ژیانی خۆش بوێ، ئەو كەسەیە كەبەقوڵی و فراوانی بڕیەكاتەوە). هەربۆیە ئەو خۆشەویستییە بۆ ئازادی و بۆ ژیان لەناوەوە بەفریای مرۆڤ دەكەوێ، كاتێك لەدەرەوە روخان دروست دەبێت، بنیاتنانەوە لەناوەوە دەست پێدەكات، لەبەر ئەوە هەرگیز خۆری ناوەوە ئاوا نابێت، ئەمە بانگەوازی ئێمەیە بۆ ژیان، دەبێ ئەوەش ئێ بگەین تاقڵمكانی زەمان زیاد بكەن، بەتنگ لەناوەوە دەست پێدەكات، خۆپاگرتن و تێكۆشان و كۆڵ نەدان باوەش زیاتر بە بەهاری ژیاندا دەكەن و چڕ دەبەدەكات.

دەشێت لەم بانگەوازەدا دەستمان بردبێت بۆ هەندێ كێشەی قەدەغە كراو، بەڵام هەر دەبێ ئەو گومان و دڵەڕاوكێیەی كەدیوار بەندێكی پۆڵاینی لەنێواندا دروستكردوە بڕمێ، دەبێ ئەو راستیەش لەلای هەموومان ناشكرا بێت، كەسەردەمی دەسەڵاتی رەهاو بڕیاری رەهاو سزای رەهاو قۆرمی حزبی شمولی خۆری ئاوابوو. ئەمەش بانگەوازێكە بۆ ئەوانەی كە تائێستا بڕوایان لەق نەبووە بەو چەمك و بۆ چوونانە، بۆ ئەوەی تا كات ئێ نەپەڕیوە فریای خۆیان بكەون، ئەگا شەپۆل سەردەم لەگەڵ خۆی رایانمالێ، گەر بشمێننەوە لەداهاتویەكی زۆر نزیكدا دەپوكێنەوە.

بەڕوخانی رژێمی تۆتالیتاری بەعسیش، زیاتر دەرگاو پەنجەرەكان بەرووی ئەو پرسیارە جدیانەدا خرانە سەرپشت كەزۆر دەمێكە جڵەو كراون، بە بەهانەی هەبوونی ئەو رژێمە پشتگوێ خراون و بەبێ هیچ وەڵامێك بەجێ هێڵراون، ئەم قۆناغەش ئاسۆیەكی نوێی وای خستە بەردیدەمان، كەكارو جوڵەو بزاوتی بەپەلەی دەوێ، ئێستاش و هەنوكەو داروژێیش ئەوەمان لێ دەخوازێ بەشێوەیەكی بابەتیانە پێداچونەوە بەسەرجەم تێڕوانین و كارو كردەوەكانماندا بكەین، بۆ ئەوەی ئەو بەستەڵەكانە بشكێنین كەئاسۆی بیركردنەوەمانی سنوردار كردووەو بەدۆگم دابپۆشیوە. لەم روانگەیەوە ئێمەی كۆمەڵێك لەكادیران و ئەندامانی حزب، كەدەربڕی زۆربەی زۆری تێڕوانین و گلەیی و نیگەرانیەكانی ئەندامانی بنكە حزبیەكانین، هەوڵماندا چارەسەركردنی ئەو كێشەو گرفتانە لەچوارچێوەی حزیداو بەهاوكاری هەموان بێت و بەرژەوەندیە فیكری و بابەتی و گشتیەكان بخرێتە پێش هەر بەرژەوەندیەكی دیكەوە، بۆ ئەو مەبەستەش نامەیەكمان ناراستەی كۆمیتەی ناوەندی (حزبی شیوعی كوردستان)كرد، لەرۆژی ٢٠٠٣/٧/٣١ تاوەكو بەشێوەیەكی پراكتیكیانەو دور لەدوبارە كردنەوەی رەخنە لەخۆگرتنێكی بێ ئامانج و پەردەپۆشكردنی هەڵەكان، مێژێك بەو پەڕی دیموكراسیانە بۆ دایەلۆگ دروست بكەین. بەڵام بەداخەوە ناوەندێتێكی بیرۆكراسی زاڵ ئەو هەوڵەی زیندە بەچاڵ كردو، بەمەموو هێزو توانیاوە بەرەنگاریانكردو گوێی خۆشیان لەئاست راستیەكان ئاخنی و هێندەی تر ئەو ناوەندەیان قایمتركرد، هەر زوو پەلەیانكرد لەپچراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو نارەزایەتیە داو، پێش وەخت بڕیاریاندا كەگوێ لەهیچ راستیەك نەگرن و، تەنها رای رەهای خۆیان بسەپێنن، هەربۆیە بەشێوازێكی زۆر دەمارگیریانە بەرەو روی بونەوە، لەكاتێكدا دەمارگیری (التعصب) میراتێكە لەنەزانینەوە سەرچاوە دەگرێ و حاڵەتێكە كەتوانای بەرهەمهێنانی گفتوگۆو دایەلۆگی نییە. ئەو هەوڵە دیموكراسییەیان هەر لەسەر لانكەكەی سەر بڕی و كەوتنە وێژەی هاوڕێیان و ئەندامانی حزب، ناهەی بێ بەری بوون و پاكانەیان لەراسیتەكان پێ پركردنەوەو جارێكی دی بەشێوازێكی قێزەون و پۆلیسیانە ئەندامانیان داپلۆسی بۆ چۆكدادان پێیان، كەبەمەش زیاتر كێشەكانیان قوڵ كردەوەو قەیرانەكانیان زیاتر كردو ئەو ئەندامانەی حزبیشیان راپێچكردە باوەشی (هەڵپەرستی)یەوە، كەئەمەش بۆ داهاتوو، زیانێكی زۆر بەخودی كەسێتی ئەو ئەندامانە دەگەیەنێ و لەجیاتی ئەوەی ببنە ئەندامێكی ئەكتیڤ و كارا، دەبنە دەرونشی حزب و هەردەم ئامادە دەبن خیانەت لە(هۆشیاری و هەڵوێستی) خۆیان بكەن، ئایا ئەمە خزمەتی گەیاند، یاخود زیانێكی گەورە.

ئایێ ئەوەمان لەبیر بچێ كە لەئەنجامی بیركردنەوەو پێداچونەوەی سەر لەنوێی كاروكردەوەكان راستی بەرهەم دێنێتەوەو دەشتوانرێ وێنەو نەخشەی نوێی لەبەر بكێشرێتەوە. ئەوەی مێژوی لەمەوبەرو ئێستاش فێری كردوین و فێرمان دەكات

ئەرەبە کەبەتوندو تیژی‌و سەرکوتکردن پێدەچێ بۆ کاتێکی کورت ئامانجێک دەست بکەوێ، بەڵام لەداهاتوودا ئەو ئامانجانە تێکدەشکێن‌و هەرەس دەهێنن.

ئێمە لەو کارەماندا ویستمان بەها بۆ دیموکراسییەت‌و ئازادی‌و راستگۆیی لەگەڵ فیکردا بگێڕینەوە، چونکە ئەو ململانێیەی فیکری مارکسیزم دەیکات، مەرجەکانی دیاریکراوە، ئەویش ململانێیەکە لەپێناو ئاشکرا کردنی راستی مێژویی‌و درۆ بەئاوەژوو کردنەوەیانە، هەر لەبەر ئەوەیە مارکس وتوویەتی "راستی هەردەم شۆڕشگێڕە".

ئێمە دەمانەوێ حزب بچێتەوە سەر هێڵی راستی تێکۆشانی خۆی‌و رزگار بێت لەکلکایەتی کردن بۆ ئەم حزب‌و ئەو حزب‌و ئەم دەسەڵات‌و ئەو دەسەڵات، دەمانەوێ حزب لەژێر سایەی تێکۆشان‌و قوربانی دانی خۆیدا بحەوێتەوە، ئەك لەژێر سایەی ئەم حزب‌و ئەو حزبدا. کەبەمەش چاو لەهەمور ئەو ئەدرو ئاهەدالەتییە مێژوییە پۆشراوە کە لەکوردستان دەکرێ ئەمەش رێگای خۆشکردووە بۆ سیاسەتێکی خۆ بەدەستەوە دان‌و خۆ گونجاندن‌و خۆ بردنە پێشەوە لەو دەسەڵاتانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا جێگای رەخنەی زۆرن. جگە لەوەش خودی حزبیش دەبێت وەك خۆی پێناسە بکرێ، ئەگەر حزب پرۆژەیەکە بۆ تێکۆشان‌و، ئەوە حزب ئەو کات ئامرازێکە (وسیلة) بۆ ئەنجامدانی ئامانجێك (غایة). بەڵام ئێستا چونکە حزب کراوەتە پرۆژەیەکی خۆ ژیاندن‌و بەرژەوەند پەرستی، ئەوە ئەو پێناسەیەش گۆڕاوەو لەسەرو ئامانجەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ‌و شێواندنێکی بەرچاو بەجەستەی حزبەوە دیارەو، دیوارێکی ئەستوری گەورە لەنێوان تیۆری پراکتیکدا هەڵچنراوە، تیۆر شتێکەو پراکتیك شتێکی دیکە.

ئێرەوە دەچینە سەر هەندێك لەو کەم‌و کورتیە بەرچاوانەی کەپێویستە قسەی لەسەر بکرێ، بەمەش ئەوە زیاتر روون دەبێتەوە، کەچەند ئەم حزبە لەرێگا فیکریەکەی خۆی لایداوەو، زۆر کاتیش بەپێچەوانەوە رێدەکات، لەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کەبچوك بونەوەی رۆژ بەرۆژی قەوارەی ئەم حزبە (قەزاو قەدەر نییە)، بەڵکو بەرەنجامی هەڵوێست‌و سیاسەتەکانی سەرکردایەتیەکەیەتی کەسوون لەسەر ئەو میکانیزمە چەوتەی ئێستا:

۱- ئەمانی ئێژەی چاودێری ناوەندی، گەسانسۆرێکە بەسەر سەرکردایەتییەوەو لەهەڵەو کەم‌و کورتیەکان ئاگاداری دەکاتەوەو لێپرسینەوەش بەرامبەریان دەکات، لەکاتێکدا ئەگەر گوێڕایەڵ نەبن، ئەوا تۆماری دەکات بۆ بەردەم کۆنفرانس‌و کۆنگرەکان. چونکە کاتێك مەکتەبی سیاسی لەهەموان دەپرسێتەوە، کێ هەیە لەوان بپرسێتەوە، جگە لەوەش بەلای زۆربەی هاوڕێیانی حزبەوە دەسەڵاتی سەرکردایەتیش لەچەند کەسێکدا بچوك کراوەتەوەو ئەوانە بونەتە سەرچاوەیەکی رەهاو (مەرجەعیەت)ێکی بێ هاوتای بڕیارەکان، بەجۆرێك ئەگەر کەسێك لەناو حزبدا، رەخنەیەك ئاراستەی ئەو (مەرجەعیەت)ە بکات، ئەوا کۆتایی بەبونی خۆی دێنێ لەڕیزەکانی حزبدا.

۲- لێژنەیەکی چاودێری دارایی نییە ، کەدەسەڵاتی سەربەخۆیی هەبێت‌و چاو بگێڕێتەوە بەدارایی سەرجەم دەزگاو شوێنەکانی حزبدا، لەکاتێکدا لای زۆربەی ئەندامان ئەوە دەبیستیت کە لەناو حزبدا چ تەخشان‌و پەخشانێکی دارایی دەکرێ، لەکاتێکدا زۆربەی مالە شەهیدان لەو پەڕی ژیان ناخۆشیدا دەژین، بێ ئەوەی کەسێك هەبێت لێپرسینەوە بکات یاخود ڕەخنەیەك بگرێ، یاخود لانی کەم ئاگاداربێت لەوردەکاریەکانی.

۳-ئەمانی هاوسەنگی چیتایەتی لەنێوان سەکردایەتی‌و ئەندامانی حزبدا. ئێمە هەردەم گلەیی‌و گازندە دەگرینە سەرکردایەتی سیاسی حزبەکانی دیکە، کەلەشاخەوە گەڕاونەتەوەو پاداشتی تێکۆشان وەردەگرن‌و ژیانی میراتەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، ئەگەر تۆزێك لەسەرکردایەتی حزبیشمان نزیك ببینەوە لەچاو قەوارەی خۆماندا ئەوە زۆر بەسانایی بەدیدەکەین، چونکە هیچ سەرکردایەتیەکی ئێمەش بەپارەو پولێکی زۆرەوە نەگەڕایەوە شارەکان، جگە لەوەی ئەگەر سەرکردایەتیەکەی ئێمە بەرێژەیەکی زۆر کەمتر لەسەرکردایەتی حزبەکانی دیکەش کەڵکیان لەجێگاو شوێنی خۆیان وەرگرتبێ بۆ خۆش گوزەرانی خۆیان، بە بەراورد لەگەڵ ئەو فیکرەی ئێمە، دەچێتە چوارچێوەی لادان‌و تەنانەت

خیانەتیشەوە. ئێستاش رێژەیەکی باش لەسەرکردایەتیەکەی حزبمان جیاوازیەکی زۆری چیتایەتیان دروستکردووە لەگەڵ ئەو تێکۆشەرانەی کەتادوێنێ لەشاخ و بەرەوڕوی مەرگ دەبوونەوە، یان لەگەڵ گوزەرانی خێزانی ئەو تێکۆشەرانەی کە لەسەنگەری بەرگریدا شەهید کران.

٤- ئەو دیموکراسیەتەی لەناو حزبدا بەبەر باڵوی باسی لێدەکرێ رۆژ بەرۆژ (قارس) دەکرێ و لەناوەرۆکەکەی پوچەڵ دەکرێتەوە، ئەمەش تەنها لەو کاتانەدا هەستی پێدەکەیت کەبەشێوەیەکی پراکتیکیانە لەگەڵ دەستە باڵاکانی حزبدا بەرەو روو دەبێتەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەناوەرۆکی ناوندێتی دیموکراسی هەڵگەڕێنراوەتەوە بۆ ناوەندێتێکی بیرۆکراسی، کەئەمەش لینین پێناسەی دەکات و دەڵێ بیرۆکراسی لەسەر ئیمتیازات خۆی رادەگرێ، ئەو کەسانەشی پیادەی رەوشتی بیرۆکراسیانە دەکەن کەئیمتیازاتیان دەستیگر بووەو لەجەماوەر دابڕاون و تەنانەت لەسەریشیانەوە وەستاون. لەلایەکی کەدا دەڵێ: حزب رێکخراوێکە بۆ هاوڕێیان لەرادەبڕین، ئەك سەپاندنی ناوەندیەتێکی بێ دیموکراسی.

بۆ یەکلایی کردنەوەو تێکشکاندن و هەرەس پێهێنانی بیرۆکراسیەت دەڵێ تەنها بەتێگەیاندنی ئەندامانی حزب و گەل و رۆشنبیر کردنیان لەسەر ناستێکی بەرفراوان ئەو کارە بەئەنجام دەگات. ئەگەر لێرەوە تۆزێك سەیری خۆمان بکەین دەزانین کەسەرکردایەتی هیچ زەمینەیەکی خۆش نەکردووە بۆ فێربون و پێگەیشتن و تێگەیاندنی ئەندامانی حزب، تا ئێستاش جگە لەهەفتەنامەیەکی ئۆرگانی بەناوی (رێگای کوردستان)ەوە هیچ پرۆژەیەکی رۆشنبیری و مەعریفی لەناسۆی بیرکردنەوەیاندا نییە بۆ ئێستاو داهاتوو. جگە لەوەی ناوەندێتیەکە هێندە بەهێز کراوە کەهیچ بەهایەکی بۆ دیموکراسیەت نەهێشتۆتەوە، ئەم دەسەڵاتە رەهایەش وایکردووە کەلەژێر بیانوی لاوازو دروستکراودا بۆ چەندەمین جار کۆنگرەو کۆنفرانسەکان دوا بخرێن و، جگەلەوەش بەشێوەیەکی ناشەرعی کۆنفرانسی هەندێ لەپارێزگاکانیان هەڵوەشاندۆتەوە، بەمەبەستی کەم کردنەوەی ئامادەبوانی کۆنگرە، ئەویش لەژێر بیانوی نەبونی دارایی پێویست، کەئەم بەهانەیە بەهیچ شێوەیە لەگەڵ لۆژیکی (منطق) بیرکردنەوەماندا یەك ناگرێتەوە، ئەگەر بەراستی ئێمە هەڵگری ئەو فیکرە بێو لانی کەم ئەندامان هەست بەو نایەکسانییە چیتایەتییە زۆرە نەکەن لەنێوان سەرکردایەتی و خۆیاندا، ئەوا لەو بڕوایەداین زۆربەی زۆری ئەندامان ئامادەیی ئەوەیان هەیە لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداری لەکۆنگرەدا بکەن. بەڵام ئەوەی لەبنکە حزبییەکان و ناو ئەندامانداا ئەوەی پێ شرۆڤە دەکرێ ئەوەیە، کەئەوە رێکخستنەوەیە بۆ مسۆگەرکردنی دەرچونی ئەو کەسانەی لەنێو سەرکردایەتی حزبدا هەم باڵادەستن و هەم پەروەردەی سەردەمانێکی حزبی شمولی و دەسەڵاتی تۆتالیتارین و نامۆن بەدیموکراسیەت، لەبەرئەوە هەموو رێگایەك دەگرنە بەر بۆمانەوەی خۆیان. لەکاتێکدا دەبوو پاش رمانی رژێمی دکتاتۆر خوێندڕێژی صدام، زیاتر بیر لەبەرفراوانکردنی دیموکراسیەت و ئازادی بیروڕا بکرایەتەوە لەنێو حزبداو هەوڵ بدرایە کۆنگرەیەکی ئەوعی بگیرایەو، زەمینەش خۆش بکرایە بۆ ئەوەی زۆرترین لەهاوڕێیان بەشداری تێدا بکەن، جگەلەو هەموو خەڵکە تێکۆشەرەی کەلەدەرەوەی وڵات و لەناوەوە لەحزب دابڕاون، کەئەمانەش جارێکی کە دەرگایان لەسەر بکرایەتەوە چونکە ژمارەی ئەوانە ئەگەر زیاتر نەبن کەمتر نین لەقەوارەی ئێستای حزب، چاوەڕواندەکرا بڵندگۆکانی نێو حیزب زیاتر بکرێو مافی کەمایەتی زیاتر بپارێزرایەو رێگەی ئەوەیان بدایە بەئازادی رای خۆیان دەربڕن و لەرێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بیروبۆچونی خۆیان باڵوبکەنەوە، کەهەموو ئەمانە دەبوونە هێز بۆ حزب و دیموکراسیەتیش لەو گاڵتەجارپەی پێی دەکرێ رزگاری دەبوو.

٥- گۆران... یەکێکە لەتروسکە جوانەکانی نێو فیکری مارکسیزم، ئەگەر خەڵکانێك هەبن لەسەرکردایەتی حزب ناکۆکین لەگەڵ گۆرانکاریدا ئەوە بێگومان ئەوانە ناکۆکن لەگەڵ ئەو فیکردا. دەبێ هەموو بەو تەڵاقەدا بچینەوە کەلەگەڵ ئەو فیکردا داومانەو ئەو قفڵە کۆنەم دراوانە بکەینەوە، کەلەچوارچێوەی پەیڕەوێکی وشك و برنگدا لەمێشکی ئەندامان دراون. ئەگەر تۆزێك لەخۆمان ڕامێنین، ئەو کات زۆر بەسانایی تێدەگەین چەند دورین لەو بیروباوەڕەی کەئێمە خۆمان بەخاوەنی دەزانین. لەبەر ئەوە پێداچونەوەو گۆڕان بووە بەپێداویستییەکی بابەتی و دەبێ لەهەرکاتێ زیاتر پەلەی تێدا بکرێ، کەئەمەش هەڵبژاردنە لەنێوان مردن و ژیاندا.

-١٤٩-

پاش ئەوەی بانگەوازەکەمان بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستان ئاڕاستەکرد، ماوەیەکی زۆری پێچوو، بڕیارماندا کە ئێمە پەیوەندییان پێوەبکەین، بەڵام دەستەی مەکتەبی سیاسی هەموو جۆرە گفتوگۆیەکیان لەگەڵ ئێمەدا ڕەتکردەوە. سەرەڕای ئەوە ئەوان لەسەر شێواندنی مێژووی هاوڕێیانمان و چەواشەکردنی ڕاستییەکان بەردەوام بوون.ئەم هەڵوێستەی ئەوان ئەو گومانەی لای ئێمە ڕەواندەوە کە(م.س) بەهیچ جۆرێک نیازی چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نەبووە و نییە، بۆیە پەنایان دەبرد بۆ لاوازترین وەڵام و بوختانکردن و قسەی نابەجێ بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە هەموو ژیانی خۆیان لەڕێگای ئەو حیزبەدا بەختکردبوو.

هاوڕێیان پێشنیاریانکرد، کە بانگەوازەکەمان لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستانی ئۆرگانی (حشک)بڵاوبکرێتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ پێشنارەکەیان ڕەتکردەوە و بەوەش ئەو دەرگایەیان لەسەر کلۆمکردین، پاشان ناردمان بۆ هەفتەنامەی(هاوڵاتی)، ئەوانیش بڵاویان نەکردەوە، چونکە لەو بڕوایەدا بوون، کە کێشەی یاساییان بۆ دروستدەکات.

بۆ دواجار ویستمان هەفتەنامەی(جەماوەر) ئەو ئەرکەمان بۆ بکێشێت، بەڵام ئەوەیش هەمان دەرئەنجامی هەبوو.

لە کۆبوونەوەیەکی هاوڕێیاندا و بۆ بڕیاردان لەسەر کاری داهاتوومان، سێ بۆچوونمان هەبوو :

١-هەر هاوڕێیەك بچێتەوە ماڵی خۆی، چونکە ئێمە گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە هەوڵدان لەگەڵ سەرانی حیزبی شیوعیدا بێسودە.

٢-کار بکەین بۆ دامەزراندنی حیزبێکی نوێ.

٣-بەردەوام بین بە ناوی کۆڕی تێکۆشان لە پێناوی چاکسازی حیزبی شیوعی کوردستان تا کۆنگرەی حیزب، وەك فشارێك لەسەر کۆنگرە بە ئومێدی هەڵوێست و گۆڕانکاری، ئەوەبوو زۆربەمان لەگەڵ بۆچوونی سێیەمدا بووین.من لەو ڕۆژەوەی کە لە زیندان ئازاد بووم، لە ماڵی سەلامی برام دەژیم، بەڵام چەند ماڵێکی دیکەش هەبوون کە

بەماڵی خۆمانم دەزانین، بەتایبەتی ماڵی هاوڕێ(خالید و هاوسەرەکەی هاوڕێ نەجیبە مەحمود)، (هاوڕێ خالید) لە سەرەتای هەشتاکاندا ماوەیەك پێشمەرگە بوو، بەڵام داوایی ڕۆیشتەوە ناو شار و لە ڕێکخستنەکانی ناوشاردا کاریدەکرد.

لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕێ نەجیبەدا کرد، بەڵام دوای ماوەیەك دەستگیرکرا و پاشان بە لێبوردن ئازاد کرا.

(هاوڕێ خالید) مرۆڤێکی دڵپاك و هەست ناسك بوو،نەدەزانی ڕق چییە،(هاوڕێ نەجیبە)ی هاوسەریشی ژنێکی زیرەك و وریا بوو، لەو ژنانە بوو کە هەر زوو پەرەی بە تواناکانی خۆیداو هاوڕێیەکی لێهاتوو و کاریگەری لێدەرچوو، بە تایبەتی لە بواری کاری کۆمەڵایەتی و ژناندا. لە هەشتاکاندا ماڵەکەیان لە خزمەتی حیزبدا بوو، من بۆخۆم یەکێك بووم لەو هاوڕێیانەی، کە لە ژیانی خەباتی ناو شاردا و لە کاتی پێویستدا پەنام بۆ ماڵی ئەوان دەبرد و زۆر هۆگری کچە ساواکەیان(دەریا) بووم.ئەو ڕۆژەی کە من دەستگیرکرام، بۆ شەوەکەی کچێکی دیکەیان بوو بوو ناویان نابوو(ڕووبار) هەروەها ئەو ماوەیەی کە من لە زیندان بووم، دوو کوڕیشیان بەناوی(هەڵۆ و هێڤی) بوو بوو. لەمکاتەدا بوونی ئەم خێزانە میهرەبانە لە ژیانی منداگرنگ و بایەخدار بوو، ئاخر ئەوان سۆزێکی مرۆڤانەیان بۆ من هەبوو، هەروەها لە ڕێگای ئەمانەوە پەیوەندیم لەگەڵ دوو خێزانی دیکە پەیداکرد یەکێکیان(هیوا ئیسماعیل وگوڵاڵە خانی هاوسەری)، هیوا باوکی شەهیدی حیزب و برازای(دکتۆر فارس)بوو. هاوڕێ(دکتۆرفارس) کارمەندی تەندروستی و کادرێکی دێرینی حیزب بوو، لە ناو حیزبدا کەسێکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویست بوو، هەر لە سەرەتای ١٩٧٩دا و لەگەڵ تەمەنێکی زۆر و نەخۆشی، بەڵام چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی لەشان کرد، بەداخەوە دوور لە نیشتیمان کۆچی دوایی کرد.

خێزانەکەی دیکە(هاوڕێ مامۆستا سۆرانی مەڵکەندی و شادی خانی هاوسەری) بوو، سۆران هاوڕێیەکی چالاکی مەفرەزە ناوخۆییەکانی ناو شاری سلێمانی بوو. بۆ یەکەمینجار لە ژیانمدا ئەم کەسە خۆشەویستانەم، ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبوونیان بۆ سازکردم، خۆشەویستی ئەوان بۆ من پشتوانییەکی مەعنەوی زۆر گەورە بوو، چونکە ساڵانێکی زۆر بوو، کە من لە ژیانی خێزانی دوور بووم و لەمکاتەشدانە(دایك، نە خوشك، نە برا، نە هاوسەرەکەم و کچەکەم.) لەلام نین، بێجگە لە سەلامی برام و ئەم خۆشەویستانە.

هەڵۆ، دەریا، پۆڵا، هێڤی، ڕۆبار

-١٥٠-

زیاتر لە ساڵێکە کە من لە زیندان ئازاد بووم، (ڕێزان)ی هاوسەرم توانی بۆ یەکجار بێتەوە بۆ کوردستان، هەتا ئێستایش چاوم بە دیداری پەیامی کچم ڕۆشن نەبووەتەوە. هەرچەندە جارجارێک بە تەلەفۆن بە چەند وشەیەک لەگەڵ یەکتریدا دەدوێین، دەمزانی کە من لە هەستی ئەودا کەسێکی نامۆم، منیش دەزانم ئاساییە بۆ منداڵێک لەو ڕۆژەی کە هاتووەتە دونیاوە دەڵێن باوکی هەیە، چاوی کردۆتەوە باوکی نەدیوە، لەو کاتەوە کە دەزانێت باوک چییە، باوکێک نییە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی و نەخۆشی و ئازارەکان و سەرکەوتن و نوشوستییەکانیدا بێت، ئەو بە تەنها باوکێکی هەیە بەناو.تەنیا لە وێنە بێهەست و بێڕۆحەکاندا بینیویەتی، ڕەنگە ئەویش زۆر شتی هەبێت لە منداڵێکەوە بۆ باوکێک، بەڵام نازانێت چیم لەگەڵدا بڵێت و باسی چیم بۆ بکات، منیش بۆخۆم هەمان هەستم هەبوو، لەگەڵ ئەوەی یەک دونیا هەست و سۆزی خۆشەویستی و باسوخواستی چەند ساڵەی دووریم لە کونجی تەنهایی و چوارچێوەی ژووڕە تاریک و نسرمەکانی زیندانیدا لە دڵمدا بۆ کۆکردبووەوە، بەڵام ئێستا تێگەیشتم کە دەربڕینی ئەو هەستانە و باسکردنی بە تەلەفون هیچ سودێکی نییە.

وەك لە بەشەکانی پێشوتردا ئاماژەم پێدابوو، کە لە ژووری سێدارەدا و لە چاوەڕوانی لەسێدارەدانیدا بووم، ئەو کاتەی هاوڕێیان(سەعدون و فازیل)یان هێنا بۆ بەشی لەسێدارەدان لە(ئەبوغرێب)، هاوڕێ (فازیل)پێیگوتم: کچێکتان بووە. نازانم ئەو هەواڵەکەی لە کوێوە بیستبوو، کە حوکمەکەم کرا بە هەتاهەتایی(موئەبەد)ئەگەر هەڵە نەبم، لەبەر سەختی ڕێگاوبان و ناخۆشی سەردانی ناو زیندان، (٣ یان ٤ جار) ڕێزان لەگەڵ خۆی پەیامیشی هێنا بۆ زیندان، دوابەدوای ئەوە ئەوان ڕۆیشتن بۆ هەندەران و لە سوید نشتەجێ بوون.ئێستا پەیام پانزە ساڵە،

ئیتر کاتی ئەوەیە کە منیش گەشت بکەم بۆ لای ئەوان بۆ سوید و بە دیداریان شاد و دڵخۆش بم.

من چووم بۆ سوریا و ماوەیەک لە دیمەشق مامەوە، بێگومان بە ڕێنمایی حیزب لە

ناوەوە نووسینگەی حیزبی شیوعی عێراقییان ئاگادار کردەوە، کە من بۆم نەبێت سەردانی نووسینگەکەیان بکەم و هیچ یارمەتییەکیشم نەدەن.هەر چەندە من پێویستیم بە یارمەتی ئەوان نەبوو، بەڵام (هاوڕێ نەوزاد) کە شۆفێری حیزب بوو لە نووسینگەکە دەنووست، نووسینگە و ئۆتۆمبیلەکەی لە خزمەتی مندا دانابوو.ئامادەیی خۆی بۆ هەموو داواکاری و پێداویستییەکی من پیشاندا.ئەوەی زیاتر بیرم لێدەکردەوە و نیگەرانی دەکردم، ئەوەبوو کە چۆن ئەو سەرانەی حیزبی شیوعی کەوتوونە ناو چڵکاوی سیاسەت و ڕەوشت نزمیان گەیشتووەتە چ ئاستێك؟! چۆن بەناوی شیوعییەوە خەبات و تێکۆشانی مەزنترین حیزب و خاوەن گەورەترین گۆڕستانی شەهیدان ناشیرین دەکەن.

لە ڕێگای ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەڵەتییەوە بلیتی فڕۆکەیان بۆ ناردم و ئەو ڕۆژەی کە ئەوان دیارییان کردبووگەشتەکەم بەرەو -ئەمستردام-بوو، لەوێوەیشەوە بە فڕۆکە بەرەو ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید بەڕێکەوتم.

بەدرێژایی گەشتەکەم، من لەبیرکردنەوەی بەردەوامدا بووم، تاوێک هەستێکی زۆرخۆش و تاوێکی دیکە ترس و دڵەڕاوکێ، دڵخۆشییەکەم بە دیداری خێزانەکەم شاد دەبمەوە، ترسیش لە داهاتوو.

من لە ١٩٨٤وە هاوسەرگیریم کردبوو، بەڵام ژیانێکی خێزانی ناسروشتیمان هەبوو، ناشزانم پیشوازی(پەیام) بۆ من چۆن دەبێت؟!

کە لە دەرگای پێشوازی فڕۆکەخانەی(Arlanda)ی ستۆکهۆڵمەوە چوومە دەرەوە، خەڵکێکی زۆر لە چاوەڕوانی کەسەکانیاندا بوون.ئەوەندەی پێنەچوو چەند کامێرایەك خرایە سەرمن(ڕێزان و پەیام، دایکی و براکانی وخوشکی و خێزانەکانیان، نوێنەری خاچی سوور وڕاگەیاندنی سویدی) پێشوازییان لێکردم، لە هەموو هاوڕێیانی حیزب بە تەنها(قادر ڕەشید) لەگەڵ دۆستێکی ناسراوی سلێمانی(عەلی غەمگین) هاتبوون. من بۆخۆم چاوەڕێی ئەو پێشوازییە گەرمەم نەدەکرد، بە تایبەتی لەلایەن ڕاگەیاندنی سویدەوە، دوابەدوای ئەوە بەڕێکەوتین بەرە ماڵی(ڕێزان و پەیام) کە لەمەودوا دەبێتە ماڵی منیش.

پەیام، ڕێزان، پۆڵا

2003 12 9

Exchange
2003 12 9

-١٥١-

ئەو ڕۆژەی من گەیشتمە سوید بەفرێکی زۆر باریبوو، بەڵام من لە ڕێگای فڕۆکەخانەکەوە بۆ ماڵەوە نە هەستم بە ڕێگەکە کرد، کە نزیکەی نیوکاتژمێر دەبوو، نە بەفرو سەرما، ئاخر خۆشی و شادی ڕۆحمی داگیر کردبوو، جگە لەخۆشەویستەکانی دەورم هەموو هەستێکی دیکەم لەبیرکردبوو.

گەیشتینە ماڵەوە و دەستکرا بە خواردن ئامادەکردن، من هەر دەرفەتێکم بۆ بڕەخسایە باوەشێکم بە پەیامی کچمدا دەکرد، بەڵام ئەو پێیخۆش نەبوو، هەوڵی دەدا کە بە شتێکەوە خۆی خەریك بکات، تاوێک دەچووە ژوورەکەی خۆی و تاوێکی دیکە شتێکی دیکەی دەدۆزییەوە، دایکیشی هەوڵی دەدا تێمگەیەنێت، کە بۆ پەیام ئاسان نییە وا زوو لە هەستی باوک و کچێتی تێبگات، من لەوە تێدەگەیشتم، بەڵام دەسەڵاتم بەسەر خۆمدا نەبوو، لای ئەو من لە باوکێکی بیۆلۆگی زیاتر هیچی دیکە نەبووم. ڕۆژێك و شەوێکی زۆر خۆشمان بەڕێکرد، بۆ شەوەکەی هاتنی من و پێشوازی لێکردنم لە دەنگوباسی تەلفزیۆنی سویدیدا پەخشکرا، بۆ ڕۆژی دوایی لە ڕۆژنامەی (میترۆ)ی ڕۆژانەی ستۆکهۆڵم و لە لاپەڕەی یەکەمیدا، وێنەیەکی(من و پەیام) و کورتەیەک لەسەر ژیانی خۆم و خێزانەکەمیان بڵاوکردەوە.

تەلەفونێکی زۆرم لە ناوەوە و دەرەوەی سویدەوە بۆ دەکرا، لەگەڵ سەردانی هەندێك لە هاوڕێیانی شاخ و دۆستان.

دەتوانم بڵێم من یەکێك بووم لەو کەسانەی هەموو شتێکم زۆر بە باشی بۆ ئامادەکرابوو. لە هیچ شتێکم کەم نەبوو، هەموو هەوڵێکی ڕێزان بۆ ئەوە بوو، کە من هەست بە نامۆیی نەکەم. تەنانەت لە ڕێگای خاچی سوورەوە هەفتەی جارێک کاتیان لەگەڵ شارەزایەک بۆ گرتبووم، بۆ ئەوەی ئاگاداری باری دەروونیم بن، نەوەک ئەو چەند ساڵەی زیندان کاریگەریی خراپی لەسەر باری دەروونیم هەبووبێت، بەڵام دوای دوو دانیشتن من سوپاسم کردن، کە چیتر پێویستیم بەم دانیشتنانە نییە، وا پێم باش بوو کە ئەو خەرجییە بۆ کارێکی دیکە و کەسێکی دیکەی کە زیاتر پێویستی پێیبێت بەکار

بهێنن.هەر چەندەزۆر کەس ئامۆژگارییان دەکردم کە وای پیشانبدەم کە باری دەروونیم زۆر خراپە، بۆ ئەوەی کارم پێنەکەن و خانەنشین بکرێم.

هەموو شتێك لە دەوروپشتم باش بوو، تەنها بیرێکم لە کوردستان بوو، هەروەها پەیوەندیشم لەگەڵ پەیام باش نەبوو، ئەو بە دایکی دەگوت: ئەم پیاوە لە ماڵمان چیدەکات؟ خۆمنیش دەمزانی کە باوکایەتی تەنها لایەنە بیۆلۆگییەکە نییە، لە پرێکدا نابم بە باوك، ناتوانم پانزە ساڵ بە وردەکارییەکانییەوە بگەڕێنمەوە بۆ دواوە، ئەوەش تێدەگەیشم کە ئەو تەمەنە(هەرزەکاری) خۆی لە خۆیدا بۆ خێزانێکی ئاسایی کە دایک و باوکی منداڵەکە پێکەوە بن ئاسان نییە، ئینجا بۆ کچەکەی من هەر زۆر نامۆیە. لەگەڵ ئەوەدا پەیام کورددییەکی باشی نەدەزانی، هەرچەندە من بۆخۆم لەهەموو نامەکانی زیندانداا کە بۆ دایکیم دەنارد، داوام لێدەکرد کە بایەخ بە زمانی کوردی پەیام بدات، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە زۆربەی ئەو دایک و باوکانەی کە بە تەمەنێکی گەورە هاتوونەتە ئێرە، وێستوویانە لە ڕێگای منداڵەکانیانەوە فێری زمانی سویدی ببن، چونکە منداڵ توانای فێربوونی زمانی زیاترە وەک لە گەورە و زووتریش فێری دەبن، منیش سویدیم نەدەزانی.

ڕەنگە هۆکارێکی گرنگتر ئەوە بووبێت، پەیام لەوە تێنەدەگەیشت کە باوکی زیندانی بووە و شانازیی پێوە بکات، بە پێچەوانەوە لەوانەیە هەستێکی شەرمەزاری بوو بێت. ئاخر لێرە کەس لەسەر سیاسەت لە زیندانداا نییە، بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە کاری خراپە وەک(دزی، کوشتن، فرۆشتنی مادەی قەدەغەکراو)دەکەن لە زیندانداان، مانای چییە باوکی ئەو زیندانییە و شانازیی پێوە بکات، تێگەیشتن بۆ ئەو ئاسان نەبوو.

دیاردەیەکی دیکەی کە هەمیشە شوێنەواری خراپی لەسەر باری دەروونی منداڵانی خێزانە کوردەکان جێدەهێشت، باسکردنی لایەنە خراپەکانی کولتووری کۆمەڵگەی کوردی و بە تایبەتی پیاوی کورد(پیاوسالاری) بوو، بۆیە لەلای منداڵانی کورد هەمیشە وا پیشاندەدرا کە ئەوە باوکە کە ڕێگرە لە بەرامبەر ئازادیسەکانی منداڵەکانیدا و بەتایبەتی کچەکانیان، بۆیە من پێویستیم بە کات و هەوڵێکی زیاتر بوو، بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی تەندروست لەسەر بنەمای بڕوا و خۆشەویستی و تێگەیشتن. لە دواییشدا ئەمە ڕووبدا، بێگومان بە یارمەتی و تێگەشیتنێکی زۆر لەلایەن دایکییەوە.

NÖJE

Robert gör Tjechov till fars

s30

metro

Sveriges största morgontidning Onsdag 10 december 2003 Årgång nnn

NÖJE

Tango med Petra i Melodifestival

s34

Skolelevers matteprov finns till salu

STOCKHOLM Ett nationellt matematikprov har kommit ut för tidigt. En dag innan provet skulle hållas fick åttondeklassare hemsidan till salu.

I dag ska flera tusen gymnasieelever skriva det nationella provet för matematik C. Men provet är redan ute och är till salu för 2 000 kronor, skriver Expressens nätupplaga.

I går kontaktade en elev Skolverket och berättade att han blivit erbjuden att köpa provet.

– Med stor sannolikhet rör det sig om det rätta provet, säger Jan Jingstedt vid Skolverket, som tror att provet bara är spritt i Stockholmsområdet.

Han sätt i går kväll och ringde runt till rektorer i området.

– Det är sårt sätt att misstänka elever.

Fredrik Gunell TT

Robert Nordmarks (längst bakre raden) elever tillsammans med Timrå.

Djurgården föll mot piggt Timrå

STOCKHOLM Det hjälpte inte att Ligans näst äldste spelare genomförde tio raka poäng i Djurgårdens match mot Timrå.

s32

Möjligt stoppa mördarbakterier

LUND Forskare i Lund tror efter lyckade test på möss att man kan ha tagit fram ett effektivt vapen mot sjukhusspöka och mördarbakterier.

s32

2 380 vill jobbet på Nobelfesten

Omkring 2 380 gäster kommer att äta lyxmat till nästa Nobelmiddag i Stockholm. En stor del av dessa kommer att användas enbart som hjälp bakom kulisserna.

Personal vid bankettbordet

+ 2 500 kronor

+ 10 000 kronor

+ 12 500 kronor

+ 25 000 kronor

+ 50 000 kronor

Karolinska struntade i anställningsstoppet

Chefen fick sparken efter underskott på 110 miljoner

SOLNA Sjukhusledningen använde 300–400 personer på ett år trots att Karolinska sjukhuset hade anställningsstopp. Läkekostnaderna ökade med 40 miljoner, samtidigt som vårdtiderna för inhyrd personal växte lika mycket.

Trots att sjukhuset var på väg mot miljonunderskott gjorde sjukhusledningen en rad satsningar som att man skulle gå längre upp i sjöfö, vilket slutade underskottet på 110 miljoner.

Den 1 januari slås Karolinska och Huddinge ihop till Stockholms enda universitetssjukhus, något som ska spara fem miljoner. Därutöver ska Karolinskas underskott på 110 miljoner spåras in. Den 1 november offentliggjorde landstingsrevisorerna att de tvivlar att Karolinska kommer att kunna hålla budgeten för 2003.

Enligt Kurt Norberg, styrelseordförande för Karolinska sjukhuset och det nya Karolinska universitetssjukhuset, var bristerna i hennes ekonomiska styrning en orsak till att hon fick avgå.

– Ja, det var en bidragande orsak, säger han.

Han beklagar att det inte vidtogs besparingsåtgärder tidigare.

– Men nu är vår målsättning att ha en budget i balans 2004. Vi har byte sjukhuschef och får nog tillbaka det gamla kostnadsnivån.

Ann Hagman

Rizgar Aziz omfamnar sin dotter Sarah för första gången i tolvå. I 14 år var han politisk fånge i Irak. Nu har Rizgar återförenats med sin familj i Sverige.

Hemma efter 14 år i fängelse i Irak

ARLANDA I går kramade Rizgar Aziz för första gången sin dotter Sarah som en fri man. Efter 14 år som politisk fånge i Irak återförenades han med familjen i Sverige.

Familj och vänner omgav Sozana Amin när hon väntade på sin trette anhörnt på Arlandas terminal 5. Men det var mötet mellan Sarah och hennes pappa som alla väntade på. Sarah föddes fyra månader efter det att Rizgar fängslats och har aldrig sett sin pappa som en fri man.

– Att efter så många år få träffa sin familj och särskilt sin dotter är underbart, säger Rizgar Aziz. Sozana översätter från kurdiska.

– Jag hade en bild i mitt minne och har sett fotografier av Sarah, men verkligheten är så mycket bättre, hon är så mycket vackrare.

Rizgar Aziz var politisk fånge i Irak i nästan 14 år. Han fängslades för sitt arbete i ett irakiskt kommunistparti som arbetade mot Saddam Husseins diktatur. Han har genomlevt tortyr och hot om dödsstraff.

Några dagar före den planerade avrättningen ändrades hans straff till livstid, berättar Sozana Amin.

För drygt ett år sedan gav Saddam Hussein ett stort antal fängar amnesti och även Rizgar fick lämna fängelset i Bagdad. Han åkte först till sin hemby Sulemania och så småningom till Syrien, där han via den svenska ambassaden började den sista resan till sin familj i Sverige.

Victor Cifuentes från Röda korset är också på Arlanda. Han ansvarar för alla återföreningar av familjer i Stockholm. Victor har bokat Rizgars flygbiljett och sett till att han kan åka direkt hem till sin familj.

– Det här fallet är speciellt, att han nu får träffa sin dotter. Jag har själv barn och det känns ..., säger Victor Cifuentes och lägger en hand över sitt bröst.

– Nu ska vi åka hem och lära känna varandra igen, säger Sozana Amin.

– För första gången kan jag ner jag mig fri, säger Rizgar Aziz.

Jessica Carlen

NOKIA 3200 Nokia 3200 med kamera 1 kr! 100 fria MMS! Se annons inne i tidningen. TELIA

Man anhölls efter knivhugg på skola

Uppsala En 17-årig elev vid Bolandsskolan i Uppsala knivhöggs i ryggen i går. En 21-årig man har gripits och anhållits misstänkt för dråpförsök alternativt grov misshandel.

– Den knivhuggne har huggits två gånger i ryggen och har skador i ena lungan. Han är kvar på sjukhuset, sa Michael Näsholm, inspektör vid polisen i Uppsala.

Huggen utdelades vid middagstid på parkeringen utanför skolan. Under eftermiddagen förhördes 21-åringen. Men motivet till huggen är ännu oklart, uppger Näsholm. (TT)

6-åring greps med 1 kilo opium

Helsingborg En 36-årig man har begärts häktad i Helsingborg sedan tullen stoppat honom med ett försök att smuggla in ett kilo opium i landet. Narkotikan var väl gömd i mannens bil när han anlände med färjan i måndags.

– Det är ganska sällsynt att vi hittar opium i den här formen, säger Skånetullens informatör Ursula Svensson till Helsingborgs Dagblads nätupplaga.

Den anhållne mannen är bosatt i Tyskland men kommer ursprungligen ifrån ett annat Balkanland. (TT)

Far och dotter tillsammans igen

Efter 14 år som politisk fånge i Irak fick Rizgar Aziz äntligen se sin familj

I går fick Rizgar Aziz för första gången krama sin dotter Sarah som en fri man. Efter 14 år som politisk fånge i Irak har han äntligen återförenats med sin familj.

En varm kram på Arlandas terminal 5. Det är första gången Sarah ser sin pappa som en fri man.

Åtal mot fräcka bildäckstjuvar

Helsingborg Medan lastbilschauffören sov stal tjuvarna personbilsdäck från flaket. Stölden av 379 däck till ett värde av 300 000 kronor skedde vid E 4:an utanför Örkelljunga. I går åtalades tre män för delaktighet i stölden, rapporterat Sveriges Radio Kristianstad.

Kamerorna får Systembolaget att skratta

Folköl kan komma att säljas på Systeme

Det är för lätt för unga under 18 år att köpa folköl. Nu kan företrädare för flera politiska partier tänka sig att ändra lagen så att folköl bara får säljas på Systembolaget.

Socialborgarrådet i Stockholm, vänsterpartisten Margareta Olofsson, [illegible] skott att se till att folköl bara får säljas på Systembolaget, skriver Dagens Nyheter. I första hand ska hon dock diskutera problemet med de stora livsmedelskedjorna.

Martin Nilsson (s), ansvarig för alkoholfrågor i socialutskottet, är inte heller

– Det finns en risk att man köper starkar när man kommer t stembolaget. A vet vi att Systeme att klara ålderskr

Folkhälsomi gan Johansson att en flyt

-١٥٢-

زۆر زوو هەستم بە مرۆڤایەتی و میهرەبانی سویدییەکان کرد، ئەو ڕۆژەی کە من و ڕێزان لە پەخشی ڕاستەوخۆی بەیانیانی کەناڵی چواری تەلەفزیۆنی سویدی لێبووینەوە، بەرەو وێستگەی شەمەندەفەری ناو شار دەڕۆیشتین، خەڵکەکە بە خەندەوە تەماشایان دەکردین.ئەو کاتەی کە لە چاوەڕێی شەمەندەفەرەکەدا بووین، پیاوێکی بەتەمەن هاتە پێشەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە، هیوای ئاسودەیی بۆ ژیانی داهاتوومان خواست، تووممەز کابرا ئێمەی لە پەخشی بەیانی تیڤیدا بینیبوو وە لەویانەدا ئێمەی ناسییەوە.

دوو ڕۆژنامەنووس لە گەورەترین ڕۆژنامەی بەیانیانی سوید(Nyheter Dagens) وە، هاتن بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا سازبکەن. پێش ئەوەی دەست بە چاوپێکەوتنەکە بکەین، ڕێزان خواردنێکی کوردەواری ئامادە کردبوو پێکەوە نانمانخوارد، خواردنەکەیان زۆر پێخۆش بوو. کاتێك کە دەستیان بە چاوپێکەوتنەکە کرد، لە تەلەفزیۆنی هۆڵەکەوە، هەواڵی گرتنی سەدام پەخشکرا، کە چۆن لە ئۆپەراسیۆنی بەرەبەیانی سوور (Dawn Red Operation) کە لە ٢٠٠٣/١٢/١٣ دا ئەنجامدرا و سەدامیان لە ناو چاڵەکەدا هێنایە دەرەوە و دەستگیریان کرد. بۆیە یەکێك لە پرسیارەکانیان ئەوە بوو: تۆ چیت هەیە بۆ ئەم دیمەنە؟

گوتم:هیوادارم سەدام ڕووبەڕووی دادگاییەکی دادپەروەرانە ببێتەوە، بەرامبەر ئەو تاوانانەی کە ئەنجامیداوە، بەداخەوە کە دادگاکەی ئەو بەرامبەر بە من دادپەروەرانە نەبوو.لەگەڵ ئەوەی لە ناو خێزانەکەم دام، بەڵام هێشتا هەست بە نامۆیی دەکەم، هەر چەندە زۆر سەرقاڵ بووم، بەڵام ڕۆژانە پەیوەندیم بە هاوڕێیانی کۆڕی تێکۆشان لە پێناوی چاکسازی لە حیزبی شیوعی کوردستاندا هەبوو.

بەشداریمکرد لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستانی کەرکوك، لە پێناوی بایەخدان بەو شارە کوردستانییە بێخاوەنە، کە تەنها بە درۆ پێیدەڵێن قودس و دڵی کوردستان، بەڵام بەداخەوە؛ لە کۆتاییدا ئەم کۆمەڵەیەش بوو بە قوربانی ململانێی حیزبی(پارتی و یەکێتی)، وەك هەر کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی دیکە. هەروەها یارمەتی کۆمەڵەی بەسالاچووانی

کوردانم دەدا، کە بەسالّاچووی هەموو بەشەکانی کوردستانی تێدا کۆدەبووەوە.

دەستم بە کارکردن کرد لە(کۆمیتەی سویدی ڕێکخراوی چاك)، کە ڕێکخراوێکە لە پێناوی کارکردن بۆ ناساندن و بە جینۆسایدکردنی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی گەلی کورد دروستکراوە.ڕۆژانە دەچووم بۆ قوتابخانە بۆ فێربوونی زمانی سویدی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی سویدیدا.بەهۆی زۆریی بەفرەوە هەموو ڕێگاکانی کە دەچوو بۆ قوتابخانە چەوڕێژ دەکرا، من بۆخۆم ڕێگایەکی قەدبڕم دۆزییەوە، دوای چەند ڕۆژێک ڕێکردن، سەیرم کرد ئەو ڕێگەیەشیان چەو ڕێژ کردووە، بۆیە هەر زوو تێگەیشتم و لەوە دڵنیا بوومەوە کە ئەم وڵات و سیستەمە هەمیشە لە خزمەتی میللەتەکەیاندان و بیر لە سەلامەتی مرۆڤەکان دەکەنەوە.هەر کاتم هەبوایە، بەناو کوچە و کۆڵانە کۆنەکانی شاردا دەگەڕام.

Saddams öde avgörs i irakisk tribunal

"En FN-tribunal kan inte utmäta dödsstraff"

Feghet förvånar forna beundrare

Från fängelset i Bagdad till friheten i Sverige

Saddam självklart förstasidesstoff

Time bytte Jesus mot Saddam

SVERIGES STÖRSTA MORGONTIDNING • 640 000 LÄSARE I STOCKHOLM VARJE DAG

DAGENS NYHETER.

TISDAG
16 DECEMBER 2003

NYHETER I KORTHET

Tunnlens lockar tusentals turister till Roncesvalles

Dyrt möte för chans att få jobb

IT-konsulter kritiska till Stockholms läns landstings konsultupphandling

Spansk liga lurar svenskar

Höjda arvoden upprör m

MER LÄSNING I DN

Jultid är deckartid

Här gömde sig Saddam

Exdiktatorn förhördes på måndagen på hemlig ort.

Att ha barn mitt i vådet

Soppdrottningen spelar själv

Recept på julbordets favorit

بەهەر شێوەیەک بوو هاوڕێیانی کوردستان توانییان ڕۆژنامەیەك بە ناوی(کۆڕی تێکۆشان) بەچاپ بگەیەنن، ئەگەرچی ئەم ڕۆژنامەیە بەڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئەو کاتە بە پێی پێویست نەبوو، بەڵام بۆ ئێمە گرنگ بوو، چونکە ئێمە بایکۆت و گەمارۆیەکی میدیایی و زۆرمان لەسەر بوو، نەک بەتەنها لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبەوە، بەڵکو ئەو ڕۆژنامانەش کە بە میدیای ئازاد و سەربەخۆ هەژمار دەکران.

لە(٨-١٠)ی مانگی چواری ٢٠٠٤دا، کۆنگرەی سێی (حشك) بە ئامادەبوونی سکرتێری حشع(حەمید مەجید موسی)و لەژێر دروشمی (دیموکراسی، فیدرالی، یەکسانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی) ئەنجامدرا.سەیری ئەم دروشمانە کە هیچی لەناو خودی حیزبەکەدا پەیڕەو ناکرێت، ئینجا وەرە بۆ سیستێم و کۆمەڵگا بەگشتی.

-ئەگەر لەناو حیزبدا باسی دیموکراسییەت بکەین: ئەوە باندێك لە (م.س) هەر بڕیارێک کە خۆیان دەیانەوێت و لە بەرژەوەندی خۆیاندایە، بەسەر هاوڕێیان و ڕێکخراوەکانی حیزبدا دەسەپێنرێت.

-فیدرالییەت: ئەم حیزبە هاوڕێیانی خۆی پێکۆناکرێتەوە لە یەکێتی حیزبدا، ئینجا وەرە نیشتمانێك کۆبکاتەوە!؟.

-ئەگەر بێینە سەر باسی دروشمی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی: ئەم حیزبە لەناو خۆیدا حیزبەکەی دابەشکرد بەسەر چەند چینێکدا و ئەوەی گوێڕایەڵی باندی(م.س) بێت خاوەن ئیمتیازاتە و ئەوەی بەهەڵوێست بێت لە هەموو مافێک بێبەش دەکرێت.

کۆنگرە هیچ گۆڕانکارییەکی نەکرد، بگرە بارەکەی لە خراپەوە بۆ خراپتر برد، بەوەی ئەمجارە سەرکردەی باندە سەرشۆڕەکەی پارتی(کەمال شاکر)بە فەرمی بوو بە سکرتێری حشك،هەمان دارودەستە هەڵبژێردرانەوە،یان ڕاستییەکەی دانرانەوە،بۆپشتڕاستکردنەوەی ئەمەیش، لە کۆنگرەکەدا نەیانهێشت هاوڕێیەک بەشداری کۆنگرە بکات. لەبەرئەوەی ناوی لە هەمان ئەو فایلەدا بوو، کە ناوی (سوبحی مەهدی) تێدابووئەگەر بڕوایان بە فایلەکە نەبوو، دەبوایە هەڵوێستەکە بۆ هەمووان چوونیەک بووایە، نەك بانێك و دوو هەوا.

دانانی هاوڕێیەك بۆ سەرکردایەتی وەك پیشەی بەڵێندەری(مقاولات) وابوو پێش کۆنگرە هەموو شتێك بڕابووەوە، کۆنگرە بە تەنها شانۆگەرییەك بوو.

کە لە زیندان ئازاد بووم و هێشتا دەستم بەکاری ڕێکخستنی حیزبی نەکردبوو، هاوڕێ(عەلی ڕوسی)م لە کۆمیتەی پارێزگای کەرکوک لە سلێمانی بینی، من بۆ یەکەمجار(علی ڕوسی)م لە بارەگای مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حیزب لە گوندی حاجی مامەند بینیبوو، ئەوکاتە من بە کارێك بۆ ئەوێ چووم، ئەو دەمە ئەویش ڕاوێژکاری سیاسی بارەگای مەڵبەند بوو،ئیتر جارێکی دیکە ڕێک نەکەوتەوە کە یەکتری ببینین. کە لە زیندان ئازاد بووم، ئەوەی لە هاوڕێیان دەربارەی ئەو بیستم ئەمە بوو: کە لە دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال عەلی تەسلیم بەڕژێم بووەتەوە، بە قەولّی هەندێك لە هاوڕێیان، بە ئاگاداری حیزب بووە و بەشێکی دیکە بڕیاری خۆی بووە. هەروەها لە دوای ڕاپەڕین، عەلی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ یەکێتی و بە تایبەتی خودی(جەلال تاڵەبانی) هەبووە، داوای هەرشتێکی لێکردبێت نەیگووتووە نا، بۆیە ئەگەر حیزب کارێکی هەبووبێت لە لای یەکێتی، ئەوە بە هاوڕێ عەلییان سپاردووە.

لەم چاوپێکەوتنە کورتەم لەگەڵ(عەلی) لە بارەگای کۆمیتەی کەرکوك، ئەو گلەیی و گازندە و ڕەخنەیەکی زۆری لە حیزب هەبوو، وەك بڵێت: ئەو جارێکی دیکە کاری حیزبی ناکات و لە هەموو شتێك بێئومێدبووە، بەڵام لەوە سەیرتر ئەوە بوو، کە لە کۆنگرە بێت یەك و دوو، کرابوو بە ئەندامی سەرکردایەتی، من نازانم ئەو پۆستەی ئەو بە چ پێوەریك بووئەگەر پێوەری مقاوەلات نەبێت؟!

لەدوای کۆنگرەلەستۆکھۆڵمی پایتەختی سوید،لەهۆڵی(شیستاترێف)کۆبوونەوەیەکی کراوەیان بۆ عەلی ڕووسی سازکرد. من و دوو هاوڕێ چووین بۆ کۆبوونەوەکە، بەڵام ئەو قسانەی کە لەو کۆبوونەوەیەدا دەیکرد، وەك بڵێت: ئەوە ئەو هاوڕێ عەلییە نەبوو، کە پێش چەند مانگێك لەگەڵ من کردی، کاتێك کە ڕێگەی قسەکردنم پێدرا، ڕەخنەیەکی تووندم ئاڕاستەی حیزب کرد، لەو کاتەدا گەنجێک هەستایە سەر پێ و گوتی: ڕێگە نادەم قسە بە حیزب بڵێیت، ئەو دوو هاوڕێیەی کە لەگەڵم بوون، هەستان قسەی پێپڵێن، گوتم: دانیشن ئەمە کەسێکی دڵسۆزە بۆ ئەو حیزبە، ئەوە لە پاکی خۆیەوە وا دەڵێت، گەنجیی خۆمم کەوتەوە یاد، کە تەنانەت لەسەر ئۆتۆمبیلی(موسکۆڤیچ)چونکە بەرهەمی یەکێتی سۆڤیەت بوو شەڕم دەکرد.ئەگەر یەکێك بیگوتایە خراپە، واتە شیوعییەت خراپە.

کۆری تێکۆشان
KORY TECOSHAN
8
WWW.korezyekshan.com
بڕیاری کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمەحزبی کۆمۆنیستی ئێران
بڕیارنامەی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمەحزبی کۆمۆنیستی ئێران

-١٥٤-

لەدوای ئەو هەڵوێستەی کە ئێمەی کۆمەڵێك لە ئەندام و کادرانی حیزب بەرامبەر بە سیاسەتی حیزب وەرمانگرت، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و دۆستانی(حشك) کە پێشتر بە هۆی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە حیزب و خراپی مامەڵە و کاردانەوەی حیزب و دوورکەوتنەوەی لە دۆست و لایەنگران و جەماوەرە دڵسۆزەکەی و کەسوکاری شەهیدان، هاتن و پەیوەندیان بە جوڵانەوەکەمانەوە کرد و ئامادەیی و پشتگیری تەواوەتی خۆیان بۆ هەموو جۆرە یارمەتییەک کە بە ئەوان بکرێت پیشاندا.

یەکێك لەو هاوڕێ دڵسۆز و جاونەترسانە(سەلاحی ئاسنگەر) بوو، ئەو کرێکارێکی گەنجی هوشیار بوو، لە ١٩٩٤دا و لەڕێگای لاوانی حیزبەوە هاتبووە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە، هەر زوو شەرەفی ئەندامێتی لە نێو حیزبدا وەرگرتووە، ئەو مرۆڤێکی خۆشەویست و خۆنەویست بوو، ئامادەیی بۆ هەر کارێك هەبوو، کە لە بەرژەوەندی حیزب و خەڵکی چەوساوە و ستەم دیدەدا بێت.

هاوڕێ سەلاح پێش ئێمە بە چەند مانگێك، هەڵوێستی خۆی لەسەر سیاسەتی حیزب و لاوازبوونی پێگە جەماوەرییەکەی و کلکایەتی بۆ دەسەلات وەرگرتوو، ئەو بە حوکمی کاری کرێکاری ئاگاداری ژیانی چینایەتی لەناو خەڵکە هەژار و چەوساوەکاندا هەبوو. بە هۆشیاری خۆی درکی بە پووکانەوەی حیزب لە ناو ڕێکخستنەکانی حیزب و جەماوەرەکەیدا کردبوو، لەگەڵ ئەوەی دەرچووی هیچ قوتابخانەیەک و بڕوانامەی ئەکادیمی نەبوو، بەڵام بۆچوون و تێڕوانینی بۆ وردەکاریی کارەکان و ئایندە و شیکردنەوەی بابەت و ڕووداوەکان لە مامۆستایەکی بواری فەلسەفە و کۆمەڵناسی و ئابووری دەچوو.

هاوڕێ سەلاح لە کاری سەر شەقام و ناو جەماوەردا زۆر لێزان بوو، من بۆخۆم بە توانای ئەو هاوڕێ کرێکارە هوشیارە زۆر سەرسام بووم. هەموو جارێک لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەمە ئەو جۆرە کرێکارە هوشیارە شۆڕشگێڕەیە کە مارکس باسی کردووە، ئەو لە کۆبوونەوەکاندا خاوەنی ئەم قسەیە بوو(هاوڕێیان بە کەڵك نایەت «دە» شت بکەینە بەرنامەی کارەکانمانەوە و هیچی جێبەجی نەکەین، باشتر وایە «یەك» شت بێت، بەڵام ئەو

یەک دانەیە جێبەجێ بکەین.) ئێستا هاوڕێ سەڵاح باوکی سێ منداڵە بە ناوەکانی(جیڤارا، کاسترۆ، نینا)



سەلاحی ئاسنگەر

لە دوای کۆنگرەی سێی(حشک)ئەو ئومێدە کەمەی کە پێشتر بۆ بەخۆداچوونەوە و چاکسازی و سەربەخۆیی حیزب هەمانبوو، دوای کۆنگرە ئەوەش بەتەواوەتی بنبڕ بوو. ئیتر ئێمەیش بێهیوا بووین و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە جارێکی دیکە لە توانادا نەماوە کە ئەم حیزبە کاریگەریی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا هەبێت.ئیتر یان سەرانی حیزبەکەیە کە دەیانەوێت لەسەر چارەنووسی پووکانەوە و لەناوبردنی تەواوەتی حیزب سوور بن، یاخود ئیدی چارەنووسی حیزبەکە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا نەماوە و دەبێت سەرشۆڕ و چاوەڕێی پاشماوەی دەسەڵات بن، عەرەب بۆ شتێك کە کەڵکی هیچی نەمابێت و بەهیچ شێوەیەک توانای بەکارهێنانی نەمابێت دەڵێن: (السمچە من راسها خایس) واتە ماسییەکە لە سەرییەوە بۆگەن بووە، ئەگەر ماسیش سەرەکەی بۆگەن بوو، ئیدی هیچ شوێنێکی ناخورێت.

لەو سێ هەڵبژاردەیەی کە لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەم پێدابوو:

چاکسازی(حشك) شکستی هێنا، یان دەبێت ئێمەش بڵاوەی لێبکەین یاخود کارێکی سیاسی سەربەخۆ دەستپێبکەین. زوربەمان هەڵبژاردەی سێیەممان بە کارێکی هەنووکەیی و پێویست دانا، بۆیە بڕیارماندا کە ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی(حیزبی شیوعی کوردستان-باشوور) دابمەزرێنین، من بۆخۆم لەگەڵ ئەو ناوەدا نەبووم، چونکە هۆکاری خۆمم هەبوو، یەکێکیش لەو هۆکارانە کە خوێندنەوەی خۆم بوو بۆ مێژوو، لەو بڕوایەدا بووم کە ئەم ناوە ئەوەندەی ململانێ لە نێوان(ئێمە و حشك)دا دروستدەکات، هێندە بوار بۆ ململانێی نیشتمانی و چینایەتیی ناهێڵێتەوە.

هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، کە هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ئارادا بوو، ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی سەرانسەری عێراقە، کە دوای ڕووخانی رژێمی سەدام لە کوردستان و عێراق ئەنجامدەدرا.

لە ڕووی یاساییەوە نەدەکرا ئێمە بەتەواوەتی بەشداری هەڵبژاردن ببین، لەبەرئەوەی

وەک حیزب و ڕێکخراو مولّەتمان نەبوو، هەروەها توانای داراییشمان نەبوو. بۆیە دەبوایە ئێمە داوا لە هاوڕێیان و لایەنگرانمان بکەین کە دەنگ بە لیستێك بدەن، باشترین هەڵبژاردە کە لە بەردەستماندا بوو، لەگەڵ(حیزبی زەحمەتکێشان) لیستێک بەناوی(لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان) پێکبهێنین.

کە لە ٣٠ کانونی دووەمی ٢٠٠٥ دا هەڵبژاردن ئەنجامدرا، لیستەکەمان توانی کورسییەك بەدەستبهێنێت.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-لیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان ١٠٤کورسی

٢-کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستانی عیراق ٦ کورسی

٣-لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان ١کورسی

٤-پارتی کاری دیموکراتی کوردستان(هیچ)

٥-بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردوستان(هیچ)

٦-لیستی بێلایەنەکان(هیچ)

٧-پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان(هیچ)

٨-ئەنجومەنی کۆماری عێراق(هیچ)

٩-بەرەی نیشتیمانی وەحدەی عێراق(هیچ)

١٠-بزوتنەوەی دیموکراسی خوازانی کوردوستان(هیچ)

١١-پارتی پارێزگارانی کوردستان(هیچ)

١٢-حیزبی ئەخای وەتەنی عێراق(هیچ)

١٣-ڕەوتی نیشتیمانی کوردستان(هیچ)

پرۆژەی
پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی

حیزبی شیوعی کوردستان-باشور

ناوەڕاستی ئابی ٢٠٠٤

-١٥٦-

بەشێوەیەکی گشتی باری خێزانیم باشە، بەتایبەتی پەیوەندیم لەگەڵ پەیامی کچمدا بە بەردەوامی بەرەوپێش دەڕوات.لە سوید زۆرجار ناوی منداڵ گرفتێکی دەروونی بۆ منداڵەکە دروستدەکات، لەوانەیە منداڵەکە بکەوێتە ژێر کاریگەری گاڵتەپێکردن و هەراسانکردن لەلایەن هاوتەمەنەکانییەوە، بەتایبەتی کاتێک ناوەکە بە سویدی مانایەکی دیکە دەبەخشێت. لەبەرئەوەی ناوەکەی پەیامیش بە سویدی نزیکە لە ناوی بیجامەی نووستنەوە، منداڵەکان لە قوتابخانە گاڵتەیان بە ناوەکەی کردبوو، بۆیە دایکی ناوەکەی بۆ گۆڕی بوو بە سارا، بەڵام من هەر بە پەیام بانگیدەکەم.

پەیوەندیم لەگەڵ ڕێزانیش باشە، ئەو هەمیشە لە هەوڵی کەمکردنەوەی ئاستەنگ و دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵ بوو، بۆ ئەوەی پێشبکەوم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێرەولەوێ ناکۆکی لە نێوانمادا هەبوو، من بۆخۆم دان بەوەدا دەنێم، کە من ناتوانم بە ئاسانی بۆچوونەکانم بگۆڕم. پێدەچێت ئەو دابڕانە زۆرەی نێوانمان و دابڕانی منیش لە کۆمەڵگا و سوڕانەوەم لە بازنەی سیاسەت و نیشتمان و نەتەوەدا، کە لەگەڵ بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەودا زۆر جیاواز بوو، چونکە ئەو سنووری نیشتمان و نەتەوەی تێپەراندبوو، هۆکاری بەردەوامی ئەو خاڵە ناکۆکیی نێوانمان بوو.

زمانی سویدی بنەڕەتیم (SFI) تەواوکرد و کۆرسێکی بازرگانیشم خوێند، ئێستا زمانەکەم خراپ نییە و پێداویستی ڕۆژانەی ژیانی خۆمی پێمەیسەر دەکەم و سێ مانگیش لە بازاڕێکی جلوبەرگی پیاوانەدا (Dressmann) کارم کرد.

لە سوید و بە تایبەتی لە ستۆکهۆڵمی پایتەخت، ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی شیوعی عێراقی و کوردستانی دەژین، من ئاشناییم لەگەڵ ژمارەیەک لەوانەدا پەیداکرد، زۆربەیان پەیوەندییان بەو حیزبەوە نەمابوو، زۆرجار لە کۆڕ و کۆبوونەوە و یادەکاندا یەکتریمان دەبینی و گفتوگۆمان دەکرد، دانیشتنەکانمان بە بیرەوەری خۆش و ناخۆش گەرم دەکرد.

لێرە بێجگە لە ئاهەنگ و بۆنەکان پرسە و سەرخۆشییەکانیش، ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە

و هەڵێکیشە بۆ یەکتری بینین، خەڵکێکی زۆرمان دەبینی کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو یەکتریمان نەدیبوو.لەگەڵ ئەوەی کارکردن پێنج ڕۆژە لە هەفتەیەکدا و ڕۆژی هەشت کاتژمێرە، بەڵام کات زۆر کەمە، ڕەنگە هۆکارەکەی دووری ڕێگاوبان بێت، یاخود کورتی ڕۆژ و زۆری کاتژمێرەکانی تاریکی، بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا.

لێرە خوێندن بە خۆڕاییە، هەموو کەسێک و لە هەموو تەمەنێکدا مافی خوێندنی هەیە، خزمەتی تەندروستیش بۆ هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە یەکسانە، بە کورتی هەستی مرۆڤبوون، یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە بەم وڵاتەوە دەتبەستێتەوە، هەر زوو تێدەگەیت کە ئەوە یاساو سیستمە ئەرک و مافەکانت بۆ دیاریدەکات.

پەیام، پۆڵا، ڕێزان

لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی تاڕادەیەک باشم لەگەڵ چەپەکان و ژمارەیەک لە هاوڕێ شیوعییەکان، ئەوانەی کە دەستیان لە کاری حیزبی کێشابووەوە دروستکرد، بەشێکیان ئامادەیی خۆیان لەکارکردن و یارمەتی لەدامەزراندنی حیزبێکی چەپدا پیشاندا.یەکێك لەو هاوڕێیانە(نەوزاد نوری سەید وەلی)یە، ئەو بێجگە لەوەی کە خۆی هەموو ژیانی شیوعییەکی بە توانا و پێشمەرگەیەکی چالاکی ناو ڕیزەکانی حیزب بوو، کوڕی خانەوادەیەکی تێکۆشەری شیوعی شاری کەرکوکە، باوکی(شەهید نوری سەید وەلی)یەکێکە لەو قارەمانانەی کە لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دا، لەگەڵ ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی شیوعی لە سیدارەدران.

من بۆخۆم لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هاوڕێ نەوزاد دەناسم، ئەوکاتەی کە من هەرزەکار بووم، ئەو گەنجێکی چالاك و زیرەك و لەبەرچاو و خاوەنی کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش بوو.لە سەرەتای هەشتاکانیشدا لە پێشمەرگایەتی لە بارەگای هاوینەی حیزب لەدۆڵی موسا، نزیک بێتوش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکمان گرتەوە.ئەوکاتە من لەسەر ئامێری بێسیم کارمەدکرد و ئەویش بە دکتۆر نەوزاد دەناسراو لە نەخۆشخانەی بنکەکەمان کادری تەندروستی بوو، هەروەها هاوڕێ شاهۆ(شێرزاد)ی برای بۆ ماوەیەك لەو بارەگایە بوو.

هاوڕێ نەوزاد مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و توانایەکی باشی نووسینی هەبوو، هەروەها لە کاری ڕێکخستندا کەسێکی خاوەن ئەزموون و هەمیشە خاوەنی هەڵوێستی خۆی بوو، لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هەنگاوی دەنا، مرۆڤێکی لە قاڵبدراو نەبوو، کەسێکی کۆمەڵایەتی و ڕاشکاو و قسە لەڕوو بوو. خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: لە ستۆکهۆڵم لەدەمەتەقێیەکیدا لەگەڵ(جەوهەر نامیق سالم)دا پێمگوتووە پرسیارێکی کەمێک شەخسیت لێدەکەم و ئازاد بە لە وەڵامدانەوەدا، گوتم: تۆ ساڵانێک سکرتێری پارتی و سەرۆکی پەرلەمان بووییت، هەر لە لاویتەوە لەناو پارتیدا بووییت، دەزانیت ئەو سامان و بودجەیەی پارتی لای کێیە و چی لێدێت؟ لە وەڵامدا بێپێشەکی و پێچوپەنا گوتی: بە «موقەدەسات» لە موچەی خۆم و دوو کەسی دیکە زیاتر لە مەکتەبی سیاسیدا، نەمزانیوە کێ چەند وەردەگرێت و پارە لای کێیە و

چەندە!

ڕۆژانە دەربارەی بارودۆخی کوردستان گفتوگۆمان دەکرد، هەردووکمان لەو بڕوایەدابووین، کە کوردستان پێویستی بە پارتێکی چەپی سەردەمیانەیە، کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان و ناوچەکە دەگوزەرێت بگونجێت، حیزبێك ناوەڕۆکەکەی خەبات و ئامانجی نەهێشتنی چەوسانەوە بێت، لە هەمانکاتیشدا ئازادی و ژیانی دیموکراتی فەرامۆش نەکات.

هاوڕێ نەوزاد ڕەشنووسی پڕۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناخۆی(پارتی چەپی کوردستان) ی ئامادەکرد، زۆر بە وریایی و هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکرد و هەمیشە دەیویست لە پاکی و دڵسۆزی هاوڕێیانی کوردستان دڵنیا بێت، ڕاستە ئەو هەندێکیانی باش دەناسی، بەڵام زانیاریی تەواوی لەسەر هەندێکی دیکە نەبوو، ئەو نەیدەویست لە دوای ئەو هەموو ئەزموون و تێکۆشانە لەکەدار نەبێت.من بەو پڕۆژە و بەرنامە و پەیڕەوە ناوخۆییەی پارتی چەپەوە ڕۆیشتمەوە بۆ کوردستان، لە دوای گفتوگۆیەکی زۆر و لە ئەنجامی چەند دانیشتنێکدا و لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا، بڕیاردرا کە لەمەودوا بەناوی(پارتی چەپی کوردستان)کاری سیاسی خۆمان درێژە پێبدەین، هەروەها هەوڵبدەین بەزووترین کات مولّەتی یاسایی بۆ وەرگرین.

بڕیارماندا کە بێجگە لە ڕۆژنامەکەمان، ماڵپەڕێکیش بەناوی پارتی چەپ دروستبکەین، کە ئەمەش هاوڕێ نەوراد خۆی دروستیکرد و سەرپەرشتی دەکرد، چونکە ئەو لە بواری کۆمپیوتەر و پڕۆگرامەکانیدا شارەزاییەکی باشی هەبوو.

نەوزاد، شێرزاد

کوردستان .. بێ چەوسانەوە و هەژاریی

پارتی چەپی کوردستان

پڕۆژەی

بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ

لە چواردەی تەمووزی ٢٠٠٦ دا، دامەزراندنی پارتی چەپی کوردستانمان ڕاگەیاند، لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی بۆ یەکێک لە ڕۆژنامەکان، پەیامنێرەکە دەربارەی دامەزراندنی پارتی چەپی کوردستان، کۆمەڵێک پرسیاری لێکردم. یەکێك لەو پرسیارانە ئەوە بوو: لە چ هۆڵێك کۆبوونەوە و لە چ ڕێستورانتێك نانتانخوارد؟ هەر چەندە بەلای منەوە پرسیاری شوێنی کۆبوونەوەکە بڕێک ئاسایی بوو، بەڵام نانخواردنەکە پرسیارێکی مینڕێژکراو بوو. لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری هاوڕێیانمان گیرفان بەتاڵ بوون و کاری ڕۆژانەیان تەنها بۆ بژێوی خۆیان بوو، بۆ بەستنی ئەم کۆبوونەوەیە پێویستیمان بە پارە بوو، بەلایەنی کەمەوە بۆ کرێی جێگەکە و پێداویستییەکانی دیکە. من داوای یارمەتی مادیم لە(مامۆستا نەسرولّا سورچی)کرد، کە پێشتر لە بەشی لەسێدارەدان و لە دواییدا لە زیندانی(ئەبوغرێب و بادوش)، هاوزیندانیم بوو.لەکاتی بەستی کۆبوونەوەی ڕاگەیاندنی حیزبەکەماندا، ئەو ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی زەحمەتکێشان بوو، گفتی ئەوەی پێدام کە بە بڕێك پارە کۆمەکمان بکات، بەڵام گفتەکەی دواکەوت. لەبەرئەوەی ئێمەش توانای داراییمان نەبوو، لە سەرچنار لە حەوشەی دەرەوەی هۆڵێکی ئاهەنگێڕانمان بە پارەیەکی کەم بەکرێ گرت. هەروەها بۆ نانەکەشمان هاوڕێ سەڵاح دارتاش و خێزانەکەی و باوکە تێکۆشەرەکەی بە تێچوویەکی کەم، شفتە و نانیان بۆ ئامادە کردبووین.

لە وەڵامی پرسیارەکەی پەیامنێرەکەدا من ڕاستییەکەم وەک خۆی بۆ باسکرد، کەچی ئەو پەیامنێرە.....لە ناو ئەو هەموو پرسیار و وەڵامانەدا، لە ڕۆژنامەکەدا بەم مانشێتە هەواڵەکەی بڵاوکردەوە:(لەسەرچنار بەدەم شفتە خواردنەوە حیزبێك ڕاگەیەندرا).

لە شەقامی مەولەوی سلێمانی، لەنهۆمی سەرەوەی بازاڕی بەرهەم، دوکانێکی بچوکمان بە کرێ گرتبوو، وەك نووسینگەیەك بۆ ڕۆژنامەی(کۆڕی تێکۆشان)، لە هەمانکاتدا بۆ چاوپێکەوتنی هاوڕێیان، بەڵام زۆربەی کۆبوونەوەکانمان لە ماڵی هاوڕێ(نەورۆز شاوەیس) یاخود لە ژێر زەمینەکەی هاوڕێ(محەمەد پشدەری) کە نۆرینگەی خۆی بوو بۆ چارەسەری سروشتی سازدەکرد.

بۆ سوکایەتی و گاڵتەپێکردن، نەیارەکانمان ناویان نابووین حیزبی دوکانەکە، لەڕاستیدا ئێمە خاوەنی دوکانەکەش نەبووین بەکرێمان گرتبوو و کرێکەشیمان بە گیرفانی هاوڕێیان کۆدەکردەوە. لە دونیای سیاسەتدا زاراوەی دوکانی سیاسی هەیە، بەڵام ئەوە تەنها نەزانەکانن کە ئەم زاراوەیە بە دوکانی ئاسایی تێدەگەن.دوکان یان دوکانە سیاسییەکان، بۆ ئەو حیزبانە بەکار دەهێندرێت، کە بەپێی خواست و ئارەزووی کەسێك یان تاقمێك دروست دەکرێن بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. وەک حیزبێکی کارتۆنی لە کات و شوێنی خۆیدا و بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتێك یان حیزبێکی تر بەکاردەهێنرێت. ئەم حیزب و دوکانە سیاسیانە هیچ بەرنامەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێیان نییە،ڕەنگە دوکانەکانیان تەنها لە ماوەی هەڵبژاردنەکان بکەنەوە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و فەوتاندنی بەشێکی دیکە. بێگومان ئەمانە باشترین کۆشك و بارەگایان بۆ دابین دەکرێت و دارایشیان هەیە، بەڵام کارتۆنین و خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی فیکری و سیاسی نین بۆ کۆمەڵگا، تەنها ڕۆڵیان لە خزمەتی خاوەن بڕیارەکانیاندایە.

ئێمە کۆشك و تەلاری حیزبمان بەجێهشت، چونکە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە مێژووی تێکۆشانی حیزب بووە بە دوکانی سیاسی و دەیفرۆشن بە دەسەڵاتێکی گەندەڵ.

پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان کۆمەڵێک حیزبی دوکانی سیاسییان بۆ خۆیان دروستکردبوو، لە هەوڵی ئەوەشدا بوون، ئەو حیزبانەی کە تا دوێنێحیزبی سیاسی ڕاستەقینە و خاوەنی خەباتێکی دوورودرێژ بوون بیانکەن بە حیزبی دوکانی سیاسی. حیزبی شیوعی کوردستانیش حیزبێکی دوکانی سیاسی بۆ خۆی دروستکرد بوو، ناوی نابوو؛ حیزبەکەی حیزب.ئێمە دوکانێکی بچوکمان هەبوو بۆ پاراستنی خۆمان و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی پڕۆژەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێ.باڵەخانەی بارەگاکانی زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکانی کوردستان بە حیزبی شیوعیشەوە، هەمووی مولک و دامەزراوەی حکومی بوو.ئەمانە دەستیان بە سەریاندا گرتبوو، هەندێک لە بارەگاکانیش بە پارەی دزراوی خەڵك دروستیان کردبوو.

هاوڵاتیان و براوەدۆستی
(پارتی چەپی کوردستان)

MAULAWI HOTEL
(پارتی چەپی کوردستان)

هەموو چاوەڕێیئەوە بووین، کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بارودۆخ و بژێویی خەڵکی کوردستان لەلوتکەدا دەبێت، بەداخەوە کە وانییە،ئاخر ئەمانە هیچیان نەبوونە بەدیهێنەری چاوەڕوانییەکانی ئێمە:

-خەڵکی لە ڕێگەی حیزبەکانی دەسەڵات و ئەو حیزبانەی کە لەو بازنەی گەندەڵییەدان بەدوای خانەنشینی ناشایستەوەن. جاشەکان لە پێشمەرگەی دێرین لە پلەو پایەی خانەنشینیدا لەپێشترن، کەسانی ماوستاوچی و ملکەچ لە پێش خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە زەوی وەردەگرن.

-زۆر کەس بەناو و بێئەوەی ڕۆژێک کاربکەن لە دەزگاو فەرمانگەکاندا دادەمەزرێن و موچەی خۆڕایی وەردەگرن، ئەوەی پیاوی حیزب نەبێت بەشی نییە.

-بەناوی بازاڕی ئازادەوە، بەڵام حیزب هەموو جومگەکانی ئابووری(بازرگانی و پرۆژەکانی نیشتەجێبوونهتد...) قۆرغکردووە، ئەگەر خۆیان خاوەنی پرۆژەکان نەبن ئەوە هاوبەشن(شەریکن).

-بازاری فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە زۆر گەرمە، ڕۆژبەڕۆژ نرخی خانوو زەوی بەرزدەبێتەوە، بێجگە لەوەی خانوو باڵەخانە بەرز دەکرێتەوە، بەڵام هیچ ژێرخانێکی دیکە بوونی نییە.

-ڕۆژی چەند کاتژمێرێک کارەبا هەیە، ئاویش لە زۆربەی گەڕەک و ماڵەکاندا بەچەند ڕۆژ جارێک دێتەوە، لەگەڵ نەبوونی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە و پێداویستی ڕۆژانە.

-نەبوونی یاسایەکی شایستە و پێویست بۆ مافی کار و پاراستنی ژیانی کرێکاران لەو پێشێلکارییانەی کە ڕۆژانە لەلایەن خاوەن کارەوە تووشیان دەبێت.

-ئازادیی ڕۆژنامەگەری سنورداراە، تا ئێستا نە ڕۆژنامەیەک، نە ڕادیۆیەك نە تەلەفزیۆنێکی نیشتمانی و حکومی بوونی نییە.

-هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتووی نیشتیمانی بوونی نییە، زۆنی زەرد هەر زەردە و سەوزیش هەر سەوزە.

-کەرکوك بەرامبەر وەرگرتنی لە سەدا حەڤدەی بودجە فەرامۆشکراوە.

-ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەسایەتی تاکی کورد تێک دەشکێندرێت، هەستی نیشتیمانی و هاوڵاتیبوون و هاوسۆزی و پشتوانی تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا لاوازتر دەکرێت.

-ئەم نەوە نوێیەش خۆی لەم ئاشووبەدا نەدۆزێتەوە دواڕۆژی ڕوون نییە.

خەڵکێکی زۆر لە بەرامبەر ئەم ڕەوشەی کوردستاندا ناڕازی بوون، بەڵام ئەمانە بۆ ئەوەی بێنە سەرشەقام و داواکارییەکان پیشانبدەن پێویستییان بە ڕێکخستن هەبوو. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی دەنگ و ڕەنگیان هەبێت و کار بۆ بەگژاچوونەوە و فشارێک بخەنە سەر ئەو دەسەڵاتە بۆ دانانی سنووردێک بۆ ئەو دۆخە ترسناکە.

کۆمەڵێك چالاکوانی مەدەنی ئامادەییان بۆ بەشداریکردن لە ڕێکخستی خەڵکی ناڕازیدا پێشاندا، بەو هۆیەوە لیژنەیەکمان بەناوی داکۆکیکردن لە داواکارییەکانی خەڵك پێکهێنا.

خەڵکە ناڕازییەکە لە(کفری، کەلار، دەربەندیخان، زەڕایەن) هاتنە سەر شەقام، بەڵام من ئێوارەی پێش خوبیشاندانەکەی سلێمانی لەبەردەم باخی گشتی، لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگرکرام. لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتژمێری ١٠:٣٠ی سەرلەبەیانی ٢٠٠٦/٨/١٣ دا، خۆپیشاندان لەبەر دەرکی سەراوە بەرەو پارێزگای سلێمانی دەستیپێکرد. زیاتر لەهەزار هاوڵاتی ناڕازی بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون، لە ئەنجامی خۆپێشاندانەکەدا زیاتر لەسەد کەس دەستگیرکران.

لە دوای دەستگیرکردنم، منیان برد بۆ زیندانی ئاسایشی سلێمانی، لە هەمانکاتدا دوو هەڤاڵی پارتی چارەسەری دیموکراتی، کە یەکێکیان(هەڤاڵ بەکر)بوو دەسگیرکرابوون.

لە سەرەتادا نە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵداکردم، نە سوکایەتی و نە لێدانیش. منیان خستە ناو ژوورێکی گەورەوە کە ژمارەیەکی یەجگار زۆر لەزیندانی ئاسایی تێدابوو. هەر لە ژووری زیندانەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس دەچوو، کە پێداویستەکانی ژیانی مرۆڤی وەك پێویست تێدا نەبوو. لەدوای چەند ڕۆژێك ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوە کە ناوی(ڕزگار) بوو، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم. کورێکی ئەو ئەفسەرەش قسەکانی منی تۆمار دەکرد، لێکۆڵینەوەکە بریتی بوو لە: پرسیاری ئەو و وەڵامدانەوەی من. لە ڕاستیدا هیچ شتێک نەبوو کە من بیشارمەوە، ڕاستە من یەکێکم لەو خەڵکە ناڕازییە لە دەسەڵات و لەگەڵ داواکاریی خەڵکەکەدام. ژمارەیەك لە بانگەوازی داواکردنی خۆپیشاندام پێگیرابوو،

ئەوان دەیانویست بزانن ئەو ئاگاییینامانە کێ بەچاپی گەیاندووە، وەڵامی من ئەوە بوو: خۆم بەدزی براکەمەوە لە دوکانەکەی ئەو چاپم کردووە، لە ڕاستیدا هیچ فشارێك یان هەڕەشەیەکیان لێنەکردم.

لە دوای ماوەیەك لە زیندان، ڕۆژێک دەرگای ژوورەکەیان کردەوە و بانگیان کردمە دەرەوەی ژوورەکە، کە چوومە دەرەوەبینیم(نزار جەلال) وەستاوە.ئەو هاوزیندانیم بوو لە ئەبوغرێب، ئەملاولای ماچکردم، من پێشتر لەبەشەکانی(ئەم کتێبەدا)ئاماژەم بە ناوی نزار و چوار گەنجی دیکە دابوو، کە تەمەنیان لەژێر هەژدە ساڵیدا بوون.ئەوان لەسەر پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی یەکێتییەوە، پانزە ساڵی حوکمەکەی خۆیان تەواو کرد ئینجا ئازاد کران، نزاریش یەکێك بوو لەو پێنج گەنجە، بەڵام ئێستا هەر پێنجیان ئەفسەری ئاسایشن.سەردانەکەی نزار لە زیندانی ئاسایشی سلێمانی، وەفایەکی زۆر بوو لە لایەن ئەوەوە بۆ من. لە هەمانکاتدا نزار هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، ئاخر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێمە بەیەکەوە لە یەك زیندانیدا زیندانی بووین، بەڵام ئێستە من لە زیندانی ئەو دەزگایەی کە ئەو لێی ئەفسەرە زیندانی کراوم.

نزار منی برد بۆ لای بەڕێوەبەری ئاسایش.

ئاوێنە

www.awene.com

لەنێو گیراوەکانی خۆپیشاندانەکاندا
١٨ میردمندالّ لەبەندیخانەی کانی گۆمەی سلێمانی زیندانین

-١٦٠-

لەگەڵ (نزار)دا و من بێ کەلەپچە چووینە ژوورەوە بۆلای وەستا حەسەن(حەسەن نوری محەمەدئەمین)بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی.وەستا حەسەن فەرمووی دانیشتنی لێکردم و منیش لەسەر کورسییەک دانیشتم، پاشان ڕووی دەمی کردە من و گوتی: نزار زۆر باسی هەڵوێست و ئازایەتی و ڕۆڵی تۆ لە زیندانی بەعسدا دەکات، باشە تۆ چیتداوە لەم بەزمە؟ بەو شێوەیە بەردەوام بوو.....

منیش لە وەڵامدا گوتم: لەبەرئەوەی من ئەو جۆرەم کە نزار بۆی باس کردوویت، بۆیە پێویستە منیش ئەمڕۆ لەگەڵ داخوازییەکانی میللەتەکەمدا بم. گفتوگۆکەمان زۆری نەخایەند، پاشان منیان بردەوە بۆ ژووری زیندان.بۆ ڕۆژی دوایی من و ژمارەیەك لە زیندانی دیکە، سواری ئوتۆمبیلێکیان کردین و بردیانین بۆ سەربازگەی(کانی گۆمە)کە دەکەوێتە دەرەوەی شاری سلێمانی. لەوێش ئەفسەری لێپرسراوی سەربازگاکە ئێمەی لەئاسایشەکان وەرگرت، ئەفسەرەکە بە شێوەیەکی زۆر جوان و بەڕێز قسەی بۆ کردین و گوتی: من مامەڵەی زیندانیتان لەگەڵدا ناکەم، هەرچیش بە من بکرێت، ئاسانکاریتان بۆ دەکەم، دەرگاتان لەسەر داناخەم و کەسوکاریشتان دەتوانن بێن بۆ دیدارتان، بەڵام دەبێت ئێوەش لەو ماوەیەی کە لێرەن، ڕەچاوی لێپرسراوێتی من بکەن بەرامبەر بە ئێوە، چونکە ئێوە ئەمانەتن.

پێش ئێمەیش ژمارەیەکی دیکە لە دەستگیرکراوەکانی خۆپیشاندانەکە لێرە بوون، کە زۆربەیان گەنج و مێردمندااڵ بوون و ئازاد کرابوون.ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ماوەیەی کە لە زیندانی کانی گۆمە بووین، ئێمە زیندانیی نەبووین، بەڵکو دەستبەسەر بووین، بە ڕادەیەکی زۆر مامەڵەیەکی زۆر باشمان لەگەڵدا دەکرا، هەرچەندە ئێمە هیچ تاوانێکمان ئەنجام نەدابوو تاکو مامەڵەی خراپمان لەگەڵدا بکەن.هەموو ئەوانەی کە لەوێ دەستبەسەر کرابووین چەپ و بەشێکیشیان ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوون.

لەو ڕۆژەوەی کە من دەستگیرکرام، لە دەرەوەی کوردستان هەڵمەتێکی باش بۆ ئازاد کردنم کرابوو، لە ڕێگای مااڵپەرەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەمنستی

و باڵیۆزخانەی سوید لە ئەردەن، هەروەها پارتی چەپی سویدی نامەیەکی ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە ئەمەی خوارەوە ناوەڕۆکی ئەو نامەیەیە:

نامەیەک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان:

پارتی چەپی سویدی مێژوویەکی دوورو درێژی لە پاڵپشتی خەباتی گەلی کورد بۆ بەدیهێنانی دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ و سەربەخۆییدا هەیە، دەیەها ساڵە ئێمە پاڵپشتی خەباتی کوردین، هەروەها لە پێشڕەوی ئەو حیزبانەدا بووین کە پاڵپشتی داواکارییەکانی گەلی کورد بوون بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی لە کورستانی عێراق و ئێران. بۆ بەدەستهێنانی فیدرالی لە وڵاتە کوردنشینەکان، لە بەرنامەماندایە کە لە داهاتووشدا بەردەوام پاڵپشتی داواکارییەکانی کورد بین، سەبارەت بە بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین.

حیزبی چەپی سویدی بە دڵخۆشییەوە دەڕوانێتە ئەو هەرێمە سەربەخۆیەی کە لە کورستانی عێراقدا بووەتە ڕاستییەک، پێمانخۆشە هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانەوە ئاگاداربین و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دیموکراتیدا بین لەناوچەکەدا.

لەگەل ئەوەدا ئەوەی ئێمەی نیگەران کردووە، دەنگۆی ئەو هەواڵانەیە، کە لە ئەنجامی ئەو خۆپیشاندانانەی دژی ئەو بارودۆخەی کە لە ناوچەکەدا دەگوزەرێ، ئەندامەکانی پارتی چەپی کوردستانی عێراق، کە پارتێکە تازە دروست بووە، دەستگیرکراون و ڕفێندراون. یەکێک لەوانە: ڕزگار عەزیزە و ناسراوە بە پۆلا، ئەو پێشتر بەهۆی دژایەتی ڕژێمی بەعسەوە چەند ساڵێک لە زیندانداا بووە، بێجگە لەوەی کە کوردە، هاوڵاتییەکی سویدییە(ڕەگەزنامەی سویدی هەیە)

حیزبی ڤێنستەر تاکید لەوە دەکاتەوە کە خۆپیشاندان یەکێکە لە مافەکانی ئازادی مرۆڤ و یەکێکیشە لە بنەماکانی دیموکراتی.ئێمە وایدەبینین کە دەبێت ئەو ئەندامانەی پارتی چەپ کە دەستگیرکراون ئازاد بکرێن و کاری سیاسی خۆیان بە ئازادانە و لە کەشێکی دیموکراتیدا ئەنجامبدەن.

Vänsterpartiet

Stockholm 2006-08-21

Till Kurdiska Regionala Regeringen (KRG)

Vänsterpartiet har under lång tid stött kurdernas kamp för demokrati, frihet, mänskliga rättigheter och självbestämmande. Vi har stött kurdernas kamp i flera decennier. Vi ställde oss tidigt bakom de kurdiska kraven på regionalt självbestämmande i irakiska Kurdistan och iranska Kurdistan i federation med de länder de var en del av. **Vi kommer även fortsättningsvis att stödja kurdernas krav när det gäller att förverkliga sin självbestämmanderätt.**
Vänsterpartiet gladdes med kurderna världen över när det regionala självstyret blev verklighet i Irakiska Kurdistan och vi har med stort intresse följt de första stegen att utveckla demokratin i området.

Det är därför med oro som vi tagit emot nyheten att medlemmar av det nybildade partiet, Kurdistans vänsterparti, arresterats och bortförts för att de deltagit i en demonstration mot förhållandet i regionen. En av dem är Rizgar Aziz, känd som Pola och som under Saddam Husseins tid vid makten satt i fängelse för sitt motstånd mot hans regim. Förutom att han är kurd är han också svensk medborgare.

Vänsterpartiet Sverige vill understryka att demonstrationsrätten som en del av yttranderätten ingår bland de demokratiska fri- och rättigheter, som kännetecknar en demokrati.
Vi anser det därför självklart att de medlemmar av Kurdistans Vänsterparti som arresterats och bortförts för att de praktiserat sina demokratiska fri- och rättigheter omedelbart friges.

För Vänsterpartiet

Lars Ohly
Partiordförande

Alice Åström
vice partiordförande samt utrikespolitisk talesperson

زیندانی کانی گۆمە

به مەبەستی پەیوەندیکردن بە هاوڕێ دابڕاوەکانی(حشک)وە لەکاری حیزبی و ئەو ڕێکخراوانەی کە بە چەپ هەژماردەکران، چەند سەردانێکمان بۆ هەولێر کرد. لە ڕاستیدا هیچ جموجوڵێکی بەرچاومان لەهەولێر نەبوو، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەو کەلێنە پڕبکەینەوە.ئیتر کاتی ئەوە هاتووە من بگەڕێمەوە بۆ سوید، لەگەڵ گەڕانەوەمدا بێجگە لە کاری حیزبی، لە کۆمپانیایەکی چاپکردن لەسەر جلوبەرگ و کاڵای دیکە دەستم بە کارکردن کرد.

هاوڕێ (نەوزاد نوری سەید وەلی)کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە نووسینی نامەکەی(پارتی چەپی سویدی بۆ حکومەتی کوردستان) لە پێناوی ئازادکردنی مندا هەبوو، ماڵپەڕێکی کاریگەریشی بەناوی(پارتی چەپی کوردستان)وە دانا، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە لە ڕێگەی ئەو ماڵپەڕەوە پێناسەی مەبەستی حیزبەکەمان و پێویستی دروستکردن و ڕاگەیاندنی و نمایشکردنی ڕۆڵی حیزبێکی چەپ لەم کاتەدا، لەپێناوی خزمەتی میللەت و پاڵپشتی داواکارییەکانیدا بخاتە ڕوو.

لە دەرەوەی کوردستانەوە خەڵکێکی زۆر بۆ ناسینی پارتەکەمان و بۆ پەیداکردنی متمانە پەیوەندییان پێوە دەکردین، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە ئەم حیزبە بۆ چەواشەکاری و لەخشتەبردنی خەڵك لە پێناوی بەرژەوەندی دەسەڵاتدا دروست نەبووە.

بێگومان ئێمەیش بێکەموکوڕی نەبووین، لە زۆر لایەنەوە کەلێنمان تێدا بوو، بەڵام زۆربەمان هەستی لێپرسراویمان هەبوو. پێمان وابوو کە پێویستە بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لەم بارودۆخە نالەبارەیدا ئێمەش هەوڵی خۆمان بدەین، بە تایبەتی لە بێئومێدی خەڵك لە حیزبە سیاسییەکان، چونکە بەدیدو بۆچوونی زۆرینەی میللەت سیاسەت پێگەو ڕێزی خۆی لەدەستدابوو، ئاخر لەمکاتەدا سیاسەتکردن بەتەنها بۆ بەرژەوەندی و دەستکەوت بوو.

ئێمە دەمانزانی شەڕێکی سەختمان لەبەردەمدایە و بەم توانا و کەرەستانەی کە لەبەر دەستماندایە ئەم شەڕەمان پێناکرێت، بۆیە پێویستە بەردەوام کاربکەین بۆ

زاڵبوون بەسەر کۆسپە سەپێنراوەکاندا، بارە بابەتییەکە(الموضوعي) گونجاوە،ئەوەی کە دەمێنێتەوە بارە خودییەکەیە، ئایا چەندمان بۆ ئامادە دەکرێت؟

هاورێیان لە هەوڵی وەرگرتنی مۆڵەتی یاساییدا بوون، لەگەڵ ئەوەی هەموو مەرجەکان و پێداویستییە یاساییەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، لەلایەن ئێمەوە ئامادە و پێشکەشکرابوو، بەڵام لایەنی پەیوەندیدار وەڵاممان نادەنەوە، هەر جارەی بەربەستێک دروستدەکەن.

پارتی و یەکێتی ڕاستەوخۆ خۆیان، یاخود لە ڕێگای دەزگای پاراستن و زانیارییەوە، لەهەوڵی ئەوەدا بوون، کەهەر حیزبێك یاخود ڕێکخراوێك تەنانەت ئەگەر ڕێکخراوی سڤیلیش بوایە بە خۆیانییەوە بیبەستنەوە، یاخود بەلایەنی کەمەوە لەژێر کاریگەری و چاودێری ئەواندا بێت، بۆیە مۆڵەتوەرگرتن ئاسان نەبوو بەتایبەتی بۆ ئێمە، بەڵام پێویست بوو کە ئێمەیش لە هەوڵی خۆماندا بەردەوام بین و لە هەمانکاتدا سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین، ئەگینا بوونمان و نەبوونمان وەکو یەك دەبوو.

لە ناو خۆشماندا بۆ وەرگرتنی مۆڵەت دوو بۆچوونمان هەبوو:

+بەشێکمان پێمان وابوو کە بۆ ئەوەی ئێمە لەم قۆناغەدا مۆڵەت وەربگرین، پێویستە تۆزێک نەرمی بنوێنین.

+بەشەکەی دیکە پێیوابوو کە نەرمی نواندن و بەتایبەتی لەم قۆناغەدا بە واتای سازشکردنە لەسەر بیروباوەڕ و هەڵوێستمان.

www.flock.se

www.flock.se

-١٦٢-

کوردستان پڕ بووە لە کرێکاری بێگانە، هەلیکار بۆ خەڵکی و بەتایبەتی بۆ گەنجان لە بواری خزمەتگوزاریدا زۆر کەمە، لەبەر ئەوەی هێزی کاری هاوردە زۆر هەرزانترە لە کرێکارێکی هاوڵاتی.بێجگە لە هەرزانی کرێکارە بییانییەکان، بەهەموو شێوازێکیش دەچەوسێنرێنەوە و مافیان دەخورێت.دیاردەیەکی دیکەش هەیە، ئەویش نووسینگەی خزمەتگوزارییە، کاری ئەم نووسینگانە هاوردەکردنی ژن بوو لەوڵاتە هەژارەکانەوە، مااڵی وا هەیە لە یەك ئیشکەری ژن زیاتری هەیە، ئەمەیش دیاردەیەکی تاڕادەیەکی زۆر نامۆیە لە کۆمەڵگەدا، لە پەنای ئەمەدا کاری دیکەی ناشیرین و ناشارستانی ئەنجامدەدرێت، بە ئاشکرا پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.پشتگوێخستنی ئاوەدانکردنەوەی دیهاتەکان و بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە ڕاهێنانی خەڵکەکە بۆ دابینکردنی بژێویی بە وەرگرتنی موچە بە هەر ڕێگایەک بێت، خراپی لەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیدا و بەتایبەتی(ئاو و کارەبا).

نەبوونی هەڵوێست نە لە پەرلەمان و نە لەدەرەوەی پەرلەمان، بەتایبەتی لەسەر شەقام، لە لایەن هیچکام لەو حیزبانەی کە مێژووی خەباتی سیاسیان لە کوردستاندا هەیە، جارجار بەشەرمەوە دەنگی ڕەخنەی ئیسلامییەکان دەبیسترێت و هەروەها دەنگی ناڕەزایی حیزبی زەحمەتکێشان دەبیسترا،ئەو دەنگە ناڕەزاییانەی کە هەبوون ئەمانە بوون:

-کۆمەڵێك چالاکوانی مەدەنی، جوڵانەوەی بەرگری، ڕۆشنبیری سەربەخۆ، پڕۆژەی پەمەیی.

-حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

-یەکێتی کۆمۆنیستەکان

-پارتی چارەسەری دیموکراتی

-پارتی چەپی کوردستان(ئێمە)

لەبەرئەوەی هەموو ئەم حیزبانە بە بەراورد بە حیزبەکانی دەسەڵات لە قەبارەدا بچوك

بووین و قورساییمان به تەنها لەو ناوچانەدا هەبوو کە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدایە، بۆیە لەپێناوی ئەوەی کە کاریگەریمان هەبێت، پێویستیمان بە جۆرێك لە کاری هاوبەش هەبوو لە نێوانماندا. کاری زۆری هاوبەشمان لەگەڵ یەکێتی کۆمۆنیستەکان، بەتایبەتی لە ڕێگای(هاوڕێ عەلی مەولود)وە هەبوو، بەڵام کەمتر لەگەڵ کۆمۆنیستی کرێکاری و پارتی چارەسەری دیموکراتی، بە بۆچوونی من ئەمە هۆکارەکە بوو:

-حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری زۆر وشک و تووندڕەو بوون، ئەوان خۆیندنەوەیەکی بابەتیانەیان نەدەکرد زیاتر خۆیان بەتیۆرییەوە دەبەستەوە. بەبێ ئەوەی هێز و کەرەستە یان ئامڕازەکانی جێبەجێکردنیان هەبێت، هەموو خەبات و تێکۆشانی بەرامبەرەکەیان دەسڕییەوە. وایاندەزانی خەبات و تێکۆشانی ڕاستەقینە لەو ڕۆژەوەی کە ئەوان دەستیان داوەتە سیاسەت دەستیپێکردووە.ئەوان پێیان وابوو یان حکومەتی کرێکاری و سوسیالیزم، یاخود هیچی دیکەیان قبوڵ نییە، ئەوە جگە لەوەی بە هیچ جۆرێك لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردا نەبوون، لەو بارەیەوە هەر قسەیەك بکرایە، لای ئەوان لە قاڵبی ناسیۆنالیزمی و نەتەوەییدا بوو.

-گرانی کارکردنیش لەگەڵ پارتی چارەسەری دیموکراتیدا ئەوەبوو کە ڕاستە ئەوان لە باشووری کوردستان کاریان دەکرد، بەڵام بە قەندیلەوە بەسترابوون، قەندیلیش کار و بەرنامەی خۆی هەبوو، لە ئاستی باشوور فراوانتر بوو، ئەمەیش بۆ کاری هاوبەش کۆسپ بوو.

بە پێویستمان زانی دەنگی ناڕەزایی هاوڵاتیان و قبوڵنەکردنی ئەو بارەی کوردستان بگەیەنینە دەسەڵات، ئەمەیش لەڕێگای خۆپیشاندانێکی ڕێکخراوەیی گەورەوە دەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش لە دوای چەند کۆبوونەوەیەک کۆمیتەیەکمان پێکهێنا، بڕیاردرا کە خۆپێشاندانەکە بەناوی (هاواری خەڵک)وە بێت، کۆبوونەوەی پێش کۆتاییمان لە (پارکی نالی)ئەنجامدا و دوای کۆبوونەوەکە و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕامانگەیاند کە: ئێمە داوای مۆڵەتی خۆپیشاندانمان کردووە، بەڵام ئەگەر مۆڵەتیشمان نەدەنێ خۆپیشاندان هەر ئەنجامدەدەین.

-١٦٣-

لە ئێوارەی هەشتی تەمووزی ٢٠٠٨ دا، دوا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاریی خۆپشاندانی(هاواری خەڵك) لە ژێرزەمینەکەی(هاوڕێ محەمەد پشدەری)دا کە نۆرینگەی چارەسەری سروشتی بوو، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکیش لە خەڵکی دەرەوەی کۆمیتەکەمان ئەنجامدرا.

لەدوا کۆبوونەوەکەدا لەسەر دواییین ئامادەکاریەکانی خۆپێشاندانەکە ڕێککەوتین، هەر چەندە لایەنی پەیوەندیدار مۆڵەتییان پێنەداین، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێدابوو، کە ئێمە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەماندا بڕیارماندا مۆڵەت بدەن یاخود نا، ئێمە خۆپێشاندان دەکەین.لە کاتی کۆبوونەوەکەدا(ڕەحمان غەریب) منی بانگکردە دەرەوە و پێیڕاگەیاندم کە کەسێك لە ناو دانیشتنەکەدایە، برادەران گومانیان هەیە کە پیاوی ئاسایش بێت. من گوتم: زۆر باشە، بوونی ئەو هیچ لە کۆبوونەوەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لێرەدا باسی دەکەین، سبەینێ بە ئاشکرا ئەنجامی دەدەین.

ئێمە لە کۆبوونەوەکەماندا بەردەوام بووین، هەروەها لەسەر ئەو دروشمانەش کە لەسەر لافیتەکان دەنووسرێت ڕێککەوتین.

دروشمەکان بریتی بوون لە:

-ئەگەرحکومەت نەگۆڕێت دەدۆڕێت، هەر ئەو دروشمەش بوو کە لە دواییدا بزوتنەوەی گۆڕان بەناوی خۆیانەوە بەرزیان کردەوە.

-یەکسانی لە دابەشکردنی کارەبا و ئاو بۆ هەموو گەڕەکەکان.

-بەسیەتی ناعەدالەتی.

-ژیانێکی شایستەی هاوچەرخ بۆ خەڵکی کوردستان.

-ئەم کارەساتە ڕاگرن.

-خەڵك ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری هەرزانی دەوێت.

-ئەم کارەساتە ڕاگرن ئاو بە نرخی بەنزین دەفرۆشرێت.

ژمایەک لە خۆپیشاندەران لە پێش کاتژمێری هەشتی بەیانی ٢٠٠٨/٧/٩دا لە گۆڕەپانی

بەردەرکی سەرای سلێمانی ئامادە بووین، بێگومان پیاوانی ئاسایش بە بەرگی ئاساییەوە لەوێدا بوون، خەڵکیش دوودوو و سێ سێ لە دووروەوە وەستابوون. وا دیار بوو کە ئەوانە بۆ بەشداریکردنی خۆپیشاندان هاتبوونە ئەوێ، بەڵام چاوەڕێی بارودۆخەکەیان دەکرد.ئەو هاوڕێیانەی کە لافیتەکانیان ئامادە کردبوو، بە لافیتەکانەوە گەیشتنە جێگەی دیاریکراو، بە بەرزکردنەوەی لافیتەکان بەرەبەرە خەڵکی کۆدەبووەوە، لەو کاتەدا کوڕێکی گەنج هاتە لامەوە و گوتی: من لە عەربەتەوە هاتووم بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندان، ئەو گوتی: چی بە من دەکرێت ئامادەم، کە هەستم بەو جۆشوخرۆشەی ئەو کرد، لێم پرسی ناوت چییە؟

گوتی:جەزا.

گوتم: کاکە جەزا عەربەتی دەستخۆش، برێک پارەم دایە دەستی و گوتم: نامەی داواکارییەکانی خۆپیشاندانەکەمان کەمی هێناوە، دەتوانیت تۆ بچیت هەندێکمان بۆ کۆپی بکەیت؟ ئەویش بێ یەکو دوو ڕۆیشت و کارەکەی جێبەجێکرد.هەتاکو دەهات ژمارەی خەڵکەکە لە زیادبووندا بوو، گۆڕەپانەکە پڕ بوو لە خۆپیشاندەر. هەریەکە لە (هاوڕێ محەمەد پشدەری و عەلی مەولود)وتاری خۆپیشاندانیان خوێندەوە.ڕێپێوان بەرەو تەلاری پارێزگای سلێمانی بەڕێکەوتین، پیاوەکانی ئاسایش لەملاوئەولای شەقامەکەدا بڵاوبووبوونەوە. کوڕی ئەفسەرەکەی ئاسایش کە ناوی(ڕزگار)بوو،ئەوەی کە لە کاتی دەستگیرکردنمدا لەخۆپیشاندنەکەی ٢٠٠٦ دا، لە ئاسایشی سلێمانی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکردم، بە کامێرایەکەوە وێنەی خۆپیشاندەرانی بۆ ئاسایش دەگرت.

بەدەم دروشمەوە گەیشتینە بەردەم تەلاری پارێزگای سلێمانی، لەوێ ڕێگایان بە نوێنەری خۆپشاندەران دا کە برۆنە ژوورەوە، لە ژوورەوەش پێشوازییان لێکردن و یاداشتی داواکاری خۆپێشاندرانییان لێوەرگیرا.چەند جارێك هەندێك لە گەنجانی خۆپیشاندەر لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە زەبروزەنگ بنوێنن، بەڵام ئێمە ڕێگەمان لێگرتن، چونکە نەماندەویست خۆپیشاندانەکە بە لاڕێدا ببرێت و شێوازە مەدەنی و شارستانییەتییەکەی لە دەستبدات.

لە دوای پێکانی ئامانجی خۆپیشاندانەکە، داواکرا کە بڵاوەی پێبکرێت، بەڵام ژمارەیەك لە خۆپیشاندەرانی گەنج و هەرزەکار بەوە ڕازی نەدەبوون کە بڵاوە بکەن، هەرچەندە هێزەکانی دەسەڵات هیچ جۆرە پێشێلکارییەکیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران نەکرد،

بەڵام من هەستم بەوە کرد، کە ئەگەر ئەم گەنجانە لەو جێگەیەدا بمێننەوە، ئەوکاتە ئەگەری کاری نەخوازراو زۆر بوو، بۆیە تکاو داوام لێکردن کە بەردەم پارێزگای سلێمانی بەجێبهێڵن و بڕۆن بۆ ناو باخی گشتی، لەدوای هەوڵێکی زۆر بە گوێیان کردم و لە باخی گشتیش لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر بڵاوەیان پێکرا.

MAWLAWE HOTEL

هەڵبژاردنی خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبە، تا ئێستا دەسەڵات مۆڵەتی کارکردنی بە(پارتی چەپی کوردستان) نەداوە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە ٢٠٠٦ وە، لە هەوڵی مووڵەت وەرگرتندایین لە ڕێگای هەردوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییەوە، ئەوان هیچ بیانوویەکیان نەبوو، هەروەها ئێمەش هەموو مەرجە یاسایەکانی وەرگرتنی مۆڵەتمان تێدا بوو، بەڵام دواجار لێپرسراوی پەیوەندییەکانی ناوەوەی پارتی(ئەحمد کانی) بەڕاشکاوی بە هاوڕێیانی گوتبوو: تا یەك ئەندامی حیزبی شیوعی بمێنیت مووڵەت بە ئێوە نادەین، خۆی لەڕاستیدا وەرگرتنی مۆڵەت کار و بڕیاری وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام تا ئەمڕۆ ئەوە بەتەنها حیزبەکانن کە وەزارەتەکان بەڕێوە دەبەن.

چەند جارێك کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنیان گۆڕی، لە کۆتاییدا بڕیاردرا کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا ئەنجامبدرێت.

٢٤لیست بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا کرد، ئەوەی کە تازەیە(لیستی گۆڕان)ە، هەر چەندە سەرکردە سەرەکییەکانی لیستەکە بەدرێژایی خەباتی چەکداری و هەروەها لەم چەند ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا، بە بەردەوامی ئەوان بەشێك بوون لە دەسەڵاتی یەکێتی، بەڵام لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکەیانەوە کە بە پارەی دزراوی خەڵك دامەزرابوو. کاریان لەسەر خەڵکە ناڕازییەکەی دەسەڵاتی (پارتی و یەکێتی) دەکرد، کەسانێکی چەپ کە ئامادەبوون لەگەڵ(پارتی چەپ)دا کار بکەن، چوونە ژێر کاریگەریی(لیستی گۆڕان)و پڕوپاگەندەکانیانەوە، داوایان لە ئێمەش دەکرد کە لەگەڵ ئەو تەوژمەدا بڕۆین، هەرچەندە من بۆخۆم لەو کاتەدا هەستم بە کاریگەری گۆڕان لەسەر خەڵك و ئومێدیان بە گۆڕانکاری دەکرد، بەڵام کە لە ڕوانگەی مارکسییەتەوە لەو پێکهاتەیەی گۆڕانم دەڕوانی کە(لەمسەری ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، ئیسلامی و عەلمانی، نەتەوەیی)یە، ئەمە بێجگە لە مێژووی هەندێك لە سەرکردەکانی گۆڕان و ئەو تێکەڵە بێئایدۆلۆژی و فەلسەفییە، دەگەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەم بزوتنەوەیە هەرگیز توانای گۆڕان و قوناغبڕینی نییە.

هەر لە سەرەتای دامەزراندن و ڕاگەیاندنی(پارتی چەپی کوردستان)وە یەکێك لە

کۆسپەکانی کاری حیزبیمان کێشەی دارایی بوو، بۆ چارەسەرکرنی ئەم کێشەیە دەبوایە ئێمەیش سەربەخۆییمان لە دەستبدەین، بەڵام ئێمە هەمیشە پێمان وابوو بە لەدەستدانی سەربەخۆیی واتە: ناپاکی بەرامبەر بە خۆمان و بەرامبەر بە میللەت.هاوڕێیان لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی و یەکێتی کۆمۆنیستەکان ڕێککەوتن، کە بە لیستێك بەناوی(لیستی سپی)بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەین، لەبەر ئەوەی من بەشداری وردەکاری دروستکردنی ئەم لیستە نەبووم،(هاوڕێ هیوا ڕەش) بەم شێوەیەی خوارەوە باسی دروستکردنی لیستی سپی دەکات:-

لە هەڵبژاردنی٢٠٠٩دا لەگەڵ ستافی ڕۆژنامەی(هاوڵاتی) گفتوگۆ و هەمئاهەنگی باش لە نێوانماندا دروستبوو، لەسەر ئامادەکاری بۆ چوونە ناو هەڵبژاردن لەسەر پێکهێنانی لیستێك بە ناوی(لیستی سپی سەربەخۆ)و بە تایبەتی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتین:

١-یەکەم ناوی ڕیزبەندیی کاندیدانی لیستەکە بۆ کاک (توانا عوسمان)ی هاوڵاتی بێت.

٢-خەرجی و تێچوونی کۆمیسیۆن و پۆستەر و ڕیکلامی ڕۆژنامەیی لەسەر لایەنی بەرامبەر بێت.

٣-کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆکردنەوەی دەنگ و پڕوپاگەندە بۆ لیستەکە ئێمە پێیهەڵدەستین.

ئێمە بە هەموو شتێک ڕازی دەبووین، چونکە نە مەبەستمان پلە و پارە بوو، نە بەرژەوەندیی تاکە کەسی، تەنها دەمانویست لە هەمبەر گەندەڵی و نادادپەروەری دەسەڵاتدار بوەستینەوە و پێیان بڵێین: ئیتر بەسە.

شایەنی باسە ئێمە و هاوڕێیانی یەکێتی کۆمەنیستەکان کە زیاتر کاک(نزار و عەلی مەولود) سەروکاریان دەکردن و بە سۆنگەی بوێری و پاکی و دڵسۆزی ئەوان هاوکاریی تەواو لە نێوانماندا هەبوو. گەڵێکجار بە ناوی یەک و لە بری یەک بڕیارمان دەدا و قسەمان دەکرد، بە نیازی بەرفراوانکردنی لیستەکە بە باشمان زانی لەگەڵ پارتی چارەسەری دیموکراتی هەماهەنگی دروستبکەین و ئەوانیش بێنە ناو لیستەکەوە، بەڵام بە داخەوە لەبەر کەللەڕەقی و خۆبەزلزانینی ئەوان سەرکەتوو نەبووین.

هەمو شتێک گەڵاڵەکرا و بەوپەڕی خرۆشەوە لە ئامادەباشیدا بووین، لە ناکاودا

هاوکێشەکە لنگەوقوچ بۆوە و ئەوەی ئێمە بیستمانەوە(کەمال ڕەئوف)ی هاوڵاتی لە ئەوروپا گەڕابووەوە و چاوی بە(نەوشیروان مستەفا) کەوتبوو و پیلانی زیندەبەچاڵکردنی لیستی سپی سەربەخۆیان دارشتبوو. بە بیانووی ئەوەی کار لەسەر ڕێژەی دەنگەکانی لیستی گۆڕان دەکات، بۆیە بە بێپرس و ڕای ئێمە یان هەبوونی کۆسپ و لەمپەر، برادەرانی هاوڵاتی پاشگەزبوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، بۆ مێژووش دەبێتئەوە بگوترێت(توانا عوسمان) هەڵوێستی باشی نواند و ئامادەیی پیشاندا کە لیستەکە ڕادەستی ئێمە بکات بە بێئەوەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕابگەیەنێت، بەڵام بەڵێنی هیچ کۆمەکیەکی دارایی و ڕیکلامیان پێنەداین.

ئێمەی گیرفان بەتاڵ بووین بە خاوەن لیست و هەموو توانامان خستەگەڕ ئەو گوژمەیە(مبلغ)ەی هاوڵاتی لە کۆمیسیۆن خەواندبووی(١٢ ٥٠٠ ٠٠٠- دوانزە ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار)بوو مەیسەری بکەین:

١-هاوڵاتی ئامادە نەبوو چاوەڕوان بن و پارەکەمان بە قەرز لا بمێنێتەوە، هەرچەندە گرەنتیمان دەدا بێسود بوو.

٢-هەرچی حیزب و گروپی زماندرێژی خۆ بە چەپ زانیش هەبوو لە دەرگامان دان و بە تایبەتی حیزبی زەحمەتکێشانەکەی ئێستا، بەڵێنیان پێداین و ئەوا ١٣ ساڵ تێپەڕی و تا ئێستا هەر وەڵام دەدەنەوە.

٣-هەوڵمان دا لە کەسانی نیشتمانپەروەر ئەو بڕە پارەیە وەدەست بهێنین مایەپووچ بووین.

ئەم هۆکارانە بوونە مایەی هەڵوەشاندنەوەی لیستەکە و بە فیڕۆچوونی هەوڵەکانمان.

ئەمە باشترین بەڵگە بوو کە چەواشەکارییەکانی(سەرانی حیزبی شیوعی و زوڕناژەنانیان)چەندە بێبنەما و بێئەرزشن، کە بێشەرمانە لە ملاولا بڵاویان دەکردەوە، کە گوایە چالاکییەکانمان بە دەست لە پشتدانی حیزبەکانی دەسەڵاتە، ئەمەش یەکێک بوو لە درۆ حازر بەدەستەکانیان بۆ دژایەتی و شکاندنی ئێمە. کەچی خۆیان تا ئێستا لە ژێر باڵی گەندەڵکاران کڕ کەوتوون و بۆ پینەکردنی ناعەدالەتییەکانیان بوونەتە دەمسپی و سەرسپی و ڕێشسپییان.

-١٦٥-

حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان(پارتی و یەکێتی)وەک کاری هەمیشەییان، لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، لە دەستێوەردان و دەنگکڕین و تەزویرکردندا درێغییان نەکرد. (مەسعود بەرزانی) لە نێوان ١٢ کاندیددا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، ڕێژەی٦٩,٦٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.لە نێوان ئەو ٢٤لیستەی کە کێبڕکێیان بۆ(١١١) کورسی پەرلەمانی دەکرد، ١١لیست کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا. بۆ یەکەمجار بە دەنگی نارازی خەڵك، لیستێکی ئۆپۆزسیۆن کە(لیستی گۆڕان) بوو، توانی ٢٥ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت. بەمە گۆڕان بوو بە دووەم فراکسیۆنی ناو پەرلەمان و گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆن لە مێژووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا.ئەمەیش بۆخۆی و لەو کاتەدا جێگای سەرنج بوو، چونکە خودی(لیستی گۆڕان) چاوەڕێی بەدەستهێنانی ئەو ژمارە زۆرەی کورسی پەرلەمانیان نەدەکرد، بەڵام وا دیاربوو کە خەڵکە نارازییەکەی کوردستانلە چاوەڕوانی لایەنێکدا بوون، کە هەڵوێستی بەرامبەر بە دەسەڵاتی(پارتی و یەکێتی)هەبێت. بەمەش (لیستی گۆڕان) توانی سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک ببێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

بە بۆچوونی من ئەگەر(حیزبی شیوعی) لە دوای ڕاپەڕینەوە و هەر لە یەکەم هەڵبژاردنەوە، خاوەنی هەڵوێستی خۆی بوایە و دەنگی خەڵک و ئەندامانی خۆی فەرامۆش نەکردایە و زۆربەی سەرکردایەتییەکەی سەرشۆڕی پارتی نەبوونایە، ئەوا ئێستا ئەوان خاوەنی ئەم کورسیانەی پەرلەمانی کوردستان دەبوون.

پرسیارەکە ئەوەیە؛ بۆ دەبێت لیستێك زۆربەی سەرکردەکانی بێپەڵەی ڕەش نەبن و خاوەنی هیچ بیرێکی ڕوون نەبن و خاوەنی مێژوویەکی جوانیش نەبن، بەڵام لەماوەیەکی کەمدا لیستێکی ئۆپۆزسیۆن ڕابگەیەنن؟ لە ماوەی چەند مانگێکدا بتوانن ئەو ژمارە زۆرە لە کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنن؟ ڕەنگە یەکێك بڵێت کە سەرکردەکان و هەڵسوڕاوەکانی ئەو لیستە تا دوێنێ بەشێک بوون لە دەسەڵات و پارەیان لەبەردەستدا بوو، هەروەها ڕاگەیاندنێکی بەهێزیان هەبوو.ئەمەش ڕاستە، باشە ئەی تۆی حیزبی

شیوعی بۆ نییتە؟ خۆ تۆیش لەگەڵ(یەکێتی وپارتی)دا لەو شاخەوە پێکەوە هاتنەوە ناو شارەکان، هەر هەموو لایەنەکان لە ناو بەرەی کوردستانیدا بوون؟ لێرەدا من پێتان دەڵێم بۆ: چونکە ئیمەی شیوعییەکانی کوردستان، خاڵی هەرە گەورەی لاوازمان نەبوونی سەرکردەی لێهاتوو و دڵسوز و سەربەخۆ بووە، هەروەها ژێردەستەی سیاسەتی حیزبی شیوعی عێراقی(حشع) بووین.ئاخر هەمیشە لەپێناوی شیوعییە عێراقییەکاندا، قوربانی بە شیوعییە کوردستانییەکان دراوە، هەتاکو دوای ڕاگەیاندنی(حشک) و تا ئەمڕۆش حیزبێکە بە شێوەیەک بە(حشع)وە گرێدراوە.

لە عێراقی فیدراڵیدا و لە ٢٠٠٦وە بە یاسای ژمارە چوار ٤ی مافی زیندانیانی سیاسی و ئیمتیازات و قەرەبووەکانیان ڕێکخرابوو، لە هەمانکاتدا دەزگای زیندانییە سیاسییەکان بە یاسا دامەزرێنرابوو، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا، هیچ یاسایەک بۆ دایارکردنی مافەکانیان بوونی نەبوو. هەندێك یارمەتی لێرەولەوێ بوونی هەبوو، ئەوانەیش هەر لەژێر بەزەیی حیزبەکانی دەسەڵاتدا بوون، ئەگەر شتێک بدەن بە کەسانێک کە خۆیان لێیان ڕازی بن، تاکو کار گەیشتۆتە ئەوەی یەکێک بکەن بە نوێنەری زیندانیانی سیاسی، کە لە بنەڕەتدا خۆی زیندانی سیاسی نەبووە.

کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان هەبوو، بەڵام ئەویش سەربەخۆ نەبوو، سەر بەحیزبێکی دەسەڵات بوو، بۆیە هەوڵدرا کە ڕێکخراوێك بۆ زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان پێکبهێنرێت.ئەوە بوو دەستەیەك بە ناوی(دەستەی داکۆکیکردن لە زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان)پێکهێنرا.ئەم دەستەیە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ببێتە جێگای متمانەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان و لە پێناوی مافی زیندانیانی سیاسیدا دەستی بە چالاکی جۆراوجور کرد. یەکیك لەو چالاکییانەش مانگرتن بوو لەبەردەم(نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی) بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک. لە ماوەی مانگرتنەکەدا چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامدرا و ڕۆژانە لە لایەن کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسانەوە سەردانی مانگرتووان دەکران، مانگرتنەکە بە پشتیوانی تەواوی(پارتی چەپی کوردستان) ئەنجامدرا.

پارتی چەپی کوردستان
پشتگیری لەوێ بەردەوامی یاسای ژمارە (٤) دەکات
بۆ زیندانە سیاسیەکان

پەرلەمانی کوردستان
Kurdistan Parliament Solidarity Office

-١٦٦-

دەبوایە پارتی چەپی کوردستان لە بەرامبەر تاوانی قێزەونی تیرۆرکردنی(سەردەشت عوسمان)ی قوتابی زانکۆ و گەنجی تازە پێگەیشتووی خاوەن بەهرەی نووسین، هەڵوێست وەربگرێت.(سەردەشت عوسمان) قوتابی و رۆژنامەنووس لە ٢٠١٠/٥/٤دا لە زانکۆ و لە بەردەم کۆلێژەکەیدا دەرفێنرێت، بۆ رۆژی دوایی لە ٢٠١٠/٥/٥دا، بە کوژراوی لەیەکێك لە گەڕەکەکانی موسڵدا دەدۆزرێتەوە.

گومانی ئەو جۆرە لە تیرۆر لە دەسەڵاتی هەولێر و بنەماڵە دەکرا، چونکە لە دوای بڵاوبوونەوەی وتارێکی بەناوی(من عاشقی کچەکەی بەرزانیم) و بەتایبەتی دوای نزیکەی چوار مانگ لە بڵاوبوونەوەی وتارێکی بەناوی(یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا) کە ئاماژە بە بوونی مەترسی لە سەر ژیانی خۆی دەکات.

لە ڕاستیدا تیرۆر بۆ حیزبەکانی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان شتێکی نوێ و نامۆ نەبوو، ئاخر هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی(مەلایی و جەلالیی)دا، ئەم دیاردە قێزەونەش لە کوردستاندا بڵاوبووەوە، هیچ لایەکیان بەرامبەر بە یەکتری و بەرامبەر بە لایەنەکانی دیکە درێغییان نەکردووە. تەنانەت بەرامبەر بە ئەندام و لایەنگرانی خۆیشیان، هەروەها ئەوان دوای ڕاپەڕینیش لەسەر تیرۆر بەردەوام بوون، بۆ نمونە؛ تیرۆرکردنی(عەلی بۆسکانی و کۆمەنیستەکان) کە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری تیرۆرە.

(عەلی بۆسکانی) ئەو کەسایەتییە دەوڵەمەندەی سلێمانی، کە پشتیوانی هەژاران و هونەرمەندان و نووسەران و خوێندکاران بوو. ئەو هەمیشە ئامادەیی هەبووە بۆ یارمەتی هەر کەسێك کە پەنای بۆ بردبێت، هەروەها ڕۆڵی گرنگیی لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو. لەگەڵ ئەوەی بە هاوکاری ئەو دەیان کتێب بۆ نووسەرەکان بەچاپ گەیەنراوە، لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانە و پردی دروستکردووە.ئەو کەسێکی ئازاو بوێر و نیشتیمان پەروەر بوو، هەر لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا و لەسەر ئەرکی خۆی(پەیکەری کاوەی ئاسنگەری)لەسلێمانی دروستکردبوو.

لە دوای ڕاپەڕینەوە(عەلی بۆسکانی) دژی گەندەڵی بوو، لە پێناوی میللەتدا هەمیشە

لەداواکاری و پشتیوانی حکومەتێکی تەکنۆکراتدا بوو، لە ١٩٩٣دا و لەسەر وتارێکی کە بەبۆنەی شەهیدکردنی(سۆران عوسمان)ەوە خوێندییەوە، لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە تیرۆرکردنی نارەوشتانەی شەهید سۆران دابوو، لە ١٩٩٣دا و بە بەرچاوی ئاسایشی ئەوکاتەی سلێمانییەوە تیرۆرکرا. هەر یەك تاکە پێڵاوی(عەلی بۆسکانی) هەموو سەرکردە تیرۆریستەکانی دەهێنا.

لە ٢٠٠٥/٣/٥ دا لە گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکوك(عەبدولستار تاهیر شەریف)لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە تیرۆرکرا.ئەمەیش لەدوای بڵاوبوونەوەی دوو بەش لەنووسینێکی ئەو بە ناوی ململانێ لەگەڵ ژیانداا(یادداشت) کە لەبەرژەوەندیی بنەماڵەی بارزانی و تا ڕادەیەك بنەماڵەی جەلال تاڵەبانی نەبوو.لە چەند دێڕێکدا نووسیویەتی:(لە ١٩٦٧ دا لە هەڵبژاردنی کۆنگرەی شەش لەکەلار، مام جەلال کەمترین دەنگی بۆ ئەندامییەتی کۆمیتەی ناوەندی بەدەستهێنا، هەر ئەوەندەی مابوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەرنەچێت، بەهۆی لێپرسینەوەی لەسەر ئەو کارە ناحیزبییانەی کە ئەنجامی دابوو، وەك دارکاریکردنی پێشمەرگە و ئەندامانی پارتی، کە چەند جارێک هۆکار بووە بۆ ئەوەی خۆیبکوژرێت، مام جەلال بە قسە دیموکراتییە، بەڵام وەك سەرکردە و لە کاری حیزبیدا هەرگیز دیموکراتی نەبووە.)

لە ٢٠٠٨/٦/٢١ دا، لە بەردەم ماڵی خۆیاندا لە کەرکوك، ڕۆژنامەنووسی لاوی لێهاتوو (سورانی مامە حەمە) تیرۆرکرا.ئەو ڕووداوە لەسەر ئاستی جیهان کاردانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، ڕێکخراوە تایبەتییەکان بە مافی ڕۆژنامەنووسان و مافی مرۆڤی هێنایە دەنگ.ئەم کردەوە تیرۆریستییەش لە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی شەهید سۆران بوو کە لە گۆڤاری لڤین بە ناونیشانی(سۆزانییەکانی کەرکوک)ئەنجامدرا، کە تێیدا باس لە چەند بەرپرسێک دەکات، ئەو یەکێك بوو لە قەڵەمە ئازاکانی شاری کەرکوك.

هەر نووسەرێك یاخود ڕۆژنامەنووسێك یان هەر کەسێکی چالاك، ڕووی ڕاستی دەسەڵاتی کوردی و گەندەڵییەکانی پێشانی ڕای گشتی دابێت، ئەوە دەستبەجێ بەهەڕەشە یاخود بە پارە بێدەنگیان کردووە، خۆ ئەگەر بەمانەش بێدەنگ نەبووبێت ئەوە تیرۆریان کردووە.

ئێمە وەك پارتی چەپی کوردستان لەگەڵ کۆمۆنیستی کرێکاریی نیازی چالاکییەکی هاوبەشمان هەبوو، هەواڵمان پێگەیشت کە کەسانێکی دیکەش بە نیازن بۆ هەمان

مەبەست چالاکییەک ئەنجامبدەن، بۆیە ئێمە وامان بە باش زانی کە هەموو وزەکان لە یەك چالاکی هاوبەشدا کۆبکەینەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش من و هاوڕێیەکی کۆمۆنیستی کریکاری چووین بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە، بۆ ئەوەی ئیمەش ئامادەیی خۆمان دەربڕین بۆ بەشداریکردن لەو خۆپیشاندانەی بە نیازن ئەنجامیبدەن، بەڵام دیار بوو کە خەڵکێک لە بزوتنەوەی گۆڕان لەڕێگای(هۆشیار عەبدوڵا)وە دەستیان بەسەر هەموو بڕیارەکاندا گرتبوو.ئەوان قبوڵیان نەبوو کە ئێمە لەگەڵیاندا بەشداری خۆپیشاندانەکە بکەین، وا دیاربوو دوای بەدەستهێنانی٢٥ کورسی پەرلەمان تووشی بوغرایی سیاسی بووبوون. لە ڕاستیشدا خەڵکی ئومێدی زۆری بە بزووتنەوەکە هەبوو و سەرنجی خەڵکێکی زۆریان بۆلای خۆیان ڕاکێشابوو، لەبەرئەوە ڕێگەیان بە ئێمە نەدا کە ئامادەی چالاکییەکە ببین، ئێمەش لەبەردەرکی سەرای سلێمانی چالاکیی تایبەت بە خۆمان ئەنجامدا.

یەکێك لە گاڵتەجاڕییەکانی ڕۆژگار ئەوەبوو کە بزووتنەوەی گۆڕان پێشەوایی ناڕەزایی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی دەکرد، کە لە ڕاستیدا لە کوردستاندا خودی سەرۆکی بزوتنەوەکە بە ئەندازیاری تیرۆر ناسرابوو.



زۆربەمان لە(پارتی چەپی کوردستان) لەو بڕوایەدا بووین کە ئێمە پێویستیمان بە هەوڵێکی زۆرترە بۆ بەرەوپێشچوون، چونکە دڵنیابووین کە مانەوەمان بەم شێوەیەی ئێستا و لەم قەبارە و جوڵەیەدا، کاریگەری بەرچاومان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا نابێت.

ژمارەیەکی زۆر لەحیزبی سیاسی لەکوردستاندا هەبوو، بەڵام قەیرانی کوردستان نەبوونی حیزبی جیاواز بوو لەیەکێتی و پارتی و کلکەکانیان، هەر چەندە دەرکەوتنی بزوتنەوی گۆڕان لەمکاتەدا، گۆڕانکاریی و جیاوازییەکی لەبارەکەدا و لەسەر ئاستی شەقام و ڕاگەیاندن و پەرلەماندا دروستکردبوو، بەڵام هێشتا کەس نازانێتئەنجامەکان چۆن دەبێت.

بۆ دروستکرنی زەمینەیەکی تەندروست و هەنگاونان بەرەوپێشەوە، بە پێناسەکردنی خۆمان لەناو جەماوەردا، کارکردنمان درێژە پێدا، لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە لەگەڵ لایەنە چەپەکاندا لەهەوڵی ئەنجامدانی کاری هاوبەشەدا بووین، هەروەها هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە یاخود دروستکردنی(پلاتفۆرمێکی چەپ) لەکوردستاندا.

بێجگە لە هەوڵدان بۆ پەیوەندی باش لەگەڵ(یەکێتی کۆمۆنیستەکان)، هاوڕێیان لە هەوڵی پەیوەندیدا بوون، لەگەڵ ئەو بەشەی(پارتی کاری سەربەخۆیی) بە سەرپەرشتی(مولازم شوان) کە مابوونەوە.ئەوان پێشنیاریان وابوو کە ئێمە بچینە ناو ئەوانەوە، لەبەرئەوەی ئەوان مۆڵەتی کارکردن و ڕۆژنامەشیان هەیە بە ناوی(ڕزگاری)، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نەبووین. لە ئەنجامی وتو وێژێکی زۆردا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە کۆنگرەیەك بە ناوی(پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان)وە ئەنجامبدرێت و هەردوولا لە کۆنگرەکەدا بەشدار بین، هەر لەگۆنگرەکەدا چەند ناوێك بۆ حیزبەکە پێشنیار بکرێت، یەکێك لەو ناوانە(پارتی چەپی کوردستان) بێت، دوای ئەوە گۆنگرە بڕیار بدات چ ناوێك هەڵدەبژێردرێت.

لە(٢٧ئایاری ٢٠١١)دا و لەژێر دروشمی(نوێبوونەوە و گەشەپێدانی بزووتنەوەی

چەپ لە کوردستان)دا، پێنجەمین کۆنگرەی(پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان)، بە ئامادەبوونی١٣٥ئەندام لە(کەرکوکی) دێرین دەستی بە کارەکانی کرد.

بەستنی کۆنگرە لە(کەرکوك) و لەمکاتەدا، جەختکردنەوەیەك بوو لەسەر کوردستانیبوونی کەرکوك و بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکی کوردستان.

هاوڕێ(نەوزاد نوری سەید وەلی) تێبینی زۆری لەسەر ئەم کۆنگرەیە و بەتایبەتی بەشداریکردنی هەندێك کەسایەتی هەبوو، لە دواییدا باسی لێوە دەکەم.ئەو لە توانایدا نەبوو بڕواتەوە بۆ کوردستان و ئامادەی کۆنگرەکە ببێت. هەروەها منیش نەمتوانی بەشداری بکەم، لەبەرئەوەی کارم دەکرد و مۆڵەتم نەبوو، بەڵام من بۆخۆم لەگەڵ زۆربەی تێبینییەکانی هاوڕێ(نەوزاد)دا بووم.

لە کۆنگرەدا و لە نێوان یانزە ناوی پێشنیارکراودا ناوی(پارتی چەپی کوردستان) هەڵبژێردرا.

جێگا و شوێنی بەستنی کۆنگرەکە لە لایەن پارتی کرێکارانەوە دابینکرابوو، هاوڕێ(بەهادین نوری) لەگەڵ بەشداربوونی بە ناوی پارتی چەپەوە، سێسەد هەزار دیناری پێشکەش بە کۆنگرە کرد.

ئەم هاوڕێیانەی خوارەوە بۆ سەرکرادایەتی هەڵبژێردران:-

١-دکتۆر محەمەد پشدەری

٢-نەورۆز شاوەیس

٣-شوان سدیق عوسمان (مولازم شوان)

٤-جەلال حەمەڕەش سەعید(جەلال دەباغ)

٥-حەمەڕەش ئەحمەد

٦-ڕزگار تاهیر ئەحمەد

٧-نەجات محەمەد ئەمین(هیوا ڕەش)

٨-پۆڵا زیندانی

٩-دیار ئەبوبەکر عەبدوڵا

١٠-ستار عەبدوڵا ئیسماعیل

١١-حەلیمە ئیبراهیم

١٢-سەڵاح محەمەد (سەڵاح ئاسنگەر)

١٣-خەلیل محەمەد حەیدەر(ئازادە ڕەش)

کۆمیتەی ڕاوێژکاری:-

١-مامۆستا بەهادین نوری

٢-ئەکرەم سالّح ڕەشە

٣-حەمە ڕەشید

٤-مامۆستا ئەحمەد هەورامی.

لەدوای کۆنگرە و لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتییە هەڵبژێردراوەکەی پارتی چەپی کوردستاندا، هەڵەیەکی زۆر گەورە کرا، بەوەی (جەلال دەباغ) وەك سکرتێری پارتی چەپی کوردستان خۆی بسەپێنێت.لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی سکرتێری حیزبدا(جەلال دەباغ)دەنگ ناهێنێت، ئەو دەڵێت من بەمەرجی سکرتێر هاتوومەتە ناو پارتی چەپەوە، ئەگەر ئەو پۆستە وەرنەگرم لەو حیزبەدا نامێنمەوە.بە بڕوای هاوڕێیان دروستبوونی کێشەیەکی ئاواو لەسەرەتای کارکردن و بەتایبەتی لەدوای کونگرەوە، لەبەرژەوەندی پارتی چەپدا نابێت، بۆیە بە داواکارییەکەی(جەلال دەباغ)ڕازیدەبن، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی چەپی کوردستان، بەبێ بەستنی کۆنگرە، دەکرێت لە هەر کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیدا بەدەنگدان سکرتێر بگۆڕدرێت، بۆیە دوای ماوەیەک لەسکرتێری لادەبرێت.

بە بۆچوونی من وازهێنانی (جەلال دەباغ) لە قازانجی پارتی چەپدا دەبێت، خۆی لە سەرەتاوە ڕێگەدان بە(جەلال دەباغ) بۆ ناو پارتی چەپ کارێکی دروستنەبوو، بە پێچەوانەوە زیانێکی زۆری لێداین، ماوەیەك بوو ئەو کێشەی لەگەڵ(حشك)دا هەبوو، من لەو بڕوایەدا بووم کە کێشەی مەبدەئی نەبووبێت، هەر لەو ماوەیەدا ئەو بە دەورپشتی ئێمەدا دەسوڕایەوە، بۆیە هاوڕێ (دکتۆر محەمەد پشدەری) وای بەباش زانی کە بواری پێبدەین لەگەڵ ئێمە کار بکات، بەڵام چەند هاوڕێیەك و هەروەها منیش، لەگەڵ ئەوەدا نەبووین، هەرچەندە من بۆخۆم گرفتێکی کەسیم لەگەڵیدا نەبوو، تەنها بۆچوونم وابوو، ئەو لەو هاوڕێیانە نییە کە بتوانێت لە گۆڕانکاریدا بەشدار بێت، بە پێچەوانەوە ڕێگر دەبێت.ئاخر لە پێشمەرگایەتدا و بەتایبەتی ئەو کاتەی کە ئەو لێپرسراوی حیزب بوو لە سوریا، گۆیم لە هاوڕێیەک نەبووە، لەوانەی کە لەڕێگای قامشلۆی سوریاوە بۆ کوردستان دەگەڕانەوە، ددانی خێر بە(جەلال دەباغ)دا بنێن، بێجگە لەوەی کە زۆربەی هاوڕێیان بە کەسێکی (وشك و دۆگما و چەقبەستوو) پێناسەیان دەکرد.

هاوڕێ(نەوزاد نوری سەیدوەلی)دەڵێت: لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی حیزبدا(حشک)

ئەو نەیهێشتووە من قسەکانم تەواو بکەم، هەڕەشەی لێکردم کە ئەگەر بێتوو بەردەوام بم، بە پاڵ دەمکاتە دەرەوە.کەسایەتی(جلال دەباغ) لە ناو حیزبدا بەم شێوەیە بوو: ئەو هەرگیز ناڵێت «نا» بەو کەسانەی کە لەسەروو خۆیەوەن، لەبەرئەوە ئەو کەسانەش کە لەخوارئەوەوەن بۆیان نییە بڵێن «نا»، بەڵای ئەوەوە ڕەخنەگرتن لە حیزب واتە تێنەگیشتنە لە مارکسییەت. من نامەوێت ناوێکی تایبەتی بۆ دابنێم، بەڵام ئەم باسە کورتەتان لەسەر ئەو بۆ دەگێڕمەوە، دوای ئەوە خۆتان ناوێکی بۆ دانێن:-

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکەیاتی هەرێمی کوردستاندا(جەلالدەباغ) لە سایتی ئازادی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە و تێدا دەڵێت: من نیازم هەبوو خۆم بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کاندید بکەم، بەڵام کە زانیم کاک مەسعود بەرزانی خۆی کاندید کردووە، ئیتر گوتم من بەرامبەر ئەو خۆم کاندید ناکەم.) بەمەرجێك نەکەس پرسیاری لێکردووە و نەکەسیش داوای لێکردووە کە ئەو خۆی کاندید بکات! ئێوە ئەمە ناو دەنێن چی، لەکاتێکدا حیزبی شیوعی دەنگی تەواوی بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمانی نەهێناوە؟بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕوونکردنەوەکەی(جەلال دەباغ)، پێمباشە ئاماژە بەتەواوی ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەم، کە لەلایەن هاوڕێ دڵشادەوە پێمگەیشت، لەهەمانکاتدا نامەیەک و وەڵامدانەوەیەک لەلایەن هاوڕێ دڵشادەوە بۆ (جەلال دەباغ) لەسەر ناوەڕۆکی قسەکانی:

جەلال دەباغ لە ڕوونکردنەوەکەیدا کە لە سایتی ئازادی بڵاوکرایەوە ڕێک دەڵێت: من خۆم دەکێشمەوە لە کاندید کردنم بۆ سەرۆکی هەرێم، چونکە پێشتر نەمزانیبوو بەرێز کاک مەسعود خۆی کاندید دەکات. پاشان بە شێوەیەک باسی کاک مەسعود دەکات کە گوایە بەڕێزی دەتوانێت ژیانێکی ئاسودە و پر لەسەروەریی بۆ گەلی کوردستان دابین بکات!! بەڕاستی بۆ من ئەو ڕوونکردنەوەیە جێگای سەرسوڕمان بوو، بۆیە لە ڕێگای ئیمەیلەوە کە کۆپییەکم بۆ هاوڕێیانی دەرەوە نارد،ئەمەش نامەکەیە:

سڵاو

هیوادارین لە وەزعێکی باشی تەندروستی دابیت و سڵاو ڕێزمان هەیە بۆ هەموو هاوڕێیان.

هاوڕێ جەلال، ئەمڕۆ نووسراوێکی جەنابتم خوێندەوە لە سایتی ئازادی، دەربارەی

پەشیمانبوونەوەت لە خۆکاندید کردنت بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. هەرچەندە من لە سەرەتادا زۆر دڵنیانەبووم کە جەنابت ئەم نووسینەت نووسیبێت، چونکە هەندێک ڕستەو دەستەواژەی تێدایە کە گومان دروستدەکات، جەنابتنووسیبێتت، یان لە ئاستی وشیاری جەنابتدا بێت، چونکە هەموو کەسێکی کوردستان و عیراق و ناوچەکە دەیانزانی کە کاک مەسعود خۆی کاندیت دەکات.

دەبێت جەنابت ئاگاداری ئەوە نەبووبیت!!!!!! دەربارەی ڕیزکردنی ئەم دەستەواژانە بەرامبەر سەرۆکی هەرێم، ئەوەش لە جەنابت ناوەشێتەوە!!! باشە وەک پرسیارێکی سادەتا ئێستا کێ سەرۆکی هەرێم بووە، بۆ ئەم ژیانە ئاسودەیە بۆ گەلی کوردستان دابیننەکراوە!!!! بۆیە من وەک هاوڕێیەکت تکات لێدەکەم، ئەگەر کەسێک بە ناوی تۆوە ئەمەی نووسیوە، ئەوە لەڕێگای ڕاگەیاندن خۆتی لێبێبەری بکە،ئەگەر جەنابیشت نووسیوتە، بەڕاستی کاریگەریی لەسەر هەموو تەمەنی تێکۆشانت دەبێت و زیانێکی گەورەش بە ناوی حیزب دەگەیەنیت. بۆیە باشە بتوانی ڕێگا چارەیەک بۆ خۆ دەربازکردن لەم تێکەوتنەت بدۆزیتەوە.

هاوڕێت
دڵشاد خدر
ئۆسلۆ

هاتنی(جەلال دەباغ) بۆ ناو پارتی چەپ لە سەر بنچینەی بیروباوەڕ نەبوو، مەبەستی شاراوەی خۆی هەبوو، چونکە ئەو لەهەمانکاتدا بە دەوری (حیزبی زەحمەتکێشان)دا دەخولایەوە و دەیویست ببێت بە جێگری(قادر عەزیز).لەو کاتەی کە لە ناو(پارتی چەپی کوردستان)دا سکرتێر بوو، لە تەلەفزیۆنی(NRT)دا چاوپێکەوتنێکیان بۆ سازکرد، بە دریژایی بەرنامەکە، بە یەك وشە باسی(پارتی چەپی کوردستان)ی نەکرد.ئیتر دوای ئەوە گومانمان نەما لەوەی، کە ئەوە بیروباوەڕ نەبوو کە ئەوی بۆ ناو(پارتی چەپ کوردستان) هێنابوو، بەڵکو مەرامێکی دیکە بوو، بۆیە لەگەڵ لابردنی لە سکرتێری پارتی چەپ، گەڕایەوە بۆ ناو حیزبی شیوعی کوردستان.

مەبەستی ئێمە لە بەستنی کۆنگرە و یەکگرتنەوەمان لەگەڵ ئەو بەشەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستاندا، بۆ بەرەوپێشەوە هەنگاونان و یەکگرتنەوەی بزوتنەوەی چەپ

بوو لە کوردستاندا، چ لە ڕووی ڕێکخستن و فراوان بوونمانەوە بە تایبەتی لە هەولێردا، هەروەها بەفەرمی بوونمان وەک حیزب لەڕێگای مۆڵەتی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانەوە، بەڵام بەداخەوە مۆڵەتیان نەدایێ و دەسەڵات سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پارتی چەپ بە پارتێکی فەرمی دانەنێت.

بەهۆی بڕینی ئەو بودجەیەی کە پێشتر پارتی کار وەریاندەگرت، زۆربەی هەرە زۆری ئەندامەکانی پارتی کار لەکاری حیزبی کشانەوە، بە پێچەوانەی ئێمەوە کە پارەمان نەبوو، لە گیرفانی خۆمان پارەمان بۆ کاری حیزبی کۆدەکردەوە.

لە چواردەی تەموزی ٢٠٠٦ وە، ئێمە بە ناوی (پارتی چەپی کوردستان)وە کاردەکەین، کەواتە خەباتمان لەدەساڵ زیاترە، کەچی هێشتا لەبازنەیەکدا بەدەوری خۆماندا دەسوڕێینەوە، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کە دامان و ئەو کارانەش کە بە ئەنجاممان گەیاند، بەداخەوە نەمانتوانی بەپێی پێویست ببینە ژمارە و ئامرازێکی کاریگەر بۆ فراوانکردنی ڕۆڵی بزوتنەوەی چەپ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی ئاسۆیەکی ڕوون و دیارمان بۆ چوونە پێشەوە لەداهاتوودا وەك حیزبێکی چەپ نەبوو.ئێمەی دامەزرێنەری پارتەکە هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندن و دەستبەکاربوونی پارتەکەمانەوە، درکمان بە پێویستی هەبوونی توانا و لێهاتوویی گەنجان دەکرد، ئەرکی ئێمەش ڕاگرتنی لەسەر پێی حیزبەکەیە، ئەگینا ئەمکارە بەتەنها بە ئێمە ناکرێت، بەداخەوە نەمانتوانی ئەوەش بە ئەنجام بگەیەنین.

لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و دەستبەکاربوونی دەسەڵاتی کوردی و هەروەها دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣دا، کاری ژێرزەمینی حیزبایەتی لە کوردستان و عێراقدا بوونی نەما، کەواتە بەپێی گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان، حیزب پێویستی بە:

-بارەگای ئاشکرایە.

-سەرچاوەی دارایی.

-پاڵپشت لە ناوەوە و لە دەرەوە.

-دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنەکان.

-کەسایەتییەکی کاریزمای مێژوویی بۆ سەرکردایەتی حیزبەکە.

-ڕاگەیاندن بۆ پروپاگەندە بۆ حیزبەکە.

لە ڕاستیدا ئێمە هیچمان لەمانە نەبوو، هەروەها لە تواناماندا نەبوو کە پەیدای بکەین، ئاخر لەمکاتەدا ئەو پێداویستیانە بەبێ ئەوەی دەسماڵی دەسەڵات وەک حیزبەکانی دیکە بکەینە ملمان، یاخود ببینە کلکی لایەنێک یان دەستەمۆ بکرێین، پەیدا نابێت.ئێمە دەساڵ زیاترە لە بژێوی خۆمان دەگێڕینەوە و کاری حیزبی پێڕادەپەڕێنین، نەماتوانی بە تەنها یەك

ئەندام بۆ کاری حیزبی تەرخان بکەین و بژێوییەکی کەمی بۆ دابینبکەین، هەروەهازۆربەی زۆری ئەو هەوڵانەی بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە چەپەکاندا ئەنجاممانداو، بە زەرەری خۆمان شکایەوە.

لەگەڵ ئەوەی پاڵپشتمان نەبوو، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەوانیشدا حیزبی شیوعی کوردستانی دژایەتییان دەکردین. بۆیە بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی خۆمان، وزەو توانایەکی زۆرمان لەم بوارە بێبەرهەم و بەفیڕۆدا.

هۆکارێکی زۆر گرنگی دیکە؛ دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان، بە ڕاکێشانی ژمارەیەک لە کەسایەتییە چەپە چالاکەکان بۆ ناو بزووتنەوەکە و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەرێکی زۆری نارازی لە دەسەڵات بە دروشمی درۆزنانە، ئەمەیش کاریگەریی نەرێنی لەسەر حیزبەکەمان دروستکرد، لە دوایشدا بێئومێدکردنی جەماوەرەکە و خەڵکە نارەزاییەکە بەهۆی بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەو دەسەڵاتە گەندەڵەدا، کە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ نەمانی متمانە بەحیزب و سیاسەت، کە لە ڕاستیدا لەوەوپێش ئەم متمانەیە لەق بووبوو.

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەماندا، نەمانتوانی کاریگەریمان لە هەموو پارێزگا و ناوچەکانی کوردستاندا هەبێت، هەندێك لە سەرکردەکان پێیەکمان لە کوردستان و یەکێکمان لە ئەوروپا بوو، بۆخۆم یەکێک بووم لەوانە، کە ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر پارتەکە دروستکردبوو.هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدابوو، کە کوردستان پێویستی بە زیادکردنی ژمارەی حیزب نەبوو، پێویستی بە حیزبێك بوو کە بتوانێت بەرامبەر هەژموونی دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی(پارتی ویەکێتی)بوەستێت، دیاربوو ئێمە نەمانتوانی ئەو کارەی کە لە پێناویدا خۆمان ڕێکخست ئەنجامیبدەین و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا هیچمان پێناکرێت، بۆیە ئێمە دوو بژاردەمان لە بەردەمدا بوو:

-وەك حیزبەکانی دیکە وەك ناوێك و بێکاریگەریی بمێنینەوە.

-یاخود مێژووی خۆمان بە پاکی بپارێزین.

من بڕوام بە بژاردەی دووهەم بوو، بۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا پێشنیارم کرد، کە کاری پارتی چەپی کوردستان ڕاگرین و ئەو بوێرییەمان تێدابێت کە بڵێین: ئێمە نەمانتوانی لەو ئەرکە پیرۆزەی کە خستبوومانە سەر شانی خۆمان سەرکەوتوو بین.

PÇK